گۆڤاری کۆڕی
زانیاری کورد

بەرگی چوارەم

١٩٧٦

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

بەرگی چوارەم

١٩٧٦

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا

بسم الله الرحمن الرحيم

نوسەری هەر وتار و لێکۆڵینەوەیەك کە لەم گۆڤارەدا
بـڵاو دەکرێتەوە خـۆی بەرپرسیاری ناوەڕۆکیەتی .

★ ★ ★

البحوث والدراسات التي تنشر في هذه المجلــة تعبر عن اراء اصحابهــا .

سلاوی ژمارەی چوارەمی گۆڤار

جێگری سەرۆک
مەسعود محەمەد

کۆڕی زانیاری کورد لەگەڵ ئەم ژمارە تازەیەی گۆڤارەکەیدا سلاو و ریزی بە هەمو رۆشنبیرێکی دڵسۆزی کورد رادەگەیەنێت ، لە جیاتی ئەوان و لەبری خۆشیەوە دەستی برایەتی و هاریکاری بۆ هەمو رۆشنبیرێکی ناوەوە و دەرەوەی وڵات درێژ دەکات بە نیازی خزمەتی مرۆڤایەتی و بیری رون •

لەگەڵ پێشکەش کردنی هەر بەرهەمێکی تازەدا ، دەستەی بەڕێوەبەرانی کاروباری چاپەمەنی و تێکڕای خێزانی کۆڕ هەست بە ئارامی ویژدان دەکەن لە جێبەجێ کردنی ئەو بەشە فەرمانەی سەرشانیان کەوا پێ بەپێی راپەڕاندنیان فەرمانێکی نوێتر بە دوا خۆیاندا دەکێشن ، هەمیشەکاتیش تەکانی بەرەوپێش چونیان خێراتر و ئازایانەتر و لەخۆبوردوانەتر دەبێ بە خۆشامەدێ کردنی خوێنەرانی کورد لەو پێشکەشانە •

بەڕاستی جێی شانازی پێوە کردن و بەختەوەری و دڵخۆشییە کە دەبینین دۆستایەتی و هاوهەستی نێوان کۆڕ و خوێنەرەکانی کورد رۆژ لە رۆژ ، بە شێوەیێکی دور لە نمایشت و هەڵپە و خۆهەڵدانەوە ، مەحکەمتر و جێگیرتر و کاریگەرتر دەبێت • هەر ئەم پاڵپشتی کردنەی خوێنەرانی

کوردیشـــە لـــە کۆڕەکەیـــان بۆتە هـــۆی پەرەســـەندن و بڵاو بونەوەی چاپکراوەکانی بە ناو عیراق و وڵاتانی دەرەوەشدا تاکو لە مەیدانی پێوەندیٚ بەستن بە دەزگا رۆشنبیریەکانی دەرەوەدا ماوەیێکی بەرفرەوانی لە کاتێکی کەمدا بڕی و نمونەی رۆشنبیریٚ کوردیٚ خستە بەر نیگای زانا و ئەدیبەکانی ژمارەیێکی بەرچاو لەگەلانی جیهان ، لەوانیشـــەوە وشەی دۆستانە و دیاریٚ بەنرخی برادەرانە و ئاواتی دڵسۆزانەی بۆ خوێندەواریٚ کورد وەرگرتەوە • شایانی باسکردنە ، پەرۆشی توسەرێکی قەدرگـــیراوی کوردی ئەرمێنیا ، مامۆستا عەرەبی شەمۆ ، بۆکۆڕ و چالاکیەکانی گەیشتە رادەیێك بە نامەی تایبەتیٚ برایانە داوا لەکۆڕ بکات کە هەلێکی بانگ هێشتنی بۆ رێك بخات و دەرفەتی سەردانی کوردستانی عیراقی پیٚ بدات •

بیٚ گومان دەنگ دانەوەی چالاکیەکانی کۆڕ بەناو دەرەوە و ناوەوەی وڵاتدا پترهانی کـــۆڕ دەدات بۆ بەردەوام بـــون لەسەر گرتنەبـــەری ئەو شێوازەی تائێستا لە سەری رۆییشتوە ، ئەویش شێوازی باوەش کردنەوەیە بۆ هەمو جۆرە توسین و بەرهەمێکی ئەدەبیٚ و هونەریٚ و زانستیٚ کە خزمەتیٚ رۆشنبیریٚ ، بە تێکڕایٚ ، و هی کوردیٚ ، بەتایبەتیٚ ، مەبەست بێت ، لەمەشدا کۆڕ هیچ جوداوازیێك بە بەرچاوەوە ناگرێت لە نێوان چۆنایەتیٚ بۆچون و قەناعەتیٚ توســـەراندا • کەسێك لەخۆوە دەرگەی کـــۆڕ بە رۆی خۆیدا نەبەستێت ناتوانیٚ بەبەســـتراویٚ ببینێت ، بەمەشدا راســـتیێك دەڵێمەوە گوتنەوەی پیٚناوێت ، بەڵام نیازی بەبیرهێنـــانەوەی خوێنەران گوتنەوەی راستییەکە دەکاتە شتێکی پێویســـت ، بەتایبەتیٚ لەم زەرفـــەدا کە هەندیٚ توسینی بەپەلە دەیەویٚ تاریکایٚ بخـــاتە دەوروبەری کارەکانی کۆڕەوە ، کۆڕیش بە فەرمانی خۆی دەزانێـــت بۆ رەواندنـــەوەی ئەو تاریکـــاییە پتر بەرەوپیری خوێنـــدەواری کوردەوە بڕوات و گەشـــتر چرای چالاکیەکانی هەڵبکات •

کۆڕی زانیاری کورد بە پێی سروشتی هاتنە دنیایەوە ، لە هەر لایێکەوە و لە هەر کەسێکەوە چ گوتارێك و بیروڕاییێك و بەرهەمێکی سەر بە یەکێك لە لکەکانی رۆشنبیرییەوەی بۆ بێت ریزی لێدەگرێت و بایەخی پێ دەدات ئیتر ئەوەی شیاوی بڵاوکردنەوە بێت یا لەرێی یارمەتی دانەوە پاڵپشتی دەکات وەیاخود لەلایەن خۆیەوە بەچاپی دەگەیەنێت بە مەرجێك لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بگونجێت کە بۆ کۆڕ دیارکراوە چ یاساییێکی لەباویش یاساغی نەکردبێت • رەخنە و نرخاندنیش کە لە خوێنەران و نوسەران و خاوەن بیروڕایانەوە بێت هەمویان بە پەرۆش و قەدرزانینەوە لە لایەن ئەنجومەنی کۆڕ و لیژنەکانیەوە سرنجیان لێ دەگیرێت و دەدرێنە بەر هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنەوە • هەر ئەم مەبەستە بنجییەی وەدەست هێنانی بیروڕای رۆشنبیرانی کوردیشە وادەکات هەرجارە ئەنجومەنی کۆڕ پێش نیارەکانی خۆی و لیژنەکانی لە بارەی زاراوە و رێزمان و ئەو بابەتانەی جوداوازی بیروباوەڕ هەڵدەگرن بخاتە بەرچاوی تێکڕای خوێنەرانەوە بەڵکو لە ئاکامی گرد بونەوەی گۆشە نیگای جۆراجۆری خوێنەرەکانەوە باشترین و راسترین و پەسەندترین دەستور لەو بابەتانە بژاردە بکرێت • ئەو رێبازە و شێوازە دیمۆکراتانەی کۆڕ گرتوەتیە بەر بۆ تێخوێندنەوەی هەمو جۆرە رەخنە و بیروڕا و (پێشنیاری بەرانبەر) کە لە دەرەوەی کۆڕەوە بەرەو پێشنیارەکانیەوە بێن نمونەیێکی دڵسۆزییە لە فەرمان بەجێهێناندا کەوا دەگاتە پایەی خۆلەبیرکردن ، ئەگەرنا کۆڕیش دەتوانێ بەخۆی رەوا ببینێت یەکسەر بیروڕاکانی خۆی بکا بە دەستور هەر وەك بەعادەت هەمو مامۆستاییێکی زانکۆ ، کە تاکە کەسە و وەك ئەنجومەنی کۆڕ کۆمەڵەکەس نیە ، بیروڕای خۆی لە قوتابیان دەکا بە دەستور ، لەوانەیشە مامۆستاییێکیتر بیروڕاییێکی جوداواز بە قوتابیان بڵێتەوە هیچ کامێکیشیان پرسیارەکە ناهاوێتە بەر نیگا و لێکدانەوەی روشنبیرانی کوردەوە بۆ پێك هێنانی

بیروڕایەکی یەکگرتو • تا ئێستا لە تاکە یەك کاردا کۆڕ ڕێی بە خۆی داوە بێ پرسوڕای خوێنــەران بڕیاری یەکجارەکی بدات ئەویش لــە هەڵبژاردنی (ئەلفوبێ)ی پێ توسین • چۆنیەتی ئەم کارەش لە دەرفەتدا ڕوٙن دەکرێتەوە ، بەلاّم لێــرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر شــکڵی (ئەلفوبێ)کەش وەك پێشنیارەکانی‌تر بدرابــایە بە لێکۆڵیــنەوە و ڕەخنەکاریێ گشــتییەوە دەبۆ کۆڕ کاتێکی بێ بڕانەوە بەدیار کۆتایێ هاتنی ئەو دەمەتەقــەیەوە بوەستێ و هیچ شتێك بلاّو نەکاتەوە ، کە ئەوسا عوزرەکەی لە پەك کەوتنەکە گەورەتر دەبۆ لە حاڵێکدا بەر لەوەی کۆڕ دابمەزرێت توسەرانی کورد هەریەکەیان لەلای خۆیــەوە ئەلفوبێیــەکی پەســەندکردوە و کەسیش لێــی بەعەیب نەگرتوە • بە هەمە حاڵ ئەلفوبێی کۆڕ کاری تاکەکەس نەبوە و بە ڕۆژێك و دو ڕۆژانیش بژاردە نەکراوە ، سەرەڕای ئەوە کە خاوەن بیروڕای دەرەوەی کۆڕیش تێیدا بەشدار بوٙن • بەداخەوە تائێستاش توسینی کوردیێ یەك شێوە ڕێنوسی نەگرتوە و هەر توسەرە بە پێی قەناعەتی خۆی وشان تێك دەخات و لێکیان دەترازێنێت ، ئەمەش بێ‌گومان ئاکامی ئەو کەم و کورتییەیە کە لە ڕێنوسە میراتیەکەمانەوە بۆمان بەجێ ماوەتەوە چونکە لە ئاشکرا ئاشکراترە ڕێنوسی بێ‌لێکدانەوە و هەڵسەنگــاندن و کێشانە و پێوانــە ، وەك هەمو کارێکی‌تر ، پێویستی بەراستکردنەوە و ڕێك خســتن و سازدان دەبێت ، لەوەتەی ئادەمێ زادیش هۆشــی بە چاکــە و خراپەشــکاوە هەر خەریکی ڕاستکردنەوەی هەڵە و ڕێكخســتنی نارێکیێ و بەرەوپێــش بردنی شتە دواکەوتوەکانە ، کۆڕیش لە جێ‌بەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانی بەچاوێکی کرایەوەوە ئەم ڕێبازەی بەرەوپێش چوٙن و تێ‌هەڵکشانی گرتوٙتە بەر بە پێی ئەو دەسەلاّتە و کەرەستەیەی لە بەر دەستیدا هەیە •

کۆڕ وەك بەشدارێکی چالاك لە کاروانی ڕۆشنبیریێ ڕاست و دروستی کورد ، قۆناغ بە قۆناغ بەرەو ئاسۆی بەرزتر و گەشەدارتر دەڕوات ، هەر

له حورمەتی میللەتی کوردیشەوە خۆی لەو ڕێکارە ژۆرۆتر دەگرێت کە نیگا بەلای نزمایی‌دا بشکێنێتەوە • کۆڕ لە بری هەمو رەخنەیێك ، چەپکەگوڵێکی سپاس و منەتباری پێشکەش دەکات چونکە رەخنە ، لە یار و نەیارەوە بێت، تەکان بە هەڵمەتەکانی دەدات بۆ پتر ماوەبڕین و سەرەژۆر چۆن ، ئەو لەمپەرەی دەشخرێتە بەر هەنگاوی کۆڕەوە لەئەنجامدا دەبێتە پلێکانەی پەیژەیێك ، بەڵگەی راستیی ئەم گوتەیەش کەڵەکە کردنی ئەو بەرهەمانەن کەوا زۆر جاران مەکینەکانی چاپخانەی کۆڕ ناچار دەکەن تا نزیکی نیوەشەو لەگەڕ نەکەوون •

سپاس بۆ ئەو رەخنە و پلارانەش کە لە رێی بەرەوژۆی یەکتر بۆنی دۆشتی دژەوە قودسیەتی وشەی پاك و ئاکاری بەرز ئاشکراتر دەکەن •

★ ★ ★

سەیدجەمالوددینی ئەفغانی

ئەندامی کارا : شێخ محەمەدی خاڵ

بەشی دووەم

بـەم رەنگە سـەید لە توستین و هاتوچـۆدا بو ، تا شـای ئێران (ناصرەددین شاهـ) بروسکەیەکی دایە و بانگی‌کرد بۆ تاران ، بە گەیشتنی بروسکەکە ، سەید چو بۆ تاران لە شـوباتی ۱۸۸٦ز ـ جمادی الاولی‌ی ۱۳۰۳ك و هەرچی زانایان و وێژەران و پیشەوایان و مامۆستایان و پیاوانی گەورە بون ، هەمو چون بە پیشوازییەوە و کۆڕەکەی بو بە ئەنجومەنێکی زانین و زانیاری و وێژە و دین و نیشتمانی ، لە هەمو لایەکەوە ، مەردوم وەك پەروانە خۆیان ئەکوتا بۆ دەوروبەری • ناصـرەددین شا لـە پێشەوە ویستی بەهـرەی لێ وەرگرێت و سـەید بکات بە پارسـەنگی خۆی و حکومەتەکەی ، لەبەر ئەوە کردی بە وەزیری جـەنگ و رێی‌دا چی ئەکات بیکات ، بەڵام ئەوەندەی پێ‌نەچو ناصرەددین شا تەماشای کرد رۆژ بە رۆژ سەید لەبەر چاوی گەل خۆشەویستتر و گەورەتر ئەبێت ، و بینی کە سەید پیاوێـکی زۆر چاوقـایم و ئیش‌کەر و سـەربەستە و ئەیـەوێت هەرچی دەستوری کۆن هەیە لە حکومەتەکەیا بیڕوخێنێت و گەل بەرز بکاتەوە تا ئەیانکات بە هاوبەشی حکومەت لە حوکمدا ، لەبەر ئەوە ترسی لێ نیشت و

دڵی گۆڕی لەگەڵ سەیدا • جەمالوددین زۆر زۆ تێ گەیشت و داوای لە شـــا کرد کە ڕێی بدات بچێت بۆ ڕوسیا ، (شـــا)ش ڕێیدا و زۆریشی پێخۆشبۆ کە ڕزگاری بۆ لە دەستی(٢٤) ، وە سەید چۆ بۆ مۆسکۆ و لەوێوە چـــۆ بۆ « بطرس بورغ » کە پایتەختی قەیسەرەکان بۆ ، چوار ساڵ لە وێ مایەوە ، واتە لە ســـاڵی ١٨٨٦ تا ســـاڵی ١٨٨٩ز ، گەلی ڕوســـێ زۆر بـــە ڕێزەوە پێشوازییان کرد ، هەر وەك زانستگاکان بە ڕێزەوە وەریان ئەگـــرت بـــۆ دواندان(٢٥) •

سەید دەستی کرد بە وتار دان لە هەمۆ کۆڕ و ئەنجومەنێکا و وتار و نۆسین لە ڕۆژنامەکانی ڕوسیادا •

مێژۆنوسەکانی سەید هەمۆ ئەڵێن :

نازانین بۆچی سەید لە ناو هەمۆ وڵاتەکانا چۆتە ڕوسیا ، بـــەڵام لـــە (عروة الوثقى)وە دەرئەکەوێت کە سەید زۆر ڕقی لە ئینگلیز بووە و هەرچی هێرش هەیە لە (عروة الوثقى)دا بە زۆرێ بۆ سەر ئینگلیزە ، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەو چۆنەی هەر بۆ ئەوە بۆبێت ، کە حکومەتی ڕوسێ بجولێنێت لە دژی ئینگلیـــز و حکوماتی داگیرکـــەر و ڕۆس بکـــات بە یارمەتیدەری حکوماتی ڕۆژهەڵات ، نەخوازەڵا دەوڵەتی عوسمانێ ، چونکە تا ئێســـتا هەر قورسایێ و ئەفشار (ضغط)ێکی خستبێتە سەر عوسمانێ ، قانزاجەکەی هەر بۆ حکوماتی داگیر کەری ڕۆژئاوا بووە ، نابینن ئەگەر ڕۆس قورسایێ نەخستایەتە سەر عوسمانێ ، عوسمانێ دەستبەرداری تۆنس و جەزائـــر نەئەبۆ بۆ فەرەنســـە و دەســـتبەرداری تەرابلس نـــە ئەبۆ بۆ ئیتالیـــا و دەستبەرداری میسر نەئەبۆ بۆ ئینگلیز •

---

(٢٤) شێخ مصطفى عبدالرزاق .
(٢٥) « تأريخ الاستاذ الامام » بە قەڵەمی سەید ڕەشید ڕەزا .

ئەبێت ئەمەشمان لە بیر نەچێت کە لەو رۆژەدا سێ ملیۆن موسوڵمان لە رووسیادا بووە ، ئەمەش یەکێکە لە هۆی چوونی سەید بۆ ئەوێ ، تا لە بەسەرهاتی موسوڵمانەکان بگات و هەوڵێکیان بۆ بدات لای حکومەتی رووس ، بۆ باشکردنی ئەحوالیان ، هەر وەك چەند جارێك چووتە لای قەیسەر ، هەر جارەی کەم و کوڕییەکی موسوڵمانەکانی ئەوێی نیشانداوە ، هەموو جارێك قەیسەریش بە باشی وەرامی داوەتەوە ، و چی ویستبێت بۆ موسوڵمانەکانی کردووە ، نەخوازەلا جارێکیان داوای لێ کردووە کە رێی بدات بە چاپکردنەوەی قورئان و هێندێك کتێبی دینی، و ئەویش رێی داون.

لە جاری دواییدا قەیسەر پرسیار ئەکات لە سەید لە هۆی تێکچوونی لەگەڵ (شا)دا ، ئەمیش ئەڵێت :

من حکومەتێکی راوێژیی « شوورەوی »م ئەوێت کە گەل هاوبەشی بێت لە حوکمی خۆیا ،ئەویش ئەمەی نەاوێت ، قەیسەریش ئەڵێت :

« من وا ئەزانم کە قسەکەی شا راستە ، چونکە هیچ شایەك رازی نیە بەمە کە جوتیار و کرێکار و کشتیار ببن بە هاوبەشی لە حوکمدا » ، سەیدیش ئەڵێت :

« منیش وا ئەزانم ئەی قەیسەری پایە بەرز کە بە ملیۆن گەل لەگەڵ پاشادا بن و دۆستی بن ، چاکترە لە وەی دوژمنی بن و چاوە چاوی هەل بکەن بۆ روخاندنی » . قەیسەر لە وەرامەکەی سەید و پڕکێشییەکەی زۆر دڵگیر ئەبێت و خێرا هەڵئەستێتە پێیان و بە زویرییەوە خوا حافیزی لە سەید ئەکات و فەرمان ئەدات کە ئەمە زوو بڕەوێنن .

سەید لە رووسیا دێتە دەرێ ، بە رێکەوت لەو کاتەدا پێشانگا (معرض)ی پارس کرابۆوە ، ساڵی ١٨٨٩ز سەید لەوێوە روو ئەکاتە

پارس بۆ چاوپێکەوتنی ئەو پێشانگایە ، لە مۆنیخ بە شای عەجەم ناصرەددین‌شا ئەگات ، کە ئەگەڕێتەوە لە پارس •

وا دەرئەکەوێت کە ناصرەددین‌شا هەر لەسەر بیری پێشوی خۆی مابێت ، کە ئەیویست لەگەڵ سەیدا ئیش بکات و ئەم پارسەنگە قورسەی لە تەنیشتەوە بێت بۆ ڕێزی خۆشی و حکومەتەکەشی ، نەخوازەلا کە جاری پێشوش بە لای خۆیەوە دەرسێکی دابو بە سەید کە فەرمانبەری (شا) بکات و سەری بۆ دابنەوێنێت ، ئینجا کە لە مۆنیخ بە یەك گەیشتن ، شا زۆری لێ‌کرد کە لە گەڵیا بگەڕێتەوە بۆ تاران ، بەڵام سەید لە پێشەوە ملی نەدا و ویستی هەر بچێت بۆ پارس ، بەڵام (شا) هەر زۆری لێ ئەکرد کە لەگەڵیا بگەڕێتەوە و بە دەنگێکی بەرز بۆ ئەوەی سەید (جەمالوددین) گوێی لێ بێت بە یاوەرەکەی خۆی وت : « جەمالوددین پیاوێکی جیهانی سیاسی و جەنگی ئەمڕۆیە ، شایستەی سەرەك وەزیرییە ، تا ئیدارەی گەل و وڵات بکات ، سەید وا تێگەیشت کە (شا) لە هەڵەکەی پێشوی خۆی پەشیمان بۆتەوە و ئەمجارە ڕێ بۆ سەید بەرەڵا ئەکات ، تا بە ئارەزوی خۆی ئیسلاحات بکات لە وڵاتدا ، لەبەر ئەوە لە بیرەکەی خۆی پەشیمان بوەوە و لەگەڵ شادا گەڕایەوە بۆ تاران» •

بە گەیشتنی سەید بۆ تاران ، دوبارە زانایان و پێشەوایان و پیاوانی سیاسی وڵات هاتنەوە و دەوریان دایەوە ، و هەمو بە تەمای ئەوە بون کە لەسەر دەستی سەیدا وڵات ڕێك بخرێت و پرۆژەی زۆر دابنرێت و ترازوی داد هەڵواسرێت و حوکمی نوێنەرایەتی بکەوێتە ئیش ، شا لە پێشەوە وای نیشاندا کە ئەمەی زۆر پێ‌خۆشە ، هەروا گەل بە کۆمەڵی و پیاوانی خێرخواهیش هەمو ، لایان باش و پێیان خۆش بو ، بەڵام ئەوەندەی

ئەبێت ئەمەشمان لە بیر نەچێت کە لەو رۆژەدا سێ ملیۆن موسوڵمان لە رۆسیادا بووە ، ئەمەش یەکێکە لە هۆی چوونی سەید بۆ ئەوێ ، تا لە بەسەرهاتی موسوڵمانەکان بگات و هەوڵێکیان بۆ بدات لای حکومەتی رۆس ، بۆ باشکردنی ئەحواڵیان ، هەر وەك چەند جارێك چوتە لای قەیسەر ، هەر جارەی کەم و کوڕییەکی موسوڵمانەکانی ئەوێی نیشاندا‌وە ، هەمو جارێك قەیسەریش بە باشی وەرامی داوەتەوە ، و چی ویستبێت بۆ موسوڵمانەکانی کردووە ، نەخوازەلا جارێکیان داوای لێ کردووە کە رێی بدات بە چاپکردنەوەی قورئان و هێندێك کتێبی دینی، و ئەویش رێی داون.

لە جاری دواییدا قەیسەر پرسیار ئەکات لە سەید لە هۆی تێکچوونی لەگەڵ (شا)دا ، ئەمیش ئەڵێت :

من حکومەتێکی راوێژیی « شورەوی »م ئەوێت کە گەل هاوبەشی بێت لە حوکمی خۆیا ،ئەویش ئەمەی ناوێت ، قەیسەریش ئەڵێت :

« من وا ئەزانم کە قسەکەی شا راستە ، چونکە هیچ شایەك رازی نیە بەمە کە جوتیار و کرێکار و کشتیار بین بە هاوبەشی لە حوکمدا » ، سەیدیش ئەڵێت :

« منیش وا ئەزانم ئەی قەیسەری پایە بەرز کە بە ملیۆن گەل لەگەڵ پاشادا بن و دۆستی بن ، چاکترە لە وەی دوژمنی بن و چاوە چاوی هەل بکەن بۆ روخاندنی » . قەیسەر لە وەرامەکەی سەید و پڕکێشییەکەی زۆر دلگیر ئەبێت و خێرا هەڵئەستێتە پێیان و بە زویرییەوە خوا حافیزی لە سەید ئەکات و فەرمان ئەدات کە ئەمە زو بڕەوێنن .

سەید لە رۆسیا دێتە دەرێ ، بە رێکەوت لەو کاتەدا پێشانگا (معرض)ی پارس کرابۆوە ، ساڵی ١٨٨٩ز سەید لەوێوە رو ئەکاتە

پارس بۆ چاوپێکەوتنی ئەو پێشانگایە ، لە مۆنیخ بە شای عەجەم ناصرەددین‌شا ئەگات ، کە ئەگەڕێتەوە لە پارس .

وا دەرئەکەوێت کە ناصرەددین‌شا هەر لەسەر بیری پێشوی خۆی مابێت ، کە ئەیویست لەگەڵ سەیدا ئیش بکات و ئەم پارسەنگە قورسەی لە تەنیشتەوە بێت بۆ رێزی خۆشی و حکومەتەکەشی ، نەخوازەڵا کە جاری پێشوش بە لای خۆیەوە دەرسێکی دابو بە سەید کە فەرمانبەری (شا) بکات و سەری بۆ دابنەوێنێت ، ئینجا کە لە مۆنیخ بە یەك گەیشتن . شا زۆری لێ‌کرد کە لە گەڵیا بگەڕێتەوە بۆ تاران ، بەڵام سەید لە پێشەوە ملی نەدا و ویستی هەر بچێت بۆ پارس ، بەڵام (شا) هەر زۆری لێ ئەکرد کە لەگەڵیا بگەڕێتەوە و بە دەنگێکی بەرز بۆ ئەوەی سەید (جەمالوددین) گوێی لێ بێت بە یاوەرەکەی خۆی وت : « جەمالوددین پیاوێکی جیهانی سیاسی و جەنگی ئەمڕۆیە ، شایستەی سەرەك وەزیرییە ، تا ئیدارەی گەل و وڵات بکات ، سەید وا تێگەیشت کە (شا) لە هەڵەکەی پێشوی خۆی پەشیمان بۆتەوە و ئەمجارە رێ بۆ سەید بەرەڵلا ئەکات ، تا بە ئارەزوی خۆی ئیسلاحات بکات لە وڵاتدا ، لەبەر ئەوە لە بیرەکەی خۆی پەشیمان بوەوە و لەگەڵ شادا گەڕایەوە بۆ تاران» .

بە گەیشتنی سەید بۆ تاران ، دوبارە زانایان و پێشەوایان و پیاوانی سیاسی وڵات هاتنەوە و دەوریان دایەوە ، و هەمو بە تەمای ئەوە بون کە لەسەر دەستی سەیدا وڵات رێك بخرێت و پرۆژەی زۆر دابنرێت و ترازوی داد هەڵواسرێت و حوکمی نوێنەرایەتی بکەوێتە ئیش ، شا لە پێشەوە وای نیشاندا کە ئەمەی زۆر پێ‌خۆشە ، هەروا گەل بە کۆمەڵی و پیاوانی خێرخواهیش هەمو ، لایان باش و پێیان خۆش بو ، بەڵام ئەوەندەی

پێ نەچو ، ناوچەی تاران لێڵ بووەوە ، و کۆنەپەرست (رجعي) و دەرەبەگ لە هەمو لایەکەوە دەستیان کردەوە بە چرپەچرپ و سرپەسرپ و هاتوچۆی شا و پێیان وت : کە گەلی ئێران هێشتا ئامادەی ئەم جۆرە شتانە نەبووە کە سەید جەمالوددین ئەیەوێت بیانکات ، ئەم رژێمەی کە سەید دای ئەنێت ، دەستی شا ئەبەستێتەوە و تاج و تەختی ئەپێچێتەوە ، و ئەمەش هەموی بە فیتی سەرەك وەزیر میرزا عەلی ئەصغەر خان بو ، کە ناوبانگی دەرکردبو بە « امین السلطان » .

خێرا شا ناردی بە شوێن سەیدا و لێی پرسی ئەم دەستوری تۆیە چیە ؟ ئەویش دەستورەکەی نیشان ئەدات ، (شا)ش ئەڵێت « منێك کە شاهەنشام ، تۆ چۆن رەوا ئەبینیت ببم بە هاوتای جوتیار و کشتیار ؟!! » سەیدیش ئەڵێت :

« ئەی شاهەنشا بزانە کە تاج و تەخت و گەورەیی و پایەی بەرزیت بە هۆی حوکمی دەستورییەوە گەلێك قایم‌تر و جێگیرتر ئەبێت لەمەی کە ئێستا هەتە ، ئەوەش بزانە کە جوتیار و کشتیار و کریکارەکان گەلێك بەکەلکترن لە گەورەییەکەی ئێوە و کاربەدەستەکانت ، رێی ئەم دڵسۆزی خۆتە بدە کە دڵسۆزییەکەم بەجێ بێنم ، تا هەل لە دەست نەچووە ، ئەی شاهەنشاه ، گومانی تیا نیە کە ئێوە دیوتانە یا خوێندوتانەتەوە کە گەلی وا بووە و ژیاوە بێ ئەوەی شای ببێت،بەڵام ئایا هەرگیز بیستوتانە شایەك بوبێت بە بێ گەل ؟! » .

شا دوبارە تورەبووەوە ، نەخوازەڵا کە تێگەیشت سەید نایەوێت دەسەڵاتی بێگانە بمێنێت لە خاکی ئێرانا بە هۆی پرۆژەی ئابوری داگیرکەری (مشاریع اقتصادي استعماری)یەوە ، و شا ویستی ئەمجارە

دەستێکی خراپ لە سەید بوەشێنێت کە ئێران پاك بکاتەوە لێی ٠

سەیدیش دوبارە تێگەیشت لە نیازی پیسی شا ، و خێرا چو بۆ بارەگای (عبدالعظیم) کە بیست کیلۆمەتر لە تارانـــەوە دورە و خوابگاهی یەکێکە لە نەوەی یەکێك لە ئیمامەکان . و ئەو بارەگایە لەلای ئێرانیەکان بەســـتە و هەرکەسێك چووە ناوی ، با دە کەسیشی کوشتبێت ، دەســـتی بۆ نابرێت ، لەوێ حەوت مانگ ئەمێنێتەوە و هەمو رۆژێك بە هــەزاران مەردوم لــە تارانەوە ئەچون بۆ لای بە ناوی زیارەتی (عبدالعظیم)ەوە ، و سەید لە ناویانا وەك (میرابۆ) ئەوێستا و پێی ئەوتن : شا لەگەڵ بەشگەکان (شرکات)ی بێگانەکانا رێکەوتووە لەسەر تاڵانکردنی ئێران، و هەرچی خێر و بێری ئێران هەیە هەموی فرۆت بــۆ ئارەزوی خۆی . شـــای وا ئەبێت هەڵگـــیرێت و نەمێنێت ، گوێدەران لەم وتارانە گریان ئەگرت ، هەرچی ئەگەڕایەوە بــە تین و تەوژم و گەرم و گوڕێ و جۆش و خرۆشەوە ئەگەڕایەوە ، هەمو رۆژێك نەشرە و ئاگـــاهییەك دەر ئەچـــو ،و بە هەزاران کاغــەزی بێئیمزا ئەچو بۆ شا ، ئێران وەك مەنجەڵی سەر ئاگر ئەکوڵا و جۆشی ئەخوارد ، و شا و دەست و پێوەندی ، رۆژ بە رۆژ ترس و بیمیان زۆرتر ئەبــو ، شـــا زۆر تەنگەتاو بو ، نەشی ئەوێرا دەست بۆ سەید ببات لە ترسی دەنگی گشتێ ،ئەو حەوت مانگە هەر چاوەچاوی هەلێکی بو ، تا سەید نەخۆش کـــەوت ، بــە نەخۆشێ رەشەگرانەتێ ، وتار دانی نەما و مەردوم لەبەر نەخۆشییەکـــەی نەئەچون بۆ لای ، شا ئەمەی بە هەل زانی،رۆژێك لە پڕ پێنجسەد سەربازی چەکداری ناردە سەر سەید ، نە گوێیاندایە بارەگای عەبدولعەظیم و نــە نەخۆشێ سەید ، وەك سەید جەمالوددین خۆی ئەڵێت :

« هاتنە سەرم پەلیان گرتم و رایانکێشام بە سەر بەفر و سەهۆڵا تـــا بردمیانە سەرای حکومەت ، لەوێ سواری ئێسترێکیان کردم بە دەست و

پێ بەستراوێ و پەنجا سەربازیان لەگەڵا ناردم ، لە زستانێکی زۆر سارد و بەفرێکی زۆری بەسەریەکا کەوتو ، و بایەکی ساردی جگەربڕ ، بردمیانە خانەقین لە سنوری عێراق و لەوێ فڕێیان دام » • لەوێوە بەو نەخۆشییەوە ئەچێتە بەسرە تا ئارەق ئەکات •

لەو کاتەدا ئەگەر سەیدت بدیایە ، ئەتبینی کە وا تای غیرەت و تای گرانەتێ ، لەگەڵ یەکا جەنگ ئەکەن و هەرچی خوێنی جەستەی هەیە هەمێ لە سەریا کۆبۆتەوە و ئەکوڵێت و لە روخساریا ئەگڕێ و لە چاویا پڕشنگ ئەهاوێت • چۆن پیاوێکی وا گەورەی خانەدانی پایەبەرز لە دین و لە زانین و لە ژیرێ و لە بیر و لە سیاسەتا و خێرخوا هەمێ حکوماتی ئیسلامێ ، و شا خۆی بە تکا لەگەڵ خۆیا بیباتەوە بۆ تاران و بەڵێنی پێبدات کە هەرچی رێك و پێکییەکی بوێت بۆی بکات ، کەچێ لە پاشا ئەو کردەوە نامەردانەی لەگەڵ بکات • بەڵێ سەید لە دڵی خۆیا بڕیاریدا کە تۆڵەی خۆی لە شا بسێنێت و دەستی لێ هەڵنەگرێت تا ئەیکوژێت هەر وەك کوشتی •

دوای ئەوەی کە شا لە سەید جەمالوددین رزگاری بێ هات هەرچێ خێر و بێری وڵاتەکەی بێ هەمێی فرۆت بە بێگانان ، لە ساڵی ١٨٩٠دا حکومەتی ئێران مافی دەستگرتن بەسەر توتنا دای بە بەشگە (شرکة)یەکی ئینگلیزێ، و سەید ئەمەی بە هەلێکی باش زانی، دەستی کرد بە هێرش بردن بۆ سەر سیاسەتی ناصرەددین شاه بە دوان لە ناو کۆڕ و ئەنجومەنی بەسرەدا و بە نێسین لە رۆژنامەدا ، هەر وەك کاغەزێکی دوور و درێژیشی نێسی بە عەرەبێ و بە دەستی خۆی بۆ سەرەك پێشەوای ئاینێ (مجتهد) لە تاران حاجێ حەسەنی شیرازێ لە دژی ناصرەددین شا و کردەوە بێ شەرعییەکانی کە ئەم کاغەزە بڵاوکراوەتەوە لە جلدی یەکەمی (تاریخ

الاستاذ الامام الشيخ محمد عبده) بە قەڵەمی سەید رەشید رەزا ، پێشەوای گەورەی ناوبراویش فتوای‌دا بە قەدەغەکردنی تۆتن‌کێشان تا ئەم مامەڵەیە هەڵئەوەشێتەوە ، بەم فتوایە هەرچی جگەرە و سەبیل و قلیان بۆ هەمۆی فڕێدرا ، بەیانی شا چاوەڕوانی تێرگەلە بۆ ، بۆی نەچۆ کە داوای کرد پێش‌خزمەتەکەی پێی وت : پێشەوای گەورە حاجی حەسەنی شیرازی قەدەغە (حرام)ی کردووە و کەس نابێ بیخوات ، (شا)ش بە تۆڕەییەوە وتی لە پێش فتواکەدا بۆ پرسی بە من نەکردووە ، پێش خزمەتەکەش لەبەر خۆیەوە ئەڵێت ، کە شەرع فەرمانێکی‌دا ئیتر پرس بە شای ناوێت ، ئینجا بە ناچاری شا رێکەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە و نیو ملیۆن لیرەی دا بە بەشگەکە بەرانبەر بەو پەشیمان‌بۆنەوەیە ، بەمە نرخی ئینگلیز شکا لە ئێرانا ، هەر وەك سەیدیش یەکەم دەستی وەشاند لە تۆڵەسەندنی خۆی لە شا ،

لە پاشا کە بە تەواوی چاك بووەوە ،ئینجا چۆ بۆ لەندەن لە ساڵی ١٨٩٢ز و هەشت مانگ لەوێ مایەوە ، و گۆڤارێکی مانگانەیی دەرکرد لە دژی شا بە ناوی (ضياء الخافقين)ەوە بە عەرەبی و ئینگلیزی و هەمۆی هێرش بۆ بۆ سەر شا ، هەمۆ سەروتارێکی کە سەید ئەینوسی وەك زەهری مار وابۆ بۆ شا و حکومەتەکەی کە ئەو وتارانە زۆریان سەید رەشید رەزا بڵاوی کردونەتەوە لە (تاريخ الاستاذ الامام)دا ،

ژمارەی یەکەمی (ضياء الخافقين) لەشوبات و ژمارەی دۆهەمی لە ئازاری ١٨٩٢دا دەرچوون ، شا بەم دۆ ژمارەیە خۆی و تاج و تەختی هاتە لەرزە ، لە ترسانا شا نوێنەری خۆی لە لەندەن نارده لای سەید جەماڵوددین بە پارەیەکی ئێجگار زۆرەوە تکای لێ کرد کە ئیتر لە دژی شا نەنۆسێتەوە ، بەڵام سەید پارەکەی وەرنەگرت و وتی : بە خودا

دەستی لێ‌هەڵناگرم تا نەینێمە ناو گۆڕەوە ، بەمە ناصرەددین شا بێ‌هیوا ما لە سەید و زۆر پەشیمان بووەوە کە وەختی خۆی بۆ سەیدی بەرەڵلا کرد لە دەست خۆی ؟ ئینجا بە ناچاریێ شـــالاوی برد بۆ سولتان عەبدولحەمید کە رزگاری بکات لە دەست سەید جەمالوددین و چاکیش وایە کە بانگی بکات بۆ ئەستەمبوڵ و نەیەڵێت لەوێ بچێتـــە دەرەوە(٢٦) ئەم تکای ناصرەددین

(٢٦) ئەحمەد ئەمین ئەڵێت : ئەم گۆڤارەی کە سەید دەری‌کرد لە لەندەن بە عەرەبێ و ئینگلیزێ لە دژی شـــا دائەنرێت بە هەڵەیـــەکی زۆر گەورە بۆ سەید ، چونکە چۆن ئەبێت پیاوێـــکی وا گەورە و سیاسێ لە ولاتێکی بێگانەدا ، بەو رەنـــگە هێرش بەرێتە سەر حکومەتێکی ئیـــسلامی وەك ئێـــران ، ئایا نـــە ئەترسا لەوەی کـــە ئینگلیز ئەوە بـــکات بە بەلـــگەی دەستدرێژیێ بۆی ، لە کاتێکا کە سەید خۆی بارەها لە (عروة الوثقی)دا لە دژی ئەم جۆرە شتانە دواوە .

لە پاشا ئەڵێت : « مەدحەت پاشا » لە کاتی خۆیدا لە هەڵوێستێکی وادا بووە لەگەڵ عەبدولحەمیدا ، بەڵام ئەم گەلێك باشتر بووە ، چونکە عەبدولحەمید مەدحەتی لەسەر کورسی وەزارەت هێنایە خوارەوە بۆ ناو پاپۆڕی رەهەندەیێ (نفي) بەبێ ماڵ و منداڵ و پارە و خەرجێ و بەرگ و کالا ، لەگەڵ ئەوەیشا کە گەیشتـــە ئـــەوروپا هەمیشـــە هەوڵی ئەدا بۆ بەرزکردنەوەی تورکیا و دوورخستنەوەی خراپە لێی ، جارێك ناوێکی سولـــتان عەبدولحەمیدی بە خراپە نەبرد ، ئـــەو عەبدولحەمیدەی کە ناصرەددین شا چیکـــرد لەگەڵ سەیدا ، ئەویش ئـــەوەی کرد لەگەڵ مەدحەت پاشادا ، بە راستی ئەوەی کە سەید کردی هەڵەیەکی زۆر گەورە بووە .

منیش ئەڵێم ئەگەر مەردوم بـــاش ورد ببێتەوە ، تێ ئەگات کە ئەمە قیاسی کەشکە لە مشك ، چونکە زۆر جیاوازیێ هەیە لە ناوەندی سەید جەمالوددین و مەدحەت پاشادا هەر وەك جیاوازییەکی ئێجگار زۆر هەیە لە ناوەنـــدی ســـولتان عەبدولحەمیـــد و ناصـــرەددین شـــادا ، سەید جەمالوددین ــ وەك ئەمیر شەکیب ئەرسەلان ئەڵێت لە پەراوێزی کتێبی (حاضر العالم الاسلامي)دا : لە ناو جەستە و قەفەزی سنگیا ، نەفسێکی ئەوەندە گەورەی تیـــا بووە ، ئەگەر بڵێین هەرچی نەفســـی پادشاهان =

شایه جێی خۆی گرت له دڵی سوڵتانا و زۆری پێ خــۆش بۆ . چونکــه بیستبۆی که سەید له پارس یەکجــار کۆبۆتــەوه لــەگەڵ ســەربەستان (احرار)ی تورکیادا ، که چەند ساڵ بۆ تورکیایان بەجێ هێشبۆ و له پارس چاووڕاویان ئەکرد بۆ حوکمێکی دەستوری بــۆ تورکیا ، و ســەید زۆری

=

هەیه له چــاو ئەوا وەك نەفسی بــۆره پیاوێکی بازاڕێ هیــچ و پۆچ وا بووه ــ زۆر نیه . ئەمه له لایەك ، له لایەکی‌ترەوه سوڵتان عەبدولحەمید به ناو خەلیفەی ئیسلامه و له شوێنی پێغەمبەره ، با زۆر کردەوەشی له کردەوەی پێغــەمبەر نەچۆبێت ، تەماشــاکه سەید جەمالــوددین که عەبدولحەمید گلی دایەوه له ئەستەمبۆڵ ، دوای ئەوەی که ناصرەددین شا کوژرا به پەنجەی سەید ، وەك لەمەولا باسی ئەکەین ــ عەبدولحەمید ترسی کوشتنی خۆی لێ‌نیشت و قەدەغەی هاتوچۆی کرد بۆ لای سەید ، هەر کەســێك بیویســتایه بچێــت بۆ لای ، ئەبــۆ خەبەر بــدرایه به عەبدولحەمید ، و ئەویش له دە کەسا رێی یەکێکی نه ئەدا که بچێته لای ، هەر وەك هاتوچۆی ســەیدیش نەما بۆ لای عەبدولحەمیــد ، مەگەر به دەگمەن ، ئینجا که ئەفشار (ضغط) لەسەر سەید گەیشته ئەم پلەیه ، رۆژێك کاغەزێك ئەنوسێت بۆ (فیس مۆریس) راوێژکاری بالوێزخانەی ئینگلیز و داوای لێ ئەکات که بیگەیەنێته پاپۆڕێك تا پێی رزگار بێت له ئەستەمبۆڵ ، به گەیشتنی کاغەزەکه فیس مۆریس دەچێته لای سەید و بەڵێنــی پێ ئــەدات به جێ‌بەجێکــردنی خواســتەکەی ، بــەڵام خێرا عەبدولحەمیــد خەبەر وەرئەگــرێت ، ئەوەندەی له ســەید ئەترسا له تورکیادا ، دە ئەوەنــده لێی ئەترسا له دەرەوەی تورکــیا ، لەبەر ئەوه پیاوێکی گەورەی قەسر ئەنێرێت بۆ لای ســەید و به ناوی ئیسلامەوه داوای لێ ئەکات که بەم رەنگه خەلیفــه نەشکێنێت و داوای چاودێرێ (حمایه) بێگانه نەکات ، سەیدیش غیرەتی دینێ ئەیگــرێت و پەشیمان ئەبێتەوه ، هەرچەندیش خۆشی پێچابووەوه بۆ رۆین ، و فیس موریس که ئەچێت به شوێنیا ، پێی ئەڵێت : ناڕۆم و هەرچی ئەبێت با ببێت .

ئەم وتەی سەید (جەمالوددین)ه مەعنای وایه که سەید له کوشتنی خۆی ترساوه به دەستی عەبدولحەمید ، کەچی بەو قسەیه مایەوه و دەستی له ژیــانی خۆی شت ، هەر بۆ ئەوەی که به دیمــەن نەنگییەك

=

پەسەند کردبوون ، جا بۆ ئەوەی کە سەربەستانی تورکیـا لەگەڵ سەیـد جەمالوددین یەك نەگرن لە دژی عەبدولحەمید و ئەم ڕێگایەیان ، لێ بگرێت، سوڵتان عەبدولحەمید کاغەزێکی پڕ لە میهرەبـانی نارد بۆ سـەید بە هۆی ڕۆستەم پاشای نوێنەر (سفیر)ی تورکیا لە پارس و تکای لێ‌کرد کە سەرێکی ئەستەمبوڵ بدات ، بەڵام سەید نەچوو و بیانووی هێنایەوە بە خەریك بوونی بە ڕزگار کردنی وڵاتەکەی خۆیەوە ، بەڵام کاغەز لەسەر کاغەز بۆی ئەچوو لـە سوڵتانەوە و هەر کاغەزەی بە ڕەنگێك دڵخۆشی سەیدی ئەدایەوە ، دەمێك بۆی ئەنووسی هەر ئیسلاحاتێکت بوێت هەموو بۆ جێ‌بەجێ ئەکەین ، دەمێك ئەیوت هەر وەخت ئـارەزوو کرد ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ پـارس ، تا سەید بەڵێنی دا بە چوون و بروسـکەی‌دا کە وا هـاتم بەو مەرجـەی کە لە پاشا بگەڕێمەوە بۆ ئەورووپا •

=

ڕوونەکاتە خەلیفەی ئیسلام .
ئینجا هەروەك ئەم جیاوازییانە بووە لـە ناوەندی سەید جەمالوددین و مەدحەت پاشا و سوڵتان عەبدولحەمید و ناصرەددین شادا ، جیاوازیش هەیە لە ناوەنـدی کردەوەکانی شـا و عەبدولحەمید لەگـەڵ سەید و مەدحەتا ، مەدحەت هیچ کردەوەیەکی ناشـیرینی لەگەڵا نەکرا ، بەڵام سەید بە نەخۆشی ڕاکێشرا بەسەر بەفر و بەناو قوڕا تا براوەتە سەرا و لەوێشەوە بە کەلەپچەکـراوی سواری ئێسـترێك کـراوە تا بـراوەتە خانەقین لە عیراق ، ئەم دوو کردەوەیە زۆر لە یەکەوە دوورن ، بێ‌گومانم ئەوەندەی سەید بە کردەوەکەی شا دلگیر بووە ، ئەوەندە بە کوشتنەکەی خۆی لەلایـەن عەبدولحەمیدەوە دلگیر نەبووە ، چونـکە پیاوی گەورە ژیانی بە قەد ڕێزی خۆی مەبەست نیە . لە پاشا ناصرەددین شا خۆی بە تکا سـەیدی لەگەڵ خۆیا بردەوە بۆ سەرەك وەزیـری ، نەئەبوو بەو جۆرەی لەگەڵ بکات .
بێ‌گومانم ئەگەر سەید دەربچوایە لە ئەستەمبوڵ ، باسی عەبدولحەمیدی بە خراپە نەئەکرد و دەستی لێ‌نەئەوەشاند ، بەڵام ڕەنگە بۆ هەوڵی بدایە بۆ گۆڕینی بە یەکێکی باشتر .

ئەمیر شەکیب ئەرسەلان لە پەراوێزی (حاضر العـالم الاسـلامی)دا ئەڵێت : لەو رۆژانەی کە سەید چوبو بۆ ئەستەمبوڵ من چوم بۆ ئەوروپا و یەکەمین کەسێك کە پرسیارم لێکرد سەید جەمالوددین بـو ، توسـەری بەناوبانگی فەرەنسی (هەنری رۆشنور) ــ کە رەهەندە کرابو بۆ لەندەن ــ پێی وتم کە سەید لەسەر کاغەزی عەبدولحەمید چووە بۆ ئەستەمبوڵ و زۆر ئەترسا لە پاشەڕۆژی سەید ، چونکـە یەکێك بو لـە عاشقـانی سەیـد جەمالوددین ، باسی ئەکات لە کتێبی (ماجریات حـیاتي)دا زۆر بە جوانـی ئەڵێت : « سەید جەمالوددین ئەفغانی لە نەوەی پێغەمبەرە و خۆشی لـە پێـغەمبەرێك ئەچێت » .

سەید لە ساڵی ١٨٩٢ز ــ کە تەمەنی پەنجاوچوار سـاڵ بو ــ لـە لەندەنەوە چو بۆ ئەستەمبوڵ و پێشوازیـیەکی زۆر جوانکرا بە فەرمـانی سوڵتان عەبدولحەمید تا سەید گەیشتە پێشەوە ، کۆشکێکی زۆر گەورە و جوانی بۆ ئامادەکرا بەسەر گردی (نیشانطاش) لە نزیك قەسری یڵدزەوە ، و رێكخرا بە هەمو جۆرە تەخت و کورسی و قەنەفە و چرپـایی و قـاڵی و لاکێش و پیـاو و نۆکەر و پێشخزمـەت و چێشـتکەر و بـاخەوان و عەرەبەیەکی شاهانە لەگەڵ عەرەبەچییەکەی و مانگی ٧٥ لیرەش مانگانەی بۆ بڕایەوە . لەو قسـە خۆشانەی کە سەید خۆی گێڕاویەتیـەوە ، کاتێك کە سەید ئەگاتە ئەستەمبوڵ ، تەماشا ئەکات وا یاوەری سوڵتان چاوەڕوانی ئەکات ، لە سەید ئەپرسێت « کوانێ باوەڵەکانت ئەی سەیدی پایە بەرز ؟»

سەیدیش ئەڵێت : « هیچم پێ نیە چەنـد سندوقێکی بەرگ و کتێب نەبێت » . یاوەریش ئەڵێت : « زۆر باشە ، بفەرمون لە کوێن ؟ » سەیدیش دەست ئەخاتە سەر سنگی ئەڵێت :

« ئەمە سندوقی کتێبەکانمـە » . و دەست ئەخاتە سـەر جبەکـەی ئەڵێت : « ئەمەش سندوقی بەرگ و کاڵاکانمە » . سـەید لە سەرەتـای ژیانیدا دوّ جبە و دوّ دەست کاڵای بووە بەڵام لە دوای ئەوەی کە گـیرا و رەهەندە کرا ، جار لە دوای جار ئیتر یەك جبەو یەك دەست کاڵای هێشتەوە، کە ئەوانە ئەدڕان دەستێکی تری دروست ئەکرد .

سەید لە قەسری یلدز زیارەتـی سولتـان عەبدولحەمیـدی کرد و عەبدولحەمید چاوی بە سەید کەوت و بینی پیاوێکی پڕ بە چـاو و گوێ و دڵە ، و زبانزانێکی سیاسیِ قاڵی دنیادیـدەی ژیری زیرەکی زانـای دانای وێژەری و بە جەرگی پڕکێشیکار (جسور) لە گوفتار و کردارا کە لە هەموّ ژیانی خوّیا مروّڤی وای نەدیبوّ .

سەید لە پێشەوە وا تێگەیشت کە بە یارمەتی سوڵتانەوە ئەتوانێـت هەموّ جـوّرە ئیسلاحاتێك بکات لە دەوڵەتی عوسمانیدا ، نەخـوازەلا لە وەزارەتی پەروەردەدا و بیری ئەکردەوە لە جامیعەیەکی ئیسلامیِ لە ناوەندی ئـەفغان و ئێران و تورکیا و هەموّ ویلایەتەکانیا ، بە یەکخستنیان بەهـەر ناوێکەوە بێت تا بتوانن بەرهەڵستی ئەوروپـا بوێسـتن و تێنەگەیشتبوّ کە ناوچەی ئەستەمبوّڵ لە کاتی عەبدولحەمید وا بوّگـەن بوّ بوّ کە هیـچ جوّرە توّوێکی تیا سەوز نابێت ، بە نیشانەی ئەو هەموّ هەوڵ و تەقەلایەی کە مەدحەت پاشـا لە پێش ئەودا دابوّی و هیچ دەرنەچوّ .

سوڵتان عەبدولحەمید لە پێشـەوە زوّر ڕێزی سـەیدی ئەگـرت و هەرچەند سەید بیویستایە ئەچوّ بوّ لای و لەگەڵیا نوێژی جومعەی ئەکرد و هەمیشە ئەیویست دڵی سەید بەستێتەوە بە ماڵ و منالەوە و خەریکی بکات بە جوانیِ دنیاوە ، بەڵام سەید یەخەی لێ هەڵئەتەکاند و ئەیوت : تا ئێستا

ژیانم‌وەك مەل بردۆتەسەر ، هەردەمەی بەســەر چڵێکەوە و هەر ســاتەی بەسەر لقێکەوە ، ئێستا نامەوێ خۆم پابەندی ماڵ و مناڵ بکەم ، ئینجــا هاتە سەر ئەوەی کە پایەیەکی زانینی بداتێ وەك پایــەی قازیی عەسکەریی بەڵام ئەمیشی نەویست بە خۆی و بەرگ و کاڵای تایبــەتییەوە ، جارێکیتر ویستی نیشانێکی بەرزی بداتێ ، ئەویشی نەویست ، سوڵتان لێی پرسی بۆ ناتەوێت ؟

وتی : نامەوێت خۆم بکەم بە ئێستر و بەرە بگرم بەبەر سنگما[٢٧] •

سەید ئەوەندە دڵی بریندار بوبو لە ناصرەددین شــا لە ئەستەمبوڵیش ئەگەر بیری بکەوتایەتەوە ، هــەر نــاوی ئەبرد بــە خراپە و چــاووڕاوی لێ‌ئەکرد •

ڕۆژێك عەبدولحەمید ئەنێرێت بە شوێنیاو پێی ئەڵێت :

« لەم ڕۆژانەدا نوێنەری ئێران هــاتە لام و زۆر تکای لێکردم کــە داواتان لێ‌بکەم ئەوەندە ناوی شا نەبەن ، منیش ــ چونکە ئێوە جێی هەمو هیوایەکمن ــ بەڵێنم پێدا کە جارێکیتر ناوی نابات » • سەیدیش ئەڵێت :

« لە دڵما نەبو دەست لە شا هەڵگرم تا نەینێمە نــاو گۆڕەوە ، بەڵام لەبەر ئێوە لێی خۆش ئەبم » •

ئینجا سوڵتان ئەڵێت : « بە ڕاستی شا زۆرت لێ ئەترسـێت » لــەم کاتەدا کە سەید قسەی لەگەڵ سوڵتان ئەکرد تەزبیحەکەی بە دەستەوە بو، یاری بە دەنکەکانی ئــەکرد ، عەبدولحەمید لــە وەرامــەکەی ســەید و پڕکێشییەکەی و تەزبیحەکەی دەستی زۆر سڵەمییەوە،چونکە ئەو وەرامە بەو شێوەیە و بەو هەمو سەربەستییەوە لە ڕوی سوڵتان عەبدولحەمیدا تا ئەو

(٢٧) پەراوێزی شەکیب ئەرسەلان بەسەر (حاضر العالم الاسلامی)یەوە •

ساتە لە کەسی تری نەدیبو ، سەید کە هەستاو هاتە دەرێ سەرەکی (مابین) پێی ئەڵێت : ئەی گەورەی بەڕێز! سوڵتان ئەم هەمو ڕێزەی هەیە بۆ ئێوە، ئێوە چۆن لە بەردەمی ئەوا تەزبیح ئەگرن بە دەستەوە؟ سەید تۆڕە ئەبێت و بە دەنگێکی بەرز ئەڵێت : « سوڵتان یاری ئەکات بە ملیۆنەها گەل قەیناکات، بەڵام جەمالوددین نابێت تەزبیحەکەی خۆی بگرێت بە دەستەوە» • سەرۆکی (مابین) زۆر ئەترسێت و هەڕائەکاتە دەرەوە تا وا نیشان بدات کە گوێی لە قسەکە نەبووە ، چونکە هەر بیستنی بەس بو بۆ کوشتنی •

سەید زۆر لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید دانیشتووە ، جارێکیان پرسیاری لێ ئەکەن لە بابەت سوڵتانەوە ، ئەمیش ئەڵێت : ئەگەر سوڵتان عەبدولحەمید بکێشرێت لەگەڵ چوار کەس لە هەڵکەوتوانی چەرخی خۆی لە هەمویان قورس‌تر و سەنگین‌تر دەرئەچێت لە زیرەکی و زرنگی و زۆرزانی و سیاسەتدا نەخوازەلا لە رام‌کردن و گیرۆدە کردنی میوان و دانیشتوانی لای خۆی ، و هیچ دوور نیە ئەگەر بڵێین : هەرچی فرۆفێڵێکی ئەورۆپا هەیە کە لێی ئەکەن ، هەموی بە هیچ دەرئەکات ، بەڵام داخەکەم نەنگی پیاوی گەورە گەورەیە و ترسنۆکی لە هەمو نەنگییەکی گەورەترە •

لە کۆبونەوەیەکی‌ترا عەبدولحەمید پایەی (شیخ الاسلام)یتی ئەدا بە سەید ، بەڵام سەید نایەوێت و داوا لە سوڵتان ئەکات ، کارێکی پێ بسپێرێت بتوانێت رژێمی کۆن بڕوخێنێت و حوکمێکی دەستوری دابمەزرێنێت تا بتوانێت جامیعەیەکی ئیسلامی دروست بکات بە جۆرێك کە هەرچی حوکوماتی ئیسلامی هەیە لەگەڵ حکومەتی عوسماتیدا بن و بەرامبەری حکوماتی داگیرکەری رۆژئاوا بوێستن • عەبدولحەمید لای وا بو کە ئەو رۆژە بۆ ئەو کارە گەورەیە لە بار نیە و بە سەید ئەڵێت :

«من عوزری تۆم وەرگرت بۆ نەکردنی ئەو شتانەی کە داوام لێ‌کردن، ئێوەش عوزری من وەرگرن ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانم ئەم کاری ئێوەیە بهێنمە دی» .

سەیدیش پێی ئەڵێت: «ئەی سوڵتان ! وەك سوڵتان مەحموودی باپیرتان ئیش کەر بن ، ئەم ناپاکانەی کە دەور و پشتیان گرتون ، دوریان بخەرەوە و ئەم هەمو پەردانەی کە داتانداوەتەوە لە ناوەندی خۆتـان و گەلەکەتاندا ، تۆزێك کەمیان بکەرەوە و ناو بە ناو خۆتان دەرخەن لە ناو گەلا ، و بڕوات بیێت کە باشترین پاسەوان بۆ مەردوم ئەجەلە (فاذا جاء أجلهم لا يستأخرون ساعة ولا يستقدمون) .

لەم رۆژانـەدا خدێوی میسر (عباس حيلمي دوهـەم) ئـەچێت بۆ ئەستەمبوڵ بۆ زیارەتی سوڵتان ، لەگەڵ دەستەیەکی گەورە لـە وەزیران و پیاو ماقوڵانی میسر ، رۆژێك سوڵتان دەعوەتیان ئەکات بۆ قەسری یلدز و سەید جەمالوددینیشیان لەگەڵا دەعوەت ئەکات ، سەیدیش ئەمە بە هەلێکی باش ئەزانێت کە دوانێکیان بۆ بـدات و ئەوەندەی پەیوەندیان هەیـە بە خەلیفەوە ، ئەوەنـدەی‌تر پەیوەندییەکەیان زیـاتر و بـە هێزتر بکاتەوە و هەڵئەستێتە پێیان و بەم دو سێ رستەیە دوانەکەی دائەمەزرێنێت و ئەڵێت :

« احسنتم صـنعاً اذ أتيتم لزيـارة خليفتكم ، جامع شـتات الممالك الاسـلامية ، ومنقـذ تراث الشرقيـين ، مـن اغتيـال المغتالـين ، وشره الطامعين .... الخ » .

وە بەم رەنگە دوانێکی زۆر گرنگ ئەدات لە بابەت فڕوفێڵی حکوماتی داگیرکەر و تەمەع و دەم داچەقاندنیان بـۆ قوتـدانی وڵاتی عوسـمانی و حکومەتە ئیسلامییەکانی‌تر و ئەڵێت : پێویستە لەسـەر هەمو حکومەتێکی

ئیسلام کە دەوری خەلیفەی خۆیان بدەن و پشتگیری بکەن ، مایەی ناکۆکی و دوبەرەکی هەڵگرن لە ناوا تا قوت نەدراون ، و بە دور و درێژی لەم رووەوە ئەدوێت .

ئەمە رەسمی سەید جەمالوددینە
لەو کاتەدا کەدووانەکەی ئەدات

بەم دوانە خدێوی ئەوەندەی لەوەپێش خۆشەویستی سەید جەمالوددین بو، ئەوەندەی‌تر گیرۆدەی دوانەکەی ئەبێت و ئەیەوێت زیارەتی بکات و بەتایبەتی بچێت بۆ لای ، لەو حەلەشدا هەرکەسێ بچوایەتە لای سەید ئەبو پرس بکرایە بە سوڵتان و رێی بدایە ، بەڵام کە پرس‌کرا رێی نەدرا ، بەڵکو بەتایبەتیش سوڵتان جوابی نارد بۆ سەید کە خدیوی عەباس نەبینێت . سەیدیش لە هۆدەی سەرۆکی مابین بە ئاشکرا بە پیاوەکەی

خدێوی ئەڵێت : « من وەك میوانێـك دیلی خانەخوێکەمم کـە سـوڵتان عەبدولحەمیده ، لە ماڵەکـەی خۆیـا ، بەڵام هـەمۆ ئێواران ئـەچم بـۆ (کاغەزخانە) بۆ دانیشتن ، ئینجا ئەگەر خدێوی حـەز دەکـات تەشریف بێنێت بۆ ئەوێ ، ئێوارێ کە خدیوی ئەچێت ، تەماشا ئەکات وا سەید لەسەر گردێك بە تەنها دانیشتووە • ئەمیش ئەچێتە لای و زۆر خۆشەویستی خۆی پێشکەش ئەکات بە سەید و بانگی ئەکات بۆ میسر و پێی ئەڵێت :

شوێنێکی زۆر بەرزت هەیە لە دڵی هەمۆ میسرییەکا ، جاسۆسیش لە دوورەوە وەك پەپۆلە ئەسوڕێنەوە بە دەوریانا و لە هەمۆ لایەکەوە دەست ئەکرێت بە نوسین بۆ سوڵتان عەبدولحەمید کە سـەید جەمالوددین بەنێنی داوە بە خدێوی میسر کە دەوڵەتێکی عەباسی بۆ دروست بکات و سوریەشی بۆ بخاتە سەر میسر ، چونکە سوریە دەرگای عیراقە ، هەر وەك بەڵێنیشی لە خدێوی وەرگرتووە کەسەرەنجامی ئەمیش وەك سەرەنجامی ئەبیموسلیمی خوراسانی نەبێت کە لە پاشا کوژرا ،و ئەم دەنگوباسە بڵاوبووەوە بە شاری ئەستەمبۆڵا و بەڵکو بە هەمۆ تورکیادا و هەمۆ کەسێك ئەیوت کاری سەید تەواو بۆ و لەم رۆژانەدا لەناو ئەبرێت ، ئەم قسانە بۆ سەید ئەگێڕرایەوە بەڵام سەید پێکەنینی پێ ئەهات ، سوڵتان لەو رۆژانەدا سەید بانگ ئەکات و لێی ئەپرسێت • سەیدیش ئەڵێت : من و خدێوی دۆ بە دۆ بوین ، سێهەمێکمان لا نەبۆ ، ئینجا ئەگەر ئەم قسەیە راست بێت ، ئەبێت یـا من یـا خدێوی گێڕابێتمانەوە ، ئایا شتی وا ئەبێت ؟ لە پاشا سەید سوێندی بۆ ئەخوات کە شتی وا نەبووە ، ئینجا سوڵتان ئەڵێت بە خـوا راسـت ئەکـەیت ، ئەمانە هەمۆی چاووڕاوی (ابو الهدا)یە •

هەروا (ابو الهدا) جارێکیتر بە عەبدولحەمید ئەڵێت : خەبەرم وەرگرتووە کە لە ماڵی سەید جەمالوددیندا بۆمبا و دینـامێتی زۆر هەیـە ، سـوڵتان

عەبدولحەمیدیش ئەوەندە لەم دوۆ شتە ئەترسا ، هەر بە بیستنی ناویان شێت ئەبوۆ ، خێرا ئەتیرێت بۆ ماڵی سەید کە بیپشکنن ، دوایی هیچ نادۆزنەوە ، خێرا عەبدولحەمید ئەتیرێ بە شوێن سەیدا و ئەچێت بە پیریەوە و ئەم لاو ئەو لای ماچ ئەکات و عوزری بۆئەهێنێتەوە و زۆر تەعریفی سەید ئەکات ، لەپاش چەند رۆژێك سەید بانگ ئەکات بۆ گەشتێك لە دەریای یلدزدا لەگەڵ سوڵتان خۆیا و بەو پاپۆڕەی کە هەر بۆ سوڵتان تەرخان کرابوۆ ،و لەو گەشتەدا بە سەید ئەڵێت : « حەز ئەکەم ئەستەمبوۆڵ بکەم بە نیشتمانت ، هەر وەك حەز ئەکەم یەکێك لە کەنیزەکانی خۆمت لێ مارە بکەم » •

بەلاّم سەید نایەوێن •

ئینجا بەم بۆنانەوە ، سەید هەرچی هیوا بێت نایمێنێت بە سوڵتان عەبدولحەمید و زۆر جار لای ئەوانەی کە زۆر دڵسۆزی بوۆن وتویەتی : « ئەم سوڵتانە ستیلە لەستیی دەوڵەتا »• ئەو سەیدەی ئەیویست حکوماتی ئیسلامی رزگار بکات لە داگیرکەران و رێکیان بخات و دەستوریان بۆ دابنێت ، ئێستا هەر ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە دابنیشێت و میوان بێت و بچێت و بەڕێیان بکات ، ناوبەناویش (ئەبولهدای صەیادی) درۆ و دەلەسەی بۆ هەڵبەستێت و رۆژگار بە درۆ بخاتەوە ، ئەوی بە کەلەپوۆر مابێتەوە لەم ماوەی دواییدا قسەیەکی بەرزە کە لەگەڵ میوانێکا کردبێتی ، یا وەرامێکی جوانە کە دابێتیەوە •

شەکیب ئەرسەلان لە ئەستەمبوۆڵ ئەچێتە لای و باسی ئەوەی بۆ ئەکات کە عەرەب لە وەختی خۆیا لە دەریای ئەتلەسی پەڕیونەتەوە ، سەیدیش ئەڵێت :

ئەمە رەسمی سەید جەمالوددینە
لە ساڵی ١٣١٢ ـ ١٨٩٥

« موسڵمانانی ئەمڕۆ وایــان بەسەرهاتووە ، هەرچەند یەکێك پێیان بڵێت : ببن بە ئادەمێ ، ئەڵێن : باو و باپیرانمان وا بوون و وا بوون و ئەژین بە وێنەی ئەوەی کە باو باپیرانیــان کردویــانە ، ورد نابنــەوە لــەوە ، ئەم بەرزییەی کە ئەوان بوویانە ، نەنگیی و پەستیی و تەمەڵی ئەمان ناسڕێتەوە ، ئەم رۆژهەڵاتیانە هەرچەند بیانەوێت عوزرێك بێننەوە بۆ تەمــەڵی و تەوەزەلی خۆیان ئەڵێن : نابینن باو و باپیرانمان چــۆن بوون ؟ بەڵێ بــاو و باپیرانتان وەختی خۆی پیاو بوون ، بەڵام ئێوە ئەمەن کە هەن ، شایستە نیە بۆ ئێــوە شانازی بکەن بە باو و باپیرانتانەوە تا ئێوەش وەك ئەوان نەکەن .

لە کۆڕێکی تردا سەید باسی زیانی ئەو حکومەتە بێگانانە ئەکات کە لە ناو گەلانی ڕۆژهەلاتا هەوڵ ئەدەن بۆ زەبونکردنی زمانیان و کوشتنی پێخوێندنی گەلی (التعليم القومي)یان و لە بیربردنەوەی ئادابیان بۆ ئەوەی زمان و ئادابی خۆیان دابنێن لە جێی زمان و ئادابی ئەوان لەگەڵ ئەمیشە کە پەیوەستی و پەیوەندی لە ناو گەلێکا نیە کە زمانی نەبێت و زمانیشی نیە کە ئادابی نەبێت ، هەر وەك گەورەیی نیە بۆ گەلێك کە مێژوی نەبێت و مێژوشی نیە کە پیاوانی مێژوی خۆیان زیندو نەکەنەوە .

جارێکیتر لە کۆڕی سەیدا یەکێك باسی بەربەرەکانی مان (تنازع البقاء) ئەکات ، سەیدیش ــ چونکە لە دڵا زۆر ئاشتیخواز بووە ــ بە تەوسەوە ئەڵێت :

بەربەرەکانی مان ؟ یا بەربەرەکانی نەمان ؟ (تنازع الفناء) چونکە ئەوی کە پێویستە داوا بکرێت و هەوڵی بۆ بدرێت و بەربەرەکانی لەسەر بکرێت ، هیچ جەنگ و کێشەیەکی لەسەر نیە ، جەنگ و کێشەکە ببێت هەمیشە لەسەر شتی وایە کە نامێنێت و لەناو ئەچێت،داگیرکەر و داگیرلێکراو هەمو لایەکیان یەکسان ئەچنەوە پەردەی نەبون ،کەوابو چاك وایە بووترایە : بەربەرەکانی نەمان . لێرەدا چەند کەسێك پێی ئەڵێن : ئەبێت هەمو شارستانی (مدنية) جهان بە هەڵەدا چوبن و هەمو لایەکیان یەك کەوتبن لەسەر ئەم هەڵەیە ؟!!! ئەمیش ئەڵێت :

شارستانی چی ؟ !! ئایا دیومانە لەم شارستانیانەی کە ئێوە ئەیڵێن ؟ غەیری شاری گەورە و خانوی قوچ و کۆشکی زل و کارخانەی گەورە نەبێت کە لۆکە و ئاوریشمی تیا ڕەنگ ئەکرێت و ئەتەنرێت و کان و کارخانە و دەست گرتن نەبێت بەسەر بازرگانیدا بۆ قازانج و سودی خۆیان ، غەیری دروستکردنی تۆپی گەورە و پاپۆڕی جەنگی و گەلێ شتیتر نەبێت بۆ

کوشتنی ئادەمێ ، کە ئەو دەوڵەتە شارستانیانە تێکڕا دەست پێشکەرێ ئەکەن تیایانە •

ئەگەر هەرچی ئەم دروست کراوانی زانێنی (علمي)یە هەیە لەگەڵ هەمۆ جۆرە چاکەیەك کە لە شارستانێتێ ئەو دەوڵەتە بەرزانەدا هەیە و لەگەڵ سەد چەندانەی خۆیا بیخەینە تای ترازۆیەکەوە ، و ئەم هەمۆ جەنگە تێکڕاییانەی کە هەڵی ئەگیرسێنن لەناو خۆیانا لەگەڵ ئەو هەمۆ خوێنەی کە ئەیڕێژن و ئەو منالآنەی کە ئەیانکەن بە هەتیو و ئەو ژنانەی کە بێمێردیان ئەکەن و ئەو شارانەی کە وێرانیان ئەکەن بیخەنە تاکەی تریەوە ، تایزانین و شارستانێتێ ئەچێتە ئاسمان و تاکەیتری ئەنیشێتە سەر زەوی ، کە وابێ هەرچی شارستانێتێ و زانین و بەرزبۆنەوەیان هەیە هەمۆی نادانێ و جانەوەرێ و بێژیریە ، لەم رووەوە ئادەمێ گەلێك لە گیان لەبەریتر نزمتر وپەستترە • کەس بیستویەتی ملیۆنێك ئەژدەها بەرامبەر بە یەك بوەستن و یەکتری شەق وپەق بکەن ؟ و یا ملیۆنێك شێر تێك بەربن و خوێنی یەکتری هەڵلوشن ، کە وابێ لەناو شارستانیەکانا نەزانین هەیە و نە شارستانێتی ، بەڵکو ئەوەی بە بالآیان بڕابێت دڕندەیێ و جانەوەرێتیە ، هەر وەخت جەنگ و ئاژاوە نەما ، ئەو حەلە ئەتوانین بڵێین ، ئادەمێ ژیر بووە و پێی ناوەتە سەر پلەی یەکەمی زانین و زانیارێ •

سەید جەمالوددین چوار ساڵ و چەند مانگێك لە ئەستەمبۆڵ ماوەتەوە ، لە ساڵی چووارەما رۆژێك پیاوێکی ئێرانێ کە ناوی (رەزا ئاقا خانی کرمانێ) ئەبێت و لە کاتی خۆی لەگەڵ سەییدا رەهەندەی دەستی ناصرەددین شا ئەبن لە بارەگای عەبدولعەظیم ، و ماوەیەك بە یەکەوە بۆن لەوێدا و بەو بۆنەیەوە بۆن بە ئاشنا و ناسیاوی یەك ، لە پاشا سەید لە بارەگای عەبدولعەظیم دەرئەهێنرێت و رەهەندەی عیراق ئەکرێت ، ئینجا کە رەزا کرمانێ

کە ئەبیەت سەید لە ئەوروپاوە چووە بۆ ئەستەمبۆڵ ئەمیش ئەچێت بۆ لای سەید، سەید کە چاوی پێ ئەکەوێت زۆری پێ خۆش ئەبێت و پێکەوە باسی ئێران و بەدبەختی گەلی ئێران ئەکەن ، کە چۆن بوون بە توشی ئەو شا زۆرداره ستەمکارەوە ، رۆژێك رەزا کرمانی ئەڵێت : « من ئامادەم کە خۆم بکەم بە قوربانی گەلی ئێران و شا بکوژم » •سەیدیش ئەڵێت : « ئەگەر وایە دە بچۆ بیکوژە » • رەزا کرمانیش ئەڕوات لە دووای دوو مانگ رۆژێك ناصرەددین شا لە مزگەوتی عەبدولعەظیم ئەبێت ، رەزا کرمانی ئەچێت ئەیکوژێت و پێی ئەڵێت : « بگرە لە سەید جەمالوددینەوە ! » •

ئەم دەنگ و باسە گەیشتەوە ئەستەمبۆڵ و سەید زۆری پێخۆش ئەبێت و ئەڵێت : « دەرکەوت کە گەلی فارس نەمردووە ، گەلێکی وا زیندووە کە هەرگیز لێی بێهیوا نەبین، چونکە گەلێك رۆڵە و جگەرگۆشەی وای ببێت کە تۆڵەی خۆی بسێنێت و سەرۆکی ستەمکاری لە خاکا بنێژێت ، گەوهەری گیانی لە دەست نەداوە » ، بەم جۆرە قسانە ئەدوا لەگەڵ ئەوانەی کە ئەهاتنە لای • لە پاشا کە گۆڤاری (الالیستراسیون)ی فەرەنسی بۆ دێت ، وێنەی رەزا ئاقا خانی کرمانی ئەبینێت بە هەڵواسراوی و مەردوم لە هەموو لایەکەوە تەماشای ئەکەن سەید بە دەنگی بەرز ئەم شیعرە ئەخوێنێتەوە و ئەڵێت :

علوٌ في الحياة وفي المماتِ
لعمركَ تلكَ احدى المعجزات

بە دانیشتوان ئەڵێت « تەماشای کەن چەند بەرزە و ئەمانەی تەماشای ئەکەن چەند لە خوار ئەوەوەن » • ئەو جاسوسانەی کە وەك پەپوولە بڵاوبوبونەوە بە دەور و بەری سەیدا، هەموو وتەیەکی سەیدیان ئەگەیاندەوە بە سوڵتان عەبدولحەمید ، سوڵتانیش هیچ گومانێکی نەما کە ئەم کوشتنە بە

پەنجەی سەید بووە و زۆر رقی لە سەید هەڵئەستێت و پڕ بە دڵ ئەتۆقێت و ترسی لێ ئەنیشێت ، لەبەر ئەوە فەرمان ئەدات کە چاودێرییەکی زۆر قورس بخەنە سەر سەید و نەیەڵن کەس بچێتە لای بەبێ ئاگاداریێ سوڵتان(٢٨) .

لێرەدا ئەگێڕنەوە کە سەید هەمۆ ئێوارانێك چووە بۆ کاغەزخانە و یەك دۆ سەعاتێك بە تەنیا دانیشتووە ، ئینجا گەڕاوەتەوە ، لەو رۆژانەدا ئەبینێت کە ئێواران یەکێك لە جاسۆسەکان بە پێ دوای ئەکەوێت ، رۆژێك لە (مابین) بە فەرمانبەرانی مابین ئەڵێت : « ئێوە عەرەبانەیەکتان داوە بە من و جاسوسێکتان دوا خستوم کە من بە غار بڕۆم ئەویش بە هەڕاکردن دوام ئەکەوێت و هەناسەبڕکێی پێ ئەکەوێت و نامگاتێ، بۆ بەزەییتان پیا نایەتەوە و عەرەبانەیەکی نادەنێ تا بۆ هەر لایەك بچم بمگاتێ ؟ »(٢٩) .

خولاسە سەید جەمالوددین وەك بەندێکی لێهات ، لە کۆشکەکەیا زۆر دڵ تەنگ بو ، تا ناچار کاغەزێکی نوسی بۆ (فیس مۆریس) راوێژکاری باڵیۆزخانەی ئینگلیز لە ئەستەمبوڵ کە بیگەیەنێتە پاپۆڕێك تا خۆی پێ رزگار بکات لە ئەستەمبوڵ ، بەڵام خێرا عەبدولحەمید هەستی پێئەکات ، بە ناوی ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامییەوە تکای لێئەکات کە بەم جۆرە خەلیفە نەشکێنێت ، و ئەمیش کە گەورەترین زانا و وێژەر و مەزنترین فەیلەسۆف و سیاسێ و بەرزترین دواندەر و رۆژنامەچێ بووە لە جیهانا ، لیرەی زێڕ و تەپاڵەی لا وەك یەك بووە و ژیان و مردنی بەلاوە چۆن یەك بووە ، ژیانی ئەگەر ویستبێت هەر بۆ خزمەتی حکوماتی ئیسلامی بووە ، نەخوازەلا خەلافەتی ئیسلامێ کە رزگاریان بکات لە دەست داگیرکەران و ئەوانەی کە لە

(٢٨) پەراوێزی شەکیب ئەرسەلان بەسەر (حاضر العالم الاسلامی)یەوە .
(٢٩) پەراوێزی شەکیب ئەرسەلان بەسەر (حاضر العالم الاسلامی)یەوە .

ژێر دەستی داگیر کەرانیشا نەبۆن ئاگاداریان بکات لەوەی کە نەکەونە داو و تەڵەی داگیر کەرانەوە ــ پەشیمان بووەوە و جوابی فیس مۆریسی دا وتی : نارۆم هەرچی ئەبێت با ببێت و مایەوە تا دوای چەند مانگێك و مرد .

لەم ماوەیەدا لە قسە و گوفت و گۆیەوە دەرئەکەوێت کە زۆر خەمبار بووە ، چونکە بیری لە ژیانی رابوردوی خۆی ئەکردەوە ، کە ساڵەهای ساڵە لە هەوڵ و تەقەلایەکی ئێجگار زۆردایە بۆ ئەوەی کە حکوماتی ئیسلامی خەبەر بکاتەوە و بە هەنگاو پێشیان بخات ، کەچی خوا نەکات دەمارێکیان لێ بدات و هیوای بە کۆمەڵێك بۆ لەو قوتابیانەی کە پێی گەیاندن بۆ پاشەرۆژ ، کەچی هیچیان نەکرد و چاوی لە شایەکەوە بۆ کە بە پێی ئارەزوی ئەم ئیش بکات ، کەچی ناپاکی لەگەڵ کرد و بە تەمای گۆڤارێك بۆ کە جیهانی پێ بیدار بکاتەوە ، کەچی داخرا و پڕ بە دڵ هیوای بە سوڵتانێك بۆ کە یارمەتی بدات کە هیچ هیوایەکی پێ نەما ، چی بە دەستەوە ماوە دوای تەمەنێکی زۆر کە بە سەری برد بە تاڵی و دەردی سەری و دەربەدەری و رەهەندەیی و بەندی و دەرکردن و بیرکردنەوە لە ئازادی و بێدارکردنەوەی نوستووان ، هیچی بە دەستەوە نەماوە ئەوە نەبێت کە خۆی شێرێکە لە باخچەی گیانلەبەران (حديقة الحيوانات)دا گۆرانی بڵێت بۆ ئازادی و سەربەستی خۆی دەستی نەکەوێت ، دوای ئەوەی کە داوای ئازادی هەمو جیهانی ئیسلامی ئەکرد و هیوای دەستکەوتنیشی بو .

بەم رەنگە مایەوە تا ساڵی ١٨٩٧ ز = ١٣١٤ ك و لە دوای چەند مانگێکی کەم لە کوشتنی ناصرەددین شا ئازارێك لە یەکێك لە دانەکانیدا پەیدائەبێت، لەسەر قسەی دکتۆر دانەکەی ئەکێشن ، دوای ئەوە شوێنەکەی کیف ئەکات و هەڵئەئاوسێت ، لە پاشا سەرەتان لەو شوێنە پەیدائەبێت و

ئازارەکەی رۆژ بە رۆژ زۆرتر ئەبێت . سوڵتان فەرمان ئەدات بە گەورەترین نەشتەرکار (جراح)ی خۆی و بە نزیکترین بارەگای قەنبورزادە ئەسکەندەر پاشا ، کە نەشتەرکاری بکـات ، بـەڵام نەشتەرکارییەکەی سەرناکەوێت و ئازارەکەی بڵاوئەبێتەوە بە هەمو جەستەیا ، لە رۆژی سێشەممە نۆی ئازاری ساڵی ١٨٩٧ ز سەعات (١٢٫٣٠) دەقیقە = ٧ شەوالی سـاڵی ١٣١٤ کۆچی دوایی ئەکات .

لێرەدا مەردوم ــ بەبۆنەی نزیکی ئەم نەخۆشی سەیدە لە کوشـتنی ناصرەددین شا و ترس لێ نیشتنی سوڵتان عەبدولحەمید لە کوشتنی خۆی ــ زۆر قسە ئەکەن ، هێندێك ئەڵێن شرینقەیـەك دراوە لـە پۆکی بـە جۆرە زەهرێك کە بووە بـە هـۆی دەردێکی وەك سـەرەتان . هێنـدێك ئەڵێن نەشتەرکارتیەکەی باش نەکراوە . هێندێك ئەڵێن برینەکەی پـاك و تەمیز رانەگیراوە تا بــە تەواوی تەشەنەی کردووە خولاسـە ــ وەك لـە هەمو سەرچاوەکانەوە دەرئەکەوێت ــ دەستێکی پیس بووە لە مردنیا ، هەروەك لە میسردا بڵاوە کە ئەو دەستەش بووە لە مردنی (شـیخ محمد عبـده) و (عبدالرحمن الكواكبي)دا[٣٠] .

شەکیب ئەرسەلان ئەڵێت : لە مانگی کانونی دوهەمی ساڵی ١٩٢٣ زدا لە لۆزان چاوم کـەوت بـە (کۆنـت لاون اسـتروروغ) خاوەرشنـاس (مستشرق)ی زانای بەناوبانگ و وەرگێڕی کتێبی (الاحکـام السلطانیەی ماوەردی) بۆی گێڕامەوە وتی :

سەیدجەمالوددین زۆر ئاشـنام بـو ، رۆژێك لە ئەسـتەمبوڵ دوای نەشتەرکارییەکەی ناردی بە شوێنما وتی : سوڵتان زۆری کرد کـە ئـەم

(٣٠) تاریخ الاستاذ الامام .

نەشتەرکارییە ئەبێت هەر نەشتەرکاری ئەو بیکات ، ئێستا ئەوەتی ئەم نەشتەرکارییە کراوم ئازارم زۆرتر بووە تکای کرد کە نەشتەرکارێکی فەرەنسی ئازادی پاکی بۆ بنێرم تەماشای برینەکەی بکات ، منیش دکتۆر لاردیم بۆ نارد ــ کە ئێستاش ماوە و لە جنێف دائەنیشێت لە سوێسرە ــ دکتۆر کە تەماشای برینەکەی ئەکات ئەبینێت ، یەکەم نەشتەرکارییەکەی باش نەکراوە • دوەهەم پاك و تەمیز رانەگیراوە ، دکتۆر لاردی هاتەوە لام و ئەم خەبەرە دڵگیرەی دامێ ، دوای چەند رۆژێك سەید کۆچی دوایی کرد •

هەروا شەکیب ئەرسەلان ئەڵێت : ئەم قسەیەم گێڕایەوە بۆ یەکێك لە پیاوانی قەسری سوڵتان عەبدولحەمید، ئەویش وتی : قەنبور زادە دکتۆرێکی پاکی شەریفی وا بوو کە هەرگیز ناپاکی وا ناکات، بەڵام دانسازێکی عیراقی ــ کە ناوی جارح بوو ــ زۆر هاتوچۆی سەیدی ئەکرد بۆ تەماشاکردنی دانەکانی ، و ئەم دانسازە لەلایەن وەزارەتی ئەمن و ئیستخباراتەوە کرابوو بە سیخوڕ (جاسوس) بە سەریەوە و بە پارە کردبوویان بە دوژمنی سەید ، کابرای قەسر وتی : جارێکیان ویستم جارح دەرکەم و نەیەڵم بچێت بۆ لای سەید بەڵام بەڕێوەبەری ئەمن ئیشارەتێکی زۆر پەنهانی کردم کە وازی لێ بێنم ، بەمە تێگەیشتم کە ئەم دانسازە بە فەرمانی بەڕێوەبەرێتی ئەمن ئەم هاتوچۆیە ئەکات و سەید ئاگای لەمە نیە ، دوای کۆچی سەید هەرچەند جارحمان ئەدی زۆر بە کزی و ماتی و خەمباری و تەریقی و رەنگ داهێزراوی ئەماندی ، وەك هەمیشە سوژن ئاژن بکرێت وابوو ، بەو بۆنەیەوە هەرچەند جارحمان ئەدی بیرمان ئەچوو بۆ ئەوە کە ئەو دەستکاری برینەکەی کردبێت و پیسی کردبێ یا هەر پیشەکی نەخۆشییەکەی دروست کردبێت •

ئەمە رەسمی سەید جەمالوددینە
لە نەخۆشی مردنیا لە ساڵی ١٣١٤ك ـ ١٨٩٧ز

سەید دوای شۆشتن و کفن‌کردن لە مزگەوتی (تشویقیە) لە (نیشان طاش) نوێژی لەسەر کرا و لە گۆڕستانێك لە نزیك کۆشکەکەی خۆیەوە نێژرا و لەبەر زۆری پۆلیس و سیخوڕ کەس نەیوێرا لەگەڵ دارتەرمەکەیا بڕوات سێ‌کەس نەبێت لە دۆستانی ، ئەوانیش سەهل پاشای کوڕی فەضل پاشا و عەلی قبودانی میسری و جۆرجیە ئەفەندی کونجە کە لە کاتی گیانەلاّدا بە دیاریەوە بووە ، و لە ماوەی ئەو چەند مانگ نەخۆشییەدا دوو سەد لیرەی لە پارەی خۆی بۆ خەرج کردووە .

دوای هاتنەوە لە گۆڕستان خێرا سوڵتان چەند پیاوێکی قەسری خۆی ئەنێرێت بۆ ماڵی سەید و هەرچییەکی لە پاش بەجێ‌ئەمێنێت لە نوسین و یادداشت هەموی ئەبەن و فەرمان دەرئەچێت بۆ هەمو رۆژنامەچییەکان کە

هیچ نەتوسن دەربارەی سەید و هەرچیش لە دەرەوە بێتە ژورەوە والییەکانی تورك دەستی بەسەرا بگرن[٣١] .

ئەم هەڵکەوتووە تا بڵێیت زیرەك بووە ، بە رەنگێك کە بە دو رۆژ پینەکانی زمانی فەرەنسی وەرگرتووە لە یەکێك ، هێندێك وتەی زمانەکەشی لەبەرکردووە و لە ماوەی سێ مانگدا خۆی لە خۆیا فێری زمانی فەرەنسی بووە ، بە جۆرێك کە بتوانێت وەری بگێڕێتە سەر زمانی تر[٣٢] ، هەروەها یەکە دواندەر بووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا . دکتۆر شبلی شمێل ئەڵێت :

سەید جەمالوددین زۆر دواندەر (خطیب)ێکی کوتوپڕی بووە ، تەنانەت جارێکیان کە تازە هاتبو بۆ میسر ، خۆم بە دیارەوە بوم لە ئەسکەندەرییە دوانێکی کوتوپڕی دو سەعاتی دا بە عەرەبییەکی رەوان و شێوەیەکی زۆر جوان ، رستە لە رستەی جوانتر و بە کەڵکتر ، بە جۆرێك کە دانیشتوان هەمو سەرسام بون لە دوانەکەی[٣٣] .

سەید کۆمەڵە وتارێکی فارسی لە چاپدراوی هەیە لە نامەخانەکەی منا کە لە ئەفغان و ئێران داویتی لەناو کۆڕ و کۆبونەوەی زۆرگەورەدا لەبەر و لە پڕ ، بەبێ نوسین لەسەر کاغەز ، هەرچەند یەکێك لەو وتارانە ئەخوێنمەوە ، بڕوا ئەهێنم بەو قسەیەی کە ئێرانییەکان ئەیکەن و ئەڵێن : هەرچەند سەید وتاری دابێت ، دوای لێبونەوەی زۆر لە گوێگران ، بە تین و تەوژمی ئەو وتارەی بێهۆش کەوتون و دوای ماوەیەك هۆشیان بە خۆیانا هاتۆتەوە .

شتێکی سەیرتر لە هەر کوێیەك بوایە هەمیشە ئاگای بووە لە بزوتنەوەی زانین و زانیاری ئەورۆپا و ئەو شتە تازانەی کە رۆژبەرۆژ

(٣١) پەراوێزی شەکیب ئەرسەلان بە سەر (حاضر العالم الاسلامی)یەوە .
(٣٢) تاریخ الاستاذ الامام .
(٣٣) تاریخ الاستاذ الامام .

ئەدۆزرانەوە و دروستئەکران بە رەنگێك وەك بە دەرس خوێندبێتی وابووە(٣٤) .

لەمانە سەیرتر دڵێکی پێوە بووە وەك پۆڵا ، بە رەنگێك لە رۆژی زۆر ئاڵۆز و پڕ لەترس و بیما گیراوە و براوە بەبێ سەروشوێن ، کە کەس لە ماڵی خۆیا ئۆقرەی نەبووە ، کەچی ئەو وەك بۆ سەیران بچێت وا بووە(٣٥) .

لەمەش سەیرتر ، وەختێ وا بووە گیراوە و رەهەندە کراوە بێ ئەوەی یەك پوولی پێبێت و لەو کاتەدا مریدەکانی پارەیان بۆ بردووە ، کەچی لێی گلنەداونەتەوە و پێی وتون : شێر لەسەر نێچیر پەکی ناکەوێت(٣٦) .

لەمەش سەیرتر ، هەرچەند چوبێت بۆ لای سوڵتان عبدالحمید ، کە هەستابێت دوا بە دوای چونە دەرەوەی کیسەیەك لیرەی بۆ ناردووە کە سەد دانەی تیا بووە ، زیاد لە مانگانەکەی کە ٧٥ لیرە بووە جارێکیان کیسەیەکی قەیفەی مۆری بۆ ئەنێرێت کە دێتە ماڵەوە ئەیداتە دەست موحەمەد پاشای مەخزومی کە ئەیژمێرێت پێنج سەد لیرە ئەبێت . بە موحەمەد پاشا ئەڵێت : دو جبەم بۆ لێبکە و ئەوی کەی هەڵگرە بۆ سیغار ، واتە چیلێئەکەیت بیکە(٣٧) .

لەمانە لە هەموی سەیرتر ئەوەیە ، مەردوم تا هەژارتر و بێ نەواتر بووایە ، سەید میهرەبانتر ئەبو لەگەڵیا و زۆرتر ڕێزی ئەگرت و تا گەورەتر بوایە سەید لەگەڵیا بە دەعیەو دەمارتر ئەبو ، یەکێك ئەگەر تێکەڵی سەید لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدا بخوێنێتەوە تێئەگات کە سەید لەگەڵیا وەك

(٣٤) تأريخ الاستاذ الامام .
(٣٥) تأريخ الاستاذ الامام .
(٣٦) تأريخ الاستاذ الامام .
(٣٧) خاطراتی جەمالوددین .

مرۆڤێکی عادەتی چۆتە لای و گفتوگۆی لەگەڵا کردووە[٣٨] .

گۆڕی سەید جەمالوددین سی ساڵ مایەوە بە وێرانی و بەبێ کێلێکی نوسراو ، تا لە ساڵی ١٩٢٦ زدا دۆستێکی کۆنی خۆی میستەر (گراین)ی خاوەرشناسی ئەمریکی ، هاتە ئەستەمبوڵ ، لە پاش گەڕان و پرسیارێکی زۆر گۆڕەکەی دۆزییەوە کە لەگەڵ خاکا تەخت بوبو ، هات لە هەمو رویەکەوە لە مەڕمەڕی گرت ، لە رویەکی کێلەکەیەوە ناوی سەید و مێژوی بون و مردنی لێ نوسیوە ، لە رووەکەی تریشی نوسی « ئەم زیارەتگایەی دروستکرد ، دۆستی بە راستی موسوڵمانان لە هەمو گۆشەیەکی جیهانا و خێر خواهی ئەمریکی میستەر (شارلس گراین) لە ساڵی ١٩٢٦ ز »دا . لەپاشا قەفەزێکی لە شیشی ئاسن بۆ دروستکرد و لە گۆڕەکەی دایمەزراند .

★ ★ ★

لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤ ز = ١٣٦٣ ك و لەپاش پەنجا ساڵ لە مردنی سەید جەمالوددین ، ئێسك‌وپروسکەکانی برایەوە بۆ ئەفغان ، بە جۆرێکی زۆر گرنگ بە عیراقا تێپەڕی ، بەیانی رۆژی یەکشەممە ٢٤ ذی الحجەی ١٣٦٣ ك = ١٠/١٢/١٩٤٤ ز گەیشتە موسڵ ، لە دوای پێشوازی و مەراسیمێکی زۆر گەورە ، بە شەمەندەفەر کەوتە رێ و سەعات شەش و نیو گەیشتە بەغدا و پێشوازییەکی زۆر گەورەکرا و برا بۆ بارەگای (عبدالقادر الگیلانی) ، بەیانی سەعات دو و نیو شاری بەغدا داباری بەسەر تەکیەی قادریدا ، هەرچی لەوێدا بو بە پێوە وێستان ، و دواندەران بە ریزە دەستیان کرد بە خوێندنەوەی دوانی خۆیان ، لە (طه الراوی)یەوە تا (محمد مهدی الجواهری) ، نوێنەری ئەفغان وەرامی دایەوە و سوپاسی کردن ،

(٣٨) تاریخ الاستاذ الامام .

ئینجا دارتەرم هەڵگیرا بۆ فڕۆکەخانە ، و ئێـوارەی رۆژی پێنـج شـەممە ١٧/١/١٩٤٤ ز = ١-١-١٣٦٤ ك گەیشتە بەسرە و پیاوماقوڵانی شار هەمو لە فڕۆکەخانە ، لە چاوەڕوانیدا بون، بە گەیشتنی لیژنەی تایبەتی وەریگرت و بردیانە جامع المقام لە عەشار ، بەیانی دوای مەراسـیمێکی زۆر جوان بـە فڕۆکە برا بۆ هیند و لەوێوە بۆ ئەفغان[٣٩] .

★ ★ ★

ئامۆژگارتیەکانی سەید و ئامانجەکانی چین ؟

وەك « لۆثرۆب ستۆدارد »ی ئەمریکی ئەڵێت :

(پوختەی ئامۆژگارییەکانی سـەید جەمالوددین ئەوەیە کـە رۆژئاوا رێگر و بەرهەڵستی رۆژهەڵاتە ، گیانێکی سەلیبی لە هەمو دڵێکیانا بوسەی خواردووە ، بە کالآیەکی رەگەزپەرستییەوە ، ئەم گیانە هەوڵئەدات بە هەمو جۆرێك بۆ خاوکردنەوەی هەمو جموجوڵێك کە موسڵمانان بیانەوێ بیکەن بۆ رێکخستن و راپەڕینی خۆیان) .

« لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر موسوڵمانان بە تێکڕایی کە یەکبگرن و بین بە یەك بۆ بەرهەڵستی هەمو جۆرە هێرشێکی رۆژئاوا و بۆ بەر گرتی لە خۆیان ، ئەمەش ناکرێت تا مایەی پێشکەوتنی رۆژئاوا نەدۆزنەوە و نەچنە جەنگیانەوە » .

(غۆلد سیهر) خاوەرشناسی مەجەری لە (دائرة المعارف الاسلامی)دا ــ کە بە فەرەنسی نوسیویتی ــ ئەڵێت :

سەید جەمالوددین لە پیاوە هەرە گەورەکانی ئیسـلامە لە سـەدەی نۆزدەهەما و بە پێی بیروبـاوەڕی (براون) فەیلەسـوفێکی زۆر گەورە و

(٣٩) ذکرای ئەفغانی لە عیراقدا .

تۆسەرێکی زۆر بە بەهرەو دواندەرێکی زۆر رەوان و رۆژنامەچییەکانی زۆر بە دەسەلاتە ، هەر وەك سیاسییەکی زۆر پایە بەرزە ، دۆستەکانی بە سیاسییەکی زۆر گەورەی ئەزانن ، هەر وەك دوژمنەکانی بە شۆرش هەلگیرسێنەرێکی خەتەرناکی ئەبینن، سەید ئەیویست هەرچی ولاتی ئیسلام هەیە لە ژێردەستی بێگانان رزگاری بکات و خۆیان لەناو خۆیان ئیدارەیەکی پڕ لە ئازادیّ و رێكوپێکیان ببێت ، هەر وەك ئەیویست پەیوەندیّ و پەیوەستییەکی وا لە ناویاندا دروست بکات ، کە بێگانە نەتوانێت دەستبخاتە کار و باریانەوە •

سەید ئەلێت :

« هەرچی بیرێکم بۆ هەمۆ کۆکردەوە و تەماشایەکی رۆژهەلات و دانیشتووەکانیم کرد ، ئیستێکی پێ کردم ئەفغان کە نیشتمانمە و لە خاك و ئاوی ئەوم ، ئنجا هیند کە لەویّ ژیریّ و بیر و خۆیندنم وەرگرتووە ، ئنجا ئێران کە دراوسێی نیشتمانمە ، ئینجا دورگەی (جزیرة) عەرەب لە حجاز کە جێی هاتنەخوارەوەی ئاینمە و لە یەمەن و نەجد و عیراق و بەغدا و شام و ئەندەتۆسیا ، هەر بەو رەنگە هەمۆ ولاتێك و دەولەتێك لە دەولەتانی ئیسلام ، ئینجا هەمۆ رۆژهەلات ، منیش ئامێر (جهاز)ی مێشکم تەرخان کرد بۆ دەست نانە سەر دەردیان و دۆزینەوەی دەرمانیان بینیم کوشندەترینی دەردیان دەردی دۆبەرەکیّ ناو خۆیان و پەرەوازەییّ بیر و رایانە و دۆبەرەکییانە لەسەر یەك کەوتن و یەك کەوتنیانە لەسەر دۆبەرەکیّ ، منیش دەستمکرد بە یەکخستنیان و بێدارکردنەوەیان بە مەترسیّ (خەتەر) رۆژئاوا کەوا دەمی لێ داچەقاندوون بۆ قوتدانیان » •

لەبەر ئەمە هەرچی مێژۆنۆسی سەید هەیە هەمۆ لەسەر ئەوەن ، کە ئامانجی سەید لە ژیانا دۆ شت بووە :

١ ــ بڵاوکردنەوەی گیانێکی نەبەز لە هەمو رۆژهەڵاتا ، تا راپەڕن لە زانین و زنیارێ و پاکردنەوەی بیر و باوەڕ لە هەمو پڕ و پوچێك و تەکاندنی رەوشت و خو لەو شتە خراپانەی کە لێی نیشتووە لەگەڵ هێنانەوەی پایە و پلەی جارانی و گەورەیێ و نرخی پێشوی •

٢ ــ پاڵنان بە داگیرکردنی داگیرکەرانەوە ، تا هەمو وڵاتانی رۆژهەڵات سەربەخۆیێ خۆیان دەست ئەکەوێتەوە و هــەمو لایەکیان بــە جۆرێکی وا نزیك ئەکەونەوە لەیەك کە مەترسێ رۆژئاوایان نەمێنێت •

بە کورتێ سەید لە ژیانی خۆیدا هەمێشە ئەم دو بەیداخەی هەڵگرتووە، یەکێکیان زانینێ و ئەوی‌تریان سیاسێ •

کە کــۆچی دوایی‌کرد ، ئەم دو بەیداخە لە یــەك جیابونەوە و هەر دەستەیەك لە پێگەیشتوانی بەردەستی یەکێکیان هەڵگرت لەم دو بەیداخە ، یەکێك نەبو بتوانێت هەردوکی هەڵگرێت • بەم رەنگە (شێخ محمد عبده) ــ کە گەورەتــرین قوتابێ و بــە دەسەڵاترین‌یانە ــ بو بە جێنشــینی لە هەڵگرتنی بەیداخی زانین و زانیارێدا ، عەبدوڵلا نەدیم و مســتەفا کامل و سەعد زەغلول بون بە جێنشینی لە هەڵگرتنی بەیداخی سیاسێدا •

ئەمە لە میسردا هەر بەو رەنگە لە هەمو وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی‌تردا ، پێگەیشــتووەکانی بەردەستی هێندێــکیان بەیــداخی بــەرژەوەندێ و رۆشن‌بیرێ و هێندێکیان بەیداخی سیاسێ هەڵگرتووە •

سەید شێت و شەیدای ئازادێ و سەربەخۆیێ حکوماتی رۆژهەڵات بووە ، لەهەر لایەك بویێ شۆڕشی تیا هەڵگیرساندووە و زۆر گەڕاوە بە ئەوروپادا ، نەخوازەڵا پــارس و لــەندەن و مۆســکۆ و هەمیشــە لــە رۆژنامەکانیــانا نوسیوێتی و هێــرشی بردۆتە سەر سیاســەتی حکوماتی

رۆژئاوا و لە زانستگاکانیا دواوە و وتاری سیاسی زۆر گرنگی تیادا داون و لەگەڵ پیاوانی زانستی و سیاسی و ویژەیدا تیکەڵی کردووە ، و ئینگلیز لە هیند و لە میسر دەربەدەری کردووە و گۆڤاری (عروة الوثقى)ی داخستووە و لە هەر لایەك بۆبێت قۆرت و گرێ و کۆسپی بۆ پەیداکردووە، لەبەر ئەوە زۆر دوژمنی ئینگلیز بووە و گۆڤاری (عروة الوثقى)ی پڕ کردۆتەوە لە دژی ئینگلیز و هەمۆی هێرشە بۆ سەر ئەو .

سەید هەرچەند چاوی بە بەرزی ئەوروپا و پەستی رۆژهەڵات ئەکەوت ، ئاگری تێبەر ئەبۆ نەخوازەڵا کە بیشیبینایە حکومەتێکی بێگانە پەنجەی تێبردووە و لیسی تێکوتاوە ، یا حوکمێکی خودسەری و قەرەقوشی ئیشی تیا ئەکات ، ئەو حەلە بە هێز و توانای خۆیەوە ، ئەیویست ئەو بێگانەیە دەرکات یا ئەو حوکمە برۆخێنێ. بەسە بۆ گەورەیی سەید کە لە مێژۆی رۆژهەڵاتی تازەدا یەکەمین کەسێکە کە داوای ئازادی کردبێت و یەکەمین شەهیدێکە لە رێی ئازادیدا .

سەید زۆر خەریك نەبووە بە دانان (تألیف)ی کتێبەوە بەڵکو هەمیشە خەریك بووە بە تألیفی گەلان و تەسنیفی حکوماتی دەستورییەوە ، لەگەڵ ئەمیشە سەید ئەگەر هیچ تەئلیفێکی بەجێنەهێشتبێت تەنیا (شێخ محمد عبدە) نەبێت بەسێتی .

سەید ئەگەر سوڵتان عەبدولحەمید نرخی نەدابێت بە گۆزەکەی و سێ ساڵ مابێتەوە بە وێرانی ، بەڵام رێبازەکانی دوای خۆی و دوای یاخیەکانی ئەستەمبۆڵ و تاران و قاهیرە ــ سەوزبۆن و باڵایان کرد و پەلوپۆیان هاویشت لەهەر سێ دەوڵەتەکەدا ، وە بێداربۆنەوەیەك ئەگەر ببێت لە حکوماتی رۆژهەڵاتا ، هەمۆی لەوەوەیە .

★ ★ ★

سەید زۆر قسەی بەرز و پڕ لە فەلسەفەی وای هەیە کە شایستەن بە ئاوی تەلا بنوسرێنەوە ، وا بۆ پەند و ئامۆژگاریێ هێندێکیان ئەنوسین :

* گەل بەبێ رەوشت و خۆی بەرز نابێت ، رەوشت و خوش بەبێ بیروباوەڕ نابێت ، بیروباوەڕیش بەبێ تێگەیشتن نابێت •

* هەرکەسێك بیەوێ بژێت ، با بمرێ لە رێی ژیانی گەلیا •

* ناخۆشترین رۆژگار کاتێکە کە نادان گەزارە بکێشێت و داناش بێدەنگ دانیشێت •

* بێفەڕترینی مەردوم کەسێکە کە بیەوێت مەردوم بمرێت بۆ ئەوەی خۆی بژی و گەورەترینیان کەسێکە کە سەری خۆی دابنێت لە رێی ژینی مەردوما •

* سەربەخۆیی ئەسێنرێت و نادرێت •

* خاوەن حەق بە هێزە با زەبونیش بێت ، بێحەق زەبونە با بەهێزیش بێت •

* هەزار قسە لە ترازوودا ، ناگاتە کردەوەیەك •

* کەسێك دەرگای سەرفرازیێ لێبکرێتەوە و نەچێتە ژورەوە ، شایستەی دەرکردنە •

* مەردوم ئەگەر لە تەماشاکردنی ئەستێرەکانی ژورسەری پەند وەرنەگرێت ، با لە تەماشاکردنی خاکی نازدارانی ژێر پێی وەری گرێت •

* گەلێك کە بە نهێنیێ پلار بگرێتە گەورەی و بە ئاشکراش بیپەرستێت ،

شایستەی ژیان نیە •

* زیادەڕەویَ (اسراف) مەردوم لـە تەندروستیدا گەلێك بەزیاترە لە زیادەڕەویَ لە داراییدا •

* کەسێك نەتوانێت خۆی باش بکات ، چۆن مەردومی پێ باش ئەکرێت •

* گۆمەزی بۆش هەر دەنگ ئەداتەوە •

* چاکترین رەنگ بۆ ئاڵای سەربەخۆیی ، خوێنی سەربازانی پاڵەوانانە •

* نەخوێندەواری زیندوَ مردووە ، خوێندەواری مردوَ زیندووە •

* سەربەخۆیی هەر بە قسە دەست ناکەوێت •

* کەساسی و خوێندەواریَ پێچەوانەی یەکن و هەر گیز کۆنابنەوە •

* ئەو کەسەی خـۆی بە کوشت بدات لە رێی ژیـانی نیشتمانیا ، یا ئەمرێت بە پاڵـەوانیَ و شـەهیدیَ وە یا ئـەژی بە گـەورەییَ و خۆش بەختیَ •

* جیهان ئەگەر جارێك پێویست بێت بە پیاو دوَجار پێویستە بە ژن •

* هێندیَ کەس رازین بە مردن لە ترسی مردن ، و لـە ترسی کەساسیَ ، بەرگی کەساسیَ ئەپۆشن •

* ژیرترینی باوك ئەوەیە کە لەپـاش ژن هێنانی کوڕەکـەی لـەگەڵیا دانەنیشێت و لە جیاتی دراوسێتیَ هاتوچۆی یەك بکەن •

* دەستهەڵگرتن لە بەرزبوَنەوە مایەی دواکەوتن و نزمبوَنەوەیە •

* نەبـووە یەکێك لـە پێناوی گەلیـا مردبێت ، گەلـەکەی زیندوَی نەکردبێتەوە •

* مەردوم بە ترس دەوڵەمەند نابێت و بە ئازایی هەژار ناکەوێت •
* بە زۆر گوشین ئەندامی پەراگەندە ئەنوسێن بە یەکەوە •
* باشترین شت بۆ رۆژهەڵات ، پاشای دادپرسی بەهێزە • کەڵك نیە لە پاشای دادپرسی زەبــون ، هەر وەك کەڵك نیە لە پاشــای بەهێزی ستەمکار •
* زانای هەژار دەوڵەمەندە بە زانینەکەی ، دەوڵەمەندی نادان هەژارە بە نادانییەکەی •
* خراپترین نەخۆشی رۆژهەڵات ، دوبەرەکییانە لەســەر یەکەوتن و یەکەوتنیانە لەسەر دوبەرەکی •
* ئەگەر سروشت چونیەکی (مساواة) نەخاتە نێوان ژن و پیاوەوە لە دروستکردنا ، بێکەڵکە هەوڵدان بۆ چونیەکییان بە قسە •
* زیندانی ستەمکاران بۆ چاکانی رێکخــەران (مصلحین) رێزەیە ، دەربەدەرکردنیان گەشت و سەیاحەتە کوشتنیان شەهادەتە و ئەمەیان بەرزترین پایەیە •
* وێژەر لە رۆژهەڵاتا بە زیندویی ئەمرێت و بە مردویی ئەژی •
* گەنجی پردێکە لە شێتی ، هەمو ژیرێك بە ناچاری بەسەریا ئەڕوات •
* رۆژئاوا راپەڕی بە زانین و کردار • رۆژهەڵاتیش دواکەوت بە نادانی و تەمەڵی •
* تاقە کارێك کە هەر ژن بیکات و تەرخان بێت بۆی ، هەرچی پیاوی جیهان هەیە کۆڵن لێی •

★ ★ ★

السيد جمال الدين الافغاني

العضو العامل : الشيخ محمد الخال

القسـم الثـاني

ثم سافر الى باريس ليزور معرضـها الكبير فـالتقى في مونيخ بالشـاه ناصرالدين عائداً من باريس ، فعرض عليه العودة معه الى فارس ، واعتـذر اليه عما كان ، ووعده ان يمهد له طريـق الاصلاح الذي يقترحـه ، فرفض السيد اولا وقبل اخيراً .

وقد سارع الشعب الايراني الى الالتفاف حوله من جديد ، ويتوسل به الى تحقيق مطامحه في اصـلاح الادارة ، واقامة العدل والقـانون ، وبـدت نهضة اصلاح يكرهها رئيس الوزراء ، ويخشى عواقبها فوسوس للشـاه حتى غير قلبه على السيد .

هناك خرج السيد الى مقام «شاه عبدالعظيم» أحد حفداء الائمـة — على بعـد عشرين كيلو مترا من طهران — والفرس يعدون مقامه حرمـا من دخله كان آمنا ، فمكث هناك سبعة اشهر ، اتخذه مركزاً لدعايته وخطبه وتهييج الرأي العام ضد الشاه ، منددا بمثالبه وتواطؤه مع الاجانب على نهب

بلاده ، داعيا اياهم الى خلعه ، وكان كثير من العلماء والضباط والشبان يقصدونه باسم زيارة المقام ، فضاق به الشاه ، وانتهز فرصة مرض السيد وتوقفه عن القاء الخطب وانقطاع الناس عن الاختلاف اليه ، فوجه اليه خمسمائة فارس مسلحين فانتزعوه من فراشه وحملوه على برذون ، مسلسلا في فصل الشتاء وتراكم الثلوج والرياح الزمهريرية ، وقاده خمسون منهم الى خانقين في حدود العراق ومنها سافر الى البصرة ، وبقى فيها زمنا حتى أبل من سقامه ، فاخذ يكتب الى علماء الدين المسموع الكلمة يهيجهم على الشاه ، وكان الشاه قد تعاقد مع شركة انجليزيه على احتكارها التنباك فانتهز الفرصة ، وكتب خطابا للحاج حسن الشيرازي رئيس المجتهدين ، أبان الضرر على الامة من هذا الاحتكار ، فاصدر الشيرازي فتوى حرم بها على كل مؤمن تدخين التنباك مالم تعدل الحكومة عن مشروعها، وقد اضطرت الى فسخ العقد، ودفع نصف مليون ليرة تعويضا للشركة ، فكانت هذه اولى خطوات الانتقام .

ثم لما عادت اليه عافيته سافر الى لندن ، واسس مجلة شهرية باسم « ضياء الخافقين » كانت تصدر بالعربية والانجليزية ، وكان يكتب فيها مقالات تشع سطورها نارا ونورا ، حمل فيها على مظالم الشاه .

وقد كان لمقالاته صداها العظيم في بلاد الفرس ، اذ أهاجت جماهير الشعب وجماعات العلماء والمفكرين ، وشعر الشاه بالخطر المحدق به فارسل سفيره في لندن الى السيد يسترضيه بما شاء من الاموال ، ولكنه أبى أن يمس مال الظلم ، وقال : « والله لا أرضى الا ان يقتل الشاه ويوارى في القبر ! » .

تجمع عند السلطان عبدالحميد من الاسباب ما حمله على ان يدعو السيد الى الاستانة ، فهو يخشى ان ينضم الى حزب تركيا الفتاة فيكون قوة كبرى الى قوتهم ، خصوصا وقد كان السيد اجتمع في باريس ببعض رجال هذه

الجمعية ، و أطلعوه على خطتهم في اصلاح الدولـة العثمانية ، فراقه مذهبهم وشجعهم على عملهم ، وبلغ السلطان ذلك عنه ، لهذا وذاك رجاه السلطان ان يزور الاستانة ، فاعتذر بانصرافه الى الكفاح في سبيل بلاده ، ثم وجه اليـه رسالة ثانية ، اكثر خداعا ودهاءاً ، فاجاب ببرقية انه ملب دعوة صاحب الجلالة، على أن يؤذن له بالعودة الى أوربا عقب الخطوة بالمقابلة ، فوعـده بذلك ، وسافر جمال‌الدين الى الاستانة فاستغواه السلطان وهيأ له منزلا جميلا يقوم على ربوة « نشان طاغ » بالقرب من يلدز ، واجرى عليه راتبا شـهريا قدره خمس وسبعون ليرة عثمانية ، وجعل تحت أمره عربة وخدما وحشما ، بعضهم للخدمة وبعضهم للتجسس ، واحاطه بكل أنواع الرعاية المادية .

قضى السيد اكثر من اربع سنين من حياته في الاستانة « يعيش بين مظاهر خداعة من عطف السلطان ودسائس رجال القصر ، وكم حاول ان يسمحوا له بالسفر ، فامسكوه بقية عمره في قفص من ذهب »

ذلك وصف سائح الماني زاره سنة ١٨٩٦ م

مات السيد جمال‌الدين يوم الثلاثاء ٩ مـارت سنة ١٨٩٧م السـاعة ١٢ والدقيقة ١٣ اثر أوجاع مضنية .

ويؤكد اكثر الايرانيين وغيرهم ممن ترجمو لجمال‌الدين ان موته لم يكن طبيعيا . وامر السلطان بدفنه لساعتين من وفاته من غير احتفال ، بـين جموع عديدة من الشرطة ، كما امر بمصادرة اوراقه ومذكراته .

هكذا مات السيد جمال‌الدين وشيعت جنازته بعد أن عاش رجلا مجاهدا ومؤثرا في حوادث الشرق الاسلامي خلال عشرين سنة أكثر مما أثر فيها أي رجل آخر من أهل زمانه .

واذا كان قبر جمال‌الدين ظل في الاستانة مهدما مهجورا حتى جاءه في سنة ١٩٢٦م مستر گراين الامريكي فشيده واظهره ، فبحسب السيد ان مبادئه بعد مماته وموت الطغيان في مصر وفارس والاستانة قامت حيـــة مشرقة على أطلاله •

حسب جمال‌الدين من مجد وعظمة ، انه في تأريخ الشرق الحديث أول داع الى الحرية ، وأول شهيد في سبيل الحرية •

★ ★ ★

ڕۆشنبیریی کۆن و نوێ لە کوردستاندا و

پلەی ئەم ڕۆشنبیرییە لە دەرەوە

ئەندامی کارا : عەلائەدین سەجادی

ئەم کوردستانە پاش ئەوە کە لە ساڵی «١٧»ی کۆچی و پاش ئەوە کە وردە وردە ئیسلامەتی و ئایینی ئیسلام ڕوی تێکرد هەتا ماوەیەك پاش ئەوە کورد وەکو ئەو نەتەوانەی کە ئایینی ئیسلام ڕوی تێکردبون،لەنێوان چەشنی خوێندەواری پێشوی ڕۆشنبیری عەرەبیدا مابونەوە ؛ هی پێشو ناوی نەمابو ، هی تازەش بنجی بە تەواوی دانەکوتابو.لە سەدەی سێهەمی کۆچی بەملاوە زانایانی کورد کەوتنە نوسین و دانانی هەمو جۆرە کتێبێکی « فەلسەفی ، پزیشکی ، ئوسوڵ ، کەلام ، مەنتیق ، فیقهـ ، ریازیات و ئەدەب » بە زمانی عەرەبی . هەتا ڕۆژەکان بەملاوە دەهاتن ئەو پلەیە بەرزتر دەبووەوە و دانراوی کورد زۆرتر دەبو و زیاتر بڵاو دەبووەوە . هەرچەند چاپیش لە ئاوا نەبو بەڵام دەستنوسەکانیان جێگایان بۆ خۆیان تەرخان کردبو . زانایانی کورد بە خۆیان و بە دانراوەکانیانەوە لە هەمو گۆشەیەکی عالەمی ئیسلامیدا ئەستێرەیان دەدرەوشایەوە ؛ فێرگە و مەدرەسەکانی ئەو ڕۆژەی وڵاتی ئیسلامی پڕ بون لە زانایانی کورد و لە دانراوی زانایانی کورد . زانیاری عەرەبی لە هەمو وڵاتی ئیسلامیدا ڕەگی داکوتا و بنجبەستبو .

کتێبخانەکان بە هەزاران هەزار کتێبی هەمە چەشنەی عەرەبییان تیا دانرا ، زانایانی کورد لەم هەمۆ زانیارییانە بەشدارییان کرد ، چ لە رۆی وەرگێڕانی زانیارییەکانیتر بۆ سەر زمانی عەرەبیَ ، چ لە رۆی دانانی سەربەخۆوە ، چ لە رۆی رژاندنی خەیاڵاتی کوردیَ لە ناو زمانی عەرەبییەوە • بە درێژیَ رەوڕەوەی مێژۆ ئـەم کتێبانە نەوەك هەر لە تەنـیا کتێبخانەکانی وڵاتی ئیسلامیدا بەڵکو لـەو رۆژەشەوە کە ئەورۆپا دەستی بە خـۆیا هێنا و کتێبخانەی رێك و پێکی پێکەوەنا ، ئەم کتێبانە کەوتنە ئەویشەوە •

کتێبی بە زمانی عـەرەبیَ و علۆمیَ عەرەبیَ رۆی کـردە ئەورۆپا ، رۆژاواییەکان بـۆ وەرگرتنی زانیاریَ و بۆ ئاگـاداریَ لە هەمـۆ جـۆرە علۆمێکی کەوتوە ناو زمانی عەرەبیَ رۆیان کردە رۆژهەڵات ، بە هۆی ئەو هاتوچوەی ئەوانەوە کتێبخانەکانی ئەو رۆژە و ئێمرۆژی ئەو وڵاتانەش نەوەك هەر پڕبـۆن بەڵکو بە هۆی ئـەو علمانەوە بە تـەواویَ ئاوەدان بۆنەوە •

•

بەڵێ ! کتێبەکان و علمەکان بە زمـانی عەرەبیَ بۆن بەڵام خاوەنی کتێبەکان و دانەری ئەو کتێبانە هەر یەکە لە هی نەتەوەیەك بۆن ، یەکێ لەو نەتەوانە نەتەوەی کورد بۆ ، زانایانی کورد بە هۆی ئەو دانراوانەیانەوە ناوی خۆیان و ناوی کوردیان کرد بە نیگارێك لە ناو ئەو کتێبخانانەدا ، بە هۆی ئەو تابلۆیانەوە ناوی کورد کەوتە سەر رۆپەڕەی زانین و ناسین •

لە رەوڕەوەی مێـژۆدا دۆ رێگا هەبوە بۆ ناسـینی نەتەوە وە یا کەسێك ؛ یەکێ شیر ، یەکێ قەڵەم • دۆر نیە کورد بە جۆرێکی زۆر بێ خەوش و ئاشکرا ئەو دەورە تیشکدارەی وەکۆ لە قەڵەمەکەیا هەبوە لە شیرەکەیا جـگە لە سـەردەمی (صـلاح‌الدینی ایوبی) ، لـە سەردەمی ئیسلامیدا ــ ئەو دەورەی نەبۆبێ ، بەڵام ئەتوانین بڵێین بۆ ناسینەکەی

هەمو دەم قەڵەمەکەی لە پێشەوە بووە •

کە ئەڵێین قەڵەمەکەی مەبەست ئەو قەڵەمەی نیە کە بە زمانی کوردیێ نوسیبێتی چونکە ئەم قەڵەمەی لە چاو ئیمڕۆژا تازەیە ! • بەڵکو مەبەست ئەو قەڵەمەیە کـە بە زمانی عـەرەبیێ وە یا غەیـری عەرەبیێ ئـەو ڕۆژە نوسیویەتی و ئـەو نوسینەی لـە هەمو وڵاتێـکی دەرەوە و لـە هەمو کتێبخانەیەکی دەرەوەدا ئەو نیشانـەی دەربڕیوە کە خاوەنی ئەو دانراوە کوردە و ئەو دانەرە لە نەتەوەیەکە کە نەتـەوەی کوردە • کەوابو هۆی ناسینی نەتـەوەی کورد لە دەرەوە و لـە عالەمی ئیسلامیدا ئـەو دانەرە کوردانە بون کە کتێبەکانیان بە هەمو ٫ێرشەیەکی گێتیدا بڵاو بوبووەوە • کورد کە ناسراوە هەر بە هۆی ئەوانەوە ناسراوە ، هەر ناوێکی هەبووە هەر ئەو دانەرانە بوون کە بە عالەمیان ناساندوە •

بەڵێ ! ڕاستە ئـەوان ـ واتە دانەر و خاوەن دانـراوەکان ـ ئەو بیروباوەڕەیان نەبووە کە لە ڕوی هەستێکی کوردایەتییەوە ئەو دانراوانەیان دابنێن ، چونکە لەو ڕۆژەدا نەوەك کورد بەڵکـو هەمو ئەو نەتەوانە کە چونەتە ژێر بەیداخی ئیسلامەتییەوە هیچیان ئەو بیروباوەڕانەیان نەبووە ، هەمو هەستێك کە هەبوبێت هەر هەستی ئیسلامەتی بووە ، بەڵام ئەوە لە دانراوەکانیانا هەبووە کە دانەر وە یا وەرگێڕی ئەم کتێبە کوردە و کورد بووە ، ئەم دروشمە وەکو لە هی دانەری کورددا هەبووە لە دانەری هەمو نەتەوەکانیتریشا هەر وا بووە • تەنها ئەم ناوە توانیویە بەرە بە بەرە ، وە سەدە بە سەدە ڕۆشنبیرانی عالەمی غەیری کورد ، چ لە ڕۆژاوا و ، چ لە ڕۆژهەڵاتدا تیبگەیەنێ کە نەتەوەیەك هەیە بە ناوی کوردەوە و ئەم دانەر و وەرگێڕانە لەو نەتەوەیەن • وە لە ڕاستیدا ئەمانە چەپەرێك بوون لە نێوانی نەتەوەکەی خۆیان و عالەمی هەندەرانە بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد •

لە سەر ئەمە بە باوەڕی من نەتەوەی کورد تا ڕۆژی دوایێ قەرزاری ئەو عالم و زانا و ئەدیبانەی خۆیانن کە وا بـەو جۆرە بوون بە چرا وە یا ئاوێنەیەك کە ڕۆپەڕەی کوردیان بە عالەمیتر پێشان داوە • بەڵکو دەتوانین بڵێین تەنیا ئەو زانا و دانەرانە بوون کە ناوی کوردیان بە زۆریێ لە سەر لاپەڕەی کاغەز چەسپاند •• ئەمەش وەکو وترا بەتایبەتیێ لە پاش ئیسلامەتیێ جگە لە تاکە تاکەیەکی کورد و جگە لە ئەماراتی ناوچەییێ شتێکی وا بە دەستەوە نەبووە کە کورد بە دەرەوە بناسێنێ ! ••

حوکمەتەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژاوای پێشوی ئیسلامیێ برێتی بون لە خەلافەتەکانی ئەمـەویێ ، عەبباسیێ ، سەلجوقیێ ، غەزنـەویێ ، بوەیهیێ ، عوسمانیێ و سەفەویێ و هیتریش کە زیاتر لە ولاتی فارسـتان هەبون • دوور نیە دەرەوە و ئەوروپا هەر لە وێنەی ئەم جۆرە حوکماتانەیان بە چاو عالەمی ئیسلامیەوە بەرچاو کەوتبێ ، وە لە ناو بنەوکردنەوەی زنجیرەی ئەمانەدا کورد هەبووە بەڵام هیچ یەك لە سەر زنجیرەکانیان کورد نەبون هەتا دەرەوە بە هۆی ئەو پێشەنگەوە کوردەکەی ناسیبێ • کەچی کە دێتە سەر باری عیلم و زانیاریێ دەتوانین بڵێین بـە هەزاران زانا و عالمی کورد دانراو و وەرگێڕاویان کەوتۆتـە ولاتی (بیانی) و کەوتۆتە کتێبخانەی ولاتانی ئەوروپاوە • زانایانی بیانیێ لە ناوەرۆکی کتێبەکە و لە دواتیەکەی بە تەواویێ بۆیـان ڕون بوەتەوە و بۆیـان دەرکەوتوە کە خـاوەنی ئەو دانراوانە کوردە و ئەو بوە بە هۆی دەرکەوتنی نەتەوەکە لە لای ئەوان •

بۆ ڕونکـردنەوەی گەلێ شت بەتایبەتیێ ئەوەی کە ئاشـنایەتیێ بەم باسەوە هەیە ئەوتریێ کە :

دو شت هەیە بۆ ئـەوە نەتەوەیەك بگەیەنێ بە ڕوناکیێ و بونیەتیەکی

بۆ دەرخا ؛ یەکێ شێر ، یەکێ قەڵەم • شێر خاوەنەکەی دەگەیەنێ بە حوکم و ئەم حوکمەش لەپـاش تێپەڕبوونی پێنج سەدە بە سەریا بەســەر دەچێ ، بەڵام قەڵەم وا نیە ، قەڵەم هەر دەورێك بێت بەسەر ئەو حوکمەدا ، وە یا بڕێتەوە قەڵەمەکە هــەر دەمێنێ ، دیــارە مەبەستیش بە قەڵــەم بەرهەمی قەڵەمەکەیە •

ئەو شێرەی کە بە دەست کوردەوە بووە هەمۆ ئامانجێکی بە شێرەکە پاراستنی ئیسلام بــووە • بە وێنە یەکێکی وەکــۆ (صلاح‌الدینی ایوبی ١١٣٨ ك ــ ١١٩٣ ز) هیچ مەبەستێکی نەبۆ تەنیا بەرزێ ئیسلام نەبێ ، ئەو لای وا بۆ هەمــۆ نەتەوەکانی ژێر ئاڵای ئیسلام یــەك نەتەوەن ، ئەو نەتەوەیەش دەبێ بپارێزرێ ، هیچ جیاییــەك نەبێ لە نێوانی ئەو کەسانەدا کە سەریان بۆ ئەو ئاڵایە دانەواندوە • یا کەسانێکی وەکۆ (ابو موسلمی خوراسانی ٧٥٥ ز) و (کەریم خانی زەنــد ١٧٠٥ك ــ ١٧٧٩ز) یەکەمیــان هەر بنەماڵەی عەبباسێ پتەوکردوە ، دوەمیشیان کۆششی هەرە زۆری بۆ ئەوە بۆ کە دادی ئیسلام بچەسپێنێ ، وە بۆ خــودی خۆیشی ئەوپەڕی ئامانجی ئەوە بۆ کە ناوی (وکیل الرعایا)ی بۆ بمێنێتەوە •

ئەو ئەمارەتانەش کە لە کورددا هەبوون ، ئێمە ئەگەر بچینە بارێکی راستی و بچینە ناو جەرگی واقیعەوە ئەمانە هیچیان ئەو دەوڵەتە نەبــوون کە خاوەن پەیوەندێکی خارجی بۆبن ، واتە باڵوێز و کاروباری دبلۆماسییان هەبۆبێ ، وە یا لە ناوەوە پارەی سەربەخۆ و بەیداخیان هەبۆبێت ، ئامانجی بەرزی ئەمانەش دیسان پاراستنی ئیسلام و دڵنەوایێ ئەو کەسانە بووە کە سەر بەو بوون •

باسەکەمان بەرانبەر بە کورد رۆی کردەوە بۆ پاش ئیسلامەتێ بەچاو

خاوەن شمشێرانی کوردەوە ، ئەگەر خۆ بمانەوێ قسە لە پێش داهاتنی ئیسلامەوە بکەین ، مێژو تا ئەندازەیەك ئەوەی داوین بە دەستەوە کە لە ناو نەتەوەی کورددا گەلێ شیر بەدەستی خاوەن دەسەلاتی تەواو هەبووە ، ئەگەر هەندێ کەسی هەمولایەك بە تەوسەوە سەیرم نەکەن دەتوانم «ماد» و سەر زنجیرەی ساسانییەکان بە وێنە بێنمەوە ـ کە قسە لە چەسپاندنی ئەمە شوێنێکی تایبەتی تری ئەوێ غەیری ئەم شوێنە ـ بەلام ئەو سەردەمانە نە کتێبخانەیەکی رێك و پێك هەبووە لە عالەما ، وە ئەگەر بوبێتیش نەماوەتەوە بۆ دوای خۆی ، وە نە ئەوروپای ئیمرۆژەش ناوێکی هەبووە .. بەلێ ! سەردەمی رۆمانێ گەلێ شت هەبووە بەلام ئەوانیش جگە لە شوێنەواری کۆشك و خانوبەرە شتەکانی‌تریان هەمو لە ناو چوون . کە وابو رونکردنەوەکە هەر بۆ پاش داهاتنی ئیسلامە .. لە پاش ئیسلامەتیش کاروباری ولاتانی ئیسلامێ لە لایەن شیر و حوکمەوە وای دەهێنایە پێشەوە کەهەر ماوەیەك دەستەیەك بێتە پێشەوە ، ئەمەش دیارە یاسایەکی سروشتییە کە هەر گەنجییەك و گەشەکردنێك پیرێ و سیسێ بە سەرا دێت ، هەر بنەماڵەیەکی حوکم لە دروستبونیەوە تا تیاچونی دەبێ پێنج دەورەی بەسەرا بێت ! . وەلێ لە نێوانی ئەم سەر و ئەو سەری ئەم لاپەڕە دوور و درێژەی مێژوی ئیسلامێدا باری عیلم و رۆشنبیرێ و خوێندەوارێ هەر بوخچەیەکی دەستلێ‌نەدراو بووە و رۆژ بە رۆژ زیاتری کردوە ، مەگەر سەردەمی هۆلاکۆ نەبێ کە دەستێکی توند و تیژی لە زانیارتیەکانی ئیسلامێ وەشاند و کۆسپێکی گەورەی هێنایە سەر رێ ، ئەویش لە چاو درێژێ مێژوەکەی ئیسلامێ و فراوانێ زانیارتیەکەیدا شتێکی وانەبو !

ئێمە بمانەوێ ناوی نەتەوەی کورد بە رۆشنبیرەکانی بهێنینە ناوەوە لام وایە وەنەبێ شتێك بێ دەماری رەگەزایەتێ ئەستور کردبێ ، بەلکو

ئەمە لاپەڕەیەکی زانیارتیە و لەو بابەتەوە قســە دەکا ، زانیاریش تەنها بۆ زانیارتیە و بۆ هیچی‌تر نیە •

لە سەردەمەکانی پێشــودا دیارە کورد هەبووە ، بۆیــەش وا دەڵێم چونکە ئــەم زمانەی ئێستەی کورد کــە پێی دەڵێین « زمــانی کوردیی » وەنەبێ خۆی لــە خۆیەوە هەڵتــۆقیبێ ، بەڵــکو بە بــاوەڕی زانایانی « زمانشناس » دروستبونی زمانێك هەزاران ساڵی ئەوێ تا دێتە بەرهەم و تا ئەندازەیەك ڕێك دەبێت ، هەروەهــا لە ناوچونەکەشی بە سەدەها ساڵی ئەوێ •••

ئەم زمانی کوردییــەی ئێســتە هەیە و لــە ئارادایە ، لــە دەوری دروستبونیەوە تائێستە بەبێ گومان پێش ســەدەها ساڵ نیە بەڵکو پێش هەزاران ساڵە • ئەمە لە کاتێکا کە خۆی ڕەگ و بنجێکی بنەڕەتی هەبێت • خۆ ئەگەر بوترێ ئەمە لە بناغەدا زمانێکی‌تر بووە و لە ئەنجاما بووە بەم زمانەی ئێستە ــ وەکو هەندێکی نەشارەزا لە گۆڕانی زمان وا دەڵێن ! ــ ئەمەش هەر دیسان گەلێ سەدها ساڵی دەوێ ، لە هەردو بارەکەدا ئەوەی جێگای متمانە بێت لەگەڵ داهاتنی ئیسلاما ئەم زمانە هەبووە ، لەو ڕۆژەوە هاتۆتە خوارەوە و تا ئیمرۆ ماوەتەوە ، ئەگەر لە ڕویەکی‌ترەوە خۆی پیشان نەدابێ ، لە ڕوی مانەوەی زمانەکەوە بە قسەکردن و دوان و ئاخاوتن خۆی هەر پیشان داوە و کەسیەتییەکی بۆ خۆی دروست‌کردوە •

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە : کە زمانی کوردیی ئەگەر زمانە بۆچ شوێنەواری نوسراوەی هەرە کۆنی بەرچاو ناکەوێ ؟ کە ئەو نوسراوە بونی زمانەکە بتەو بکاتەوە ! •

ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە زەمان و بەسەرهاتی چەرخ دەستێکی زۆری

هەیە بۆ لە ناوچوونی زمان و بۆ مانەوەکەی ؛ گەلێ لە زمانەکـانی وەکـو ئاشوری ، بابلی ، سۆمەری و سەغدی زەمـان وای لێکردن هاڕینی ، بە زمان و خاوەن زمانەوە هەردو لایان سەریان تیاچو ! ناوونیشان بۆ ئەوە کە ئەو جۆرە زمانانە هەبوون هەندێ بەڵگەی سـەر بەردەکانە ، کە ئەگـەر ئەو بەردانە نەبونایە ئەو توزەش نەدەمایەوە .

زمانی کوردی ئەگەر بەڵگەی سەر بەردی نەبێت خودی زمانەکەی هەیە بۆ چەسپاندن بۆ بونەکەی لە سەردەمی کۆن وئیستـەیدا ، نەبونـی بەڵگەی سەربەرد یا شوێنەواری‌تر ئەمە زیانێکی نادات . چونکە بونی ئەو بەڵگەیە بۆ ئەوەیە کە ناو و نیشان بدا لە زمانەکە ، زمانەکە خـۆی ئیستـە هەیە ئیتـر پێویستی نیە بەوە کە شتێکی‌تر هـەبێ بیچەسپێنی . پەندی پێشینانی کوردی ئەڵێ : «مانگ دیارە ، ئەوەجەی بە ئیشارە نیە !» .

ئەمەو دیسان وەکو لە پێشەوە باسکرا ناوچەی دەسەڵاتی فەرمانداری تەواوی ــ جگە لە سەردەمی ماد ــ لە لایەن (بەرەڤان ــ حکم) ەوە بـە تەواوی روناك نیە تا بەڵگەی بۆ ئێمرۆ مابێتەوە . ئەمە لە پێش ئیسلامدا ، لە دوای ئیسلامیش بیروباوەڕی بە تەواوی کەوتە سەر زمـانی (قرآن) و ئالا بەوەوە ، دەستنوسی دانراوی لە پاش ئیسلامەتی بە زمانی عەرەبی و فارسـیش زۆر هەیە ، ئەو زمانەی خۆی لە رۆژانی پاش داهاتنی ئیسلامدا نە زمانی ئایینی بووە نە زمانی (بەرەڤان) هەتا ئەو دو هۆیە هانەهانەی بدەن بۆ شت نوسینی بە زمانەکەی خۆی ، وەکو ئەو دو هۆیە ، یا یەکێکیان لە هەمو چەرخێکا و نـاو هەمو نەتەوەیەکیشدا هۆ و پشتیوان بـوون بۆ چەسپاندنی زمانەکەیان لە باری نوسینەوە .

ئەم قسەیە بۆ ئەم رۆژەیە ، ئایا توژینەوە و لێکوڵینەوە لە پاش ئـەم رۆژەی بەڵگەی بە زمانی کوردی دەردەخا ، یا نایخا ئەمە شتێکە و پاشەرۆژ

دەری دەخا ٠٠٠

هەروەها ئەمە شتێکی ڕوونە بۆ هەمــوو لایەك کە لە مێژووی داهاتنی ئیسلامدا ئەو شتە ئێستە پێی دەڵێن کاغەز یا نەبووە ، یا زۆر کەم بووە ؛ کەمیەکەی بە جۆرێك بووە کە ئەگەر شتێکی زۆر پیرۆز نەبوایە نەدەچووە سەر ئەو ، نامەی پادشاکان و گەورەکانی ئەو سەردەمە دەچووە سەر کاغەز ، شتی زۆر پیرۆز دەچووە سەر کاغەز ، پاشان بەرە بەرە هەتا دەهات بەملاوە کتێب و دانراوە بە نرخەکان دەچوونە سەرکاغەز ٠٠٠

وەکوو وترا دوو هۆ هەبوون ، یا هەن و هۆی بازرگانیشی ئێمڕۆ هــاتە سەر بۆ برەوی زمانێك ٠ زمانی کوردیی لە پاش ئیسلام هیــچ یەك لــەو هۆیانــەی نەبوو تا خــاوەنی کوردیی زمــان بێنێ خۆی خەریــك کا بە زمانەکەیەوە و بیخاتە سەر کاغەز چونکە هانەهانەیەکی بۆ نەبــو ، بەڵکــو ئەو خەریك بوونەی لەگەڵ خستنە سەرکاغەزی زمانی عەرەبیی بەکار دەبرد ، چونکە برەو لەودابوو ، کاریگەریی هەرە گرنگیــش بۆ ئەو بــرەوە بەلای کوردەکەوە ــ بە تایبەتیی ــ ئایینی بوو ٠

بەڵێ ! لەسەردەمی سێهەمی کۆچیی بەملاوە شتی نووسراو هەیە کــە لەگەڵ کوردیدا تێکەڵاو بێ ، وەکوو سەردەمی بابەتاهیر و ڕوودەکیی ، بەڵام قسە لەمە نیە چونکە ئەمە دراسەیــەکی تایبەتیی دەوێ ، دیسان پەندەکانی (ماریفەت و پیری شالیار) هەیە وەلێ هەر کەمە ٠ ئەوەندە هەیە ــ وەکــوو بەڵگەی ئەدەبیی دەری‌دەخا ــ ئەوەی کــە بە جۆرێکی ڕێك‌وپێك و بە بێ پچڕان هاتبێ تا ئێستە و وێنەی خۆی لەسەر کاغەز بە دیارکردبێ لەسەدەی چواردە و پانزەی زایینییەوە بە زۆری بەڵگەی زمانی کوردیی ماوەتەوە ٠٠٠

بێینەوە سەر کورد و رۆشنبیران و زانایانی کورد :

وەکو ئاشکرایە زەمان و پێشهاتی رۆژەکان «چەمك ـ مفهوم» دروست دەکا ، وەکو وشەش بەولاترەوە دادەنێ • کە ئێمە دەڵێین « رۆشنبیر » دیارە مەبەست بەو وشەی « مثقف » ە ، لە کاتی خۆیا نە وشەی مثقف بۆ ئەو چەمکەی ئێستە هەبووە ، و نە وشەی رۆشنبیر ، داهاتنی هەر دوو وشەکە لە زمانی عەرەبی و کوردیدا بۆ یەك چەمك هەردووکیان تازەن • رۆشنبیر بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا ئێستە بۆ ئەو خوێندەوارانە بە کار دەهێنرێن کە پلەی خوێندەوارییان لە فێرگەی ئامادەیی و کۆلێج و سەرەوژوورتر بێ و دەرچووبن • ئەم جۆرە زاراوانە لە کاتی خۆیا نەبوون • لە ناو عالەمی ئیسلامی و عالەمی کوردیدا ئەوانەی کە دەستێکی درێژیان هەبووە لە هەموو زانیارییەکدا بە (عالم) ناوبراون و ئەوانە بوون کە پێشوازی نەتەوەکانی عالەمی ئیسلامییان کردوە ، لە ناو کوردیشا بەولاترەوە بەو جۆرە پیاوانە هەر وتراوە (عالم) • جا ئەو عالمانە کە ئێستە بە رۆشنبیر ناویان بەرین ئەوانە بوون کە کوردیان بە خۆیان و بێگانە و لاوەکی ناساندوە •••

وەکو لە پێشتر باسکرا کورد وەنەبێ بە تەواوی دەوری لە هەڵسووڕانی شیر و حوکمێکی تایبەتی بە خۆیەوە لە سەردەمەکانی تۆزێ دواییدا هەبووبێت ، بەڵام لە باری زانیارییەوە زۆر بە چالاکانە هاتۆتە مەیدانەوە و خۆی پیشانداوە •••

دوور نیە بوترێ جیاییەك لە نێوانی حوکم و زانیارییەکەدا نیە ، وەکو حوکمەکەی بۆ خۆی نەبووە زانیارییەکەشی هەر بەو جۆرە بۆ خۆی نەبووە ، واتە چۆن حوکمەکەی ـ چونکە رووی سەربەخۆی نەبووە ـ

ئەوترێ بۆ خۆی نەبووە ، زانیارتیەکەشی چونکە رۆی نوسینەکەی بە زمانی خۆی نەبووە ئەویش بەو جۆرە هەر بۆ خۆی نەبووە ! کەوا بۆ بۆ خۆماڵیبۆنی بە خۆیەوە حوکم و زانیارتیەکە هیچ جیاییەك نەبۆ لە نێوانیانا ! ئیتر چۆن ئەوترێ لە باری زانیارتیەوە پێشکەوتووە و دەستێکی درێژی هەبووە ؟ ! ئەم پرسیارە دەکرێ و لە رواڵەتیشا رێی تێدەچێ ! .. لە وەڵاما دەڵێین :

رۆژانی پاش داهاتنی ئیسلامەتێ ئەو نەتەوەیە کەچووە ژێر بەیداخی ئیسلامەوە وەنەبێ هەر نەتەوەی کورد بۆبێت ، بەڵکو گەلێ نەتەوە چونە ژێر ئەو سێبەرەوە . لە ناو نەتەوەکانی‌ترا پیاوانی وا دروست بۆن ئەلهای پێش نەمانی حوکمی نەتەوەکەیان پاڵی پێوە ئەنان لەگەڵ گونجانی ناوچەکەشیانا و پێشهاتی چاكبۆیان کە ئیشێکی وا بکەن ئەو گەورەتیە حوکمە لە دەست دەرچووەیان بگێڕنەوە ، بەڵام لە ناو کورددا چ ناوچەی وڵاتیان و چ پێشهاتی دەور و بەریان ئەوەی بۆ نەهێنانە پێشەوە کە بتوانن لە رۆی حوکمێکی سەربەخۆوە کەیانێك دروست بکەن . بەوێنە (ابو مسلمی خوراسانێ) کەیانی بۆ غەیری خۆی بنەو دەکردەوە کەچی بۆ خۆی هیچی بۆ نەدەکرا و پێ‌نەدەکرا ! .. بەڵام باری زانیارتیەکە وا نەبۆ . جارێ زانیارێ رۆناکییەکە رێگای کەمی لێ‌ناگیردرێ . پاشان وەنەبێ هەر کورد سامانی علمێ ناوچەی خۆی و غەیری خۆی خستبێتە ناو زمانی عەرەبیەوە ــ بە وێنە ــ بەڵکو هەمۆ نەتەوەکانی سەردانەوێنەر بۆ ئاڵای ئیسلام ئەوانیش مەفاهیمی زانیارێ خۆیان رژاندە ناو زمانی عەرەبییەوە . لەم رووە کوردیش وەکو هاوبەشێ تەواوێ لەگەڵ ئەوانا کرد هەنگاوێکی زۆر بە گوڕیشی نا بۆ دەربڕینی ئەو مەفاهیمە علمیانە . تەنانەت گەلێ لە زانایان و دانەرانی کورد لە نێوانی دانراوە عەرەبیەکانیانا وتویانە :

« هەرچەندە لەم دانراوەدا زمان زمانی عەرەبییە بــەلام تەبیــە و هــۆش کوردییە ! • » •

ئەمە و دیسان رۆژانی پێشوو کە زمانی (قرآن)پەرەی سەند لە هەموو ولاتێکەوە لە غەیری خاوەنی ئەو زمانە هاتنە ناو جغزی زمانەکەوە،هەر عیلمو زانیارییەك کە لە کۆڕی زمانە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمانەدا هەبوو ، وەکوو : « فەلسەفە ، مەنتیق ، ریازیات ، فەلەك ، پزیشکی ، ئەستێرەناسی، زەوی‌ناسی و هەواناسی» هەموویان هێناو خستیانە ناو زمانی عەرەبییەوە ، زمانەکە وکەوانەی زمانەکە بە هۆی کۆششی ئەو زاناو بیرتیژانەوە گەیشتە چلەپۆپەی بەرزی و گوشادی • زانایانی کورد لە هەموو ئەو شتانەدا بەشدار بوون و کەوتنە مەلەوانی لەو دەریا بێ‌پەیەدا ؛ بوون بە چەپەر و گەڕان بــە ولاتاندا ، دانراوەکانیشیان پەرت بــوون بەم‌لاو بەولادا ، بالی زانیارییــان درێژکرد بۆ هێنانی دوڕ و گەوهەر و خستیانە ناو زمانی عەرەبییەوە ، بە تەواوی باسکی خۆیان هــەلکرد بۆ هاریکاری‌کردن لە فراوانبوونــەوەی مەفاهیمی زمانی عەرەبیدا و ئاسۆی باوەڕیــان دنیایەکی رووناك کردەوە • لەگــەل ئەوەدا کە تەنگی زەوی وەکوو ئیمڕۆ نەهاتبووەوە یەك ؛ ئەوان بە گەڕانەکەیان هێنابوویانەوە یەك ! دنیای بەر فەرمانی عالەمی ئیسلامی ئەو رۆژە ــ کە دنیایەکی ئێجگار فراوان بوو ــ ئەوان بۆ وەرگرتنی زانیاری هەموویان پێوا و نەمامی بەرهەمیان لە هەموو شوێنێکا چاند •••

چونیەتی رۆژێکی وەکوو ئیمڕۆ وای هێناوەتە پێشەوە کە هەر کەسە لە ولاتێکەوە بە ماوەیەکی زۆر کەم بگا بە ولاتێکی‌تری زۆر دوور ، لەگەل ئەم رەوڕەوەیەدا ئەوەش هاتە پێشەوە کە مەردمی ولاتان بۆ وەرگرتنــی زانیاری وەکوو پوورەی هەنگ لە هەموو لایەکەوە بئالێنێ بە یەکا ، کوردیش

لەم هاتوچووەدا بەشداربوٖوە و تەریك نەوەستاوە ؛ شاگردە کوردەکانی زانکۆ و فێرگە ئامادەییەکان بۆ وەرگرتنی زیادە زانست و زانیاریٖ رۆیان کردە زانکۆکانی هەنـدەران لەگەلێ لاوە بـۆ فرەبابـەت دوکتۆرایـان وەرگرت و پلەی زانیـاریٖ خۆیانیان بەرزترکردەوە • لـە چۆنیان و لـە تێکلاوبۆنیان بە مەردمیتـرەوە ، و لە هاتنەوەیـان و شت نوسینیـان و تۆژینەوەیان لە کەلێن و قوژبنی زانـیاریٖ و ئیش‌کردنیان لە دەزگاکانی ناوەوە و دەرەوەدا ، و خەریك‌بۆنیان لەگەڵ زمانی کوردیٖ و پەرەپێدانی لە بـاری عیلمییەوە پیشانی عالەمیـان دا و دەدەن کە بە هـۆی بەرهەمی نوسێن و گەڕانیان نەتەوەی کورد و زمانی کوردیٖ هەیە • ئەم دەستەیە رۆژی ئیمڕۆ بە رۆشنبیریان ناو دەبا • سەردەمەکانی پێشویش ــ دەتوانم بلێم تا دوایێ هاتنی سەدەی نۆزدەهەمیش ــ رۆشنبیرانی کورد کە کوردیان بە عالەمی بێگانە و لاوەکی ناسیوە ئەو زانا کوردانە بوون کە لە مزگەوتەکانا دەرچوون و دانراوەکانیان بە گێتیدا بلاو بووەتەوە و بە هۆی خاوەن و دانراوەکانیانەوە نـاوی کورد و نەتـەوەی کورد کەوتۆتە هەمـوٖ ئـەو گێتییانەوە ! •

لەبەر رۆناکی ئەم قسانە کە وابۆ دەرکەوت کە رۆشنبـیرانی ئـەو سەردەمەی کورد ــ کە زانا ئایینیەکان بوون ــ توانیویانە بە هۆی بەرهەمە عیلمییەکانیانەوە عالەم تێبگەیەنن کە نەتەوەی کورد بەشداریٖ کردووە لە ژیار و رۆشنبیریٖ ئیسلامیٖ و کوردیدا و هەر ئەوان بون کە چەپەر بوون لە نێوانی نەتەوەکەی خۆیان و عالەمی دەرەوەدا •••

دوٖر نیە خۆیـان لە روٖی ئەم هەسـتەی ئێمرۆژەوە ئـەو ناوەیـان دانەنابێت ــ و راستیشە لە ئەو هەستەوە نەبووە ، چونکە پلە لە مەیدانا

هەیە ــ بەڵام ناوهێنانی ئەوان بۆ بە بەڵگە بۆ ئیمڕۆژی ئێمە و بۆ مێژوو ؛ بۆ بەوە کە ئێمە بتوانین رادەی رۆشنبیری کۆن و تازەی خۆمانی پێ بتەو بکەینەوە ٠ بە باوەڕی من ئەمە شتێکە لەگەڵ راستییەکی نەوستێدا یەك دەگرێتەوە ، دووربوونمان لەم جۆرە شتانە زیاتر ئەوە بووە کە تائێستە کەمتر دەستدراوە بەوەوە کە خۆمان لە خۆمان و لە رابوردوی خۆمان و لە دراسەی کاروباری رۆژانی پێشینی خۆمان بکۆڵینەوە و قسەی لێوە بکەین ! ٠٠ ئومێد دەکەم بەرە بەرە ئیتر رۆشنبیرەکانمان دەکەونە سەر دوان لەم بابەتانە و دەکەونە کۆشش‌کردن ــ لە باری نووسینەوە ــ بۆ نەهێشتنی ئەو تاریکییانە کە باڵی کێشاوە بە سەر ئەم جۆرە شتانە و بە سەر لاپەڕەی رۆشنبیرانی پێشینەکانمانا ٠٠٠

★ ★ ★

ملخص المقال

الثقافة في كردستان
قديماً وحديثاً وصداها في الخارج

العضو العامل : علاءالدين سجادي

هل يمكن الاحاطة بكل ما يطمن استقصاء حقايق هذا الموضوع الذي نريد البحث عنه باسهاب ؟ • اعتقد ان منطلــق الموضوع أوسع مما نحن بصدده ، غير ان موجز الكلام في هذه العجالة عبارة عن كلمة قصيرة وهي : انه بعد اندلاع الدين الاســلامي واضفائه الى كردســتان في عام (١٧) الهجري التف حوله الشعب الكردي يوما بعد يوم • فبعد شموله كل المناطق الآهلة بالسكان بقي هــذا الشعب قرابة ثـلاثة قرون بين تــراث الثقافة السابقة المندرســة والثقافة الجديدة التي جاء بها الاســلام ، شأنه في هذا شأن غيره من الامم التي أذعنت للدين الجديد • فمن بداية هذا التأريخ ترك نهائيا الآثار القديمة وتهيأ لاحتضان التعاليم الجديدة ولاتقان اللغة العربيــة التي أتى بها دستور الاسلام وهو القرآن الكريم • كلما طوى الزمن صفحته رسخ الدين جذوره بين ابنائه ، فبرز منهم يوما تلو يوم العلماء والادباء الذين صرفوا جل جهودهم لخدمة اللغة العــربية ، فألفوا في جميع ميادين العلوم التطبيقية وغيرها كالاصول والفقه والفلسفة والمنطق والرياضيات والتأريخ والطب والادب مؤلفات قيمة ، كما ترجموا من اللغات الاخرى الكتب العديدة اليها • فكلما دارت عجلة الزمن نحو المستقبل تكثف سعيهم الدؤوب حول الهدف وهو خدمة الدين وخدمة الثقافة المعبِّرة باللغة العربية ، فساهموا

في التفكير الاسلامي بحيث اخذ هذا التفكير يتناول ابعادا اجتماعية واخلاقية وفلسفية بدرجة ان مؤلفاتهم اخذت اماكن رحبة في مكتبات العالم الاسلامي وغيرها ، كما احتضنت المدارس العلمية لهم لكي يدرسوا ويدرّسوا كافة العلوم الاسلامية فيها كل حسب اختصاصه ومواهبه . لاشك ان هذا كان ضمن الجهود والمساعي التي بذلها علماء الاسلام كلهم ، فانتشرت المؤلفات الاسلامية في انحاء العالم الاوروبي . فعمرت خزانات الكتب وجامعات ذلك العالم بها . وتتيجة لهذا التوسع الهائل سطع اسم الكرد والشعب الكردي في الاجواء العلمية ، وذلك عن طريق مؤلفات ودواوين علمائه الذين بينوا اسماءهم واماكنهم وقوميتهم فيها . حيث هذا رسم شايع لكل مؤلف وناسخ ان يكتب بخطه عنوانه الكامل في ختام ما كتبه او ألفه ، وبالتالي وصل الى اسماع وانظار معظم علماء الاجانب اسم الكرد وكردستان ..

نعم ان اهم الكتب المؤلفة من قبل علماء الاكراد كانت باللغة العربية ولكن اذا امعنا النظر في اصالة تبيانهم لانفسهم ولشعبهم يظهر لنا بكل وضوح انهم هم معرفوا شعبهم لغيرهم ، الا انه من ناحية اخرى نواجه معترضا يوجه اعتراضه الى صلب الموضوع ، اذ يقول : ان مؤلفات هؤلاء المؤلفين الاكراد كانت باللغة العربية ، فهي لاتدل على وجود الكرد ولاتثبته ، لان أقوى برهان لوجود قوم من الاقوام هو وجود لغة لهم ، فاللغة التي دونت بها المؤلفات هي اللغة العربية لا االكردية ! .. فهذا الاعتراض وارد من حيث الظاهر ولكنه مردود من حيث الواقع ، مردود اولا :

ان قياس انطباع الفكرة السائدة في عصر معين على الفكرة الموجودة في زمن آخر قياس لاينطبق على حكم المنطق ولا على الحقيقة الواقعية ، لان الزمن وتطوره يخلق منطلقات وحوادث متغايرة متباينة بحيث لايشبه واحد منها الآخر ؛ ان فكرة عمومية كتابة لغة من اللغات بنفس اللغة هي من مولدات عصر معين ، لاشك ان تلك الفكرة غير موجودة قبل حدوث ذلك

العصر ، فاذا بنينا قواعدنا على هذا المنطلق وصلنا الى نتيجة خاطئة بل عقيمة ، وهي انعدام التدرج وانحباس التطور في مكانه ، في حين ان وجود التطور من الامور البديهية لا مناقشة فيها ، وتثبته ايضا الآية الكريمة اذ تقول : « كل يوم هو في شأن » . التوجيه الفكري في تلك العصور موجه الى ان اللغة العربية باعتبارها لغة الدين والقرآن يحتم تقريبا ان تكون المؤلفات والمترجمات على قواعد تلك اللغة، مع العلم ان هذه الفكرة ليست فقط بالنسبة الى علماء الاكراد ، بل شملت كافة الامم التي خضعت للاسلام . ثانيا :

ان العلاقة القائمة بين لغة الكتابة ولغة التخاطب ليست علاقة التزامية ، لان انتفاء لغة الكتابة لا يستوجب انعدام لغة التخاطب ! . اضافة الى هذا وايضاحا للروابط التي بين هذا الموضوع والنظام العام أقول :

ان العوامل الاساسية لتثبيت لغة التخاطب على الكتابة اما كيان سياسي، او اساس ديني ، او منبع اقتصادي ، او الكل . فالشعب الكردي خلال المدة التي جاءت بعد ظهور الاسلام لم يكن حائزا ــ على الاكثر ــ على تلك المقومات بالمفهوم الصحيح ، وبالاخص المقوم الديني الذي ينبثق منه وله ، بل الدين الحقيقي عنده هو الدين الاسلامي ، ولغة الاسلام كانت لغة القرآن ، فتمسك علماء الاكراد في تآليفهم بلغة القرآن تمسك العلم بنفس اللغة وهي عربية ، لا التجاوز الواقعي عن لغة الام ، حيث يروى عن اكثر أئمة علماء الاكراد أثناء تأليفهم القول المأثور : (الطبع كردي واللغة عربية) .

ان في قاموس التأريخ وفي تقييم موجودية أمة في العالم شيئان لا ثالث لهما ؛ السيف والقلم ؛ فالسيف يوصل القابض الى الحكم ، والحكم يزول بعد المراحل الخمس ، اما القلم فيبقى صامدا لا يقلعه نهائيا اي قالع ولا اي هادم . فالسيف الذي كان بعد الاسلام بيد الشعب الكردي أو أحد ابنائه يحمي به بيضة الاسلام فقط لا القصد منه الوصول الى الحكم المتعارف . فمن

سرد الكلام نقول ان شخصية سيف كشخصية يوسف صلاح الدين الايوبي الدويني (١١٣٨-١١٩٣)م كانت تحمى الاسلام ليس الا . حيث ان نزعة صلاح الدين نزعة اسلامية صرفة . لا نزعة قومية بالمنطلق الحديث . فصلاح الدين هو القائل بأن الاسلام أمة واحدة ، تكونت من اطار واسع ، شملت العناصر المتباعدة والاقوام المتباينة . واما امثال أبي مسلم الخراساني (٧٥٥م) وكريم خان زند (١٧٠٥ - ١٧٧٩) . فالاول هدفه تثبيت دعائم العباسيين ، والثاني كان منتهى أمانيه تطبيق العدالة الاسلامية وتشرفه بكلمة (وكيل الرعايا) .

أما الامارات الكردية التي كانت موجودة . فانها . في الواقع ليست دولة ذات سيادة كاملة بمنطلق اليوم ، اى ليست ذات علاقات خارجية مع بقية الدول في تبادل السفارات والدبلوماسيات ، ولا داخلية كضرب المسكوكات ورفع العلم وما اشبه ذلك . فاذن رجال السيف في العالم الكردي غيرهم في الاقوام الاخرى . فالتفكير الكلي لامراء الاكراد يعزى الى الاسلام لا الى القومية المستحدثة . اما الكلام عما قبل الاسلام بالنسبة الى الاكراد فهو خارج عما نحن بصدده ، فلا نبحث عن الساد والماديين ولا عن مؤسس الساسانيين ، فهم في الحقيقة أوجدوا الكيان التام ، سواء كان بالمفهوم القديم او الحديث .

يدين الفكر الواقعي المحض لاقرار الحقائق الثابتة المتمثلة في المجموعة الاسلامية بانه ظهرت فيها دول ذات شوكة وصاحبة الحضارة والنفوذ التام في عصورها المختلفة كالامويين والعباسيين ، والسلجوقيين والغزنويين والعثمانيين والصفويين وغيرها من الدول التي انبثقت من بلاد فارس . فاطلع الغربيون على تلك الدول والحكومات ، وذلك عن طريق المصادر التأريخية من قبل علماء الاسلام ، والمتطايرة الى مكتباتهم ومتاحفهم ، بالاضافة الى رحلات مستشرقيهم في البلاد الاسلامية . فليس ببعيد انهم -أي الاوربيين-

لم يروا مأخذا صحيحا يبحث عن دولة كردية ذات سيادة كاملة بالمفهوم المار الذكر بعد ظهور الاسلام في هذه المملكة الاسلامية ، ولم يروا من الناحية السياسية مصدرا يعبـــر عن الشعب الكردي ! • بينما اذا امعنـــا النظر في الناحية العلمية والمجال العلمي رأينا مئات المؤلفين من الشعب الكردي الذين دونت تآليفهم باللغة العربية وباللغات الأخرى ، فتبين لهم نتيجة تتبعهم انه يوجد شعب وهو الشعب الكردي ، واسم وهو اسم الكرد • وهذا البيان يرجع الى جهود مؤلفي ذلك الشعب •

فاذن كان علماء الاكراد هم ومؤلفاتهم سفراء امناء في البلاد الاسلامية وغيرها ، والوسيلة المعرفة للشعب الكردي •

فنافلة القول ان التأريخ السياسي في العالم الاسلامي ــ كبقية العالم ــ وما يعرضه لنا ذلك التأريخ من حضارات ودول متعاقبة يصعد كل منها الى ذروة مجدها ثم تنحدر الى الحضيض ، وهـــذا الصعود والانحدار المكون لحركة التأريخ الصاعدة من أمة الى أمة ومن سلالة الى سلالة تقف عند الدول الحاضرة في الكرة الارضية ، فبين دفتي هذا الصعود والنزول في دولة ما تنمو البلاد تارة وتذبل تارة اخرى في كافة النواحي عدا الناحة العلمية ، فالناحية العلمية تنمو دائما مهما تتزعزع السلالات الحاكمة أو تنقرض ! •

أقول تنمـــو لان النتاج الفكري المدون ولو يتوقف زمنـــا معينا أمام التيارات المتشاكسة ولكن يبقى هو وتراثه كالطـــود الشامخ (وأما ما ينفع الناس فيمكث في الارض) وبالتالي يبنى على ما وقف ؛ كباني حائط يتركه هو فيبني الآخر على ما انتهى اليه الاول ، وكذا الثالث والرابع الى أن يتم الحائط ، فوجود الحائط الكامل هو نتيجة عمل مجموع البنائين • هكذا شأن العلوم ؛ فانها كانت مزدهرة في العالم الاسلامي بواسطة جهود المؤلفين ، مزدهرة عدا فترة قصيرة وهي فترة هولاكو (١٢١٧ ــ ١٢٦٥ م) غير ان تلك الفترة كانت ضحلة أيضا بالنسبة الى مجموع التأريخ العلمي الاسلامي •

ومما يعد امتدادا للبحث :

ان انطلاق الزمن وايجاباته يوحي بايجـاد كلمة او امحائها في وقت ما وتحويرها لمعناها الاصلي الى معنى آخر ، وهكذا شأن المعاني والمفاهيم . فمن جملة تلك الكلمات والمفاهيم كلمتـا « رۆشنبیر » في اللغة الكردية والـ « مثقف » في العربية . فكلمة المثقف كانت تطلق في حينها او حين وضعها على الماهر والحاذق في أية مهنة او اي شيء ، ولكن خصصت في الاخير لكل من يأخذ قسطا وافرا من العلوم المتعارفة . فهكذا كلمة « رۆشنبیر » في الكردية، فأريد منها في حينها او حين وضعها النير الفكر في اي شيء ولكن خصصت في هذا العصر بالذات لكل من يأخذ نصيبـا لائقا من العلم الى ان يصل أعلى المستويات . فحينما تتكلم عن علماء الاكراد السـابقين بصفتهـم حملـة مشعل الثقافة نعني انهم مثقفوا الاكراد على مر الزمن فحلت محلهم في العصر الجديد حملة الشهادات العالية والدكتوراه .

لابد من الاعتراف بان عجلة التطور الهائل وصلت الى درجة ان وسائل المواصلات الجغـرافية السابقة بـين البلدان النائيـة والعالم لـم تعد كما هي اليـوم فان الوصـول الى انحاء الكـرة الارضية صـار في متنـاول اكثر الناس ، وبالأخص قيام الحكومات بارسال الوفود والبعثات الى الخارج واسهام الموفدين والمبعوثين لاخذ انواع العلـوم المختلفة والمعلومـات المتنوعة مهد آفاقا رحبة اكثر مما كانت سابقا . فالشعب الكردي اخذ حصته ايضا في هذا المجال ، فساهم ابناؤه في دخول الجامعات الخارجية والاشتراك في البعثات والوفود،فهؤلاء كما يوضحون هوياتهم بانهم من الشعب الكردي يجهزون اقلامهم ايضا لتنميق ما علموه وما رأوه باللغة الكردية اضـافة الى غيرها ، فيكونون حلقة وصل بين شعبهم والامم الاخرى من حيث تعريفهم اياها له . فهكذا العلماء السابقون كانوا رسل ارتباط بين شعبهم و بين العالم الخارجي ، فطريقتهم نفس طريقتهم . وبعبارة أوضح ان الوسيلة متغـايرة

ولكن الغاية واحدة وهي اعلام غير شعبهم عن وجود شعبهم ، الا ان المثقفين المستحدثين ساهموا ويساهمون في مؤلفاتهم بلغتهم الام اضافة الى غيرها فمثقفونا الاوائل جل مؤلفاتهم كانت باللغة العربية الطليقة ، فهذه المغايرة المنهجية تنسب اولا الى تطور عجلة الزمن ، ثانيا الى غزارة المعاني العلمية بدرجة انهم يتصورون ان هذه المعاني لا تستوعبها الا اللغة العربية • فاما بالنسبة الى التراث الادبي القومي ان مثقفينا الاوائل هم سباقوا القدم ، وهم اثبتوا ان المستقبل يبنى على الماضي •

فعلى كلتا الطريقتين ان الحركة الثقافية للمثقفين المستحدثين امتداد لحركة الثقافة القديمة ، لان القصد الثقافي القديم نواة ومركز تحرك للعقد الثقافي الجديد ، فالاخير يكمل الاول ، فهما يضفيان الحركة العلمية الموجودة قديما وحديثا في الشعب الكردي •

فموجز القول ان علماء الاكراد السابقين هم رواد الحركة الثقافية وطلائعها في العالم الكردي ، فمنهم انبثقت نضارة الشعب علميا وادبيا وحضاريا • وبالاخير واجب على كل مثقف السعى الدائب لبلوغ الهدف وهو توسيع وتبسيط المعالم الثقافية التي ترصع هيكل مجد علمي شامخ لكل امة من الامم •

★ ★ ★

لە بارەی بنج و بنەوانی وشەی «مسکێن»ەوە لە زمانی کوردیدا

د . موکەڕڕەم تاڵەبانی

لەناو کوردەواریدا وشەی « مســـکێن » وەکو وشـــەیێك بەرامبەر وشەی « ئاغا » بەکاردێنن . ئەڵێن : ئاغا و مسکێن هەروەکو ئەڵێن : میر و گەدا و ئەڵێن فـــلاّن مســـکێنی فســـتان ئاغایە . ئەگەر لە مانای ئەم وشەیە قوڵ ببینەوە ، ئەبینین لە گەڵێ وشەی وەك ڕەنجبەر و جوتیار فراوانترە ، چونکە لە گوندێکدا ڕەنجبـــەر و جوتیار و ڕەشایێ هەن . بـــەلاّم هەموو مسـکێنی ئاغان .

هەروا وشەی « مسکێن » ئەوە ناگەیێنێت کە ئەم مسکێنانە لە مروڤانی عەشیرەتێك یا عێلێك بن . چونکە مەرج نیە مســـکێنانی ئاغایێك لـــە عێلی ئاغا یا هەمـــوو لە عێلێـــك بن . شایانی باســـە ، گەلێك لە مێـــژوناس و ڕوژهەلاّتناسەکان لـــەو باوەڕەدان کە عێلانی کـــورد هەر لەسەرچاوەی پێك‌هاتنیانەوە لەسەر بناغەی ڕەگەزێ دروســـت نەبوون ، بەڵکو لەسەر بناغەی پێوەندی ئابوریێ و کومەلاّیەتێ پێك هاتوون(*) .

(*) ئومێد وایە لە ئایندەدا گوڤاری کوڕ بتوانێ کەمێك لەم ڕایە بکوڵێتەوە . **گوڤـــار .**

نەك تەنها ئێمەی کورد بەڵکو زۆر لە مێژوناس و رۆژهەڵاتناسەکانیش لە وشەی مسکێن ، بەڵام نەك مسکێنی کوردیی ، کۆڵیونەتەوە • بەڵام وادیارە وەکو ئەوان ئەم وشەیەی کە لە ناو کوردەواریدا بەکارئەهێنرێت بەرچاویان نەکەوتووە ، هەروا ئێمەش نە خۆمان کۆڵیوینەتەوە و نەیش بەر چاوی ئەوانمان خستووە •

ئایا وشەی مسکێن سەرچاوەکەی لە کوێوەیە ؟

نزیکترین وشە کە بەرچاومان بکەوێت وشەی « مسکین »ی عەرەبیە • لەبەر ئەوەی زوربەی وشە بێگانەکانی زمانی کوردیی لە عەرەبییەوە هاتوون ؛ بیر لەوە ئەکەینەوە ئایا وشەی « مسکێن »ی کوردیی هیچ پێوەندییێکی لەگەڵ وشەی « مسکێن »ی عەرەبیی هەیە ؟

بۆ نمونە ناوی مسکێن لە قورئانی پیرۆزا بەم جۆرە هاتووە :

« فللّه وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل •• » هتد[1] •

کەواتا ؛ وشەی « المسكين »ی عەرەبیی هەمیشە لەگەڵ هەتیو و هەژار و رێبواردا دێت کە پێویستیان بە یارمەتیی و لاواندنەوە هەیە ، وەکو لە قورئانی پیرۆزدا زۆر جار دوو وشەی « الفقراء والمساكين » پێکەوە ناو ئەبرێن • لە بەر ئەوە وا دیارە وشەی « المسكين » لە زمانی عەرەبییدا بەو کەسە ئەوترێت کە هێز و دەستەڵاتی نەبێت و نەتوانێت خۆی لە ئازاردانی خەڵقیی بپارێزێت • جارجاریش بەو کەسانە ئەوترێت کە مرۆڤێکی بێ زەواڵ و بێ زەرەر بێت • هەروا وەکو لە ئایەتی (الفيىء)ی قورئانی پیرۆزدا هاتووە ؛ (المسكين) یەکێکە لەوانەی کە لە دابەشکردنی موچەی (بيت المال)دا

(۱) قورئانی پیرۆز ـ سورەی « الحشر » ـ ئایەتی ـ ٦ •

بەشێکیان هەیە • هەروەکو هەتیو و بێدەســتەڵاتان بەشیان لەو مۆچەیە هەیە ، مسکێنیش بەشدارە • کەواتا وشــەی « المسکین »ی عەرەبی ، لە مانادا ، پێوەندییــکیوای بە وشــەی « مسکێن »ی کوردییــەوە نیە و بە تایبەتی لە ڕوی پێوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە و ، هیچ کەسێکیش چ کورد و چ عەرەب ئەوە ناسەلمێنێت کە « المسکین »ی عەرەبی رەگەزی وشەی « مسکێن »ی کوردی بێت •

وشەی « مسکێن » لە زمانی کوردیدا ئەوە ئەگەیێنێت کە چینێکی لادێیی بێت • بەڵام ئەم چینەی کە تائێستا بەم وشەیە ناو ئەبرێت ، لە ڕوی پێوەندی ئابوری کشتوکاڵ و پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە زۆر جیاوازی لەگەڵ ئــەو کەسانە هەیــە کە لە مێــژوی کــۆنی عیراقدا نــاو ئەبران • هەرچەندێکیش چەند وشەیێکی وەکو ئەمە تاکو ئێستا لەنــاو کوردەوارێدا ماوەتەوە کە لە بابەت پێوەندی کۆمەڵایەتی پێشوی ناوچەی کوردستان ، زۆر جار یا لە باتی مسکێن وەیا بۆ ناوبردنی ئەو چینانەی کە زۆر لە مسکێنی پێشوی کوردەوارییەوە دور نەبون بەکارئەهێنرا و تائێستایش ناویان لەسەر زمان و لاپەڕەکانی نوسراوەکانا ئەبینرێت ، بەڵام لەگەڵ دابەشبونی چینانی ئێستادا جیاوازییێکی زۆریان هەیە و تەنها دەلالەتێکی مێژویی تێدا ماوە • وەکو (کورد) و (گۆران) کە تاوەکو دواساڵانی سەدەی نۆزدەم دەلالەتی لە جیاوازی دو چینی گەلی کورد ئەکرد • ئەم دو چینە رەنگە هاوتای لەو دەمەی وڵاتانی ئەورووپــادا نەبێت ، بەڵام هاوتای لەناو گــەلی عەرەبدا هەبو • هەروەکو کــورد و گۆران لە کوردوستانا هەبــون « عرب » و « نبط »یش لە خوارۆی عیراقدا هەبون • عەرەبیان بەو کەسانە ئەوت کە نانی خۆیان بە رم و شیری دەستیان پەیدا ئەکرد •• بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە عەرەب یەك چین بن • ژیانی کۆمەڵایەتی جەزیرەی عەرەب بە شێوەیێکیتر

بۆ ، مەڕداریێ و جێ‌لەوەڕ داگیرکردن گەلی عەرەبی ئەکردە دوو بەشەوە . کەچی « نبط » چینێکی چەوساوە بۆ و لە کشت‌وکاڵدا وەکو قول فەرمانیان پێ‌رائەسپێررا . لە وەڵامی یەکێك لە کاربەدەســتانی شاری (حیرە)دا بۆ خالیدی کوڕی وەلید ئەڵێت : « ما نحن الا کعلــوج السواد ، عبیــد لمن غلب »(۲) . هەروەکو کورد بە چاوێکی سووك تەماشای گۆرانیان ئەکرد ، ئەمەیش لــە گفت‌وگۆکەی (ریچ) لەگەڵ فەرمانــدەی ئەردەڵاندا زۆر ئاشکرایە ، گوایە ئەمانە شەڕەنگێز نەبون و وەکو قول خەریکی کشت‌وکاڵ بۆن و زۆربەی بەرهەمیان، نەك بۆ کوردەکان ، بەڵکو بۆ ئاغا و میرانی کورد بووە .

لە ناو عێلی رۆژبەیانێ تاکو ئێستا چەند وشەیێکی کۆن ماوەتەوە . لە گونــدی (فەرقان) کە ماوەیێك لــە رۆژهەڵاتی شــاری کەرکوکــە زوربەی دانیشتوانی ئەم گوندە لە عێلی رۆژبەیانین بەڵام دوو بەشن ؛ «قول» و « رەعیە » . هەرچەنێکیش ؛ قول و رەعیە ، هەردوولا هەر مسکێنی ساداتی بەرزنجە و لە پاشا شێخانی تاڵەبانێ بوون ، هەردوولا ؛ سادات و شێخان سوودێکی زۆریان لەم دووبەرەکییەی ئەم عێلە وەرگرتوو ؛ بەشێکیان ئەلاواند بۆ دەم‌کوت کردنی ئەویتر . هەرچەنێك تاکو ئێستا لە بناغەی ناوی ئەم دوو بەشە نەگەیشتووم و رەنگە کەسێکیتریش لێی نەکۆڵیبێتەوە ؛ بەڵام وشەی (قول) بە مانای (عــبد)ی عەرەبیــیە رەنگە وشەی (رعیە)یش لەلایەن مەلاکانی ئەم گوندە لە جیاتێ وشەی (مسکێن) بەکارهێنرابێت ، هەروەکو گەلێك وشەی کوردێ ئەگۆڕن بە عەرەبێ .

ئەگەر لە مێژووی کۆنی ئەم ناوچەیە بکۆڵینەوە رەنگە لە تۆ و لۆی

---

(۲) الطبري ــ تأریخ الامم والملوك . جــ٤ ص ــ ١٧ .

لاپەڕەکانی شێوەی کۆمەڵایەتی گەلانی پێشو سەری گوریسمان لە بارەی ڕەگەزی وشـەی مسـکێنی ئێسـتای کوردییەوە دەسگیر ببێت • لە کاتی حکمداریی ئەکەدییەکانی ناوچەی خوارۆی عیراق لە زبانی ئەکەدیدا وشەی « مشکینم » بە سەر چینێکی ئەو گەلەدا هەڵئەدرا • هەرچەنێك مشکینمی ئەکەدیی بە تەواوەت نە لەگەڵ وشەی «المسکین»ی عەرەبی و نەیش لەگەڵ وشەی مسکێنی کوردیی ئیستا ڕێك ئەکەوێت ؛ بەڵام مامۆستا (ئیوفیلویك) بڕوای وایە کە وشەی مشکینم بە مرۆڤێکی چـینی ناوەند یا بە مرۆڤێکی عادیی ئەوترا • کەچی کە ئەگـەڕێتەوە سەر مادەکانی ١٥،١٦،١٧٥و١٧٦ ی یاسای حمورابی (٣) ، بڕواکەی ئەگۆڕێت و ئەڵێت ؛ مشکینم بەو مرۆڤانە ئەڵێن کە پێوەندیان لەگەڵ دەوڵەت و یا خانەقاکانی ئەو دەمەوە هەبێ • لە کاتێکا مامۆستایان (پیسور) و (کوهلەز) وای دائەنێن کە وشەی مشکینمی ئەکەدیی زۆر لە وشەی مسکینی بابلییەوە نزیکە و بەو کەسانە ئەوترێت کە تەنهان و کەس بەخێو ناکەن بـە پێچەوانەی « ئەمیلۆ » کە بە یەکێك لە بنەماڵەی شا ئەوترێت • هەر چەنێکیش جارجار وشەی (مسکینو)لە یاساکانی حمورابیدا بە سەردار یا بە هەر مرۆڤێکیتر ئەوترێت • هـەروا (زمیرتی) لە نامیلکەکەیدا « یاساکانی حمورابی »وشەی (مسکینو)ی بابلی بە مرۆڤی هەژار دائەنێت، ئەمەیش لە مانای وشەی Mosk — in — kok ی سومەریی زۆر نزیك ئەبێتەوە • (٤)

من لەو بڕوایەدام کە وشەی مسکینوی بابلی ، وەکو لە مادەی هەشتی

(٣) یاسای حمورابی ــ گۆڕینـی د. محمود الأمین بە عـەرەبی ــ گۆڤاری کۆلیژی ئەدەبیات ژمارە ــ ٣ ــ بەغدا .

(٤) مامۆستا ابراهیم کبە ــ دراسات في تأریخ الاقتصاد والفکر الاقتصادي ــ بەرگی یەکەم . چاپی یەکەم ، بەغدا ١٩٧٠ .

یاساکانی حموورابیدا هاتووە ؛ بە هیچ کلۆجێك نە لەگەڵ مانای وشەی مسکێنی عەرەبی و نەیش لەگەڵ مشکینمی ئەکەدیدا ریك ناکەوێت چونکە هەربەپێی ئەم یاسایە مسکینوی بابلی مافی ئەوەی هەبووە کە پێویستی کشتوکاڵی هەبێت و تا رادەییکیش لە بەرهەمی خۆی بخوات و ، ئەو مسکینی بابلی‌یە ئەم مسکێنی عەرەبی‌یە نیە کە لە قورئانا ناو ئەبرێت •

با بگەڕێینەوە سەر باسی مسکێنی کوردەواری خۆمان • ئێستا هەرچەنێك ، بۆ پرسیار ، وشەی مسکێن بەکار دێنین ، بەلاّم بە پێی جۆری ژیان و پێوەندی کۆمەلاّیەتی ، ئەم مسکێنی ئێستایە وەك مسکێنی پێشو نەماوەتەوە • ئێستا گەر بپرسی ؛ « ئەم کابرایە مسکێنە یا ئاغایە ؟ » پرسیارەکەمان لە رەگەزی چینی ئەو مرۆڤەیە • چونکە نە ئاغا ئاغاکەی جارانە و نە مسکێن • بەلاّم ئەم وشەیە پێشی پەنجا ساڵ مانایێکی‌تری هەبو • ئەگەر ئاغا نەمێنێت مسکێنیش نامێنێت و شێوەی کۆمەلاّیەتی ئەگۆڕێت •

هەر لە زووەوە مسکێنی پێشویش ، تا رادەیێك ژیانێکی ئابوری خۆی هەبووە • بۆ نمونە ماڵ و فامێلیا ؛ پێویستی کشتوکاڵ و بەشێك لە بەرهەمی • ئەگەر تەنها رو بە روی چینەکانی قول و رەعیەی عێلی رۆژبەیانی بکەین ، بە هیچ کلۆجێك مسکێن قول نەبوون ، بەلّکو ئەتوانین بڵێین لە ریزی چینە ئازادەکان دائەنرێن ، بەلاّم ئایا مسکێن لەروی ئازادییەوە هامتای ئاغایە ؟! بێ‌گومان نەء • کەوابو مسکێنی کورد نە بەپێی یاسا و نەیش لە واقیعا ئازادێکی تەواو نەبو • ئەوەیش شایانی بیرلێکردنەوەیە کە مسکێنی کورد رۆلێکی گەورەی لە ژیانی ئابوری و کۆمەلاّیەتیدا هەبو ، هەرچەنێك هەمو بەرهەمەکەی هینی خۆی نەبو • کەواتا ، تا رادەیێك ئەتوانین بڵێین مسکێن هامتای «رەعیە»ی رۆژبەیانیەکان بوون • بەلاّم ئەی (رەعبە) لە

ژیانی گەلا چی بۆ ؟! مامۆستا خالد محمد خالدی میسری کتێبێکی نوسیوە بە ناوی « مواطنون لا رعایا » لە سەرتاپا دەری ئەخات کە « رعایا »ی عەرەبی چینێکی ئازادی تەواو نیە هەروەکو مسـکێنی کوردیش ئازادێکـی تەواو نەبون .

جیاوازیی ئایکونی لە زاناکانیتر لەوەدایە کە تەنها بەرهەمی ئەفسانەی کوردیی نەنوسیوە، بەڵکو پەند و قسەی نەستەقی کوردیشی نوسیوەتەوە و لە بەشی شەشەمی کتێبەکەیدا بڵاوی کردووەتەوە •

ئەم پەند و قسەی نەستەقانەی کە ئایکونی چاپی کردون لەگەڵ

(٨) پ . لێرخ ، لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی باو و باپیرانیانەوە ، بەرگی ٢ ، پیترسبورگ ١٨٥٧ ، ل ١٢٨ ــ ١٣٢ .

(٩) یەگیزارەڤ و نێرسێسی برای ئەو پەندانەیان لە دەمی کوردەکانی موش و بایەزید و یەرێڤان و خانستڤە بیستووە .

(١٠) ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل ، پەند و قسەی نەستەقی کوردی ، ل ١٦ ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ .

دەربڕینی ئیشاراتی دەنگەکان و فۆنەتیکیاندا وەری گێڕاونەتە سەر ئەرمەنی • ئەم کەرەستانەی کــە ئایکۆنی کۆی کردۆنەتەوە ســوودێکی زۆریــان بۆ ئەو کەسانە هەیە کە لە فۆلکلۆری کورد ئەکۆڵنەوە •

ئایکۆنی لەم کتێبەیدا نزیکەی ٢٠٠ پەند و قسەی نەســتەقی کوردیی نوسیوەتەوە • نرخی کارەکــەی ئــایکۆنی لــەوەدا پتر دەرئــەکەوێ کە پارێزگاریی ئەو دیالێکتە جیاوازانەی کردووە کە پەندەکانیان پێ وتراوە • لە هەرلایەك چۆنی بیستبێ ، وای نوسیونەتەوە •

لە سەدەی ڕابوردوودا گەلێ گەڕاڵی ئەوروپایی و بەتایبــەتی ئەڵمانی ڕوویان کردە کوردستان • زۆر لەم گەڕاڵانە پاش گەڕانەوەیان نامیلکەیان دەربارەی کەلەپووری نەتەوەییی کورد و فۆلکلۆری کورد بڵاو کردووەتەوە • هەر لە ئەڵمانیاوە تا ماوەی پێش جەنگی یەکەمی جیهان چەند زانای کارامەی وەك پرۆفێسەر (ئۆسكار مان) و (فۆن لكۆك) و (ئەدوارد ســەخاو) و (ئاو گۆست پیتەر مــان) و (مارتین هارتمــان) و گــەلێکیتر هاتونەتە کوردستان • ئەمانە پاش گەڕانەوەیان نەك هەر تەنها باسی زۆر زانستییانە و بەکەڵکیان لەسەر زمان و ئەدەبی کورد بڵاو کردووەتەوە ، بــەڵکو گەلێ دەستنوسی کوردی و سەر بە کوردیشیان لــە کوردســتان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆکردووەتەوە و بردوویانەتەوە بۆ ئەڵمانیا(١١) •

لەو پرۆفێسەرانە چەند کەسێکیان هەوڵی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردییشیان داوە • بۆنموونە پرۆفێسەر (فۆن لكۆك) لە ساڵی ١٩٠١دا چووەتە ناوچــەی زەنجیرلی لە

(١١) د. جەمال نەبەز ، کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی دووهەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٤٣٨ .

کوردستانی تورکیا ، لەوێ لای مەلایەکی کورد ژمارەیەك پەندی پێشینان و قسەی کوردێ و چیرۆکی کوردێ و ، (نەوبەهـــاری ئەحمـــەدی خانێ) و مەولودنامەی پێغەمبەری کۆکردووەتەوە • ئەم بەرهەمانەی لـــە دیمەشقی شام بەهۆی چەند کەســێکی کوردێزانەوە شـــێ کردووەتـــەوە و پاش گەڕانەوەی بۆ ئەلمانیا بە سێ بەرگ و بـــە پیتی عـــەرەبێ و لاتینێ لەگەل وەرگێڕاندا بۆسەر ئەلمانێ ــ بلاو کردووەتەوە •

سەرچاوەیەکی‌تری کوردناسێ لە ڕیزی ئەو زانا و توژەرەوە ئەلمانییانەدا (هوگو مەکەس)ە • ئەم زانایە دوو بەرهەمی بەنرخی بـــە زمـــانی ئەلمانێ توسیوە • بەرهەمی دوهەمیان بریتییە لە چیرۆك و داستان و پەندی پێشینانی ناوچەی ماردێن بە شێوەی کرمانجیی سەروو کە لە سالی ١٩٢٦دا لە لێنینگراد لەچاپدراوە •

سەرەڕای زانـــا ئەلمانەکان، زانا ئینگلیزەکانیش هـــەولی توسینەوە و کۆکردنـــەوە و لێکۆلینەوەی فۆلکلـــۆری کوردییان داوە ، زۆریـــان بە کوردستاندا بلاو بونەتـــەوە و گەڕاون و شارەزاییەکی زۆریـــان لەبارەی ژیان و خو و ڕەوشت و سروشتی میللیی کوردەوە پەیدا کردووە • یەکێ لەمانە ئەفسەرێـــکە بە ناوی (ی • نوئێل) لە ســـالی ١٩٢٠دا وتارێکی دەربارەی (خو و ڕەوشتی کورد لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقیدا) بلاو کردووەتەوە(١٢) • ئەو پەندانەی نوئێل لەم وتارەیدا بلاوی کردونەتەوە لە زاری کوردەکانی ناوچـــەی هەکاریی بیستون کە ئەکەوێتـــە باشوری ڕۆژەلاتی تورکیاوە • خـــاوەن وتار سروشتی کۆمـــەلایەتیی کوردی وەك

(١٢)
E. Noel : The character of the Kurds as illustrated by their proverbs and popular sayings. (Bulletin of the School of Oriental and African Studies.) 1920. Vol. I Pt. IV, pp 79 — 90.

ئازایی و كەرامەت و میوانداریی و قوربانیدان لەپێناوی ڕاستیی و پاكیدا پیشانداوە . هەروەها ئەوەشی ڕوون كردووەتەوە كە خاسیەتی یەكسانیی كۆمەڵایەتیی لەناو كوردەكانا بەدیی ئەكرێ .

نوئێل پەند و قسە نەستەقەكانی بەمجۆرەی خوارەوە دابەش كردووە : ژنهێنــان و مێردكــردن ، ژن ، ماڵــداریی و میوانــداریی ، چۆنیــەتیی دراوسێیەتیی و پەیوەندیان لەگەڵ توركدا .

★ ★ ★

لە كوردســتانی عێراقیشدا بۆ یەكەمجار مامۆســتا ئیسماعیل حەققی شاوەیس پەندی پێشینانی كوردیی كۆكردووەتەوە و لەژێر ناوی (قسەی پێشینان گۆستاو لۆبۆن)دا[١٣] لە چاپخانەی (ئەیتام) لە بەغدا لە ساڵی ١٩٣٣دا لەچاپیداوە . قسەكانی پێشینانی ناو كتێبەكەی مامۆستا شاوەیس لە ٦١٢ بەنــد پێكهاتوون . مامۆستا شاوەیس لــە نامەیــەكی تایبەتیدا بۆ نووسەری ئەم وتــارە ، دەربارەی كۆكردنەوەی ئــەم پەندانە نووسیویە ، ئەڵێ :

« لە دەستە و چینەكانی هەژارانی شار و دێهات ، داپیرە و جوان ، ژنانی لادێ و شــارەكان ، لە ســولەیمانیی ، كەركوك ، شــارباژێڕ ، ناوچەكانی هەڵەبجە ، پێنجوێن ، هەولێر و هەندێ دیهاتییان ، كۆكراونەتەوە . گەلێكیان لە ناوچەكانی كرمانجیی بایەزید ، ماكۆ ، چوار دێران (چاڵدێران) ، سابلاخ

(١٣) ڕاستەكەی ئــەوەی لەژێر نــاوی (پەندی پێشــینان گۆستاو لۆبۆن)دا لەچاپدراوە ، دوو بابەتی جیاوازن لە یەك بەرگدا و هەڵەی بێپەیوەندیی ناوەكە ئەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزاییی كرێكارانی چاپخانە و ئاگادار نەبوونی نووسەر لە ڕێكخستنی بابەتەكانی كتێبەكەی .

(مەهاباد) ، سەقز ، هەورامان ، مەریوان . لـە تورکیـا ، وان ، بایەزید ، دیاربەکر ، ئـۆرفەدا بەراورد کـراون و ، لەئەنجامدا ئـەم فۆلکلۆرانە دەرچوون » .

بە ڕەچاوکردنی ئەو سەردەمەی ئەم کتێبەی تیا نوسـراوە و ، ئـەوە کە پێشتر لە کوردستانی عێراقدا کتێبێکی لـەو بابەتە بڵاو نەکراوەتەوە ، بۆمان دەرئەکەوێ کتێبی ناوبراو کتێبێکی بەبایەخ و بەنرخە و شوێنێکی تایبەتیی لە مێژوی کۆکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردیدا هەیە .

دانەر کتێبەکـەیی لەسەر بنـاخەی سیاسی ، ئـەدەبی ، ئیجتیماعی ، ئیقتیصادی ، کۆمێك یاخود گاڵتە دابەش کردووە . لەپێشەوە سەرەتایەکی دو لاپەڕەیی بۆ کتێبەکەی نوسیوە ، تیا ئەڵێ :

« بێ‌گومانم ، بەهـۆی ئەم قسە و گەوهەرانە ، غەیـری کوردیش شارەزای خو و ڕەوشتی کوردی کۆن ئەبن » . دواییش بە دو لاپەڕە لەژێر ناوونیشانی (مژدەیەکی خۆش)دا کۆتاییی بـە کتێبەکەی هێناوە و باسی تەنگ و چەڵەمەی نوسینی کوردیی تیا کردووە .

کە بە وردی سەیری ناوەڕۆکی کتێبەکەی مامۆستا شاوەیس ئەکەین و پەندەکان ئـەمدیو و ئـەودیو ئەکـەین و بـەراوردیان ئەکـەین لەگەڵ هاوچەشـنەکانیان کە لە سـەرچاوەکانی‌تری پەندی پێشینـانی کوردیدا نوسراونەتەوە ، هەندێ جیاوازی لە ڕوی وشە و ڕاگرتنی دەستوری زمان و جوانیی داڕشتنەوە بەدی ئەکەین . ئەمـەش شتێکی سەیر نییە ، چونکە لەلایەکەوە پەندی پێشینان دەمـاودەم وەرئەگیرێ و بەگوێـرەی شێوەی دیالێکتی ئەوکەسانەی ئەیگێڕنەوە ئەگۆڕێ ، لە لایەکی‌کەشەوە تا قۆناغی مێژو بەرەو پێشەوە بڕوا ، کەرەستەکانی ژیانیش کە یەکێکیشیان زمان و

جۆری ئاخاوتنه ، بەرەوپێشەوه ئەڕۆن .

نمونەیەكی ئەو وردە جیاوازییەی لـه تێكستی هەندێ پەندی لای ماموستا شاوەیس و ئیستادا هەیە ، ئەمەیە : لە بەشی سیاسیدا كه بریتییه له ۲۲ پەند ، ئەم پەندەی خوارەوه بەمجۆره ئەبینین :

بۆ دۆستێ هەزار كەمە ، بۆ دوژمنێ یەكێ زۆرە (١٤)

ئەم پەندە ئیستا بەمجۆره بەكار ئەهێنرێ :

دۆستت هەزار بێ كەمە ، دوژمنت یەك بێ خەمە

له بەشی ئەدەبێ و ئیجتیماعیشدا كه ٤٠٤ پەندی تیایه ، بۆنمونه . ئەم پەندە ئەبینین :

بە زستانا پینه و پەڕۆ ، بە بەهاران ورد بڕۆ(١٥)

كەچێ ئیستا ئەم پەندە بەمجـۆره بەكارئەهێنرێ كه لە ڕوی ئاوازی شیعرێ و زمانەوه جوانتره :

بە زستانان پینه و پەڕۆ ، بە هاوینان ورد ورد بڕۆ(١٦)

جاروبار بە وردێ سەرنجی پێویستییەكانی ڕێزمانیشی تیا نەدراوه . بۆنمونه ئەم پەندە :

بە سایەی گوڵێ گەنمەوه هەزار گوڵ مرۆر ئاو ئەخوا(١٧)

---

(١٤) ئیسماعیل حەققی شاوەیس ، قسەی پێشینان ، بەغداد ، چاپخانـەی ئەیتام ، ١٩٣٣ ، ل ١ .

(١٥) سەرچاوەی پێشو ، ل ٤ .

(١٦) شێخ موحەممەدی خاڵ ، پەندی پێشـینان ، سـولەیمانێ ، چاپخانەی كامەرانێ ، ١٩٧١ ، ل ١١٥ .

(١٧) ئیسماعیل حەققی شاوەیس ، قسەی پێشینان ، بەغـداد ، چاپخانەی ئەیتام ، ١٩٣٣ ، ل ١٧ .

لە ڕستەی دوهەمـــدا ئەگەر بووترایە (ئاو ئەخواتـــەوە) ، ڕستەکە لەبارەی ڕێزمانەوە ڕێکتر ئەبوو •

هەوڵی ئەوەشی‌نەداوە هەموو پەندەکانی لە قاڵبی یـــەك دیالێکتا بن • وەك لە نامەکەیدا کە بۆ منی نوسیوە و پێشتر ئیشارەتم بۆ کرد ، پەندی لە زاراوە جویێ جویێکانی کوردییەوە خڕکردووەتەوە • بۆنموونە :

تۆ کارەك خۆری یان بێستان ڕنی[18]

یـــان :

خۆ مریشك نیم بە دەندوکی شەڕێ بکەم[19]

واش‌ئەبێ « پەند » و « مەتەڵ »ی تێکەڵی یەك کردووە ، وەك ئەمە :

سۆفیلکەی بەرماڵ بە شان
بە ڕۆژ ئەگەڕێ کۆلان بە کۆلان
ئەڵێ : یائەللاهو ئیمان ! [20]

بەشی سێهەمی ئەم کتێبە بریتییە لە بابەتی ئیقتیصادیێ و لە ٦٨ پەنـــد پێکهاتووە[21] • بەشی چوارەمیشی بابەتی (کۆمیك) گاڵتەجاڕییە و لە ١١٩ پەند پێکهاتووە •

ئەو شێوەیەی کـــە مامۆســـتا شاوەیس کتێبەکەی پێ ڕێکخستووە نیشانەی شێوەیەکی زانستییانەی بیرکردنەوە و کارکردنە • ئەو بۆ یەکەمجار لە کوردیدا لە یەکەم کتێبی پەندی پێشینانی کوردیدا بەکوردیێ ، پەندەکانی

---

(١٨) سەرچاوەی پێشو ، ل ٨ .

(١٩) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٨ .

(٢٠) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٤ .

(٢١) ڕاستەکەی ٦٧ پەندە ، چونکە پەندی (پێ بە قەد بەڕەکەت ڕاکێشە) دوو جار وتراوەتەوە .

بەگوێرەی بابەت ڕێکخستووە و خۆی لە داوی شێوەی پاشکەوتوی پەند بەپێی ئەلفوبێ ڕێکخستن ڕزگار کردووە • شێوەکەی شاوەیس شێوەیەکە ، لەگەڵ هەر ناتەواوییەکی کارەکەشیدا ، تا ڕادەیەك یارمەتیی توێژەرەوە ئەدا لە جۆری بیری کۆمەڵایەتیی کورد بگات • بەڵام شێوەی ئەلفوبێ تەنها بۆ کۆکردنەوەی تێکست دەستئەدا •

بایەخێکی تری پەندەکانی کتێبەکەی شاوەیس ئەوەیە . وەك خۆی ئەڵێ ، لە گەلێ لای جیاوازی کوردستانی کۆکردۆنەتەوە و دەماودەم لە ڕەشە خەڵکەکەی بیستون •

دیاریترین ناتەواوییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە زۆر لەو پەندانەی خستونیەتە چوار چێوەی بابەتێکی تایبەتییەوە ، بۆ ئەو بابەتە دەست نادەن و سەر بە بابەتێکی ترن[٢٢] •

ئەوانەی لە پەندی پێشینانی کوردی کۆڵیونەتەوە ، کتێبەکەی مامۆستا شاوەیسیان بە یەکەم کتێبی پەندی کوردی داوەتە قەڵەم • لەوانە مامۆستا عەلائەددین سەججادی بە یەکەم سەرچاوەی مێژوویی لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینانی داناوە[٢٣] • د • عیزەددین موستەفایش لەم کتێبە دواوە و نرخی دیاری کردووە و تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوەی پەندەکانی پێشینان زۆر لە نموونەکانی کتێبەکەی خۆی لەم کتێبە وەرگرتووە[٢٤] • لە یەکێتیی

(٢٢) نموونە هێنانەوە بۆ ئەم ڕاستییە درێژە زۆر ئەکێشێ ، بۆیە چاومان لێپۆشی •

(٢٣) عەلائەددین سەججادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، چاپخانەی مەعاریف ١٩٧١ ، ل ١٢٨ ، چاپی دووەم •

(٢٤) د. عیزەددین موستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبی فۆلکلۆری کورد ــ لێکۆڵینەوە ، بەغدا ، چاپخانەی (دار الجاحظ) ، ١٩٧٠ ، ل ٧٧ •

سۆڤیەتیش د • ئوردۆخانی جەلیل و د • جەلیلی جەلیل لەژێر ناوونیشانی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی)دا باسی کتێبەکەی مامۆستا شاوەیسیان کردووە و بایەخێکی زۆریان پێداوە و لێی دواون • ئەمانە نوسیویانە :

« کاتێ کە ئینگلیزەکان حوکمڕانیی عێراقیان ئەکرد ، زۆرکەسانی خوێندکاری کورد لە ڕۆی بلاوکردنەوەی کتێب و چاپکردنیەوە کاری گرنگیان خستە ئەستۆی خۆیان • هەوڵێکی زۆریان بۆ گەشە پێکردن و فراوان کردنی چاپەمەنێ و بلاوکردنەوەی بەرهەمی شاعیر و نوسەرەکانی کورد دا • هەروەها زۆر لە شاکاری شیعری میللییان خستە ژێر چاپ و بلاویان کردەوە • دەریانخست کەوا میللەتی کورد هەبوە و هەیە و سەر بۆ ئیمپریالیزم و زۆرداران شۆڕ ناکا • ئەوەبو لە ساڵی ١٩٣٣دا ، لە چاپخانەی ئەیتام لە بەغدا ، بۆ یەکەمجار قسەی پێشینانی کورد چاپکرا کە بەرهەمی کوردناسی شارەزا و خەباتکەری سیاسیی کورد مامۆستا ئیسماعیل حەققی شاوەیسە کە بریتییە لە ٦١٣ پەندی پێشینانی کوردەکانی عێراق »[٢٥] •

★ ★ ★

یەکەم سەرچاوەش کە لە زمانی فەرەنسەییدا دەربارەی کورد و فۆلکلۆری کورد نوسرابێ ، کتێبەکەی کوردناس (ئۆریان تالیست)ە کە لە ساڵی ١٩٣٣دا نوسیویە و ستایشێکی زۆری قسەی پێشینانی کوردی تیا کردووە و ئەڵێ : « قسەی پێشینانی کورد ، وەك نوکتەیەك ، لادێیی — و شارستانییش کەم و بیشێك — بەکاری ئەهێنن، چونکەکان و سەرچەشمەی

(٢٥) ئۆردۆخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ، مۆسکو ، ١٩٧٢ • ل ١٩ .

ژیانی ڕۆژانەی کورد پیشان ئەدات • بالۆرە بێـژانی کوردیش لە کۆڕی شاییدا بەکاری‌ئەهێنن • ئەم قسەی پێشینان و پڕوپوچ و مەتەڵانە لە دڵ و مێشکی ژیانی دەستە چەوساوەکان و ئەرك و زەحمـەتکێشانی کوردەوە هەڵقوڵاوە • گیان و ژیانی کورد بۆ جیهان دەرئەخات • سروشت ، چیاکانی کوردستان ، دەشت و خاکی ، ڕەنگیان ، پیت و بەرەکەتی ، سەرگەردانیی ، ژێرکەوتن و سەرکەوتنیان ، ڕەوشـت و ڕەفتاری کورد دەرئەخات • ئـەم قسەی پێشینانە یەك ڕستە و دوو ڕستەیە • کـورت و مەعنادارە • ئاواز و ئاهەنگدارە ، گەلێکی بە شێوەی چیرۆك سـەرگوزەشتە پیشان ئەدات • ئایین ، سیاسەت ، ئابوریی ، میوان پەرستیی ، جوامێریی ، جەنگاوەریی کورد بۆ جیهان دەرئەخـات •• ژیانی زەحمەتکێشانی کـورد ئاشکرا ئەکات • شادیی و ناسازییان ڕوون ئەکاتەوە(٢٦) •

★ ★ ★

پێشتر باسی هەندێ سەرچاوەمان کـرد کە پێش شۆڕش لە ڕوسیا دەرچوون و لە بابەتی پەند و قسەی نەستەقی کوردیی دواون • پاش شۆڕشی ئوکتۆبەریش بایەخێکی گەورە درا بە تۆژینەوە و لێکدانەوەی کولتوری گەلەکانی یەکێتیی سۆڤیەت کە کوردیش یەکێکە لەوان • د • ئەوڕەحمان حاجیی مارف ئەڵێ :

« بایەخدان بە کوردناسیی دوای شۆڕشی ئوکتۆبەر ئەوەندەی‌تر پەرەی سەند و بوونی کەمینەیەکی کورد لەم وڵاتەدا و ئەو گۆڕانە گەورەیەی بەسەر

(٢٦)
Camptes Arendus publication Kurde en Caracteres Latin. Par M. Pierre Rondot. de caire imprimerie ctelinstitut Erancais Darcnelagie Oriental. 1933 page 7.

ژیانی نوێدا هات بۆنە هۆیەکی گرنگ و نوێی گەشەکردن و پێشکەوتنی کوردناسیی سۆڤیەت و یەکێك لە ئەنجامە هەرە گرنگەکانی ئەوە بۆ کە پاش ماوەیەك ڕۆڵەکانی ئەم کەمینەیە خۆشیان چاکیان لێکرد بەلادا و چالاکانە هاتنە کۆڕەوە ... ئیستا چوار مەلبەندی کوردناسی لە سۆڤیەتدا هەیە لە یەریڤان و لێنینگراد و مۆسکۆ و باکۆ »[٢٧] .

لە سالانی ٣٠دا کۆمەلێکی تایبەتی لە دانشگای مێژوی کولتوری ئەرمینیای سۆڤیەت و ئەکادیمیی زانستی یەریڤان ڕێکخرا و چەند لیژنەیەك پێکەوە نرا بۆ کۆکردنەوەی کەلەپوری نەتەوەیی و ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کورد و چەند لیژنەیەکیان نارد بۆ دێهاتی کوردەکان . لەم لیژنەیەدا دو زانای کورد (حاجی جندی) و (ئەمینی عەودال) بەشدار بون . لە سالی ١٩٣٦دا کتێبێك لە یەریڤان بە ناوی (فۆلکلۆری کورمانجا) دەرچو کە حاجی جندی و ئەمینی عەودال ئامادەیان کردبو . ئەم کتێبە بریتییە لە ٦٦٣ لاپەڕە . هەرچەندە لەسەر کتێبەکە نوسراوە « بلاو کردنەوە و ئامادە کردنی حاجی جندی و ئەمینی عەودال » بەلام ئەوەی کە کتێبەکە ئەخوێنێتەوە بۆی دەرئەکەوێ ئەمینی عەودال بەشێکی زۆر کەمی لێ نوسیوە کە بریتییە لە ٧٥ لاپەڕە لەژێر ناوونیشانی (ئەپۆش و بەژەت)دا ، ئەوەش پێشتر لە ١٩٢٦دا بلاو کراوەتەوە و دیسانەوە سەرلەنوێ خستویەتیە چوار چێوەی ئەم کتێبەشەوە .

ئەم کتێبە فۆلکلۆرییە بەو تیپە لاتینییە نوسراوە کە ئەمڕۆ (ڕیا تازە)ی

(٢٧) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی دوهەم، بەشی یەکەم ١٩٧٤، بەغدا ، (کوردناسی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا)، ل ٥١٩ .

پێ ئەنووسرێ . لەناو ئەو كتێبەدا قسەی میللی و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و مەتەڵ لە چاپدراوە .

★ ★ ★

لە ساڵی ١٩٣٨دا سەرچاوەیەكی‌تر لە كوردستانی عیراق بڵاو كرایەوە كە ناوی (هەزار بێژ و پەند)ە و مامۆستا مەعرووف جیاووك بڵاوی كردووەتەوە . ئەم كتێبە لە چاپخانەی (نەجاح) لە بەغدا لەچاپدراوە . دانەر پێشەكییەكی لە لاپەڕە و نیوێكا بۆ كتێبەكەی نووسیوە و باسی كۆكردنەوەی پەندەكانی كردووە كە « هەموو تیرە و بەرەی عێل و عەشیرەت بە وتە و بێژی خۆش و بەكاری پێشووان خوشنوود ئەبن و پێی ئەنازن »(٢٨) . لەبارەی نووسین و كۆكردنەوەی پەندەكانیشەوە ئەڵێ : « دەستم كرد بە كۆكردنەوەی چەند وتەیەكی خۆمان لەگەڵ چەند بێژراوی ئەم و ئەوی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی »(٢٩) . دواییی كتێبەكەشی بە دوو لاپەڕە هێناوە ، لەو دوو لاپەڕەیەدا ستایشی خوا و پێغەمبەر و ئایینی ئیسلام ئەكا و ئەڵێ :

« هەزاران ستایش و درود بۆ ئەرواح و گیانی پیاوی چاك و فیداكارانی نیشتمان و دایك و باوك و مردووەكانی تێگەیشتوومان كە ئێمەیان بە شیری پاكی نیشتمانی بەخێو و پەروەردە كردووە و بە ئاوی پاكی خۆشەویستیی ئایین و نیشتمان و گڵ و خوێش و هۆزمان شوشتووە »(٣٠) .

ئەگەر بە وردی سەیری ناوەڕۆكی كتێبەكەی مامۆستای ناوبراو بكەین ، ئەبینین تاڕادەیەك دوورە لە هێنانەدیی ئەو هەوڵەی وەك خۆی ئەڵێ

---

(٢٨) مەعرووف جیاووك، هەزار بێژ و پەند، بەغدا ، چاپخانەی نەجاح، ١٩٣٨ ، ل ٣ .

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤ .

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧ .

داویەتی بۆ کۆکردنەوەی هەزار بێژ و پەندی کوردی • زۆر لــە پەندەکانی ڕوون و ئاشــکرا نین ، تەنانەت ناشتوانین بەئاسانی بڕیار بدەین ئاخۆ قسەی نەستەقن یان پەندی پێشینانن ، بەڵکو زوربەیان قسەی ساکاری کوردین • بەشێکی زۆری تریشیان لــە زمانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواوە کــراون بە کوردی ، بێئەوەش کە ئیشارەتێك بۆ ئەوە بکا کە هیچ میللەتێکن ، ئەوە نەبێ کە ئەڵێ کراون بە کوردی و بەس • ئەتوانم بڵێم لەناو کتێبەکەی مامۆستا مەعروف جیاووکدا زۆر کەم پەندی ڕەســەنی کوردی ئــەبینین ، بۆنموونە لە لاپەڕە (٥)دا پەندێکی نووسیوە ئەڵێ : « ئیشی ئەمڕۆ بۆ ســبەی مەهێڵە ، چونکــە شــەو چی دەزێ نازانــرێ »[٣١] • بــا بڵێــین نیوەی یەکەمی ئەمپەندە لە کوردییشدا هەیە و کورد ئێستا ئەڵێن « کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ »[٣٢] ، بەڵام خۆ گومان لەوەدا نییە کە نیوەی دووهەمی وەرگێڕراوی ئەم پەندە عەرەبییەیە کە ئەڵێ :

« اللّيالي بِما يَلِدْنَ حَبالى »

هەروەها چەند پەندی تریشی نووسیوە • بۆنموونە یەکێکیان ئەڵێ :

دۆستی لە هەنگامی تەنگی ئەزانرێ[٣٣]

کە وەرگێڕراوی ئەم پەندە عەرەبییەیە :

يعرف الصديق وقت الضيق

یاخود :

دڵۆپە دڵۆپە ئەبێتە ڕووبار[٣٤]

(٣١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥ .
(٣٢) من نیوەی یەکەمیشیم بەلاوە وەرگێڕراوی «لاتؤجل عمل اليوم لغــد»ی عەرەبی و ، «كار امروز بفردا مفگن»ی فارسییە .
(٣٣) مەعروف جیــاووك ، هەزار بێژ و پەند ، بەغدا ، چاپخانــەی نەجاح ، ١٩٣٨ • ل ٣٧ .
(٣٤) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧ .

ئەمەش وەرگێڕراوی ئەو پەندە فارسییەیە کە ئەڵێ :
قطره قطره جمع گردد وانگهی دریا شود

یاخود :
کاری هەر بافندە و هەلاج نییە(٣٥)

کە دەق وەرگێڕراوی ئەمپەندە فارسییەیە :
کار هر بافنده و حلاج نیست

لێرەدا پێویستە دوو خاڵ ڕوون بکەینەوە • یەکەم لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن زۆر وا ڕێئەکەوێ پەندێك لەناو پتر لە گەلێکدا باو بێ و تێکڕا گەلە دراوسێکان گەلێ پەندیان هەیە لە یەك ئەچێ • ئەمە ڕاستە و سەرچاوەی پەند ژیانی گەلــە و کــە دوو گــەل زیاتر ژیانیان لە یەك ئەچوو پەندی چون یەکیش دائەهێنن یا پەند لە یەکتر ئەخوازن • هەروەها ڕاستە لێکۆڵینەوەی سەرچاوەی پەندێك کە سەرەتا لە چلایەك پەیدا بووە ، کارێکی ئاسان نییە ، بەڵام ئەشتوانرێ کیومالێك بەناو میللەتدا بکرێ و بزانرێ لە سەردەمێکی تایبەتیدا کام پەند بەکاردێنێ • ئەو نموونانەی ئێمە لەمبارەیەوە ئەیانکەین بە ڕەخنە لــە کارەکەی مامۆستا جیاووك ، تێکڕا لەناو ئەو توێژانەی گەلی کورددا نین کە پەیوەندیان بە ڕۆشنبیری و زمــانی بێگانەوە نییە •

دووهەم لەوانەیە هەندێ کەسیتریش بڵێــن ناتوانین بڵێین کورد فلانە پەند بە فلانە جۆر بەکاردێنێ و بە فلانە جۆری بەکارناهێنێ و ، زۆر پەندیوا هەیە لەناو قسە پێکەرانی هەر دیالێکتێکــدا بە دیالێکتی خۆیان بەکاری دێنن • ئەمەش ڕاستە • بەڵام ئێمە ئەپرسین : ئەی کەواتە دەوری ئەوکەسانە چییە کە بەنــاوی گەلێکەوە ئەدوێن ، نەك بە نــاوی دیالێکتێکی بچووکی

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٦ •

گەلێکەوە ؟ ئاخۆ ئەبێ ئەمانە ئەو دیالێکتە بکەن بە سەرچاوەی کاریان کە بووە یا بەڕێوەیــە ببێ بە دیالێکتی زمانی یەکگرتوی گــەل ، یاخود ئەبێ لەدوی وردە دیالێکتەکان بگەڕێن و ئەوانیش بەوجۆرە ، بەش بەحالی خۆیان ، تەگەرەیەکی کە بێننە ڕێی پێکهاتنی زمان و ئەدەبی یەکگرتوی گەل ؟

پێشتر وتمان مامۆستا جیاووك گەلێ ڕستەشی خستووەتە ناو ڕیزی « پەند »ەوە کە لەڕاستیدا نە پەندن و نە قســەی نەستەقن و تەنها قسەی ساکاری کوردین • وا لێرەدا هەندێ نمونەی زەقی ئەوانە ئەخەینە بەرچاو کە تەنانەت هەندێکیان ڕستەی تەواویشیان لێ پێك نایەت :

بەشــی بەشدار(٣٦)
بە ئارۆ (خەیــار) ئەچێ(٣٧)
بــالاّ بەرز و درێژ(٣٨)
بەڕاستێ زرەنگە(٣٩)
تۆنــا و تــۆن(٤٠)
تۆ کوڕی باوکتی(٤١)
تاوی گرتووە(٤٢)
جامی شکاندووە(٤٣)
ئەتۆ و چاکێ(٤٤)

---

(٣٦) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٨
(٣٧) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٠
(٣٨) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢١
(٣٩) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٦
(٤٠) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٧ . وتەیەك هەیە ئەم ڕستەیەی تیایە ، ئەڵــێ « تۆناوتۆن کەوتووە » .
(٤١) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٨ . ئەم وتەیە بەمجۆرەش ئەوتــرێ : کوڕی باوکی خۆیەتی .
(٤٢) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٩
(٤٣) سەرچاوەی پێشو ، ل ٣٦
(٤٤) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٦

ئایا لەسەر ئایا لەژێر(٤٥)
بەتاو ڕۆیشتن ، لە ڕێ مان(٤٦)
برینی مەکولێنەوە(٤٧)
بێدەنگی و ژیان(٤٨)
تەمێی خواردووە(٤٩)
تۆشی هەلامەت بووە(٥٠)
تێر مەخۆ ئەپەنمی(٥١)
جیهان بە ئومێد(٥٢)
چاوی دەبزوێ(٥٣)
زمانی درێژە(٥٤)
زۆر بە فێلە(٥٥)
شەرمەساری و داماوی(٥٦)
فڕ لە هەتاو کردن(٥٧)

لە کتێبەکەی مامۆستا مەعرۆف جیاووکدا ناتەواوییەکیتریش هەیە کە دوبارەکردنەوەی پەندە، وا لێرەدا چەند نمونەیەکی ئەم کارە ئەخەینە بەرچاو.

لە لاپەڕە (٥)دا ئەم پەندە هەیە :

ئەوی چاڵ بۆ دۆستی هەڵکەنێ ، خۆی سەربەرەژێر تێیئەکەوێ

---

(٤٥) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٧
(٤٦) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٨
(٤٧) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٢
(٤٨) سەرچاوەی پێشو ، هەمان لاپەڕە .
(٤٩) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٨
(٥٠) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٩
(٥١) سەرچاوەی پێشو ، ل ٣٠
(٥٢) سەرچاوەی پێشو ، هەمان لاپەڕە .
(٥٣) سەرچاوەی پێشو ، ل ٣١
(٥٤) سەرچاوەی پێشو ، ل ٤٠
(٥٥) سەرچاوەی پێشو ، ل ٤٢
(٥٦) سەرچاوەی پێشو ، ل ٥٣
(٥٧) سەرچاوەی پێشو ، ل ٦١

هەمان پەندی لە لاپەڕە ١٢شدا بەمجۆرە دوبارە کردووەتەوە :

ئەوی بۆ هاو دۆستی چاڵ هەلکەنێ ، دەکەوێتە ناوی

لە لاپەڕە (٩)یشدا ئەم پەندە هەیە کە لە لاپەڕە (٢٨)یشدا بە کەم کردنەوەی تەنها (ئە)یەك لەسەر یەکەم وشەی ، دوبارە کراوەتەوە :

ئەتۆ کوڕی خاکی خۆتی .

لە لاپەڕە (٥١) و (٥٣)یشدا ئەم پەندە دوبارە کراوەتەوە :

سەر بدە و ڕاز مەدە

لە لاپەڕە (٢١)دا ئەم پەندە هەیە :

پێت بە قەد لێفت درێژ کە

هەمان پەند لە لاپەڕە (٦٣)شدا دوبارە کراوەتەوە ، هــەر ئەوەندەیە (پێت بە قەد ..) کراوە بە (قاچت بە قەدەر) .

لە کتێبەکەی مامۆستا جیاووکدا گەلێ جار نمونەی دەسکاریێ کردنی پەندیش بەرچاو ئەکەوێ ، وەك :

پیرێ و هەزار تۆشێ(٥٨)

کەچێ خەلك ئەلێن :

پیرێ و هەزار عەیب

یــان :

بە دەنگی خۆش مار لە کونی دەرئەکرێ(٥٩)

کەچێ خەلك ئەلێن :

بە زمانی شیرین مار لە کون دێتەدەر

(٥٨) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٩

(٥٩) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٠

یــان :

ئەوی بترسێ ، تێناکەوێ[٦٠]

کەچێ خەڵك بەپێچەوانەوە ئەڵێن :

ئەوی ترسا نەخەلەسا

یــان :

کار بە نۆبەتە[٦١]

کەچێ خەڵك ئەڵێن :

ئاش بە نۆبەیە

یــان :

لەگەڵ گورگ ئەخوا ، لەگەڵ شوانیش بلوێر لێئەدا[٦٢]

کەچێ خەڵك ئەڵێن :

لەگەڵ گورگا گۆشت ئەخوا و ، لەگەڵ مەڕا شین ئەکا

یــان :

کاڵەك بە ئەژنۆی ئەشکێنێ و خۆی ئەخلافێنێ[٦٣]

کە ئەم ڕستەی (خۆی ئەخلافێنێ)یە هیچ پەیوەندیکی بە بابەتەکەوە نییە و لە خۆڕایێ هێنراوەتە ناوەوە[٦٤] .

(٦٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥
(٦١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٦
(٦٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٢
(٦٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٣
(٦٤) پەندەکان هەموو ، وەك لە کتێبەکەی مامۆستا شاوەیسیشدا ، پڕ بوون لە هەڵەی نووسینەوە . ئێمە خۆمان ڕاستمان کردنەوە .

لە ناتەواوییەکانی‌تری ئەم کتێبە ئەوەیە پیتەکانی ئەلفوبێی تیا تێکەڵ کراوە • بۆ هەر چەند پیتێك بەشێك تەرخان کراوە : (ب) و (پ) ١٧ — ٢٧ ، (ج — خ) ٣٠—٣٦ ، (د — ژ) ٣٧ — ٤٩ ، (س) و (ش) ٤٩—٥٧ ، (ص—ظ) ٥٧—٥٩ ، (غ — ق) ٥٩—٦٣ ، (ك — ل) ٦٣—٧٥ ، (م) و (ن) ٧٥—٨٠ ، (و — ی) ٨٠ — ٨٥ •

ئێمە لەوباوەڕەداین هۆی سەرنەکەوتنی مامۆستا جیاووك لە کتێبەکەیدا، تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ کتێبەکەی مامۆستا شاوەیسیش کە ٥ ساڵ بەر لە هینەکەی ئەم دەرچووە ، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە مامۆستا جیاووك پیاوی سیاسەت زیاتر بووە تا پیاوی کولتوور و لە ناوچەیەکیشدا پێگەیشتووە شانبەشانی هەستی بەتینی کوردایەتی ، فێری زمان و کولتوری گەلەکەیی نەکردووە • لە سەردەمێکی تایبەتیدا مەودای سیاسەتی کەم بووەتەوە و ، نەشی‌ویستووە خەریکی شتێ نەبێ کە خزمەتێکی بۆ گەلەکەی تیابێ ، بۆیە خۆی بە ئامادەکردن و لەچاپدانی ئەم کتێبەوە خەریك کردووە ، کە هێشتا و تا سەردەمێکی درەنگیش دەوری خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیریی گەلی کوردا ون‌ناکا •

لەگەڵ هەمو ئەوەشدا ئەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە ئەم کارەی مامۆستا جیاووك دوهەمین کاری لە چەشنی خۆیەتی لە کوردستانی عێراقدا و ، بەر لەو جگە لە مامۆستا شاوەیس کەس دەستی بۆ کاری‌وا نەبردووە • بۆیە ئەبێ لە مەیدانی کاری فۆلکلۆرەوانیی کوردیدا جێیەکی تایبەتیی بۆ تەرخان بکەین • ڕۆشنبیرانی کوردیش کە خەریکی فۆلکلۆر بوون ئەم کتێبەیان هەلسەنگاندووە و ، مامۆستایان عەلائەددین سەججادی و د• عیززەددین موصطەفا و د• ئۆردوخانی جەلیل و د• جەلیلی جەلیل ، پاش کتێبەکەی

مامۆستا شاوەیس بە سەرچاوەی دوهەمیان داناوە بۆ کوکردنەوەی پەندی پێشینانی کورد(٦٥) .

★ ★ ★

مامۆستا عەلائەددین سەججادییش لە ساڵی ١٩٥٢دا کتێبی (مێژوی ئەدەبی کوردی)ی لە بەغدا دەرکرد(٦٦) . مامۆستای سەججادی چەند لاپەڕەیەکیشی لەم کتێبەی بۆ « پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی » تەرخان کردووە و لەم بابەتە کۆڵیوەتەوە .

مامۆستا سەججادی بەپێی توانا لە ڕوخسای پەندی پێشینان دوواوە . لەبارەی ڕوخساری پەندی کوردییەوە ئەڵێ :

« پەندی پێشینان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نوسێنراون و مەعنایەکی بەرزیان تیایە »(٦٧) .

لەبارەی ناوەڕۆکی پەندی پێشینانیشەوە ئەڵێ :

ئەو پەندانە « چۆنیەتیی ژیان و ڕەوشت و بیر و باوەڕیان ــ چ لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی ، چ لەباری ڕەوشتی خێزانی و کەینوبەینی ژیانی

(٦٥) عەلائەددین سەججادی ، مێژوی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، چاپخانەی مەعاریف ، ١٩٧١ ، ل ١٢٨ ، چاپی دوهەم .
د . عیززەددین موستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەغدا ، چاپخانەی (دار الجاحظ) ، ١٩٧٠ ، ل ٧٧ .
د . ئۆرددۆخانی جەلیل و د . جەلیلی جەلیل ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ .
(٦٦) عەلائەددین سەججادی ، مێژوی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، چاپخانەی مەعاریف ، ١٩٥٢ ، چاپی یەکەم .
(٦٧) سەرچاوەی پێشو ، چاپی دوهەم ، ل ١٢٦ .

تێکڕایی ، چ لەباری دەوڵەمەندیّ و هەژاریّ و پایـەی دنیاییـدا ــ پیشان ئەدەن »[٦٨] •

مامۆستا ســەجادیّ چۆنیەتیی داهاتن و ســەرچاوەی پەندەکانیشی بەپێی بۆچونی خۆی بۆمان ڕۆن کردووەتەوە و ئەڵێ :

« کابرایەك کارەساتێکی چاو پێ کەوتووە ، قسـەیەکی بـەپێی ئەو کارەساتە کردووە ، قسەکەی دەماودەم کەوتووەو ماوەتەوە بووە بە پەندی پێشینان »[٦٩] • مامۆستا بۆ پاڵپشتی قسـەکەی نمونـەی هێناوەتەوە و بۆمانی دەرخستووە ، ئەشـڵێ کوردە نەخوێندەوارەکـان زۆرتر پابەندی پەندی پێشینانن تا خوێنـدەوارەکان • ئـەمەش ئـەوە دەرئـەخات کە پەندیپێشینان بەشێکە لە فۆلکلۆر ، سەرچاوەکەی خەڵکی چەوسـاوە و ڕەنجبەرە • هەر لەنـاو ئەواندا زۆرتر و فراوانتر پەنـدی پێشینان بڵاو بووەتەوە •

ئەنجا مامۆستا سەجادیّ دێتە سەر باسی ئەوکەسـانەی لـە پەندی پێشینان کۆڵیونەتەوە و کۆیان کردووەتەوە • بۆنمونە لـە چاپی یەکەمدا تەنها باسی مامۆستا شاوەیس و مامۆستا جیاووکی کردووە کە تـا ئەوکاتە هەر کتێبەکانی ئەوان دەرچوبوون • بەڵام لە چاپی دوهەمدا باسی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵیشی کردووە و بە سـێهەم کەسـی دائەنێ لـە ڕوی کۆکردنەوە و چاپ کردنی پەندی پێشینانەوە • پاشان باسی هەندێ گۆڤاری کوردیی کردووە کە پەندی پێشینانیان تیا بڵاو کراوەتەوە بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە زوربـەی ئـەو پەندانەی لە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکاندا بڵاو

(٦٨) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٢٦

(٦٩) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٢٧

کراونەتەوە ، یەك لە یەکیان وەرگرتووە . یاخود هەر لەیەك ئەچن و هیچکام لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە ڕێ و شـوێنێکیان بـۆ بڵاو کردنـەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق نەبوە ، لە کاری کۆکردنەوەی ئەم بەشە گرنگەی فۆلکلۆری کوردا دەورێکی یارمەتیدەری تەواو ببینێ .

مامۆستا سەجادێ لەم کتێبەیـدا بەشـێکی بـۆ ڕوون کردنەوە و لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینان تەرخـان کردووە و لەمبەشەدا (٣٠) پەندی تۆسیوەتەوە و مەبەستەکانیانی شێ کردووەتەوە[٧٠] . ئەبێ بزانین کەوا ئەو پەندانەی مامۆستای سەجادێ لێکی داونەتەوە هـەر هەمـان پەندن کە مامۆستا شاوەیس لە کتێبەکەی خۆیدا تۆسیونیەتەوە .

مامۆستا سەجادێ قسەی نەستەقی لە چوارچێوەی بابەتی (کورد و فەلسەفە)دا داناوە و هۆی ئەمەشی ڕوون کردووەتەوە[٧١] . ئەمە یەکەمین کارە لە مەیدانی جیاکردنەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردیدا لە کوردستانی خوارۆدا کرابێ .

بۆ نمونەی قسەی نەستەق ، مامۆستای سەجادێ گەلێ نمونەی جوانی هەڵبژاردووە و تەنانـەت خستونیەتە بەر تیشکی بەراوردیشـەوە لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانێ و فەلسەفەکانیتر[٧٢] .

مامۆستای سەجادێ لەم هەوڵەیدا کە داویە بۆ دۆزینەوەی بناغەیەك بۆ « فەلسەفەیەکی کوردێ » و بەراورد کـردنی لەگەڵ فەلسەفەکانیتر و قسەی نەستەقی کردووە بە بناغەی هەوڵەکەی ، وتەیەکی هێناوە کە تائێستا

(٧٠) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٢٩ ــ ١٣٢

(٧١) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٣٢

(٧٢) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٣٢ــ١٤٠ .

لە سەرچاوەیەکی‌ترا بە وتەیەکی کوردیّ نەبیستراوە و داویەتە پاڵ کورد . ئەو وتەیە ئەمەیە « ئەوی جوان لە ئاوێنــەدا ئەیبینیّ ، پیر لە خشتی کاڵدا ئەیبینیّ » ، کــە ڕاستەکەی هــیی فارسەکان و تاجیــکەکانە و تێکستە فارسییەکەی ئەمەیــە « آنچه در آینه جوان بیند ، پــیر در خشت خام آن بیند »(٧٣) . تەنانەت جەلالەددینی ڕۆمیّ کردویشیە بەم شیعرە :

آنچه اندر آینه بیند جوان

پیر اندر خشت بیند پیش ازان

هەروەها ئەم وتەیەشی کردووە بە بەڵــگە « قسە بیگێڕە ، بیبێژە ، بیوێژە » کە قسەیەکی نەستەقی کوردییە و ناوەڕۆکێکی فەلسەفیی ورد و جوانی تیایە(٧٤) .

★ ★ ★

پێشتر ئیشــارەتێکمان بۆ ئــەوە کرد کــە لە گۆڤــار و ڕۆژنــامە

(٧٣) عبدالخالق کور اوغلی ، امثال و حکم فارسي ، مسکو ، ١٩٧٣ ص٩١ .

(٧٤) جێی‌خۆیەتی لێرەدا بڵێین بۆ دیاریّ کردنی ئەوە کە قسەیەکی نەستەق کە شێوەیەکی فەلسەفیی هەبیّ ، ئاخۆ ئەو قسە هیی فلانە گەلە یا نە ، ئەبیّ بزانین لە گەلە پاشکەوتووەکانا هەمیشە توێژێکی ڕۆشنبیر بووە کە ڕادەی هوشیاریّ و تێگەیشتنی لە خەڵکی سادە باڵاتر بووە و پەیوەندیشی بە کولتوری گەلانی بێگانەوە بووە . قسەیەکی نەســتەق کــە لەناو ئەم توێژەدا بڵاو بیّ ، مەرج نییە هیی ئەو گەلە بیّ کە ئــەو توێژەی تیایە . تەرازوی دیاریّ کردنی ئەوە کە ئەو قســەی نەستەقە هیی ئەو گەلەیە یا نە ، ئەوەتە لەناو ڕەشە خەڵکەکەدا ، لەناو چینی بنەوەدا بــاو بیّ . ئەگینا هەمیشە چینی سەرەوە بەگوێرەی ئەو بارەی بۆی لوواوە شتی‌وای لایە کە ئەگەر هیی تێکڕای گەل بوایە ، ئەو گەلە لە پلەیەکی گەلیّ جیاوازی ڕۆشنبیریدا ئەبــوّ . لەمەوە ئەزانین کە تەنها بوونی قســەیەکی بەرزی فەلسەفیّ بە زمانی میللەتێك ، نیشانەی ئەوە نییە ئەو قسە فەلسەفییە هیی ئەو میللەتەیە .

کوردییەکانیشدا پەنــدی پێشینان و قسەی نەستەق بــڵاو کراوەتەوە • ئەتوانین بڵێین گۆڤــار و ڕۆژنامە بەکــوردیِ دەرنەچوە • لــەم مەیدانەدا بەشداریی نەکردبێ ، یا بە ناوی (پەنــدی پێشینان) یا بە ناوی (وتەی مەزنان) یا بە ناوی (قسەی نەستەقی کوردیِ) یا بە ناوی (وتەی بەجێ) و شتی واوە • بەپێی ئەو سەرچاوانەی ئیستا لە بەردەستمدان لە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)دا ٣٦ پەندی کــوردیِ و لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا نزیکەی ٨٥٠ پەند و لە (دیاریی کوردستان) و (دیاریی لاوان) و (دەنگی گێتیی تازە) و (ڕۆژی نوێ) و (ڕوناهیِ) و (سلێمانیِ) و (گزنگ) و (شــەفەق) و (ژزگاریِ) و (بەیــان) و ڕۆژنامەی (پێشــکەوتن) و (ئازادیِ) و (خەبات) و (دەنگی کورد) و (برایەتیِ)دا نزیکەی ١٠٠٠ پەندی پێشینان بڵاو کراوەتەوە • مامۆستایان (مەحموود زامدار) و (خالد جوتیار)یش چەنــد جارێك لە ڕۆژنامــەی (هاوکاریِ)دا پەندیــان بڵاو کردووەتەوە •

لەناو ئەوانەدا لە ڕۆژنامەکاندا پەندی پێشینانیان بڵاو کردووەتەوە ، (پیرەمێرد) لە ڕیزی پێشەوەیە • پیرەمێرد لە (ژیان) و (ژین)دا ڕۆژانە پەندێ دوانی ئەکرد بە چوار خشتەکیِ و لە لای سەرەوەی ڕۆژنامەکەیدا لای چەپەوە بــڵاوی ئەکردەوە • ژمــارەی چوار خشتەکییــەکانی گەیشتە ٦٤٤٨[٧٥] •

لە ڕۆژنامــە و گۆڤــارە کوردییــەکانی یەکێتیــی ســۆڤیەت و سوریا و ئێرانیشــدا هەروەها پەندی پێشینان بڵاو کراوەتــەوە • لەسەر

(٧٥) کاکەی فــەلاح کۆمەڵێك لەم چوار خشتەکیانەی لــە دوِ بەرگدا بڵاو کردووەتەوە (پەندەکانی پیرەمێرد ، کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح ، بەرگی یەکەم و دوِهەم ، چاپخانەی سلمان الاعظمی ، بەغدا ، ١٩٦٩) .

لاپەڕەکانی ڕۆژنامـەی (ڕیا تازە)دا کە بە زمانی کـوردیٚ و بەشێوەی کرمانجیی سەرۆ لە (یەریڤان) دەرئەچیٚ بە پیتی ڕۆسیٚ گەلیٚ جار پەند و قسەی نەستەقی کوردیٚ بەرچاو ئەکەویٚ • ئەم ڕۆژنامەیە بایەخێکی زۆر ئەدا بە بڵاو کردنـەوە و بوژاندنەوەی پەند و قسەی نەسـتەقی کوردیٚ و دەورێکی لە کۆکردنەوە و پاراستنی پەنـدی کوردەکانی ئەوێـدا هەیە • ڕۆژنامەی (کوردسـتان)یش کە لە سـاڵانی ١٩٥٨ــ١٩٦٣دا لـە ئێران دەرئەچۆ بە کوردیٚ گەلیٚ جار پەندی پێشینانی کوردیی بڵاو ئەکردەوە • هەروەها گۆڤاری (هاوار)ی سۆریاش •

★ ★ ★

لە سـاڵی ١٩٥٧دا مامۆستا شێخ موحەممەدی خـاڵ کتێبی (پەندی پێشینان)ی بڵاو کردەوە کە ١٣٠٨ پەند و قسـەی نەستەقی کوردیی تیا کۆکردبوەوە[٧٦] لـە ساڵی ١٩٧١یشدا هەمـان کتێبی بۆ جـاری دوەهەم بە شێوەیەکی لە هەمۆ ڕۆیەکەوە فراوانتر لە چاپی یەکەمی بڵاو کردەوە[٧٧] • ژمارەی پەندەکانی چاپی دوەهەم گەیشتووەتە ٣٨٩٣ پەند و بەپێی ئەلف و بێی عەرەبیٚ ڕیزی کردۆن و لە پەراوێزەوە لێیان کۆڵیوەتەوە •

مامۆستای خاڵ لە سەرەتای چـاپی یەکەمی کتێبەکەیدا ڕوخساری هونەریٚ و ناوەڕۆك و شناسنامەی پەندی پێشینان شیٚ ئەکاتەوە و بۆ بەڵگە لەسەر قسەکانی هەر پەندی پێشینان ئەکاتـەوە بە شایەت • مامۆستا لەم سەرەتایەدا ئەڵیٚ : « پەندی پێشینان هێندێکیان وەك شیعر ڕێك‌وپێك و

(٧٦) شێخ موحەممەدی خاڵ ، پەندی پێشینان ، بەغدا ، چاپخانەی مەعاریف ، ١٩٥٧ ، چاپی یەکەم .

(٧٧) شێخ موحەمـمـەدی خاڵ ، پەندی پێشینان ، سـلێمانیٚ ، چاپخانەی کامەرانیٚ ، ١٩٧١ ، چاپی دووەم .

ڕەوان و بەرانبــەرن •• هێندێکیشیان لە شێوەی پرسـیار و وەرامان • ئەوانیکەی هێندێکیان لە پەردەی ئامۆژگاریدان • هێندێکیان هەر باسی ئەوە ئەکا کە هەیە ، یا لە پەردەی جنێو و پلاران . یا لە پەردەی تەشبیهایە ، یا لە پەردەی مەتەڵۆکەدایە »(٨٧) نموونەشی لە پەندەکان بۆ هەموو ئەم جۆرانە هێناوەتەوە •

وەك لەم کتێبەی مامۆستای خاڵەوە دەرئەکەوێ بایەخێکی زۆری بە مێژوو و ســەرگوزەشتەی پەنــدەکان داوە • لە ڕێــگای ڕوونکردنەوەی ئەوەندەی توانیبێتــی ڕوونی بکاتــەوە لــەو مێژوو و ســەرگوزەشتانە ، ئەمانگەیەنێتە ئەوە بزانین ڕەوتی ئەو پەنــدە چۆن بووە و چەند قۆناغی بڕیوە •

شێخی خاڵ هەوڵێکی ڕێكوپێکی داوە بــۆ ڕوون کردنەوەی واتا و شوێنی بەکارهێنانی پەندەکان • بەدوای سەرچاوەی گەلێ پەندا گەڕاوە و زۆریانی دەستنیشان کردووە کە چۆن و کەی و بەبۆنەی چییەوە داهاتوون ؟

کارەکەی مامۆستای خاڵ لەگەڵ هەموو ڕووە باشەکانیشیا خاڵی نییە لە هەندێ ناتەواویێ • لە کوردیدا ، وەك لە هەر زمانێکیترا صەدان پەند هەن لــە هەموو دیالێــکتەکانی ئەو زمانــەدا هەن ، ناوەڕۆك و تەنــانەت دارشتنیشیان لەو دیالێکتانەدا یەکە ، هەر ئەوەندەیە وردە جیاوازییەکیان لە چەند وشەیەك یا لە شێوەیەکی ڕێزمانیدا هەیە • ئەم پەندانە بە پەندی جیا جیا دانانــرێن • کۆکەرەوەی پەند ئەگــەر بییەوێ هەرکام لــەم پەندانە بەگوێرەی دیالێکتەکان بە پەندێکی ســەربەخۆ دانێ ، هەر پەندێکی بۆ

(٧٨) شێخ موحەممەدی خاڵ ، پەنــدی پێشینان ، سولەیمانیێ ، چاپخانەی کامەرانێ ، ١٩٧١ ، ل ٦ـ٧ .

ئەبێ بە چەند پەند • بەڵکو هەر لە یەك دیالێکتیشدا وائەبێ خەڵکێ یەك پەند بە چەند جۆری جیاواز بەکاردێنن • مامۆستای خاڵ گەلێ لەم جۆرە پەندانەی دووبـــارە کردووەتەوە و بە پەندی جیا جیای دانـــاون • جیایی پێشگرێك لە پێشگرێکی‌تر یا ئامرازێك یا وشەیەك لە دوو پەندا کە لە هەموو شتێکی‌ترا یەك بن نابێ بەهـــۆی ئەوە کە ئەو دوو پەندە بە دوو پەنـــدی جیا دابنێین • وا ئەبێ لە یەك پەندا یەکێك ناو پێش ئەخا و یەکێکی‌تر ئاوەڵناو • وائەبێ یەکێك ئامراز ئەخاتە پێش ناو و یەکێکی‌تر بەپێچەوانەوە • ئەمە لە زوربەی بەندەکانا ڕوئـــەدا و هەرگیزیش ناکرێ بە بەڵـــگەی جیاوازیی پەندێك لە پەندێکی‌تر کە هیچی‌تریان لێك جیا نییە •

ئەوەندەی کە من ژماردبێتم لە کتێبەکەی مامۆستای خاڵدا نزیکەی صەد پەندی لەم جۆرە هەیە • وا بۆ نموونە هەندێکیان ئەخەمە پێش‌چاو •

لە لاپەڕە (١٥)دا پەندی ژمارە (٣١) :

ئاسیاوی فرە هاڕ ، وردیش ئەهاڕێ و درشتیش

لە لاپەڕە (١٧)یشدا پەندی ژمارە (٤٦) :

ئاشی فرە هاڕ ، وردیش ئەهاڕێ و زبریش ئەهاڕێ

لە لاپەڕە (٣١)دا پەندی ژمارە (١٥٨) :

ئەگەر تۆ نەبیت بە یارم ، خوا ئەسازێنێ کارم(٧٩)

لە لاپەڕە (١٥٦)یشدا پەندی ژمارە (٩٢) :

تۆش نەبێ بە یارم ، خوا ئەسازێنێ کارم

(٧٩) ئەم پەندە بەم‌شێوەیە هەڵـــەیە ، نەئەبوو مامۆستای خاڵ بینووسییایە • مەبەست لـــە پەندەکە ئەوەیە : مـــن پەکم ناکەوێ ، هەرچـــەند تۆیش یارمەتیم نەدەی ، چونکە خوا هەیە یارمەتیم ئەدا . ئەمە زۆری جیایە لەوە کە بڵێی : هەر بەمەرجێ تۆ نەبێ بە یارم خوا کارم مەیسەر ئەکا •

له لاپەڕه (٣١)دا پەندی ژماره (١٥٩) :

ئەگەر حوشتر باڵی ببوایه ، ئەم عالەمه چیی بکردایه

له لاپەڕه (٣٢)یشدا پەندی ژماره (١٦٢) :

ئەگەر خوا باڵی بدایه به حوشـــتر ، ئەبوایه سەربانمان گشت بڕوخایه

له لاپەڕه (٦٢)دا پەندی ژماره (٤٠٠) :

ئەوەی به فەلاح ببڕێ دانەوێڵەیه

له لاپەڕه (٦٤)یشدا پەندی ژماره (٤٢١) :

ئەوی به فەلاح ببڕێ دانەوێڵەیه .

له لاپەڕه (٦٢)دا پەندی ژماره (٤٠٤) :

ئەوەی پێم کرد خێره ، لێم بۆ به گورگ و شێره .

له لاپەڕه (٦٥)یشدا پەندی ژماره (٤٢٤) :

ئەوی پێم ئەکرد خێر لێم بۆ به گورگ و شێر .

له لاپەڕه (٦٣)دا پەندی ژماره (٤٠٨) :

ئەوەی لای بەنده خەیاڵه ، لای خوا بەتاڵه .

له لاپەڕه (٦٨)یشدا پەندی ژماره (٤٤٠) :

ئەوی لای بەنده خەیاڵه ، لای خوا بەتاڵه .

له لاپەڕه (٩٤)دا پەندی ژماره (١٤٩) :

بۆك نییەتی شێوی شەوێ ، ئەمۆستیلەی دەستی ئەوێ .

له لاپەڕه (٩٥)یشدا پەندی ژماره (١٦١) :

بۆکێ نییەتی شێوی شەوێ ، ئەمۆستیلەی لێمان ئەوێ .

لە لاپەڕە (١١٥)دا پەندی ژمارە (٣١٥) :

بە زبانی شیرین مار لە کون دێتە دەر

لە لاپەڕە (١١٨)یشدا پەندی ژمارە (٣٤٤) :

بە فیکە مار لە کون دێتەدەر .

هەر لە هەمان لاپەڕەدا پەندی ژمارە (٣٤٧) :

بە قسەی خۆش مار لە کون دێتەدەر .

لە لاپەڕە (١٤٧)دا پەندی ژمارە (١٩) :

تا خاوەن ماڵ دزی گرت ، دز خاوەن ماڵی گرت .

لە لاپەڕە (٤٧٦)یشدا پەندی ژمارە (٢٧) :

هەتا ماڵخۆ دزی گرت ، دز ماڵخۆی گرت .

لە لاپەڕە(١٥٠)دا پەندی ژمارە (٤٤) :

تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە .

لە لاپەڕە (٤٧٦)یشدا پەندی ژمارە (٢٨) :

هەتا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە .

لە لاپەڕە (١٥٠)دا پەندی ژمارە (٤٦) :

تا من وتم بیسمیللا ، ئەو وتی ئەلحەمدولیللا .

لە لاپەڕە (٤٧٦)یشدا پەندی ژمارە (٢٩) :

هەتا من وتم بیسمیللا ، ئەو وتی ئەلحەمدولیللا .

لە لاپەڕە (١٥٨)دا پەندی ژمارە (١١٢) :

تەبەقی پڕ ئاشتیی ماڵە .

لە لاپەڕە (١٥٩)یشدا پەندی ژمارە (١١٩) :

تەسەی پڕ ئاشتیی ماڵە .

لە لاپەڕە (١٧٧)دا پەندی ژمارە (٥٩) :

چەپلە بە دەستێك لێ نادرێ .

لە لاپەڕە (١٠٨)یشدا پەندی ژمارە (٢٦١) :

بە دەستێك چەپڵە لێ نادرێ

لە لاپەڕە (٢٠٤)دا پەندی ژمارە (٤) :

دار ئەڵێ ئەگەر تەور کلکی لە خۆم نەبوایە نەیئەبڕیمەوە .

لە لاپەڕە (٢٠٦)یشدا پەندی ژمارە (١٨) :

دار وتی تەور ئەگەر کلکی لە خۆم نەبوایە نەیئەبڕیمەوە

لە لاپەڕە (٢١٦)دا پەندی ژمارە (١٠٣) :

دڵ ئاگای لە دڵە .

لە هەمان لاپەڕەدا پەندی ژمارە (١٠٧) :

دڵ لە دڵ ئاگایە .

لە لاپەڕە (٢٢٦)دا پەندی ژمارە (١٩٣) :

دوو کاڵەك بە دەستێ هەڵناگیرێ .

لە لاپەڕە (١٠٨)یشدا پەندی ژمارە (٢٦٢) :

بە دەستێك دوو کاڵەك هەڵناگیرێ .

لە لاپەڕە (٣٩٣)دا پەندی ژمارە (١٠٧) :

لە ڕقی دراوسێ قنگی منالی خۆی ئەدڕێ .

لە لاپەڕە (٣٩٨)یشدا پەندی ژمارە (١٥٢) :

لە قینی دراوسێ قنگی منالی خۆی ئەدڕێ .

لە لاپەڕە (٤٠٣)دا پەندی ژمارە (١٩٤) :

لە ماین دابەزیم سواری کەر بووم .

لە لاپەڕە (٢٨٣)یشدا پەندی ژمارە (٣١) :

لە ئەسپ دائەبەزێ سواری کەر ئەبێ .

لە لاپەڕە (٢٨٣)دا پەندی ژمارە (٣٢) :

لە ئەسپی نەبۆ ئاخوڕ ئەبەستێ .

لە لاپەڕە (٤٠٣)یشدا پەندی ژمارە (١٩٥) :

لە ماینی نەبۆ ئاخوڕ هەڵئەبەستێ .

لە لاپەڕە (٤٠٥)یشدا پەندی ژمارە (٢١٢) :

لە وڵاخی نەبۆ ئاخوڕ ئەبەستێ .

لە لاپەڕە (٣٩١)دا پەندی ژمارە (٩١) :

لە حەوت ئاوی داوە قولی تەڕ نەبوە .

لە لاپەڕە (٤٠٧)یشدا پەندی ژمارە (٢٢١) :

لە هەزار ئاوی داوە قولە پێی تەڕ نەبوە .

لە لاپەڕە (٤١٢)دا پەندی ژمارە (٢٨) :

ماڵ بە خاوەن ماڵ حەرامە .

لە لاپەڕە (٤١٣)یشدا پەندی ژمارە (٣٨) :

ماڵ لە ماڵخۆ حەرامە .

لە لاپەڕە (٤٧٨)دا پەندی ژمارە (٤٩) :

هەرچی بترسێ ناخەلەسێ .

لە لاپەڕە (٤٧٩)یشدا پەندی ژمارە (٥٧) :

هەرچی ترسا نەخەلەسا .

لە لاپەڕە (٤٨٧)یشدا پەندی ژمارە (١٢٢) :

هەرکەسێ لە هەرچێ بترسێ لێی ناخەلەسێ .

لە لاپەڕە (٤٨٩)دا پەندی ژمارە (١٣٦) :

هەرکەسێ چاڵ بۆ یەکێك هەڵکەنێ خۆی تێیئەکەوێ .

لە لاپەڕە (٥٠٥)یشدا پەندی ژمارە (٢٧) :

یەکێ چاڵێك بکەنێ بۆ کەسێك ، خۆی تێیئەکەوێ .

زیانی ئەم هەڵەیەی مامۆستای خاڵ تەنها لەوەدا نییە کۆمەڵە پەندێکی دووبارە کردووەتەوە . پتـر لەوەدایە ئەوەی پشت گوێ خستووە کە لە وڵاتێکا (دەماودەم کردن) هۆی سەرەکیی فێربوون و ئاگاداریێ بێ هەرگیز ناتوانرێ بابەتی فۆلکلۆرێ لە چوار چێوەی تێکستێکی نەگۆڕاوا ڕاگیرێ . بۆ ژمارەی پەند ئەبێ بەر لە هەرچێ ئەو ناوەڕۆکە تەماشا بکرێ کە پەندەکە ئەیگەیەنێ و ئاخۆ چەند لەپەندێکیتر جیاوازە .

لە (پەندی پێشینان)ی خـاڵدا چەند پەند و قسـەیەکی نەسـتەقمان ئەکەوێتە بەرچاو بە هیی کوردیان نازانین . ئەو تام و چێژەیـان نییە کە لە پەند و قسەی نەستەقی کوردیدا هەن . ئەبێ هیی گەلێ لە گەلە دراوسێکانی کورد بن و لە ڕێگای ڕۆشنبیرانەوە خرابنە زمانی کوردییەوە . ئەمە ، ئەگەر بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە ، چاوپۆشیی لێ ناکرێ .

بۆ نموونە لە لاپەڕە (٣٣)دا ئەم پەندە :

ئەگەر زەمانە هێناتیە پێکەنین ساتێك ، وریا بە نەتگرێنێ سـاڵێك

یا لە لاپەڕە (١٠٥)دا ئەم پەندە :

بەختەوەرێ تۆپێکە بەدوایا ڕائـەکەیت ،
کە ئەشوەستێ شەقی تێ هەڵئەدەیت

یا لە لاپەڕە (١٨٥)دا ئەم پەندە :

خار نایەتە ڕێی دڵپاك .

(ف ــ ١٣)

دوانی پێشو بەئاشکرا دیارە پەندی میللیێ نین و هیی کورد نین .

یاخود ئەم پەنـدە کە لە لاپـەڕە (٢٢٣)دا نوسراوەتـەوە و ، دەق لە فارسییەوە کراوە بە کوردێ :

دوشمنی دانا لە دۆستی نـادان باشـترە

فارسییەکەی ئەم پەندە ئەمەیە :

دشـمن دانـا کــە غـم جـان بـود
بهتـر ازان دوسـت کـە نـادان بـود

بەڵام لەگەڵ ئەم وردە ڕەخنانەشدا کتێبەکەی خاڵ تائیستا پوختترین کارێکی کۆکردنەوەی پەندی پێشینـانە لە کوردستـانا کرابێ و زۆرترین کەرەستەی تیا کۆکراوەتەوە .

د. ئۆردوخانی جەلیل و د. جەلیلی جەلیلیش لە کتێبەکەی خۆیانـدا (پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردێ) لەبارەی (پەندی پێشینان)ی خاڵەوە دواون و ئەڵێن :

« **لە ساڵی ١٩٥٧دا** کتێبێکیتر بە ناوی (پەندی پێشینان)ەوە لە بەغدا چاپکرا ، کە زانای کورد و خاوەنی فەرهەنگی کوردێ شێخ موحەممەدی خـاڵ نوسیویە . خاڵ لە کتێبەکەیدا نزیکەی ١٣١٩ پەند و قسەی پێشینانی کوردی عێراقی کۆکردووەتەوە . ئەوانە بە دیالێکتی کرمانجیی خوارو قسە ئەکەن . هەروەها هەندێ پەند و قسەی نەستەقی ئەو کوردانەشی تیایە کە لە ئێران و سوریا و تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەت (بەتایبەتێ ئەرمینیا و گرجستان) بەشێوەی کرمانجیی ژورو قسە ئەکەن .

« شێخ موحەممەدی خاڵ کتێبەکەی بە زمانی کوردێ و تیپی عەرەبێ چاپ کردووە و بە شێوەی تیپی هیجای عەرەبێ پەندەکـانی ڕیز کردووە و

لە خوار هەر پەندێکەوە واتا و مەبەستی پەندەکەی لێکداوەتەوە بەجۆرێ کە هەمو خوێندەوارێ ئەتوانێ لێی تێبگات .

« خودانی کتێبی (پەندی پێشینان) ئەوەی دەرخستووە کە پەند و قسەی نەستەقی کوردێ واتەی جوانی باو و باپیرانە ، بیر و ژیریی هەمو میللەت و ، گەلێکی گرانبەهایە »(٨٠) .

★ ★ ★

لە ساڵی ١٩٥٧دا لە یەریڤانی پایتەختی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتێ کتێبێك دەرچو بە ناو و نیشانی (فۆلکلۆرا کورمانجا) کە حاجێ جندێ نوسیبوی و ئامادەی کردبو (٨١) . ئەم کتێبە بە شێوەی کرمانجیی سەرو و بە تیپی لاتینیی کوردێ نوسراوەتەوە و بەمجۆرەی خوارەوە بەش بەش کراوە :

پێشەکێ لاپەڕەیەك . پاشان لە لاپەڕە (٥)ەوە تا لاپەڕە (١٦٠) داستان و سەرگوزەشتە . لە لاپەڕە (١٦١)ەوە تا لاپەڕە (١٨٨) ئەفسانە و چیرۆك . لە لاپەڕە (١٨٩)وە تا لاپەڕە (٢٢٤) گۆرانیی دلداریێ و ئەڤین ، یا وەك خۆی ئەلێ (کەلامەت حەز کردنە) . لە لاپەڕە (٢٥٥)ەوە تا لاپەڕە (٢٤٨) گۆرانیی شایێ یا (کەلامە گۆڤانـدە) . لە لاپەڕە (٢٨٣) شەوە تا لاپەڕە (٢٩٣) باسی فۆلکلۆری کوردیی پاش شۆڕشی ئوکتۆبەر ئەکات .

ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە ئەوەتە حاجێ جندێ لەم کتێبەیدا ٣٧٠ پەند و قسەی نەستەقی لە هیی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت،

(٨٠) ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردێ ، مۆسکو ، ١٩٧٢ ، ل ١٩ .

(٨١) حاجێ جندێ ، فۆلکلۆرا کورمانجا ، یەریڤان ، ١٩٥٧ .

بە بێ لێکدانەوە و ڕۆنکردنەوە بلاو کردووەتەوە •

★ ★ ★

هەر لە سالی ١٩٥٧دا کتێبێك لە سوریا چـاپکرا بە ناوی (گۆتنـا پێشینا)وە • دانەری ئەم کتێبە مامۆستا (جگەر خوێن)ە ، کە یەکێکە لـە کوردە ڕۆشنبیرەکانی سوریا • ئەم کتێبە بە شێوەی کرمانجیی سـەرو و بە تیپی لاتینی لەچاپدراوە (٨٢) •

کتێبی دوهەم کە لە سوریا لەچاپدراوە کتێبی (تعریب حکم و امثال کردیة)یە کـە ئەفسەری خانەنشین (جەمیل کەنە) لە سـالی ١٩٥٨دا لە حەلەب بلاوی کردووەتـەوە • ئەم کتێـبە بە تیپی عەرەبـی و بە شێوەی کرمانجیی سەرو نوسراوەتەوە و پەندەکانیشی وەرگێڕراونەتە سەر زمانـی عەرەبی و لێکدراونەتەوە (٨٣) •

دانەر نزیکەی ٣٠٠ پەند و قسەی نەستەقی کوردیی و پتر لە ٥٠ وتە و شیعروگۆرانیی جـوانی میللیی کۆکردووەتەوە و لـەم کتێبـەیدا بلاوی کردونەتەوە (٨٤) • هەندێك قسەی پڕمەعنا و بەجێیشی لەناو ئەمانەدا داناوە کە خۆی ڕێکیخستون • دانەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا ئەلێ :

(٨٢) بەداخەوە ئەم کتێبەم لەبەردەستا نەبو تا زیاتری لەبارەوە بنوسم •

(٨٣) جمیل کنة ، تعریب حکم و امثال کردیة ، حلب ،١٩٥٨ .

(٨٤) لەناو ئەم وتە و شیعر و گورانییە میللییانەدا دانـەر سێخشتەکییەکی بلاو کردووەتەوە لە داوێنەوە لەسەری نوسیوە کەوا هیی شاعیری کورد (حەمزە)یە و لە (قاموس الاعلام)ی (شمس‌الدیـن سامی)ی تورکـی وەرگرتووە . ئەمە ئەو سێخشتەکییەیە :

دنیـا خانـە و مانـە
هەن چونە ، هەن مانە
ای ماتی ژی میڤانە

=

« هیی‌وایان هەیە لە منالیدا لە دایکم بیستووە ، هیی وایشیان هەیە لە گەڕانی سەردەمی لاویمدا لەناو کوردانا کۆم کردووەتەوە • هیی‌وایشی هەیە خۆم داماوە و نوسیومە کە لە لاپەڕە ٤٠ەوە دەست‌پێ‌ئەکات » •

بەلام وەك لە خوێندنەوەی کتێبەکەوە دەرئەکەوێ وەنەبێ لە لاپەڕە ٤٠ بەولاوە هەمووی دەسکردی خۆی بێ • مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە وتە دەسکردەکانی خۆی لە لاپەڕە ٤٠ بەولاوەدان • دیارێ نەکردنی وتە دەسکردەکانی دانەر خۆی لەناو تێکڕای پەندەکانا بووە بەهۆی کەم‌بوونەوە و هاتنە خوارەوەی پایەی کتێبەکەی مامۆستا جەمیل کەنەنە • تاقی کردنەوەی ژیانی دانەر خۆی هەرچەند ڕاست و وردیش بێ و لەوانەبێ سبەینێ وەك پەند بچێتە زمانی گەلەوە و ببێ بە فۆلکلۆر ، بەلام بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ پلەیەکی ئەوتۆی نییە •

ئێمەی کوردی عێراق بەزەحمەت ئەم وتە دەسکردانەمان لە پەندە ڕاستەقینەکان بۆ جوێ ئەکرێتەوە • کوردێکی سوریا چونکە شارەزای فۆلکلۆری میللیی خۆیەتی ، لەوانەیە بەئاسانێ بتوانێ بزانێ پەندی ڕاستەقینە و دەسکردی دانەر لە یەك جوێ‌بکاتەوە • بەلام بەش‌بەحالی ئێمە وانییە • ئێمە ئەبێ یا سەرچاوەی‌تری فۆلکلۆری کوردی سوریامان لە بەردەستا بێ و بەوە تاڕادەیەك بتوانین دەست هەلبەستەکانی دانەر و پەندە ڕاستەقینەکان لە یەك جوێ بکەینەوە ، یا بەراوردیان لەگەل پەندی ناوچەی ڕۆژاوای کوردستانی عێراق بکەین و بەوەش تاڕادەیەك ساغی کەینەوە کامەیان ڕاستەقینەیە و کامەیان دەست‌کردە •

=

ئێمەش لێی زیاد ئەکەین کەوا هەر ئەم سێ‌خشتەکییە لە دەستوسە کوردییەکەی ماتینەدەرانیشدا هەیە کە لە ١٧١١دا نوسراوەتەوە . ئیتر نازانین (حەمزۆ) خۆی دایناوە یا لە خەلکی بیستووە .

زوربەی ئەو پەند و قسە نەستەقانەی لاپەڕە ٤٠ بەولاوەی کتێبەکەی مامۆستا جەمیل کەننە ئاوازێکی مۆسیقاییان هەیە و لە کورتە شیعری فۆلکلۆریی ئەچن • لەبەرئەوەی کە داڕشتنی پەندی میللی لە شێوەی شیعردا نیشانەیەکی کۆنە و ، لەبەر ئاسانیی لەبەرکردن و لەبیرنەچونەوە زوربەی ئەدەبی کۆن لە شێوەی شیعردا بووە ــ ئەتوانین بڵێین ئەو پەندانەی لە شێوەی شیعردان ، کۆنن و دەستکرد نین •

★ ★ ★

لە ساڵی ١٩٦١دا کتێبێکی فۆلکلۆری لەبارەی فۆلکلۆری کوردەوە دەرچو بە ناوی (سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە) • ئەم کتێبە کۆمەڵێك لە مامۆستایانی سولەیمانی ئامادەیان کردبو و لەلایەن نەقابەی مامۆستایانی عێراق ــ لقی هەولێرەوە بڵاوکرایەوە • ئەوەی لەم کتێبەدا پەیوەندی بە کاری ئێمەوە بێ ئەوەتە (١٠) پەندی پێشینانی تیا بڵاو کراوەتەوە [٨٥] •

هەر لە ساڵی ١٩٦١دا کتێبێك لە مۆسکۆ دەرچو بە ناوی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی گەلانی ڕۆژهەڵات)ەوە • زانای کوردی سۆڤیەتی (قەناتی کوردۆ) و کوردناسی سۆڤیەتی م• ڕۆدینکۆ نزیکەی ٣٥٠ پەندی کوردییان بە کوردی و بە ڕوسی لەم کتێبەدا بڵاوکردووەتەوە [٨٦] •

---

(٨٥) لاپەڕە ٢٤ ، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە ، لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان ، لقی هەولێر ، بەغدا ، چاپخانەی ئیرشاد ، ساڵی چاپی نەنوسراوە ، بەڵام لە ١٩٦١دا چاپکراوە .

(٨٦) ق. کوردۆ و م. ب. ڕۆدینکۆ ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی گەلانی ڕۆژهەڵات ، ل ٣٣٠ ــ ٣٣٩ ، مۆسکۆ ١٩٦١ .

هەر لە ساڵی ١٩٦١دا مامۆستا موحەممەد تۆفیق وردێ بەشی دووەمی نامیلکەی (فۆلکلۆری کوردێ)ی بڵاو کردەوە . وردێ لە دواییی ئەم نامیلکەیەوە چەند پەندێکی کرمانجیی سەرۆی لەگەڵ واتاکانیان بە کرمانجیی خوارو بڵاو کردووەتەوە (٨٧) .

★ ★ ★

لە ساڵی ١٩٦٥دا کوردناسی کوردی سۆڤیەتی لە ئامۆژگای زمانەوانیی یەکێتیی سۆڤیەت پڕۆفێسەر (چ. خ. بەکاییڤ) گەشتێکی بۆ ناو کوردەکانی ئازربایجان کرد و ماوەیەك لەناویاندا مایەوە . لەوگەشتەیدا کۆمەڵێ پەندی لە دەمی ئەو کوردانە بیست و لە چوارچێوەی پاشکۆی کتێبێکدا بە ناوونیشانی (زمانی کوردەکانی ئازەربایجان) بڵاوی کردەوە(٨٨) .

ئەم کارەی پڕۆفێسەر بەکاییڤ بە یەکەمین کار ئەژمێررێ لە مەیدانی فۆلکلۆری کوردی ئازەربایجاندا .

★ ★ ★

لە ساڵی ١٩٦٦دا کارگوزاری مەیدانی کوردۆلۆژێ لە سۆڤیەت (ت. ئەریستەڤا) کتێبێکی بەناوی (کوردەکانی پشت قەفقاز)ەوە نووسی ، بەشێکی لێ تەرخان کردووە بۆ فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردەکانی ئەم ناوچەیە. ت. ئەریستەڤا لەم کتێبەیدا لە پەند و قسەی نەستەقی کوردێ دواوە ، ئەڵێ:

(٨٧) موحەممەد تۆفیق وردێ ، فۆلکلۆری کوردێ ، بەشی دووەم ، ل ٦٧ ، بەغدا ، چاپخانەی (دار التضامن) ، ١٩٦١ .
وردێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا جاروبار پەندی پێشینانی بڵاو ئەکردەوە . بۆنموونە ، بڕوانە : گۆڤاری بەیان ، ژمارە ١ ، ل ١٢ ــ ١٣ .

(٨٨) چ. خ. بەکاییڤ ، زمانی کوردەکانی ئازەربایجان ، ل ١٧٦ ــ ١٧٨ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .

« لەناو پەندی پێشینان و قسەی نەستەقا ، مێژو و ژیان و خووڕەوشتی گەلی کورد ئەبینرێ لەگەڵ پەیوەندیان بەمناڵیانەوە بەتایبەتی کوڕەکانیان ، هەروەها پەیوەندیان لەگەڵ گەورەکانیان و لەگەڵ ئافرەتیان کە خاوەن ماڵە و، بەرابەر بە هاوڕێ و دراوسێیشیان »

ئەمەش نمونەیەك لە پەندەکانی ئەو کوردانە ، لە ڕۆسییەوە وەرمان گێڕاونەتەوە سەر کوردی :

ئافرەت کۆڵەکەی ماڵە
ئافرەتی شەرمن شاری دێنێ ، پیاوی شەرمن بزنێ دێنێ
ئەوی بەدوای هاوڕێی بێ‌گەردا بگەڕێ ، بێ‌هاوڕێ ئەمێنێتەوە
ئازارێکی ناخۆش باشترە لە دراوسێی خراپ [٨٩]

★ ★ ★

لە ساڵی ١٩٦٧دا مامۆستا ساجید ئاوارە کتێبێکی بە ناوی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد) بڵاو کردەوە • مامۆستا ئاوارە بەشێکی ئەم کتێبەی [٩٠] بۆ (کورد و فۆلکلۆر) تەرخان کردووە • لەم‌بەشەیدا کورتە باسێکی بۆ ناساندنی پەندی پێشینان نوسیوە و هەندێ ڕۆن کردنەوەی لەبابەت پەندەکانەوە لەڕوی وێنە و ڕوخسارەوە داوە بەدەستەوە و کردونی بە سێ بەشەوە :

« ١ ــ ڕستەیان کورت بڕن
٢ ــ چەند دێڕە هۆنراوەن

(٨٩) ت. ف. ئەریستەڤا ، کوردەکانی پشت قەفقاس ، ل ١٩٢ ، مۆسکۆ ١٩٦٦ .
(٩٠) ئاوارە ، لێکۆلینەوەی ئەدەبی نوێی کورد ، ل ٧٦ ــ ٨٥ ، سلێمانی ، چاپخانەی ژین ، ١٩٦٧ .

٣ ــ لە چەشنی پرسیاردان »(٩١)

وەك دەریش ئەكەوێ ، لە مەیدانی ڕۆنكردنەوەی خاسیەتەكانی پەندی پێشینانداییە ، ئاوارە ئەڵێ :

« لەئەنجامیشا بۆمان ڕۆن ئەبێتەوە كە :

١ ــ نەناسراویی خاوەنەكانیان

٢ ــ چەند سەرێكی ژیانی كوردەواریمان بۆ دەرئەخەن

٣ ــ پەندەكان تاك تاكن »(٩٢)

مامۆستا ئاوارە پەیی بە ڕاستییەكی گرنگ بردووە كە ئەڵێ : «زەحمەتە بتوانین خاوەنەكانیان بدۆزینەوە ، لەبەر نەبونی سەرچاوانی مێژوویی و دەقەكانی ئەدەبی ، بەڵام كاتی وتنەكەی ، ئەتوانین لە مانای پەندەكانەوە بزانین »(٩٣)

ئەمە شتێكی ورد و ڕاستە كە دانەر ئەیلێ • ناوەڕۆكی كاری ئەدەبی شەقڵی ئەو بارە كۆمەڵایەتییەی پێوەیە كە تیا وتراوە ، بەڵام بەتێكڕایی • ئەتوانین بزانین هیی چ قۆناغێكە • لەوانەشە بەشبەحاڵی هەندێكی بتوانین بلێین هیی چ سەردەمێكە •

بەڵام بەداخەوە مامۆستا نەیتوانیوە ئەو بناغە ڕاستەی داینا ، بەسەر پەندی كوردییدا بەرێ و تیا كەوتووەتە هەڵەیەكی مێژوویی و زانستییەوە •

(٩١) سەرچاوەی پێشو ، ل ٧٩ . تێكستی نوسراوەكانی مامۆستا ئاوارەمان وەك خۆی وەرگرتووە و خۆمان بە ڕاست كردنەوەی هەڵەكانی داڕشتنی ڕێزمانییانەوە خەریك نەكردووە .

(٩٢) سەرچاوەی پێشو ، هەمان لاپەڕە .

(٩٣) سەرچاوەی پێشو ، هەمان لاپەڕە .

مامۆستا ئەڵێ : « کە لەکاتی پەیابوونی چاندنی کشتوکاڵ پەیوەندی ئابووریی نوێ پەیدابوو ، لەگەڵ ڕژێمێکی نوێ ، کە ئەویش ڕژێمی دەرەبەگایەتییە . (ئاش و ئاغا و زۆرداری) . ئەم وشانە لە نەریتی ئەو ڕژێمەن ، وە زۆرترینی پەندەکان بپشکنین و لێی‌بکۆڵینەوە هیچ بەڵگەیەك نادەن بەدەستەوە کە پێش ئەم قۆناغە پەیا بووبن . لەبەر ئەوە پەندی پێشینان لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە داهات »(٩٤) .

ڕاستەکەی تەنها بەڵگەیەك بەدەستی نووسەرەوە بێ بۆ گێڕانەوەی پەندی پێشینان بۆ قۆناغی دەرەبەگێ ، مەگەر هەر ئەوەبێ کە قۆناغی دەرەبەگێ درێژترین قۆناغی ژیانی شارستانەتیی کورد بووە. ئەگینا ، نە پەیدابوونی کشتوکاڵ هیی سەردەمی دەرەبەگییە و ، نە بەڵگە هەیە کەوا ئاش لە سەردەمی دەرەبەگیدا داهاتووە و نە زۆرداریش لە دەرەبەگییەوە دەست پێ‌ئەکا . لێرەدا مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئادەمزادی کۆنمان نییە ، ئەگینا دۆزینەوەی کشتوکاڵ بەپێی ڕێ و شوێنی قۆناغە کۆمەلایەتییەکان لەوانەیە بەر لە سەردەمی کۆیلەیەتی و دابەش‌بوونی کۆمەڵیش بووبێ و، زۆرداریش هەرچەند لەگەڵ چەوساندنەوەدا دەستی پێ کردووە ، کە پێش دەرەبەگییە ، ئیستاش هەیە و تا دێرزەمانیش ئەمێنێ و ، تەنها وشەی (ئاغا) ئیستا بە دەرەبەگ ئەوترێ و دوور نییە پێشتر بە خاوەن کۆیلەش وترابێ .

ئەو نموونانەی دانەر هێناونیەتەوە بۆ پێ‌سەلماندنی قسەکانی ، نابن بە بەڵگە . « ئاشی بە وشکێ ئەگەڕێ » واتە : فلان کەس پیاوێکی ئەوەندە بە دەسەلاتە شتی نەشیاوی پێ‌ئەکرێ ، ئیتر لە هەر قۆناغێکا بێ . « دار و بەرد

(٩٤) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٩ ــ ٨٠ .

گوێی هەیە » کە وائەگەیەنێ کەس متمانە نەکا شتێکی پێچەوانـەی ڕژێم بڵێ ، پتر بۆ سەردەمێك دەستئەدا کـە دەزگایەکی بـە کـاری خەفیە و خەفیەکاریێ هەبێ کە زیاتر شتیوا لە ڕژێمی دەرەبەگیدا نیـیـە • « ئەوەی ئەیچێنێ ، ئەیدوریتەوە » زیاتر بۆ بیروبـاوەڕی ڕژێمێکـی سۆشیالیستێ دەست ئەدا و خۆی واتایەکی ئینسانیی هەیە • هەروەها « نـان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب »یش بۆ سـەردەمێك ئـەگونجێ کـە پلەیەکی بەرزی ڕێکوپێکی شارستانەتێ هەبێ •

مامۆستا ئاوارە هەوڵی داوە هەندێ تەفسیری فەلسەفێ بۆ خاسیەتەکانی پەندی کوردێ بدۆزێتەوە • ڕاستەکەی ئەم کارە کـارێکی زۆر بەبایەخ و ڕێبازێکی شارستانییانەیە ، بەڵام بەداخەوە زۆر جار باش بۆی نەچوە ، وەك لەپێشەوە ڕۆنمان کردەوە و وەك نمونەیتریش کە مەودای لێدوانیمان نییە •

ڕاستەکەی پەندی کوردێ هەمۆ ڕووەکانی ژیانی گەلی گرتووەتەوە ، ورە بەردان ، خۆڕاگرتن ، سەر شۆڕکردن ، بەربەرەکانێ ، خزمەتگوزاریێ بۆ کۆمەڵ ، خۆپەرستێ ، بیر و باوەڕی کۆنەپەرست و ڕزیو ، بیر و باوەڕی نوێ • بەکورتێ وەك چۆن ژیانی کۆمەڵ گـەلێ ڕۆی جیاجیای بەخۆیەوە دیوە و ئەبینێ ، پەندەکانیش هەر وان •

نوسەر هەڵەیەکی مێژوییشی هەیە کـە ئەوەتـە نوسـیویە (هەزار بێژو پەنـد)ەکەیمەعروف جیـاووك لە ١٩٤٨دا لەچـاپ دراوە[٩٥]، کە ڕاستەکەی ئەوەیە لە ١٩٣٨دا لەچاپدراوە ، وەك پێشتر باسمانکرد •

★ ★ ★

(٩٥) سەرچاوەی پێشو ، ل ٨٢

لە ساڵی ١٩٦٩ ــ ١٩٧٠یشدا دە ئۆردوخانی جەلیل دوو کتێبی بچووکی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردیی ، بە تیپی لاتینیی و شێوەی کرمانجیی سەروو لە یەریڤان چاپ کرد (٩٦) .

هەر لە ساڵی ١٩٦٩دا مامۆستا عوسمان شارباژێڕی لەژێر ناوی (گوڵشەن)دا هەزار و یەك پەند و قسەی نەستەق و بەتوێکلی لەچاپدا . دانەر ئەم پەند و قسانەی بە تیپی ئەبجەد ڕێز کردووە و لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی و تورکی و فەرەنسی و ڕووسییەوە لەڕێگای عەرەبییەوە کردوونی بە کوردی و چەند پەند و قسەیەکی نەستەقی کوردییشی خستوونەتە تەك .

دانەر هەوڵی ئەوەی داوە ئیسپاتی بکا کە گەلێ پەندی گەلانی جیاجیا لە یەك ئەچن و بۆ ئەمە چەند نموونەیەکی کوردیی هێناوەتەوە و لەگەڵ پەندی گەلانیترا بەراوردی کردوون (٩٧) .

ئەو گلەییەی تێکڕا لەم کتێبەی مامۆستا شارباژێڕی ئەکرێ ئەوەتە ناوی (پەند)ی لێناوە . پەند لە کوردیدا بەو قسە بەمەعنایە ئەوترێ کە هەمیشە بۆ پتەوکردنی قسە یا بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك یا وەك دەرخستنی تاقیکراوەیەکی میللی ، وەك خوێ بکرێتە چێشتەوە ، ئەهێنرێتە ناوەوە و ئەوترێ و مەرجە خاوەنی دیار نەبێ ، ئەگینا ئەبێ بە (فەرموودە) و ، (پەند)ەکانی شارباژێڕییش تێکڕا لە جۆری فەرموودەن . تەنها ئەوەندە هەیە

(٩٦) دوو کتێبی باسکراو بەو تیپە لاتینییە تازەیە نووسراون کە ڕۆژنامەی (ڕیاتازە)ی پێ ئەنووسرێ . پەندەکان لەم دوو کتێبەدا تەنها ڕێز کراون و هیچ لێکدانەوە و لەسەرنووسینێکیان لەگەڵ نییە .

(٩٧) عثمان شارباژێڕی ، گوڵشەن ، کەرکوك ، چاپخانەی شیمال ، ١٩٦٩ ، ل ٧ ــ ٨

زۆر زێی تێ ئەچێ بنیادەمێکی ناسراو و فامیدە لە سەردەمێکا قسەیەك بکا و قسەکەی بکەوێتە سەر زاری خەڵك و بەدرێژاییی ساڵ ناوی ئەو بنیادەمە خۆی کوێر ببێتەوە و قسەکەی لەناو میللەتدا بژێ و ببێ بە پەند • دوور نییە زۆر لە پەندەکانی ئێمەیش لەمچەشنە بن• بەلام ئەمە زۆری جیایە لەوەی قسەیەك زەق بزانرێ خاوەنەکەی کێیە ، بکرێ بە پەند •

★ ★ ★

لە ساڵی ۱۹۷۰یشدا د• عیززەددین موستەفا ڕەسوڵ کتێبێکی بە ناوی (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ــ لێکۆڵینەوە)وە دەرکرد • لە لاپەڕە (۷۷)ەوە تا لاپەڕە (۱۱۸)ی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی • بەم جۆرە ئەم کارەی د• عیززەددین موستەفا فراوانترین کارێکە لە کوردستان خۆیدا کرابێ لەبارەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردییەوە •

دانەر لە کتێبەکەیدا پەندی پێشینانی بەمجۆرە ناساندووە کەوا « بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك »ە • « فەلسەفەی ڕاستەقینە و لەکاری ڕەوشت و خووە • هەمو ڕاستییەك ، هەمو ڕوداوێکی ژیانی ئادەمیزاد ، هەمو کردارێك چاك یا خراپ ، هەمو گەیشتنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشتبێتێ ، دەربارەی هەرچییەك بێت ، ئەچێتە تەرازوی پەندی پێشینانەوە [۹۸] » •

لەبارەی ڕوخساریشەوە بەمجۆرە پەندی پێشینان ئەناسێنێ کەوا « ڕستە و وتەیەکی کورتە ، مانایەکی فراوان و قوڵی تیایە [۹۹] » • « زۆر

(۹۸) د• عیززەددین موستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەغدا ، ۱۹۷۰ ، چاپخانەی (دار الجاحظ) ، ل ۷۸ •
(۹۹) سەرچاوەی پێشو ، ل ۷۹ •

جار ڕاستە و ڕاست ئەنجامێك ئەدا بەدەستەوە (١٠٠) » یا « یەکسەر مانا نادەن بەدەستەوە و ئەبێ لە قسەکە ورد ببیتەوە و بگەیتە مەبەس (١٠١) » .
« زۆر جار ئەبێ کە پەندی پێشینان هۆنراوە (١٠٢) » • « زۆر جاریش هۆنراو نییە،بەڵام دوو بەشە کۆتاییان بە سەجعێکی یەك قافیە دێتەوە(١٠٣)» .

د. عیززەددین باسی ئەوەش ئەکا کە « پەندی پێشینان هەروەك خۆی لە ڕیزی فۆلکلۆردا شتێکی تایبەتییە ، هەروەها لەگەڵ خۆیدا بەشێکی‌تری فۆلکلۆر ئەهێنێتە کایەوە کە کورتە چیرۆکە (١٠٤) » و لەبارەی ئەو جۆرە پەندانەوە ئەدوێ کە لەسەر بناغەی ڕووداوێك پەیدا بوون و ئەڵێ « دۆزینەوەی سەرچاوە و چیرۆکی هەمو پەندێکی کوردی ئەرکێکی گرانە (١٠٥) » .

د. عیززەددین ئیشارەت بۆئەوەش ئەکا کە لە زۆر پەندی پێشیناندا هاوبەشی لەنێوان گەلی گەلدا هەیە و ئەڵێ « گەر بە وردی لێی‌بکۆڵینەوە ئەبینین بەشێکی زۆر لە پەندەکانی گەلانی ڕۆژهەلات هاوبەشن و لەیەك‌ئەچن (١٠٦) » و هۆی ئەوە ، وەك ئێمەش پێشان وتمان ، ئەگێڕێتەوە بۆئەوە « کەوا ژیانی ئەم گەلانە لە زۆر دیمەندا لەیەك‌ئەچن (١٠٧) » و گەلێ نموونەی لە پەندی کوردی و گەلانی دراوسێ بۆ ئەم بابەتە باس کردووە .

---

(١٠٠) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .
(١٠١) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .
(١٠٢) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .
(١٠٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٠
(١٠٤) سەرچاوەی پێشوو . هەمان لاپەڕە .
(١٠٥) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .
(١٠٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨١
(١٠٧) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .

بەم‌بۆنەیەوە باسی جیاوازێ و لە هەمان‌کاتا لەیەك‌چوونی پەندە کوردییەکانی کردووە کە ناوەڕۆکیـان یەکە و بەهـۆی جیـاوازیی دیالێکتەوە جیاییان تێ‌کەوتـووە و ، گـەلێ نموونـەی بـۆ ئـەم جیـاوازێ و یـەکێتییانە هێناوەتەوە (١٠٨) •

د• عیزەددین باسی ئەوەش ئەکا کە وشەی بێگانە زۆر جار کەوتووەتە پەندی کوردییەوە ، بەلاّم ئەلێ « لەگەڵ ئەوەشدا پەندی پێشینانی کوردێ ، وەك پەندی گـەلانی‌تر نرخ و بایـەخی گەورەی لـە زمانەکەیدایە ، واتە نموونەیەکی کوردیی پەتێ و سادەیە (١٠٩) » و گەلێ نموونەی بۆ ئەم قسەیەی هێناوەتەوە • باسی ئـەو پەندانەش ئـەکا کـە پەیوەنـدیان بە ڕووداوێکی مێژوویییەوە هەیە و ئەرکی ڕاست‌کردنەوەی هۆی داهاتنی ئەو پەندانە ئەخاتە سەر مێژوونوس (١١٠) •

باسی پەندی کۆمەلاّیەتێ و بەتایبەتێ پەندی سەبارەت بـە خێزان و ئافرەت و مێوانداریێ و دڵی دۆسـت و ناسـیاو و دراوسـێ ڕاگرتنیشی کردووە(١١١) • لە پەندی ئایینێ و ئەفسانەیێ دواوە (١١٢) و ڕەنگدانەوەی دەوری کولتووری عەرەبی لەناو پەندی کوردیدا باس‌کردووە(١١٣) و ، بایەخی بەو پەندانە داوە کە مرۆڤ ئەخەنە سەر ڕێگای خەبات و سەرشۆڕ نەکردن و ڕەوشتی بەرز (١١٤) و بەدرێژێ لەو پەندانە دواوە کە فەلسەفەی ژیانیان تیا

(١٠٨) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٢ ــ ٨٣
(١٠٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٤
(١١٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٥
(١١١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٠ و ١٠٤ ــ ١٠٥
(١١٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩١
(١١٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩١
(١١٤) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٥ ــ ١١٠

دەربڕراوە[115] و لە گەڵێ بابەتی‌تری ناوەڕۆکی پەندی پێشینان کۆڵیوەتەوە و بۆ هەموی نمونەی هێناوەتەوە •

لەم کورتە پیشاندانەوە ئەتوانین بڵێین کارەکەی د• عیزەددین لە ڕوی لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینانی کوردییەوە باشترین کاری زانیارییشە لەم مەیدانەدا لە کوردستانی عێراقدا کرابێ • کارێکی سەرکەوتووە و توانیویە ژیانی کوردەوارێ ، لە هەمو سەرێکیەوە لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینانەوە ، بخاتەڕو •

د• عیزەددین لەمکارەیدا ، یەك لەدوای یەك نمونەکانی گێڕاوەتەوە سەر سەرچاوەی لەچاپدراو و دەسنوس • گرنگترین سەرچاوەی پەندی د• عیزەددین چاپی یەکەمی پەندی پێشینانی خاڵ و ئەو کۆمەڵە پەندانەیە کە مامۆستا موحەممەدی مەلا کەریم کۆی کردونەتەوە و خستونیەتە بەردەستی بۆ کەڵك لێ وەرگرتینان[116] •

بەڵام ، وەك هەر کارێکی‌تر کە بکرێ ، کارەکەی د• عیزەددینیش خاڵی نییە لە هەندێ ناتەواوێ • ئەوەی من بمەوێ لێرەدا لێی بدوێم ، بەر لە هەرچێ ، مەسەلەی تێکەڵی یەك کردن و سەر لێ دەرنەکردنی پەندی پێشینان و قسەی‌نەستەقە • ڕاستەکەی (پەند) و (قسەی نەستەق) و (درکە ـ کینایە) و (حیکمە) و ئەمانە ، کێشەیەکی زۆریان لەسەرە کە

---

(115) سەرچاوەی پێشو ، ل ١١٠ ـ ١١٣

(116) پاشان ئەم پەندە دەسنوسانەی مامۆستا موحەممەدی مەلا کەریم بون بە سەرچاوەیەکی گرنگی چاپی دوهەمی کتێبی پەندی پێشینانی خاڵیش• (بڕوانە : شێخ موحەممەدی خاڵ ، پەندی پێشینان ، سولەیمانێ ، چاپخانەی کامەرانێ ، ١٩٧٠ ، چاپی دوهەم ، ل ٩ ـ ١٠) • ئێستاش ئەم پەندانە لە بەردەستی مندان و لە کاری ئامادەکردنی بڕوانامەکەمدا ، وەك سەرچاوەیەك کەڵکیان لێ وەرئەگرم .

چۆن سنوورێکی‌وایان لەنێواندا دابنرێ لەیەکیان جیا بکاتـەوە و تائیستاش زانایان نەگەیشتوونەتە ڕایەکی‌وا بتوانرێ بەگوێرەی ئەو ڕایـە هەرکام لەم بەشانە بەتەواوێ لەوانی کە جیا بکرێتەوە و . ئێرەش جێگـەی درێژە دان نییە بەم‌بابەتە • ئەوەی ئەمەوێ بیلێم ئـەوەتە کـە د• عیززەددینیش وەك گەلێکی‌تر مەسەلەکەی لێ ئاڵۆز بووە • بۆنموونە لەکاتێکا ئـەڵێ « پەندی پێشینان لە ناوەڕۆکدا لە قسەی نەستەقەوە نزیکە . بـەڵام هیچیان ناتوانن جێگەی ئەوی‌تریان بگرنەوە (١١٧) » کە ئەمە دیوارێکی ئەستوور لە نێوانی هەردوو جۆردا دائەنێ و ، زیاد لەوەش ئەڵێ « قسەی نەستەق کەمتر مەبەست ئەدا بەدەستەوە (١١٨) » واتە بەپێچەوانەی پەنـدی پێشینانەوە ، ئەوەندەی پێ ناچێ ئەگەڕێتەوە ئەڵێ « پەندی پێشینان ، یا قسەی نەسـتەق . ڕستە وتەیەکی کورتە ، مانایەکی فراوان و قووڵی تیایە (١١٩) » واتــە کردنیەوە بە یەك • دیسان دێ جیایان ئەکاتەوە و ئەڵێ « پەندی پێشینان زۆرجار ڕاستە و ڕاست ئەنجامێك ئەدا بەدەستەوە (١٢٠) » ، گورج جارێکی‌کەش ئەیانکاتەوە بە یەك و ئەڵێ : « پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بە زۆرتر قسەی گەلە و خاوەنەکەی دیار نییە (١٢١) » دوایێ هەموو قسەکەی لەسەر بناغەی دوین لە پەندی پێشینان ئەڕوا کە یا واتە قسەی نەستەقی پشت‌گوێ خسـتبێ ، یا هەردوو جۆرەکەی کردبێ بە یەك • ئەمە بە ڕای من ناتەواوییەکی گەورەیە و هەرچۆن بووە ئەبوو دانەر سنووری یەك‌گرتنەوە و لێك جوێ بوونەوەی هەردوو

---

(١١٧) د. عیززەددین موستەفا ڕەسووڵ ، ئـەدەبی فۆلکلۆری کورد ، بەغدا ، چاپخانەی (دار الجاحظ) ، ١٩٧٠ ، ل ٧٨ .

(١١٨) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٩

(١١٩) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .

(١٢٠) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .

(١٢١) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .

جۆرەکەی ڕۆن کردایەتەوە و لەسەر ئەو بناغەیە بڕۆیشتایە •

د• عیزەددین کە لەبارەی کتێبەکەی مامۆستا شاوەیسەوە دواوە ، ژمارەی پەندەکانی بە ٦٠٣ پەند داناوە [١٢٢] ، بەلام ژمارەی پەندەکان خۆیان ٦١٣ن و وەك ئێمەش لێی‌کۆلیوینەتەوە ٦١٢ن چونکە پەندێکیان دوجار وتراوەتەوە [١٢٣] •

لەبارەی (هەزار بێژ و پەند)ەکەی مامۆستا مەعروف جیاووکیشەوە ئەڵێ « هەزار پەندی پێشینانی کوردیی لەسەر پەیڕەوی تیپی هیجا کۆکردووەتەوە » [١٢٤] • بەلام ئەوەی ڕاستی بێ ، وەك پێشتر ڕۆنمان کردەوە زۆر کەم لە « پەند »ەکانی کتێبەکەی جیاووك پەندی کوردین و زوربەی هەرە زۆریان وتەی بێگانەن و تەنانەت خاوەن کتێب خۆیشی دان بەمڕاستیەدا ئەنێت و ئەبۆ د• عیزەددینیش ئەمەی پشت‌گوێ نەخستایە •

د• عیزەددین لە پێشەکیی باسی پەندی پێشیناندا باسی ئەو کەسانەی کردووە کە تائیستا لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردێ کۆڵیونەتەوە و کۆیان‌کردۆنەتەوە • بەلام ناوی ئەو کتێبانەی نەبردووە کە لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بلاو کراونەتەوە کە دیارە خۆیشی ئاگای لێیان هەیە • لە سەرێکی کەشەوە تەنها ئەو پەندانەی بەکارهێناوە کە لە کرمانجیی خوارۆدا بەکاردێن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کرمانجیی خوارۆ کە شارەزای دیالێکتی کرمانجیی سەرۆن •

---

(١٢٢) سەرچاوەی پێشو ، ل ٧٧ .

(١٢٣) بڕوانە : پەراوێزی ژمارە (٢١) .

(١٢٤) د. عیزەددین موستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبی فۆلکلۆری کورد ، بەغدا ، چاپخانەی (دار الجاحظ) ، ١٩٧٠ ، ل ٧٧

د. عیززەددین لەبارەی جۆری داڕشتنی پەندی پێشینانی کوردییەوە ئەڵێ : « زۆر جاریش هەیە پەندی پێشینان هۆنراو نییە ، بەڵام دوو بەشە و کۆتاییشیان بە « سەجع »ێکی یەك قافیە دێتەوە ، وەك ئەڵێ :

تەمەڵ ئەڵێ هەمووی ئەخۆم
دوایێ ئەڵێ چیم‌کرد بە خۆم

یاخود ئەڵێ :

حەوتی بمرێ لە باوان
سورمەی نابڕێ لە چاوان» (١٢٥)

وا دیمان د. عیززەددین ئەم پەندانـەی ، بەپێی بەڵگـە و قسەكانی سەرەوە ، بە هۆنراو دانەنا . بەڵام ئەگەر بێتو ئەم نموونانە بخەینە ناو کێشەوە ئەبینین هەموو مەرجێکی هۆنراویان تیایە . جارێ لەڕووی بەش‌بەش کردنی هەر نیوە دێڕێکەوە ، ئەبینین پەندی پێشوو دوو نیوە دێڕە و هەر نیوە دێڕێکی بریتییە لە (٨) بڕگە و لەڕووی قافیەشەوە ئاخریان جووتە : ئەخۆم ــ بە خۆم . پەندی دووهەمیش هەروا دوو نیوەیە و هەر نیوەی (٧) بڕگەیە و ئاخریشیان جووتە : باوان ــ چاوان .

کە باسی خاتوو ف. ئەریستەڤای ژنــە نووسەری سۆڤیەتیش ئەکا کە دەربارەی حیکایەتی میللی و پەندی پێشینــانی کوردی دواوە ، نــاوی ئەو سەرچاوەیە نابا کە ئەو ئافرەتە نووسیویە و ئەم لێیەوەی وەرگرتووە(١٢٦) .

★ ★ ★

لە ساڵی ١٩٧٠یشدا مامۆستا جەمــال بابــان وتارێکی لە (دەفتەری کوردەواری)دا بڵاو کردەوە لەژێر ناوونیشانی (قسە هەزارە، دوانی بەکارە ــ

(١٢٥) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٠ .
(١٢٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٠ .

لێکولینەوەیەکی پەندی پێشینان)دا (١٢٧) • نوسەر لێکۆلینەوەکەی بەسەر ئەم بابەتانەدا دابەش کردووە :

تەعریفی پەندی پێشینان
کورتیی پەندی پێشینان
پەندی پێشینان جێماوێکی کۆنە
پەندی پێشینان لە بیروباوەڕی گەلەوە هەلقولاوە
پەندی پێشینان لەئەنجامی تاقیکردنەوەو بەراوردەوە هەلقولاوە
کێ تائیستا لە پەندی پێشینان دواوە ؟
پەندەکانی پێشینان ئەبن بە چەند بەشەوە ؟

نوسەر بەپێی ئەم دابەشکردنەی سەرەوە لە پەندی پێشینان دواوە و ، گەلێ لەو فاکتانەی وتوەتەوە کە توژەرەوەکانی فۆلکلۆر و توانە و نمونەی بۆ ڕاستیی قسەکانی بە پەندی کوردێ هێناوەتەوە • ئیشارەتی بۆ ئەوە کردووە کە زۆر لە پەندەکان « بە زمان ئاژاڵ یا بێ گیانەوە وتراون ، کەچێ هەر لە ناخی دەرونی ئادەمزادەوە دەرچوون » (١٢٨) •

لە باسی (کێ تائیستا لە پەندی پێشینان دواوە ؟)دا ، ئەوانەی کردووە بە سێ تاقم (١) ڕۆژاواییەکان (٢) نوسەرەکانی لای خۆمان کە پەندیان کۆکردووەتەوە (٣) ئەوانەی بە کتێب یا بە وتار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانا لەسەر پەندی پێشینانیان نوسیوە و ناوی ئەوانەی هێناوە ، کە ئەوەندەی خۆی ئاگای لێ بێ تا ئەوکاتە لەمبابەتەیان نوسیوە •

چاوێکی سەرپێیی بە مێژوی سیاسێ و کۆمەلایەتیی کوردستانا گێڕاوە وەك بلێی بیەوێ لە سەرچاوەی پێکهاتنی یەکە یەکەی یا بەش بەشی

(١٢٧) دەفتەری کوردەواری • بەرگی یەکەم ، بەغدا ، کانونی دوهەمی ١٩٧٠ ، ل ٦٢ – ٨٤ •

(١٢٨) سەرچاوەی پێشو • ل ٦٦ .

پەندەکان بگەڕێ و ، دیارە ئەمە ڕێ و شوێنێکی زانستییانەیە ئەگەر نوسەر بۆی بکرێ بە باشی بۆی بڕوا • لێرەوەیە پەندی کوردیی بەگوێرەی بابەت دابەش کردووە و ڕەخنەی لە شێوەی دابەش کردنی پەند بەگوێرەی یەکەم پیت گرتووە •• هەر بۆیەش کتێبەکەی شاوەیسی لە سەرچاوەی‌تر زیاتر پەسەند کردووە • لەگەڵ دابەشکردنی پەندا بەگوێرەی بابەت نموونەشی هێناوەتەوە • ژمارەی ئەو پەندانەی نوسەر هێناونیەتەوە (٢٥٢) پەندە •

لە وتارەکەی مامۆستا باباندا وردە هەڵەیەکیش ئەبینرێ پێویستی بە پیاچوونەوەیە • گرنگترینی ئەو هەڵانە ئەوەیە مامۆستا لای‌وایە ئەگەر پەند « بەتایبەتی هیی کۆمەڵێك یا دەستەیەك یا چینێك » بێ نابێ بە فۆلکلۆر • خۆ دیارە پەندیش فۆلکلۆرە ، کەواتە « کەلەپور و جێماوی هەموو گەلە ، بە دەوڵەمەند و هەژار و جوتیار و کرێکار ، خوێندەوار و نەخوێندەوار ، پیر و جوان ، ژن و پیاو ، کوڕ و کچ ، پاشا و وەزیر ، کە ئەم پەندانەیان وتووە »[١٢٩] • پێشان ، تائیستا کەس نەیوتووە فۆلکلۆر ئەبێ هیی هەموو گەڵ بێ و نابێ هیی تەنها کۆمەڵێك‌یاچینێك بێ • ڕاستە لە هەرکام لە بەشەکانی فۆلکلۆردا ، فۆلکلۆری‌وا هەیە ، هیی هەموو گەلە و هەرکام لە چینەکانی کۆمەڵ بۆ سوودی خۆی مەعنای لێ‌ئەداتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا زوربەی فۆلکلۆر هیی هەموو گەل نییە • هەر سەرێك لە سەرەکانی ژیان فۆلکلۆری تایبەتیی خۆی هەیە و ، گەلێ سەری ژیانیش هیی چین و کۆمەڵی تایبەتیی کۆمەڵن • سەرەڕای ئەوەش پەندی پێشینان هەڵوێستنە ، باری سەرنجە • هەڵوێست و باری سەرنجی تێکڕای گەلیش لە کەم بابەتدا یەك‌ئەگرنەوە •

---

(١٢٩) سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .

مامۆستا پەندی پێشینانی واداوەتە قەلەم کە «نەنوسراوە،واتە نازانرێ کێ وتویەتی .. هەر ئەمەشە کـە لە قسەی نەسـتەقی جیـا ئەکاتەوە کە خاوەنەکانیان دیار و ناسـراون »(١٣٠) . بەلام لـەڕاستیدا وەنەبێ هەمو قسەیەکی نەستەق خاوەنەکەی دیار و ناسراو بێ و زوربەی قسەی نەستەقی کوردێ خاوەنی نەناسراوە . لە سەرەتای ئـەم وتارەدا بـەدرێژێ لەمبابەتە دواین و پێویست ناکا بگەڕێینەوە سەری .

هەر لە ١٩٧٠دا کچـە نوسـەر و شـاعیری کورد خورشـیدە بابان کتێبۆلکەیەکی بە ناوی (تیشك)ەوە دەرکرد . لـەو بابەتە جیاجیایانەدا ئەم کچە لە کتێبەکەیدا کۆیکردبونەوە (٤٠) پەند و قسەی نەستەقی کوردییشی جێکردبوەوە. شایانی وتنە پەندەکانی ئەم کتێبە هەمو لە پەندە ڕەسەنەکانن و لە ناخی ژیانی کوردوارییەوە هەلقولاون(١٣١)

لە هەمان سالدا د. جەمـال نەبەزیش لەژێر ناوی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە کوردستانا) کتێبێکی لە ئەلمانیاوە بلاو کردەوە . مامۆستا، لەبەر ڕۆناکیی ڕێ و شوێنی زانستدا لە ڕوی فۆرم و ناوەڕۆکەوە لە پەندی پێشینان دواوە . پێشەکییەکی بە ئەلمانێ بۆ کتێبەکەی نوسیوە و بابەتەکانی کتێبەکەی بەمجۆرە دابـەش کردووە : ڕاسـتێ ، میـوانداریێ ، بەخیلێ ، ڕەزیلێ ، خۆشەویستێ و بـاوەڕ ، هاوکارێ و یـەکێتێ ، ئـایین و باوەڕ ، لوتبەرزێ ، ڕەخنە لە ئایین ، ئافرەت ، خۆشەویستیی نیشتمان ، تەنیایێ ، شێوەی ژیانی کورد(١٣٢) .

(١٣٠) سەرچاوەی پێشو ، ل ٦٤ .

(١٣١) خورشیدە بابان ، تیشك ، سلێمانێ ، چاپخانەی کامەران ١٩٧٠ .

(١٣٢) د. جەمال نەبەز ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە کوردستانەوە، بەرلین ١٩٧٠ .

مامۆستا تێكستی پەندەكانی ، لەدوایی كتێبەكەیەوە ، بەكوردیش نووسیوەتەوە بە تیپی لاتینی و ڕیزی كردوون • ژمارەی پەندەكانی ئەم كتێبە ٥٠٧ پەندە •

مامۆستا ئەڵێ : « پەند و قسەی نەستەقی كوردی لە سروشتی كوردستان و باری ژیانی كوردەوە هەڵقوڵاوە و پەیدا بووە • ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لەناو پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا بەجوانی دەرئەكەوێ و وەكو ئاوێنە ژیانی كورد و مێژووی كوردمان پیشان ئەدا » •

دانەر لە دوایی كتێبەكەیەوە ئەڵێ « تائیستا پەند و قسەی نەستەقی كوردی زۆر كۆكراوەتەوە و بڵاو كراوەتەوە ، چ لەلایەن كوردەكانەوە چ لەلایەن بێگانەوە • بەڵام زۆرترینی ئەو كتێبانەی كۆكراونەتەوە ، بەپێی بابەت بەش بەش نەكراون و بەشێوەیەكی زانستی لێیان نەكۆڵراوەتەوە • لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی كە كۆكراوەتەوە هەر یەكە لە جێگا و شوێنێكی تایبەتی ناچێتە دەرەوە ، بێ ئەوەی تەماشای ئەوە بكەن كە ئەوە كەرەسەیەكی گرنگە بۆ پاشەڕۆژ و لێكۆڵینەوەی زانستی» • هەروەها ئەڵێ : «یەكەمجارە من بەشێكی زۆر پەندی كوردی لە چەند ناوچەیەك بەراورد ئەكەم بەپێی ناوەڕۆك و ئەگەمە ئەو ڕاستییە كە زۆرترین لەو پەندانە بە هەموو كوردستانا بڵاوبووەتەوە ، هەرچەندە لەڕووی دیالێكتەوە ئەگۆڕێن » •

ئەمەوێ بەدوای ئەم قسانەی دە نەبەزدا بڵێم بەداخەوە جۆری دابەش كردنەكەی ئەویش جۆرێك نییە سەرەكانی ژیانی كوردەواری بخاتە چوار چێوەی واوە، خوێندەوار لێیەوە ئاگادار بێ لە هەموو سەرێكی ژیانی گەل و جۆری بیر كردنەوەی• ئەو وردە بابەتانەی ئەو دایناون تێكڕا لقی بابەتێكی

گشتین کە ئەتوانین نـاوی لێ‌بنێین (کۆمەڵایەتی)• کۆنەکراوەیی پەندی تێکڕای کوردستانیش لەکتێبێکا تائیستا ئەنجامی باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانە و هیچ نوسەرێك ئیستاش لەتوانایا نییـە پەندی پێشینانی هەمو کوردستان بخاتە کتێبێك ، مادەم تەنانەت توانـای ئەوەشی نییە گەشتێکی سەربەست بە هەمو لایەکی کوردستانا بکا • لە ڕۆژی ئەمڕۆدا هەر ئەوەندە ئەکرێ نوسەری هەرلایەکی کوردستان پەند و فۆلکلۆری‌تری ناوچەکەی خۆی کۆکاتەوە و ، لە بەرهەمی ئەو کۆکراوە جیا جیایانەوە پەندی پێشینانی یەکگرتوی هەمولایەکی کوردستان بکەین بە کتێبێك ••

ئەو ڕاستییەش کە مامۆستا ئەڵێ یەکەمجارە خۆی پێی‌گەیشتووە کەوا ناوەڕۆکی پەندی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەریەکە و جیاوازییان تەنها لە دیالێکتایە ، لەمێژە بەر لەو خەڵکی‌تر ، نەك تەنها یەك و دو ، بەڵکو هەمو ئەوانەی لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە لـە فۆلکلۆر ئەکۆڵنــەوە پێی گەیشتون و تەنانەت ئەوەشیان وتووە کەوا نەك تەنهـا بەشەکانی گـەلێك، بەڵکو چەند گەلی ژیان چونیەکیش پەندیان وەك یەك وایە و ، من خۆیشـم لەموتارەدا ئەم ڕاستییەم خستووەتە ڕو •

★ ★ ★

لە کوردستانی ئێرانیشــدا مامۆستا قــادری فەتتـاحیی قاضی کە لە کوللییەی ئەدبیات و عولومی ئینســانیی زانکـۆی تەوریز کـار ئەکات ، هەولێکی باشی بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردەکانی ئێران داوە و ، لە گۆڤاری (دانشکدەء ادبیات و علوم انسانی)دا وتارێکی بەبایەخی لە بارەی پەندی پێشـــینانی کوردییەوە لە ڕوی وێچونیــەوە بە پەندی فارسی بڵاو کردووەتەوە بە نــاو و نیشانی

(امثال و تعبیرات کردی و معادل برخی ازآنها در زبان فارسی) [۱۳۳] . لەو وتارەدا پتر لە ۲۰۰ پەندی کوردی ئێرانی هۆنیوەتەوە و بە زمـانی فارسی شیی کردۆنەتەوە و هەندێ جاریش پەنـدی هاوبەشـی کوردیی و فارسیی نوسیوە. مامۆستا لەم وتارەیدا لەبارەی ڕستەی کینایە و مەتەڵە (لغز)یشەوە دواوە و لەگەڵ هیی فارسیی بەراوردی کردون .

مامۆستای ناوبراو لە هەمان گۆڤاردا وتارێکی‌تریشـی بـە نـاوی (گزیدەیی از لغات و عبـارات کردی) [۱۳٤] واتـە هەندێکی هەڵبژاردە لە وشە و ڕستەی کوردیی نوسیوە . لەم وتارەشیدا کۆمەڵێك پەندی کوردیی بڵاو کردووەتەوە .

لە کوردستانی ئێرانـدا بابـەتیی‌تریش لەبـارەی پەنـدی پێشینانی کوردییەوە بڵاو کراوەتەوە چ لە تویێی کتێبە فارسییەکان و چ لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ، بەڵام بەداخەوە دەستمان نەکەوتن تا لێیان بنوسین . هەروەها بابەتی نوسراویش هەیە کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە [۱۳۵] .

★ ★ ★

(۱۳۳) قادر فتاحی قاضی ، امثال و تعبیرات کردی و معادل برخی از آنها در زبان فارسی ، نشریهء دانشکدهء ادبیات و علـوم انسانی ، سـال ۲۳ ، شماره ۹۷ ، ۹۸ ، ۹۹ ، ۱۰۰ ، تبریز ، ۱۳۵۱ (۱۹۷۲) .

(۱۳٤) سەرچاوەی پێشـو ، گزیدەیی از لغـات و عبارات کـردی ، شمارەء تابستان ۱۳۵۲ (۱۹۷۳) .

(۱۳۵) بۆ نمونە زانای فۆلکلۆریستی ئێـرانیی (امین قلی امینی) کە خاوەنی ڕۆژنامـەی (اصفهان) بووە ، پتر لە ۱۸ ساڵ خۆی بـە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری گـەلانی ئێرانەوە خەریـك کردووە . ئەم زانایـە بابەخێکی باشیشـی بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری دیالێکتی لوڕیی داوە ـ کە یەکێکە لە دیالێکتە سەرەکییەکانی کوردیی . (بڕوانە : عبدالخالق کور اوغلی ، امثال و حکم فارسی ، ص ۱۱ ، مسکو ۱۹۶۱) .

لە ساڵی ١٩٧٢دا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی بەرگی یەکەمی کتێبی (پەندی کوردی)ی بڵاو کردەوە • پەندەکانی ئەم کتێبە بەپێی ئەلفوبێی عەرەبی ڕیز کراون • بایەخی کتێبەکەی مامۆستا دەشتەکی زیاتر لەوەدایە کە لە ناوچە و هەرێمێکی دیاری کۆی کردۆتەوە و نەشگەڕاوەتەوە سەر سەرچاوەکانی تری پەندی پێشینانی کوردی کە پێشتر بڵاو کراونەتەوە • جا ئەگەر ئەوە ڕەچاو کەین کە ئەو ناوچەیەی مامۆستا دەشتەکی پەندەکانی تیا کۆکردووەتەوە ، کە دەشتی هەولێر و ناوچەی ڕەواندزە ، پێشتر پەندەکانی لەچاپنەدراوە ، بۆمان دەرئەکەوێ زوربەی پەندەکانی کتێبەکەی دەشتەکی بۆ یەکەمجارە ئەخرێنە ژێر چاپ •

دەشتەکی هەوڵی داوە ڕاناوی جیا لە شێوەکانی زمانی کوردیدا ڕۆن بکاتەوە بۆئەوەی لە هەر ناوچەیەك پەندەکە بەوشێوەیە بخوێننەوە کە لێی تێ ئەگەن • خۆیشی پەندەکانی چۆن گوێ لێبووە ، هەر بەو شێوەیەی نوسیونەتەوە• ئەمەش کارێکی زۆر باش و بەجێیە لە ڕوی پاراستنی تێکستی پەندی پێشینان و کەلەپوری نەتەوەییمانەوە •

دانەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا بەپێی توانا لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی پەندی کوردی دواوە • ئیشارەتیشی بۆ ئەوە کردووە کە پەندیوامان زۆرە لەگەڵ پەندی گەلانی تردا لەیەك ئەچن • باسی ئەوەشی کردووە کە زۆرجار پەندی پێشینانی کوردی بەپێی کات و شوێن و دیالێکتی قسە پێکردن گۆڕانی بەسەردا دێ •

دەشتەکی هەوڵیداوە ، بەگوێرەی توانا ، وشە گرانەکانی پەندەکان لێك بداتەوە ، کەوا لە دیالێکت یا لە بێچوە دیالێکتەکانی تری کوردیدا نین و کەمکەس واتایان ئەزانێ • ئەمە سەرەڕای یارمەتیدانی زانینی مەعنای

پەندەکان ، لەڕوی فەرهەنگکاریی کوردیشەوە کارێکی گرنگە • دانەر جاروبار وردە مەعنایەکی تێکڕای پەندەکە و شوێنی بەکارهێنانیشی ڕون کردووەتەوە •

لەم کتێبەی مامۆستای دەشتەکیدا ١٢٧١ پەند کۆکراوەتەوە •

ئەو ڕەخنانەی ئەشێ لەم کارەی مامۆستای دەشتەکی بگیرێن ئەمانەن :

١ ــ کورتیی لێکدانەوەی واتای پەندەکان لەو شوێنانەدا کە واتای لێکداونەتەوە و ، لێکنەدانەوەی زۆریان •

٢ ــ هەوڵنەدانی نوسینی چیرۆکی داهاتنی پەندەکان، ئەوەی زانیبنی •

٣ ــ لێکنەدانەوەی گەلێ وشەیتر کە لە ناوچەکانیتری کوردستانا بەئاسانی خەڵك لێیان حاڵی نابن • لەوانەیە دانەر خۆی ئەم وشانەی بەلاوە ئاسان بوبێ ، بەڵام مەرج نییە بۆ خەڵکیتریش ئاسان بن •

٤ ــ هەوڵنەدان بۆ نوسینی شتێك لەبارەی چۆنیەتی و سەردەمی کۆکردنەوەی پەندەکانەوە •

دانەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا باسێکی بە ناوونیشانی (ناتەواوی و کەموکورتیی هەندێك لە پەندەکانمان) نوسیوە ، تیا ئەڵێ : « بڵاوبونەوەی پەند لەم زار بۆ ئەو زار ••••• دو لقی لێ دەکاتەوە • یەکەمیان بەرەو چاکەی دەبات کە کورتیی ڕستەکە و ڕێکوپێکیی داڕشتن و ساز و ئاوازەدار و فراوانیی باسەکەیە • دووەمیان بۆ چەوتی و سەر لێشێوانی گوزارەکەی دەبات وەکو ئەم نمونە : گۆشتی ڕان ــ گونی خۆم دەخۆم ، منەتی قەساب هەڵناگرم » و ئەڵێ : « ئەم پەندە لەگەڵ ڕاستی و ڕوداو یەك

ناگرتەوە» (١٣٦) . دەشتەکێ وای بۆچووە وەختیخۆی کابرایەکی قەساب نازێکی زۆری بەسەر یەکێکیکەدا کردووە کە حەیوانێکی بۆ سەر بڕیوە و کابرای ناز بەسەرا کراو لەداخانا ئەم پەندەی وتووە و ، ئیستاش بۆ مەعنایەکیتر بەکاردێ و ئەم مەعنایە بەرەو خراپێ بردنی مەسەلەکەیە . ئێمە ئەلێین ئەگەر ڕاستیش بێ سەرچاوەی داهاتنی پەندەکە وابێ کە ئەو ئەیلێ ، ناوەڕۆکەکەی هەر ئەوە بووە و هەر ئەوەیە بنیادەم تا بتوانێ چاو لە دەستی کەس نەبێ و منەتی کەس هەلنەگرێ و خۆی کاروباری خۆی جێبەجێ بکا . کەواتە ئیترچۆن پەندەکە بەلای خراپیدا ڕۆییوە ؟ نازانین !

دانەر ئەلێ « لەم سەدەی بیستەمە پەند نەگوتراوە » (١٣٧) ئەم قسەیە ئیدیعایەکی بێبەلگەیە . ژیان سەرچاوەی پەندە . تا ژیان هەبێ و تا تاقیکردنەوەی نوێ بدا بەدەستەوە ، پەندی تازەش دێتە کایەوە . ئەگەر مامۆستا لەو ڕووەوە بۆ ئەم بابەتە بچوایە کە پەند بەرهەمی ئەو سەردەمانەیە خەلك بە تێپەڕینی سالەها و بە تۆشبونی دەیان کارەسات ئەگەیشتنە دۆزینەوەی یەکێ لەو ڕاستییانەی پاشان لە پەندەکانیانا تۆماریان کردوون و ئەمڕۆ دۆزینەوەی ڕاستێ زۆر زۆر لە جاران ئاسانترە و خستنە مێشکیشی دەیان قات زیاتر و پێویستیش بەوە نییە لەڕێگای پەندەوە بە وەچەکانی نوێیان بگەیەنین ، قسەکەی ڕاست و ورد و زانستییانە ئەبێ . بەلێ بێگومان لەم چەرخەدا پێویست بە پەند داهێنان زۆر لەجاران کەمترە ، بەلام لەگەل ئەوەشدا پەند هەر دایەت و لەمەوپاشیش هەر دایەت . بۆنمونە مامۆستا چێ ئەکا لە پەندێك یا کینایەیەکی وەك « قسە گومرگی لەسەر نییە » ؟ خۆ

(١٣٦) عومەر شێخەلا دەشتەکێ ، پەندی کوردێ ، بەرگی یەکەم ، هەولێر ، چاپخانەی کوردستان ، ١٩٧٢

(١٣٧) سەرچاوەی پێشێ ، ل ٩ .

دیارە ئەم پەندە یا ئەم کینایەیە بەرهەمی سەردەمی بوونی گومرگە و ، گومرگیش لە کوردستانی ئێمەدا بەرهەمی پاش جەنگی یەکەمە ٠

لەگەڵ ئەوەدا کە سەرەتای کتێبەکەی مامۆستا دەشتەکی هەندێ ناتەواویی ڕاستەقینەی تیایە لەبارەی واتا بەدەستەوە دانەوە (بۆنموونە بڕوانە بابەتی : هۆی هەرە گرنگی ناتەواویی پەندەکانمان ئەمانەن ، ل٨)، خاڵیش نییە لە هەندێ سەرنجی زیرەکانە ، بۆنموونە وەك ئەوە کە پێویستە لێکۆڵەرەوەی پەند « هەر لە منداڵییەوە لە بنەماڵەیەك پەروەردە بوبێت زاراوە و خوازەکانیان باش تێبگات » [١٣٨] واتە ، لەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا ژیابێ کە پەندیان تیا بەکاردێ و بە زمانی گەل ئەدوون ٠ ئەمە ڕاستییەکی وردە بۆ پشت گوێ خستن ناشێ ٠ یاخود وەك ئەوە کە ئەڵێ « لە کۆکردنەوەی پەنددا دەبێت زۆر ورد بیت ، چونکە لە گفتوگۆ کردنەکەدا قسەکەر بۆ مەبەست ڕاگەیاندنەکە کەمێکی کەم دەڵێت » [١٣٩] ٠

★ ★ ★

باشترین لێکۆڵینەوەی زانستییانە و کۆکردنەوەی پەندی پێشینان ئەوەی (دوکتۆر ئۆردوخان و جەلیلی جەلیل)ە کە لە ساڵی ١٩٧٢دا لە مۆسکۆ لەچاپدراوە بە ناوی (مەسەلە و مەتەڵۆکی کوردا ڤی زمانێ کوردێ و ڕۆسێ) ٠

ئەم کتێبە بەمشێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە: (١) سەرەتا کە بریتییە لە پێشەکییەك بە ڕۆسێ و کوردێ ـ شێوەی کرمانجیی سەروو بە تیپی لاتینێ ٠ پێشەکییەکە بە دوو زوبانە و ٤٢ لاپەڕەی گرتووەتەوە ٠ (٢) پەند و قسەی

(١٣٨) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨ ٠

(١٣٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩ ٠

نەستەقی دیالێکتی کرمانجیی سەرۆ • لەم بەشـەدا ١٦٤٩ پەنـد و قسـەی نەستەقی کوردەکانی ئەرمینیا و گرۆزیای سـۆڤیەت و کوردەکانی سۆریا کۆکراوەتەوە • (٣) پەند و قسەی نەستەقی سۆرانی کە بریتییە لە ٥٣٢ پەند لە کتێبەکەی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵیـان وەرگرتووە • (٤) نوکتە یاخود قسەی پێکەنین لە هەردۆ دیالێکتەکە کە (٣٨) پەند و قسەی نەستەقی تیایە • (٥) وەرگێڕانی پەند و قسەی نەستەق بۆ سەر زمانی ڕۆسـی بەپێی تیپی ئەلفوبێی ڕۆسی • (٦) نیشانە بۆ دانان بەپێی ئەلف و بێی ڕۆسی بـۆ پەند و قسە نەستەقەکان کە وەك نوکتە وان و کراون بە ڕۆسی (٧) لیستەی نیشانە کورتکراوەکان •

ئەم کتێبە لە ٤٥٥ لاپەڕەدا تەواو بووە •

دانەرانی ئەم کتێبە لە تەنیشت پەندەکانەوە ئیشارەتی ئەو پەندانەشیان کردووە کە لێیان ئەچن لە هەردۆ شێوەکەدا و ، لەسەر هەر پەندێك ژمارەی ئەو پەندەیان نوسیوە کە پەندی چەندەمە لە سەرەتاوە تا ئەو شوێنە • ئەمەش بۆ ئاسانکردنی کاری توێژەرەوە شتێکی بەبایەخە •

د• ئۆردۆخان و د• جەلیلی جەلیلی برای لەبارەی ناوەڕۆکی فۆلکلۆری کوردییەوە ، کە پەندیش بەشێکی گرنگیەتی ، ئەڵێن : لە فۆلکلۆری کوردیدا ڕەنگدانەوەی مێژۆی میللەتی کورد دەرئەکەوێ •• فۆلکلۆر پەیوەستە بە چارەنوسی کوردەوە ، لەناویا ڕوخسـاری هونەری و فەلسـەفەی میللەت دەرئەکەوێ •

جۆتە برا لەو کوردناسـە ڕۆس و ڕۆسـیاییانە دواون کـە لەبارەی فۆلکلۆری کوردەوە، بە گشتی، کۆلیونەتەوە وەك ئابۆڤیان و،ف•یا•ماڕ و، گۆریفسکی و ، مینۆرسکی • ئەیگێڕنەوە کە ئەمانە وتویانە میللەتی کورد

فۆلكلۆرێكی دەوڵەمـەندی هەیە ، ئەگـەر یەكێك ویستی لـە مێژو و ئەتنەگرافیا و فەلسەفە و زمانی كورد بكۆڵێتەوە ، ئـەبێ لـە فۆلكلۆرەوە دەست پێ بكا كە سەرچاوەی هەمو ئەمانەیە .

دانەرەكان پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی كوردیان دابەش كردووە بەپێی بابەت و بۆ هەر بابەتێـك چەند نمونەیەكیان هێناوەتەوە . بابەتەكان وەك ئیش ، سەربەستی ، ئازادی ، میـوان پەروەردە كردن ، جیـاوازیی دەوڵەمەند و هەژار و ناكۆكیی نێوانیان ، دەوری پارە ، ئایین و شێخ و مەلا ، كۆمەڵ و برایەتی و یەكێتی ، دەوری ئافرەتی كورد و خەباتی ئافرەتی كورد .

لە بابەتی ڕوخساری پەندی پێشینانا مامۆستایان د . ئۆردوخان و دە جەلیل لەبارەی خاسیەتی شیعریی پەند و قسەی نەستەقەوە ئەڵێن :

« هەندێ پەندی پێشینان پێكدێن لە دو یاخود سێ نیوە دێڕە شیعری خاوەن وەزن و قافیە و هەندێ جاریش پتر .. » . « زۆرجاریش كۆبونەوەی وەزن لە پەندی پێشینان و قسـەی نەسـتەقی كوردیدا جـۆرە ئاوازێكی مۆسیقاییی ئەداتێ » (١٤٠) .

دانەران لە بەشی سێهەمی پێشەكیی كتێبەكەدا بایەخیان داوە بە باسی ئەو كەسانەی تائێستا لە پەند و قسەی نەسـتەق كۆڵیونەتەوە یـان كۆیان كردووەتەوە یا لەسەر پەند وتاریان نوسیوە . ئەوەی لەم مەیدانەدا سەرنجی ڕاكێشاین ئەوەتە ئیشارەتیان بۆ كتێبـەكەی (جگەر خوێن) و كتێبەكەی (جەمیل كەنـنـە) نـەكردووە كە لە سـاڵانی ١٩٥٧ و ١٩٥٨دا لـە سوریا دەرچوون . لەمبەشەدا بەدوای ئەو سەرچاوانەدا گەڕاون كـە بـە یەكەم

---

(١٤٠) ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل ، مەسەلە و مەتەڵۆكی كوردا فی زمانێ كوردی و ڕوسی ، ل ١٤ ، مۆسكو ، ١٩٧٢ .

سەرچاوی کۆکردنەوەی پەندی کوردیی ئەژمێررێن لـە ڕۆسـیا و یەکێتیی سوڤیەتدا •

دانەران هەوڵیانداوە پەندی پێشینان و قسەی نەســتەق لە بەرهەمی شاعیرە کلاسیکەکانی کوردیش دەربێنن ، وەك (عــەلیی حەریری) و (مەلای باتێ) و (مەلای جزیری) و (ئەحمەدی خانیی) و (فەقێی تەیەران) •

کارەکەی مامۆستایان ئۆردۆخان و جەلیلی جەلیل ، سەرەڕای ئەوە کە کارێکی زانستییانەی پوختە ، دەورێکی کاریگەریشی هەیــە بۆ ناساندنی گەلی کورد و قسەی نەستەق و پەندی پێشینــانی کورد بە گەلانی یەکێتیی سۆڤیەت و هەمۆ ئەوانەی شارەزای زمانی ڕۆسین •

★ ★ ★

لە ساڵی ١٩٧٤یشدا مامۆستا موحەممەد کەریم شەریف (فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواریی)ی بـڵاو کردەوە • دانــەر لــەم کتێبەیدا (٥) لاپەڕەشی بۆ (پەند) تەرخان کردووە و ٤٦ پەندی ناوچەی دەشتی هەولێر و ڕەواندز و کرمانجیی سەرۆی بڵاو کردووەتەوە [١٤١]• لە ڕیزی فەرهەنگۆکی دواییی کتێبەکەشیدا وشە گرانەکانی لێکداوەتەوە •

★ ★ ★

سەرەڕای ئــەم بەرهەمــە لەچاپدراوانە ، هێشــتا گــەلێ بەرهەمی دەستنوسیش هەیە ، هیوامان وایە بۆیان هەلکەوێ بڵاو بکرێنەوە •

١ ـــ پرۆفێســەر قەناتی کوردۆ پتر لە ٦٥٠ پەند و قسەی نەســتەقی

(١٤١) موحەممەد کەریم شــەریف ، فۆلکلــۆری هۆنراوەی کــوردەواریی ، کەرکوك ، چاپخانەی شیمال ، ل ١٣٣ــ١٣٧ •

کرمانجیی سەرۆ و خوارۆی کۆکردووەتەوە و.بە تیپی لاتینی نوسیونیەتەوە و بە ڕۆسی واتایانی لێكداوەتەوە .

٢ ـ ئی. ئی. تسوکرمان لە ١٩٧١ەوە کتێبێکی ئامادە کردووە بۆ چاپ ، کۆمەڵێ پەند و قسەی نەستەقی کوردییشی تیایە .

٣ ـ موحەممەدی مەلا کەریم نزیکەی ١٨٠٠ پەندی پێشینانی کۆکردووەتەوە .

٤ ـ ع . ع . شەونم نزیکەی ٤٠٠ پەندی کۆکردووەتەوە .

٥ ـ مستەفا بەرزنجی نزیکەی ٢٠٠ پەندی کۆکردووەتەوە .

٦ ـ خاوەنی ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٧١دا لە گەڕەگی چوارباخی سلێمانی نزیکەی ٨٠٠ پەند و قسەی نەستەقی لە دەمی چەند ئافرەتێك کۆکردووەتەوە و چیرۆکی هەندێکیشیانی نوسیوەتەوە .

ئەنجام

ئەو پەند و قسەی نەستەقە کوردییانەی تائیستا بڵاو کراونەتەوە لە کتێب و دەستنوس و گۆڤار و ڕۆژنامە و شوێنەکانیتردا ئەگەنە ٣٠ هەزارێك. لەوانەیە بتوانین بڵێین ئەگەر دوبارە کراوەکانیان لێ دەرکەین ڕەنگبێ ١٠ هەزارێکیان بمێنێتەوە .ئەمەش بۆ خۆی نیشانەی دەوڵەمەندیی پەندی پێشینانی کوردە و ئەوە ئەگەیەنێ کە پەند و قسەی نەستەقی کوردی لە هەر بابەتێکیتری فۆلکلۆری کورد بایەخی زۆرتر دراوەتێ .

ئەوەی لەپاش لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینانەوە سەرنج ئەدرێ ئەوەتە کە :

١ ــ ئاگاداریَ لەبارەی ســەرەتای داهــاتنی پەندەکــان و چیرۆکی پەیدابوونیانەوە زۆر کەمە •

٢ ــ لە زۆر لادا شوێنی ڕاستەقینەی بەکارهێنانی پەند نازانریَ •

٣ ــ هێشتا کارێکی زانستیَ نەکراوە بو لێك جویَ کردنەوەی پەند و قسەی نەستەق و ڕستەی چواندن (تەشبیە) و درکە (کینایە) لە کوردیدا •

٤ ــ لێکۆڵینەوەیەکی ئــەوتۆ چ لەبــارەی ڕوخســار و چ لەبارەی ناوەڕۆکی پەندی کوردییەوە نییە و ، تائیستا دەوری پەندی پێشینان لەبارەی زمانەوانییەوە نەکراوە بە بابەتی لێکۆڵینەوە •

٥ ــ ئەوانەی پەنــدی پێشــینانیان کۆکردووەتەوە باســی ئەوەیان نەکردووە ئەو پەندانەیان کەی و چۆن و لە کیَ وەرگرتووە •

٦ ــ پەندی پێشینانی کوردستانی تورکیا (ئەوەندەی من ئاگام لــیَ بیَ) و هیی دیالێکتی هەورامیَ و فەیلیَ و لوڕیَ هێشتا بلاونەکراوەتەوە •

دواوتــە

پاش ئەوەی لە گەلیَ لای کوردستانا کتێب لەبارەی پەندی پێشینانی کوردییەوە بلاوکرایەوە و گەنجینەیەکی باشی پەندی پێشینــانی زوربەی ناوچەکانی کوردســتانمان لە بەردەستــا کۆبووەوە ، بە پێویســتی ئەزانم پێشنیارێك بخەمە بەردەمی کۆڕی زانیــاری کورد کە لیژنەیەکی کــارامە پێکەوە بنیَ بــۆ یەکخســتن و پاکژکردنی هەمــوَ ئەو پەندانــەی تائیستا

كۆكراونەتەوە و كردنیان بە كتێبێكی یەك پارچە و یەكگرتو • هەروەها كاتی ئەوەش هاتووە ئەوانەی بەخۆیانا ڕائەپەرمۆن ، پەندی پێشینان بخەنە بـەر تیشكی لێكۆڵینەوەی زانستی لە هەمو سەرێكی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە و ، ئەم كەلەپورە نەتەوەییە گرانبەهایەمان بـە لێكۆڵراوەیی بخەنە بەردەستی خوێندەوارانی گەلەكەمـان •

★ ★ ★

ملخص المقـال

تاريخ جمع الامثال الشعبية الكردية ودراستها وتقييم الاعمـال المنجزة حتى الآن في هـذا المضمار

شكرية رسـول

تتحدث صاحبة المقال الآنسة شكرية رسول ، وهي طالبة دراسات عليا في موضوع الفولكلور في موسـكو ، في البـداية ، عن الفولكلور الكردي بوصفه مظهرا من مظاهر التكوين النفسي المشترك لدى الامة الكردية ، وعن الامثال الشعبية الكردية بوصفها ذلك القسـم من الفولكلور ، الذي عنى به اكثر من غـيره •

وبعد ان تستعرض المصطلحات التي تطلق على الامثال والحكم الشعبية في مختلف انحاء كردستان ، وتذكر التعاريف الدارجة حتى الآن للمثل الشعبي والحكمة الشعبية ، تبين ان غرضها من كتابة مقالها انما هو استعراض الكتب التي تضم بين دفتيها الامثال الكردية او تعنى بدراسـتها ، ونقد تلك الكتب وتقييمها • فتبين ان العنـاية بالفولكلور الكـردي عموما انما نشأ اول مرة في خارج كردستان ذاتها • وتستعرض الاعمـال المنجزة حتى الآن ، وفق ما توصلت اليـه هي من معلومـات ، بادئـة بمخطوطة ماتينـدران في ارمينيا السوفياتية التي يعود تاريخها الى عام ١٧١١ ومارة باعمال المستشرقين الروس پ• ليرخ و يگيزاروف و سركيس آيكونى والمستشرق الالماني اوسكارمان وغيره والبحاثة الانگليزي ى• نوئيل • ثم تعود الى الوطن لتتحدث عن اول

مصدر كردي في العراق بل وخارجه الا وهو كتاب (اقوال السلف) للمرحوم اسماعيل حقي شاويس المطبوع في عـام ١٩٣٣ فتستعرضه وتتحدث عن محتوياته وتقيمه وتنقده •

لقد درجت كاتبة المقال على ملاحظة التسلسل الزمني • ولذلك فما ان تتفرغ من عرضها لكتاب شاويس حتى تتصدى لكتاب المستشرق الفرنسي (اوريان تاليست) الصادر ايضا في عام ١٩٣٣ وعن اعمال جرت في الاتحاد السوڤياتي حيث صدر (الفولكلور الكرمانجي) في يريڤان عام ١٩٣٦ من قبل حاجى جندى وامين عبدال • تعقب ذلك بحديث مسهب عن كتاب (الف مقولة وحكمة، بغداد ١٩٣٦) للكاتب الكردي المرحوم معروف جياووك • فتستعرض الكتاب وتبين مزاياه وسقطاته • اما الكتاب التالي الذي تتحدث عنه الكاتبة فهو (تاريخ الادب الكردي ، بغداد ١٩٥٢) للاستاذ علاءالدين السجادي ، وفيه فصل عن الامثال الشعبية تجعل منه الكاتبة موضع دراسة ونقد وتقييم كما تتحدث بعد ذلك عن دور الصحف والمجلات الكردية في العراق وخارجه في نشر الامثال الشعبية الكردية • وياتي الدور فيما بعد الى الموسوعة المثلية للشيخ محمد الخال (اقوال السلف ، بغداد ١٩٥٧) التي تفرد الكاتبة لها فصلا خاصا في العرض والنقد والتقييم • كما تتحدث كذلك عن كتاب للشاعر الكردي من سوريا (جگر خوين) الموسوم (اقوال السلف ، ١٩٥٧) وعن كتاب لجميل كنة بعنوان (تعريب حكم وامثال كردية ، حلب ١٩٥٨) •

وعلى هذا النحو تواصل الكاتبة عرض محتويات الكتب المختلفة الصادرة عن الامثال الشعبية الكردية ودراستها وبيان نواحيها الايجابية والسلبية ، فتستعرض كلا من (نظرة من باب الفولكلور الكردي ، نقابة المعلمين في اربيل ، بغداد ١٩٦٠) و (امثال وحكم شعوب الشرق ، موسكو ١٩٦١) ، و (لغة اكراد آذربايجان ، موسكو ١٩٦٥) و (اكراد ما وراء القفقاس ، موسكو ١٩٦٦) • ويشغل نقد وتقييم كتاب (دراسة الادب الكردي الحديث ، ساجد

آواره ، السليمانية ، ١٩٦٧) في فصله الخاص بالفولكلور مجالا خاصا. يعقبه الحديث عن كتاب لعثمان شارباژيرى (الروضة ، ١٩٦٩). الا ان دراسة كتاب الدكتور عزالدين مصطفى (ادب الفولكلور الكردي ــ دراسة) بما فيه من تخصص منهجي في الموضوع ، يحظى باهتمام خاص في العرض والدراسة . ففي الكتاب ، ضمن مواضيعه المتعددة ، فصل خاص بالامثال الشعبية ، جعلت منه الكاتبة مدار حديثها .

وفي المقال عرض ونقد لمقال للسيد جمال بابان نشره في دورية (دەفتەرى كوردەوارى) في عام ١٩٧٠ . وكذلك لكتاب الدكتور جمال نبز (امثال وحكم من كردستان). ومقالين لقادرى فتاحى قاضي من ايران وكتاب للسيد عمر شيخلا دشتكى بعنوان الامثال الكردية . وكتاب الامثال والحكم الكردية باللغتين الكردية والروسية للاخوين اوردوخان جليل و جليلى جليل الصادر في موسكو عام ١٩٧٢ والذي تصفه الكاتبة بانه احسن دراسة علمية . ويقع هذا الكتاب في ٤٥٥ صفحة . واخيرا كتاب لمحمد كريم شريف بعنوان فولكلور الشعر الكردي وفيه فصل عن الامثال الشعبية الكردية ، وتشير الكاتبة الى كتب لم يتسن لها بعد ان تنشر .

لقد ضمنت الكاتبة مقالها آراء ناضجة في مجال نقدها وتقييمها للاعمال التي استعرضتها . وفي الختام عرضت النتائج التي توصلت اليها من خلال بحثها ، وهي :

١ ــ انعدام المعلومات تقريبا عن منشأ ظهور معظم الامثال والقصص التي تبني عليها .

٢ ــ جهل الكثيرين بمجال ايراد الامثلة .

٣ ــ عدم وجود دراسات علمية لاعطاء تعاريف جامعة مانعة للامثال والحكم والكنايات والتشابيه في اللغة الكردية .

٤ ــ عدم وجود دراسات علمية وافية للمثل الكردي من حيث الشكل او من حيث المضمون ، وعدم دراسة دور المثل الكردي لغويـا .

٥ ــ عدم اشارة جامعي الامثال الى المصادر التي جمعوا منها امثالهم .

٦ ــ عدم جمع الامثال الشعبية لاكراد تركيا (حسب المعلومات المتوفرة لدى الكاتبة) والاكراد الهوراميين والفيليين واللور .

واخيرا فان الكاتبة تقترح على المجمع العلمي الكردي تاليف لجنة كفوءة لتنسيق كل ما جمع من امثال كردية في مختلف الكتب والصحف والمجلات واصدار موسوعة امثـال كردية موحدة ، كمـا انهـا تهيب بالمثقفين الذين يتوسمون في انفسهم الكفاءة لدراسة الجوانب المختلفة للامثال الشعبية .

★ ★ ★

ڕێنووسی کۆن

ئەندامی کارا : مەسعوود محەمەد

باسی ڕێنوس ، بە تێکڕایی ، لەو باسە بەرفراوانانەیە کە بە گوتار و نامیلکە کۆتایی نایەت ، نەك کۆتایی ، بگرە سەرەتاکانیشی بە پایان ناگات چونکە لەگەڵ داهاتنی نوسین ، بەر لــە هەزاران ســاڵ ، گیروگرفتەکان و کەموکوڕیەکانی دەســتیان پێکرد • هەر ئەو ناتەواوییەش بــو ، بنەمای گۆڕانی نوسینی هیێروگلیفی بۆ بزماری پێکهێنا ••• هەروەهاش گۆڕانی بزماری بۆ شێوە پیتشکەوتوەکانی تری نوســین تا ســەریان بــەو شێوە نوسینانەوە نا کە لە جیهانی ئەم سەردەمەدا لە باون • وەك دەریش دەکەوێ بۆ یەکەم نۆڕینی سەرنج گر، ڕێنوسەکانی ئەم چەرخەش ئاوسن بە کەموکوڕی و گیروگرفت تا دەبینین لە زمانی پێشکەوتوی وەك فرەنسی و ئینگلیزیدا لە خۆوە مرۆڤ ناتوانێ وشە بنوسێت بەپێی دەرچوونی دەنگەکانی لە زارەوە ، بەڵکو دەبێ بپرسێ وەیا بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگەکانیان تاکو بزانێ وشــەی (cuff) و وشـــەی (rough) دەخوێندرێنەوە (کەف ، ڕەف) هەرچەند وێنە نوسینەکانیشیان کەم و زۆر لە یەکتر ناکەن • بەڕاســتی زۆر سەیرە لە شێوەنوسینی ئەم میللەتانەی وا گەیشتن بە ئاسمانگەڕی ، تــا ئێستاش ، وێنەی تایبــەتی قەرارداوە بۆ زوربــەی دەنگەکــانی زمانیــان

دانەندراوە : بەنموونــە ، دەنگــی (ف) لــە ئینگلیزیدا جاریکیان (f) دەنووسریت ، جاریکیان (ph) ، جاریکیشیان (gh) دەنووسریت • هەر هەمان (gh) وادەبێ بۆ (غ)یش بەکــاردیت • رێنووســی فەرەنســی لەمەش سەیرترە • خولاســە بەدواکەوتنی شریتەی ســەرەژۆر چــوون و پێشکەوتنی رێنووس لە هێرۆگلیفییەوە تا دەمانگەیەنێ بە رێنووسی میلەتە پێشکەوتوەکانی ئــەم رۆژگارە ، نە لە توانــای نووســینی بەرتەسکدایە و نەبڕانەوەشی هەیە چونکە وەك گوتم رێنووسەکان پڕن لە کەموکەسری •

هەروەك تێکــڕای باسی رێنــووس درێژەی لە حەدبــەدەری هەیە ، هەلگرتنەوەی هەر یەکێکیش لەو رێنووسانەی کە کوردەواری لێیان شارەزایە بە نیازی سەروبن کردن و لێبوونەوەی ؛ ئەویش لەئیمکانی نووسەری گوتار بەدەرە چونکە هەریەکەیان بە درێژایی صــەدان ساڵ ئەوەنــدە گۆڕانەیان بەسەردا هاتوە و هێندە لکەیان لێ بۆتەوە ، لێشــیان کوێربۆتەوە ، دەبنــە بنەمای دیراسەی سەربەخۆ •

لەم گوتارەدا ئەوەی پێوەندی بە رێنووسی کۆڕەوە هەیە ئەلفوبێیەکەی عەرەبییە کــە هەمو ئەلفــوبێی زمانــەکانی رۆژهەلاتی مســلمانی نزیکی لێکەوتۆتەوە ، وەك تورکی و فارسی ، تا رادەیێکی بەرچاو ، ئیملاکەشیان سروشتی ئەو ئەلفوبێیەی رەچاو کردوە وەك ئەوەی کە لە بری حەرەکەکانی (کسرة ، فتحة ، ضمة) ئەوانیش پیتیان دانەناوە جگە لە دانانی ئیشارەی (ە) لە جێگەی (فتحة) ئەویش لە کۆتایی وشەدا ، دیارە لەمەشدا پێڕەوی (هاء السکته)ی عەرەبییان کردوە لە کۆتایی وشەکانی وەك (حمزة، معاوية، شجرة، آية) کە لە حاڵی لەسەر وەستاندا وەك دەنگی (فتحه)ی لێ بەسەردێت • هەر ئەم نیشانەیەی (ە)یە کە کوردەکان وردە لەبری دەنگی (فتحة)یان

بەکارهێنا لە هەمو شوێنێکی وشەدا نەك هەر لە کۆتاییەکەی ••

ڕێنوسی عەرەبی، کە سەرچاوەی ڕێنوسی کوردییە، ئەویش مێژوێکی کۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش پەیدابونی ئیسلامەتی و جۆرەکانی شێوە نوسینی عەرەبەکانی خوارو [یەمەن] و هی سەرو [نەجد و حیجاز و سەروتر] بەو هەمو ڕێنوسە لە یەکتر جودایانەی کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك و لە کاتێکەوە بۆ کاتێك دەگۆڕان و لەگەڵ ڕێنوسی دراوسێکانیان تێکەڵ بە یەکتر دەبون • دیارە بەدواکەوتنی مێژوی ڕێنوس و ئەلفوبێی عەرەبیش لەم گوتارەدا جێی نابێتەوە هەرچەند سەرچاوەی ڕێنوسی کوردیش بێت ، لەبەر ئەمە بە ناچاری ئەم کارانە بۆ خوێندنەوەی تایبەتی خوێنەران بەجێ دەهێڵین تاکو ئەگەر ویستیان خەتێکی بەیانی گۆڕانی ڕێنوس و ئەلفوبێی عەرەبی لە کۆنەوە بۆ نوێ و لە نوێوە بۆ ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی پێك بهێنن بگەڕێنەوە بۆ ئەو کتێبانەی باسەکەیان بۆ ڕون دەکاتەوە(۱) •

هەرچەند ڕێگەشمان نەبێ لێرەدا ئەم لێکۆڵینەوە مێژوییە بکەین ، دەتوانین لە ڕواڵەتی زۆر بەرچاوی وەرگیرانی پیتی نوسینی کوردی لە عەرەبییەوە ئەوە بزانین کە هەمو چاکە و خراپەی پیتی عەرەبی بە میرات بۆ شێوە نوسینی کوردی (ڕێنوس) مایەوە • بەڕاستی لایەنە هەرە پەسەندەکەی پیتی عەرەبی ئەوەیە ، وەك من بۆی دەچم ، کەوا جێگە کەمتر دادەگرێ لە پیتی لاتینی • ڕەنگە بشێ ئەوەندەش بخەمەوە سەر چاکەی پیتی عەرەبی کەوا بەبەریەوە هەیە هونەری خەتخۆشی تێدا بەکار بێت بەهۆی ئەوە کە پیتەکان وێنەگۆڕییان تێدا دەکرێ لە سەرەتاوە بۆ ناوەڕاستی وشە و بۆ

(۱) کتێبی (تأريخ العرب قبل الأسلام ـ الجزء السابع ـ د. علي جواد) ڕێنوسی کۆنی عەرەبی بەچاکی ڕون دەکاتەوە .

کۆتایی وشە وەیا لــە حالی تەنهاییدا ، هەروەهاش ئیمکــانی درێژکردن و کورت کردنەوەی نووسینیان لە رێی تێخستنی (کەشــیدە)ەوە • سەرەڕای ئەو هەموو نوختە و نیشانە و خاڵ بەندی و شــتی ئەوتووە کە سەرمەشقی نوسەرە خەتخۆشەکان نیشانمانی دەدەن • ئەم تێبینیانە پتریــان بەبەرەوە هەیە بەڵام لێرەدا کارمان پێی نیە •

عەیبی هەرە گەورەی رێنووســی عەرەبی کە لە سروشــتی پیتەکانیەوە هەڵدەقوڵێت ناچار بوونی نووسەرە بۆ چەند جار دەست هەڵگرتن لە نووسینی یەك وشەدا ، هەم لەبەر نەنووسانی هەندێ پیت بە پیتی دوای خۆیەوە و هەم بەهۆی زۆر بوونی پیتی نوختەدار کە دەزانین لە نووسینی عەرەبیدا (١٥)پیت لەسەر جوملەی (٢٨)پیت خاوەن نوختەن هەر لەیەك نوختەوە تا سێ نوختان• ئەلفوبێی کوردی کە ئەم عەیبەی لە عەرەبییەوە بە میرات بۆ مایەوە هات لە ژمارەی پیتی نوختەداری زیاد کرد بەوەدا کە بەشێکی لەو پیتانەی تایبەتی کوردین و لە عەرەبیدا نین ئەوانیش بە خۆ و نوختەوە هاتنە ناو رێنووس و ئەلفوبێوە وەك پیتەکانی (پ ، ژ ، ڤ ، چ) • چەنــد پیتێکیتریش کەوا کەلەبەری ئەلفوبێکەیان پێپڕکرایەوە نیشانەیان بۆ داندرا ، ئەویش هەر لە هۆی دەست هەڵگرتنی زیاد کرد وەك پیتەکــانی (ڵ ، گ ، رێی گەورە ، جۆرەکانی دوو پیتی « ی ، و » •) • بەو پێیە ئەو پیتانــەی لــە کوردیدا خاڵدار و نیشانە دارن ئەم ژمارەیە پڕدەکەنەوە :

١ ــ ب ٢ ــ پ ٣ ــ ت ٤ ــ ج ٥ ــ چ ٦ ــ خ
٧ ــ رێیقەڵــەو ٨ ــ ز ٩ ــ ژ ١٠ ــ ش ١١ ــ غ
١٢ ــ ف ١٣ ــ ڤ ١٤ ــ ق ١٥ ــ ك ١٦ ــ گ ١٧ ــ ڵ
١٨ ــ ن ١٩ ــ ۆ ٢٠ ــ ۊ ٢١ ــ ێ ، یـ ٢٢ ــ ێ ٢٣ ــ ێ
٢٤ ــ ؤ

ئەم سێ پیتەی (ك ، گ ، ئ) هەرچەند تا ئێستا وەك پیتی نیشانەداریش حیساب نەکرابێتن راستییەکەی ئەوەیە هەر سێکیان نیشانەدارن ، خۆ پیتی (گ) هەر دەڵێی دەندوکی لەکلەکی بە دەمی خۆیەوە گرتوە ، نیشانەی (ئ)یش کە لە عەرەبیدا هەمزەی پێدەڵێن پتر لە نوختەی (ن ، ب) ئەرکی پێوە دەدرێت : لە نوسینی وشەی (ئاو)دا نیشانەی هەمزەکە لە نوختەکانی (ناو ، باو) بەرچاوتر و زەحمەتتریشە •

لەم حیسابانەدا جارێ چەند تێبینییێکیتر ماون تێبخوێندرێنەوە :

یەکەم : لە شێوە ئاخاوتنی هەورامیدا ، دو دەنگی (ث ، ذ) دەردەکەون هەردوکیشیان بە پیتی خاڵدار دەنوسرێن •

دوەم : لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجی سەرودا دەنگی (و)ی دیفتۆنگ هەیە کە لە تێکەڵ بونی دو دەنگی (و ، ی)ی درێژ پێك دێت وەك لە وشەکانی (دور ، کور ، پوش ، لولە ••)و هی تردا دەردەکەوێت ، بەڵام ئەم دەنگە لە رێنوسی کوڕدا پیتی تایبەتی بۆ دانەندرا کە دەبو بۆی دابندرێت چونکە دیفتۆنگێکی رەسەنە ، واتە وشە هەیە لەو شێوە ئاخاوتنەدا بەم دیفتۆنگەوە دەردەبڕێت نەك لە وەرگێڕانی واوی درێژەوە بۆتە دیفتۆنگ ئەمەش راستییێکە ئەوە دەسەپێنێت کە وا لە شێوەی کرمانجی سەرودا واوی درێژ هەیە بێ دیفتۆنگ وەك لە سورانیدا هەیە • ئەمە دەڵێم چونکە هەندێ کەس وا دەزانێ هەر دەنگی واوە درێژەکەیە لە کرمانجی سەرودا دەبێتەوە دیفتۆنگ • جگە لەم هۆیە تێبینیتریش رەسەنی ئەم دەنگە ئیسپات دەکات وەك کە بێی لە لەهجەی دانیشتوانی شاری (پارس)دا سەرنج لە دەنگەکانی (غ) بگرین و بشزانین کە هەمویان لە دەنگی (ر)ەوە هاتون وەیاخود لە وڵاتی کۆیە و دزەیی و خۆشناوەتی کە دێن و (ڵ) دەگۆڕن بە

(ر) وەیا هەندێ عەشیرەت دۆ دەنگی (ح ، ع) بە یەکتر دەگۆڕنەوە ، ئیتر کە ئەم راستییانەمان رەچاوکرد باشتر بۆمـان رۆن دەبێتەوە دەنگی واوە دیفتۆنگەکەی کە لە زاری کرمانجی سەرۆدا بە سەربەخۆیی لە تەك دەنگی واوی درێژدا دەردەبڕێت دەنگێکی رەسەنە و لە دەنگێکیترەوە نەگۆڕاوە • دیارەکە پیتی سەربەخۆ بۆ ئەم دیفتۆنگە دابندرێت دەبێ نیشـانەی تایبەتی بخرێتە سەر پیتی (و) تاکو لە (ۆ ، ۆ)ی جودا بکاتەوە . بەمەشدا ژمارەی پیتی خاڵدار زیاد دەکات •

سێیەم ــ لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی و هەندێ جێگەیتری کوردستانی ژێرۆدا دیفتۆنگێکی ناوچەیی هەیە لە وشەکانی وەك (نوێژ ، خوێ . دوێنێ، سوێر ، کوێر ، نوێ •••) ، بریتییە لە تێکەڵ بۆنی دەنگی (و) لەگەڵ دەنگی (ێ) • هەندێ رێنۆسی ئەم و ئەو لە جیاتی دۆ پیتی (و ، ێ) پیتێکی (ۆ)ی نیشانەدار دادەنێن ، کە ئەمەش هەر لە ژمارەی پیتی خاڵـدار و نیشانەدار زیاد دەکات ئەگەر بێت و دیفتۆنگە ناوچەییەکە بەسەر هەمو زمانی کوردیدا بسەپێ • نەختێکیتر دەگەڕێمەوە سـەر باسـی ئـەم دیفتۆنگە بـۆ رۆن کردنەوەی لە هەمو بارێکیەوە •

چوارەم ــ دەنگی (د) لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا ، وا دەبێ ، کلۆر دەکرێت وەك لە وشەی (مەحمۆد ، ئەحمەد •••)دا دەبیسترێت • هەندێ نۆسەرانی سلێمانی بۆ ئەم دەنگە ناوچەییەش نوختە وەیا نیشانە دادەنێن ، کە ئەگەر لێیان بسەلمێندرێ پیتێکیتریش لەوانەی نوختـە و نیشانەدارن ، لە کۆمەڵەی ئەو تەرزە پیتانە زیاد دەکات •

لێرەدا حیسابی ئەو (د)ە ناکەم کە بەدوا دەنگی (ن)دا دێت و لە سلێمانی دەکرێ بە (گ) وەك کە دەڵێن (دەربەنگ ، ئەفەنگی ، مەنگ ــ لە بری

دەربەند ، ئەفەندێ ، مــەند ــ) چونکە ئەگەر وەك (گ)یــش بنوسرێت لە پیتی نیشانەدار زیاد ناکات ، بە بۆنەی ئەوەوە کە پیتی (گ) بۆ خۆی بەر حیسابی پیتی نیشانەدار کەوتوە • بەڵام دەبێ ئەوەندە بگوترێ لە کەس ناسەلمێندرێ هەوڵ بدا ئاخاوتنی ناوچەی خۆی بەســەر زمانی کوردیدا دابڕێت بە تایبەتی کە لەم دابڕینەدا (دەنگ) بشێوێت و بگۆڕێت • بە نمونە دەڵێم دانیشتوانی پاریس کە لە ئاخاوتندا دەنگی (ر) دەکەن بە (غ) ، لــە نوسیندا هەر بە (ر) دەیهێڵنەوە ، واتە نوسینەکە ناشــێوێنن • دانیشتوی سلێمانی وەیا شوێنێکیتری کوردەواریش ئازادن لەوەدا کە بە پێی راهاتنی زمانیان (نوسراو) بخوێننەوە بە مەرجێك شــێوەی نوســینەکە بەڕاستی بپارێزن •

دەگەڕێمەوە بۆ دیفتۆنگی (نوێژ ، نوێ •••) و ئاوەڵەکانیان •

بەڕاستی ئەم دەنگــەی وا لە نێوان دو دەنگی (و ، ێ)لەو وشانەدا پەیدا دەبێت تایبەتیێکی هەندێ ناوچەی کوردستانی گەورەیە نەك هی زمانی کوردی چونکە زۆر ئاشکرایە لە بنەڕەتدا وشەکان دو دەنگی تەواوی (و ، ێ) یان تێدایە و لــە زۆرینەی ناوچەکانی کوردســتانیشدا هــەر وەهای دەخوێننەوە ، واتە بە دەرخستنی هــەر دو دەنگ نەك بە شــێوەی تێکەڵ (دیفتۆنگ) • ئەم راستییە بە گەلێك بەڵگە ئیسپات دەکرێت[٢] :

یەکەم : لە کۆنەوە سەرلەبەری کورد ئەم وشانەیان بە دیارخستنی هەر دو دەنگ نوسیوە پیتی (و)ە کەشیان پێش خستوە هەروەك چۆن لە لایەن کوردەوە دەردەبڕێت • پێشینان وشــەی (نوێژ) یان بێ دودڵی کردن بەم

---

(٢) لە کۆڕی شەقلاوەی سالی (١٩٧٣) نەختێك لە ســەر ئــەم دیفتۆنگە دوام .

شێوەیە نوسیوە بە تەواوی وەك کە وشەی (درێژ) یان بەم شکڵە نوسیوە ، ئەویش بێ دوودڵی ، دیارە ئەگەر هیچ گومان لە راستی و چۆنیەتی وشەکان هەبوایە هەمو کورد وەها بە ڕاشکاوی لە سەر یەك شکڵ نوسین رێك نەدەکەوتن •

دوەم : شیعری شاعیری بابان لە سەرەتای پەیدا بونیەوە ئەم وشانەی بە دو دەنگی ئاشکرا و سەربەخۆ تێدا بە کار هاتوە . کە ئەگەر بکری بە دیفتۆنگ کێشی تێك دەچێت • ئەمانە نمونەی شیعری (نالی)ن لە بەکارهێنانی ئەم وشانەی دو دەنگەکەیان تێدایە :

هەر جێگە وو جۆگایە کە وا سور و سوێربێ
جێی جۆشەشی گریانی منە خوێ نەڕژاوە

وشەی (سوێر) لە نیوە دێڕی یەکەمدا ئەگەر بە دیفتۆنگ بخوێندرێتەوە شیعرەکە لەنگ دەبێ •

بولبول کە گەرمی نەغمەیە ئاگر دەکاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ

وشەی(توێ) هەروەك داخوازی کێش ناچارمان دەکا هەردو دەنگی تێدا دیارخەین، دیسانەوە چونکە قافیەی وشەکانی (هوردوێ ، نادوێ ••)یە لە هەڵبەستەکەدا ناشێ بکرێ بە دیفتۆنگ • لێرەدا دەبێ بڵێم دیفتۆنگەکە تەنها لەو وشانەدا دەردەکەوێ کە لە بەشی (ناو) ن ، نە لە فیعل و نە لە تێکەڵ بونی دو وشە دەر ناکەوێ • وشەی (هوردوێ) کورت کراوەی دو وشەی (هۆردوێك)ە ، وشەی (نادوێ)ش فیعلە •

سێیەم : ئەگەر وشەکان دو دەنگی (و ، ێ)یان تێدا نەبایە دەبو هەندێ جار لەنوسیندا دەنگەکەی (ێ) پێش (و)ە کە بکەوێتەوە و بنوسرێ

(خیۆن ، سیۆر) • ئەمە دەڵێم لە وەرامی ئەو کەسانەی کە لێم‌بیستون دەڵێن هۆی نوسینی ئەم دیفتۆنگە لە زوێکەوە بە دو دەنگ ، هەر وەها بەکار هێنانی لە شیعردا بەو شێوەیەی نمونەکانی شیعری (نالی) دەری‌خست دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە دەنگەکە هەردو دەنگی (و ، ی) تێدایە ئیتر لەوەوە ڕێ پەیدا دەبێ لەیەکتر جودا بکرێنەوە ، هەم لە نوسیندا و هەم لە قافیەی شیعردا • هەڵبەت ئەم قسەیە لە خۆوە هەڵدەوەشێتەوە بەو تێبینییەی لە سەرەتای بەندی (سێیەم :)دا کردم •

چوارەم : دیارە هەروەك لە شوێنێکی وەك کۆیە لامی قەڵەو دەکەن بە (ر) لە سلێمانێ و شوێنانی‌تری وەك ئەوێش ئەم دو دەنگەی (و ، ێ) لەو وشانەدا دەکەن بە دیفتۆنگ • نە ڕەوایە کۆیێ داوا بکەن پیتی تایبەتی بۆ ئەو (ر)ەی لەهجەی ئەوان دابندرێ ، نە ڕەوایشە خەلقی سلێمانێ دیفتۆنگەکە بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنن چونکە لە هەردو حاڵدا زمانەکەمان هەندێك لە سروشتی خۆی دەدۆڕێنێ و گۆڕینەکەش بە جێ‌گرێکی ناڕەسەن پڕ دەکاتەوە • نوسەر هەن لە جیاتی (یازدە ، دوازدە) دەنوسن (یانگزە ، دوانگزە) بەمەشدا شێوەئاخاوتنی گەڕەکی خۆیان دەکەن بە بنەمای زمانی کوردێ و هەڵەیێکی پاتەوپات دەخەنە جێی ڕاستییێکی پاتەوپات • لەم حاڵانەدا پێویستە دەقی وشەکان لە زمانی کوردیدا چۆنە بەو جۆرە بنوسرێ ، لەوە بەولاوە هەرکەسە بە پێی شێوە ئاخاوتنی ناوچەی خۆی دەری ببڕێ : بابنوسرێ (پڵینگ) کۆیێ و خۆشناویش بی‌خوێننەوە (پرینگ) ، هەروەهاش وشەکانی (خوێن ، دوێنێ ، ئەفەندی ، دەربەند — یازدە ، دوازدە •• هەتاد) ڕاستییەکەیان بنوسرێت و خوێندنەوەشیان بەوشێوەیە بێ کە خەڵقەکە لە دەوروبەری خۆی ئاشنای بوە ، هەر چەند چاکتر ئەوەیە خوێندنەوەش وەك نوسینەکە بێت • ئەگەر خوێنەرێك ئەم

تەکلیفەی بەلاوە قورس بۆ با بەبیر خۆیدا بهێنێتەوە کە ئەو خۆی هەرجارە بە ناوی بەرژەوەندی زمانی کوردیێ و پێكهێنانی شێوە ئاخاوتن و نوسینێکی یەك گرتو داوا دەکا لە هەمو دانیشتوانی ناوچەی (بادینان) واز لە سەرلەبەری لەهجەی خۆیان بهێنن و شێوە زمانە ئەدەبیەکەی پەرەسەندو بەکار بهێنن ، هەمان داواش لە خەلقی کوردستانی ئێران و بەری سۆران دەکات کە من هیچ رەخنەییکم لە داواکردنەکە نیە ، بەلام ئەوەندە ریگەیە بە خۆم دەدەم داوا بکەم نوسینی وەك (یانگزە) و (دالی نوختەدار) یاساغ بکرێت . چەند رەفتارێکی شیرین و جوانە لەو نوسەرانەی سلێمانیێ کە دێن بۆ مەبەسی پەرەپێ ستاندنی ئاخاوتنی رەسەن نیشانەی کاری (مضارع) لە (ئە)وە دەکەن بە (دە)[٣] .

(٣) هەرچەند ئەم نوسینە لەبارەی (رێنوس)ەوە دەدوێت ، بەلام موناسەبەی جێگە لێم داخوازیێ دەکات تێبینیەکی گرنگ لەبارەی یەك گرتن و یەك کردنی ئاخاوتن و نوسینی ئەدەبیێ کوردیەوە دەربڕم . نوسەر هەیە لە پەنا پەرۆش نیشاندان بۆ پێك هێنانی زمانی ئەدەبیێ یەك گرتوی کوردیەوە هێرش دەباتە سەر ئەو نوسینانەی کە ناوناوە رستە و زاراوەی جۆر جۆری شێوە ئاخاوتنی ناوچەکانی کوردستانی گەورە بەکاردێنن بە نامەی ئەوەوە کە زمانە ئەدەبیەکەمان دەشێوێت و رچەی مێژوییێ دەق گرتن و ریزبەستنی تێك دەچێت . هەرچەند نیاز لە هێرش هێنانەکە تاوانبار کردنی خاوەنی نوسینەکان بێت وەیا عەیبدار کردنی نوسینەکان خۆیان بێت پتر لەوەی خزمەتی زمانی یەك گرتوی کوردیێ بە چاوی خۆیەوە گرتبێت ، دیسانەوە هێندە راستییە هەیە لە روالەتی هێرشەکاندا بایێ ئەوە بکات لە تەپوتۆزی نیازی شەخسیێ و پەلەپەلی هێرش بردن دەرهاوێژرێت و ناتەواویەکی تێیدا هەیە بخرێتە بەرچاوی سرنجدەرانەوە . .

ئەو بارە مێژوییەی زمانی کوردیێ خۆی تێدا دیوەتەوە گەلێك جودایە لەوەی فارسیێ وەیا عەرەبیێ وەیا زمانەکانی رۆژاوا پێیدا تێپەرێون . هەرچەند راست نیە بگوترێ ئەو زمانانە هەمویان یەك رێبازی گەشەکردن و فراژوتنیان لە پێشدا بوە ، بەلام زۆر راستە بلێین لە روی =

که بێین (و)ە دیفتۆنگەکـەی زاری بـادینی و دوو پیتی (ذ ، ث)ی هەورامی و داله کلۆرەکه و (ی)ەکەی دیفتـۆنگی ناوچـەی سلێمانیش بخەینەوە سەر ژمارەی ئەو (٢٤) پیته خاڵدارە و نیشانەدارەی له سەرەتاکانی گوتاردا باس کران ژمارەکه دەگاته (٢٩) • ئەوەی ڕاستی بێ دەنگی (ت)ش

=

پێکهاتنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووەوە ڕێبازی هەمویان خزم به یەکترن له چاو زمانی کوردی کەوا به درێژایی مێژو و تائێستاکەش ڕێبازێکی لـه پێشدا نەبوە،نەچاك نەخراپ،هەمو زمانەکه به گردی پێیدا تێپەڕی بوبێت . زمانێکی وەك فارسـی نـوێ بگرین بـه میقیاس ، دەبینین لـه دەمێکی کۆنەوە ، پتر له هەزار ساڵ ، ئەم زمانه وێنەی نوسراوی پارێزراوە و له هەمو جیهانی فارسـییەوە ، جێ بەجێ و پێ بـەپێ شـێوە ئاخاوتنی ناوچەیی وەك جۆگەلە ئاو خۆراکی ژین و بەردەوام بون و گەشەکردن بەو زمانه دەدەن و لێی نێزیك دەبنەوە . زمانی ئەدەبی فارسی ئەم سەردەمە زەرفێکه کەرەسته هـەرە چاکەکه و هـەرە بەهێزەکەی هـەمو شێوە ئاخاوتنی ناوچەیی فارسانی تێدایه به مێژو و ئەدەب و هونەر و فۆلکلور و زانستەوە . هـەر زمانێکی تریش بگریت لەوانـەی شـێوەی ئەدەبیان یەکگرتو و گشتییه ئەویش وەك فارسی بۆی ڕێك کەوتوە له شەقامێکی بەرفرەوانی نەتەوایەتییەوە تێ هەلکشـێت و خۆراك له تێکڕای زمانەکه وەرگرێت . ئەلفوبێ و ڕێنوسیش کـه ئەمرازی بڵاوبونەوەی زمـانه به دنیادا ، یەك وێنەی هەبوە له هەریەکێکی ئەو زمانانەدا . بەمجۆرە هەر گۆڕان و بەرەوپێش چونێك بوبێت له زمانێکدا ، به هەمو میللەتەکه و به هەمو جیهـان ڕاگەیێشـتوە و دەتوانین بڵێین مـەودا نـەبوە دو جۆرە زمان و دو جـۆرە ڕێنوس لەو زمانانەدا بەکارهاتبێت هـەروەك مەودا نەبوە پیت و بەرەکەتی هیچ یەکێك له شێوە ئاخاوتنەکانی ناوچەیی ئەو زمانانه له هەمو زمانەکه دابڕابێت . ئەم باسه گەلێکی به بەرەوە هەیه ، من لێی کورت دەکەمەوە .

زمانی کوردی ، بەداخەوە ، نه لەکۆنەوە نوسینی هەبوە [هەشی بوبێت فۆتاوە] و نه لەبارێکدا بوە ئەگەر بـه خەیاڵیش له کۆنەوە نوسینی بۆ پەیدابکەین بـه هەمو کوردەواریدا بڵاوبوبێتەوە و نـه ئیمکـان هەبوە نوسەرانی کورد بیر له یەك شێوە ڕێنـوس و ئـەلفوبێ بکەنـەوە . ئەو =

لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا گەلێجار ، وەك دەنگی (د) کلۆر دەکرێت و دەگۆڕێت • جا ئەگەر بۆ ئەویش نیشانەیێکی جوداکەرەوە دابندرێت ژمارەکە دەبێتە (٣٠) • بەڵام تائێستا کەس نەهاتوە ئەم دەنگە تایبەتییە لە نوسیندا تێ‌بخوێنێتەوە و نیشانەی بۆ دابنێت . لەبەر ئەمە . هەرچەند

=

ڕێبازەی یەكگرتنی شێوەی ئەدەبی کە لەبەر هەنگاوی میللەتێکی وەك فارس وەیا تورك وەیا فرەنسەدا هەبوە لە وەهم و وڕێنەشدا بە خەون و خەیاڵی واقیعی مێژوی کورددا تێنەپەڕیوە . ئەو هۆیە لە یەکتر دورخەرەوانەی کە دو کەرتی ئیتالی و ئیسپانی بەرەو دو ڕێبازی مەیلەو سەربەخۆوە برد ، تا وای لێهات مرۆڤی ئیتالی بە زەحمەت لە ئیسپانی بگات ، وایان لە زمانی کوردی کرد کەرتی لەیەکتردورتری لێ‌بکەوێتەوە، لە هەمان کاتێشدا ئیمکان نەبێ لە ڕێی نوسراوی کوردییەوە هیچ کەرتێکی چاوی بە شێوەی کەرتەکەی‌تری بکەوێت وەك کە ئیمکان هەبو هەمیشە ئیتالی و ئیسپانی یەکتر بخوێننەوە . مرۆڤێکی سنەیی ئەگەر هەوەسی بیستنی ئاخاوتنی دیاربەکری بزوتبایە دەبو سەفەر بکا بۆ ئەوێ وەیا لەوێوە مێوان بۆ لای خۆی بخوازێتەوە . لە هیچ ڕوێکەوە و بەهیچ هۆیەك ئیمکان نەبوە لێرە بەپێشەوە زمانی کوردی یەك بگرێت وەیا هەمو لەهجەیێکی لەلای هەمو کوردەوە مەفهوم بێت وەیا هیچ لەهجەیێکی خۆی بەوی‌تر دەوڵەمەند بکات . لە باری ئێستاکەشدا ، بەداخەوە ، نە ئیمکانی یەكگرتن پەیدا بوە نە هیچ زەرفێك خولقاوە لەهجەی سەردەشت و قامیشلی تێکەڵ بەیەکتر ببن . ئەو شێوە نوسینەی ئێستاش لە کوردستانی عیراقدا خەریکە خۆی بەسەر نوسەراندا بسەپێنێت و هەمو لایەك پشتگیری لێ دەکەین و هەوڵی بەرەو پێش‌بردنی دەدەین تاکە نەمامێکە لە کوتەڵی زۆرلکاوی زمانی کوردییەوە هەڵچووە هەمو تەمەنی مێژوی دیاری لە صەدەی نۆزدەم تێپەڕ ناکات ئەویش لە هەڵبەستەکانی نالی و کوردی و شاعیرەکانی‌تری بابانەوە لە شێوەی ئاخاوتن ، نەك نوسینی ئەدەبی ، چەسپانێکی بۆ لەهجەکەی بابان پاراستوە چونکە شاعیرەکانی بابان چ نمونەیێکی نوسینی ئەدەبی کوردییان لەبەر دەستدا نەبوە دەستوری تەعبیری لێ وەرگێڕنە سەر هەڵبەست ، خزمایەتی شیعرەکانیان لەگەڵ زمانی کوردی ڕەسەن هەر بە شێوەی ئاخاوتنی سەر

=

دەنگەکەش لە چاو ئـەوانی وەك خۆیدا غـەدریشی لیٚ کرابێت دەتوانین لە حیسابانی دەربهاوێین و بیٚ کوژێنینەوە •

لەم نوسینەدا کە باسی (ڕێنوس) دەکـات ، ڕێمان نییە زۆر و کەم بەلای ڕێنوسی کوردیٚ بە پیتی لاتینییەوە بچـین چونکە کوێر لـە بارێکدا

=

زمانانەوە بوە ، ئەگەرنا نمونەی ئەدەبییان هـەر نوسـین و هەلبەستی عەرەبیٚ و فارسیٚ بوە. وەك دەزانین (نالیٚ) تا رادەیێك پتر لە شاعیرەکانی بابانی هاوچەرخی خۆی تەعبیری شێوە ئاخاوتنی دەرەوەی سلێمانیٚ بەکار هێناوە ئەویش لە پەراوێزێکی تەسکدا وەك کە دێت لە رستەی (ردێنی ماش و برنج) وشەی (ردێن) بەکار دەهێنێت ، وەیا کە دەلیٚ :

فەرموتە کـە بانگم کـە شـەویٚ دیمـە کنارت

لە جیاتی (بەشەو) تەعبیری (شەویٚ) دەهێنێتەوە ، وەیا لەم نیوە بەیتەدا :

وای فەرمو کە ماچت نەدەمیٚ رو ڕەشی تـو بم

نەیگوت (ماچت پیٚ نەدەم) هەروەهاش لە جیاتی (تو)ی سلێمانیٚ وشەی (تو)ی هێنـا کە هەم بە واتای (تو) دێت لـە هەندیٚ شێوەی ئاخاوتـنی کوردسـتانی ژێرودا و هـەم بە واتای (مـو) دێت کـە کورتکراوەی (توك) بێت بە پێی داخوازیٚ واتای بەیتەکە .. خولاسە لەم نمونانەدا شارەزایی (نالیٚ) بە شێوە جورجورەکانی ئاخاوتنی کوردیٚ دەرەوەی سلێمانیٚ دەردەکەوێت هەروەك لە بەکارهێنانی نیشانەی کاری (مضـارع)ی دەرەوەی بابان کە (دە)یە لە جیـاتی (ئە) دیسانەوە ئەسەری گەشت و گەڕانی (نالیٚ) بە کوردسـتاندا پەیدادەبێت . بەلام ئەم کارکردنەی شێوە ئاخاوتنی جورجوری کوردیٚ لە هەلبەستی (نالیٚ) هەرچەند دیاردەیێکی جوان و بەنرخیشە گەلێك لە پێویستی فراژوتنی لەهجەی ناوچەییٚ بـە خوراکی ناو لەهجەکانیتری زمانـەکە کەمترە ، سەرەڕای کەم بـون ، هەر لە شیعری نالیش قەتیس مـاوە و زەنەی نەکردوە بو شـیعری شاعیرانیتر ، لەوە هەر بگەڕیٚ کـە نەچوتە ناو شیرازەی ئاخاوتنی ناوچەکەوە : سەیرێکی نوسینی زوربەی نوسەرانی ئەمڕوکەی سلێمانیٚ بکە دەبینی نوسینەکانیان لە صەدی صەد هیٚ شاری

=

ئەبوە خەریکی دانانی (رێنوس بە پیتی لاتینی) بێت ، رۆشنبیری و نوسینی کوردیش لە عیراقدا ، تائێستا ، بلاوکراوەی بە پیتی لاتینی نییە . رەنگە ریشی ئەبێ بیبێت چونکە نوسینی رەسمی بە کوردی هەر لە رێی ئەلفوبێ کلاسیکیەکەی عەرەبییەوە دەکرێت خوێندنیش لە هەمو فێرگەکان و

=

سلێمانییە تەنانەت بە زۆری لە جیاتی (دێت) کە کورتکراوەی (دەهێت)ە ئەوان دەنوسن (یەت) وەیاخود لە جیاتی (کاغەزی دیکە) دەنوسن (کاغەزی کە) ... شاخی (قەرەداغ) بوتە (قەراغ) هەروەهاش گەلێك وشە و تەعبیری‌تر کە زادەی هەناوی شاری سلێمانین و بەس .

بەڵێ ، دەزانین شێوە نوسینی نوێی کوردستانی عیراق لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانییەوە سەری هەڵداوە . دەشزانین شێوەی سلێمانی . لەبەر زۆر هۆی تایبەتی وەك ئەوەی بۆ ماوەیێکی درێژ مەرکەزی حوکمڕانی بووە ، دواتریش لە دەوری پاش بابانەکان پتر لە جێگایانی‌تری کوردستانی عیراق قوتابخانەی حکومەتی تێدا هەبوە هەروەك ناوچەکە بەتێکڕایی و بەر لە دروستکردنی سلێمانیشەوە مەلا و مەدرەسەی زۆر چاکی هەبوە ، لە تصوفیشدا پێشەوای شوێنانی‌تر بوە ، لە روی ئابوریشەوە لەچاو شوێنانی‌تر پێشکەوتو بوە هەر نەبێ لەبەر ئەوەی یەکێك لە رێگەکانی ترانزیتی نێوانی عوسمانلی و ئێران بە سلێمانی‌دا تێپەڕیوە .... ئەمانە دەزانین ، ئاکامەکانیشیان لەبەر چاوانن ، بەڵام لە روی پێکهێنانی زمانی ئەدەبییەوە راستی گەورەتر لەمانە زۆرن کە کاری سەلبییان کردوە . لە هەمو راستییانیش گەورەتر ئەوەیە لەهجەی سلێمانی بە شێوەیێکی ئاسایی لەو پەراوێزە مێژویەیە — کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا نمای‌کردوە لەسەر بنجی خۆی هەڵی‌داوە بێ‌ئەوەی دەرفەتی هەبوبێ تێکەڵ بە لەهجەکانی‌تری کوردی بێتەوە و لەو تێکەڵبونەدا هێز و پێزێکی نوێی لاوەکی وەرگرێت . کە بێین شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بە زمانی ئینگلیزی بگرین دەبینین هێندەی ئینگلیزی لە زمانی لاتینی و یونانی سودی وەرگرتوە ، لەهجەی سلێمانی دەبێکی ئەوەش بۆی نەلواوە سود لە لەهجەکانی دور و نێزیکی کوردی وەرگرێت ، مەبەسیش لە (وەرگرتن) خواستنەوەی وشە نیە بەلکو شێوازی داڕشتن و کەرەستەی تەعبیر و دەستوری رێزمان و شتی ئەوتۆیی‌یە .

=

کۆلیجەکان هــەر بەو ڕێنوسە بەڕێوە دەبردرێت ، هــەروەهاش ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیش ... لەگەڵ ئەمەشدا پێویستــە ڕێنوسـێکی کوردی بە لاتینی قەراردادە بکرێت هەر نەبێ بـۆ ئەوەی لــە حــاڵی ناچاریدا بەکار بهێنرێت وەك ئەوەی کە لە حاڵی پێویستدا نموونەی نوسینی ئینگلیزی وەیا فەرەنسەیی وەیا ئــەڵمانی وەیا ڕوسی لەناو نوســینی کوردیدا ، وەك هەمو

=

بە نموونە دەڵێم بەشی هەرە زۆری پێشگرەکانی (ئینگلیزی) لە لاتینی و یۆنانی وەرگیراون هەروەهاش ڕێژەی فیعلە تێپەڕەکانی ، لە حاڵێکدا تائێستاش لە سلێمانی وشەی (وێــڕا) وەیاخود ڕێژەی ئەو فیعلانەی (انتقال)یان تێدایە وەك (دەی گرمێ ، دەت نوڕمێ ، دەم گاتێ ...) ناناشنا ، بەڵکو بێگانەیە . [ئەو فیعــلانەی پێیان دەڵێم «انتقالی» لــە گوتاری (بەکارهێنانی « ی » لە ڕێزمانی کوردیدا) لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کوڕدا باسیان کراوە] .

ئەم ڕاستییە هێندە بەرچاو و بەرهەستە ، بەجۆرێکیش لەگەڵ شێوە ئاخاوتنی سلێمانی قالب بەستو بوە خەریکە خۆی بکاتە لەمپەر لەپێش متوربەکردنی شێوەی زمانی ئەدەبی کوردی لە قەڵەمە پەسەندەکانی ئەو شێوە ئاخاوتنانەش کە وا تارادەیێك بۆیان ڕێككەوتوە بەرەوپێش بچن ، لە حاڵێکدا پێویستە زمانی ئەدەبی کوردی خۆ دەوڵەمەند کات بە هەمو ئەو خۆراك و کەرەستە کوردییانەی کە نەگەیشتونەتە بەر چەژی . گوێم لێ بوە ، لە نامەی تایبەتیشدا خوێندومەتەوە ، ئەدیب و خوێندەواری سلێمانی بە صەراحەت گوتوەتی و نوسیوەتی هەر نوسینێکی لە شێوە نوسینی سلێمانی لا بدات دەبێ بەلاوە بنرێت . ڕەنگە ئەم تەرزە بیروڕایە لە قەناعەتەوە بێت و ڕەنگیشە لە خۆخۆش ویستنەوە بێت ، هەر ئەم بیروڕایەیشە لە پەنا پشتگیری کردن لە زمانی ئەدەبی کوردییەوە شێوازی کتێبێکی وەك (تحفەء مظفریە) تاوانبار دەکات . بەلای منەوە ئەم گیانەی ناوچە دۆســتی دیاردەیێکی چــاوەڕوان کراوە نەك لــە جێگەیێکی وەك کوردســتانی دواکەوتــودا ، بگرە لــە پێشکەوتوترین جــێگە و نێوان ڕۆشنبــیرترین گەلیشــدا شــتێکی هەستپێ کــراوە . جــگە لــە چاوەڕوان کراوی ، بەشتێکیشی سەر دەکێشێتەوە بۆ هەستە پیرۆزەکەی بەخۆنازین و بەخۆدا ڕاپەرمون ، منیش ڕێم بە خۆم نەدەدا بەم جۆرە

=

زمانێکی‌تر ، دەردەکەوێت •• بەهەمە حاڵ ئێرەکانە جێی یـەك لاکردنی ئەم پرسیارە نییە •

کۆڕی زانیاری کورد ، لە سەرەتای کەوتنە کاریەوە ، کە دەستی دایە دانانی ڕێنوس و ئەلفوبێی بە پێوانە و کێشانەی کوردێ ، ئەو ڕاستییانەی لێرە بەپێشەوە باس‌کراوی لەبەر چاودا بوْن ، لەوەش ئاگادار بوْ بە درێژایی

=

پەنجەی بوْ رابکێشم ئەگەر هەستێکی پیرۆزتری کورددۆستێ پاڵی پێوە نەنابامایە .

ئەگەر نوْسەر و ئەدیبی کورد ماوەی بیرکردنەوەیێکی پشوْدار بە خوْیان بدەن بوْ دەست‌نیشان‌کردنی پەسەندترین ڕێبازی بەرەوپێش بردنی زمانی ئەدەبێ کـوردێ ، لەو ماوەیەشـدا هەرچێ هـەستی کوردەغیرەتێ و هەڵوەسـتی شەخسێ و گیـانی ناوچە دۆسـتێ و تەکان بوْ هـاتن و بەرتەك‌دانەوە هەیە پێ‌شێل بکەن و هـوْش و گوْش و دڵ و دەروْنیان بوْ سوْدی زمانەکەمان بکەنەوە دەزانن و دەبینن و هەست دەکەن ، چاکە و سەرەژوْر چوْن و بەرەوپێش‌بوْنی زمـانی کوردێ لەوەدایـە ڕێگە بدرێ بە هەموْ شێوە ئاخاوتنەکانی کوردێ کەوا باشترین خوْراکیان پێشکەش بە زمـانە ئەدەبیەکـەمان بکەن بێ‌ئـەوەی شـیرازەی بشـێوێنن وەیا قەڵافەتەکەی کەرت کەرت بکەن وەیا شەقامەکەی زێ‌زێ بکەن . پێویستە ئەو دەرفەتەی سوْدمەندبوْن بە هەموْ بژێوی شێوە ئاخاوتنەکانی زمانی کوردێ کەوا لێرە بەپێشەوە نەهاتە بەر هەنگاوی زمانە ئەدەبیەکەمانەوە ، ئێستا و لێرە بەدواوە ، ژیرانە و دڵسوْزانە ، پێی بدرێت بوْ ئەوەی هەم فەرهەنگی زیندوْی شێوەی ئەدەبیمـان فرەوان بێت و هـەم دەسەڵاتی تەعبیری ئەدەبیمان بەسەر هەمـو مەبەسێکدا رابشکێت . ئێمە ئەگەر تین و تاو و هێز و پێزی هەموْ زمانی کوردێ لەناو قالبی ئەدەبێ نوْسینمان نەتوێنینەوە ناچار دەبین بەوەی خوْمان بدزینەوە لە تەعبیری وردوقوْڵ ، ئیتر بەسەر نوْسینی تەنك و پفدراوەوە قەپوْچکە ببەستین هەمو شانازێ کردنیشـمان لـەوەوە دێت کە ڕێمان نەداوە بـە زمانەکەمان ئەوەندە بەرزبێتـەوە نزمایێ نوْسینەکانمان دیارخـات وەیاخود هەر لە پێشەوە خوْمان لە نوْسینی زەحمەت دزیوەتەوە بوْ ئەوەی هەناسەسواریمان پێوە

=

تەمەنی نوسینی کوردیی نە یەك شێوە ئەلفوبێ و نە ڕێنوسێکی یەك جۆر پیڕەوی نەکراوە ، هیچ کەسیش خۆی ناچار نەدیتوە بە شوێن یەکێکی‌تردا بڕوات • ئەوەی پێی دەگوترێ (پاشاگەردانی) شتێکی فەرمانڕەوا بووە لە ڕێنوسی کوردیدا ، ئیستاش هەروەهایە ، تا ئەوەی دێتە بەرچاویش وا پێ‌دەچێ بۆ ماوەیێکی دوور و درێژی کۆتایی نادیار هەروەها دەبێ• لەو هەمو

=

دیار نەبێت . ئەو کەسەی لە نەشارەزایی خۆیەوە وەیا لە ڕێی نیازی تایبەتییەوە وا رادەنوێنێ پێشکەش‌کردنی خۆراك و بژێوی لەهجەکانی کوردی بە شێوە نوسینی ئەدەبیمان دەبێتە هۆی تێك‌دانی ئەو شێوەیە نەهاتوە قابلیەتی خۆی و زمانە ئەدەبیەکەی لە مەیدانە سەختەکانی تەعبیری فەلسەفی و ژیربێژی و لکە بێ‌ئەژمارەکانی زانست و هونەر و نەفس و نازانم چی تاقی‌بکاتەوە ئەوجار کە هێلینگی لی‌بڕا و کورت وەستا چەند بە ئاواتەوە دەبێ لە هەر کوێرەڕێگایەکی یەکێك لە لەهجەکانی ئاخاوتنی کوردییەوە بێ تەعبیرێك ، ڕستەیێك ، وشەیێك و شێوە دارشتنێك بێت و رزگاری بکات و لەو قوڕتەی تێی‌کەوتوە دەری بهێنێت .

چەند شتێکی باش دەبوو ئەگەر کوردیش وەك میللەتی فرەنسە بۆی ڕێك‌کەوتبایە لە هەر شارە و هەرێمەدا ڕۆژنامەیێك دەرچوبایە و بەدرێژایی • بابلێین ، صەد ساڵ ئەو ڕۆژنامانە بەشداریان کردبایە لە دەوڵەمەندتر کردنی شێوە نوسینی ئەدەبی کوردی لە هەموو ڕێگایانەوە کەوا تاکە یەك شێوە نوسین و ئاخاوتن ناتوانی بیانکوتێتەوە و گوڵەگەنم و جۆی خەرمانەڕێی تەعبیری کوردیان لێ هەڵگرێتەوە . کاشکی وێڕای ئەو هەمو ڕۆژنامانە ، کە لە دایك نەبوون ، صەدان چیرۆك و گوتار و بەند و بابەتی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان لە هەمو لەهجەکانی کوردیدا بڵاوکرابانایەوە و بە درێژایی مێژوو لە سامانی ئەدەبیمانیان زیاد کردبایە ، ئەوجار با هەر گوترابایە شێوە نوسینی ئەدەبی کوردی دەشێوێ وەیاخود شێواوە .

کۆڕی زانیاری کورد بە پێشکەش کردنی کتێبی وەك (تحفه مظفریه ، قەڵای دمدم ، ئەفسانەی چیای ئاگری) خۆڵەمێش دەتەکێنێ لەو پشکۆ ئاگرانەی تەعبیر و فەرهەنگی کوردی کە لە هەناو و ناخی بورکانی نەفسە =

شێوە جۆر جۆرانەی ڕێنووس کە نووسەرانی کورد بەکاریان دەهێنا، بەداخەوە، تاکێکـــی لـــەوانە نەبـــوو لـــەلایەن کۆمـــەڵەیێکی شـــارەزای نووسینەوە پەسەندکرابێت : لە باشترین حاڵدا (ڕێنووس) ئەوە بووە کـــە لەلایەن تاکە شارەزاوە پێشنیار کرابێت ، ئـــەویش نەیتوانیوە خۆی بکـــاتە دەستووری نووسینی گشتی • هەر قسەیێکی لەبارەی ڕێنووسێکی مێژووکردی کوردییەوە بگوترێت چ پێوەندیی بە واقیعەوە نییە چونکە نە ئەو مێژووە هیچ ڕێنووسی یەكگرتووی بەوەلەد هێنـــاوە ، نە ئەو ڕێنووســـە نیوەچڵانەی وەك گەلاڵە لە کایەدابوون بە چ ڕاژەوێکی عیلمیدا سەرەژێر بوونەتەوە بۆمان : پاشا گەردانی لە ڕێنووسدا نە مێژووکردە نە زانســـتکردە ، خۆ ئەگـــەر بشـــەلمێنین ئەو پاشاگەردانییە بە هەموو لایـــەنی ســـەلبییەوە مێژووکرد بـــووە ئەوەندە هەر دەمێنێتەوە کە زانستکرد نەبـــوە ، مێژووکرد بوونیشـــی ڕوودانێکی پەسەند

=

ئاخێوەرەکەی کوردەوارییدا ، لـــە ئـــەزەلەوە ، گرۆچکـــەی پێزانین و تێبڕکردن و تێگەیشتن و دەربڕین و تێگەیاندنیان لەبەر هۆش و گۆشی بابەلباپیرانمان هەڵکردوە و دڕیان بـــە تاریکایی کوێرەواریی دەورووبەری داوە. شـــەوچرا تۆز لێی نوشتوەکانی تەعبیری ڕەسەنی کوردیی کە مشتومالّ بدرێن و ئاورینگ بدەنەوە ، سەرەڕای گەشـــاندنەوەی زمـــانی ئەدەبی ئەمڕۆکەمان ، مرۆڤی کوردیش پتر ئاشـــنای رابردوەکەی دەکـــات .. ڕۆڵەی کوردی ئەم ســـەردەمە بە باب‌وبـــاپیرانی دەناسێنێتەوە و ، وەختە بڵێم ، ســـەرلەنوێ دەیانکاتەوە بە کوڕ و باب .

لە ئەرشیفەکانی لیژنەی ئەدەبی کۆڕی زانیاری کورددا دەیان شریتی تۆمارکراو و دەفتەری نووســـراو هـــەن لـــە بابەتەکانی هەمە چەشنەی فۆلکلۆریی وەك بەیت و ســـەرگوزەشت و لاوك و گۆرانی کوردیی ، بەشێکی زۆری ئەو شریتانەش خراونەتە سەر کاغەز ، تێکڕاشیان چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژەن سەرەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان بگاتی . بێگومان سەرلەبەری ئەو چالاکیانەی کۆڕ هەوڵدانە بۆ پتر کردنی سامانی ئـــەدەبی کوردیی و تێگیرانی خوێنێکی نوێیە لە شادەمارەکانی زمانی ئەدەبی یەكگرتومان .

نەبووە وەك هەزاران دیمەن و دیاردەی‌تری ناپەسەندی کۆمەلآیەتی کــە بە میرات لە مێژووەوە بۆمان ماوەتەوە و دەبێ چارە سەر بکرێ و لێی رزگار ببین لەبابەتی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری و•••هتادە لێرەدا تاکە یەك نموونەی ناپەسەندی ئەو ڕێنوسە (مێژوکرد)ە دەهێنمەوە بــە بەڵگەی قسەکانم : نوسەرانی ڕێنوسی تەقلیدی لە زۆر جێگەدا پیتی (ی) بە پیتی پاش خۆیەوە نالکێنن هەر دەڵێی ئەویش پیتی (ر ، و ، د ، ز •••هتــاد)ە واش دەبێ بە پیتی پێش خۆیەوەی نالکێنن وەك ئەوەی کە دەنوسن (لێی دەدەن ــ پێی دەڵێم ــ برسی‌تر ــ شێی هێنایەوە) ، بــەلآم ئەگەر پیتە (ی)ەکان بە پیتی‌تر بگۆردرێنەوە دەیــانلکێنن وەك کــە دەنوســن (لێت دەدەن ــ پێتان دەڵێم ــ جوانتر ــ شێم هێنایەوە) • بەدرێژایی سالآنی ئەم تەرزە نوسینە سەیرەش کەس نەی‌پرسی بۆچی مامڵەتی (ی) لە هی پیتی‌تر جودا بێ ، چ کەسێکیش لە خۆوە نەهات تەبریرێکی ئــەم رەفتارە بکات و هۆیێکی شارەزایانەی بداتــە پاڵ • دوو دێڕ لێرە بــە پێشــەوە من نوسیم (نەی‌پرسی) و پیتە (ی)ەکەم بەدوا خۆیەوە نەلکاند : کــە لێم بپرسرێ بۆ وات کرد ، دەڵێم ئەم (ی)ە راناوی کەسی سێیەمی تاکە بۆیە بە دواخۆیەوەی نالکێنم ، جا ئەگەر راناوەکە پیتێکی‌تریش بێ هــەر نای‌لکێنم وەك : (نەت پرسی ، نەتان پرسی ، نەمان پرسی ، نەیان پرســی ، نەم پرســی) • ئەمە دەستورێکە لەوانەیە پشت‌گیری لێ‌بکرێت لەوانەیشە بەرهەڵستی بکرێت ، ئیتر کە هاتم و نوسیم (نەمپرسی ، نەتپرســی ••) لادانێکی عادەتیم لــە بەکار هێنانی دەستورەکە کردوە وەك کە دەشێ لە هەموو حاڵ و بارێکدا لادان بکرێت، هەر بە چەند جارێکیش خۆڕاست کردنەوە و دەستڕاهێنان لەوانەیە لادانەکە نەکرێت[٤]•بەلآم لە حاڵەتی نوسینی (برسی‌تر،جوانتر) کە وا رەنگە

(٤) ئەوەی راستی بێ پێشنیاری کوڕ ئەوەیە کە راناو کەوتە نێوان فیعل و =

زوربە و زۆرینەی نوسەرانی کورد وەهای بنوســن چ عوزرێك و هۆیێکی قەناعەت بەخش بەدەست کەسەوە نییە . چونکە پیتی کۆتایی (جوان ، برسی) چ پیتی تون بێت و چ پیتی یێ بێت بەشێکی وشــەکانن و هەردوکیشیان بەدوا خۆیانەوە دەلکێن ، ئیتر بۆ دەبێ نونەکــە بلکێت و یێکە نەلکێــت ؟ کە دێین لە نوسینی (پیاوێکیتر ، میوەیتر ...)دا پیتییێکە بەدوا خۆیەوە نالکێنین بۆیەیە چونکە ئەم (تر)ە لێرەدا ئاوەڵناوە وەك (ئازا ، خۆش ، بەرز) لە حالێکدا (تر)ی وشەی (جوانتر) ئەمرازی تەفضیلە و دەبێ بەپێشەخۆیەوە بلکێت . ئەم شتانەی وەها سەرەتایی کە لێرەدا دەیانهێنمە بــەر چاوی خوێنەرەوە نموونەیێکن لە بەیەکدی گرتنی رێنوسێك بیری لێ کرابێتەوە لەگەڵ یەکێکیتردا کە لە خۆوە و بێ لێکدانەوە بەسەر دەست و خامەی نوسەراندا زاڵ بوبێت .

لەم تاکە نموونەی (تر)ی نیشانەی (تفضــیل) و (تر)ی ئاوەڵناودا دەردەکەوێت ، رێنوس پێوەندی بە رێزمانەوە هەیە ، رێزمانیش وەك دەزانین لەوانە نییە بێخوێندن و سەرنج گرتن و بەدواداگەڕان بچێتە مێشکانەوە بە جۆرێك راستەوخۆ وێنەی نوسین لەگەڵ داخوازی دەســتورەکانی رێزمان بگونجێنێت . رێزمان بابەتێکە نەك هەر ژوروی دەسەڵاتی پیاوی عادەتی ، بەڵکو ئەدیب و زاناش لە خۆوە بۆ دەستورەکانی ناچن ، لەوانەن هەڵەشی تێدا بکەن ، خۆئەگەر لە ئاخاوتن و داڕشتنی رستەشدا هەڵە نەکەن ناتوانن دەستورەکانی بەسەر رێنوســدا تەطبیق بکــەن . زانــا و ئەدیب ، پیاوی

=

نیشانەکانی (نفی ، مضارعە ، نهی ، امر)ەوە ، بەسەر یەکەوە بنوسرێن [نەپرسی – دەپرسی – بپرســە – مەپرسە] ، بەڵام پێشــنیارەکە تائێستا نەبوتە بڕیاری یەکجاری بۆیەیە من رێ بەخۆم دەدەم شێوەگۆڕی بکەم (بڕوانە لاپەڕە «٣٧٣» لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕ) .

عادەتیش، کە دەڵێن (جوانتر ، یەکێکی‌تر) لە گوتنەوەی قسەدا هەڵەناکەن ، بەڵام تا بەخوێندنی ڕێزمان نەزانن جوداوازیی نێوان راناو و ئەمرازی(تفضیل) چییە ناتوانن لە ڕێنووسدا فەرقییان پێ بکەن •

ئەم تێبینیە یەکجار سادەیە بایی ئــەوە دەکــات تێ‌بگەین ڕێنووسێکی بێ‌مامۆستا و لێدانەوە و کێشانە و پێوانە و ڕەچـاو کردنی دەستوورەکانی ڕێزمان ، وەك گیای بەهاران ، خۆڕسك ، پەرەی ســتاندبێت مومکین نییە کەلکی ئەوەی پێوە ببێت بێ‌دەسکاریی و ڕاست‌کردنەوە و تاوتوکردن بکرێ بە دەستووری گشتی و یەکجاریی لە نووسینی کوردیی چونکە ئەم کارە وەك ئەوەیە مامۆستا لاسایی قوتابی بکاتەوە لەو شتانەدا کە قوتـابی هۆشی پێ ناشکێت وەیا هەر نەبێ چاکی تێ‌ناگات •

کۆڕی زانیاری کورد لــەم راستییانــە ئاگادار بو کــە کەوتــە سەر دانانی ئەلفوبێ و ڕێنووسێکی تازە بۆ زمانی کوردیی ، تەنانەت بە دوورودرێژیی لەوە تێ‌فکری ئایا دانانی ڕێنووس بخرێتە دوای لێ‌بوونەوە لــە دانانی ڕێزمان یاخود پەلەی لێ‌بکرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ دەســت بدرێتە چـاپ کردن و بڵاوکردنەوە • بێ‌گومان دانانی ڕێزمان کارێکی نەفەس درێژە ، بە ساڵێك و دو ساڵان لەوانە نییە کۆتایی بێت : لەبەر ئەمە کۆڕ بڕیاریدا خێرایی بکا لە دانانی ئەلفوبێ و ڕێنووسی تازەی بە پێوانە و کێشانە • لەمەشدا دوو ڕاستی یارمەتی بڕیارەکەیاندا :

یەکەم ، ئەوەیە کە بەشێکی ئەندامــانی کۆڕ شارەزایی‌یان بە ڕێزمان هەیە و دەتوانن دەستوورەکانی ڕێنووس بخەنــە بەر تیشــکی دەستوورەکانی ڕێزمانەوە و گونجان و نەگونجانیان بە یەکەوە ڕەچاو بکەن • لە نێوان ئەو لێژنانەش کە لە سەرەتای دامەزرانی کۆڕدا دامــەزران بــۆ گەڵاڵە کردنی

رێنوسێکی لەبار ، ئەندامی وەها هەبو لە رێزمان شارەزابێت و داخوازیەکانی لە رێنوسدا چاوەدێرێ بکات •

دوەم ، ئەوەیە کە ئەو رێنوسە خۆرسکانەی لــە باودان ، ئەوانیش تا رادەیێك و لە زۆر شوێندا بە پێی داخوازێ رێزمان رچەیان بەستوە • دیارە کۆڕ لەم لایەنە پەسەندانەی رێنوسە باوەکانیش سودمەند بوە •

ئەم دوَ راستیيە تەنها لە بارەی رێنوسەوە پێویست بوَن بۆ یارمــەتی دانی کۆڕ چونکە (ئەلفوبێ) چ پەکی نەکەوتوە لەسەر زانینی دەستوراتی رێزمان •

ئەوەی راستێ بێ نەك هەر رێزمان ، بەڵکو ساغ کردنەوەی فۆنەتیکی کوردێش دەخلی هەیە بەسەر دانانی رێنوسێك کە بیەوێ بە تەواوێ لەگەڵ واقیعی زمانەکەدا بگونجێت• بەڵام دەخلی فۆنەتیك پتر بەســەر ئەلفوبێی لاتینییەوە هەیە چونکە لە نوسینی کوردێ بە ئەلفوبێی لاتینێ پیتی سەربەخۆ هەیە بۆ ئەوەی کە لە عەرەبێــدا پێی دەگوترێ (کسرة مختلســة ـــ من لە نوسینەکانی خۆمدا پێی دەڵێم « قورس کردن ») ، بەشێکی زۆری وشەکانی کوردێ ئەم قورس کردنەیان تێدایە کە غالبی رێکخەرانی ئەلفوبێی کوردێ بە لاتینێ پیتیان بۆ داناوە بێ ئەوە لەوە بکۆڵنەوە ئاخۆ ئەو دەنگە بەشێکی پێکهێنەری وشەکەیە یاخود زەرقورەتێکی فۆنەتیکییە کە دەربڕینی دەنگ لە حاڵەتی تایبەتێدا داخوازێ دەکات[٥] • بەنمونــە ، تــۆ کــە دەڵێی (گەنم) بەناچارێ قورسایێ (کسرة مختلسة) دەخەیتە سەر دەنگی (ن) بۆ ئەوەی

(٥) لە گوتاری (فۆنەتیك چیمان بۆ بکات) کــە لــە بــەرگی یەکەمی بەشی سێیەمی گۆڤاری کۆڕدا بــڵاوکرایەوە ئــەم دیــاردە فۆنــەتیکییەم روَن کردۆتەوە .

بتوانی تلفظی پێبکەیت و بەدوا ئەودا دەنگی (م)ەکەش دەربڕیت کە هەردوکیان لە وشەکەدا بزوێنی ئاشکرایان نییە. بەلام کە هاتی میمەکەت بزواند و گوتت (گەنمەکە) قورسایی سەر نونەکە نامێنێت و بەتەواوی دەوەستێت . زەرقەرەتەکەش لەوەوە دێت کە دەنگی نون بە وەستاوی تەواوەوە لەپێش دەنگی میمی وەستاوەوە نایەت . هەروەها لە عەرەبیدا کە گوتت (عِلْم) لامەکە قورس دەکەیت ، بەلام کە میمەکەت بزاوت و گوتت (عِلْمُكَ) لامەکە رەهادەبێت و قورساییەکەی نامێنێ .

ئەم تێبینییانە خرانە لاوە بۆ مەبەسی خێرایی کردن لە دانانی ئەلفوبێ و ڕێنوسی تازە ، ئەویش بە نیازی دەست پێکردن بە لە چاپدان و بلاوکردنەوەی گۆڤار و کتێبی پێویست .

وەك لەم قسانەم دەردەکەوێ رەواندنەوەی گرفتی شکلی نوسین دو لکی لێدەبێتەوە :

١ ـ لکی ئەلفوبێ .

٢ ـ لکی تێکخستنی پیتەکانی ئەلفوبێ بۆ نوسینی ئاخاوتن کە بەڕاستی خۆی (ڕێنوس)ی راستەقینەیە .

لێرە بەدواوە سەرێك خوار دەکەمەوە بۆ چاوگێڕانەوە بەو هەوڵ و کۆششەی کۆڕ بە خەرجی برد لە هەردو مەیداندا ، واتە ئەلفوبێ و ڕێنوس.

یەکەم : لکی ئەلفوبێ .

لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد کە لە سالی ١٩٧٣ بلاوکرایەوە ، هەر لە لاپەڕە (٣٦٤)وە تا لاپەڕە (٣٧٩) تەرخان کراوە بۆ باسی (ڕێنوسی کوردی) و کورتەیێکی چالاکی کۆڕی لەو مەیدانەدا

خستۆتە رو • ئەم چالاکییە هەر دو لایەنی ئەلفوبێ و رێنوس دەگرێتەوە •

لە سەرەتاوە باس کراوە کەوا کۆڕ لە چوارەم کۆبونەوەیدا لیژنەیێکی کاتی لە شارەزایان داناوە بۆ گەلالە کردنی راپۆرتێك لـە بارەی چارە سەر کردنی گیروگرفتی رێنوسی کوردی •

پاش ماوەیێکی‌تر ئەنجومەنی کۆڕ بۆ هەمان مەبەسـتی پێـك‌هێنانی رێنوسێکی پوخت بڕیاری داوە بە دانانی لیژنەیێکی دائیمی ، دواتر ئەنجومەن لە کۆبونەوەی سـی‌وپێنجەمیەوە دوازدە کۆبونەوەی بەسـەر بردوە بۆ لێکۆلینـەوە لە راپـۆرتی ئەم لیـژنەیە تاکـو لە ئەنجامی موناقەشـە و هەلسەنگاندنی بیروڕای جۆرجۆری ناوەوە و دەرەوەی ئەنجومەنی کۆڕ ، بە نیسبەت (ئەلفوبێ)وە گەیشتە دانانی ئەو پیتانەی لە لاپەڕە (٣٦٨)ی گۆڤارەکەدا بلاوکراوەتەوە • لەمەوە دەردەکەوێ ئەندامانی کۆڕ ئەرکێکی گرانیان کێشاوە بەر لەوەی بڕیار لەسەر ئەلفوبێیەکی قەرارداده بدەن ، واتە بە پێچەوانەی رانواندنی هەندێ رەخنەگـری بێ‌باك کە وا نیشان دەدەن ئەنجومەنی کۆڕ لە گۆشەی نەشارەزایی و بێ‌خەبـەری و کەمتەرخەمییەوە تیروپشکێی لەو ئەلفوبێیـە و سەرلەبەری رێنوسی کـوردی هاویشتوە • بە ڕاستی و بێ هیـچ موجامەلەکردن لەگەل کۆڕ ، ئەم ئەلفوبێیـە یەکەم بەرهەمێکی بەکێشانە و پێوانەیە کە لەلایەن کۆمەلێکەوە کرابێت لە هەمو مێژوی هەول‌وتەقەلای دانـانی رێنوسی کوردیدا • هەرچەنـد مومکینە رەخنە لە هەندێ باری ئەو ئەلفوبێیە بگیرێت وەك مومکینە لە هەمو شتێکی ئەم سەرزەمینە بگیرێت ، بەلام گومان لەوەدا نیە کە وا هەر بڕیارێکی بۆ هەر کامێك لە شکلی پیتەکانی ئەو ئەلفوبێیە درابێت لە ئەنجامی موناقەشە و لێکۆلینەوە و بەراوردکردنەوە بـووە • بە نمونە دەلێم ، کـە ئەنجومەن بڕیاری دا نیشانەی رێی قەلەو لە سەرەوەی پیتەکەوە بێت مەتتیقێکی بەهێزی

بەکارهێناوە لەوەدا کە ڕەچاوی ئەوەی کردوە هەمو نیشانەکان لەسەرەوەی پیتەکانەوە بن ، جا ئەگەر یەکێك بێت و ڕەخنە لەم بڕیارە بگرێت و پەسەند بکا نیشانەکە لە ژێری پیتەکەوە بێت لە سەریەتی بەڵگەیێکی ئیقناع کردن بەدەستەوە بدات، بەڵگەکەش ئەوە نەبێ کە بڵێ دانانی نیشانە لە سەرەوەی (ر) دەیکات بە (ز ، ژ) چونکە هەر وەك لە جودا کردنەوەی پیتی (ژ) لە پیتی (ز) بەزیادکردنی نوختە چ گرفت دروست نەبو ، کەسیش ڕەخنەی نەگرت ، هەروەهاش شــکلی (ڕ) تێکــەڵ بە (ز ، ژ) نابێت • پیتەکانی (پ ، چ ، ڤ) ئەوانیش گرفتیان دروست نەکرد کــە بەزیاد کردنی نوختە لە پیتــەکانی (ب ، ج ، ف) پێكهاتــن ، تاکە یەك خوێنــەر و نوسەری کوردیش بەدەنگ نەهات بڵێ وا چاکە وێنەی تازە بۆ ئەو پیتانە دابنرێت نەوەك هەڵە دروست بکەن لە خوێندنەوەدا • بێ‌گومان داهێنانی (پ ، چ ، ژ ، ڤ) لەلایەن تــاکە کەسەوە بوە نەك لەلایەن کۆمەڵەیێــکی دەسەڵات پێدراوی وەك ئەنجــومەنی کوڕ ، ئەو تاکە کەسە نیــو هێندەی کوڕیش بە دانــانی ئەو پیتــانەوە مــاندو نەبــوە هەرچەنــد ژمــارەی پیتەکانیش چوار هێنــدەی ژمــارەی تــاکە پیتی (ڕ)ەکەیــە • لەگــەڵ ئەمەشــدا ڕەخنەگری ئەوتــۆ هەیــە ڕێــی بەخــۆی داوە گلەیــێ کــۆن و نوێ لە کوڕ بکات ، تەنانەت گۆڤاریشم دیتوە وای ڕانواندوە هەر ئەو ڕێنوس و ئەلفوبێیە زانستکارانەیە کە بەمیرات بۆ نوسەری کورد ماوەتەوە لە حاڵێکدا هەمان گۆڤار لەو باوەڕەدایە هەرچی باری کۆمەڵایەتی میراتێ هەیە بەرهەمی پاش‌کەوتن و نەزانین و ژێردەستێ و مافخوراوێ و •••• هتادە • یەکێك بیەوێ ڕەخنان لە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی پاش‌کەوتوەوە هەڵێنجێت دەتوانێ بڵێ ڕێنوسە میراتیەکەی کوردی عیراق بەرهەمی سەردەمە پاش کەوتوەکانی ئیمپریالیزم و نوری سەعیدی پێش شۆڕشی چواردەی تەموز بۆ پێویست

بۆ لە ناو بچێت وەك کە زەرفی تێدا پەیدابونی لە ناو چۆ .

کە بگەڕێینەوە بۆ لیستەی ئەلفوبێیەکەی لاپەڕە (٣٦٨)ی گۆڤارەکەی کۆڕ ، دەبینی لــە بڕیاری نەهێــلانی نوسینی دوو پیت بۆ یــەك دەنگیش لێکدانەوەیێکی ژیــرانە کراوە وەك کە هاتوە لە بری دوو (و) و دوو (ی) بۆ ئەوەی پێی دەڵێن واو و یێی تیژی درێژ ، نیشانەی تایبەتی خستۆتە سەر شکلی واوی میراتی و یێی میراتی . ئەم بڕیارە وەك لەبەدیهیەوە هەڵستابێ وایە چونکە بە هیچ لێکدانەوەیێکی ژیرانە رەوا نادیترێ لە بری یەك دەنگ دوو پیت بنوســرێ . تۆ کە هاتی رێگەت دا بە خۆت لە وشــەی بە واتای (بعید)ی عەرەبی بنوسی (دوور) ئیتر بۆ رێگە نادەی بنوسی(ددوورر) چونکە دەنگە بزوێنەکەی نێوان دالەکــە و رێیەکەش هەر یەك دەنگە ، بۆ دەبێ زێدە لە پیتەکانیتری وشەکە ئەو بە تەنها دووپیت بنوسرێ . دەڵێن هۆی ئەم دوو واو و دوو یێیە ئەوەیە چونکە لە شکلی کورتە بزوێندا [کە دەکاتەوە ضــمە و کسرەی عەرەبی] یەك واو و یەك یێ دەنوســرێن بۆیە لە شکلی بزوێنی درێژدا دەبێ بکرێن بە دوو . بە ڕاستی ئەوانەی ئەم بەڵگەیە دەهێننەوە دەبو لە جیاتی دەنگی ئەلفیش دوو (ە) بنوسن چونکە هەر خۆیان دەڵێن ئەلف دوهێندەی (فتحە) درێژە بــەو پێیە لە بری (دار) بنوسن (دەەر) .. ئێمە ئەگەر بە نیسبەت واو و یێوە ئەم مەتنیقــە بسەلمێنین باشتر ئەوە بۆ کورتە بزوێنەکان بە نیو واو و نیو یێ بنوسین چونکە ئەوان نیو دەنگن لەچاو درێژە بزوێنەکان ، نیــو دەنگیش مافی خۆیەتی بە کەرتکی بنوسرێت لە حالێکدا دانــانی دوو (و) لەجیــاتی دەنگێکی عــادەتیدا وا رادەگەیەنێ دەنگەکە دوو هێنــدەی دەنگــی تەواوە چونکە پیتــی دەنگە کورتەکە هێندەی پیتــی هەر دنگێکیتری ئاخاوتــن سەربەخۆ و تەواوە ، بگرە لە هێندێکیان بە قەڵافەتترە وەك شکلی (و) لە چاو (ر ، د ..) وەیا

شکلی (ێ) لە چاو (ێ ، ێ ٠٠) ٠

دانانی دوو واو و دوو یێ لە سەرێکی‌تریشـــەوە دووچاری ئەندێشەمان دەکات : ئێمە ناچارین بۆ نوسینی دەنگی گوشراو دەبێ دوو پیتـــی دەنگەکە بنوسین وەك کە دەنوســـین (بەرەڵڵا) وەیا لەهەر شوێنێکی‌تر کە نوشی (شدّە) دێین ٠ جا کە ئێمە دەســـتورمان بۆ دەربڕینی (شدّە) ئەوە بوو پیتەکە دووبارە بکەینـــەوە ، لە نوسینی دوو واو و دوو یێ دەســـتورەکەمان لێ هەڵدەوەشێتـــەوە چونکە مەبەســـتمان گوشین (شدّە) نیـــە ٠ ئەم لێکدانەوەیە دەنگی (ڕ)ی قەڵەویش دەگرێتەوە کە هەندێ نوسەر هەن ، وەیا هەبون ، بە دوو پیت دەی‌نوسن وەك : (مەرر ، تەررەساز ٠٠٠٠) سەیر لەوەدایە ، کە بێین بە ڕێنوسی کوردێ وشەی عەرەبێ وەك (مرّە) بنوسین دەبێ بۆ دەربڕینی گوشینەکە پیتەکە دووبارە بکەینەوە ، پیتەکەش دوو ڕێیە (رر) ئیتر بـــەم حیسابە وشەی (مرّە) دەبێ بە کـــوردێ (مەرررە) بنوسرێت ٠

لەبەر ئەم هۆیانـــە و بۆ مەبەسی کەم‌کردنەوەی ئەرك ، کـــوڕ وای پەسەند کرد بۆ ئەو دەنگانەی کە لە کوندا بە دوو پیت دەنوسران یەك پیتی نیشانەدار دابنرێت وەك (وو ، یێ ، ڕ ٠٠) ٠ تەنها لە حاڵەتی گوشینی دەنگدا پیتەکەی دووبارە بکرێتەوە وەك (هەوواری بوو مەدیەن ـ ئەییامی شەریفت لێ موبارەك بێ ـ پیاوێکی شەڕڕانییە ـ زللەیێکی لێ‌دا ٠٠) ٠

لە لیستەی پیتەکانی لاپەڕە (٣٦٨)ی باس‌کراودا دوو نوقسانێ هەیە : یەکێکیان ئەوەبـــوو گوتم بۆ دەنگە دیفتۆنگەکەی کرمانـــجێ سەروو واوی تایبەتێ دانەنـــدراوە ، ئەوی‌تریشیان نەبونی پیتی (ە) ، واتـــە (فتحەی عەرەبێ) ٠ نەنوسرانی ئەم پیتە سوچی لە بیرکردنە ، ئەگەرنا ئەو ڕووپەڕەیەی

لیستەکەشی تێدا نوسراوە پڕە لەو پیتە •

کوڕ لە دانانی ئەم ئەلفوبێیە هیچی وەهای نەکردوە لە ئەلفوبێی کۆن چاکتر و کێشراوتر و پێوراوتر نەبێ • بەلاوەنانی (دالی نوقتەدار « بۆ دالی کلۆر» ـ یێی نیشانەدار لە بری دیفتۆنگی ناوچەیێ سلێمانێ لە وشەی وەك « نوێژ ، خوێ »دا) ئەویش قوتارکردنی ئەلفوبێی کوردییــە لە ئیحتیمالی ئەوەی دەنگی ناڕەسەن بەسەر هەموو زمانەکەدا دابڕدرێت • کە بەوردیش سەرنج بگریت لە بڕیارەکانی کوڕ دەربارەی ئەلفوبێ ، دەبینی تەنها لە دوو سێ پیتدا شکڵ گۆڕی پیتەکانی کۆنی کردوە ، ئەویش بەپێی لێکدانەوەیێك کە سوودی رێنوسی کوردیێ رەچاو کردوە • بەداخــەوە ئەوەی لە ئیمکاندا نەبوو چارەسەربکرێت زۆربوونی پیتی نوختە دار و نیشانەدارە کە دەبێتە هۆی زۆر بوونی جــارەکانی دەست هەڵگرتن لــە نوسینی وشەدا • لــە وشەی (پێچەوانە)دا نۆجاران دەست لە سەر کاغەز هەڵدەبڕیت ، خۆ ئەگەر هەموو نوختەکان دانێیــت بە هــۆی دەست هەڵبــڕین چواردە جــاران دەست هەڵدەبڕیت ، لەحاڵێکدا وشەکە بریتییە لە هەشت پیت • من سەیرم لەوە دێتەوە کــە وا رەخنە لە دانــانی شــکڵی پیــت بگــیرێت کــەچی ئەرکە هەرەگەورەکە و عەیبە هەرەزەقەکەی زۆر دەست هەڵگرتن نەبێتە هۆی هیچ ناڕەزامەندییێك و هیچ دەمەتەقەیێکی لەسەر هەڵنەستێت •

عەیبێکیتری بەرچــاوی پیتەکانی کوردیێ ، هی لاتینیش ، ئــەوەیە بەشێکی پیتەکانی لەخەتی نوسین بەرەو خوارەوە دادەکشێن ، واتە مەودا لە نوسینی خەتی ژێر خۆیانەوە تەنگ دەکەنەوە • لەم جۆرە پیتانە (ر ، و ، ی ، ز ، ژ ، ل ، ڵ ، ج ، چ ، ح ، خ ، ع ، غ ، ن م ••) هەروەهاش نوختەی ئەو پیتانەی نوختەکانیان لە ژێرەوەیانە ، دادەکشێن لە راستە خەتی دێڕەکەیان • کە بێین و ئەو پیتانەش رەچاو بکەین کە ماوەیێکی زۆر سەرووی

خەتی دێڕ گەردەن کێل دەبن ، دەزانین لەوانەیە بەشێکی خەتی سەرو لەگەڵ بەشێکی خـەتی خوارو بەیەکتر بگەنەوە ئەگەر مـەودای مناسب نەخرێتە نێوانیانەوە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە تێچونی کاغەز • پیتەکانی (ل ، ڵ ، ا ، ک ، گ ، ط) لەوانەن زۆرۆی خەتـی دێڕ تێ هەڵدەکشـێن • چاکە لەوەدابو پیتەکان هیچیان لە خەتی دێڕ دانەکشێن بۆ ئەوەی هەمو ماوەی خوارەوە بە خەتی ژێرەوە بدرێت ، بەڵام بەداخەوە ئەم کارە لە ئیمکاندا نەبو •

نوسینی لاتینیش ئەم گرفتە زلەی هەیە : پیتەکانی f , g , j , p , q , y لە دێڕ دادەکشێن ، پیتەکانی b , d , f , h , k , l بەرەژۆر تێ هەڵدەکشێن •

وا دەزانم ئەگەر کەسـێك لە خەریـك بـونی بە چارەسـەر کردنی گرفتەکانی ڕێنوس ، ئەم ڕاستییانەی لە پێش چاو بێت زۆر درەنگ بە خەیاڵی خۆیدا تێدەپەرێنێت ڕەخنە لەوە بگرێت چوکلەی (ر)ی قەڵەو لە ڕێنوسی کوڕدا بەسەر پیتەکەوەیە ••

شارەزایانی ڕێنوسی کـوردی مەیدانی زۆر و بەرفرەوانیـان لە بەر دەمدایە بۆ تێك گەیشتن و چارەسەرکردن و هاریکاری ، پتر لە مەیدانی تێك نەگەیشتن و لەیەکتر ڕازی نەبون •

دوەم : لکی ڕێنوس ، کە دەکا وشە نوسین و تێك بەستنیان •

هەرچەند بەشی ئەلفوبێ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و هەر جوانی و ڕێکیێك لـەودا هەبێ لە ڕێنوس بەدیار دەداتەوە ، لە حـاڵی عەیبداری و ناشیرینیشی دیسـانەوە کاردەکاتەوە سـەر ڕێنوس ، لەگەڵ ئەمەشـدا کە بەراوردی بکەین لەگەڵ جۆری پێکەوە نوسینیان و دروستکردنی وشە و

ڕستەی نوسراودا بۆمان دەردەکەوێ کاری هەرە ورد و سەخت لە ڕێنوسدایە نەك لە ئەلفوبیٚ. بە نمونەی ڕوون کردنەوەی مەبەســت دەڵێم ، هــەرچەند کەرەستەی خانو دروست کردن لە بەرد و گەچ و چەمەنتۆ و ئاسن و دار و ئاو .. وهتاد هەموی ئامادە و لە چەشنی مومتازیش بێت ، ناتوانین خانوی ڕێكوپێك دروســت کەین ئەگەر موهەندیسەکەی وەیا وەستاکەی نابەڵەد بێت . ئەلفوبێش لەخۆوە نوسینی وشــە پێك ناهێنێت ، لەخۆوەش چاکەو خراپەی دەستوراتی ڕێنــوس قەراردادە ناکــات . ئەلفوبێ وێنە داناتێکی سادە و سەرەتاییە بۆ ئەو دەنگانەی لە زارەوە دەر دێن و دەبن بە وشــە ، ڕێنوسیش ئەو شێوە لەکار هێنــانەی وێنەی دەنگەکانە کە وێنەی ڕاست و دروستی وشە و ڕستەیان لێ پێك دەهێنێت یاخــود ئەو موهەندیسایەتیەیە کە لە ڕێی بەکار هێنانی دەستوری ڕاســت و دروستەوە دار و بەرد و ئاو و ئاسن و چەمەنتۆ دەکا بە خانوی تێدا ژیان . وەك سەرنجیش دەری دەخات هەر زمانە دەستور و ڕێباز و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دروست کردنی وشە و داڕشتنی ڕستەی ئاخاوتن ، دەستورەکانیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێك بەرەو قورسی وتێکەڵی وەیا سوکــی و سادەییەوە دەڕۆن . هەرچەند لەم گوتارەدا جێگە نییە بۆ بەراورد کردنی کوردی لەگەڵ زمانەکانیتر لە ڕوی ئاسانی و زەحمەتی داڕشتنی ڕســتەوە ، بەلاّم هیچ‌نهێنییێك ئاشکرا ناکەم بەوەدا کە بلێم زمانی کوردی یەکــێکە لەو زمانانەی بەیەکەوە بەستنەوەی وشەکانی بۆ پێك هێنانی ڕستە وەك تێك هەڵکێشانی کــلاّفەی هۆنینەوەیە بەتایبەتی ئەو ڕستانەی (ڕاناوی لکــاو)یان تێدایە ، لەگەڵ ڕاناوەکەشدا کاری بە پێشگرەوە هاتوە و نەفیشــی تێدایە . تۆ سەیرێکی ئەم یەك دوو نمونەیەبکە :

دەیانگرم ــ «یان» مەفعولە و «م» فاعیلە ، فیعلەکەش ئایندەیە .

دەیانگرتم ـ «یان» فاعـیله و «م» مەفعوله ، فیعـلەکەش رابردوی بەردەوامە •

نەیاندەگرتم ـ « یان » شوێنی خۆی گواسـتەوە بۆ دوای نیشانەی «نەفی» •

هەڵیان نەدەگرتم ـ «یان» جارێکی تریش شوێنی خۆی گواستەوە بۆ دوای پێشگری «هەڵ» •

پێیـان هەڵ نەدەگرتم ـ «یان» دیسانەوە جێ‌گۆڕکێی کرد بۆ دوای پێشگری « پێ » •

لەهەندێ شێوە ئاخاوتندا بەتایبەتی ئەو ناوچانەی دەکەونە باشوری کەرکوك، دەگوترێ : دەمیان گرت ـ نەمیان دەگرت ـ هەڵمیان نەدەگرت ـ پێمیان هەڵ نەدەگرت •

لەم جۆرە رستانەی بزۆزی وەك جیوە ، نمونـەی زۆر و بۆر هەیە لە زمانی کوردێ • هەر ئەم بزۆزییەی « راناوی لکـاو » بۆ لەگەڵ هەندێ خاسیەتی‌تر ، وای‌کرد مـن لە هەندێ نوسینی خۆمدا پێشنیار بکـەم بەو راناوانە بگوترێ «چالاك» نەك «لکاو»،چونکە لە واتای لکاودا خاسیەتەکانی راناوەکان دیار نادەن • بابـگەڕێینەوە بۆ رستەیێکی وەك « پێیـان هەڵ نەدەگرتم » •

تەماشای لاپەڕە (٣٧٣)ی گۆڤارەکەی کۆر بکەیت دەبینیت ئەنجومەنی کۆر لەو تەرزە فیعل و داڕشتنانە کۆلیوەتەوە ، بەدوا لێکۆڵینەوەدا بڕیاری چۆنەتی نوسینیانی داوە • لـەو لاپەڕەیەدا فەرقی پێشگـر کراوە لەگەڵ نیشانەکانی (نەفی و نەهی و مـوزارەعە و ئەمـر : نەفی وەك « ناخوات ،

نەڕۆییشت» ــ نەهی وەك «مەکە ، نەکەیت» ــ موزارەعە وەك «دەخۆم» ــ ئەمر وەك «بڕۆن ، بڕۆیت») لەو روەوە کە ئەم نیشانانە دەبێ مامڵەتی پیتی ئەسلی وشەیان لەگەڵدا بکرێت و هەمیشە لەگەڵ فیعلـدا بەسـەر یەکەوە بنوسرێن ، وەك : نەڕۆییشت ، دەڕۆییشت ، بڕوات ، نەدەڕۆییشت • ئـەم خاسیەتە بە جۆرێك لەو بڕیارەدا رەچاوکراوە تەنانەت ئەگەر راناوی لکاویش کەوتە نێوانی نیشانەکانەوە نابێ لە یەکتریان جوداکاتەوە وەك : نەیاندەگرتین • بەڵام کە راناو کەوتە نێوان پێشگر و فیعلەوە دەبێ لە یەکتریان جودا بکاتەوە وەك : هەڵم گرت ، هەڵم نەگرت ، هەڵم نەدەگرت(٦) •

بەپێی ئەم بڕیارەی کۆڕ دەبـێ فیعل و پێشگرەکـان و راناوەکان و نیشانەکان بەم جۆرە بنوسرێن : هەڵم نەدەگرتن ، پێیان هەڵ نەدەگرتم •

ئەم تەرزە بڕیارە ، هەرچەند رەخنەشی لێ بگیرێت ، لەسەر لێکدانەوە و زانستی رێزمان و هەڵسەنگاندنی سروشت و خاسیەتی بەشەکانی ئاخاوتنەوە هەڵستـاوە ، چ رەوای ئینسـاف نیە باباییـێك لە سـەری زمـانەوە بڵێ (من رازی نیم) بـێ ئەوە چ هـۆیەکی نارەزایی بەدەسـتەوە بدات وەیا جێ گرێکی باشتر پێشکـەش بکـات • خۆئـەگەر هەمو هـۆ و بەڵگەی نارەزاییش هەر ئەوە بێ کە لێرە بە پێشەوە وایان نەنوسیوە دەبێ رێ بدەین بە یەکێکی تریش بەسـواری فرۆك رازی نەبێت چونکە پێشینان سـواری وڵاغ دەبـون •

هەمو دەزانین ئاخاوتن بە جۆرێك لە جـۆران هەر دەنـوسرێ ، ئیتر مەنتیـق هەبێ یانەبێ لەو جۆرە نوسینانەدا • بە نمونە دەڵێم ئەم رستەیەی

(٦) ئەم شێوە دابەش کردنەی وشە بە ئەلفوبێی لاتینی باشتر دەردەکەوێت وەك لە خوارەوە نوسراوە :
helim nedegirt — helim negirt — helim girt.

(پێیان هەڵ نەدەگرتم) چەندین جۆری نوسین هەڵدەگرێ وەك :

پێ یان هەڵ نە دەگرتم ــ پێیان هەڵ نەدە گرتم ــ پێیان هەڵنە دە گرتم ــ پێ یان هــەڵ نەدەگرتم ــ پێ یان هەڵنەدەگرتــم ــ پێ یانهەڵنــەدەگرتم ــ پێ یانهەڵنەدەگرتم ــ پێیانهەڵنەدەگرتم ــ پێیانهەڵ نەدەگرتم ــ پێیانهەڵنــە دەگرتم ــ..... هەتاد . رەنگە هەموشــیان لەوانە بن بخــوێندرێنەوە و مەفهومیش بن ، بەڵام ئەوەندە عەیبەیان هەیە کە لەگەڵ داخوازێ سروشتی کەرتەکانی رستەکە رێك ناکەون ، بۆیە بڕبڕ کردنی رستەکە دەبێتە کــاری رێکەوت وەیا تەقلەی مامەحەمە کە ئەگەر هەمان رێکەوت لە ئاودانی نوتندا بەکار بهێنرێت رەنگە کەس گەلا نوتنێك لە داو وەیا لە شیش نەدات .

دامەزراوێکی رۆشنبــیرێ وەك کۆڕی زانیــاری کورد کە بێت و لە دانانی دەستوراتی رێنوسدا پێڕەوێ کارە سەرپێیەکــانی لێرە بە پێشەوە بکات ، یاخود بێ لێکدانەوە و کێشانە و پێوانە ملبداتە دەستور دانان کەلکی ئەوەی پێوە نامێنێت ئەرکە یەکجار قورسەکەی خزمەتی روشنبیرێ کوردێ بگرێتە ئەستۆی خۆیەوە ، چــونکە کە هات و لە یەکــەم هەنگاودا لاسایێ غەیری خۆی کردەوە و هەڵەی عەفوێ و سافیلکەی سەلماند دەبێ بە هەمو عومری و لە هەمو کاری گرنگیشدا ببێتە لاسایێ کەرەوە و (مام سەلمێن)، لەمەشدا مەتتیق سەرەوبن دەبێ چونکە کۆڕێك کە بە پێی بڕیاری یاسا لێی داوا دەکرێ گرفتی رۆشنبیرێ کوردێ بڕەوێنێتــەوە دەبێتــە چەسپێنەری هەڵە و لاسایێ کەرەوە ، ئەوانەی لە تاکە رێی ئیجتیهــادی شەخسیشەوە ، بێ‌یاسا و بەرنامە ، دەستوران دادەنێن دەبنە رابەر و نمونە لەحاڵێکدا کۆڕ جگە لە لایەنی فەرمانی یاسا، بە پێی بۆلوانی مادیش، پتر دەتوانێ کەرەستەی لێکۆلینەوە و کات و باری پشکنینــەوە و تۆژینەوە دەردەســت بکات و

شارەزایان بهاوێتە سەر باری جێبەجێ کردن و راپەڕاندن • ئەمانەش هەمو بەلاوە بنێین ، جارێکی‌تریش کوڕ لە تاکەکەس و کومەلەکەس [ئەگەر لێرە بە پێشەوە چ کومەلەکەس خەریکی رێنوس بوبن] دەرفەتی بژاردە کردنی دەستوراتی رێنوس و غەیری رێنوسی زیاتر هەیە چونکە کوڕ هەمو تەجرەبە و پێشنیار و دەستوراتی لێرە بە پێشەوەی لە بەر دەستدا دەبێ کە دەکەوێتە سەر دانانی یاسا و دەستور ، بەمەشدا دەتوانێ خوی لەو هەلـە و کەموکوڕییانە رزگار بکات کە خەلقی‌تر تێی کەوتون هەروەك کەسێك وەیا لایەنێکی‌تر لێرە بەدواوە خەریکی رێنوس بێت دەتوانێ لە تەجرەبەی کوڕ سود وەرگرێت و ، ئەگەر پەلە نەکات ، لەسەر سەکوی ئەو تەجرەبەوە بەرەژورتر بڕوات • ئەو نەزەریانەی دەلێن جیهان لە بەرەوپێش چوندایە ، نەیانگوت کاتێك سرەگەییشتە کوڕی زانیاری کورد رێی بەرەوپێش چون کوێر دەبێتەوە و دەبێ کوڕ شتی‌کونینە پێڕەوێ بکات • ئەو کەسانەش کە وا لە سەری زمانەوە ، بەپشت ئەستوری نەزەریە شورشگێڕەکان ، بڕیاری گوڕینی هەمو سەروبەرێکی کومەلایەتیمان دەدەن خویان پاشگەز دەکەنەوە لەوگیانی بەرەوپێش چونەیان کە دێن هەنگاوە بەرەوپێشەکانی کوڕ عەیبدار دەکەن کە گویا یاسا و دەستوری میراتێ دەشێوێنن لەحالێکدا بـەلای ئەو کەسانەوە بەرەوپێش چون ، بە زوری ، بریتییە لە تێبردنی یاسا و دەستوری میراتێ لە مەیدانە هەرەگرنگەکانی بەڕێـوە چـون و بیروباوەڕ و شیرازەی کومەلایەتێ چ جایێ مەیدانی شکڵ دانان بو پیتی رێی قەلەو و واوی درێژ ، ئایا نیشاکەیان چێ بێت و بە کوێوەی پیتەکانەوە بگیرسێنەوە ! !

کوڕ لە بارەی رێنوسەوە بڕیاری یەکجارەکێ نەدا هەرچەند یاساش لە پەراوێزی دەسەلاتە بەرفرەوانەکانی مادە (٣)دا ئەو دەسـەلاتەی پێداوە • وا لێرەدا دەقی مادە (٣) ی یاسای کوڕ دەنوسم بوئەوەی خوێنەر روتر و

ئاشکراتر هەڵوەستی کۆڕ و غەیری کۆڕ لەبەر تیشکی ئەو مادەیەدا ببینن :

« المادة الثالثة ــ يستهدف المجمع :ــ

أ ــ النهوض بالدراسات والبحوث العلمية في العراق لمسايرة التقدم العلمي •

ب ــ المحافظة على سلامة اللغة الكردية والعمل على تنميتها ووفائها بمطالب العلوم والاداب والفنون •

ج ــ احياء التراث الكردي والاسلامي في العلوم والاداب والفنون •

د ــ العناية بدراسة تاريخ العراق وحضاراته بصورة عامة والمناطق الكردية بصورة خاصة •

هـ ــ نشر البحوث الاصيلة وتشجيع الترجمــة والتأليف في العلوم والاداب والفنــون • »

ئەمانە ئامانجەکانی کۆڕن بە پێی فەرمانی یاسا • دەمێنێتەوە بگوترێ ئەوەی کۆڕ کردوەتی خزمەتی ئەو ئامانجانە ناکات : لەبەرانبەر قسەی وەهادا هەر ئەوەندە دەڵێم کۆڕ ساحیر نییــە ، هێزی غەیبیشــی بەدەستەوە نیە ، کارەکانیشی لە بەر چاواندان و دەشێ بە کاریتر بگیرێن و بزاندرێ درێغی کۆڕ چیە و جانفیدایی رەخنــەگرانیش چییــە • لەم قســەیەشدا مەبەستم رەخنەگرتن نییە لەو رەخنانەی سوودی رۆشنبیری کوردی بە مەبەست گرتوە چونکە ئەمانە رۆناك کەرەوەی شوێن هەنگاوی کۆڕن ، هەروەها مەبەستم بایەخ دانیش نییە بەرەخنەی روخێنەر چونکە ئەو تەرزە رەخنەیە لە خۆوە تاکە یەك خشتیش وەرناگێڕن ، ئەوەی مەبەستمە رۆنکردنەوەی هەڵوەستی کۆڕە لەبەر حوکمی یاسا و لە واقیعیشدا ، هەر بۆیەش دەقی مــادە (۳)م نوســی بۆئەوەی مەعلوم بێت کە کۆڕ دێت و لیژنە دادەنێ بۆ داڕشــتن و تەرجەمە کردنی زاراوەی فەلسەفە و ژیربێژی و سایکۆلۆجی و زانســتەکان لەوەدا

پێڕەوی بەندی (أ) لە مادە (٣) دەکات «النهـوض بالدراسـات والبحوث العلمية » چونکە توێژینەوەی زانستکارانەی کوردی بەبێ وشە و زاراوەی سەر بەزانستەکانەوە لە ئیمکاندا نییە • تا دەتوانین رستەیێکی سەرەتایی وەك (ليست السالبة الكلية نقيض الموجبة الكلية) وەرگێڕینە سەر زمانەکەمان دەبێ دوو پلەی گەورە سـەرکەوین : پلەی یەکـەم گەییشتن بـەو تەرزە لێکدانەوەیە • پلەی دووەم ، دانانی زاراوەی پێویست بۆ تەعبیردانەوە لـە فکرەکە • لەم ژمارەیەدا خەریك بوون و بەرهەمی لیژنە کاتیەکەی زاراوەکانی زانست دەخوێنینەوە کە رووییێکی چالاکی کۆڕ نیشـان دەدات لە مەیدانـی پەیداکردنی کەرەستەی (النهوض بالدراسات والبحوث العلمية) ، لە هەمان کاتیشدا مەودا دەکاتەوە بۆ هاریکاری نێوان کۆڕ و رۆشنبیرانی کورد بـۆ هەڵبژاردنی زاراوەی پوخت و پەسەند •

لە بەندی (ب)ی مادە (٣) کە (المحافظة على سـلامة اللغة الكرديـة والعمل على تنميتها ٠٠٠)ی بە ئامانج گرتوە بۆکۆڕ ، وێڕای ئەرکێك کە وەك فەرمان دەیخاتە ئەستۆی کۆڕەوە ، دەسەڵاتی پێویستیـش بە کۆڕ دەدات لەوەدا چی بە چاك بزانێـت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە وەهـا بکات و بڕیاریشی بۆ بدات • بێ گومان مەیدانی هەرە پێشەوەی ئەو ئامانجە دانانی رێنووسە چونکە زمان بە رێنووس دەگاتە خوێنەران ، ئیتر ئەگەر رێنووسەکە پەسەند نەبێت نوسراوەکەش بەدروستی ناچێتـە بەر دەمی خوێنەرانەوە • لەوەوە دەردەکەوێ کۆڕ دەسەڵاتی پێدراوە رێنووسێك قەراردادە بکـات کە بە ڕاست و چاکی دەزانێت بێ ئـەوەی پرسی ئەم و ئەو بکات ، بەڵام لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەشدا کۆڕ لە لاپەڕە (٣٦٥)ی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەیدا ئەم تکایە لە خوێنەران دەکات لە بارەی ئەو رێنووسەی پێشنیاری کردوە : « بەم بۆنەیەوە ئەنجومەنی کۆڕ تکا لە هەمو زانـا و شارەزایـانی کورد و

کوردناسانی بێگانە دەکات بەوردیێ لەم بڕیارانــەی بکۆڵنەوە و لە ماوەی شەش مانگدا بیری خۆیان و هەر پێشنیارێکیان لە بــارەیەوە هەیە بۆمــانی بنێرن تا لەبەر ڕۆشنایبان دوا بڕیــاری خــۆی بدات » • کۆڕ ڕێگەیێکی دڵ سۆزانەتــری لە بەردا نەبوبیگــرێ بۆ دانانی ئەلفوبــێ و ڕێنوسێکی پەسەند و بێ گیروگرفــت • ئەمان بیســتوە لێرە بە پێشــەوە چ لایەنێك پێشنیاری خۆی بۆماوەی شەش مانگان بداتە بەر ڕەخــنە و هەڵسەنگاندن لە لایەن غەیرەوە ، بە مەرجێك ئەو لایەنە دەسەڵاتی بڕیار دانی پێ درابێت• من مامۆستام دیتوە پڕ بەدەم دەڵێ دنیاش ڕاست بێتەوە یەك نوختە ناگۆڕێ لەوەی بەقوتابیانی گوتوە •

ئەم تکایە گەرموگوڕەی کۆڕ لە خوێنەران و زانایانی کورد و بێگانە بۆ دەربڕینی پێشنیاریان بەرانبەر ئەو دەستورە ڕێنوسەی کۆڕ بەباشی زانیوە چ عوزران بەدەست ئەو ڕەخنەگرەوە ناهێڵێــت کە بەلای خۆیەوە بیروڕای باشتری هەیە بەڵام لە جیاتی ئەوەی بیخــاتە ســەر خــوانی لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنەوە ڕێگەی زۆر سەلبێ توانج گرتن دەگرێتە بەر، بەمەشدا کەس سودمەند نابێت و چ هەڵەش ڕاست ناکرێنەوە •

بەولای ئەو هەنگــاوانەی کــۆڕ هــاویشتی بــۆ قەرارداده کردنی ڕێنــوسێکی بە پێــوانە و کێشــانەی کــوردیێ ، چ هەنگــاوێك مــابۆ نەیهاوێژێ ؟ ئێمە بالەوە بگەڕێین چ لایەنێکیتر هێندەی کۆڕ لە پەرۆشــی کۆکردنەوەی بیروڕای ڕۆشــنبیراندا نەبوە بەدەوری پرسیــارێکی وەهادا چونکە لەو بەیەکدی گرتنــەدا کــۆڕ بەجۆرێــکی وەهــا لە بەرایێ ڕیزی پەرۆشدارانەوە دێت کە ئیتــر پێویســت نەمێنــێ بۆ پتر بــەدوا کەوتنی مەوزوعەکە ، با بەچاوێکی (موضوعی) سەیری هەنگاوەکانی کۆڕ بکەین و ڕەخنە و نرخاندنیان لەسەر هەڵستێنین :

١ ــ کۆڕ هەمو شێوە ڕێنوسێکی لەمەوپێشی کوردیی کۆ کردۆتەوە و دەرسی کردوون •

٢ ــ کۆڕ هاریکاریی کردوە لەگەڵ ئەوانەی بە ڕێنوسەوە خەریکن و بیروڕای وەرگرتون •

٣ ــ کۆڕ بە وردیی و بە دورودرێژیی هەمو پێشنیارێك و ئیحتیمالێکی داوەتە بەر سەرنج لێگرتن و لێکۆڵینەوەوە •

٤ ــ کۆڕ پوختەی پێشنیار و بڕیار و بیروڕای خۆی خستۆتە بەر نیگای خاوەن بیروڕایانەوە بۆ ئەوەی چی بە چاکتر دەزانن ئەوانیش بیکەنەوە بە پێشنیار و بیدەنەوە بە کۆڕ ، لە ماوەی شەش مانگ دوای بڵاو بونەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەی •

٥ ــ تائێستاش کۆڕ باوەش و دڵی خۆی کردۆتەوە بۆ ئەوەی جەماوەری ڕۆشنبیرانی کورد بە چاکتر و پەسەندتری دەزانن •

ئەگەر چ هەنگاوێکیتر هەبێ نوقسانی کارەکەی کۆڕ پڕ بکاتەوە بەخەیاڵی بەرپرسیارانی کۆڕدا نەهاتوە ، ئەوەندەی خەیاڵیش بەملاو بەولادا دەگێڕم چیترم بە بیردا نایەت ، خوێنەرێکیش لەلای خۆی چ بیروڕا و پێشنیارێکی هەبێت لەبارەی ڕێنوسەوە و بە کۆڕی ڕانەگەیاندبێت ، لەسەریەتی بیروڕاکەی دیار خات بەڵکو لە ڕێبازێکەوە بۆ چارەسەر کردنی یەکێك لە گیروگرفتەکانی ڕێنوسی کوردییەوە ڕۆیشتبێت بە بیری یەکێکیتردا نەهاتبێت • بێ گومان بیروڕا ئەگەر وەك گەوهەریش ساغ و پرشنگدار بێت ، لە ژێر پەردەی شراوەییدا شەوق ناداتەوە •

کۆڕ لەو بەشە یەکەمەی پێشنیارەکانی ، لە بارەی ڕێنوس وئەلفوبێوە،

نمونەیێکی لێکدانەوەی خۆی بۆ چارە سەرکردنی کێشەکە خستۆتە بەر چاوانەوە بەو ئومێدەی ئەگەر شتێکی چاکتر هەبێ لای خوێنەران بۆی بێتەوە بە پێشنیار • دەزانین گەلێك باریتری ڕێنوس پێویستی هەیە بە دەرس کردن و لێکۆڵینەوە ، هەر بۆیەیشە پێشنیارەکانی کوڕ بە (بەشییەکەم) داندران • هەرچەند من ڕێگە بە خۆم نادەم لەم قسانەمدا هەڵوەستێکی (مامۆستایانە) ڕاوەستم لە ئاست خوێنەراندا ، وەك لە قوتابخانە مامۆستا بەسەر قوتابییانەوە دەبێتە ڕابەر ، ئیتر هەڵومەرج دائیم بۆ ئەو کەسەی لیی دەوەشێتەوە بیروڕا لە بارەی ئەلفوبێ و ڕێنوسەوە دەربڕێت چونکە قسەکەم ڕوی لە هەموانە ، پەراوێزی داواکردنەکەش تا بلێی بەرفرەوانە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زەرەرێك پەیدا نابێ لەوەدا یەك دو تێبینی و ئامۆژگاری برایانە پێشکەش بە دڵسۆزانی ڕێنوسی کوردی بکەم کە دێن بە پێی باوەڕی خۆیان باشترین پێشنیار دەخەنە سەر خوانی لێکۆڵینەوەی خوێنەرانەوە ، مەبەسیشم ئەوەیە دوچاری دڵشکستەیی نەبەن کە لە دوارۆژدا ببینن پێشنیارەکانیان لە بابەتی سەرپێیی بون ، وەیا هەر لە ڕێی موناقەشەوە خێرا ئەو ڕاستییەیان بۆ دەر بکەوێت •

تێبینی یەکەم :

هەرچەند ئاسانی و جوانی ئەلفوبێ و ڕێنوس مەبەسێکی بنجییە لەو دەستورانەی بۆیان دادەندرێت ، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بە بەرچاوی خۆمانەوەی بگرین کە گونجانی ئەو دەستورانە لەگەڵ سروشتی ئاخاوتن و ڕێزمان بەر لە هەمو ئامانجێکەوە دێت • تۆ کە هاتی دەستور دائێیت بۆ نوسینی گوتەییێکی وەك : (لەهەولێرەوە ـ بەمەدا ـ لەمەدا ـ لەواندا ـ لەبینوێندا ـ لە بینوشرا ـ بەمەوە ـ لەمەوە) چاوەڕوان دەکرێ بایەخ

بەم راستییانەی خوارەوە بدەیت لە دەستورەکەتدا تاکو مومکین بێ دەستورەکەت لەگەڵ سروشتی گوتەکە بگونجێت :

١ ـ ئەو کەرتەی لە گوتەی (لە بێتوشەوە) پێی دەگوترێ preposition تەنها وشەی (لە) نییە ، کەرتەکەی دوای (بێتوش)یش تەواوکەری (لە)کەیە ، واتە (لە ـ ەوە) سەرلەبەریان پریپۆزیشنن • کەواتە دەبێ ئاگات لەوەبێ کە تۆ وشەی (لە)ت بەجودا توسی و تەواوکەرەکەی (ەوە)ت بە پێش‌خۆیەوە لکاند دۆ مامڵەتی لە یەکتر نەچوت لەگەڵ دۆکەرتی یەك پریپۆزیشندا کرد • بەلای منەوە مامڵەت جودایێ ئەگەر بەچاوی کراوەوە بێت ، نەك لە ناشارەزایێ و بێ ئاگاییەوە ، دەشێ بدرێتە بەر دەستوری رێك‌وپێکەوە وەك ئەوەی کە بگوترێ هەمو تەواوکەرێکی ئەوتۆیێ بەپێش خۆیە بلکێندرێت •

ئەم تەواوکەرە وادەبێ بە دوا نیمچە رستەشدا دێت ، وەك کە خۆم تازە گوتم (لە نەشارەزایێ و بێ‌ئاگاییەوە) •

(لە بێتوشدا ، لە بێتوشڕا) ئەوانیش هەمان شکلی پریپۆزیشن و تەوارکەرەکەیان تێدایە ، دیارە دەبێ یەك دەستور بۆ هەموان دابندرێت •

کەگوتت (لە بێتوشا) پێنە (د)ی تەواوکەرەکەی (دا)ت سواندوە • بەلای باوەڕی منەوە ئەم سوانە ، کە تایبەتێ پێتە (د)ی ئاخاوتنی (سلێمانێ)یە ، نابێ بەسەر هەمو زمانی کوردیدا بسەپێ • چ مانیع نییە لە هەڵبەستدا بە پێی داخوازێ کێش و قافیە (د)ە کە بسوێت ، بەلام بەعادەت لە توسینی پەخشاندا دەبێ پێتە (د)ە کە نەسوێت • وەك ئەمەش (لە پێشان ، لەپاشان) وادەزانم راستییەکەی (لە پێشدان ، لە پاشدان)ە •

که تۆ ئەم راستییانەت زانی ، ناچار دەبی لە دەستورەکەتدا رەچاویان بکەیت ئیتر هەر جۆرە رەچاوکردنێك بێت چاکترە لەوەی بۆیان نەچوبیت •

پریپۆزیشنی (به ، تێ ، پێ)ش تەواوکەریان هەیە وەك (لــه) بەلاّم تەواوکەری (تێ ، پێ) لە خۆیان جودا نابێتەوە وەك : (تێوەڕامان ، تێڕادیتنــ پێوەبون ، پێڕاهاتن) • پێی ناوی زۆری بــەدوا بکــەوم چونکە مەبەسم دەستوردانان نییە بەڵکو سەرنج راکێشانە و بەس •

٢ ــ که دەڵێی (بەمەدا ، لەوەوە ، لەوێوە ، لەوێڕا •••) ئەسڵەکەیان (بەئەمەدا ، لەئەوەوە ، لەئەوێــوە ، لەئەوێڕا)بــوە و پیتــه (هەمزە)کەی سەرەتایان تێ چوە • وا دەزانم زوربەی نوسەران ، بگرە هەمویان ، لــەم حالاّنەدا وشەکــان بەســەریەکەوە دەنوســن ، واتە مەودا ناخەنــه نێوان پریپۆزیشنەکە و وشەی دوایەوە • که حاڵ وەهابێ پێویستە ئەم دەســتورە لە هەمو جێگەیەکدا بەکار بێت که پیتی سواو لە سەرەتای وشەوە هەبوبێت• که نوسیت (لە ئەم کاتەدا) وشەی (لە) جودا دەنوسرێ ، بەلاّم که نوسیت (لەم کاتەدا) هەر دو وشەی (لە ــ م) بە ســەریەکەوە دەنوسرێن • جا ئەگەر گەڕاینەوە بۆ ســەرەتای لاپەڕە (٣٧٤)ی بەرگی یەکــەمی گۆڤاری کۆڕ و دیتت پێشنیاری کۆڕ ئەوەیە لە حاڵی سوانی نیشانەی ئەمر که پیتــی (ب)ە دەبێ پێشگر بە فیعلەوە بنوسێت ، بزانە که وا کۆڕ ئەم لایەنەی سوانی پیتی سەرەتای وشەی تێخوێندۆتەوە لە پێشنیــارەکانی خۆیدا • بە پێــی دەستوری کۆڕ دەبێ بنوسرێ (هەڵبستە ، تێبنیشە ، پێبکە ••) ، بەلاّم که (ب)ە که سوا دەبێ بنوسرێ (هەڵستە ، تێنیشە ، پێکە) •

من که هەمو جار دەنوسم (تێخوێندنەوە) و پێشگرەکەی « تێ » بە فیعلەکەوە نالکێنم لەمەدا پشت لە پێشنیاری کۆڕ دەڕۆم ، بــەلاّم مەبەستم

سەرپێچی نییە لەو پێشنیارانەی کۆڕ بەڵکو لەو رەفتارەدا دوو خاڵم بــە بەر چاوی خۆمەوە گرتوە : یەکیان ئەوەیە تائێستا ئــەو پێشنیارانە نەبوون بــە بڕیاری یەکجارەکی ، دوەمیان ئەوەیە من لە بارەی پێشگرەکانی (تێ ، پێ ، لێ) رایەکی تایبەتیم هەیە کە جودایان دەکاتەوە لە پێشگری وەك (هەڵ ، دا، را ، وەر ٠٠) • بەلای منەوە (تێ ، پێ ، لێ) سروشتی پریپۆزیشنیان پتر تێدایە لە سروشتی پێشگر کە ئێرە جــێی درێژە پێدانی تێــدا نــابینێتەوە • بەکورتی دەڵێم «پــێ» لە پریپۆزیشنی «بــە» وەرگیراوە ، « لێ ، تێ »ش هەردوویان لە پریپۆزیشنی « لە » وەرگیراون • « لە ، بە » دەچنە سەر ناو و راناوی نەلکاو وەك « لە دارا گەڕێ ــ بە زستانان پینە و پەڕۆ ، بە من مەڵێ، لە من گەڕێ » ، بەلام کە چوونە سەر فیعل و راناوی لکاو دەبنە « پێ ، لێ ، تێ» ، نموونەی روون کردنەوە لەم رستانەدا دەدیترێ : (لە ئەحمەد مەدە ، لێی مەدە ــ لە تۆ ناگەم ، تێت ناگەم) (بەکابرام گوت مەڕۆ ، پێم گوت مەڕۆ) (تێگەیشتن ، لێگەڕان ، پێگوتن ــ ئەمانــە نموونەی پێشگرەکان و فیعلن چونکە چاوگ وەك فیعلە) •

تێبینی دوەم :

ئەو وشــانەی کە بە واوی بێبزوێن دەست پێ دەکەن وەك (ورچ ، وزە ، ورد ، وریا ، ورتە ٠٠٠) :

بۆ ئەوەی بڕیار بدەیت ئەم واوانە بە دوو پیت بنووســیت یاخود بەیەك پیت ، سەرنجێك بدە ئەم لێکدانەوەیە :

لە نووسینی ئەو وشانەی بە (ر) دەست پێ دەکەن ، نووســەران دەڵێن پێویست نییە نیشانەی (ر)ی قەڵەوی بخرێتە سەر چونکە هەمیشــە دەنگی (ر) لەسەرەتای وشەدا بە قەڵەوی دەردەبڕدرێت ، کەواتــە لزوم بە نیشانە

ناکات • که ئەم لێکدانەوەیه و ئــەو بڕیاره قبــول بکرێت دەبێ بەنیسبەت وشەی (ورچ ، وشه ، وزه •••)یشەوه هەمــان لێکدانەوه بکرێت : دەبێ بزانین ئایا هیچ وشه هەیه له کوردیدا به واوی وەستاویش دەست پێ بکات و کورته بزوێنی (ضمه)شی تێدا نەبێت ؟ چونکه ئێمه دەزانین ئــەو وشانەی که هەندێك له نوسەران به دوو واو دەیانوسن هەموویان لــه واوەکەیاندا ئەم کورته بزوێنەی (ضمه) هەیه • ئــەوی راســتی بێ (واو) و (یێ) که له سەرەتای وشەدا به وەســتاوی هاتن (واتــه بزوێنیان بەدوادا نەهات) به ناچاری دەبێ کورته بزوێنیان تێدا بدرکێندرێت دەنا دەربڕینیان له ئێمکاندا نابێت ؛ کورته بزوێنی ناو (واو)ەکه (ضمه)یــه و هی نــاو (یێ)کەش (کسره)یه • لەم نمونانەی خوارەوه نەختێك رون کردنەوه پەیدا دەبێت :

له کوردیدا ئەم وشانه هەن :

کڕ [به واتای بێ دەنگ وەیا مەیلەو رەق]

کوڕ [به واتای « ولد »ی عەرەبی]

کوڕ [به واتای قەمبور]

لەم وشانەدا جارێکیان پیتی (ك) چ بزوێنی بەدوادا نایەت وەك (کڕ) •

جارێکیشیان کورته بزوێنی (ضمه)ی بەدوادا هات وەك (کوڕ ــ ولد) •

جاری سێیەم بزوێنی درێژی تیژی واوی بەدوادا هات وەك (کوڕ ــ که هەندێك به دوو واوی دەنوسن « کووڕ ») •

تۆ بێنه پیتی (ك) له وشەی (کڕ)دا بگۆڕه به (م) وشەکه دەبێته (مڕ) ، بیگۆڕه به (د) دەبێته (دڕ) •

ئێستا بێنه (ك)ەکه بگۆڕه به (و) و بیکه به (وڕ) ، ئایا پێویست دەبینی

ئەم (واو)ە بکەیت بە دوّ ، لە حالێکدا کە (ك)ەت گۆڕی بە (م ، د) لزومت نەدیت هیچ (واو)یان بەدوادا بێنیت ؟

دەزانین لە کوردیدا (کڕ ، کوڕ ، دڕ ، دوڕ) هەیە ، ئایا لەهیچ حالاّندا وشەی وەك (وزە ، ووزە ــ ورتە ، وورتە ــ ورچ ، وورچ ــ وشە ، ووشە) بەچەنگ دەکەوێ مەجبورمـان بکـات جارێکیان (واو)ەکە بـە یەك پیت بنوسین و جارێکیشیان بە دوّ پیت بنوسین ؟ بەلای منـەوە دەبیّ لە پێشەوە زمانەکەمان سەروبن بکەین ، بە دوا ئەو وشانەدا بگەڕێین کە بە پیتی (واو)ی وەستاو دەست پیّ دەکەن ، جا ئەگەر دیتمان هەندێکیان واوەکەیان بەتەواوێ وەستاوە و هەندێکیشیـان وەك (کوڕ ، دوڕ) واوەکەیـان کورتە بزوێنی (ضمە)یان بەدوادا دێت ئەوسا پێویستـە وشەکـان بە دوّ جۆر بنوسـین ، جۆرێکیان بە یەك (واو) جۆرێکیتریشیان بە دو (واو) • خۆ ئەگەر زانیمان هەمو وشەکان وەك یەك وەهان ، ئەوسا دەبیّ بە چـاوی کراوەوە بڕیارێك بدەین ئیتر یا بە یەك (واو) بنوسرێن یا بە دوّ (واو) ، هەر کامێکیشیان کرا بە بڕیار بەڵگەی لەگەڵ خۆیدا دێت ، چونکە ئەوەی گرنگە زانینی راستییەکەیە ، کە راستییەکە زاندرا بە خۆی و بەڵگەیەوە دەزاندرێت •

کوّڕ کە هات لە نوسینـی خۆیدا وای پەسەند کرد وشەکـان بە یەك (واو) بنوسرێن ، ئەم لێکدانەوانەی کردبوّ • من کە دێم لێرەدا بۆچونەکان دوّبارە دەکەمەوە مەبەستم راکێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ ئەو بارانە و گۆشە نیگایانەی کە مومکینە ببن بە روانگەی لێوە سەیرکردن •

تێبینیّ سێیەم :

زانیمـان و گوتمـان وشەی پرپیۆزیشن بە وشەی دوای خـۆیەوە نالکیّ هەروەك ناو و راناو و ئاوەڵناو بەدوا خۆیانەوە نالکێن ، زانیشمـان

کاتێك که پیتی قرتاو له سەرەتای وشەی دوای پریپۆزیشن هەبێ وا پەسەند دەکرێت پێوەی بلکێت • ئێستا پێویسته راستییەکی گرنگ له باسی پێوەلکان و نەلکانی وشەی پریپۆزیشن بەدواخۆیەوە روون بکرێتەوە :

وادەبێ نیمچه رستەی ئاوەلکار (adverb) پریپۆزیشنی تیدا دەبێت ، دەشزانین ئاوەلکار لەو ڕێزمانانەی کوردی ئەمڕۆی عیراق دەیخوێنن به بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن ژماردراوه وەك (ناو ، کار ، راناو ، ئاوەلناو•• «صفه» •••) • کەواته ئاوەلکارێك خۆی بەشێکی سەربەخۆ بێت له ڕێزماندا ناشێ نوسینەکەی پچڕپچڕ بێت • به نمونه دەلێم له رستەی (من و تۆ «بەبرایەتی» دەبەینه سەر) گوتەی «بەبرایەتی» ئاوەلکاره و سەرەتاکەشی پریپۆزیشنه • لێرەدا وشەی « به » وەك ئەو « به »یه نییه که له رستەی (به پاره نانم کڕی) دەوری پریپۆزیشنی دیتوه و وشەی تازەی دروست نەکردوه •

جارێکیتریش مەبەست پتر روون دەکەمەوە :

هەر تازه چەند جارێکان وشەی«سەربەخۆ»م بەکار هێنا،که پریپۆزیشنی « به »ی تێدایه بەلام واتاییکی تایبەتی هەیه وەك (جوان ، بەرد ، بەردەست، دەرد ••) • هیچ لێکدانەوەییکی ژیرانه لێمان ناسەلمێنێ ئەم وشەیەی «سەربەخۆ» کەرتکەرت بکرێ له نوسیندا • ئێمه دەنوسین (به خۆمان نه وێراین) و «به» که دوور دەخەینەوە له «خۆمان» ، بەلام ناشێ ئەم کەرت کردنه لەگەل «سەربەخۆ»دا بەکار بێت و بنوسرێت «سەر به خۆ» چونکه وشەییکی تازەیه و له بەشی ئاوەلناو «صفه» حیساب دەکرێت •

ئەم نمونانه دەهێنمەوه بۆ ئەوەی خوێنەر چ له کاتی پێشنیار کردندا بێت و چ له باری رەخنه گرتندا بێت لایەنەکانی داخوازێ ڕێزمان له

بیر نەكات چونكە پێوەندیی «عضوی» بە رێنووسەوە هەیە و لەیەكتر جـودا ناكرێنەوە •

تێبینیی چوارەم :

لە نووسـینی وشـەی وەك (كـاووڕ ، بـاووڕ ، كاوول ، پـاییز ، دایك•••) كە كورتە بزوێـن بەدوا واوەكە و یێیەكەدا دێت لەو حـاڵانەی پیتی كۆتاییی وشەكان وەستـاوبن ، خوێنەر ئاگـادار بێ لەوەی كە ئەگەر پیتەكانی كۆتاییی بزافتران كورتە بزوێنەكەی دوای واو و یێیەكە تێدەچێ • بەنمونە ، كە گوتت (كاوڕەكەم دەلەوەڕێنم ، دایكم وای پێ گوتم) پێویست بەوە نامێنێ بزوێن بەدوای واوی «كاوڕ» و یێی «دایك»دا بێت مەگەر بـۆ مەبەستی تەئكید • جا كە یەكێك ویستی بڕیار بدات نووسینی ئەم تەرزە وشانە بە دوو « و » و دوو «ی» بێت دەبـێ لە بیری بێت كە هەموو دەم ئـەم دووبارە كردنەوەیە راست نییە چونكـە هەموو دەم كورتـە بزوێنەكـان پەیدا نین • هەروەهاش كەهات و بڕیاری دا لەكاتی پەیدا بوونی بزوێنەكان بیانووسێت و لەكاتی سوانیشیان نەیانووسێت ، ئەوسا یەك وشە بەدوو شێوە دەنووسرێت كە ئەمەش ئەنجامێكی سەیرە و جێی ئەندێشەیە ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی كە وا بەشێكی بەرچاوی وشـەی كوردیی لەم بابەتـەن • خـۆ ئەگەر ئەمەشیان بخەینەوە سەر ئەو وشانەی كە لەنووسینی لاتینیدا جارێكیا قورسایی سـەر پیتی كۆتاییان دەسوێت و جارێكیشیان قورساییەكە دەمێنێت [لێرە بەپێشەوە باسمان كرد] بە پێی مان و نەمانیشی دەبێ پیتی بۆ دابندرێت و بسڕێتەوە ، ئیتر ژمارەی ئەو تەرزە وشانەی دوو شێوە رێنووسیان بۆ بەكار دێت نیوەی فەرهەنگی كوردیی پڕدەكاتەوە •

تێبینی پێنجەم :

ئەم چەند خاڵانەی تێدا رەچاو دەکرێت :ـ

١ ـ ئەوانەی راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك بە دوا وشـەی وەك (توسی ، بڕی)دا دەنوسن وەیا «ی» وەصف و «اضافه» بەدوا وشەی وەك (ماسی ، ترۆزی)دا دەنوسن :

دارا توسیی ، بڕیی

ماسیی دەریا ، ترۆزیی ناسك

دەبێ سەرنجیان بۆ کۆمەڵێك راستی رابکێشـم کە وا بە درێژی لـە گوتاری [بەکار هێنانی (ی) لە رێزمانی کوردیدا] باسم کردوە و نابێ لێرە دوبارە بکرێتەوە ، بەڵام ئامۆژگاریم ئەوەیە خوێنەر سەیرێکی لاپەڕەکانی « ٦٠ » و بەرەودواتـری بەرگی یەکەمی گۆڤاری زانیـاری کورد بکات ، بەتایبەتی لاپەڕەکانی (٦٤ ، ٦٥ ، ٦٦) ، تابزانێ ژیاندنەوەی ئەو دەنگـە «ی»ەی کە لە ئاخاوتندا دەرناکەوێت بۆ چ لاێێکمان دەبـات • من لێرەدا نمونەیێکی ئەو زەحمەتیبە بێ سەروبنـەت دەهێنمە بەر چـاو کە لە کۆتایی لاپەڕە «٦٥» و بەشی زۆری لاپەڕە «٦٦»ی گۆڤارەکەدا دەیخوێنیتەوە :

« لە ئەنجامی ئەم تێکەڵ پێکەڵی و مەعلومات فرۆشیەدا ، ئەم لیستـە سیحرییەی خوارەوە پێك دێت :

(بارام دزیی) چونکە رابردوی تێپەڕە بۆ شەخسی سێیەمی تاك •

(بارام خزی) چونکە رابردوی تێنەپەڕە بۆ شەخسی سێیەمی تاك •

(جەنابت دزیت) چونکە رابردوی تێپەڕە بۆ شەخسی دوەمی تاك •

(جەنابت خزییت) چونکە رابردوی تێنەپەڕە بۆ شەخسی دوەمی تاك•

(جەنابت دەدزی‌یت) (جەنابت دەخزی‌یت)	چونکە کارەکـە «مضارع»ە بـۆ شەخسـی دوەمی تـاك .

(جەنابت دەچیت) چونکە کارەکە لە ئەسڵدا «ی»ی نییە .

(ئێمە خزی‌ین) چونکە رابردوی تێنەپەڕە بۆ (جمعی متکلم).

(ئێمە دەخزی‌ین) (ئێمە دەدزی‌ین)	چونکە کـارەکە «مضـارع»ە بـۆ (جمعـی متکلـم) .

(ئێمە دەچین) چونکە کارەکە لە ئەسڵدا «ی»ی نییە . »
نمونەکانی ناو گۆڤارەکە تەواوبون .

ئەم لیستەیە بەشێکە لەو زەحمەتیەی کە بە ژیاندنەوەی پیتی سواوی هەندێ شوێنی ئاخاوتنی کوردیێ بەرەنگارمان دەبێت .

لێرەدا دەبێ شتێك رابگەیەنم : لەم لیسـتەیە دو نمونەی (جەنـابت دەدزی‌یت ، جەنابت دەخزی‌یت) و (ئێمـە دەدزی‌ین ، ئێمە دەخزی‌ین) راست نین چونکە لە صیغەی مضارعی ئەم کارانەدا پیتی «ی» دەرناکەوێت ، تەنها راناوە لکاوەکانی « یت » و « ین » دەردەکـەون . کەواتە بە هەمەمەزهەبان دەبێ بنوسرێن (جەنـابت دەدزیت ، دەخزیـت ــ ئێمە دەدزین ، دەخزیـن) .

من کاتی خۆی ئەم دو نمونەیەم بە ئانقەست هێنانەوە بۆ ئەوەی بزانم کەس رەخنەم لێ دەگرێت ؟ لەگەڵ چاپکردنی گوتارەکەشدا راستیێ مەسەلەکەم نوسی و خستمە زەرفێکەوە و بە ئەمانەت لای فەرمانبەرێکی کۆڕم دانا تاکو ئەگەر لە دوارۆژدا رەخنەم لێ‌گیرا پاکانە بۆخۆم بکەم کەنمونەکان بۆ تاقی کردنەوەن نـەك هی نەزانینن . ئێستا دوای سێ ساڵ لە بەسـەرچون و

بڵاوکردنەوەی گوتارەکە لێرەدا داخوازێ جێگە چۆنیەتیەکەم پێ ئاشکرا دەکات • بەڵام ئەوەندە هەیە کە وا من هەرچەند بە ئانقەست نمونەی هەڵەم هێناوەتەوە ، نمونەی راست هەن لە جێگـەی ئەواندا دابندرێن :

(جەنابت دەژیت) (ئێمە دەژین) •	چونکە لە صیفەی (مضـارع)ی کـارەکەدا (ی) هەیـە .

جگەلەم کارە هیتریش هەیە بێتە نمونە وەك کە بێیت و پیتی« ژ » لە نمونەکاندا بگۆڕی بە پیتی « ژ » •

بەهەمە حاڵ پێویستە خوێنەر بگەرێتەوە بۆ گوتارەکە ••

٢ ــ ئەوانەی دەنوسن (چۆنێتی ، راستێتی ، چاودێرێتی ••) کە لـە وشەکانی (چۆنێ ، راستێ ، چاودێرێ ••••) یەوە وەرگیراون ، بەکارهێنانی ناوچەیێ نەك هی زمانی کوردێ دەکەن بە دەستور چونکە لە کوردیدا ناشێ دەنگی (ێ ــ یێی درێژی تیژ) کە لە ئاخاوتندا دەشکێتەوە بۆ سەر ئـەو بنجانەی پێکیان هێناوە بکرێ بـە (ێ ــ یێی درێژی پـەل) چونکە ئەمە گۆڕینێکی ریزپەڕ (شاذ) و دژە دەستورە : ئەم تەرزە یێیە درێـژە تیژەی کۆتایێ وشە کە هات و شکایەوە ، دەبێ بە پێی یەك دەسـتوری گشتێ لە هەمو حاڵاندا وەك یەك بشکێتەوە ئەویش ئەوەیە بکرێ بە (دەنگی کسرە و دەنگی یێی کۆنسنانت) وەك : چونییەتێ ، راسـتییەتێ ، چاودیرییـەتێ • بەڵام بۆ مەبەسی سوك ئاخاوتن بە زۆرێ دەگـوترێ و ، دەبێ ، بنوسرێ : چۆنیەتێ ، راستیەتێ ، چاودێریەتێ •

ئەوەی من دەیڵـێم کـورت کردنـەوەی تێدایـە ، ئەوەی بەشێکی نوسەرانیش دەینوسن گۆڕینـی دەنگی تێدایە ، گۆڕینەکـەش هەر لەیەك

ناوچەدا دەکرێت نەك لە هەمو کوردستان وەیا بەشی زۆری کوردستـــان ، دیارە کورتکردنـــەوەش لە کوردیدا دەســـتورێکی زۆر پەرەسەندوە بـــە پێچەوانەی گۆڕینی دەنگ کە کارێکی ناجایەزە هەروەك گۆڕینی (ڵ) بۆ (ر) لە ناوچەی کۆیێ ناجایەزە •

ئەو ناوچەیەی یێی تیژی درێژ لەو وشانەدا دەگۆڕێ بە یێی پەلی درێژ هەر خۆی لە جێگەی تردا یێی تیژ دەشکێنێتەوە بە (کسرە و یێی کۆنسنانت) وەك کە دەڵێ (چاو دیرییـــە راســـت و دروستەکە ، زمـــانە ئەڵمانییە زۆر سەختەکە ، ئەو بڵندییەی لەتۆوە دیارە) کە لە وشەکانی (چاودێرێ ، ئەڵمانێ، بڵندێ)یەوە (ێ)کان شکـــانەوە بە (•••ییـــە) • هەروەك (بڵـــندێ) لە شکاندنەوەدا دەبێتە (بڵندییە•••) هەروەهـــاش «برســـێ» دەبـــێ بکرێتە (برسییەکان ، برسییەتێ ــ نەك برسێتێ) • کە هاتیت بەم لێکدانەوەیە رازێ نەبویت دەبێ بەڵگەی وەها بهێنیتـــەوە وەرامی هەمو رەخنـــە و پرسیاران بداتەوە ، ئەوەش بە ئیسپات بگەیەنیت کە گۆڕینی دەنگەکە لە فلاَنە ناوچەدا کارێکی راستە و دەستورە گشتییەکەی هەمۆ کورد هەڵەیە •

٣ ــ شکاندنەوەی واوی تیژی درێژیش لێکدانـــەوە و لێکۆڵینەوەی دەوێ : ئەو وشانەی کە کۆتاییەکەیان (ۆ)ە وەك (ماندۆ ، ســـنۆ ، بێزۆ ، مازۆ ، هەڵاتۆ ، چۆ ، بۆ ، درۆ ••) چۆن دەخرێنە ناو رستەی وەك (دارا ماندوە ــ دارا ماندووە)وە ، ئایا واوەکە هەر بە یەك پیت دەنوسرێت یاخود ئەویش وەك یێـــی تیژی درێژ لە شکاندنـــەوەدا دەکرێتە (ضمـــە و واوی کۆنسنانت)• سەرنج بگرە لە وشەی (هەڵاتۆ):ئەمە ناوی کارا (اسم فاعل)ە لە کاری (هەڵاتن)ەوە وەرگیراوە•لێرەدا واوەکە بە دوا کۆنسنانتدا هـــاتوە بۆیە بۆتە بزوێن ، بەڵام ئەگەر بەدوا بزوێندا هاتبایە دەبۆ بە کۆنسنانت وەك

(وەستاو ، سوتاو ، داماو •••) • دیارە کە بلێین (دارا وەستاوە) بیریش لەوە ناکەینەوە ئایا واوەکە چۆن و چەند بنوسین • بەلام وشەی (بو ، چو ، ماندو ••) چ وێنەیتریان نییە واوەکەیان کونسنانت بێت • ئایا تو بەلاتەوە دەشێ ئەو واوەی جارێکیان کونسنانت و جارێکیان بزوێـــن بێت وەك ئەو واوە حیساب بکرێت کە هەمیشە بزوێنە ؟ ئەگـــەر وەك یەکتریشت حیساب نەکردن چۆن لە یەکتریان جودا دەکەیتەوە ؟ ئایا رێ بە خۆت دەدەیت بنوسیت (دارا ماندووە ، دارا توستوە ـــ واتە جـارێکیان واوەکـــە بەیـــەك پیت و جارێکیان بە دو پیت بنوسیت) ؟ بەهەر لایەکدا بکەویت پێویستە لە سەرت بڕیارەکەت بە پێوانە و کێشانە بێت •

من نالێم دەبێ خوێنەر ئەم گرفتانە چارە سەر بکات ، چونکە بەڕاستی کارێکی یەکجار زەحمەتە ؛ من هەرئەوەندەم دەوێ زەینی خوێنەر رابکێشم بو ئەو لایەنانەی لێکدانەوەیان پێویستـــە ، تاکو ئەگەر کەوتە سەر باری دانانی رێنوس بیریان لێ بکاتەوە ، لەحـــالی رەخنەگرتنیشـــدا فەراموشیان نەکـــات •

ئەم چەند تێبینیانەی خستمنە بەرچاوی روشنبیری کوردەوە مشتێکن لە خرواری گیروگرفتی رێنوســـی کوردێ کە پێوەنـــدێ هەیە بە سروشتی زمانەکەمانەوە • ئەندامـــانی کوڕ ، ئەوانەی ئاشنای باسی ســـەر بەزمان و بابەتەکانی زمانن ، لە مانە و لەزور لایەنیتریش ورد بونەتـــەوە بەر لـــەوەی بگەن بە بیروڕایەکی یەك گرتو ، واش بوە رێك کەوتنی گشتی مومکین نەبوە، پێشنیارەکە بە دەنگی زوربەی ئەندامان پەسەند کراوە • من بوخـــوم وام پەسەند دەکرد هەمو ناوی کارای لێکدراو (اســـم فـــاعل مرکب)ی وەك (نان خور ، دەســـتبڕ ، جلشور ، گوشـــتکولێن •••) بەسەر یەکەوە

بنوسرێن (نانخۆر ، دەستبڕ ، جلشۆر ، گۆشتکولێن ..) نەك تەنها ئـەو ناوانەی دەبنە وشەی فەرهەنگێ و دەلالەتیـان بۆ پیشە و کەسـب و کار دەگەڕێتەوە وەك (جلدرو ، سەرتاش ، زیندرو..) بەو جۆرەی کە لە لاپەڕە (٣٧٤)ی بەرگی یەکەمی گۆڤـاری کـۆڕ نوسراوە.بێگومـان منیـش و ئەندامانی‌تری کۆڕیش،هەر لایە،بەڵگە و بنگەی لێکدانەوەی تایبەتێ خۆی هەبێ،رەنگە ئێستاش من هەر لەسەر باوەڕەکەی خۆم مابێتەوە دەبێ وشەی (جلدرو،دڵسۆز،دارتاش) لە هەمێ حاڵاندا بەسەریەکەوە بنوسرێن نەك هەر تەنها لەبەر خۆلادان لە دێ شێوە رێنوس بۆ یەك وشە،بەڵکو لەبەر هۆیتر کە ئێرە جێی شی‌کردنەوەی نابێتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ریزم بۆ بیروڕای هاوڕێکانم هەیە چونکە لە سەر لێکدانەوە و تۆژینەوەوە هەڵستاوە ، پێڕەوێ رێنوسەکەی کۆڕیش دەکەم مەگەر لەحاڵی فەرامۆش کردندا . ئەو فەرامۆش کردنەش تا ئێستا نابێتە بنگەی «هەڵە» چونکە پێشنیارەکانی کۆڕ تا ئێستا نەبێن بە بڕیار .

خوێنەر دەبینێ من نوسیومە و دەنوسم «ئەلفوبێ» کەچی لە ناوەڕاستی لاپەڕە (٣٦٥)ی بەرگی یەکەمی گۆڤـاری کـۆڕ نوسراوە (ئەلف و بێ) . وابزانم من باشتر پێڕەوێ پێشنیارەکانی کۆڕم کردوە لە نوسینی (ئەلفوبێ)دا چونکە دێجاران بەر ئەو پێشنیارانە دەکەوێت : جارێکیان لەوەدا کە وشەی لێکدراو بێ بە وشەی فەرهەنگێ دەبێ بە سەریەکەوە بنوسرێت وەك کە لە لاپەڕە (٣٧١)ی گۆڤارەکەدا پێشنیـار کراوە (٦ ـــ وشـەی داتاشراو) ، جارێکیشیان لەوەدا کە بە پێی پێشنیـاری لاپـەڕە (٣٧٥)ی گۆڤـارەکە (١١ ـــ وشەی یەك واتابەخش) ئەم واوە عەطفەی نێوان «ئەلف» و «بێ» وەك وشەی «پێوقەدەم» دێ کەرتی وشەکە لەیەکتر جودا ناکاتەوە . من کە نوسیم (ئەلف و بێ) تەنها مەبەسم دەنگی ئەلف و دەنگی بێ ، وەیا پیتی ئەلف و پیتی

بێ ، دەبێ • بەڵام کە نوسیم «ئەلفوبێ» هەموو ئەبجەدییەم مەبەست دەبێ •

هەروەهاش زۆر جاران نوسینی نیمچە رستە وەیا فیعلی راناودار بە دوو جۆر دەنوسم وەك کە دەنوسم (دەت بینم ، دەتبینم) • هەرچەند ئەمە پیشەیێکی باشیش نەبێ، بەڵام وە نییە لێی بێ ئاگابم : بەڕاستی وا دەبێ لەو تەرزە جێگایانەدا بە ئانقەست شێوەگۆڕێ دەکەم چونکە دەمەوێ بڵێم هەردوو جۆر نوسین تەبریریان هەیە و لەوانەن ببن بە ڕێنوسی نیهائی • تا رادەیێکیش دەست و چاو راهاتن لەوەدا کاری خۆی دەکات ، ئەوەندەشم هەر لە بیرە کە وا تا ئێستاش بڕیار لە کۆڕەوە ، وەیا لا لەیەتێکی دەسەڵات پێ دراوەوە دەرنەچوە یەکێك لەو دوو شێوەیە بسەپێنێت •

ئێمە ، بەپێچەوانەی رای ئەو کەسانەی وا رادەنوێنن شێوەی ڕێنوس و زمانی ئەدەبیمان قاڵبی بەستوە ، جارێ هەر بەڕێوەین : لەوەشدا چ ناتەواوییێك پەیدا نابێت ئەگەر بەڕێوە بونمان بەرەو ئاکامی راست و دروستمان بات •

★ ★ ★

ملخص المقـــال

((املاء)) المجمع العلمي الكردي

العضو العامل : مسعود محمد

اقترح المجمع العلمي الكردي في بواكير تأسيسه املاءً للكتابة الكردية جمع بين تحديد أشكال الابجدية الكردية وطريقة كتابة الكلمات وربط مايجب ربطه وفك مايجب فكه ، وتوســل من أجل ذلك بــآراء طائفة من الملمــين بالموضوع من المثقفين الأكراد ، ثم كرس جلسات عديدة ومطولة من اجتماع مجلس المجمع لانتخاب أمثل أبجدية (بالحروف العربيــة) تستطيع اظهــار الأصوات الكردية ، وتعيين ألصق أساليب الاملاء بطبيعة الكــلام الكردي وتراكيبه القواعدية . وكان في ذلك كله جامعاً بين منطلقات قوة لاتتأتى لغيره ، منها تخويل القانون اياه صلاحية العمل في هذا المجال ، ومنها توفيره الخبرة والقدرة المالية الضرورية لمثل هذا العمل ، ومنها استضاءته بآراء وتجاريب من سبقوه من أصحاب الرأي ، ومنها قدرته على اســتعراض مسار الأمــلاء الكردي عبر تأريخه لتبين مواضع الضعف والقوة فيه ... وقد عرض مجلس المجمع اقتراحاته المدروسة هذه لنظر القراء ونقدهم واقتراحهم البديل حتى مدة ستة اشهر من تأريخ نشرها كي يمكن التوصل الى خلاصة الخلاصة مــن آراء ونظرات ذوي الرأي والنظر . والمقال يظهر خطل الرأي الذي يقول ان

مقترحات المجمع تزعزع اركان املاء كردى تبلور خلال الزمن ، فالملحوظ انه ليس هناك املاء كردي موحد يزعزع أو يثبت ، وانما اشكال مختلفة للاملاء يتبع فيها الكاتب هوى قلمه أو ينقاد مع الصدفة فالكاتب الواحد بعينه يكتب الكلمة الكردية الواحدة بعينها في اكثر من صورة ، والاشكال المختلفة للاملاء جاءت بشكل عفوي لم يلحظ فيه احكام القواعد وطبيعة التراكيب الكردية فانه لم يسبق ان اجتمع نفر من حفظة القواعد ودساتير الاملاء في اللغة الكردية ليقرروا نمطاً للاملاء منطبقاً على مقتضيات المعاني في الجملة وفي الكلمات المركبة أو المتلاصقة أو غيرها ، بل انه لم تولد عبر تاريخ الكتابة الكردية قاعدة واحدة متبعة في كيفية كتابة (الضمائر المتصلة) وتلك نتيجة منتظرة لكل عمل عفوى يخطىء اكثره ويصيب أقله وقد تجنبها مجلس المجمع في دراسته لدساتير الاملاء واشكال حروف الابجدية الكردية فانه ما من شكل لحرف من الحروف أو اشارة على حرف من الحروف قرره مجلس المجمع الا بعد تقليب وجوه النظر فيه و وزن كل احتمالاته ، فالعلامة التي اقترحها مجلس المجمع لوضعها على حرف الراء المفخمة تمييزاً لها عن الراء المرخمة جاءت نتيجة لاقتراح المجلس بوضع جميع العلامات فوق الحروف لا ان يكون بعضها فوق وبعضها تحت كخبط الأعشى . وقس على ذلك كل مقترح خالف به نمطاً من الانماط الشايعة في الأملاء كالذي ميز به بين كتابة (السوابق) للافعال وبين اشارات (المضارعة والامر والنهي والنفي) [وكلها تأتي في مقدمة الفعل] من حيث الالتصاق والانفكاك ، في تفصيل لا مجال له هنا ، آخذا بنظر الاعتبار ما بين طبائعها ومواضعها من الكلمة من فرق لايسوغ تخطيه والا انتفت العلة من معاناة التقعيد ابتداءً .

وهنا ساقت الملاحظة تفنيد ماتكلفه البعض من نقد جانب من مطبوعات المجمع اتبع كاتبوها اسلوباً للاداء فيه طرافة بقياسه الى الأسلوب المتداول بين غالبية الكتاب من اكراد العراق ، وجلهم من السليمانية ، ذلك ان الاسلوب (ولا اقول اللغة) الأدبي الشايع قد نما وربا من شتلة لهجة السليمانية وحدها منقطعة بالكلية عن اللهجات الكردية الأخرى لانعدام اية وسيلة من وسائل الاتصال والاقتران والجوار والحوار بين الناطقين بالكردية في مناحي كردستان المختلفة عبر عهود التاريخ ، على عكس ما تم في نشوء اللغة الادبية الموحدة للشعوب الاخرى فانه قد تسنى لتلك اللغات أن تسترفد جميع لهجاتها ومافيها من مفردات واساليب تعبير وهي بسبيل التطور والتنامي والازدهار ـ ثم الاستقرار على شكل نهائي هو أمثل ما كان في الامكان أن تنبته تلك اللغات . لذلك يكون عرض المجمع لنماذج من الاسلوب الكردي الطريف في الكتابة اسهاما جديا في تغذية الاسلوب الادبي الشايع بزاد كردي أصيل لم يُتح له حتى اليوم ان يقوم بدوره في اغناء لغتنا الادبية واساليبنا في الكتابة .

وفي المقال اعادة لما سبق ان تعشمه المجمع من اهتمام ذوي الرأي بمقترحات المجمع في الالفباء والاملاء بأرسال ما قد يعن لهم من المقترحات البديلة الى المجمع رجاء التوصل الى انتقاء الممكن الأمثل . وهنا اورد المقال نقاطاً للملاحظة يجمل بالمتصدي لموضوع الاملاء اتباعها قبل الاقدام على عرض مقترحاته فان جمال الشكل المقترح ويسر كتابته ، مثلا ، لا يشفعان لتناسى مقتضيات احكام القواعد ولايبرر اختلاط دساتيرها .

ويؤكد المقال على حقيقة هامة ، وهي أن تخطى المجمع للاشكال الشايعة في الابجدية والاملاء الى ما هو ألصق بدساتير اللغة واقرب الى احكامها أمر

تحكم به طبيعة الاشياء من حيث أن التطور الاجتماعي والتأريخي في جوهره عبارة عن رفض الاشكال القديمة واستبدالها بما هو جديد مساير لطبيعة التطور، وكل اعتراض على ذلك يسوق المعترض نحو الارتداد عن دعاواه في الثورية والتقدمية الى نقيضها المتمثل في التمسك بالقديم • ولا نظن واحدة من النظريات الداعية الى التقدم قالت بوجوب التخلي عنها والركون الى التحفظ حين يتعلق الامر بمعالجة المجمع العلمي الكردي لمشاكل الابجدية والاملاء..

★ ★ ★

ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی
بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی « زمان و زانستەکانی »

چوارەم ــ کار لە ڕوی زەمانەوە (کاتەکانی کار)

نوسەران بە جۆری خوارەوە لەبارەی کار لە ڕوی زەمانەوە دواوون :

١ ــ مامۆستا سەعید صدقی لە صرف و نحوی کوردیدا (کار = فعل) لە ڕوی زەمانەوە دەکات بە سێ بەشەوە :

آ ــ رابوردو (ماضی) ، وەك : نوسیم .

بــ ئێستە (حال) ، وەك : وادەنوسم .

جـ ــ لەمەوپاش (استقبال) ، وەك : دەنوسم .

٢ ــ مامۆستا توفیق وەهبی لە لاپەڕە (٦)ی دەستوری زمانی کوردیدا کار (فعل) بە پێی دەم (زەمان) دەکات بە دو بەشەوە :

آ ــ دەمی موزاریع .

بــ دەمی رابوردو .

هەروەها دەڵێت لە فیعلی (بون) و (هەبون)ی لێکدراو ، وە لە سیغەی

دۆلایی (٣٧٣) ، وە فیعلی متعــدی (١٤٥ـ٤) دەمێکی‌کەش هەیە کە پێی دەڵێن « دەمی ئێستا » •

٣ ـ مامۆستا صــادق بهاءالدین دەڵێ : (فعل) لــە کرمانجی ژوروودا دەکرێ بەم بەشانەوە :

یەکەم ـ بۆری (رابوردو) :

أ ـ کاتی بوری سادە وەك :

ئەزهاتم ، ئەم هاتن ، وی خار ، وان خار •

ب ـ کاتی بوری نزیك وەك :

ئەزهاتمە ، ئەم هاتینە ، وان خارییە ، تەخارییە •

ج ـ کاتی بوری درێژ وەك :

ئەز هاتبوم ، ئەم هاتبون ، وان خاربو ، تەخاربو •

د ـ کاتی بوری درێژتر وەك :

ئەز هاتبوبوم ، ئەم هاتبوبون ، وان خاربوبو ، تەخاربوبو •

هـ ـ کاتی بوری خوزی وەك :

هەکە ئەز هاتبام ، هەکە ئەم هاتباین ، هەکە ئەم بهاتان (بۆتانی) •

و ـ کاتی بوری بەرچاڤ (استمراری) ، وەك :

ئەز دهاتم •

ئەم دهاتن (دهاتین) •

من دخار •

مە دخار (دخارن) •

دووەم ــ دەمی نهو (حازر = موزاریع) :

أ ــ بەرچاف (استمراری) ، وەك :

تویێ دخۆی •

هونێ دچن •

ب ــ نهو (ئێستا) ، وەك :

تو دخۆی

هون دچن

سێیەم ــ دەمی پاشی (ئاینده = مستقبل) :

ئەم دەمە لە زاری کرمانجی ژوورودا دوو جۆرە :

أ ــ موستەقبەلی نزیك ، وەك :

ئەزێ دێچم •

ئەوێ دێ خوت •

ئەمێ دێ خوینن (دێ خوینین) •

هونێ دێ بارکەن (دێ بارکن) •

ب ــ موستە قبەلی دوورتر ، وەك :

ئەز دێ چم (دێ بچم) •

ئەو دێ خوت (دێ بخوت) •

ئەم دێ خوین (دێ بخوین) •

٤ ــ لە دەستووری زمانی فارسیدا ، دانـانی ر • ذوالنور (کار) لە رووی زەمانەوە دەکات بە دوو بەشەوە :

آ ــ کاری رابوردوو (گوزه شته) ــ ئەمیش دەکات بە پێنج بەشەوە :

١ ــ ماضی مطلق ، وەك : ڕۆیی •

٢ ــ ماضی استمراری ، وەك دەڕۆیی •

٣ ــ ماضی نقلی ، وەك : ڕۆییشتووە •

٤ ــ ماضی بعید ، وەك : ڕۆییشتبو •

٥ ــ ماضی التزامی ، وەك ڕۆیی بێت •

بــ کاری حال و ئایینده : صیغەیەکی تایبەتی نیبە کە حال لە ئایینده جودا بکاتەوە ، تەنها بە پێی واتای ڕستە دیار دەکەوێت ، مەبەس لە کارەکە حالە ، یائایینده ، وەك :

١ ــ چ دەخوێنیتەوە ؟ مەولەویی دەخوێنمەوە •

٢ ــ کەی دەچیت بۆ هەولێر ؟ سبەی دەڕۆم بۆ هەولێر •

تێبینی :

ئەو دەســتورە لە ڕوی کاتەوە بە تایبەتی باســی ئەمر ناکات ، بە تێکڕایی زەمان دەکات بە دو بەشەوە :

آ ــ ماضی •

بــ مضارع (حال و ئایینده) •

لە دوای چــاو پێدا خشاندن بەو باسانەی کە لەســەر زەمانی (کار) نوسراوون لە کوردیدا ، پاش هەندێ لێکۆلینــەوە و موناقەشە لەلایەن ئەندامانی لیژنــەوە ، وا پەسەندکرا هەر ئەندامە بیروڕای خــۆی لە بارەی (کات) لە کاری کوردیدا بنوسێت :

١ ــ مامۆستا هەژار دەڵێت : (فعل) لەمەڕ کاتەوە دو بەشە :

آ ــ رابوردو (رابراو) وەك : نوسیم •
ب ــ رانەبوردو (رانەبراو) وەك : دەنوسم •

لە زاری کرمانجی سەرودا فەرق بە صیغە بو ئیستا و ئایندە هەیە ، بەلام لە شیوەی کرمانجی خوارودا صـیغەی جوداواز بو حال و مستقبل نییە و تەنیا بە وشەی دەوروبەری دەردەکەویت وەك :

ئیستا دەچم (حال) •
بەیانی دەچم (مستقبل) •

٢ ــ نـوری علی امـین •• تەئییـدی ماموستا هـەژار دەکات لە دابەش‌کـردنی کاتی (کار)ەوە واتـە (کار) دو دەمـی هەیە (رابـوردو ، رانەبوردو) •

٣ ــ ماموستا مەسـعود دەلیت : کار لە سروشتدا ئـەم سی جورەی خوارەوەی تیدایە :

آ ــ رابوردو •
ب ــ لەحزەی ئیستاکە •
ج ــ دوای ئیستاکە •

ئەمانە بەزاراوەی ریزمانی باو تائیستا پییان گوتراوە (ماضی ، حال ، مستقبل) •

هەندی زمان بو هەریەکیك لەو زەمانانە صـیغەی تایبەتییان تیدایە • دەتوانین بلیین زمانی کوردی بە صیغە ئەو سی زەمانەی تیـدا دیـار کراوە چونکە لە زاری کرمانجی‌دا صیغە بو هەر سی کات هەیە ، کە لەو زارەشدا هەبو وەك لە هەمو کوردی‌دا هەبی وایە • بەلام لە زاری کرمانجی خواروودا

ئەوەندەی بیستبێتم بۆ دوٚ کاتی (ئێستا و ئایینده) هەر یەك صیغە هەیە ، جودا کردنەوەی (مستقبل) یا لە ڕستەدا دیار دەکەوێت یاخود بەهۆی بەکار هێنانی وشەی تایبەتییەوە ، وەك :

ڕۆییشتم ــ دەڕۆم (ئێستا دەڕۆم ، سبەی دەڕۆم) یا (کە بوٚ بە هاوین گەرما دادیٚ) •

٤ ــ د• نسرین فخری دەڵێت ــ کار بە پێی زەمان دەکرێت بە سیٚ بەشەوە لە زمانی کوردیٚدا :

آ ــ ڕابوردوٚ ، وەك : نوٚسیم •

بــ ئێستا ، وەك : دەڕۆم •

جـ ــ ئایینده ، وەك : دیٚڕۆم •

تەنیا ئەوەندە هەیە لە شێوەی خوارووٚدا کاری ئایینده هەریەك بنکە بوٚ ئێستا و داهاتــوٚ (ئایینده) بەکاردەهێنرێت • هەروەها کــاری ڕابوردوٚ دەکرێت بە پێنج بەشەوە :

آ ــ نزیك ، وەك : نوٚسیم •

بــ ئیستیمراریٚ ، وەك : دەنوٚسی •

جـ ــ تام ، وەك : نوٚسیومە (نڤیسیە) •

د ــ دوٚر ، وەك : نوٚسیبوٚم •

هـ ــ دوٚرتر ، وەك : نوٚسیبوٚبوٚم (ببوٚم)[١] •

(١) د. نسرین دەڵێت : بەکارهێنانی ڕابــوردوٚی دوٚرتر زۆر کەمبۆتەوە ، لەوانەشە ئەنجامی دوٚبارەکردنەوەی کاری یاریدەدەری (بوٚنەکە) بێت ، کە کرابێت بەیەك لەبەرقورسیٚ .

پێنجەم ــ کار لە ڕوی دارشتنەوە (صیغە)

نوسەرانی کورد بەم جۆرە لەکار لە ڕوی دارشتنەوە دەدوێن :

١ ــ مامۆستا توفیق وەهبی لە لاپەڕە (٩ ، ١٠)ی بەرگی دوەمی دەستوری زمانی کوردیێ چاپی بەغداددا دەڵێت :

لە کوردیێدا پێنج چەشن صیغە هەیە :

١ ــ صیغەی ئیخباری •

٢ ــ صیغەی ئینشائی •

٣ ــ صیغەی ئەمری •

٤ ــ صیغەی دولائی •

٥ ــ صیغەی مەسدەر •

هەروەها لە لاپەڕە (٣٧)ی هەمان دەستوردا دەڵێت :

١ ــ موزاریعی ئیخباری (٤٤٢) ــ بە دانانی ئەداتی سیغە لە پێش ڕەگەوە ، وە نوساندنی ڕاناوە لکاوەکان بە دوای ڕەگەوە پێك دێت ، وەك :

یەکەم	ئەکەوم	ئەکەوین
دووەم	ئەکەوی	ئەکەون
سێیەم	ئەکەوێ	ئەکەون

٢ ــ موزاریعی ئینشائی (٤٤٣) ــ ئەداتی سیغە دەخرێتە پێش ڕەگەوە ، وە ڕاناوە لکاوەکان دەخرێنە دوای ڕەگەوە ، وەك :

بکەوم	بکەوین
بکەوی	بکەون
بکەوێ	بکەون

هەروەها لە لاپەڕە (٣٨ ، ٣٩)ی هەمان بەرگدا (بەرگی دوەم) ، کاری ڕابوردوی ئیخباری دەکات بە چوار بەشەوە :

١ ــ ڕابوردوی ڕوتی ئیخباری (٤٤٥) ــ ڕاناوە لکاوەکان دەخرێتە دوای قەدەوە ، وەك :

کەوتم	کەوتین
کەوتی	کەوتن
کەوت	کەوتن

٢ ــ ڕابوردوی ناتەواوی ئیخباری (٤٤٦) ــ ئەداتی سیغە دەخرێتە پێش ڕابوردوی ڕوتەوە ، وەك :

ئەکەوتم	ئەکەوتین
ئەکەوتی	ئەکەوتن
ئەکەوت	ئەکەوتن

٣ ــ ڕابوردوی لێکدراوی ئیختباری (٤٤٧) ــ دەمی ئیستای ئیخباری فیعلی ــ بوون ــ ی یاریدەدەری لازم دەخرێتە دوای دوڵاییی ڕابوردووەوە ، وەك :

کەوتووم	کەوتووین
کەوتووی	کەوتوون
کەوتووە	کەوتوون

٤ ــ ڕابوردوی دوری ئیخباری (٤٤٨) ــ ڕابوردوی ناتەواوی ئیخباریی فیعلی « بوون »ی یاریدەدەری لازم دەخرێتە دوای قەدەوە ، وەك :

کەوتبووم	کەوتبووین

کەوتبوٚی	کەوتبوٚن
کەوتبوٚ	کەوتبوٚن

هەروەها لە لاپەڕە (٣٩ ، ٤٠)ی بەرگی دووەمدا ، ڕابوردوٚی ئینشائی دەکات بە سێ بەشەوە :

١ ــ رابوردوٚی ناتــەواوی ئینشــائی (٤٤٩) ــ ڕابوردوٚی روٚتی ئیخباری دەخرێتە مەیانی ئەداتی سیغەوە ، وەك :

بکەوتمایە	بکەوتینایە
بکەوتیتایە	بکەوتنایە
بکەوتایە	بکەوتنایە

٢ ــ ڕابوردوٚی لێکدراوی ئینشائی (٤٥٠) ــ ئیستای ئینشائی فیعلی « بوٚن »ی یاریدەدەری لازم دەخرێتە دوای قەدەوە ، وەك :

کەوتبم	کەوتبین
کەوتبی	کەوتبن
کەوتبێ	کەوتبن

٣ ــ ڕابوردوٚی دوٚری ئینشــائی (٤٥١) ــ ئەداتی سـیغە دەخرێتە ، دوای ڕابوردوٚی دوٚری ئیخبارییەوە ، وەك :

کەوتبوٚمایە	کەوتبوٚینایە
کەوتبوٚیتایە	کەوتبوٚنایە
کەوتبوایە	کەوتبوٚنایە

رایەکانی ماموٚستا وەهبی کوٚتاییان هات •

٢ ــ نوری علی امین دەڵێت کار لە ڕووی صیغەوە دوو جۆرە :

١ ــ صیغەی ئیخباری : لە ماضیدا ، وەك (کەوت ، کەوتووە ، دەکەوت ، کەوتبوو) • لە مضارعدا ، وەك (دەخوێنم) •

٢ ــ صیغەی ئینشائی : لە ماضیدا ، وەك (بکەوتمایە ، کەوتبم ، کەوتبوومایە ، کەوتبێتم) ، لە مضارعدا (بنووسم ، بنووسە) •

٣ ــ د• نسرین دەڵێت : هەروەك (کار) لە ڕووی کاتەوە دەکرێت بە چەند بەشێکەوە دیسان لە ڕووی مفهوم و ڕواڵەت و بەشیتریشەوە دابەش دەکرێت بە جۆرێك سنوورێکی ئاشکرا دەخاتە نێوان ئەم بەشانە بۆ نموونە ئەو بەشەی (نوری علی امین) دەڵێت کە ئینشائییە بەر (مفهوم) دەکەوێت نەك کات •

٤ ــ مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت : بەلای منەوە دوای ئیستیقرای تەواو لە زمانی کوردیدا بۆ دەرخستنی ئەو صیغانەی لە کارەکانیدا هەیە چ بەرنامەی کاك نوری و چ بەرنامەی د• نەسرین بێت هەردووکیان دەست دەدەن بۆ دابەش کردنی کاری رابوردوو لە ڕووی صیغەوە ، بەلام بە مەرجی ئیستیقرای تەواو ، چونکە ئێمە کە هەموو صیغەکانمان دۆزیەوە و جۆری بەکارهێنانیانمان دیارخست چ فەرقێك نامێنێ لە ڕووی سوود و زەرەرەوە لە نێوان ئەوەدا بلێین (بکەوتمایە) صیغەی ئینشائی کاری رابوردووی (کەوتن)ە وەیاخود بلێین (بکەوتمایە) بەشێکی فیعلی (کەوتن)ە بە پێی مەفهوومێك کە د• نەسرین ناوی بۆ دابنێت • لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بلێم هەرچەند بشلێین ئەم فیعلە (بکەوتمایە) بەر دابەش کردن لە ڕووی مەفهووم دەکەوێت ناشێ لەبیر خۆمانی ببەینەوە کە فیعلەکە لە ڕووی کاتەوە نە مضارعە و نە ئەمر ، دیسانەوە ناشێ هەبوونی کات لە فیعلەکەدا پشت گوێ

بخەین چونکە کات بەشێکی فیعلەکەیە •

٥ ــ لە «دەستوری زمانی فارسی» دانانی ر • ذوالنور (کار) لەڕوی صیغەوە دەکات بە شەش بەشەوە :

١ ــ اخباری •
٢ ــ التزامی •
٣ ــ امری •
٤ ــ شرطی •
٥ ــ مصدری •
٦ ــ وصفی •

لە ڕوی ئەوەوە خزمایەتییەکی مێژوییی هەیە لە نێوان زمانی کوردیی و فارسیدا بیری مرۆڤ بۆ هێندێ دەڕوات کەوا زمانی کوردیش وەك فارسیی ئەم شەش جــۆرە صیغە فیعلانەی تێــدا هەبێت ، لەمەش زیاتــر وابووە نوسەری کورد لەم ڕێبازەوە باسی فیعلی کــوردیی کردووە • لیژنە دوای لێکۆڵینەوە بە پێویستی زانی لێرەدا ئیشارە بۆ چەند ڕاستییەك بکات :

یەکەم ــ نابێ لە ڕێزماندا واتایەکی تایبەتی لە فیعلدا بکرێتە سەرەباس تا صیغەیەکی تایبەتی بۆ ئەو واتایە پەیدا نەبێت چونکە زۆرجار لە ئاخاوتندا یەك صیغە بۆ چەنــد مەبەستێك بەکار دێت ، کە ئەمە هەرگیــز ناشێ ئەم صیغەیە دابەش بــکات بۆ چەند جۆرێ ، وە هەر جارە بــە پێی مەبەستێ عینوانێکی تازەی بۆ دابنێ ، لە فارسیدا بۆ ئەم شەش (وجە)ە شەش جۆر داڕشتنی سەربەخۆی تێدایە بەنمونە :

لە (وجهی مصدری)دا ڕستەی (بایــد رفتن ، شاید گفتن ، نیازم شنیدن) لە کتێبەکەدا نوسراوە ، لە ئاخاوتنی کوردییدا چ صیغەی تایبەتی

بەرانبەر ئەم صیغەیە پەیدا نابێت • بۆ دەربڕینی واتای ئەوتۆیێ لە زمانی کوردیێدا داڕشـتنیێتر هەیـە کـە فیعلەکە تێیدا بەر دابـەش کردێکیێتر دەکەوێت ، هەروەها بۆ (وەجهی وەسفی) کە لەم نموونانەدا دێنە بەرچاو (من و تو نشسته ئاهار میخوریم • من نشسته ئاهار میخورم) صیغەی تایبەتیێ لە کوردیێدا نییە •

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو ڕایانەی کـە دەربارەی (کار) لە ڕێزمانە کوردییەکان و بێگانەدا هاتوونە ناوەوە و چوونە بنجوبناوانی سروشتی زمانی کوردیێ و ئەو مەبەسانەی کـە لە صـیغە جودا جوداکانی ماضـیدا بەدیێ دەکرێت ، لیژنە گەییشت بەم قەناعەتەی خوارەوە :

کاری ڕابوردوو

کاری ڕابوردوو لە بنەڕەتدا بە دوو جۆر دابەش دەکرێت :

١ — ڕابوردووی ئیخباریێ •
٢ — ڕابوردووی ئینشائیێ •

زمانەکانی بێـگانە هەریەکەیان لە ڕێبازێکەوە ئـەم دوو جۆرەیان لە یەکدی جودا کردۆتەوە ، وە صیغەی تایبەتییان بۆ بەشەکانی هەریەك لەو دوو جۆرە داناوە • لە زمانی کوردیێدا وەك سەرنج دەری دەخات ، ڕابوردووی ئیخباریێ و ڕابوردووی ئینشائیێ هەریەکەیان چوار جۆری هەیە :

جۆرەکانی ڕابوردووی ئیخباریێ :

١ — ڕابوردووی مطلق (ڕەبەق)[٢] ، وەك : ڕۆییشت •

---

(٢) وشـەی (ڕەبەق) پێشنیاری مامۆستا مەسعوودە .

٢ ــ رابوردوی استمراری (بەردەوام) ، وەك : دەڕۆیشت •
٣ ــ رابوردوی نزیك ، وەك : ڕۆیشتووه •
٤ ــ رابوردوی دوور ، وەك : ڕۆیشتبو •

جۆرەکانی رابوردوی ئینشائی :

١ ــ ڕۆیشتبا •
٢ ــ بڕۆیشتبایه (بڕۆیشتایه) •
٣ ــ ڕۆیشتبێ (ڕۆیشتبێت) •
٤ ــ ڕۆیشتبوایه (ڕۆیشتبوبایه) •

لیژنه جارێ نەیپەرژایه سەر دۆزینەوەی ناوی تایبەتی بۆ هەریەك له صیغەکانی ماضی ئینشائی ، بــەلام لەو باوەڕەدایه که پێویستیان به ناوی تایبەتی هەیه ، چونــکه به سەرنجدانێکی سەرپێیی بــیر بۆ ئەوه دەڕوات هەر یەك لــەم صیغانەی ئینشائی له ڕووی زەمان و داڕشــتنەوه دەوەستێته بەرانبەر یەکێــك له صیغەکانی ماضــی ئیخباری ؛ لیژنه لــه وردبونەوەی ئێستاکەیدا بــه دوور نابینێ صیغەکانی ئیخباری و ئینشــائی بەم جۆرەی خوارەوه بکەونه بەرانبەر یەکتر ، وەك :

ئیخباری	ئینشائی
ڕۆیشت	ڕۆیشتبا
دەڕۆیشت	بڕۆیشتبایه (بڕۆیشتایه)
ڕۆیشتووه	ڕۆیشتبێ
ڕۆیشتبو	ڕۆیشتبوایه (ڕۆیشتبوبایه)

نموونەی سەرنجدان :

بەر لەوه دەرفەت هەبێت بۆ لێدوانێکی تەفصیلی له چۆنێتی پەیوەندی

تێوان صیغەکانی ئیخباریێ و ئینشائیێ ، وە بــە پێی داخوازیێ جێگە تاکە نمو نەیەك لەو چوارانە دەدەینە بەر سەرنج •

دەڕۆییشت   بڕۆییشتایە

لەم دوێ صیغەیە یەکەمیان ئامــرازی (دە)ی موضارەعەتی تێدایە ، دووەمیان (ب)ی ئەمر و ئینشای تێدایە ، وەك کە دەڵێین :

دەڕوا   بڕوا

ئەمە روێنی دەکاتەوە کە (ب)ی ئامرازی ئینشائیێ (بڕوا) هەر خۆیەتی چوێتە سەر صــیغەی (بڕۆییشتایە)ی ماضــی ئینشائیێ کە دیــارە (ب)ەکە وەستاوەتە بەرانبەر (دە)ی موضارەعەت لە صیغەی (دەڕۆییشت)ی ماضی ئیخباریێ •

لەمەولا لە چۆنێتی دارشتنی کاری رابوردوێ لە فیعلی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دەدوێین ، وە هەموێ جۆرەکانیان یەکە یەکە دەخەینە پێش چاو •

یەکەم ــ کاری رابوردوێی رەبەق (مطلق)

١ ــ جۆری دروستکردنی کاری ڕابوردوێی تێنەپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجیێ سەروێدا :

دروستکردنی کاری رابوردوێی تێنەپەڕ بەم جۆرەیە :

١ ــ لە چاوگەکە نوێنی چاوگی فڕێ دەدرێت •

٢ ــ راناوی لکاوی کەسی دەخرێتە سەر •

تێبینی :

بۆ کەسی سێیەمی تاك راناوی لکاو لەم کارەدا دەرناکەوێت •

چاوگ	ڕابوردوی تێنەپەڕ
هاتن	کەسی سێیەمی تاك (ئەو هات)
	کەسی سێیەمی کۆ (ئەو هاتن)
	کەسی یەکەمی تاك (ئەز هاتم)
	کەسی یەکەمی کۆ (ئەم هاتین ـ هاتن)[٣]
	کەسی دوەمی تاك (تو هاتی)
	کەسی دوەمی کۆ (هوّن هاتن)

ب ـ لە زاری کرمانجی خوارودا :

دەستوری دروستکردنی ئەم جۆرە کارە لە زاری کرمانجی خوارودا وەك ئەو دەستورەیە کە لە زاری کرمانجی سەرودا بەکاردێت ، تەنها ئەوەندە هەیە لە زاری سەرودا راناوی نەلکاو لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا جودایە تا ڕاناوی نەلکاو لەگەڵ کاری تێپەڕدا بەلاّم لەزاری خوارودا ئەو جوداییە نییە ، هەروەك دوایی دیار دەکەوێت ، لە کاتێك نموونەمان هێنایەوە بۆ دروست کردنی کاری رابوردوی تێپەڕ •

٢ ـ جۆری دروستکردنی کاری رابوردوی تێپەڕ :

آ ـ لە زاری کرمانجی سەرودا :

دروستکردنی ئەم کارە بەم جۆرە دەبێت :

١ ـ لە چاوگەکە نونە چاوگییەکە دەقرتێت •

٢ ـ ڕاناوی نەلکاوی دەخرێتە پێش ، وەك :

چاوگ	رابوردوی تێپەڕ
گرتن	کەسی سێیەمی تاك (وی گرت ، وێ گرت)

(٣) زاری بوّتان .

کەسی سێیەمی کۆ (وانگرت)
کەسی یەکەمی تاك (منگرت)
کەسی یەکەمی کۆ (مەگرت)
کەسی دووەمی تاك (تەگرت)
کەسی دووەمی کۆ (وەرگرت)

تێبینی :

بۆ کەسی یەکەمی تاك لەم صیغەیەدا ڕانــاوی نەلکاو بۆ نێر و مێ لە یەکتر جودان • (وی) بۆ نێر و (وێ) بۆ مێ •

ب- لە زاری کرمانجی خوارودا :

دروستکردنی ئەم کارە بەم جۆرە دەبێت :

١ ـ تونی چاوگی لە چاوگەکە دەفرێت •

٢ ـ ڕاناوی لکاوی دەچێتەسەر ، وەك :

چاوگ	ڕابوردوی تێپەڕ
کردن	کەسی یەکەمی تاك (کردم)
	کەسی یەکەمی کۆ (کردمان)
	کەسی دووەمی تاك (کردت)
	کەسی دووەمی کۆ (کردتان)
	کەسی سێیەمی تاك (کردی)
	کەسی سێیەمی کۆ (کردیان)

تێبینی :

لەو نمونانە دەردەکەوێت ڕاناوی لکاو لە زاری کرمانجی خواروودا بۆ

کاری تێنەپەڕ و تێپەڕ ، هەمۆیان یەك جۆرنین •

زۆتر دیتمـــان کەسی سێیەمی تاك لە کاری رابـــوردۆی تێنەپەڕدا ، راناوی لکاوی نییە ، بەلاّم لە تێپەڕدا ، وەك لەو نمونانەی دوایی دەرکەوت، (ی) راناوی لکاوە •

کەسی یەکەمی تاك راناوی لکاوی لە تێپەڕ و تێنەپەڕدا ناگۆڕێت هەر (م)ە •

راناوی لکاو بۆ کەسانیتر لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپـــەڕ دەگۆڕێ بە پێی لیستەی خوارەوە :

ڕاناوی لکاو

	لە کاری تێنەپەڕدا	**لە کاری تێپەڕدا**
بۆ کەسی سێیەمی کۆ	ن « نوستن »	یان « کردیان »
بۆ کەسی یەکەمی کۆ	ین« نوستین »	مان « کردمان »
بۆ کەسی دوەمی تاك	ی،یت«نوستی» «نوستیت»	ت « کردت »
بۆ کەسی دوەمی کۆ	ن « نوستن »	تان « کردتان »

وەك روالّەت دەریدەخات ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی کۆ و کەسی سێیەمی کۆ پیتی « ن »ە ، کەوا بە ڕێکەوت لەگەلّ « ن »ی چاوگی یەکدی دەگرنەوە •

٣ ــ نەفی کاری رابوردۆی ڕەبەق :

١ ــ تێ نەپەڕ : لە هەردۆ زاردا « کرمانجی سەرۆ و خوارۆ » ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە پێش کارەکە ، وەك :

نەهات	نەهاتن
نەهاتم	نەهاتن
نەهاتی	نەهاتن

تێبینی :

لە کرمانجیی ژۆروودا زاری بۆتانی بۆ کەسی یەکەمی کۆ (نەهاتن) بەکار دەهێنێت لە بری (نەهاتین) •

٢ ــ تێپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجیی سەروودا : ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە پێش کارەکە و ڕاناوی نەلکاویش دەخرێتە پێش ئامرازی نەفیەکەوە ، وەك :

وی (وێ) نەگرت ــ وان نەگرت
من نەگرت ــ مە نەگرت
تە نەگرت ــ وە نەگرت

ب ــ لە زاری کرمانجیی خواروودا : لەپێشەوە ، ئامرازی (نە)ی نەفی دێت و بەدوای ئەودا ڕاناوی لکاو (هی تێپەڕ) ئەنجا کارەکە دێت ، وەك :

نەمگرت ــ نەمانگرت
نەتگرت ــ نەتانگرت
نەیگرت ــ نەیانگرت

تێبینی :

لە غالبی زاری بلباسیدا (مامەش ، مەنگــوڕ ، پیران ، سوێسنێ ، پشدەریی ، ئاکۆ •••) تصریفی کاری رابوردوو جۆری تایبەتی خۆی هەیە ، کەوا تا ڕادەیەك جودا دەبێتەوە لەو نموونانەی لەمەوبەر نووسیمانن • وێنەش بۆ ئەمە :

١ ــ کاری رابوردوی تێنەپەڕ : هەرچەنــد قالبی کارەکە لەم زارەدا جوداوازی نییە لەگەڵ قالبی فیعلی تێکڕای زاری کرمانجی خوارو ، بەڵام راناوی نەلکاو کە دەکەوێتە پێش کارەکە لەم زارەدا وادەبێت دەگۆڕێت لەچاو راناوەکانی زاری کرمانجی خواروودا . وەك :

ئەو نوست ــ ئەو (ئەوان) نوستن

ئەمن نوستم ــ ئەمە نوستین

ئەتۆ نوستی ــ ئەوە نوستن

بۆ نەفیش وەك زاری کرمانجی خوارو ئامرازی (نە) دەچێتە پێش کارەکەوە ، وەك :

ئەو نەنوست ــ ئەو (ئەوان) نەنوستن

٢ ــ کاری رابوردوی تێپەڕ :

لەم کارەدا دو جۆرە تصریف هەیە یەکێکیان ئاسایی ، ئەویتریان بۆ واتایەکی تایبەتی . نمونەکانی ژێرەوە ، هەردو جۆرەکە دەردەخەن .

ئەو گرتی ــ ئەوی گرت (ئەو گرتیان ــ ئەوان گرت)

ئەمن گرتم ــ ئەمنم گرت (ئەمە گرتن ــ ئەمەن گرت)

ئەتۆ گرتت ــ ئەتۆت گرت (ئەوە گرتو ــ ئەوەو گرت)

لە نەفیدا ئەم صیغانە بەم جۆرە دەگۆڕدرێن ، وەك :

ئەو نەی‌گرت ــ ئەوی نەگرت (ئەو نەیان‌گرت ــ ئەوان نەگرت)

ئەمن نەم گرت ــ ئەمنم نەگرت (ئەمە نەن‌گرت ــ ئەمەن نەگرت)

ئەتۆ نەت‌گرت ــ ئەتۆت نەگرت(ئەوە نەوگرت ــ ئەوەو نەگرت)

بۆ دیارخستنی جودایی نێوان واتای صیغەکان ئەم ڕستانەی خوارەوە بۆن بەنموونە :

ئەمن گرتم ، ئەتۆت خوارد
ئەوی بەستەوە ، ئەمەن کوشت
ئەتۆ کڕیت ، ئەوان دەبەرکرد

دووەم ـ کاری ڕابوردوی ئیستیمراری (بەردەوام)

١ ـ جۆری دروستکردنی تێنەپەڕ :

آ ـ لەزاری کرمانجی سەروودا : ئیشارەتی موضارەعەت (د) دەخرێتە پێش کاری تێ نەپەڕی ڕەبەقەوە (مطلق) ، هەرکارەش ڕاناوی نەلکاوی خۆی بە پێشدا دێت ، وەك :

ئەز دهاتم	ئەم دهاتین (ئەم دهاتن ـ لەزاری بۆتان)
تو دهاتی	هوون دهاتن
ئەو دهات	ئەو دهاتن

ئامرازی (نە)ی نەفیش لەصیغەی نەفیدا دەخرێتە پێش حەرفی موضارەعەتەکەوە ، وەك :

ئەز نەدهاتم ـ ئەم نەدهاتین

ب ـ لە زاری کرمانجی خوارودا : ئیشارەتی موضارەعەت (دە) دەخرێتە پێش کاری تێنەپەڕی ڕەبەقەوە ، وەك :

دەهاتم	دەهاتین
دەهاتی	دەهاتن
دەهات	دەهاتن

بۆ نەفی ، ئامرازی (نە) دەخرێتە پێش صیغەی سەرەوە ، وەك :

نەدەهاتم نەدەهاتین

٢ ـ جۆری دروستکردنی تێپەڕ :

آ ـ لە زاری کرمانجی سەروودا : ئیشارەتی موضارەعەت (دە) دەخرێتە پێش رابوردوی (رەبەق)ی تێپەڕ ، راناوی نەلکاوی هەرکارەش لەپێش کارەکەوە دێت ، وەك :

من دگرت مە دگرت

تە دگرت وە دگرت

وی ، وێ دگرت وان دگرت

لە حالی نەفیشدا ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە پێش حەرفی موضارەعەتەوە وەك :

من نەدگرت مە نەدگرت

ب ـ لە زاری کرمانجی خوارودا : لە پێشەوە ئیشارەتی موضارەعەت (دە) دێت ، بەدوای ئەودا راناوی لکاو ، ئەنجا کارەکە دێت ، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت :

دەمگرت دەمانگرت

دەتگرت دەتانگرت

دەیگرت دەیانگرت

لە حالی نەفیشدا راناوی لکاو دێتە پاش ئامرازی نەفی (نە) ، ئەوجا ئیشارەتی موضارەعەت و کارەکە دێن ، وەك :

ئەمدەگرت	ئەمان دەگرت
ئەیدەگرت	ئەیان دەگرت

سێیەم ـ کاری ڕابوردوی نزیک

١ ـ جۆری دروستکردنی تێنەپەڕ :

آ ـ لە زاری کرمانجی سەرودا : لە پێشەوە ڕاناوی نەلکاو دێت بەدوای ئەودا صیغەی ناوی کارا (فاعل) ئەنجا ڕاناوی لکاو ، بەو جۆرەی لەو نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

ئەز ڤستیمە	ئەم ڤستینە	بۆتان
تـو ڤستییی	ئەو ڤستینە	
ئەو ڤستییە	ئەو ڤستینە	

لە زاری بادیناندا ئەم صیغەیە داڕشتنی جودایە لەهی بۆتان بەپێی ئەم نموونانەی خوارەوە :

ئەزێ ڤستیم	ئەمێت ڤستین
تویێ ڤستی	هوێت ڤستین
ئەوێ ڤستی	ئەوێت ڤستین

بۆ نەفی ، ئامرازی (نە)ی نەفی دێتە پێش کارەکەوە ، وەك :

ئەز نەڤستیمە	ئەم نەڤستینە

ب ـ لە زاری کرمانجی خواروودا : لەپێشەوە صیغەی ناوی کارا (فاعل)ی کارەکە و بە دوا ئەودا ڕاناوی لکاو دێت ، وەك :

نوستوم	نوستوین

تۆستۆی (ت)   تۆستۆن

تۆستووە   تۆستۆن

[ڕوون کردنەوە :

ئەم یەك بۆنەی ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ و کەسی سێیەمی کۆ بۆ کاری تێنەپەڕ دیاردەیێکە لە هەمو صیغەکاندا دەدیترێت و دەستوورێکی گشتییە لە زمانی کوردی نەك هەر لەم صیغەیەدا •

دەمڕاستی لیژنە]

تێبینی یەکەم :

چونکە صیغەی کۆی دووەم و سێیەم وەك یەکترن ، بە ڕاناوی نەلکاو کە لەپێشەوە بێت لەیەکتر جودا دەکرێنەوە ، یاخوت بە پێی ڕاگەیاندنی جێگە ئەو جوداوازییە دەکرێت ، دەبێت بڵێین :

ئێوە تۆستۆن   ئەوان تۆستۆن

تێبینی دووەم :

ساغ‌کردنەوەی حەقیقەتی ئەم زیادییەی کە بە دوا صیغەی تاکی سێیەمدا دێت (تۆستووە) ، پێویست بەلێکۆڵینەوە دەکات • بەلای هەندێ زمانزانەوە ئەم زیادییە فیعلی مساعدە کە لە ئینگلیزی پێی دەوترێت (ڤێرب تو بی (verb to be) •

لە ڕێزمانی فارسیشدا دەڵێت ئەمە کورت کراوەی (ئەست)ی خەبەرییە •

مامۆستا مەسعود دەڵێت سەرنج دەریدەخات لە کوردیدا بۆ

دروستکردنی (اسناد و اخبار) لە ڕستەی ئیسمیدا ڕاناوی کاری تێنەپەڕ دێت ، ئەم لیستەیەی خوارەوە مەبەست ڕوون دەکاتەوە :

ڕستەی ئیسمی	ڕاناوی لکاو	کاری تێ نەپەڕ
من کوردم	م	نوستم
ئێمە کوردین	ین	نوستین
تۆ کوردیت	یت	نوستیت
ئێوە کوردن	ن	نوستن
ئەو کوردە	...	نوست
ئەوان کوردن	ن	نوستن

لەمەوە دەردەکەوێت کەسی تاکی سێیەم لە کاری ڕابوردووی تێنەپەڕدا ڕاناوی لکاوی دیار کراوی نییە ، تاکو بۆ پێکهێنانی اخبار لە ڕستەی ئیسمیدا بەکار بێت ، لەبەرئەوە سەلیقەی کوردیی بۆ پێکهێنانی واتای اخبار لەسەرچاوەیەکەوە کە ئێستا نازانم چییە ئەم زیادییەی هێناوە وەك ڕاناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك • بەلامەوە ئەگەر ئەمەی نەهێنایە شتێکی‌تری دەهێنا کە (اخبار) ڕابگەیەنێت و ڕستەی ئیسمی پێ‌تەواوبکات• ئەنجا لێکدانەوەم ئەمەیە : زیادی دوای ڕستەی ئیسمی بۆ کەسی سێیەمی تاك ڕاناوی لکاوە وەك هی کەسانی‌تر •

بێینەوە بۆ صیغەی کەسی سێیەمی تاك لە ڕابوردووی نزیکدا ، وەك دیارە ئەم صیغەیە ڕواڵەتی وەك صیغەی ناوی کارا (فاعل) وایە ، واتە وێنەی ڕستەکە لە وێنەی ڕستەی ئیسمی دەکات • ئەنجا هەروەك ڕستەی ئیسمی بۆ کەسی سێیەمی تاك ئەم زیادییەی تێدا بەکار دێت ، کاری ڕابوردووی

نزیکیش بۆ کەسی سێیەمی تاك کە لە ڕواڵەتدا وەك ڕستەی ئیسمی وایە دەبێت هەمان زیادەی بۆ بەکاربێت ؛ کە گوتت : (ئەو نوستو) وەك ئەوەیە گوتبێتت (ئەو شوان) هەردو ڕستە (اخبار و اسناد)یان تێدا پەیدا نابێت ئەگەر زیادییەکەی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی (ە) نەچێتە دوایانەوە و نەگوترێت :

ئەو نوستووە
ئەو شوانە

نوری علی امین دەڵێت : ڕستە لە زمانی کوردیدا بەبێ (کار) دروست نابێت ، وەك :

من نوستوم
من کوردم

لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (نوستو) کارەکەیە و اسنادی پێکهێناوە ، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا کارەکە سواوە و دیارنییە ، ڕاناوی (م) ئەرکی ئەو دەبینێت ، واتە بۆتە کارا بۆ کارێکی سواو کە ڕەگەکەی لە صیغەی کەسی سێیەمدا بەدەردەکەوێت ، وەك :

ئەو کوردە

بەڵام لە صیغەی کەسی سێیەمی ڕستەی فیعلیدا ئەوەی پێناوێت چونکە کارەکە خۆی لە توانایدا هەیە اسنادێك پێكبهێنێت بەبێ یاریدە ئەنجا لەبەر ئەوە من (ە) بە کارێکی یاریدەدەر دادەنێم لە صیغەی کەسی سێیەمی تاکدا نەك ڕاناو وەك مامۆستا مسعود دەڵێت .

مامۆستا مەسعود دەڵێ : وا دیارە مامۆستا نوریش دان بەوەدا دێنێت

لەم ڕستانەدا (کوردم ، کوردیت ، کوردین) کاری ئاشکرا نییە • سوانی کارەکە ، ئەگەر سوابێت ، ئەو حەقیقەتە ناگۆڕێت کە لە ڕواڵەتی ئێستاکەیاندا کار وجودی نییە ، کەواتە چۆن دەتوانین بڵێین ڕستە لە زمانی کوردیێدا بەبێ (کار) پەیدا نابێت لە حاڵێکدا دەڵێین کاری ڕستەی (من کوردم) سواوە ناشزانین ئەوەی سواوە چیە •

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی نەفی دێتە پێش کارەکەوە ، وەك :

من نەنوستوم	ئێمە نەنوستوین
تۆ نەنوستوی (ت)	ئێوە نەنوستون
ئەو نەنوستووە	ئەوان نەنوستون

٢ ـ جۆری دروستکردنی تێپەڕ :

آ ـ لە زاری کرمانجیێ سەرۆدا : لەپێشەوە ڕاناوی نەلکاو دێت ، بەدوای ئەو داڕشتنێکی کار بۆ ئەم صیغەیە دێت کە لە نموونەدا بە دیار دەکەوێت ، ئەنجا حەرەکەی (ە) دێت کە دەمە تەقێی لەسەرە ئایا سروشتەکەی چییە ؟ ئاخۆ ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە یا (ڤێرب توبی (verb to be) کەسی سێیەمی تاکە یاخوت احتمالێك هەیە کە ئەمە هەر تەکمیلەی ئەم صیغەیەیە •

نمونەی تێپەڕ •

من گرتییە	مە گرتییە
تە گرتییە	وەگرتییە
وی ، وێ گرتییە	وان گرتییە

لە حاڵێکدا بەرکار لەم صیغەیەدا کۆ بێت بەم جۆرە ڕاناوەکەی

دەردەکەوێت ٠

من گرتینە　　　مەگرتینە

بۆ نەفی ، ئامرازی (نە) دێتە میانی ڕانـاوی نەلکاو و کارەکەوە و دەگوترێت :

من نەگرتییە　　　من نەگرتینە

ب ـ لە زاری کرمانجی خوارودا : ڕاناوی لکاو دەشێت بەدیارکەوێت یان نەکەوێت بە دوا ئەودا داڕشتنی تایبەتی ئەم صیغەیە دێت ، ئەنجا ڕاناوی لکاو ، پاش ئەو بزوێنی (ە) دێت کە جێی دەمەتەقێیە و لەمەوبەر گوتمان و ڕونمان کردەوە ٠ نمونە :

من گرتومە	ئێمە گرتومانە
تۆ گرتوتە	ئێوە گرتوتانە
ئەو گرتویە	ئەوان گرتویانە

تێبینی یەکەم :

لەلایەن ئەو ڕایەی کە حرکەی (ە) بە ڕاناو دادەنێت ٠٠٠ کاتێك کە مفعول ڕاناوی جمع‌بێ یا تاکی مخاطب وەیا قسەکەر بۆ ڕاناوەکە لە جێی ئەم بزوێنە دەردەکەوێت ، دەگوترێت :

گرتومن ـ گرتویانن ـ گرتومت ـ هتد ٠٠ لەمەدا دەردەکەوێت ئەم بزوێنە (ە) ئەویش ڕانـاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك ، چونـکە لە شێوەی خوارودا هەر لەو حاڵەدا دەردەکەوێت ، کە مفعولەکە تاکی سێیەم بێت ، وەك : گرتومە ، دینومە ٠

تێبینیی دووەم :

وادەبێت ئەم صیغەیە بەم جۆرەی خوارەوە بەکار دەهێنرێت ، وەك :

گرتووەتم ــ گرتووەتمان
گرتووەتت ــ گرتوەتتان
گرتووەتی ــ گرتووەتیان

لە زاری بلباسەتیدا ، ئــەم صیغەیەش شێوەی تایبەتیی خۆی هەیە ، وەك :

گرتۆمە	گرتۆنە
گرتۆتە	گرتووە
گرتۆیە	گرتۆیانە

دەشگوترێت :

ئەمنم گرتووە	ئەمەن گرتووە
ئەتۆت گرتووە	ئەوەو گرتووە
ئەوی گرتووە	ئەوان گرتووە

ئەم صیغەیەی بلباسەتی وەك لە پێشەوە جارێکیتر ڕوونکرایەوە لە حاڵی تایبەتیی خۆیدا بەکاردێت •

لە حاڵەتی نەفیدا ئامرازی (نە) لە پێشەوە دێت ، بەدوا ئەودا ڕاناوی لکاوی فاعل دێت و بەدوا ئەودا داڕشتنی تایبەتیی صیغەی کارەکە ، وەك :

من نەمدیوە	ئێمە نەمان دیوە
تو نەتدیوە	ئێوە نەتان دیوە
ئەو نەیدیوە	ئەوان نەیان دیوە

چوارەم ــ کاری ڕابوردوی دوور

١ ــ جۆری دروستکردنی تێنەپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجی سەروودا : لەپێشەوە ڕاناوی نەلکاو ، بەدوا ئەودا صیغەی ڕابوردوی ڕەبەق (مطلق)ی تاکی سێیەم ، ئەنجا کاری (بو) لە صیغەی ڕابوردوی ڕەبەق (مطلق) لەگەڵ ڕاناوی لکاوی خۆیدا ، وەك :

ئەز ڤستبوم	ئەم ڤستبون (ئەم ڤستبوین ــ بادینانی)
تو ڤستبوی	هون ڤستبون
ئەو ڤستبو	ئەو ڤستبون

لە نەفیشدا ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە پێش کارەکەوە ، وەك :

ئەز نەڤستبوم ئەم نەڤستبون

ب ــ لەزاری کرمانجی خواروودا : لــە پێشەوە ڕاناوی نەلکاو دێت (دەشتوانرێت چــاوی لێ بپۆشرێت) بە دوای ئەودا صــیغەی ڕابوردوی ڕەبەق (مطلق)ی تاکی سێیەم ، ئەنجا کاری (بو) لە صیغەی ڕابوردوی ڕەبەق لەگەڵ ڕاناوی لکاوی خۆیدا ، وەك :

من نوستبوم	ئێمە نوستبوین
تۆ نوستبوی	ئێوە نوستبون
ئەو نوستبو	ئەوان نوستبون

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە پێش کاری یەکەم ، کە کاری بنجییە ، وەك :

من نەنوستبوم ــ ئێمە نەنوستبوین

٢ ـ جۆری دروست کردنی تێپەڕ :

آ ـ لە زاری کرمانجی سەرۆدا :

لە پێشەوە ڕاناوی نەلکاوی تێپەڕ ، بە دوا ئەودا قەدی کار ، ئەنجا صیغەی ڕەبەقی ڕابوردوی کاری (بون) دێت ، وەك :

من دیتبو	مە دیتبو
تە دیتبو	وە دیتبو
وی (وێ) دیتبو	وان دیتبو

ب ـ لە زاری کرمانجی خوارۆدا :

دەشێت لەپێشەوە ڕاناوی نەلکاو بێت یان نەیەت ، ئەنجا قەدی کار ، بە دوا ئەودا صیغەی ڕەبەقی رابوردوی کـاری (بون) ، لەگەڵ راناوی لکاوی تێپەڕ دێت ، وەك :

دیتبوم	دیتبومان
دیتبوت	دیتبوتان
دیتبوی	دیتبوتان

جۆرەکانی کاری رابوردوی ئینشائی

لیژنە لەمـەوبەر لەڕابـوردوی ئیخباری و جـۆرەکانی و چۆنێتی داڕشتنی و نەفییان لە تێپەڕ و تێنەپەڕدا دوا ، ئەوا لەمەولاش لەرابوردوی ئینشائی و جۆرەکانی دەدوێین (جارێ بۆ دۆزینەوەی زاراوەی موناسب بۆ هەرجۆرێك لە جۆرەکانی رابوردوی ئینشائی لیژنە ئەو دەرفەتەی نەبو تێیدا خەریك بێت ، بۆیە ئەم کارەی بۆ کاتێکی‌تر تەرك‌کرد) •

[ڕون کردنەوە :

ئەم تەرزە دوا خستنەی هەندێ کاری ئەوتۆ کەخەریك‌بونی بەزیادەوەی

دەویست ، لەوەوە بۆ کە لیژنە وای چاوەڕوان دەکرد دوای تەواو بونی هەمو لێکۆڵینەوەکانی ، بەرهەمەکەی بخرێتە بەر چاوانەوە ؛ بە ئومێد بۆ لەو ماوەیەدا کەموکورتییەك هەبێت بیانبڕێت • بەڵام خێراکردن لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە ماوەی پوختەکردن و چاو پێداگێڕانەوەی لە دەست لیژنە دەرهێنا ، بۆیەیە لە هەندێ جێگەدا لێکۆڵینەوەکان بە ناتەواوی ماونەتەوە •

دەمڕاستی لیژنە]

یەکەم ــ ئەو صیغە ئینشائییەی کە دەوەستێتە بەرانبەر رابوردوی ئیخباری رەبەق (مطلق) •

١ ــ جۆری دروستکردنی رابوردوی ئینشائی رەبەقی تێنەپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجی سەرودا : لەپێشەوە راناوی نەلکاوی کاری تێنەپەڕ دێ ، بە دوا ئەودا صیغەی رابوردوی رەبەق (مطلق) دێ ، ئەنجا صیغەیەکی تایبەتی داڕژاو لەکاری (بون) دێ ، کە بۆ دەربڕینی واتای ئەو تەرزە رابوردووە دروستکراوە ، بە پێی خشتەی خوارەوە لەگەڵ ڕاناوی لکاوی پێویستی صیغەکە ، وەك :

ئەز ڤستبام	ئەم ڤستبان ــ ڤستباین (بادینانی)
تو ڤستبای	هوِن ڤستبان
ئەو ڤستبا	ئەم ڤستبان

لە حاڵی نەفیشدا ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە پێش کارەکەوە و دەبێتە :

ئەز نەڤستبام	ئەم نەڤستبان

ب ــ لە زاری کرمانجیَ خوارۆدا : لێرەدا لیژنە سەرلەنویَ کەوتەوە مونافەشەی بنج‌وبناوانی دارشتنی ئەو صیغانە سەرنجێکیشی گرتە هەندیَ جوداوازیَ کە هەیە لە نێوانی زاری سلێمانیَ و زارەکانیَ‌تری کرمانجیَ خوارۆ، ئەم دەمەتەقێیە هەمو کاتیَ کۆبونەوەی خایاند •

مامۆستا مسعود بــە پێی لێکدانەوە و بەراوردیَ خــۆی لەولایەنی بەرانبەر یەکتر بــونی صیغەکانی ئیخباریَ لەگەڵ صــیغەکانی ئینشائیَ ئەم میسالانەی خوارەوەی هێنایەوە ، کە هەرجارە صیغەیەکی ئینشائیَ وەرامی صیغەیەکی ئیخباریَ بەرانبەر خۆی دەداتەوە •

یەکێك دەڵێت : تۆ گۆشتەکەت خواردوە •

ئەوی‌تر دەڵێت : ئەگەر خواردبێتم خوا بمگرێت •

یەکێك دەڵێت : لێت گەڕابان گۆشتەکەت دەخوارد •

ئەوی‌تر دەڵێت : ئەگەر بمخواردبایە دەمتوانی •

یەکێك دەڵێت : تۆ بەر لەهاتنمان گۆشتەکەت خواردبوَ •

ئەوی‌تر دەڵێت : ئەگەر خواردبوَبام لێوم چەور دەبوَ •

وەك من تیَ‌بــگەم لە بنەڕەتدا ئەم صیغانە بەم جــۆرە یەکتر عەکس دەکەنەوە ، کە ئەمە دەلیلی هەندەیە هەر صیغەیەك لە ئیخباریَ‌دا صیغەیەکی تایبەتیَ بەرانبەر هەیە لە ئینشائیَ‌دا ، یاخوت زەمانی صیغەیەکی ئیخباریَ لە یەکیَ لە صیغەکانی ئینشائیَ دیاردەکەوێت ، بەڵام ئیمکان هەیە بگوترێت بە هۆی ئەوەوە کە ڕێزمانی کوردیَ لە زوَیەکەوە تۆمار نەکراوە و سەبارەت بە وردە کارییەك کە لەو صیغانە و زەمانەکانیاندا بەکار هێنراوە بە مروری کات لە وتووێژدا وادەبێت تێکەڵ‌پێکەڵیَ لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت • ئەرکی

زمانەوانیش ئەوەیە لە حالی وەهــادا تێکەڵپێکەڵی نەهێڵێ و هەڵە راست بکاتەوە •

دروستکردنی رابوردوی ئینشائی لە کرمانجی خوارودا بەم جۆرە دەبێت :

لەپێشەوە رابــوردوی رەبەق (مطلق) دێ . ئەنجا صــیغەی تایبەتی راگەیاندنی (انشاء وتمنی) کاری (بون) لەگەڵ رانــاوی لکاوی کەسەکە دێ ، وەك :

ڕۆیشتبام	ڕۆیشتباین
ڕۆیشتبایت	ڕۆیشتبان
ڕۆیشتبا	ڕۆیشتبان

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی دێتە پێشێ و دەگوترێت :

نەڕۆیشتبام	نەڕۆیشتباین

تێبینی :

ناوچەی سلێمانی ئەم صیغەیە بەکارناهێنن •

٢ ــ جۆری دروستکردنی رابوردوی ئینشائی رەبەقی تێپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجی سەرودا : لەپێشەوە ڕاناوی نەلکاوی کاری تێپەڕ ، بە دوا ئەودا قەدی کار (کە بریتییە لەو هێندەی دوای قرتاندنی نونی چاوگی دەمێنێتەوە) دێ ، بەدوای قەدا صیغەی راگەیاندنی (انشاء وتمنی) لەکاری (بون) دێ ، وەك :

من گرتبا	مەگرتبا

ته گرتبا   وه گرتبا

وی ، وێ گرتبا   وان گرتبا

بۆ نـەفیش ئامـرازی (نه)ی نـەفی دەخرێته پێش کارەکـەوه و دەگوترێت :

من نەگرتبا   مه نەگرتبا

بـ له زاری کرمانجی خوارۆدا : لەپێشەوه قەدی کارەکه ، ئەنجا صیغەی تایبەتی (انشاء وتمنی) کاری (بۆن) لەگەڵ ڕاناوی لکاوی تێپەڕ دێ ، وەك :

من گرتبام   ئێمه گرتبامان

تۆ گرتبات   ئێوه گرتباتان

ئەو گرتبای   ئەوان گرتبایان

بۆ نەفیش ئامرازی (نه)ی نەفی لەپێشەوه دێ ، بە دوای ئەودا ڕاناوی لکاو ، ئەنجا قەدی کارەکه و صـیغەی (انشاء وتمنی) کاری (بۆن) دێ ، وەك :

نەمگرتبا   نەمانگرتبا

نەتگرتبا   نەتانگرتبا

تێبینی :

ناوچەی سلێمانی ئەم صیغەیه بەکار ناهێنن •

دوەم ــ ئەو صیغه ئینشائییەی کـه دەوەستێته بەرانبەر ڕابوردوی بەردەوامی ئیخباری :

١ ــ جۆری دروستکردنی رابوردوی ئینشائی بەرانبەر رابوردوی بەردەوامی تێنەپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجی سەروودا : لەپێشەوە ڕاناوی نەلکاوی کاری تێنەپەڕ دێ ، بە دوای ئەودا ئامرازی (ب) دێ ، ئەنجا قەدی کارەکە ، دوا ئەو صیغەی تایبەتی کاری (بون) دێ ، وەك :

ئەز بنڤستبام	ئەم بنڤستبان
تو بنڤستبای	هون بنڤستبان
ئەو بنڤستبا	ئەو بنڤستبان

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە جێ ئامرازی (ب) ، وەك :

ئەز نەڤستبام	ئەم نەڤستبان

ب ــ لە زاری کرمانجی خواروودا : لەم زارەدا بۆ ئەم صیغەیە لە وێنەیەك زیاتر هەیە ، وەك :

بنوستبام

بنوستبامایە

بنوستمایە

مامۆستا مەسعود دەڵێت : بەلای منەوە شێوەی یەکەم (بنوستبام) رەسەنە ، چونکە هەمو ماکەکانی صیغەکەی تێدا مەوجودە ، وەك پیتی (ب)ی ئینشائی ، ، قەدی کاری (نوستن) ، صیغەی تایبەتی « تمنی و انشاء »ی کاری (بون) لەگەڵ راناوی لکاو . شێوەی دوەم (بنوستبامایە) زیادییەکی هاتوتە سەر بۆ مەبەستێك کە دەبێت لە ئەسلەکەی بکۆڵرێتەوە ، ئایا بۆ ئارایشتە یا ئاواتە یا شتێکیترە .

شێوەی سێیەم (بنوستمایە) کە تایبەتیێ سلێمانییە ، صیغەی ئینشائیێ کاری (بۆن) کە گوتمان (با)یە سەر لەبەری قرتاوە •

٢ ـ جۆری دروستکردنی رابوردوێ ئینشائیێ بەرانبەر رابوردوێ بەردەوامی تێپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجیێ سەرۆدا : لەپێشــەوە راناوی جودای کاری تێپەڕ دیێ ، ئەنجا ئامرازی (ب)ی ئینشـــائیێ (ئیزن ، ئەمر ، روخسەت) ئەوجا قەدی صیغەی کاری رابوردوێ ، بــەدوای ئەودا صیغە تایبەتییەکەی کاری (بۆن) دیێ ، وەك :

من بکربا	مە بکربا
تە بکربا	وە بکربا
وی ، ویێ بکربا	وان بکربا

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی نەفی دێتە جێی ئامرازی (ب)ی ئینشائیێ و دەبێتە :

من نەکربا	مە نەکربا

بــ لە زاری کرمانجیێ خوارۆدا : لەم زارەدا ئەم صیغەیە سیێ جۆری هەیە :

١ ــ ئامرازی (ب)ی ئینشائیێ لەپێشەوە ، ئەنجا راناوی لکاوی کاری تێپەڕ ، ئەنجا قــەدی کارەکە ، بە دوا ئەودا صیغەی تایبــەتیێ کاری (بۆن) ، وەك :

بمکردبا	بمانکردبا
بتکردبا	بتانکردبا

بیکردبا بیانکردبا

٢ ــ صیغەی پێشتو وەك خـۆی دێتەوە و (ایە)ی دەخرێتەسەر ، بەڵام چونکە صیغەکە کۆتایی بە پیتی (ا) هاتووە ، پیتی (ا)ی دوەم لە (ایە) قرتاوە ، بۆتە :

بمکردبایە بمانکردبایە

٣ ــ لە زاری ناوچەی سلێمانی صیغەی تایبەتی کاری بونی (بـا) دەقرتێت و دەبێتە :

بمکردایە بمانکردایە

بۆ نەفیش ئامرازی (نە) دێتە جێی ئامرازی (ب)ی ئینشائی ، وەك :

نەمکردبا نەمانکردبا

تێبینی :

وا دەردەکەوێت سەلیقەی کوردی تێگەیشتووە سروشتی (ب) کە داخوازی بون و کردن دەکات کۆنابێتەوە لەگەڵ ئامرازی (نە)ی نەفی ، کە نەبون و نەکردن ڕادەگەیەنێت ، بۆیە لە هیچ صیغەیەکدا ئەم دوو ئامرازە کۆنابنەوە ، واتە کە نەفی هات (ب) دەقرتێت •

سێیەم ــ ئەو صیغە ئینشائییەی کـە دەوەستێتە بەرانبەر رابوردوی نزیکی ئیخباری :

١ ــ جۆری دروستکـردنی رابوردوی ئینشـائی بەرانبەر نزیـکی ئیخباری تێنەپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجی سەروودا : لەپێشــەوە ڕاناوی جودای کاری

تێنەپەڕ ، ئەنجا قەدی کارەکە ، لەپاشانـدا صیغەی تایبەتی کاری (بوون) بە ڕاناوی لکاوەوە ، وەك :

ئەز ڤەستبم   ئەم ڤەستبن (ئەم ڤەستبین ــ بادینانی)
تو ڤەستبی   هوون ڤەستبن
ئەو ڤەستبت   ئەو ڤەستبن

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی نەفی بە دوا ڕانـاوی جودادا دێتە پێش کارەکە و دەبێتە :

ئەز نەڤەستبم   ئەم نەڤەستبن

بـ لە زاری کرمانجی خوارووودا : لەپێشەوە قەدی کارەکە ، ئەنجا کاری تایبەتی (بوون) بە ڕاناوی لکاوی کاری تێنەپەڕەوە ، وەك :

نوستبم   نوستبین
نوستبی   نوستبن
نوستبێ   نوستبن

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە پێش صیغەکە ، وەك :

نەنوستبم   نەنوستبین

٢ ـ جۆری دروستکردنی رابـوردووی ئینشائی بەرانبەر نزیـکی ئیخباری تێپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجی سەروودا : لەپێشـــەوە ڕاناوی جودای کاری تێپەڕ ، بەدوا ئەودا قەدی کار ، ئەنجا صیغەی تایبەتی (بوون) دێ ، وەك :

من گرتبت   مەگرتبت

تە گرتبت   وەگرتبت

وی ، وێ گرتبت   وانگرتبت

دەشێت کۆتایی صیغەکە (بیت) یاخوت (بیتن) بێت لە بری (بت) ، کارەکەش بەم جۆرە بێت :

من گرتبیت   من گرتبیتن

مەگرتبیت   مەگرتبیتن

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی نەفی بە دوا زاناودا دێتە پێش صیغەکە و دەبێتە :

من نەگرتبت   من نەگرتبیت   من نەگرتبیتن

ب ـ لە زاری کرمانجی خوارۆدا : لە پێشەوە قەدی کار ئەوجا صیغەی تایبەتی کـاری (بۆن) بەزاناوی لـکاوی کاری تێپەڕەوە دێت ، بـەڵام لە وێنەیەك زیاتر بۆ ئەم صیغەیە بەکاردێت :

شێوەی یەکەم : قەدی کار + صـیغەی تایبەتی کاری (بۆن) لەگەڵ راناوی کاری تێپەڕ ، وەك :

گرتبم   گرتبمان

گرتبت   گرتبتان

گرتبی   گرتبیان

شێوەی دوەم ـ قەدی کار + صیغەیەکی درێژتری کاری (بۆن) لە صیغەی شێوەی یەکەم + راناوی لکاوی کاری تێپەڕ ، وەك :

گرتبێتم   گرتبێتمان

گرتبێتت گرتبێتتان
گرتبێتی گرتبێتیان

بۆ نەفی لە هەردوو صیغەدا ئامرازی (نە)ی نەفی لەپێشەوە دێت ، بە دوا ئەودا ڕاناوی لکاو ، ئەوجا قەدی کار ، بە دوا ئەویشدا صیغەی تایبەتی کاری (بوون) دێت ، وەك :

نەم گرتبێ نەمان گرتبێ

[ڕوون کردنەوە :

ئەم صـــیغەیە بۆ هەموو کەســـەکان سێ جۆری هەیـــە : نەمگرتبێ ، نەمگرتبێت ، نەمگرتبێتن ــ نەیانگرتبێ ، نەیانگرتبێت ، نەیانگرتبێتن ... هتاد .

دەمڕاستی لیژنە]

چوارەم ــ دروستکردنی صـــیغەی ئینشائی ڕابوردوو کە دەکەوێتە بەرانبەر ڕابوردووی دووری خەبەری :

١ ــ جۆری دروســـتکردنی ڕابوردووی ئینشـــائی بەرانبـــەر دووری خەبەری تێنەپەڕ :

آ ــ لەزاری کرمانـــجی سەروودا : لەپێشەوە ڕاناوی جـــودای کاری تێنەپەڕ دێ ، بەدوا ئەودا صیغەی ڕابوردووی ئینشائی کاری (بوون) بۆکەسی سێیەمی تاك ، دواجار صیغەی تایبەتی ئینشائی کاری (بوون) لەگەڵ ڕاناوی لکاو ، وەك :

ئەز ڤەستبووباما ئەم ڤەستبووبانا (ئەم ڤەستبووباینا بادینانی)
تو ڤەستبووبایا هوون ڤەستبووبانا

ئەو ڤستبۆبایا ئەو ڤستبۆبانا

بۆ نەفیش ئامرازی (نە) دەچێتە پێش قەدی کارەکەوە . بەدوا راناوە جوداکەدا ، وەك :

ئەز نەڤستبۆباما ئەم نەڤستبۆبانا

ب ــ لە زاری کرمانجی خوارۆدا : ئەم صیغەیە دۆ جۆری هەیە :

أ ــ جۆرێکی گشتی : لەپێشەوە قەدی کاری رابوردۆ « بە لادانی نونی چاوگ » ئینجا قەدی کاری رابوردۆی (بۆن) بەدوا ئەودا صیغەی ئینشائی تایبەتی (بۆن) لەگەڵ راناوی لکاوی تێنەپەڕ ، وەك :

نوستبۆبام نوستبۆباین
نوستبۆبایت نوستبۆبان
نوستبۆبا نوستبۆبان

ب ــ جۆری ناوچەی سلێمانی : لەم جۆرەدا تایبەتیە ئینشائیەکەی کاری (بۆن) دەفرتێت ، لە شوێنی ئەودا زیادێکی تایبەتی بە راناوی لکاوەوە دێ ، بە شوێن قەدی کاری ئەسلیدا لە شکلی رابوردۆی دۆر ، یاخود دەتوانین بلێین لەپێشەوە قەدی کاری ئەسلی لە صیغەی رابوردۆی دۆر بە راناوەوە دێت ئینجا ئەو زیادییە تایبەتیە کە جێــگەی صیغەی ئینشائیە تایبەتیەکەی کاری (بۆن) دەگرێتەوە ، وەك :

نوستبۆمایە نوستبۆینایە
نوستبۆیتایە نوستبۆنایە
نوستبوایە نوستبۆنایە

بۆ نەفیش ئامرازی نــەفی (نە) لەپێشەوە دێ بەبێ گــۆڕینی هیچ

کەرتێك لە صیغەی کارەکەدا ، وەك :

نەنوستبۆبام نەنوستبۆباین

یاخود لە شێوەی سلێمانی :

نەنوستبۆمایە نەنوستبۆینایە

٢ ـ جۆری دروستکردنی رابوردوی ئینشائی بەرانبەر دۆری ئیخباری تێپەڕ :

آ ــ لە زاری کرمانجی سەروودا : لەپێشەوە راناوی جودا ئینجا قەدی کاری رابوردو ، بە دوای ئەودا صیغەی ئینشائی تایبەتی کاری (بون) دێ وەك :

من گرتبوبا مەگرتبوبا
تە گرتبوبا وە گرتبوبا
وی ، وێ گرتبوبا وان گرتبوبا

بۆ نەفیش ئامرازی (نە)ی نەفی دێتە پێش کارەکەوە ، وەك :

من نەگرتبوبا مە نەگرتبوبا

بــ لە زاری کرمانجی خواروودا : لێرەشدا دو جۆر هەیە :

أ ــ جۆری گشتی : لەپێشەوە قەدی کار ، ئەوجا صیغەی ئینشائی تایبەتی کاری (بون) لەگەڵ راناوی لکاوی کاری تێپەڕ دێ ، وەك :

گرتبوبام گرتبوبامان
گرتبوبات گرتبوباتان
گرتبوبای گرتبوبایان

ب– جۆری ناوچەی سلێمانی : لەپێشەوە قەدی کاری رابوردوی دوور لەگەڵ راناوی لکاوی کاری تێپەڕ دێ ، ئینجا ئەو زیادییە تایبەتییەی کە جێی صیغە تایبەتییەکەی کاری (بون) دەگرێتەوە ، وەك :

گرتبومایە	گرتبومانایە
گرتبوتایە	گرتبوتانایە
گرتبویایە	گرتبویانایە

لە حاڵی نەفیدا :

نەفی جۆری گشتی :

نەمگرتبوبا	نەمانگرتبوبا
نەتگرتبوبا	نەتانگرتبوبا
نەیگرتبوبا	نەیانگرتبوبا

نەفی شێوەی سلێمانی :

نەم گرتبوایە	نەمان گرتبوایە
نەت گرتبوایە	نەتان گرتبوایە
نەی گرتبوایە	نەیان گرتبوایە

تێبینی :

تەعریفی کاری رابوردو کاتی خۆی دواخرابو تا لە لێکۆڵینەوەی کاری ئایندە (مضارع) لە کۆبونەوەی پەنجـا و دوی رۆژی ١٦–٦–١٩٧٣دا تەعریفی بۆ دانرا .

تەعریفی خوارەوەی کاری رابوردو لە کۆبونەوەی رۆژی باسکراوەوە، بەرەودوا ، گوێزرایەوە بۆ ئێرە ، ئەمەش تەعریفەکەیە :

« کاری رابوردوو ئەو کارەیە کە کاتەکەی بەسەرچووبێت »

بەلای لیژنــەوە ئەم تەعریفە جــامع و مانعە ، واتە (پڕ بــە پێستی مەبەستە) ، چونکە لیــژنە هەموو ئەو تەعریفانەی کە بــۆ کاری رابوردوو دانراون لە زمانی کوردیی و فارسیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی سەیرکرد ، ئینجا گەیشتنە ئەو تەعریفە •

کاری ئاییندە

لە دوا تەواوبــوونی لێکۆلینەوە لە کاری رابوردوو ، لیــژنە هاتەسەر تۆژینەوە لە کاری ئاییندە (مضارع) • بۆ ئەم مەبەستە لیژنە گەڕایەوە بۆ ئەو تەعریفانەی کە لە کتێبە جودا جوداکانی رێزماندا باس کراون • دیسان لیژنە بەپێویستی زانی تەعریفێك بێنێتەوە ، کە هەم لەگەڵ تەعریفی کاری رابوردوودا هاوئاهەنگ بێت ، هەم دەرفەتی رەخنە لێگرتنی نەدا :

« کاری ئاییندە ، ئەو کارەیە کاتەکەی ئێستا یا لەمەودوا دێت » •

بەلای لیژنەوە ئــەم تەعریفەش وەك هینەکەی پێشوو پــڕ بە پێستی مەبەستە •

[روونکردنەوە :

دەتوانرێ ، لە رێی بەراوردکردن لەگــەڵ تەعریفی کاری رابوردوودا بگوترێ « کاری ئاییندە ئەو کارەیە کاتــەکەی بەسەر نەچووبێت » • ئەم گوتەیەی « بەسەرنەچووبێت » ئێستا و دواتریش دەگرێتەوە •

دەمڕاستی لیژنە]

دروستکردنی کاری ئاییندە :

لیژنە هاتە ســەر جۆری وەرگــرتنی کاری ئاییندە ؛ جــارێ لەوە

کۆلیەوە و کە ئایا کاری ئایندە لە چاوگ یا لە کاری ڕابوردوو یا لە ڕەگی کار وەردەگیرێت • لە دوا موناقەشەیەکی زۆر و ئیستیقرای گەلێك لە کارەکانی زمانی کوردیی لیژنە گەیشتە ئەو باوەڕە کە وا دروستکردنی کاری ئایندە لە کوردیی‌دا تابیع بە یەك دەستوور نییە ، وە لێکۆڵینەوەی ئەو باسە ڕێگە بۆ تاکەیەك رای دەرناکات • بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێین لێرە بەپێشەوە نووسەران گوتوویانە کاری ئایندە دەشێ لە سێ ڕێگەوە وەربگیرێ :

١ — ڕێی چاوگ •
٢ — ڕێی کاری ڕابوردوو •
٣ — ڕێی ڕەگی کار •

بەڵام لیژنە کە هات ئەم قاعیدانەی تەطبیق کرد بەسەر نموونەی کارەکانی کوردیی بۆی دەرکەوت ئەو کارانە هەموویان یەك جۆرنین لەلایەنی جۆتیتی مانەوەی ڕەگیان ، وەیا نیسبەتی کاری ڕابوردوو لەگەڵ ئایندەدا ، هەر تاقمێك لە کاری کوردیی مومکینە بۆ خۆیان بکەونە ژێر قاعیدەیەك کە زۆر جودا بێت لەقاعیدەی تاقمێکی‌تر ، دەست نیشانکردنی ئەو جۆرە تاقمانە و تابیع بوونیان بە دەستوورێکی تایبەتیی خۆیان ، بەندە بە ئیستیقرای زۆربەی کارەکان لە زمانی کوردیی‌دا ، کە ئەمەش تائێستا کەس نەیکردووە (بابیی ئەوە کە لیژنە ئاگادار بێت) وە کردنیشی کاتێکی درێژتری دەوێت لەو کاتەی کە لیژنە بەدەستییەوە هەیە ، لەبەر ئەوە لیژنە هاتە سەر ئەو قەناعەتە کەوا ئیشێك ئێستا لە ئیمکاندا بێت بکرێت لە بارەی دانانی دەستوور بۆ کاری ئایندە لە کوردیی‌دا ئەوەیە کە قاعیدەی بێ‌گومان (مطرد) باس بکرێت و دەستووری بۆ دابنرێت • ئەو دەستوورانەی کە شازیان (ڕیزپەڕ) تێ‌دەکەوێت ، وەیا دەشێ پێیان بگوترێت (سەماعیی) بخرێنە دواتر •

« کاری رابوردوو ئەو کارەیە کە کاتەکەی بەسەرچووبێت »

بەلای لیژنــەوە ئەم تەعریفە جــامع و مانعە ، واتە (پڕ بــە پێستی مەبەستە) ، چونکە لیــژنە هەموو ئەو تەعریفانەی کە بــۆ کاری رابوردوو دانراون لە زمانی کوردیی و فارسیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی سەیرکرد ، ئینجا گەیشتە ئەو تەعریفە •

کاری ئایینده

لە دوا تەواوبــوونی لێکۆڵینەوە لە کاری رابوردوو ، لیــژنە هاتەسەر توێژینەوە لە کاری ئایینده (مضارع) • بۆ ئەم مەبەستە لیژنە گەڕایەوە بۆ ئەو تەعریفانەی کە لە کتێبە جودا جوداکانی ڕێزماندا باس کراون • دیسان لیژنە بەپێویستی زانی تەعریفێك بێنێتەوە ، کە هەم لەگەڵ تەعریفی کاری رابوردوودا هاوئاهەنگ بێت ، هەم دەرفەتی ڕەخنە لێگرتنی نەدا :

« کاری ئایینده ، ئەو کارەیە کاتەکەی ئێستا یا لەمەودوا دێت » •

بەلای لیژنەوە ئــەم تەعریفەش وەك هینەکەی پێشوو پــڕ بە پێستی مەبەستە •

[ڕوونکردنەوە :

دەتوانرێ ، لە ڕێی بەراوردکردن لەگــەڵ تەعریفی کاری رابوردوودا بگوترێ « کاری ئایینده ئەو کارەیە کاتــەکەی بەسەر نەچووبێت » • ئەم گوتەیەی « بەسەرنەچووبێت » ئێستا و دواتریش دەگرێتەوە •

دەمڕاستی لیژنە]

دروستکردنی کاری ئایینده :

لیژنە هاتە ســەر جۆری وەرگــرتنی کاری ئایینده ؛ جــارێ لەوە

کۆلیەوە و کە ئایا کاری ئایندە لە چاوگ یا لە کاری رابوردوو یا لە رەگی کار وەردەگیرێت • لە دوا موناقەشەیەکی زۆر و ئیستیقرای گەلێك لە کارەکانی زمانی کوردیێ لیژنە گەیشتە ئەو باوەڕە کە وا دروستکردنی کاری ئایندە لە کوردیێدا تابیع بە یەك دەستور نییە ، وە لێکۆلینەوەی ئەو باسە رێگە بۆ تاکەیەك رای دەرناکات • بۆ رۆنکردنەوە دەڵێین لێرە بەپێشەوە نوسەران گوتویانە کاری ئایندە دەشێ لە سێ رێگەوە وەربگیرێ :

١ ــ رێی چاوگ •

٢ ــ رێی کاری رابوردوو •

٣ ــ رێی رەگی کار •

بەلام لیژنە کە هات ئەم قاعیدانەی تەطبیق کرد بەسەر نمونەی کارەکانی کوردیێ بۆی دەرکەوت ئەو کارانە هەمویان یەك جۆرنین لەلایەنی چۆنێتی مانەوەی رەگیان ، وەیا نیسبەتی کاری رابوردوو لەگەڵ ئایندەدا ، هەر تاقمێك لە کاری کوردیێ مومکینە بۆ خۆیان بکەونە ژێر قاعیدەیەك کە زۆر جودا بێت لەقاعیدەی تاقمێکیتر ، دەست نیشانکردنی ئەو جۆرە تاقمانە و تابیع بونیان بە دەستورێکی تایبەتی خۆیان ، بەندە بە ئیستیقرای زۆربەی کارەکان لە زمانی کوردیێدا ، کە ئەمەش تائێستا کەس نەیکردووە (بایێ ئەوە کە لیژنە ئاگادار بێت) وە کردنیشی کاتێکی درێژتری دەوێت لەو کاتەی کە لیژنە بەدەستییەوە هەیە ، لەبەر ئەوە لیژنە هاتە سەر ئەو قەناعەتە کەوا ئیشێك ئێستا لە ئیمکاندا بێت بکرێت لە بارەی دانانی دەستور بۆ کاری ئایندە لە کوردیێدا ئەوەیە کە قاعیدەی بێگومان (مطرد) باس بکرێت و دەستوری بۆ دابنرێت • ئەو دەستورانەی کە شازیان (ریزپەڕ) تێدەکەوێت ، وەیا دەشێ پێیان بگوترێت (سەماعیێ) بخرێنە دواتر •

لەو قاعیدانەی کە گومانیان تێدا نییە لە دروستکردنی کاری ئایندەدا ئەمانەن :

١ ـ کاری ئاینده لـە کوردیدا عەلامەتی تایبەتی خـۆی هەیە کە ئەویش (ده)یە ، کە دەکەوێتە سەرەتای کارەکەوە • لە شێوەی ناوچەی سلێمانیدا ئـەم (ده)یە بە (ئە) تلفظ دەکرێت ، هەروەها لـە ناوچەی ئەردەڵانیش • لیژنە وا بەباش دەزانـێت دۆزینەوەی هۆی ئەم گۆڕانە لە (ده)وە بۆ (ئە) بەجێ بهێڵرێت بۆ دراسەیەکی قوڵتر • (١)

لە شێوەی کرمانجی سەرودا ئەم (ده)یە بە (د ـ di) تلفظ دەکرێت ، وەك :

دەچم ئەڕۆم دکرم

پێویستە لێرەدا دوبارەی بکەینەوە لە شێوەی کرمانجی سەرودا لە صیغەی داهاتو (مستقبل) لە جیاتی (د) ئامرازی (دێ) بەکاردێت ، وەك :

دێ چم
دێ کرم

٢ ـ ئەو کارانەی کە لە عەرەبیدا پێیان دەڵێن مطاوعە (جارێ لیژنە زاراوەی ـ کاری ڕودان ـی پێشنیار کرد بۆ ئەو جۆرە کارانە) وە زوربەیان کۆتاییان بە پیتی (ا) دێ دەستورێکی ڕوتیان هەیە هەمویان دەگرێتەوە لەم نمونانەی خوارەوە دەردەکەوێت :

---

(١) مامۆستا توفیق وەهبی ئـەم لێکۆلینەوەیەی کردوە لەو گوتارەی کە لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕدا بلاو بۆوە لەژێر ناونیشانی (ئەسڵی پیتە قالبی «ئە»ی شێوەی سلێمانی) .

ئایینده	رابوردو	چاوگ
دەڕژێ (دەڕژێم ــ دەڕژێین)	رژا	رژان
دەپسێ (دەپسێم ــ دەپسێین)	پسا	پسان
دەسوتێ (دەسوتێم ــ دەسوتێین)	سوتا	سوتان

ئاشکرایە کە دروستکردنی کاری ئایینده لەو جۆرە کارانە ، بەهێنانی حەرفی موزارەعەت لەپێشەوە و گۆڕینی ئەلفەکە بە (ێ) و فڕێدانی نونی چاوگەکە و هاتنی راناوی لکاو پێکدێت •

تێبینی :

لە کەسی سـێیەمی تاکدا (ێ)ی کۆتـایی کارەکە (رانـاو) نییە و ئەلفەکەیە و بۆتە (ێ) • بون و نەبونی راناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك نە ئاییندەدا ، باسێکە لەمەوبەر لیژنــە لێی دواوە و ئەندامانی لەیەك باوەڕدا نەبون دەربارەی •

٣ ــ ئەو کارانەی کە کۆتاییان بە پاشگری (اندن) دێت ، لەوانیشدا دەستورێکی ئاشــکرا هەیە بۆ وەرگــرتنی ئاییندە وەك لــەم نمونانەدا دەردەکەوێت :

کاری ئاییندە	کاری رابوردو	چاوگ
دەڕژێنم	رژاندم	رژاندن
دەزیڕێنم	زیڕاندم	زیڕاندن
دەپسێنم	پساندم	پساندن
دەوەرێنم	وەراندم	وەراندن

لەمانەشــدا ئەلفــەکە دەبێــت بە (ێ) و ، (دن) لە چـاوگەکە

فرێ دەدرێت و راناوی لکاوی بە دوادا دێت ، هەڵبەت (دە) یا (ئە)یا (د)ی موزارەعەتی بە پێشدا دێت •

تێبینی :

بۆ کەسی سێیەمی تاك کە دەگوترێت (دەژژێنێ ، دەپسێنێ ••) بە نیسبەت ئەو (ێ)یەی وا بە کۆتایی کارەکەوە ، هەندێ کەس باوەڕی ئەوەیە کەرتی راناوی لکاو بێت و تەواوی کارەکە (دەژژێنێت ، دەزیڕێنێت) بێت • واتە (ێ) بە تەنیا بێت یا (ێت) بە راناوی دادەنێت و لەمانە کاك (نوری علی امین) باوەڕی وایە • بەڵام بەلای مامۆستا مەسعوودەوە (دەژژێنێ و دەژژێنێت و دەژژێنێتن) هەروەها هەمو کاری ئایندەی کەسی سێیەمی تاك راناویان نییە و ئەو زیادییەی لە کۆتایی کارەکەوە دێت زیادییەکی (تصریفی)یە و هەر جارە بە جۆرێك خۆ دەگۆڕێت بەگوێرەی مۆسیقای وشەی کارەکە ، وەك (دەکات ، دەچێت ، دەژێت) • ئەگەر ئەمانە راناو بونایە نەدەبو هەرجارە بە وێنەیەك خۆیان دیار بخەن ، جگە لەمە دەبوایە بۆ « اسناد »یش لە رستەدا پەیدا ببنەوە ، هەروەك دەگوترێت : « ئێمە جوانین ــ ئێوە جوانن » دەبوایە بگوترایە : « ئەو جوانێت » یاخوت « جوانات » وەیاخوت « جوانێت » چونکە لە کوردیدا راناوی لکاوی کاری ئایندە دەبێتەوە ئەداتی ئیسناد هەروەك راناوی لکاوی کاری تێپەڕ « ت ، م ، ی ، تان ، مان ، یان » دەبنە مضاف الیه (برام ، برات ، برای ــ برامان ، براتان ، برایان) •

٤ ــ ئەو کارانەی کە کۆتاییان بە (ی) دێت ، وەك لەم چاوگانەی خوارەوە دەردەکەوێت (فڕین ، ناڵین ، لەقین ، تەپین ، تەزین ، زانین ، تۆسین ، کۆشین ، گوشین ، کڕین) ئەویش دەستورێکی داڕشتنی ئاشکرای تێدا بەدی دەکرێت :

ئایینده	رابوردوو	چاوگ
ده (تەز) م	تەزیم	تەزین
ده (تاشـ) م	تاشیم	تاشین
ده (فڕ) م	فڕیم	فڕین

دروستکردنی موزاریعەکە بە فڕیدانی (ی)ی کۆتاییی و نوونی چاوگ و هاتنی ئیشارەتی موزارەعەت لەپێشەوە و ، ئەنجـا راناوی لکاو لەدواییدا دەبێت. لەو نموونانەی تائیستا هاتوونە بەرچاوی لیژنە ئیستیثنایەك پەیدا نەبوە، مەگەر لەتاکە کاری (ژین) بەولاوە کـه لە زاری سلێمانیدا (ی)کەی دەمێنێتەوە بەخیلافی قاعیدە . بەلای لیژنەوە ئەصلی کارەکە لە دەستوور لانادا بەلام لە زاری سلێمانیدا گۆڕانی بە سـەردا هاتووە و کردوویەتی بەشاز (ریزپەڕ) . ئەصلی کارەکە لە چـاوگی (ژیان)ەوە ، وەردەگیرێ ، ئەوسا دروستکردنی کاری موزاریع لەم چاوگە بەر قاعیدەی « أفعال المطاوعة » دەکەوێت ، بەو پێیە دەگوترێت :

ئایینده	رابوردوو	چاوگ
ده (سوتێـ) م	سوتام	سوتان
ده (ژیێـ)م	ژیام	ژیان

[روون کردنەوە : لێرە بەپێشەوە گوتوومە کەسی سێیەمی تاك لە رابردووی تێنەپەڕ و لە هەموو ئاییندەدا راناوی لکاوی نییە ، لەبەر ئەمە بەلای منەوە لەو فیعلانەدا وەك : (دەتەزێت ، دەتاشێت ، دەفڕێت ... هتاد) دووپیتی کۆتاییی کە (ێت)ە راناو نین بەلکو بەشێکی تصریفن وەك (دەتەزێتن ، دەفڕێتن) .

دەمڕاستی لیژنە]

ە ــ ئەوکارانەی کە کۆتاییان بە (ت)دێ ، سەرنجی لیژنەیان ڕاکێشا لەلانی ئەوەوە کە زوربەیان بەر دەستورێکی تـایبەتێ دەکەون بۆ دروست کردنی ئایندە لێیان ، لەپێشەوە لیــژنە ئیستیقرایەکی‌کرد لەو ماوەیەی کە بە دەستیەوە بۆ ، بۆ دۆزینەوەی ئەو جۆرە کارانە تاگەییشت بە ڕێك‌خستنی لیستەی خوارەوە :

« فرۆشتــــن ، کرۆشتن ، خستــــن ، کەوتن ، گرتــــن ، گەییشتن ، بیستن ، پاراستن ، هاویشتن ، بەستن ، خەوتن ، بزوتن ، ڕێستن ، گەستن (گەزتن) ، بێشتن (بێژتن) ، چێشتن (چەشتن) ، ڕێشتن (ڕشتن) ، ئەنگوتن، پەستن ، گلۆفتن ، ژنەوتن ، سرەوتن ، لێستن (لستن) ، خواستن ، ئەنگاوتن ، پالاوتن ، پەســـتاوتن ، قەلاشتن ، گواســـتن (گواستنەوە) ، شــــوشتن ، تۆستن ، ڕۆییشـــتن ، خســـتن ، گوتــــن ، هێشتن ، مـــاشتن ، داشـــتن ، ناشتن ، هاتن ، مشتن ، ئاخاوتن » •

لەم کارانەدا بە پێی دەست بژارێك کـــە لیژنە لێی کردن ــ ئەمانەی خوارەوە بەر دەستورێکی بێ تەگەرە دەکەوون :

« کرۆشتن ، فرۆشتن ، کوشتن ، کەوتن ، بزوتن ، بیستن ، بەســـتن ، قۆستنەوە ، خەوتــــن ، ڕێستن ، گەستن (گەزتن) ، بێشتــــن (بێژتن) ، چێشتن (چێژتن) ، مشتن (مژتن) ، ڕێشتن (ڕشتن) ، ئەنگوتن ، پەستن ، گلۆفتن ، ژنەوتن ، سرەوتن ، لێستن (لستن) » •

دروست کردنی کاری ئایندە لـــەو چاوگانە بەجۆرێکی گشتیێ بەم پێیە دەبێ :

لەپێشەوە حەرفی موزارەعەت ئەنجا قەدی کــار دێت و پیتی (ت)ی کۆتایێ کار و (ن) چاوگی دەقرتێن و دەبنە :

چاوگ	رابوردو	ئایینده
فرۆشتن	فرۆشتم	ده (فرۆش) م
که‌وتن	که‌وتم	ده (که‌و) م
بزوتن	بزوتم	ده (بزو) م
بیستن	بیستم	ده (بیس) م

هه‌ندیٚ تیٚبینیٚ هه‌یه وه‌ك ئه‌وه‌ی ئه‌و کارانه‌ی پیتی (ش)یان تیٚدایه ، له‌پێش پیتیٚ (ت)ه‌وه ، به‌زۆریٚ له موزاریعدا ده‌بن به (ژ) ، وه‌ك :

کوشتن	ده‌کوژم
کرۆشتن	ده‌کرۆژم
ناشتن	ده‌نێژم
بێشتن	ده‌بێژم

پیتی (ش) و پیتی (ژ) له‌یه‌کتری نزیکن ، ده‌شیٚ به‌یه‌کتری بگۆڕێنه‌وه • ئه‌و ئیحتماله‌ش هه‌یه له بنه‌ڕه‌تدا وشه‌کان «کوژتن» و «کرۆژتن» بوبن و پیتی « ژ » تیایاندا گۆڕابیٚ به « ش » چونکه پیتی « ژ » له‌گه‌ڵ پیتی « د » زیاتر ده‌گونجێت و پیتی « ش »ش له‌گه‌ڵ پیتی « ت » •

تیٚبینیٚ دوه‌م ئه‌وه‌یه وشه‌ی « به‌ستن » و « بیستن » وادەبێت موزاریعه‌که‌یان پیتی «ت»ه‌که‌یان ده‌مێنێت و ده‌گوترێت « ده‌به‌ستم و ده‌بیستم » واش ده‌بێت «ت»ه که ده‌فرتێت و به پێی ده‌ستور ده‌بنه « ده‌به‌سم و ده‌بیسم » •

وشه‌ی « گه‌ستن »یش له موزاریعدا «س»ه‌که‌ی ده‌بێته « ز » که ئه‌ویش له‌تلفظدا زۆر له‌ده‌نگی (س) نزیکه • ئیمکانیش هه‌یه وشه‌که له بنه‌ڕه‌تدا « گه‌زتن » بوبێت به‌لاٚم « ز »ه‌که گۆڕابێت به « س »

چونکە دەنگی (س) حەز لە دەنگی (ت) دەکات دەنگی (ز)یش حەز لە (د) دەکـــات •

ئەو چاوگانەی کە لە بـڕگەی یەکەم وەیا دوەمیاندا پیتـــی « ا »یان تێدایە ، وەك : « ناشـــتن ، پاراستن ، ئەنگاوتن ، پالاوتـــن ، پەستاوتن ، قەلاشتن ، گواستنەوە » دەستورێکی تایبەتییان هەیە هەمو تێیدا بەشدارن : لە موزاریعدا پیتی (ا)ەکە دەکرێت بە (ێ) و لەسەر قاعیدەی ئەسلی ، « تن »ەکە دەفرتێت و دەبنە « دەپارێزم ، دەئەنگێوم ، دەپالێوم ، دەپەستێوم ، دەقەلێشم ، دەگوێزمەوە » •

لە « خواستن و گواستنەوە »دا دیسان «س»ەکە دەبێتە «ز» ئەویش وەك ئەو (س)ەی لەمەوپێش لێی دواین • چاوگی « خواستنەوە » بەر ئەم دەستورە ناکەوێت و «ا»ەکەی ناگۆڕێت بە (ێ) •

[رون کردنەوە : لە زۆر لەهەجـەدا (گواستنـــەوە)ش هەر دەبێتـــە (دەگوازمـــەوە) وەك (دەخوازمـــەوە) • دەتـــوانم بلێـــم ئەم دو وشەیـــە دەنگەکەی (ا) تێیاندا دەکەوێتە ناو بڕگەی یەکەمەوە • وشەی (دەگوێزمەوە) لە کاری (گوێزانەوە) وە وەرگیراوە و چۆتە لەهجە ئاخاوتنەکانەوە•

دەمڕاستی لیژنە]

لە چوار چاوگی « هاتن ، ناشتن ، ماشتن ، داشتن » دوەکەی سەرەتا ، واتە « هاتن ، ناشتن » قاعیدە یەکیـــان هەیە کە دەبنە « دێم و دەنێژم » : پیتی «ا» لە هەردوکیاندا دەبێتە «ێ»و دو پیتی «تن»یش دەفرتێن ، ئەوەندە هەیە ئایندەی « هـــاتن » کورت کراوەتەوە لە « دەهێم »ەوە بوە بە (دێم)• ماشتن و داشتن دەبن بە « دەمالم و دەدێرم » کە هەردوکیان شازن • بەلام لە زاری کرمانجی سەرودا وشەی ماشتن پیتی «ل»ی تێدایەو «مالشتن»ە •

بەو پێیە موزاریعی ئەم وشەیە لە زاری سەرۆدا کەمتر لەئەسلی خـۆی دوور کەوتۆتەوە • ئایندەی « داشتن » کە دەبێتەوە « دەدێرم » دەگەڕێتەوە بۆ « دێران » ، ئەویش هەر بە واتای ئاودانە •

لە سێ چـاوگی «ڕۆیشـتن ، شۆشـتن ، تۆسـتن» ظـاهرەیەك دەردەکەوێت وەك دەستوور کە بریتییە لەوە هەمۆ پیتەکانی دوای پیتی «و» دەفرتێن و مضارعەکەیان دەبێتە «دەڕۆم ، دەشۆم ، دەتۆم»• ئەم قـاعیدەیە هەر بۆ ئەو جۆرە چاوگانە دەبێت کەپیتی «و» لەدوای یەکەم پیتی چاوگەکەوە بێت ، کـە کەوتە دواتر بەرقاعیدە ناکەوێت ، وەك « گلۆفتن ، کرۆشتن ، فرۆشتن » •

[ڕوون کردنەوە :

ئەو چاوگە تائیبیانەی وەك : پەستاوتن ، ئەنگاوتن ، گواستنەوە ••• کە لە بـڕگەی دوەمیاندا دەنگی ئەلف « ا » هەیە بەر هەمـان قاعیدەی کارەکانی وەك : ژماردن ، هەناردن ، سپاردن ، بواردن ، هەڵپەساردن ••• هەتاد دەکەون کە لەوانیشدا دەنـگەکەی ئەلف « ا » لە ئایندەدا دەبێتە « ێ » وەك : دەژمێرم ، دەهەنێرم ، دەسپێرم ، دەبوێرم ، هەڵدەپەسێرم • دیارە لەم کارانەدا کـە بڕگەی دوەمیان دەنگی ئەلفیان تێـدایە فەرق بەوە ناکرێ ئایا کارەکان دالین یاخود تائی •

دەمڕاستی لیژنە]

چی دەمێنێتەوە لە چاوگەکانی کـە خرانە لیستەی سەرەوە هەمۆیان شازن و قاعیدەی گشتی نایان گرێتەوە ، پێویستە چۆنەتی دروستکردنی مضارعیان تاك تاك لەبەر بکرێن •

٦ ــ ئەو چاوگانەی کە پیتی پێش (ن) چاوگیان پیتی (ا)یە ، لە هەمان کاتیشدا لە جۆری ڕوودان (مطاوعة ، وقوع)نین لــە موزاریعدا ئەلفەکەیان دەپەڕێت ، وەك :

چاوگ	رابوردوو	ئایینده
کێلان	کێلام	دەکێلم
وێران	وێرام	دەوێرم

لەو جــۆرە کارانە ســەڕەرای دوو کــاری پێشەوە لــێرە ئەمانەی خوارەوەشی دۆزیوەتەوە کە لەم بابەتەبن :

پێوان ، کێشان ، هەڵستان ، هێنان ، هەڵهێنجان ، کوتان ، پێچانەوە ، شێلان ، کۆشان •

لەم کارانــە تێبینیەك دەکرێت کە زۆربەیان لە جۆری تێپــەڕن ، وا پێدەچێت نزیکــی کاری تێنەپەڕ لــە ڕووی واتاوە لەگەڵ کــاری ڕوودان (مطاوعة) ، وای کردوە سەلیقەی کوردیی خۆ بپارێزێ لەوە کاری تێنەپەڕ بخاتە ژێر ئەو قاعیدەیە نەکا شوبهەی مطاوعەی لێبکرێت • بۆیە تەنها ئــەو کارە تێنەپەڕانەی کە بە ئاشکرایی خۆ لە مطاوعە جودا دەکەنەوە کەوتوونەتە بەر ئەم قاعیدەیە •

[ڕوون کردنەوە :

لە لیستەی سەرەوە تەنها دوو کاری (کۆشان و هەڵستان) تێنەپەڕن • کاری هەڵستان لە (هەڵوەستان)ەوە وەرگیراوە ، ئەسلەکەشی (وەستان)ە• کاری (وەستان) ئەگەر بە واتای (پەك کەوتن لە ڕۆیشتن) بێت ، دەکەوێتە بەر بەشی (مطاوع) و دەبێ لە ئایندەدا بگوترێ (دەوەستێم) •

جگه لەمانه ئەم کارانەش هەن که دەنگی ئەلف تێیاندا دەکەوێته پێش تونی چاوگ و نەك هەر (مطاوع) نین ، تێپەڕیشن :

پێکان ، بێژان ، نان ، هێلان ، دان ، دێران [بەواتای ئاودان ، لەئاییندەدا دەبێته دەدێرم] ، جێوان ، گێڕان ، گوێزانەوە • [بێ‌گومان هی‌تریش چنگ دەکەون] •

جگه له دوو کاری (نان ، دان) ئەوانی‌تر هەموویان دەستورین ، لە ئاییندەدا بەپێی دەستوری گشتیی دەبنه (دەپێکم ، دەبێژم ، دەهێلم ، دەدێرم، دەجێوم ، دەگێڕم ، دەگوێزمەوە) •

کاری نان که دەبێته (دەنێم) له بنەڕەتدا (نیان)ە ، ئەویش به پێی دەستور گۆڕاوه بۆ ئاینده • بەڵگەی (نیان) لەم دێڕه شیعرەی حاجی مەلا عەبدوڵلا که بۆ شێخ عومەری بیارەی هەناردوه دەردەکه وێت :

« له پاش بۆسیدەن و بۆییدەنی تام »
« نیامه سەر سەر و چاوم به ئیکرام »

کاری (دان) که دەبێته (دەدەم) دەبو ببێته (دەدم)• دیاره لەکۆندا رواڵەتێکی‌تری هەبوه ، که ئێره جێی لێکۆڵینەوەی نابێتەوه •

له هەمو کاران ریزپەڕتر کاری (مان)ە که لەواتادا (مطاوع)ە بەڵام لە تصریفدا وەك ئەو کارانه تصریف دەکرێ که (اندن)یان پێوەیه چونکه دەبێته (دەمێنم) وەك (دەچێنم) • له فارسیدا (ماندن)ە ، ئەگەر لەکوردیشدا وەها مابایەوه تصریفەکەی (دەمێنم)ی هەڵدەگرت •

[دەمڕاستی لیژنه]

٧ ــ لیژنه (٦) چاوگی دۆزییەوه که پیتی پێش تونی چاوگییەکەیان (و) بێت ، وەك (دروَن ، گروَن ، چوَن ، بوَن ، سوَن ، جوَن) •

درۆن و گــرۆن کە دەکەونە بەر یەك قاعیدە و لــە موزاریعدا نۆنی چاوگییان دەپــەڕێت • بەڵام دوٚ تێبینیــان تێدا بەدی دەکــرێت لە چاو چوارەکەی تریان :

تێبینیٚ یەکەم :

ئەوەیە هەردوٚکیان تێپەڕن (متعدین) •

تێبینیٚ دوەم :

ئەوەیە وەك چوارەکەی تر ، واوەکەیان نەکەوتۆتە دوای یەکەم پیتــی وشەکە ، کەواتە ئەم دوٚ کارەتاقانەیەی واویٚ دەستوٚرێکی تایبەتیٚ خۆیــان هەیە و مضارعەکەیان دەبێتــە (دەدرۆم ، دەگرۆم)• لە چــوار کارەکەیترا (چۆن و بۆن) واوەکەیان لە مضارعدا دەقرتێن و دەبنە (دەچــم ، دەبــم) • دەمێنێتەوە دوٚ کارەکەی (سۆن و جۆن) کە لە مضارعەکەیاندا واوەکەیــان ناقرتێت و لە رواڵەتدا بەرقاعیدەی (چــۆن) و (بۆن) ناکەون و دەبنە شاز (ریزپەڕ) • بەڵام سەرنج دەریدەخا ، ئەسڵەکەیان (ساوین) و (جاوین) بوە ، وە ئێستا لە هەندیٚ ناوچەی کوردستان هەر بەم جۆرە لەکار دێن • لە هەندیٚ جێگایتریش ئەلفەکەیان قرتاوە و بۆن بە (سوین) و (جوین)• کە حاڵ وابێت هەردوٚکیان بــەر قاعیدەی چاوگی یایی دەکەون و بۆنــەتە (دەساوم ، دەسۆم ـــ دەجاوم ، دەجۆم) و هیچ کامێکیان لە حەقیقەتدا شاز نین •

٨ ـــ ئــەو چاوگانەی کە حەرفی پێش نــۆنی چاوگییان (د)ەیە و زنجیرەی چاوگی کوردیٚ بەو کۆتاییٚ پیٚدێت [چونکە لە پێش نۆنی چاوگی یا (ا) یا (و) یا (ی) یا (ت) یا (د) دێــت] وە بریتین لەمــانەی خوارەوە (کردن ، بردن ، مردن ، شۆردن ، شردن ، خواردن ، بژاردن ، ژماردن ، بــواردن ، هاوردن ، سپاردن ، شاردن ، نــاردن ، هەڵکەندن ،

هەڵپەساردن ، راندن) بە سەرنج دەردەکەوێت کە تاقمێکیان بەر دەستوریی دەکەون ، ئەو تاقمەش ئەو چاوگانەن کە بە (اردن) کۆتاییان دێ بە ئیستثنای چاوگی (خواردن) چاوگەکان ئەمانەن :

(بژاردن ، ژماردن ، بواردن ، سپاردن ، شاردن ، هەناردن ، هەڵپەساردن) • تێکڕای ئەمانە بەر دەستوریی (اندن) دەکەون ، کە لە مضارعدا ئەلفەکەی دەبێت بە (یی) و دال و نونەکەی دەفرتێن ، ئیتر دەبنە : دەبژێرم ، دەژمێرم ، دەبوێرم ، دەسپێرم ، دەشێرمەوە ، هەڵدەپەسێرم ، دەهەنێرم [ئەمەی دواییان سواوە و بوە بە « ناردم ـ دەنێرم »]•

وەك گوتمان چاوگی (خواردن) کە موزاریعەکەی دەبێتە (دەخۆم) بێژۆکە دەبۆ بە پێی قاعیدە ببێتە (دەخوێرم) • لە هەندێ شێوە بەشێکی ئەم بنجەی ماوە و دەڵێن (دەخۆرم) هەربایی ئەوە لە دەستوری لاداوە کە ئەلفەکەی نەکردووە بە (یی) و پەڕاندوویەتی •

تێبینیەك لێرەدا دەکرێت ، ئەویش ئەوەیە لیژنە چاوگی (اندن)ی نەخستە ژێر قاعیدەی چاووگی دالی لەو رووەوە کە (اندن) تاکە صیغەی تێپەڕاندنە لێیدەوەشێتەوە بخرێتە بەر دەستورێکی تایبەتی ، دیاریشە (د)ی (اندن) ئەسلی نییە صیغەی (تێپەڕ) هێناویەتی • بەنیسبەت چاوگی (راندن) کە لە رواڵەتدا بە (اندن) کۆتایی دێت و دەبوایە مضارعەکەی ببوایە (دەڕێنم) کەچی (دەڕانم)ە ، بە لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ ، لە بەکارهێنانیشدا هەیە چاوگەکەی (رانین)ە ، کە مەصدەرێکی یایییە بە پێی قاعیدەی چاوگی یایی لە مضارعدا پێویستە (ین) بپەڕێت ، بەو پێیە (دەڕانم) لە دەستوری لانەداوە وەك دەناسم ، دەزانم •

شردن ، بردن ، مردن رواڵەتیان یەکێکە بەڵام وشەی (مردن) لە رۆی

ئەوەوە کە « لازم ــ تیٚنەپەڕ »ە دەبیٚت بە جودا قسەی لیٚبکریٚت (شردن و شۆردن) هەردۆکیان بەیەك واتان •

ئەو لەهجەیەی «شردن» بەکاردیٚنیٚت لە مضارعدا دەیکاتەوە «دەشۆم» بۆیە بەر قاعیدەی (شوشتن) دەکەویٚت و لیٚرە بەپیٚشەوە قسەی لیٚکراوە ، کەواتە ئەم لەهجەیە بەریٚکەوت وشـەی (شردن) لە وشەی (شۆردن)ەوە تیٚی کەوتوە بـەلاٚم وادیـارە بە تەواویٚ تیٚیـدا جیٚگر نەبوە کـە ئەسلی «شوشتن»ی لەبیربباتەوە بۆیە لە مضارعدا دەگەڕیٚتەوە •

(شۆردن) هەرچەند چ هاوڕیٚی وەك خۆی نییە بۆ خۆی بەر قاعیدەی وەرگرتنی مضارع دەکەویٚت لەو روەوە کە دەبیٚتە «دەشۆرم» و دۆ پیتی « د ، ن »ی لیٚ دەقرتیٚت •

[رۆن کردنەوە

بە پیٚی لیٚکدانەوەی خۆم کاری (دەشۆرم) لە کاری (شۆرین)ەوە وەرگیراوە کە ئەویش وەك هەمۆ کاریٚکی یائیٚ تصریف کراوە • بە نمۆنە (شۆرین ، گۆڕین ، کۆلین ، نۆڕیـــن ، دۆزینەوە ــ هەروەهاش نۆسین ، تاشین ، کڕین •••) سەرلەبەریان بە قرتـانی (ین)ی چاوگەکەیانە دەبنە (دەشـــۆرم ، دەگۆڕم ، دەکـــۆلم ، دەنۆڕم ، دەدۆزمـــەوە ــ دەنۆسم ، دەتاشم ، دەکڕم •••) ئیٚتر مضارعی شۆرینە بۆ شردن و شوردن دیٚتەوە •

دەمڕاستی لیژنە]

دۆ چاوگی « کردن ، بردن » هەردۆکیان لە مضارعدا یەك صیغەیان هەیە کە ئەویش مانەوەی تەنها پیتی یەکـــەمە و قرتانی هەمۆ پیتەکانیتر و هاتنی بزویٚنیٚکی لاوەکیٚ « ە »یە بە دوا ئەودا «دەکەم ، دەبەم» •

مردن که لازمه خۆی جوداکردۆتەوه له « کردن و بردن » له مضارعدا بەر قاعیدەی قرتانی « د ، ن » دەکەوێت و دەبێته «دەمرم»• له غەیری ئەم کارانه که خرانه ژێر قاعیده و باسیان لێکرا چەند فیعلێکیتر هەن وەك (ویستن) کـه مضارعەکەی له بەکارهێنانی ئێستادا دەبێتـه (دەمەویٚ) و بیژۆکه ، یاخۆت هەنـدیٚ کار کۆتاییان به ئەلف دێت و بـەر قـاعیدەی چاوگی ئەلفیٚ ناکەون یاخوت هەندیٚ کاریتر به ئیستیقرا معلوم دەکرێت که دارشتنێکی تایبەتیٚ خۆیان هەیه ، تێکرای ئەم کارانه بەجیٚ هێشتران بۆ لیٚکۆلینەوه له دوارۆژدا •

لیژنه له دارشـتنی (کاری ئایینده) بووەوه و به پێویسـتی نەزانی لەوه زیاتر درێژەی پیٚبدات ، ئەوەنده هەیه لیژنه لەو باوەڕەدایه که چۆنێتی دارشتنی کـاری ئاینده و ریزبەزەکانی و چـۆنه نـاو وردەکاریٚ ئـەو باسەوه فەرمانێکی یەکجار درێژه و خۆتەرخانکردنێکی تەواوی دەوێت ، لەبەر ئەوه چیتر لەسەر دارشتنی کاری ئاینده نەڕۆیشت بەلاّم دەبیٚ ئەم تیٚبینیه گرنگەی خوارەوه بخاته بەرچاو :

لەو دەستورانەی که باسکران بۆ دارشتنی کاری ئاینده به نیسـبەت کەسی سێیەمی تاکەوه چەند دەستورێکی تایبەتیٚ هەیه که له هی کەسەکانیتر جودا دەبنەوه •

دەدیترێت له هەمو کارەکانی ئاییندەدا بۆ کەسانی یەکەمی تاك و کۆ و دوەمی تاك و کۆ و سێیەمی کـۆ پیتی پێش (راناو) له کارەکەدا بۆ هەمـو کەسەکان یەك پیته ، وەك :

دەخۆم ــ دەخۆین
دەخۆیت ــ دەخۆن

دەخۆن

دەکەم ــ دەکەین
دەکەیت ــ دەکەن
دەکەن

دەفڕم ــ دەفڕین
دەفڕیت ــ دەفڕن
دەفڕن

بەڵام پیتی پێش ئەم ڕاناوانە لەکاری کەسی سێیەمی تاکدا بە ئەغڵەب دەگۆڕێت و لە هی کەسەکانیتر جودا دەبێتەوە و دەگوترێ :

دەخوات
دەکات
دەفڕێت

لیژنە بە ئیستیقرا گەیشتە دۆزینەوەی دەستور بۆ جۆری گۆڕانی ئەو پیتانەی کە گوتمان دەکەونە پێش ڕاناوی کەسەکانەوە :

دەستوری یەکەم :

هەمو ئەو چاوگانەی کە پێیان دەگوترێت چاوگی (ئەلفیی) تێپەڕ بن یا تێنەپەڕ بن ، تێنەپەڕی عادەتیی یا مطاوعە بن ، لە کاری ئایندەدا بۆ کەسی سێیەمی تاك ئەلفەکەی دەبێت بە (ێ) ، وەك :

خوسان	سوتان	رمان	(ئەمانە مطاوعەن)
هەڵستان			(ئەمە تێنەپەڕی عادەتییە)
کێلان	پێوان	شێلان	(ئەمانە تێپەڕن)

لەو چاوگانەدا صیغەی کەسی سێیەمی تـاك لە ئایندەدا ئەلفەکەیان دەبێتە (ێ)و دەگوترێت :

دەخوسێ
دەڕمێ
هەڵدەستێ
دەکێڵێ
دەپێوێ

دەستوری دوەم :

بۆ داڕشتنی صیغەی مضـارعی کەسی سێیەمی تاك لە چاوگی غەیر ئەلفی دەبێ سـەیری صیغەی مضارعی کەسەکانیتر بکـرێت ، لەوانەوە صیغەی کەسی سێیەمی تاك بدۆزرێتەوە • لێرە دەستورەکە دەبێت بە دوو بەشەوە :

١ ــ ئیستیقرا دەریدەخات کەوا لـەو کارە موزاریعانەی کە پیتی پێش راناوە کەسـییەکان (ۆ) یاخوت (ە) بێ ، بۆ کەسی سـێیەمی تاك ئەلفێك بە دوا واوەکەدا دێت و (ە)کەش بۆ خۆی دەبێتە (ا) • بۆ نموونە :

دەخۆم	دەخوا[1]
دەڕۆم	دەڕوا
دەکەم	دەکا
دەخەم	دەخا

(١) نوری علی امـین دەڵێت وەك لەمەوبەر ڕوونم کردۆتـەوە ، ئەگەر کاری ئایندە رەگەکـەی کۆتـایی بە پیتـە بزوێنی (ۆ ، ە) هـات وەك ئەو میسـالانەی سەرەوە لە صیغە کەسییەکانیتردا جگە لە صیغەی کەسی =

٢ ــ دیسانەوە ئیستیقرا دەریدەخات کە هەمو کارەکانیتر بۆ کەسی سێیەمی تاك کۆتاییان وەك چاوگە ئەلفییەکان بە (ێ) دێت ، وەك :

دەچم	دەچێ
دەمرم	دەمرێ
دەفڕم	دەفڕێ
دەبەستم	دەبەستێ
دەکەوم	دەکەوێ

ئەمانەی کە لێیدوایــن تایبەتی زاری کرمــانجی خــوارون ، بەلام تایبەتیەکانی زاری کرمانجی سەرو لەداڕشتنی صیغەی کەسی سێیەمی تــاك لەلایەن مامۆستا صادق بهاءالدینەوە ئامادەکراوە وەك لای خوارەوە :

=

سێیەم ، ئــەوا لە صیغەی کەســی ســێیەمدا لەبەر گرانی تلفظ پیتە بزوێنی (ۆ) دەبێت بە (و) ، وە پیتە بزوێنی (ە) دەبێت بە (ا) وە راناوی (ا) یا (ات) دەلکێنــرێت بەو کارە مضارعانەوە کــە کۆتاییان بە پیتە بزوێنی (ۆ) دێ ، وە هیچ یا (ت) دەلکێنرێت بەوانەی کۆتاییان بە (ە) دێت ، چونکە دو ڤاول زەحمەتە بگەنە یەك .

[ڕون کردنەوە :

کاری (خستن) لــە زۆر لەهجەدا (یەخســتن ، یێخســتن)ە . لە بەستەدا هەیە :

هــات کاروانی کــەرداران
یێخســتیان لــە بن داران
لــێدەن دەردی حــەلۆکێ

صیغەی ئاییندەشــی دەبێتــە (دەیەخێ ــ دەیێخێ) . لــەمەدا ئەم تەعلیلەی بە دوایەکتردا هاتنی دو بزوێن جێی نابێتەوە .

دەمڕاستی لیژنە]

١ ــ لە بەهدینان : (ت) وەکو (پاشگر) ئیزافە دەکرێ بەسەر بنـاغەی کار (فعل) : مان ــ دمینت ، کۆلان ــ دکۆلت ، کێلان ــ دکێلت ، رویشیان ــ دروشییێت ، هلدان ــ هلددت •

٢ ــ لە بۆتان : (ە) وەکو پاشگر ئیزافە دەکرێ بەسەر بناغەی کـار (فعل) : مان ــ دمینــە ، کۆلان ــ دکۆلە ؛ کێلان ــ دکێلـە رویشیان ــ درویشە ، هلدان ــ هلددە •

[ڕوون کردنەوە :

وا دەزانم باسەکە لە زاری کرمانجیی سەرووادا پتری بەبەرەوە هەیە •

دەمڕاستی لیژنە]

کاری فەرمان

١ ــ کاری فەرمان لە ڕووی داڕشتنەوە : هەتا ئێستا ئەو کتێبانەی کە بۆ ڕێزمانی کوردیی دانراون باسی کاری ئەمریان لەگەڵ کاتەکانی کاردا باس کردووە لەسەر شێوەی عەرەبیی ، جا ئێمەش پێش ئەوەی بێینە سەرباس کردنی پێویستە بڕیارێك بدەین دەربارەی ئەوەی ئایا هەر لەسەر شێوەی کۆن بڕۆین و لەتــەك کاتەکانی‌تردا باســی بکەین یا لەو کاتــانەی جودا بکەینەوە و بەتەنیا باسی بکەین ، یان بیخەینە پاڵ باسێکی‌تر ؟

مامۆستا سەعید صدقی لە لاپــەڕە (٣٦)ی مختصری صرف و نحوی کوردیی‌دا ، لە تەك فیعلدا و لەباسی کاتەکانی کاردا لێی دەدوێت و دەڵێت فعل چوار بەشە :

١ ــ فعل ماضی •

٢ ــ فعلی حال •
٣ ــ فعلی ئیستیقبال •
٤ ــ فعلی ئەمر •

وە بەم جۆرەش تەعریفی کاری ئەمر دەکات :

« فعلی ئەمر ــ فعلێــکە طلب کــردەوەیی وەیا طلب منع بــوٚن لە کردەوەیێکی پیٚ بکرێت » •

نوری علی امــین لە لاپەڕە (١٣٣)ی قواعدی زمانی کــوردیٚ ساڵی ١٩٥٨دا ، ئەویش لەتــەك زەمانەکانی کاردا باسی دەکاتو دەڵێــت کاری ئەمر :

« ئەو فرمانەیە کە داوای ڕوٚدانی کــردەوەیێکی پیٚئەکریٚ لە دوای ئاخاوتن یەکسەر ، وەك :

بنوٚسە　　　　بنوٚسن
بکرە　　　　بکرن

دکتۆر عبدالنعیم محمد حسنین ماموٚستای زمانی فارسی لە جامعەی عین‌شمس لە کتێبی (قــواعد اللغة الفارســیة)ی ١٩٧٠ ، ئەم کارە لەگەڵ زەمانەکانی کاردا باس ناکات (بەتایبەتیٚ ڕابوردوٚ)و بەجیــا لێی دەدوێت و دەڵێت کاری ئەمر و مضارع ــ ئیخباریٚ و ئیلزامیٚ ــ دعاء لە رەگی کــار (المادة الأصلیة) وەردەگرێت :

کردن　　　کن　　　بکن　　　می‌کنم

لە زمانی ئینگلیزیٚدا کاری ئەمر (imperative mood) بە تەنیا و دوا بە دوای کار باسی دەکات •

کوردۆییفیش لە کتێبی [گرامەتیکا زمــانیّ کوردی بۆنا درسخاتێدا (٥ــ٨)] لە لاپەڕە ١٣٥دا لەسەر کاری ئەمر ، دەڵێت :

« تەحریێ فــەرمانیّ (فعــل امر) • تــەحریێ فــەرمانیّ نیشــان دکە فەرمانکرنیّ ئەو کفش دکە کو یەك ئەمر دکە سەر ێ دنیّ » •

مامۆستا توفیق وەهبی لەلاپەڕە (٣٨) دەستوری زمانی کوردیی بەرگی دوەم دوا بە دوای مضارعی ئینشــائیی و پێش رابوردوی رۆتی ئیخبــاریی دەربارەی ئەمر دەڵێت :

« ئەداتی صیغە ئەخرێتە پێش رەگەوە ، وە بۆناوە پێوەتوساوەکــان ئەخرێتە دوای رەگەوە » ، وەك :

بکەوم	بکەوین
بکەوە	بکەون
بکەویّ	بکەون

دوا ئەم نماییشتە لیژنە هاتە سەر دەربڕینی قەناعەتی خۆی لە بارەی ئەو بەشەی ئاخاوتن کە تائیستا پێی گوتراوە (فعل امر ــ فرمانی داخوازیی ــ ئیمپەرەتیف (imperative) ــ تەحریێ فەرمانیّ ، یا هەر زاراوەیێکی‌تری بۆ بەکار هاتبێت) •

١ ــ لە رۆی زاراوەوە لیژنە لەو باوەڕەدایە کە سروشتی ئەم ئاخاوتنە لە بنەڕەتــدا سروشــتێکی ئەمــرییە بــۆیە وای پەســەند کرد کە زاراوەی (فەرمان)ی بۆ بەکاربێت • دیارە کوردیش لە کۆنەوە وشەی (فەرمۆن ، فەرمان)ی بۆ مەبەســتی (ئەمر) داهێنــاوە • وەك لە موناقەشــەی لێرە بەپێشەوە دەردەکەوێت (فەرمان) خۆی یەکێکە لەبەشەکانی (کار) بەو پێیە

زاراوەی تەواوی ئەم بەشە دەبێتە (کاری فەرمان) •

٢ ــ لە ڕوی ئیسپاتی (فعلیە)تی ئەم بەشەی ئاخاوتن ، لیژنە ئەم ڕاستییانەی تێدا دەست نیشان کرد :

أ ــ تەسریفی وەك هەمو کارێك بە هەمو کەسەکانیەوە لە هەمو وشەکاندا دیارە •

ب ــ کات بەشێکی واتای (کاری فەرمان)ە ، هەرچەند کاتەکە خۆی لەخۆیدا مەبەستی قسەکەریش نەبێت • سەرەڕای ئەمە شتێکی ئاشکرایە ، کە وا کاتەکە بۆ ئێستا و لەمەولایە نەك ڕابوردو •

ج ــ نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە کە لەپێش وشەکەوە دێت ، هەروەك کاری مضارع نیشانی تایبەتی خۆی هەیە •

هـ ــ ئاشکرا بونی (فعلیە)تی لەوە زیاتر دیار دەکەوێت کە واتاکەی بەر مفهومی ئینشائی دەکەوێت نەك ئیخباری •

تێبینی :

لەگەڵ ئەمەشدا کە لیژنە زاراوی (کاری فەرمان)ی هەڵبژارد بۆ ئەم بەشەی ئاخاوتن ، ئاگاداری ئەوەیە کە لە غەیری واتای (فەرمان) واتای تریش ڕادەگەیەنێت ، بە پێی جێگە و دەلالەتی هەڵوەست ، یا بە هۆی هێنانە ناوی ئامرازی تایبەتیەوە ، وەك :

پاڕانەوە ، داخوازی ، تکا ، تۆكلێکردن ، دۆعا بۆکردن ، هەتادە•• ئەم ڕاستییانەش وەها ڕادەگەیەنن کەوا (کاری فەرمان) دو جۆری لە یەکتر جودای هەیە :

جۆری یەکەم ــ فەرمانی صریح :

کە ئەمە تەنیا لەگەڵ کەســی دوەمدا بەکاردێت و صیغــەی تایبەتــی خۆیشی هەیە ، وەك :

بکە	بکەن
بڕۆ	بڕۆن
بژی	بژین
بنو	بنون

لەم صیغەیەدا راناوی کەسی دوەمی تاك دەرناکەوێت [بەڵام بە لای ــ نوری عــلی امین ــەوە لە کەسی دوەمــی تاکدا ئەو فەرمانانــەی کە کۆتاییــان بە (ە) دێــت وەك ــ بنوســە ، بکــڕە ، بگــرە ، بتــاشە ــ بزوێنەکەیان راناوە] •

جۆری دوەم ــ فەرمانی ناصریح :

ئەم صیغەیە بۆ هەمو کەسەکان بەکار دێت ، تەنانەت بۆ کەسی دوەمی تاك راناوەکەشی دێتەوە ، واتە لەم صیــغەیەدا راناوی کەسی دوەمی تاك حەزف ناکرێت ، وەك لە صیغەی فەرمانی صریحدا حەزفکرا ، بــۆ نمونە :

بڕۆیت	بڕۆن
بڕۆم	بڕۆین
بڕوات	بڕۆن

★ ★ ★

ببیستیت	ببیستن
ببیستم	ببیستین
ببیستێت	ببیستن

[ڕوون کردنەوە :

ئەگەر بسەلمێنین بزوێنی کۆتایی (بکە ، بدە ..) ڕاناوە دەبێ بڵێین لە وشەکانی (بکەیت ، بدەیت ..) دوو ڕاناو هەیە ...

دەمڕاستی لیژنە]

لیژنە لە دانانی زاراوەی فەرمانی ناصریح بۆ ئەم جۆرە صیغەیە تێبینی ئەم ڕاستییەی کرد ، کە وا بێگومان فەرمانی صریح لە بنەڕەتدا بۆ مخاطب (کەسی دوەم) دانراوە ، هەر هەمان ڕاستی هۆی ئەمە بوو کە دیتمان بۆ کەسی دوەمی تاك لە صیغەی فەرمانی صـــریحدا پێویست نەبــوو بەڕاناوی لکاو (مامۆستا مسعود ناوی ناوە ڕاناوی چالاك و دکتۆرە نەسرینیش پێی گوتووە ڕاناوی بزێو) کەچی لە ناصریحدا ڕاناوەکەی گەڕایەوە بۆ ناو کارەکە .

ئیستیقرا دەری دەخات کە داڕشتنی صیغەی فەرمانی ناصریح بۆ هەموو کەسەکان (بێ بیژۆك) بریتییە لەوە صیغەی مضارع ئیشارەتەکەی دەگۆڕێت بە ئیشارەتی ئەمرو بەس ، وەك :

دەخۆیت	بخۆیت
دەخۆن	بخۆن
دەخۆم	بخۆم
دەخۆین	بخۆین
دەخوات	بخوات
دەخۆن	بخۆن

بەنیسبەت صیغەی فەرمانی صریحەوە دەستورەکە بۆ کەسی دوەمی کۆ ناگۆڕێت بەڵام بۆ کەسی دوەمی تاك وادەبێت دەستورەکە بەردەوام دەبێت و

واش دەبێت دەگۆڕێت و دەبێتە ریزپەڕ :

دەستوری یەکەم :

ئەوکارە مضارعانەی پێش ڕاناوەکانیان کۆتاییان بە بزوێنی (ۆ ، وۆ ، ێ ، ە) دێت ڕاناوەکەیان دەقرتێت و دەبنە صیغەی فەرمانی صریح ، وەك :

دەخۆیت	بخۆ
دەتویت	بنو
دەسوتێیت	بسوتێ
دەکەیت	بکە

[ڕوون کردنەوە :

ئەو کارانەی کە لە مضارعدا پیتی پێش راناویان پیتی (ێ)ە وەك : (دەژێم ، دەژێن) ، لە فەرمانی صریحدا دەبێتەوە (بژێ) • بەڵام کاری وەك (دەنوسیت ، دەچیت) حەرفەکەی (ی) تێیاندا راناوی کەسی دوەمی تاکە ، لە کەسەکانیتردا بزر دەبێت وەك (دەنوسم ، دەچم ، دەنوسن ، دەچن ...) لەبۆیە کاری فەرمانی صریحیان دەبێتە (بنوسە ، بچو) •

دەمڕاستی لیژنە]

دەستوری دوەم :

لەغەیری ئەمکارانەدا ڕاناوەکە دەقرتێت و بزوێنی (ە) دەخرێتە کۆتایی کارەکەوە ، وەك :

دەکڕیت	بکڕە
دەگریت	بگرە

دەکێلیت	بکێلە
دەفڕیت	بفڕە
دەمریت	بمرە
دەخزیت	بخزە
دەخەویت	بخەوە
دەسوتێنیت	بسوتێنە

هەتا ئێستا لیژنە تاقە کارێکی دۆزیوەتەوە کە «بیژۆك» بێت و بەر ئەم دەستورە نەکەوێت ، ئەویش کاری (چون) ، کە بە پێی دەستور دەبوایە مضارعی (دەچیت) لە فەرمانی صریحدا ببێتە (بچە) ، کەچی لە زۆربەی زارەکانی کوردیدا واوی پێش تونی چاوگ دێتەوە ناو صیغەکەوە و دەگوترێت (بچو، بچۆ) • لە هەندێ لەهجەی کوردیشدا دەگۆڕێت بە (بچە) بە پێی قاعیدەی دوەم •

لەم صیغەی فەرمانی صریحەدا لیژنە سەرەنجی بۆ ئەوە ڕۆیی کەوا ڕەنگە لە بنەڕەتدا هەمو یا زۆربەی کارەکان بۆ کەسی دوەمی تاك کۆتاییان بە بزوێنی (ە) هاتبێت ، ئەم بزوێنە هەتا ئێستاش لە هەندێ لەهجەدا ئاوناو خۆی بە دیار دەخات لەگەلێ لەو کارانەی کە لە لەهجەی‌تردا دەرناکەوێ ، وەك ئەوەی کەدەگوترێت (بنوە) لە جیاتی (بنو) • لەزاری بۆتاندا وەك مامۆستاصادق بهاءالدین دەلێت (بخوە) دەگوترێت لە جیاتی (بخۆ) •

هاتنی حەرفی ئەمر لە سەرەتای فەرمانی کاری سادەدا شتێکی پێویستە، بەلام کە کارەکە لە سادەیی شۆرا ، دەشێت حەرفی ئەمر بمێنێتەوە و دەشێت بشقرتێت ، وەك :

هەلبگرە	هەلگرە

تێ بکۆشه	تێکۆشه
هەڵ بخەڵەتێم	هەڵخەڵەتێم
دابچلەکێین	داچلەکێین
سەربکەوه	سەرکەوه

تێبینی :

لەو زارانـەی کرمانجی ژێـرۆدا کە پاشـگری « وه » بە پێشـگر دێتە ناو کارەوه حەرفی « فەرمان » دەفرتێت ، وەك :

وەخۆ

وەدە

لێرەدا ئەم زارانە لەگەڵ زاری کرمانجی سەرۆ یەکدی دەگرنەوه • لە زاری کرمانجی سەرۆدا دروستکردنی فەرمان ــ صریح و ناصریح ــ وەکو زاری کرمانجی خواروه ، بەڵام کە :

(ڤە) وەکو پێشـگر بە کارەوه تۆسا یاخوت پێشـگرێك وەك (را ، دا ، هل ــ هەڵ ، رۆ •• هتد ••) ئەوسا پێشـگرەکە ، شوێنی (ب) دەگرێت ، وەك :

ڤەخارن	ڤەخۆ
ڤەروتن	ڤەروژە

هەروەها :

ڕادان	ڕادە
دادان	دادە
هەڵپەڕین	هەڵپەڕە

ڕۆکردن   ڕۆکە

هەروەها کاری (چۆن) لە کرمانجیدا بیژۆکە و فەرمانەکەی ئەمەیە :

هەڕە   هەڕن

هەڕێ   هەڕنێ

سرنج دەری دەخات کەوا لەگەڵ صیغەی فەرمانی ناصریحدا ، ئامرازێك بەکاردێت کە لەگەڵ هی صریحدا بەکارنایەت ئەویش ئامرازی (با) یە ، وەك دەگوترێت :

بابڕۆم   بابڕۆین

بابڕوا   بابڕۆن

بابڕۆیت   بابڕۆن

واش دەبێت ئەم ئامرازە شـــکلێکی لێکـــدراوی دەبێت بۆ صیغەی ناصریح بەکاردێت ، وەك :

دەبابڕۆین ـــ دەبابڕۆن ... هەتاد .

بەڵام کەرتی یەکەمی ئەم ئامرازە لێکدراوە (دە) هەر لەگەڵ ناصریحدا بەکار نایەت بەڵکو ئەوسا بۆ صیغەی صریحیش بەکار دێت ، وەکو :

دەبڕۆ ـــ دەبڕۆن

لە زرای کرمانجی سەرودا لە جیاتی (با) ئامرازی (بلا ، دا) بەکاردێت، وەك :

بلابچین ـــ بلابچن

دابچین ـــ دابچم

هەروەها لە جیاتی (دەبا) وشەی (دێدا) بەکاردێت ، وەك :

دێدا بڕۆین دێدا بڕۆم

تێبینی :

دەکرێت لە وەرامی فەرمانـدا کاری مضارع و کـاری رابوردوو بەکاربهێنرێت ، وەك کە یەکێك بلێ (بڕۆ ، دەبڕۆ) ئەو کەسەی فەرمانەکەی بەسەرداکراوە دەڵێ : وادەڕۆم یاخوت وا ڕۆییشتم • ئیتر بێ گومان دەربڕینی مەبەست بە صیغەی ماضی ، وەیا مضـارع هەرجارە بـە پێی جێگا واتای تایبەتی خۆی دەبێت ؛ وا دەبێت لە وەرامدا لـە جیـاتی « وازۆییشتم » لە هەندێ لەهجە و شوێندا دەگوترێت :

(ئەوا ڕۆییشتم ، ئەوە ڕۆییشتم) کە هەموویان بـە یـەك واتان • لـە کرمانجی سەرۆدا لە جیاتی (وا ، ئەوا ، ئەوە) وشـەی (ئەڤە) بەکاردێت ، وەك :

ئەڤە ئەزێ دێخۆم

ئەڤە ئەزێ دێ چم

لە کرمانجی سەرۆشدا وا دەبێت وەرامی فەرمـان بە صیغـەی ماضی دەبێت ، وەك : (ئەڤە ئەز ژی گەڕیام) لە وەرامی کەسێکدا کە پێی بڵێت (وازی لێبێنە) •

بەکارهێنانی کاری فەرمان بە پێی مەبەست

هەرچەند لە بنەڕەتدا ئەم صیغەیە بۆ فەرمانە بەلام بۆ گەلێ مەبەستی تریش بەکاردێت ، وا دیـارە لـە (زمان)دا صیغەیەك کە بـۆ مەبەستێکی

تایبەتی دادەنرێت بە پێی بەرەوژوور چوون و فرەوان بوونی فیکر و هۆش لە ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا ئەم صیغەیە مساحەی فرەوانتری پێ دەگیرێتەوە بۆ دەربڕینی واتای تازە داهاتوو • لەگەڵ ئەمەشدا خزمایەتییەك هەر دەمێنێت لە نێوانی واتای ئەصلی و واتاکانی تازەداهاتوودا •

لەم واتایانەی کە لە ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هاتوونەتە ناو صیغەی فەرمانەوە هەست بەوە دەکرێت کە لە ناو هەموویاندا جۆرێك (داخوازی) هەیە کە هەر خۆی مەبەستە لە فەرمان پێکردن •

بە دوا واتای ئەمردا ئەم واتایانەش لە صیغەی فەرمان دێنە بەر چاو :

١ ــ پاڕانەوە ، وەك (خوایە لێم خۆش بیت)

٢ ــ دۆعا ، وەك (سەرکەوتوو بیت)

٣ ــ تووك لێکردن (الدعاء بالشر) ، وەك :

ماڵت بشێوێت

خانەت وێران بێت

٤ ــ ئیزندان ، وەك (بڕۆ بۆ سینەما ، ئەمە پارە و نانی پێ بخۆ)

٥ ــ ئیزن خواستن ، وەك (ڕێم دەدەی بڕۆم • ئەرێ فلان کەس بنوێ)

نەهی کاری فەرمان (ئەمر) :

کاری فەرمان کە رواڵەتێکی ئیجابییە رواڵەتێکی سەلبیشی هەیە ، کە پێی دەڵێین (نەهی) • صیغەی نەهی سەرلەبەری وەك صیغەی « فەرمان » وایە لەو رووەوە کە ئەویش نەهی صریح و هی ناصریحی هەیە •

نەهی صریح :

ئەم صیغەیە ئەویش وەك فەرمانی صریح تەنها بۆ کەسی دووەمە :

١ ــ ئەداتەکەی تایبەتی خۆیەتی کە ئەداتی (مە)یە .

٢ ــ ڕاناوی کەسی دوەمی تاك تێیدا بە دیارناکەوێت ، بۆ نمونە :

بڕۆ	مەڕۆ
ببینە	مەبینە
بچن	مەچن

نەهی ناصریح :

لەم صیغەیەدا هەمو کەسەکان تێیدا وەك یەك بەشدارن ، ئامرازەکەشی (نە)یە ، بۆ نمونــە :

بڕۆم	نەڕۆم
بڕۆین	نەڕۆین
بڕوات	نەڕوات
بڕۆن	نەڕۆن
بڕۆیت	نەڕۆیت
بڕۆن	نەڕۆن

ئەم صیغەی نەهیــەش وەك فەرمان بە هــەردو شێوەی صــریح و ناصریحیەوە بە پێی جێگە بۆ مەبەستی جوداجودا بەکاردێت بەڵام کە واتای صیغەی ئەمر بۆ دوعا بو لە نەهیدا دەبێت بە (توکلیکردن) بە پێچەوانەش ، کە ئەمرەکە بۆ (توکلیکردن) بو ، نەهیەکەی دەبێتە دۆعا بۆکردن ، وەك :

سەرکەوێت	سەرنەکەوێت
بمرێت	نەمرێت

تێبینی (١) :

کاتێك ئـامرازی نـەفی دێتـە پێـش کـاری ئـایینده ئیشـارەتی مضارعەت تێدەچێت ، کە ئامرازی نەهیش دێتە سەر «فەرمان» ئیشارەتی ئەمر تێ دەچێت ، وەك :

دەڕوا	ناڕوا
بڕوا	نەڕوا

تێبینی (٢) :

بەڵام لە کوردیـدا جۆرێك نەفی و نەهی هەیە کـەوا زۆر لە واتای (nor) و (neither) نزیکـە ، ئیشـارەتەکەی لەگـەڵ هـی مضارع و ئەمردا کۆدەبێتەوە و تێیان نابا ، بۆ نمونە دەگوترێت :

نە دێ نە دەڕوا (بۆ نەفی)
نە بێت نە بڕوات (بۆ نەهی)

لە شێوەی کرمانجی سەروودا ، نەهی صریح و ناصریح ئەشێت بە ئامرازی (مە) و (نە) بێت ، وەك :

نەخۆ مەخۆ (بۆ صریح)
نەخۆی مەخۆی (بۆ ناصریح)

بەڵام لەناوچەی بادیناندا تەنیا ئیشارەی (نە) بەکاردێت ، وەك :
نەخۆ (بۆ صریح)
نەخۆی (بۆ ناصریح)

لە دوا ئەمە و لـە دوا لێکۆڵینەوە و وردبونـەوە و لێدوانێکی زۆر دوور و درێژ و هەڵسەنگاندنی تەعریفی « کار » ، لە لایەن ئەندامانی لیژنەوە

ئەم تەعریفەی خوارەوە بۆ « کاری فەرمان » پەسەندکرا :

« کاریفەرمان ئەو کارەیە داوای ڕوودانێك دەکات دوای ئاخاوتن » .

لیژنە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ئەو تەعریفەی پەسەندکرد :

١ ــ کە گوترا (ئەو کارەیە) هەمــوو تایبەتیەکانی کار وەك کات و صیغە دەگرێتەوە .

٢ ــ وشەی (داوا) بۆ فەرمان و دوعا و تووك لێکردن و ئاوات و خواستن و هەمــوو واتاکانیتری فەرمان کە لە پێشەوە لێی دوایــن دەست دەدات .

٣ ــ وشەی (ڕوودان) کاری تێنەپەڕ و تێپەڕ و مطاوعە دەگرێتەوە .

٤ ــ دەستەواژەی (دوای ئاخاوتن) جۆرێك لە جۆرەکانی ڕابوردووی ئینشائی کە ئەویش ئاواتی تێدایە لەم تەعریفە دەردەهاوێژێت ، صیغەکەشی ئەمەیە (بچوومایە ، بمکردایە) .

شەشەم ــ کار لە ڕووی فۆرمەوە :

کار لە ڕووی فۆرمەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە :

١ ــ کاری سادە .

٢ ــ کاری ناسادە .

١ ــ کاری سادە : ئەو کارەیە کە لەتاکە یــەك وشە پێــك هاتووە و ناشێت کەرت بکرێت ، وەك : خواردی ، نوست ، پسا ...

تێبینی :

آ ــ کاری سادە لە گەردانی جودا جودادا کە ڕواڵــەتی لــە سادەوە

بۆ ناساده دەڕوات لە ڕاستیدا هەر سادە دەمێنێتەوە ، دیارە هەمو کـارێك سادە بێت یا ناسادە شیاوی ئەوەی هەیە ببێت بــە ڕابوردو و ڕانەبوردو و ئەمر ، لە ڕابوردودا هەر جارەیان بۆ زەمانێك بەکاربێت و لە هەمو حالآنیشدا ڕاناویان بگۆڕێت ؛ تێکڕای ئەم گۆڕانە ڕواڵەتییە چ کارێکی نییــە بە سەر سادەیی و ناسادەییەوە • کار کە بۆ خۆی لە بنەڕەتدا یــەك وشــە بۆ با لە گەردانیشدا زیادەی بێتە سەر هەر بە سادەیی دەمێنێتەوە بۆ نمونە :

کاری (هات) لە تاکە وشەی (هاتن)ەوە وەرگیراوە ، کارێکی سادەیە ، لەوەوە «هــاتم ، نەهاتم ، هاتبام ، هاتبێتم ، دەهــاتین» هەمویان ســادەن •

ب ــ لە کوردیدا صیغەیەك هەیە دوبارە کردنەوەی «کار» ڕادەگەیەنێت بێ ئەوەی واتای بگۆڕێت وەك « هات ــ هاتەوە » • ئەم زیادییەی بە دوا کارەکەدا دێت و واتای ناگۆڕێت ، نابێتــە هۆی ئەوە کارەکە لە سادەیی بشۆڕێت • لە کرمانجی سەرودا ئەم ئامرازەی کۆتــایی کــار لە پێشەوەی کارەوە دێت ؛ بەڵام هەمیشە واتای تازە پێك دێنێت نــەك دوبارە کردنەوە دەبەخشێت ، ئەگەر هاتو دوبارەکردنەوە ببەخشێت دەبێت لەوێشدا بکەوێتە دواوە ، وەك :

زڤڕی ــ زڤڕیڤە

٢ ــ کاری ناسادە : ئەو کارەیە کە لەکارێك و زیادییەك پەیدا بوبێت ، وەك :

هەڵ کەوتن
دەست گرتن
سەر بڕین
چاو پۆشین

ئیستقرا دەری دەخات لە کوردیدا کاری ناسادە سێ جۆری هەیە :

یەکەم ــ ئەو جۆرەیە کە زیادییەکەی وشەیەکی واتاداربێت ، وەك :

(سەربڕین ، دەستگرتن) لـەم کارانـەدا کۆبونـەوەی کارەکە و وشەواتادارەکە واتایەکی تازە پێك دێنێت کە هیچ کامیان بە تەنیا نایبەخشن. لیژنە زاراوەی « لێکدراو »ی پەسەند کرد بۆ ئەم کارانە .

دوەم ــ ئەم جۆرەیە کە زیادییەکەی پێشگر ، وەیا پاشگربێت . لەمەدا زیادییەکە واتای سەربەخۆی نییە ، بەڵام واتای کارەکە دەگۆڕێت ، وەك : هەڵگرتن ، دابەزین ، کردنەوە .

لیژنە زاراوەی «داڕژاو = دروستکراو»ی بۆ ئەم کارانە پەسەندکرد .

سێیەم ــ ئەو جۆرەیە کە زیادییەکەی وشەی واتادار و پێشگر وەیا پاشگربێت ، وەك : دەست لێ هەڵگرتن ، پێ‌لێ‌هەڵبڕین ، دەستکردنەوە ، سەر هەڵدانەوە .

لیژنە زاراوی « ئاوێتە »ی بۆ ئـەم کارانە پەسـەندکرد . لەمەوپێش زاراوی « تێکەڵ » بەکار هاتوە بەڵام «ئاوێتە» وشەیێکی سادە و لەبارترە .

لیژنە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەیدا بۆ ئەمە چو بـو کـە کاری ناسادە بکرێت بە دو بە شـەوە :

١ ــ لێکدراو

٢ ــ داڕژاو

بۆ هەریەك لەم بەشانەش تەعریف و نمونەی پێویستی هێنابوەوە بەڵام دوای چاو پێداخشاندنەوە و وتووێژی نێوان ئەندامان دابەش کردنەکەی دواتری (١ ــ لێکدراو ٢ ــ داڕژاو ٣ ــ ئاوێتە)ی پەسەندکرد .

تێبینی (۱)

کاری داڕژاو (دروست کراو) وادەبێت لــە تەنها پێشگرێك و کار ، وەیا پاشگرێك و کار ، وەیا کار و پێشگرێك زیاتر ، وەیا لە کار و پێشگر و پاشگر پێك دێت ، نموونە :

هەڵگرتن ،	دابەزین	(کار و پێشگــرێك)
گرتنەوە ،	خواردنەوە	(کار و پاشگرێك)
تێهەڵکێشان ،	پێڕاگەیشتن	(کار و دوو پێشگر)
هەڵدانەوە ،	دادانەوە ،	(کار و پێشگر و پاشگر)

تێبینی (۲)

هەرچەند پێویستە مەبەست لە پێشگر و پاشگر ڕوون بکرێتەوە ، بۆئەوە لەم باسەی کاری ناسادەدا خوێنەری ئەم ڕێزمانە سەری لێ نەشێوێت بەڵام پێویستی نەپچڕانەوەی زنجیرەی باسی کار ئەم ڕوون کردنەوەیەی وەخراند بۆ کاتێکی تر •

تێبینی (۳)

لە گەردانی کاری ناسادەدا ئیشارەی مضارعەت (دە) بەسەر کارەکەوە دەمێنێتەوە و جێ گۆرکێ ناکات ، نموونە :

هەڵدەستم ، تێ هەڵدەچم ، دەست بەســەردا دەگرم

بەڵام لــە شێوەی کرمانجی سەروودا لــە صیغەی ئایندە (مستقبل) ئیشارەی مضارعەت دەچێتە بەرایی پێشگرەکەوە ، وەك :

دێ ڕابم
دێ هەڵگرم

تێبینیێ (٤)

گەردانی کاری ناسادە کە بکرێتە کاری نادیار (مبنی للمجهول) تەنها دەخلی بەسەر کارەکەوە هەیە ، زیادێ و پێشگر و پاشگر لە کارەکەدا ، وەك خۆیان دەمێننەوە ، نموونە :

کردن	کرا	هەلکرا	هەڵ دەکرێت	هەڵ دەکرێتەوە
گرتن	گیرا	داگیرا	دادەگیرێت	دادەگیرێتەوە

تێبینیێ (٥)

بۆ نەفی و نەهی ، ئەداتی نەفی بێت یا نەهی بیت دەکەوێتە پێش کارەکەوە ، وەك :

هەڵمەگرە	هەڵنەگریت	هەڵناگرن
تێ هەڵ مەچۆ	تێ هەڵ نەچیت	تێ هەڵ ناچین

لە کرمانجیێ سەرۆدا هەرچەند غالب ئەوەیە کە ئەداتەکان ڕاستەوخۆ بکەونە پێش کارەکەوە ، بەلام دەشێت جێ بگۆڕن و بچنە پێش پێشگرەکانەوە ، وەك :

رانەبە	نەڕابە
رانابت	ناڕابت

لەبەر ئەوەی کە بەشێ لە کاری ناسادە بەیاریدەی پێشگر و پاشگر پێك دێن ، لیژنە وای بە باش زانی لەو پێشگر و پاشگرانە بدوێت کە پەیوەندییان بە کارەوە هەیە .

پێشگر و پاشگری کار

پێشگر :

١ ــ هەڵ (هل) : هەلچوون ، هەلبڕین ، هەڵدان : ئەم پێشگرە

بە گشتی بۆ بزووتنەوەی سەرەوژوور بەکاردێت ، بەڵام ناونا وە بۆ مەبەستیتریش بەکار دێت ، وەك : هەڵڕشتن ، هەڵگلۆفتن .

٢ ـ (دا) : دابوون ، داگرتن ، دابەزین ، دادڕین . ئەم پێشگرە بەگشتی بۆ بزووتنەوەی بەرەوخوار بەکاردێت بە پێچەوانەی (هەڵ) ، بەڵام واش دەبێت بۆ مەبەستیتر بەکاردێت ، وەك : داچلەکین ، داڕزین ، دابڕین .

٣ ـ (ڕا) : ڕاگرتن ، ڕاپەڕین ، ڕاخستن ، ڕامالین . ئەم پێشگرە بە گشتی بۆ بزووتنەوەی ئاسۆیی (افقی) بەکاردێت ، واش دەبێت بۆ مەبەستیتر دێتە پێش کارەوە ، وەك :

ڕاچلەکین ، ڕاهاتن ، ڕازاندنەوە .

٤ ـ (تێ) : تێکەوتن ، تێهاویشتن ، تێکردن . ئەم پێشگرە بە گشتی بزووتنەوەی بەرەو ناوەوە پیشان دەدات ، واش دەبێت بۆ مەبەستیتر بەکاردێت ، وەك :

تێهەڵسوون ، تێپەڕین ، تێدان .

٥ ـ (پێ) : پێکەنین ، پێکردن ، پێبوون ، پێچوون (خاياندن) . ئەم پێشگرە بۆ گەلێ مەبەست بەکاردێت ، وەك دیارخستنی هۆی ڕوودان ، وەیا گۆڕانی حاڵ (پێگەییشتن) .

٦ ـ (لێ ـ ژێ) : لێدان (عودلێدان) ، لیهاتن (تا لێهاتن) ، لێبوونەوە ، لێکردن . ئەم پێشگرە بۆ گەلێ مەبەست بەکاردێت ، وەك لە وێنەکاندا دیارە .

٧ ـ (وەر) : وەرکەوتن ، وەرچەرخان ، تێوەردان ... ئەم پێشگرە بزووتنەوەیەکی قەوسی دائیرێ تێدایە واش دەبێت بۆ واتایتر بەکاردێت ،

وەك : وەرگرتن •

٨ ــ (ڤە ــ وە) : ئەم پێشگرە لە شێوەی کرمانجی سەرووا بە گشتی ، وە لە هەندێ شێوەی کرمانجی خوارووشدا بۆ مەبەستی داهێنانی واتای تازە بەکاردێت ، وەك :

کوشتن	ڤەکوشتن
خارن	ڤەخارن

لە کرمانجی خوارووا دەگوترێت «دەرگەکە وەکە» بەواتـــای بکەوە ، هەروەها دەگوترێت (وەخۆ) بە واتای بخۆوە •

لە کرمانجی سەرووا ئەم پێشـگرە لـــە ڕابوردوو و ئایندە و فەرماندا بەکاردێت ، بـــەلام لە کرمانجی خـــوارووا تەنها لە رابـــوردوو و فەرماندا دەدیترێت ، لە ئاییندەدا دەبێتەوە پاشـگر وەك هەموو شێوەکانیتری کرمانجی خوارو ، نموونەش :

(١)

دەرگەکەم وەکرد
دەرگەکە وەکە
دەرگەکە دەکەمەوە

(٢)

ئاوەکەم وەخوارد
ئاوەکەی وەخۆ
ئاوەکەی دەخۆمەوە

٩ ــ لە کرمانجی سەرووا پێشـگری (ڤێ) هەیە ، وەك :
ڤێدان ، ڤێچوون

لە هەندێ شێوەی کرمانجیٛ خوارۆدا (بەتایبەتیٛ لە نێوان خێڵەکاندا) ئەم « ڤیٛ »یە دەبێتە « ویٛ » ، وەك :

ویٛدان ویٛکەوتن

١٠ـ لە کوردیدا هەندێ کار زیادییـەکی تێکەڵیان بە پێشدا دێت ، وەك : پێك کەوتن ، لێك بۆنەوە ، تێك سمڕان • ئەم زیادییانە لەحاڵێکدا واتای کارەکە بگۆڕن ، وەیاخود لێی زیاد بکەن بە پێی دەستوری پێشگر دەبێت پێیان بگوترێت پێشگری « دارژاو » •

چەند نمونەیەکیٛتر لە پێشگری ئاوێتە (دارژاو) :

پێوەدان تێوەچوٛن تێوەگلان (تورط)

١١ـ لە کوردیدا کۆمەڵێك وشە هەن دێنە پێش کارەوە واتای تازە پێك دێنن ، وەیـا واتای کۆن دەگـۆڕن ، وەیا لێی زیاد دەکـەن ، وەك : (سەرکەوتن ، سەردان ، بەرکەوتن ، ژێرکەوتن ، دەرکەوتن ، دەرخستن ، لادان •••) •

هەندێ زمانەوانی کورد ئەمانە بە پێشگر دادەنێن ، واتە لە مەعنای ئەصڵییان دەردەبەن و وەك پێشـگری (هەڵ ، دا)یان حیساب دەکەن کە واتای خۆیان دۆڕاندبێت • بە لای هەندێ زمانەوانانیٛتری کوردییەوە ئەم وشانە پێشگر نین و وشـەی واتادارن (ناو بن یا ئاوەڵکار بن) بەو پێیە هاتنیان لە پێش کارەوە کاری (لێکدراو) پێكدێنن ، نەك کاری (دارژاو) •

پاشـگر :

لێرنە لەتەواوکردنی باسی (پێشگر) هاتە سەر دوان لە (پاشگر)ی کار • بە ئیستیقرا دەردەکەوێت لە هەندێ شێوەکانی زمانی کوردیدا پاشگرێکی

بێ دەمەتەقە هەیە کە ئەویش پاشگری (ەوە) یاخود (وە)یە •

تێبینی :

بەلای د• نەسرین فەخری‌یەوە ئەم پاشگرە تەنها شێوەی (وە ، ڤە)یە نەك (ەوە)یە ، بە بەڵگەی ئەمە لە شـێوەی ژۆرۆدا کاتێك دەبێتە پێشـگر (وە) بەکاردێت ، وەك :

ڤەخارن   ڤەخارنەڤە

ئەم بزوێنەی (ە) پەیوەندییە بۆ لکانـدنی پاشگری (وە) بە پیتە کۆنسۆنانتی پێش خۆیەوە •

بەڵام ڕای مامۆستا مەسعود ئەوەیە ، چ مانعێك نییە لەوەدا بگوترێت پێشگرەکە تێکڕای (ەوە)یە چونکە لە هەمۆ ئەو میسالانەدا کە بۆ کار دێنەوە ئەم بزوێنەی پێشەوە (ە) دەدیترێت ، تەنانەت وا دەبێت کە پیتە بزوێن دەبێتە کۆتایی کار پیتێکی کۆنسۆنانت دێت و ئەم بزوێنە دەپارێزێت ، وەك :

هاتومەتەوە (کە لێرەدا ــ ت ــ هاتو بزوێنەکەی پاراست)

لە گەلێك شێوە ئاخاوتندا دەگوترێ (گەڕایەوە ، کوژایەوە ••) کە لەو شوێنانەدا پیتێـکی (ی) پەیوەنـدیی وەك (نون الوقـایە) دێت و بزوێنەکەی سەرەتای (ەوە) دەپارێزێت • نالی دەڵێ :

لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ
ناوی کـە پڕ خەڵـۆزە بە شـەبنم کوژایـەوە

شاعیرێکی‌تر دەڵێ :

« شۆڕشی مەجنۆن لە نالەی کۆهکەن فامایەوە »

بێ گومان لەو شێوانەدا ، کە دەبێتە پێشگر ئیمکان نییە بزوێنەکەی پێشەوە (ە) خۆ بە دەربخات ، کە ئەمە بەدیهییەکە و کوتانەوەی لزوم نییە •

قسەی مامۆستا مەسعود محەمەد تەواو بوو •

ئەم پاشگرە لە کوردیدا بۆ گەلێ مەبەست بەکاردێت وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت :

١ ــ کردن ــ کردنەوە (فتح) •

لێرەدا پاشگرەکە واتایەکی تازەی پێکهێنا •

٢ ــ خواردن ــ خواردنەوە •

لێرەدا جوداوازیی خستە نێوان مفهومی کۆن و تازە •

٣ ــ ڕازانەوە

حەسانەوە

کڕوزانەوە

پاڕانەوە

لەم نموونانەدا پاشگرەکە دەورێکی بنجیی هەیە لە پێك هێنانی سەرلەبەری واتادا لەو ڕووەوە کە ئەگەر لابردرێت واتا نامێنێت •

٤ ــ هاتن ــ هاتنەوە •

لێرەدا دووبارە کردنەوە ڕادەگەیەنێت ، هەرچەندە لەپێشەوە گوترا کە لەم حاڵەدا کارەکە لە سادەیی ناکەوێت بەڵام دیسانەوە ئاشکرایە کە پاشگرێك بە کۆتایی کارەکەوە هەیە •

تێبینی (١)

وا دەبێت ئەم پاشگرە دوو واتای سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت ، وەك (چوونەوە) :

لەوانەیە بە واتای دووبارەکردنەوە بێت یاخوت رەوانەوەی رەنگ بێت ؛ هەروەها : بردنەوە ، کردنەوە ...

ئەم پاشگرە شێوەی بەکارهێنانیتریشی هەیە کەوا بۆ سەرنجگرتن و لێکدانەوە دەردەکەوێت . لەم رووەوە خوێندنەوەی وتارەکەی (د. نەسرین فەخری) لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد یارمەتیی خوێنەر دەدات .

تێبینیی (٢)

لە کرمانجیی سەرووشدا هاتنی پێشگری (وە) ئەم دەورە دەبینێت کە وەك پاشگر لە کرمانجیی خوارووشدا دەیبینێت تەنها دووبارەکردنەوە نەبێت ، کە لەوێشدا هەر بە پاشگریی دەمێنێتەوە .

٥ ـ لەو زیادییانەی کە بـە دوا کاردا دێن ، زیادیی (اندن)ە . ئەم زیادییە چ پێی بگوترێت (پاشگر) چ پێی بگوتـرێت (أداة = ئامراز) ، وەیا زیادیی تصریفی چەند دەورێك لە کاری کوردیدا دەبینێت . سروشتێکی تایبەتیشی هەیە کە جودای دەکاتەوە لە پاشگریتر ئەویش ئەمەیە کەوا تێکەڵ بە تکوینی کار دەبێت ، وە لە تصریفدا (لە ماضییەوە بۆ مضارع) شکلی دەگۆڕێت . لەم نمـوونانە جۆری کارکردنی (اندن) لە کـاری کوردیدا بە دەردەکەوێت :

١ ـ فڕین	فڕاندن (هەڵفڕاندن)
کەوتن	کەواندن
خەوتن	خەواندن

لێرەدا کاری تێنەپەڕی گۆڕیوە بە تێپەڕ .

٢ ــ پڕمە	پڕماندن
زیڕە	زیڕاندن
حیلە	حیلاندن

لێرەدا « اندن » کاری تێنەپەڕی دروست کردوە لە دەنگی سروشتی ، لە کرمانجی سەرودا ئەم تەرزەکارە لە دەنگدا بە هۆی « اندن »ەوە دروست نابێت •

٣ ــ برژا	برژاندی
سوتا	سوتاندی
پسا	پساندی
ڕژا	ڕژاندی

ئەم کارانە کە کاری (ڕودان ــ مطـاوعە)ن کۆتاییشیان بە بزوێنی (ا) هاتووە لە حالێکدا کە (اندن)یان دەچێتە سەر و دەیانکات بە تێپەڕ ، بە ناچاری یەکێك لە دو (ا) یەکە دەفرتێت •

حەوتەم ــ ئەو واژانەی کە لە « کار » وەردەگیرێن :

بە پێی ئیستیقرایەك کە لیژنە لە زمانی کوردیدا کردویەتی ئەو واژانەی کە لە « کار » وەردەگیرێن بۆ دەربڕینی مەبەستی جۆرجۆری ئاخاوتن ، ئەمانەن :

١ ــ ناوی کارا (اسم الفاعل)
٢ ــ ناوی بەرکار (اسم المفعول)
٣ ــ ناوی چاوگ (اسم المصدر)
٤ ــ ناوی جێگا (اسم المکان)

٥ ــ ناوی ئامێر (اسم الآلة)
٦ ــ ناوی ناسادە (الاسم المرکب)

ئەوا لیژنە یەکە یەکە لێیان دەدوێت :

١ ــ ناوی کارا (اسم الفاعل)

آ ــ داڕشتنی لەکاری تێنەپەڕ :

لەم نموونانەی خوارەوە جۆری داڕشتنی ناوی کارا لە کاری تێنەپەڕ بەدەردەکەوێت :

تۆست	تۆستو
مرد	مردوو
رزی	رزیو
خوسا	خوساو
چوو	چوو

وەك دەردەکەوێت داڕشتنی « ناوی کارا » لە کاری تێنەپەڕ بە هۆی هاتنی (و)ەوە دەبێت بــۆ کۆتایی کارەکە ، بەڵام بە پێی جێــگا وادەبێت واوەکە بە شــێوەی بزوێن دێت ، وەك (مردوو) ، واش‌دەبێت بە شێوەی کۆنسونانت دێت ، وەك (خوساو) ، دیارە کە واوەکە بە دوا پیتی کۆنسوناتدا هات بۆ خۆی دەبێتە بزوێن ، بە پێچەوانە کــە بە دوا بزوێندا هات دەبێتە کۆنسونانت . هەروەها کە بە دوا (و)دا هات ئیمکان نامێنێ بۆ خۆی تەلەفوز بکرێت لەبەر ئەمە دەنگەکەی دەرنــاکەوێت وەك « چوو ، بوو ... » . ئەم وشانە لەبەکارهێناندا دەشێ ببنە ئاوەڵناوی کارا (الصفة الفاعلیة) ، وەك :

پیاوی تۆستو
ترێی ڕزیو

هەروەها ئــەم صیغەیە لە پێك هێنانی « ڕابوردوی نزیــك = ماضی قریب »یش بەکاردێت ، وەك :

من نوستــوم

ئێمە دەمێکە وەستاوین

بەڵام لە شێوەی کرمانجی سەروودا داڕشتنی « ناوی کارا » بەم جۆرە دەبێت :

١ ــ ئەگەر کۆتایی کارەکە پیتــی کۆنسنانت بێ ، وەك : « هات ، مر ... » بە هــۆی هاتنی « ی » ناوی « کارا » پەیــدا دەبێت « هاتی ، مری » .

٢ ــ ئەگەر کۆتایی کارەکە بزوێنی « ا ، و » بێ ، وەك « خویسا ، چوو » بە هۆی هاتنی (یی)ەوە ناوی کارا پەیدا دەبێت « خویسایی ، چوویی » بەڵام دەشێت بە دوا « ا »دا هەر یەك « ی » بێت ، وەك « خویسای » .

٣ ــ کە هاتو کۆتایی (ی) بێ ، وەك (ڕزی) بۆ دروستکردنی ناوی کارا نیشانەی (ای) دێت ، وەك (ڕزیای) . بەڵام دەشێت وشەکە وەك خۆی بمێنێتەوە و بووترێت (ڕزی) . لەم حاڵەدا دیــارە زیــادیی (ی)ەکە ، تێ چووە لەبەر (ی) ئەصلی وشەکە .

تێبینی :

لە جغزێکی تەســکدا جۆرێکی‌تری داڕشتنی نــاوی کارا لە کاری تێنەپەڕدا دێتەبــەرچاو ، لە کتێبەکەی سەعید صدقی لاپــەڕە (٢٠)دا دوو نموونە هاتووە (بووە ، چووە) کە ناوی کارابن لە (چوون و بوون) . ئەم داڕشتنە بزوێنی (ە) دێنێتە کۆتایی کارەکــەوە لەجیاتی (و) . وەك ئــەم

چەند وشەیە ، وشەی « لێکەوتە ، تێکەوتە ، هەڵاتە ، مردە » ئەویش هەر جۆرێکە لە ناوی (کارا) کەوا بە هۆی هاتنی بزوێنی (ە)وە بۆ کۆتایی کار پەیدا بووە •

داڕشتنی ناوی کارا لە کاری تێنەپەڕ دەستوورەکەی ناگۆڕێت ئەگەر هاتو کارەکە (سادە) نەبێ ، وەك :

دامردوو
هەڵستاو
دەرپەڕیو
تێ هەڵکشیو

دیارە کاری تێنەپەڕ هەر بە شێوەی داڕژاو (دروستکراو) دەبێتە (ناسادە) ، ئیمکان نییە وشەی واتادار لەپێشەوە بێت و بیکا بە لێکدراو ؛ لەگەڵ ئەمەشدا تەرکیبێکی وەسفی هەیە لە وشەی واتادار و کاری تێنەپەڕ پێك دێت کە پێی ناگوترێت (ناوی کارا) و واتای ناوی کارای تێدا نییە وەك « کۆستکەوتوو ، کوڕمردوو ، سكسووتاو » ئـەم وشە لێکدراوانە ، ئاوەڵناوی کارای لێکدراون •

[ڕوون کردنەوە :

دەشێ بگوترێ لە کاری وەك (سەرکەوتن ، لاکەوتن)دا وشەکانی (سەر ، لا) لە واتـای بنجی خۆیانەوە بەرەو (ظرفیة) ڕۆیشتـوون ، کە مەعلوومە (ظرف) واتای مادییەتی خۆی دەدۆڕێنێت ، بۆیە هاتوونە پێش کاری (کەوتن) کە کارێکی تێنەپەڕە •

دەمڕاستی لیژنە]

لە کوردیدا چەند صیغەیەك هەیە وەك (ناوی کارا) لە کاری تێ نەپەڕ وەردەگیرێت ، بەلاّم لایەنی وەسفیەتیان زیاتر تێدایە ، لەبەر ئەوە دەشێت پێیان بوترێت « ئاوەڵناوی کارا » وەك لەم نموونانە دەردەکەوێت :

ڕووەك   کە لە ڕوانەوە هاتووە
توسەك   کە لە توسانەوە هاتووە •

ترسنۆك ، گرینۆك لە ترسان و گریانەوە هاتووە •

ئەم تەرزە ئاوەڵناوی کارایە لە کوردیدا وادەبێت بە دووبارە کردنەوەی وشە پێك دێت ، هەر جارە بە جۆرێ ، وەك :

پس پسۆك   کە لە پسانەوە هاتووە •
خول خولۆك (خول خولە) کە لە خولانەوە هاتووە •

وشەی « خش خشۆك » هەرچەند بوە بە ناوی جێگا (اسم مکان) بەلاّم وا پێ دەچێت کە لە بنەڕەتدا هەر لەم بابەتە بوبێت ، بەلاّم لە بەکارهێناندا گۆڕابێت •

صیغەیەکیتریش هەیە مبالغەی تێدایە ، وەك « گەڕۆك ، فڕۆك ، لەرزۆك » کە ئەمە صیغەی ڕەسەنی مبالغەیە لە کوردیدا لەو ڕووەوە کە بریتییە لە کار و زیادیٚ (الفعل والزیادة) • [گەڕ + ۆك ، فڕ + ۆك ، لەرز + ۆك] • لە هەندیٚ میسالی پێشوتردا ، وەك (پس‌پسۆك ، گرینۆك) ئەم زیادییەی (ۆك) هەیە ، بەلاّم یا کارەکە بۆ خۆی دووبارە بۆتەوە یاخود زیادییەکە خۆی پترە لە « ۆك » بۆیە نەمانگوت ئەمانە صیغەی ڕەسەنی مبالغەن •

جگە لەم صیغانە لە کوردیدا صیغەیتریش هەیە کە « ناوی کارا » وە یا

« ئاوەڵناوی کارا » دروست دەکەن بە ئیستیقرا دەدۆزرێنەوە • نموونەیەکی ئەم صیغانە وشەی « مردۆخ » کە ئەویش لە وشەی (مردن)ەوە هاتووە • واش هەیە لە (فرێز) صیغەیەکی کارایی وەیا « ئاوەڵناوی کارایی » ساز دەبێت ، وەك (چەنگ سۆتەکە) کە لە وشەی (چەنگ + سۆت + ەکە) پێك هاتووە •

ب ــ داڕشتنی لەکاری تێپەڕ :

١ ــ لە نووسینی نوێی کوردیدا صیغەیەکی داهاتووی « ناوی کارا » لە کاری تێپەڕدا پەیدا بووە ، تائێستا بۆ کۆمەڵێك وشە بەکار هاتووە ، لە پەرە سەندنیشدایە ، وەك :

خوێندن	خوێن	خوێنەر
نووسین	نووس	نووسەر
بینین	بین	بینەر
کوشتن	کوژ	کوژەر

٢ ــ لە پەراوێزێکی تەسکدا صیغەیەك بۆ ناوی « کارا = فاعل » بەکاردێت ، وەك :

دیتن	دیت	دیتە
خواردن	خوارد	خواردە

بەجۆرێکی گشتی ئەم صیغەیە لە کاری تێپەڕدا بۆ ناوی « بەرکار = مفعول » بەکار دێت بەڵام لەچەند کارێکدا بە شێوەیەکی ریزپەڕ بۆتە ناوی « کارا = فاعل » •

٣ ــ چەند کارێکی تێپەڕ صیغەیێکی ناوی کارایان هەیە کە لە بنجدا

ئەم صیغەیە بۆ کاری تێنەپەڕە :

گرتن (گیران)	گیر	گیرەك
گەستن	گـەز	گەزەك (لە شێوەی بادینی بەوشتە دەڵێن کە شتی تر دەگەزێت) •

٤ ــ لـە کوردیدا صـیغەیەکی مبالغـەیتر هەیە لە کـاری تێپەڕ وەردەگیرێت ، وەك :

کوشتن	کوژ	بکوژ
بڕین	بڕ	ببڕ
گوتن	(دە)لێ	بلێ

٥ ــ وادەبێت لە دوبارەکردنەوەی وشـەی کـار « ناوی کارا » وەیا « ئاوەڵناوی کارا » پەیـدا دەبێت ، وەك « خواز خوازۆك » بـە کەسێ دەگوترێت کە زۆر شـت دەخوازێت • هەروەها وشـەی « گەزگەزە » بە گیایەك دەگوترێت ژەهراوییە لەشی گیانلەبەر دەگەزێت ، واتا وشەکە لە « گەستن »ەوە هاتووە •

٦ ــ ناوی « کارای ناسـادە » هەیە لە کوردیدا کە لە کـاری تێپەڕ وەردەگیرێت ، چ لـە پێشگر و کەرتێکی کار چ لە وشـەیەکی واتادار و کەرتێکی کارەکە بێت ، بۆ نموونە :

هەڵگرتن	هەڵگر	پێشگر و کەرتی کار
تێکردن	تێکەر	
لێنـان	لێنەر	

نان خواردن	نان خۆر	وشەی واتادار و کەرتی کار
سەرتاشین	سەرتاش	
جل شوشتن	جلشۆر	

تێبینی (۱)

وشه واتــا دارەکەی جــۆری دوەم جێگەی بەرکــار (مفعول)ی گرتۆتەوە .

تێبینی (۲)

ئەم صیغەیەی ناسادەی ناوی کارا لە کوردیدا بە دوا ئەداتی نەفیشدا دێت و لەتێپەڕ و تێنەپەڕدا ئاوەڵناوی کارا دروست دەکات ، وەك :

نەخۆر ، نەمر ، نەشۆر ، نەبەز ، کوڵنەدەر ، جلنەشۆر ، نەهات .

۲ ــ ناوی بەرکار (اسم المفعول) :

ناوی بەرکار لەکوردیدا چەند جۆرێك داڕشتنی هەیە :

آ ــ لەکاری کارا نادیار (المبنی للمجهول) :

داڕشتنی ئەم جــۆرە بەرکارە بەزیاد کردنی (و) دەبێــت لەکۆتایی کاری کارا نادیاردا ، وەك :

کوژران	کوژرا	کوژراو
گیران	گیرا	گیراو
خوران	خورا	خوراو

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لە داڕشتنی ئەم جۆرەی ناوی « بەرکار » ئەوەیە کە وا هەمان ڕێگەی داڕشتنی نــاوی کارای (افعال المطاوعة)ی بۆ

بەکاردێت ، وەك :

پسان	پسا	پساو
سوتان	سوتا	سوتاو

مەبەست لەم تێبینییە ئەوەیە کە وا سەرەڕای (و)ەکە ئەلفێکیش لە کۆتایی هەردوو لایاندا هەیە کەچی تەنها « و » لەو نــاوە کارایانەدا هەیە کە لە کاری تێنەپەڕی عادەتی (غیر مطاوعة) وەردەگیرێت ، وەك :

توستن	توست	توستو
کەوتن	کەوت	کەوتو

ئەم صیغەیەی ناوی بەرکاریش وەك صیغەی ناوی کارا بۆ ڕابوردووی نزیك بەکاردێت ، وەك :

کوژران	کوژرا	کوژراو	کوژراوە
خوران	خورا	خوراو	خوراوە
گیران	گیرا	گیراو	گیراوە

بۆ بەراوردی ئەم نموونانە لە ڕابوردووی نزیکی کاری مطاوعە دێنینەوە ، وەك :

سوتان	سوتا	سوتاو	سوتاوە
پیشان	پیشا	پیشاو	پیشاوە
خلیسکان	خلیسکا	خلیسکاو	خلیسکاوە

تێبینیی یەکەم :

لە شێوەی کرمانجیی سەروودا چونکە صیغەی (المبنی للمجهول) بە هۆی کاری یاریدەدەری (هاتن)ەوە پەیدا دەبێت ، ئەم صیغەیەی ناوی بەرکار ،

لەوێدا بەم جۆرە نایەتە بەرچاو ، بـۆ ڕابوردوی نزیکیش صیغەی تایبەتی سەر بەو شێوەیە بەکار دێت ، وەك :

هاتنەخارن	هاتنە خارنێ	هاتیە خارنێ
هاتنەدیتن	هاتە دیتنێ	هاتیە دیتنێ

تێبینی دووەم :

لە هـەندێ شێوەی کـرمانجی خوارودا ، وەك (هەولـێر ، کۆیە ، خۆشناوەتی •••) لەجیاتی « و »،« ی » بەکاردێت بۆپێك هێنانی صیغەی ناوی بەرکار و دەگوترێت :

خورای

دیترای

کوژرای

زۆر جارانیش لە بەکارهێناندا «ی» کە دەقرتێت • صیغەی ڕابوردوی نزیکیش لەم شێوەیەدا هەر بە هۆی (ی)کەوە پێك دێت ، وەك :

کوژرایە	دیترایە	خورایە

شایانی باسکردنە ، کەوا لە داڕشتنی ناوی کاراش هەمان صیغە بەکار دێت و دەگوترێت : تۆستی ، ڕۆیشتی (لەجیـاتی تۆستو ، ڕۆیشتـو) •

ب ــ لەکاری کارا دیار (المبنی للمعلوم) :

١ ــ ئەم جۆرە بەرکارە لـە صیغەی ڕابوردوی ڕەبەق (مطلق)ەوە وەردەگیرێت بە زیادکردنی بزوێنی (ە) لە کۆتایی وشەی کارەکەوە ، وەك :

کوشتی	کوشت	کوشتە
گـرتی	گـرت	گرتە

بردی	برد	برده
کردی	کرد	کرده

ئەم صیغەیە بە زۆریی لە کاری تاییی و دالیی وەردەگیرێت ، ناوناوەیەك نەبێت لە کاری یاییی و ئەلفیی و واویی ئەم صیغەیە نایەتە بەرچاو ، بە نموونە : لە کرمانجیی سەرووودا دەڵێن : ئەرزی شێلە • بەو ئەرزە دەڵێن کە وا شێلرابێت بۆ مەرەزە ، واتە لە « شێلان »ەوە وەرگیراوە کە کارێکی ئەلفییە •

٢ ــ لە شـێوەی کرمانجیی خوارووودا دەگوتـرێت « قەول و بڕیە » لێرەدا « بـڕیە » لە بڕینـەوە وەرگیراوە کە ئـەویش کارێـکی یائییە • بە ئیستیقرای تـەواوی زمانەکە لەوانەیە نموونەیتریش لـەم بابەتە چنگ بکەوێت •

٣ ــ لە پەراوێزێکی تەسکدا صیغەیەکی ناوی بەرکار هەیە بە زیادیی (وو) لـە کۆتاییی کـاری رابوردوو پێـك دێت ، وە لە شـێوەی کرمانجیی سەرووشدا ئەم واوە دەبێتە (ی) ، وەك :

کوشت	کوشتوو	کوشتی
گرت	گرتوو	گرتی

لە کاری ئەلفیدا « ی » ناوبەند دێتە نێوان ئەلفەکە و « ی » ئەداتەکە ، وەك :

کێلان کێلاییی (بە واتای ــ کێلراو ــ)

٤ ــ دروست کردنی ناوی بەرکاری لێکدراو • ئەم باسە گیروگرفتێکی زۆری تێدایە و پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی درێژەپێدراو هەیە :

آ ــ چەند نموونەیەك دێنینەوە بۆ سەرنج لێ گرتن لە جۆرێك لە جۆرەکانی

داڕشتنی ناوی بەرکاری لێکدراو :

گورگ خواردوٖ

دز بردوٖ

ئاو خنکاندوٖ

گولله کوشتوٖ

لەم نموٖنانەدا وشەی یەکەم جێگەی کارا (فاعل)ی گرتوٖتەوە ، هەر بوٖیە مانای وشە لێکدراوەکە دەبێتە بەرکار ، چونکە دیارە « کارا » داوای « بەرکار » دەکات . بە پێچەوانە ، ئەگەر وشەی پێشەوە جێگەی « بەرکار »ی گرتبوٖوە واتای وشە لێکدراوەکە دەبێتە واتای « کارا » چونکە « بەرکار » داوای « کارا » دەکات ، بەو پێیە وشەکانی :

گوٖشت خواردوٖ

ماڵ بردوٖ

نێچیر کوشتوٖ

مەڕ خنکاندوٖ

پەڕوٖ سوٖتاندوٖ

هەموٖیان ناوی کاران .

پوختەی ئەم دەستوٖرە ئەمەیە : کە وشەی پێشەوە کارا بوٖ ، تێکڕای وشەکە دەبێتە بەرکار . بە پێچەوانەوە کە وشەی پێشەوە بەکار بوٖ ، تێکڕای وشەکە دەبێتە کارا .

لێرەدا روٖن کردنەوەیەك دێتەپێش پەیوەندیٖ هەیە لەگەڵ باسی (ناوی کارای لێکدراو) ، وەك :

گوٖشت خوٖر

پیاو کوژ
مەڕ خنکێن
بەرد شکێن

ئەم نموونانە کە سرنجی لێبگرین دەبینین واتای سیفەتێکی هەمیشەیی رادەگەیەنن بەڵام کە بڵێین :

گۆشت خواردوو
پیاو کوشتوو
مەڕ خنکاندوو

لەم میسالانەدا ئیشارە بۆ رووداوێکی تایبەتییە ، واتا هەرچەند هەردوو صیغە بۆ ناوی کارا بەکاردێن بەڵام جیاوازییەکی بنجی هەیە لە نێوانیاندا کە سیفەتی کاتی و هەمیشەیی‌یە .

[روون کردنەوە :

ئەم نەختە باســە دەبوو لەکــاتی لێکۆڵینەوە لــە (ناوی کارا)دا باس بکرێت بەڵام لەبەر ئەوەی کە صیغەکە جارێکیان بۆ کارا و جارێکیان بۆ بەرکار پێــك دەهێنرێت ، وا بەباش زانرا دوا بخرێت تاکــو هەردوو رووی بەسەریەکەوە روون بکرێتەوە .

دەمڕاستی لیژنە]

بـ- لە کوردیدا وشەی « بەر » چەند واتایەکی هەیە ، وەك :

بەر	ثمر
بەر	واجهة
بەر	روەو نزمایی

وشەی (بەر) لەوشەی لێکدراودا کـە بەواتای (نزمایی) بێ ، وشـە لێکدراوەکە دەکاتە ناوی بەرکار ، بەپێچەوانەی دەستوری گشتی ، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت ، وەك :

بەر پرس

بەر خۆر

بەر کوت

بەر کار

لەمەوبەر لەباسی ناوی کـارای لێکـدراودا گوتوبێمان کە ئەگەر کەرتێکی کاری تێپەڕ لەگـەڵ ناوێکدا هات وشەلێکدراوەکە دەبێتە ناوی کارا ، وەك :

زۆر خۆر

برنج کوت

کەم پرس

بەڵام کە بە دوا وشەی (بەر)دا هاتن ، وشە لێکدراوەکە دەبێتە ناوی بەرکار هەوەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەرکەوتن •

ئەم دەستورەی ناوی بەرکار کە بە هۆی وشەی (بەر)ەوە پێكدێت بەزۆری ناوی بەرکار دروست دەکات ، بەڵام وشەی (بەرگر) کە دەبوا بەپێی دەستورەکە ببێتە ناوی بەرکار ، کەچی ناوی کارایە • لێرەدا شتێك سەرنج ڕادەکێشێت ئەویش ئەمەیە لە نموونەکانی ناوی بەرکار وشەی (بەر) لەگەڵ کارەکە یەك ئیتیجاهیان هەیە بەڵام لە وشەی بەرگردا ، وشەی (بەر) دژی ئیتیجاهی ئەو کارەیە کە بەری لێگیراوە • (بەرهەڵست)یش هەروەهایە•

جـ ـ ئەم تەرکیبەی ناوی کارای وەك :

گۆشت خۆر
پیاو کوژ
خوێن مژ

کە هاتو بزوێنی (ە)ی چوە سەر بە عادەت دەی‌کات بە ناوێکی قاموسی لە جۆری ناوی گشتی ، وەك بلێین :

مەشکە دزە (ناوی مێروەیەکە)
کەر خنکێنە (ناوی گیایەکە)
کلك تەقێنە (ناوی مەلێکە)
گۆڕ هەڵکەنە (ناوی گیان لەبەرێکە)
دۆشاو مژە (ناوی ئەنگوستێکە)

بەڵام لە چەند وشەیەکدا ئـەم تەرکیبە لە جیاتی ئەوە ناوی کارا پێك بێنێت ، ناوی بەرکار پێك دێنێت ، وەك :

مەلا خۆرە
گورگ نەخۆرە
دز نەبەرە

ئەم فەقەرەیە سـەر بە ناوی کارایە ، بەڵام بەهۆی ئەم چەند وشەی بەرکارەوە باسەکەی هاتە ئێرانە • هەروەهـا وشەیێکی‌تریش بـە نیسبەت ئەم دەستورەی دروست کردنی ناوی کارا ئەویش وشەی (جواتومژ)ە ، کە دەبو بە پێی دەستور تەرکیبێکی ناوی کارا بوایە ، کەچی ناوی بەرکارە و بەو مایینە دەلێن کە (جواتو) دەی‌مژێت •

٣ ــ ناوی چاوگ (اسم المصدر) :

له کوردیدا ئه‌م جۆره داڕشتنه هه‌رچه‌ند واتای چاوگی تێدایه به‌ڵام له چاوگی ئاسایی جودا ده‌بێته‌وه له‌چه‌ند ڕوویه‌که‌وه :

١ ــ چاوگی ئاسایی به تێکڕایی کۆتاییان به نونی چاوگ دێت و پێوه‌ندییه‌کی ئاشکراش هه‌یه له نێوان ئه‌و و وشه‌ی ناوی به‌رکار و کارا ، واته چاوگی ئاسایی ده‌شێت خۆی پێی بگوترێت (سه‌رچاوه) بۆ وه‌رگرتن و داڕشتنی ناوی کارا و به‌رکار •

٢ ــ چاوگی ئاسایی واتای کردن و ڕودانی به ئاشکرایی تێدایه ، هه‌ر خۆی ئه‌و ترکیبه ئیزافییه دروست ده‌کات (نان خواردن ، کاغه‌زنوسین ، قسه‌کردن) که‌وا مضافه‌که له‌راستیدا به‌رکاره (مفعول) و پێش چاوگه‌که که‌وتۆته‌وه ، که ئه‌ویش ده‌وری کار ده‌بینێت • ئه‌م کردن و ڕودانه له ناوی چاوگ به‌دی ناکرێت ، واته ناوی چاوگ به‌ره‌و (ته‌جرید) ڕۆییوه و هێزی (کردن)ی تێدا نییه • به نمونه ده‌ڵێین (داربڕین) که ته‌رکیبێکی ئیزافییه و وشه‌ی (بڕین) تێیدا چاوگێکی ئاساییه و واتای ڕودان و کردنی تێدایه ، ناشێت بکرێت به « داربڕیار » که وشه‌ی (بڕیار) ناوێکی چاوگه و واتای (مطلق) یا (مجرد)ی بڕینی تێدایه نه‌ك کرداری بڕین •

٣ ــ ناوی چاوگ له صیغه‌یه‌ك زیاتری هه‌یه ، واته تێکڕایان ناکه‌ونه به‌ر ده‌ستورێك له داڕشتنیان وه‌ك ده‌ستوری چاوگی ئاسایی ؛ صیغه‌کانی ئه‌م ناوی چاوگه به ئیستیقرا له زماندا ده‌دۆزرێته‌وه ، هه‌ندێ صیغه‌ی له به‌کارهێناندا په‌ره سه‌ندوتره له هه‌ندێکی‌تری • لێره‌ ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ی به لاوه دیارترین صیغه‌ی ناوی چاوگن :

کوشتن   کوشت   کوشتار

گوتن	گوت	گوتار
کردن	کرد	کردار

لە هەندێ ناوی چاوگ کە بە (ار) پەیـــدا دەبن ڕوالەتێکی « ناوی کارا » دێتە پێش لەو ڕووەوە کارەکە خۆی پیتی « ی » تێدایە ، ئیتر لەگەڵ « ار »دا « یار » دەکەن بە کۆتایی وشەکە لەوەوە وشەکە وەك ناوی کارا دێتە بەرچاو ، لەراستیدا ناوی چاوگن ، ڕێکەوت ئەو « ی » خستۆتە پێش « ار »ەکەوە ، بۆ نموونە :

بڕین	بڕی	بڕیار
دزین	دزی	دزیار
پرسین	پرسی	پرسیار
زانین	زانی	زانیار

تێبینی :

لەو کارانەی کە کۆتاییـــان بە پیتی « ی » دێت تەنها کاری (کڕین) وشەی (کڕیــــار)ی لێدەبێتە ناوی‌کارا نەك ناوی چـــاوگ • مـــامۆستا مەسعود دەڵێت : وا تێدەگەم ئەم صیغەیەی « کڕیار » لەوەوە هاتووە کە بە دوا وشەی (فرۆشیار)دا وەك دەنگ و صەدا ، وەیاخوت وێنە و دوبارە بونەوەی لە ئاوێنەدا خۆی بە خزمی دەزانێت • لە وشەی (فرۆشیار)دا کە ناوی کارایە سەرلەبــەری (یار) بە زیادەوە هاتووە کە خــۆی ئەداتی دروستکردنی صیغەیەکی وەسفی کارایە ، وەك جوتیار ، بەختیار •

دەشتوانین بڵێین لە دو (ی)ی (کڕین) و (یار) یەکێکیان تێچوە و لە جێی (کڕییار) ماوەتەوە (کڕیار) •

٢ ــ هەندێ نـاوی چاوگ بەزیـادکردنی « ش » یـان « شت » لە کۆتایی کارەکەوە پەیدا دەبێت ، وەك :

بڕین	بڕ	بڕشت
کۆشین	کۆش	کۆششت (کۆشش)
وەرزین	وەرز	وەرزش (وەرزشت)
زانین	زان	زانشت [توفیق وەهبی]

واش دەبێت پێكهاتنی ئەم صیغەیە لە ڕێیەکی بیژۆکەوە دەبێت ، وەك :

ڕۆیین	ڕەوشت
خواردن	خورشت
خوران	خارشت

٣ ــ هەندێ ناوی چاوگ بە هـۆی زیادکردنی بزوێنی (ە) پەیدا دەبێت ، وەك :

کۆکین	کۆك	کۆکە
دزین	دز	دزە
پرسین	پرس	پرسە
گوتن	گوت	گوتە

وا هەیــە ئەم صیغەیە لە هەمانکاتدا بۆ نـاوی « چاوگ » و ناوی « بەرکار » بەکاردێت ، وەك :

ڕستە ، ڕشتە •

٤ ــ هەندێ ناوی چاوگ صیغەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە کە دەشێت ئەوان بنجی دروستکردنی چاوگ بن ، وەك لەم لیستەیەی خوارەوە :

خەو	خەوتن
ترس	ترسان
لەرز	لەرزین
پرس	پرسین
گەوز	گەوزین
سوڕ	سوڕان (سوڕانەوە)

٥ ــ صیغەیەکی ناوی چاوگی لێکدراو هەیە کە واتای تازە پێك دێنێت و کەرتێکی لە کار پێك هاتووە ، وەك :

پەلەفڕە	(پەل + ە + فڕ + ە)
بۆمەلەرزە	(بۆم + ە + لەرزە + ە)
جێگۆڕکە	(جێ + گۆڕ + کە)
سەرسوڕکە	(سەر + سوڕ + کە)
چاوشارکێ	(چاو + شار «شاردنەوە» + کێ)
هەڵپەڕکێ	(هەڵ + پەڕ + کێ)

تێبینی :

بە پێی ڕوون کردنەوەی مامۆستا صادق بهاءالدین لە شێوەی کرمانجیی سەرۆدا ، صیغەی دروستکردنی ناوی چاووگ بە هۆی (ش ، شت) نییە ، بەڵام ئەوانیتر کەم و زۆر پەیدا دەبن •

صیغەیەك هەیە بە زۆریی بۆ « ناوی یاریی » بەکاردێت ، کۆتاییشی بە (انی) دێت ، وا دەبێت لە شێوەی کرمانجیی سەرۆدا ئەم صیغەیە لە کار وەردەگیرێت ، وەك (یاری بڕانی) کە لە کاری (بڕین)ەوە وەرگیراوە ، یارییەکەش بە واتای پێشبڕکێ دێت •

لە ڕاستیدا ئەم صیغەیە لە شێوەی کرمانجیی خوارووشدا پەیدا دەبێت ، بەلاَم نەك بە هۆی بەکار هێنانی کارەوە ، وەك :

جگانێ (میچێن)
کەلایانێ (هەلَماتێن)
تۆپانێ (تۆپتۆپێن)
پەلیکانێ (هەلوکێن)
رگانێ (سنجوقێن)

[ڕوون کردنەوە :

وشەی « چاوشارکێ » کەرتی کاری تێدایە و ناوی یارێشە ، ڕەنگە « هەلَپەڕکێ »ش لەم جۆرە بێت .

دەمڕاستی لیژنە]

٤ ـ ناوی جێگا (اسم المکان) :

صیغەی دەستووری بۆ « ناوی جێگا » لە کوردیدا بە زیادکردنی پاشگری (گە) لەکۆتایی « کار » دروست دەبێت ، وەك :

ڕوانین	ڕوان	ڕوانگە
فڕین	فڕ	فڕگە
لەوەڕان	لەوەڕ	لەوەڕگە
بڕین	بڕ	بڕگە

لێرەدا مەبەست ئەو ناوی جێگایانەیە کە لە کار دروست دەکرێن ، ئەگینا پاشگری « گە » لەگەلّ وشەیتریش ناوی جێگا زۆر دروست دەکات بەلاَم لێرەدا مەبەست دەوری « کار »ە لە دروست کردنی ناوی جێگا .

جگە لەم صیغە دەستورییە صیغەیتریش هەن لە هەندێ کار وەردەگیرێن وەك :

ڕژان	دە(ڕێژ)ێ	ڕێژ	ڕێژەن
سوتان	دە(سوت)ێ	سوت	سوتەن
ڕوتانەوە	دە(ڕوت)ێتەوە	ڕوت	ڕوتەن

لە شێوەی کرمانجیی سەرودا دەگوترێت :

گەڤسك بە واتای جێگەی (گەوزین) دێت •
زڤڕك بە واتای (شوێنی گێژەنی ئاو) دێت •

وا دەبێت ناوی جێگە بۆ خۆی دەبێتە سەرچاوە بۆ چاوگ ، وەك :

خلیسك خلیسکان

[ڕون کردنەوە :

بە دور نابینم ئەم وشەیەش وەکو وشەکانی (گەڤسك ، زڤڕك) لە کارەوە بوبێتە ناوی جێگە ، نەك بەپێچەوانە •

دەمڕاستی لیژنە]

٥ ـ ناوی ئامێر (آلة) :

لێرەدا مەبەست هەر ئەو ناوانەن کە لە « کار » وەرگیراوون • بە ئیستیقرا دەردەکەوێت زۆربەی ئەو ناوانە لە کوردیدا وشەی سەربەخۆن ، پەیوەندییان بەکارەوە نییە ، وەك :

« دەرزی ، تەشی ، خەڕەك ، سوژن ، چەکوش ، چنگاڵ ، داس ، سەرەند ، کەوچك ، مشتە » • بەلام ناوناوەیەك وا دەبێت « ناوی ئامێر » لە کار وەردەگیرێت • ئەم داڕشتنەش لە صیغەیەکی زیاتر هەیە ، وەك :

١ ــ کوتك ، کوتەك (لە کوتانەوە هاتووە)
٢ ــ بێژنگ (لە بێژانەوە هاتووە)
٣ ــ پارزۆنگ (لە پارزنینەوە هاتووە)
٤ ــ گیرە مەقاشێکی بچوکــە زەڕەنگەرەکان بەکاری دێنن بۆ گرتنی زێڕ ، لە کاری «گیران»ەوە هاتووە •

هەندێك ناوی ئامێر صیغەی «ناوی کارا»ی لێکدراویان بۆ بەکاردێت، وەك :

دەستاڕ (دەستهاڕ) : لە « هاڕین »ەوە هاتووە •
بەفرماڵ : لە کاری (ماڵین)ەوە هاتووە •

دەستەبەرە : لەکاری « بردن »ەوە هاتووە • لەگەڵ تێبینیی ئەمە ئەگەر بزوێنەکەی کۆتایی وشــە لاچێت ، دەبێتە « دەستەبەر » وە بــە مەعنای (ضامن) دێت لە عەرەبیدا •

پانیکێش (پاژنە هەڵکێش) : لەکاری « کێشان »ەوە هاتووە •
شەکرشکێن : لەکاری (شکاندن)ەوە هاتووە •
کەوگیر (کەفگیر) : لە کاری « گرتن »ەوە هاتووە •
چاپاڵێو : لە کاری « پاڵاوتن »ەوە هاتووە •
دەستەسڕ : لەکاری « سڕین »ەوە هاتووە •

لە نوسینی تــازەدا نوسەرانی کورد وا دەبێت لە خــۆوە ناوی تازە داهاتو دادەڕێژن بۆ گەلێ مەبەست کــە یەکێك لەوانە ناوی « ئامێر »ە ، وەك :

بنوس بە واتای قەڵەم (ئامێری پێنوسین)

بکێش   به واتای تەرازوو (ئامێری کێشان)

لیژنە لێرە بەپێشەوە ئەم صیغەیەی باس‌کردووە لەژێر ناونیشانی ناوی کارا (صیغەی مبالغە) ، لەو باوەڕەشدایە بەکارهێنانی راستەقینەی هەر بەو واتایە دەبێت و دەست نادات بکرێت بــە ناوی ئامێر • بە نموونە : وشەی (بنووس) بە واتای « زۆر نووس » دێت • بــەلام (پێنووس) دەبێتە ناوی ئامێر کە بمانەوێت لە « نووسین »ەوە وەری‌بگرین و وشەی « قەڵەم و خامە » بەکار نەهێنین •

٦ ــ **ناوی ناسادە :**

لە کوردیدا ناوی کۆمەڵێك شت هەیە کە لە کار و زیادییەك پێك دێت ، وەك :

دەستماڵ

لاگیرە

بەرچنە

دەستەسڕ

دەزگرە (دەستگرە)

دەستکێش

پێخەف

رایــەخ

رووپۆش

سەرپۆش

هەمان صیغە وادەبێت بۆ گیانلەبەریش بەکاردێت ، وەك :

شیرەخۆرە

دەستگیران

پیڕەوکە

سەپسێنکە (ئەو کەروێشکەیە کە دەگاتە تەمەنێك سەگ نای گاتیێ) •
لەم نموونانەوە دەردەکەوێت کە وا ئەم تەرزە ناوانەی شت و گیانلەبەر لە گەلێك صیـغەوە وەردەگیرێت ، وەك صیغەی ناوی کـارای لێکدراو ، ئاوەلکاری کارا و صیغەی تریش •

٧ —
لە هەنـدێ رسـتەی کـوردیدا چـاوگ نـوونی چاوگیـەکەی دەقرتێت و چی دەمێنێتەوە کاری چاوگەکە دەکات لە رستەدا ، وەك :

کوشتن کوشت (پیاوخراپەکەم بەکوشت دا)
گرتن گرت (دزەکەم بەگرت دا)
کردن کرد (جلەکەم بەکرد دا)

ئەم بەکارهێنانانە مەنعی بەکارهێنانی چاوگە ئەصلیەکە ناکات ، واتە دەگوترێت :

بە کوشتنم دا
بە گرتنم دا
بە کردنم دا

لە زمانی فارسیدا ئەم تەرزە چاوگە کورت کراوەیە پێی دەگوترێت (مصدر مرخم = چـاوگی کرتێنراو) • واش پێدەچێت لە کوردیدا تەنهـا ئەو چاوگانەی زۆر بەسەر زارەوەن بەم جۆرە بەکار دێن و زیاتریش لە کاری « دان »دا دێنە ناو ڕستەوە ، بەلام چاوگی « کوشتن » لەگەل « چوون »یش دەگونجێت و دەگوترێت :

بە کوشت چوو
بە کوشت چێت (بۆ دۆعا لێ کردن) •

٨ –

هەندێ صـیغەی‌تر هەیە لە بنجێـکی کار و پاشگر پێـك دێت و هەرجارە مەبەستێك بە دەستەوە دەدات بە گوێرەی واتای کارەکە ، وەك :

بەستەڵەك : لە « بەسـتن »ەوەوە هـاتووە و ناوێـکی داڕژاوە (دروست کراو) •

خواردەمەنی : لە «خواردن»ەوە هاتووە و ناوێکی گشتی دروست‌کردووە ، بەڵام لە نـاوی گشتی ئاسایی جـوێ بۆتەوە بـەوەدا کە صیغەیەکی تایبەتی لە کارێك پێك هێناوە • ئەم صیغەیە ئێستاکە لەگەڵ غەیری کاریش بە کاردێت ، وەك :

شیرەمەنی ، ساردەمەنی ، چاپەمەنی ، مزرەمەنی •

لە راستیدا ئەم داڕشتنە تازەیـە و صیغەکە لەبنەڕەتدا هەر لەگەڵ کاردا بەکار هاتووە •

درومـــان : ئـــەم صیغەیەش کە لە « درون » و پاشـــگری « مان »ەوە هاتووە جۆرێك لە ناوی « مەعنا »ی دروست کردووە • ئەم پاشگرە لەگـەڵ غەیری کاریش بەکاردێت و وشـەی تازە دروست دەکات ، وەك :

ئاسمان ، پەشیمان ، قارەمان ، دارەمان

بە ئیستیقرا لەم جۆرە صیغانە هی‌تریش دەدۆزرێتەوە بە هۆی پاشگر و کارەوە ، وەك :

خۆراك   پۆشاك

ئەم پاشگرە لەگەڵ غەیری کاریش دێت ، وەك :

پیت   پیتاك

رون   رۆناك

بیبلیۆگرافیا کتێبێد کوردییێیه سۆڤیێتیێ
ساڵێد ١٩٢١ – ١٩٦٠ *

ن. أ. ئالیکسانیان ئامادەی کردوە
ئەنوەر قادر محەممەد خستۆیەتیە سەر ئەلفبای کوردیی
ئەمڕۆ و واتـای هەندێ وشە و ڕەمزی لێکـداوەتەوە

١٩٢١

× لازۆ . شمس ، کتابی ئەوەل . ئیچماتزین (هرا درڤوتیوین هـ. خـ. س . هـ . لوس چوغقومی) ، ١٩٢١ ، دیراج ١٠٠٠ .

١٩٢٩

١ ــ مارۆگۆ لۆف ، ژ . و شامیلۆف ، ع . خۆ ــ خۆ هینبۆ نا خاندنا ڤیسارا کورمانجێ . ڕەوان ، نەشرا دەولەتا شێورێ ئەرمەنستانێ ، ١٩٢٩ ،

---

* ڕەنگە باسکردنی بایەخدانی دەوڵەتی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت بە کورد و کوردناسێ لەم پێشـەکییە بچکۆلەدا ئاسان نەبێت و لە وزەی منیشــدا نەبێ .

ئاشکرایە لە زانستگا ڕۆژهەڵاتناسییەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا چەندین لقی کوردۆلۆگی هەیە و گرنگییەکی تەواو بەمێژۆ و زمان و ئەدەبیاتی کورد دەدەن .

منیش بۆ سۆدی خۆێندەواری کورد و وەك سۆکە هەوڵێك بۆ ئەوەی هەندێ لەو ئەرك و خزمەتە بخەمــە پێش‌چـاو ئەم بیبلـوگرافیایەم لە ئەلفوبێی ڕۆسییەوە خســتە ســەر ئەو ئەلفوبێیە باوەی ئێمــە پێی دەنۆســین . بیبلوگرافیــاکە ن. ا. ئالیکسانیــان ئامــادەی کردووە و ئەکادیمیای زانستیی لە کۆماری ئەرمەنستانی سوشیالستی سۆڤێتی ساڵی ١٩٦٢ بڵاوی کردۆتەوە . ناوی ئەو کتێبانەی تێدایە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ وەتا١٩٦٠ دەرچوون. لیژنەی گۆڤاری کۆڕ بڕیاریدا کە بە دۆ بەش بڵاوبکرێتەوە . بەهیوام ناوی ئەو کتێبانەش کۆکەمەوە و ئامادە بکەم کــە =

۱٦ ، ٥٨ رق ، ٢٦ سم ، ت ٢٥٠٠ • بەرب سەرتفیساریێ : مارگولۆڤ و ع • ش • پێش خەبەر زمانێ ئەرمەنییا عوروساو ئازیربایجانێ •

٢ ــ مارگۆلۆڤ ، ژ • و درامبیان ، ر• رونایی زمانێ کرمانجێ • کتێبا عەول • رەوان ، نەشرا دەولەتا شێوریێ ئەرمەنستانێ ، ١٩٢٩ ، ٩١ رق ، ب ئیل ، ٢١ سم ، ت ٣٠٠٠ •

١٩٣٠

٣ ــ ئالیکسانیان ، ن • أ • ڤلادمر ئیلچ ئۆلیانۆڤ ــ لێنن زندانێ و سرگوتێدا • تەرتیب کر ئەلیکسانیان ن • رەوان ، نەشرا دەولەتا شێوریێ ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٠ ، ٢٢ رق ، ١٨ سم ، ت ٢٠٠٠ •

٤ ــ مارۆگولۆڤ ، ژ • و درامبیان ، ر • رینجبەریێ سۆر • کتێبا خوەندنێ زمانێ کورمانجێ • سەبا مەزنا • رەوان ، نەشرا دەولەتا شێوریێ ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٠ ، ١٥٢ رق ، ب ئیل ، ٢٦ سم ، ت ٣٥٠٠ •

٥ ــ مارۆگۆلۆڤ ، ژ • و درامبیان ، روبێن ، رۆنایی • زمانێ کورمانجێ • کتێبا دودیا ، رەوان ، نەشریێ دەولەتا شێوریێ ، ئەرمەنستانێ ١٩٣٠ ، ١٣٠ رق ، ب ئیل ، ٢١ سم ، ت ٣٠٠٠ •

٦ ــ سالا یەکن دیێ پاس ئەلفبایێ • ژئالییێ کومیتا مەرکەزیێ خاندنا

=

دووای سالی ١٩٦٠ دەرچوون و ئەگەر بۆم ئامادەکرا ئەوا ئەیخەمە سەر بەشی دووەم . بێ‌گومان ئەوسا بیبلوگرافیاکە ئەبێتە بیبلوگرافیای هەمۆ ئەو کتێبە کوردیانەی لە سۆڤیەت دەرچوون .

بەپێویستم زانی کە واتای هەندێ رەمز و وشەی قورسی ناو وتارەکە لێك بدەمەوە. کتێبەکە خۆی پێرستی ناو و باسیشی تێدایەو ئەویش ئەکەوێتە دوای بەشی دووەمی بیبلیۆگرافیاکەوە .

ا • ق • م

رس‌س‌ا • هاتیه تەستیغکرن • باکی ، ئازەر نەشر ســیکتورا پێداگۆزیێ — تەدرسیێ ، ١٩٣٠ ، ١٠٤ رق ، ٢٢ سم ، ت ١٠٠٠ •

بەر بە سەر ئڤیساریێ ئاقت : أ • ئاخوندۆڤ ، س نــەجەف عەلێیف ، س • نەگێیڤ ، ژ • حەسەنۆڤ •

٧ ــ شامیلۆڤ ، عەرەب ، عەمریێ لینن، رەوان، نەشرا دەولەتا شێوریێ، ئەرمەنستانیێ ، ١٩٣٠ ، ٢٠ رق ، ب ئیل ، ١٧ سم ، ت ٢٠٠٠ •

٨ ــ شامیلۆڤ، عەرەب • کارا کۆلخۆزا گوندیاڕا • تەرتیبکر عەرشەم، رەوان ، نەشرا دەولەتا شێوریێ ئەرمەنستانیێ ، ١٩٣٠ ، ٣٤ رق ، ب ئیل ، ١٨ سم ، ت ٢٠٠٠ •

هاتییه ئڤیساندنیێ ب سال ئڤیساریێ کتێبا •

— ١٩٣١ —

٩ ــ ئاخوندۆڤ ، یێ بایدایوا • سوار • ژمەکتەبدە تیدیێ کورمانجڕا کتابا ئەلفبایە عەوەل • باکو ، نەشرا حوکمەتا ئازەرباجانیێ ١٩٣١ ، ٥٢ رق ، ب‌ئیل ، ٢٥ سم ، ت ٢٠٠٠ •

١٠ ــ ئاخوندۆڤ ، رەیا سەوادە • ژ مەزنانڕا کتێبا ئەلفبایە کورمانجی عەول،باکو، نەشرا حوکمەتا ئازەرباجانیێ،١٩٣١، ٤٠ رق، ٢٥ سم، ت ٥٠٠٠ •

١١ ــ دانیال ــ بێك ، اە سلۆس سەوا تراکتۆر ، بۆنـا خوەییکرنـا دەوار، تەرج ، رە درامبیان ، رەوان ، نەشرا حوکمەتا شێوریێ ئەرمەنستانیێ ، ١٩٣١ ، ٢٣ رق ، ١٨ سم ، ت ١٥٠٠ •

١٢ ــ درامبیان ، رویێن • بەر ب عەمریێ تەزە • کتێبا خوەندنیێ زمانیێ

کورمانجی ، سەبا مەزنا • رەوان ، نەشرا دەولەتا شێوریێ ئەرمەنستانێ ، ۱۹۳۱ ، ۲۱۳ رق ، ب ئیل ، ۲۱ سم ، ت ۵۰۰۰ •

سەر رۆژێ دن پەرێ تنولێ ب زمانێ عوروسا : ب تەمبێ کومتێتا مەرکەزی هەمتفاقێ یا ئەلفبایێ تەزە •

۱۳ ــ درامبیان • روبێن • کولخۆزنکێ دەربدار • کتێبێ دەرسێ بۆنا کۆماسسیا • حازرکر ر • درامبیان • رەوان ، نەشرا حوکماتا شێوریێ ئەرمەنستانێ ، ۱۹۳۱ ، ۲۱۵ رق ، بئیل ، ۲۲ سم ، (دکومساریاتا رونکایێ جماعەتێ • سیکتۆرا خوەندنێ و میتۆدێ) • ت ۲۰۰۰ •

۱٤ ــ لازۆ، سەرهاتیا جاسم • زم• ئەرمەنیا گوهاستن حەجیێ جندێ • ئەمینێ عەڤدال • یریڤان ، نەشرا دەولەتا شێوریێ ئەرمەنستانێ ، ۱۹۳۱ • ۳۲ رق ، ب ئیل ، ۲۱ سم ، ت ۳۰۰۰ •

سەرکراسێ کت ئاڤتۆر : هاکوب گازاریان لازو •

۱۵ ــ مارگۆلۆف ، ژ و• درامبیان • ر• رۆنایی ، کتێبا ئەلفبایێ کورمانجی • رەوان ، نەشرەتا حکومەتێ ۱۹۳۱ ، ٦۲ رق ، ب ئیل ، ۲۵سم ت ۵۰۰۰ •

سەر رۆژێ دن پەرێ تنولێ ب زمانێ وروسی : ب تەمبێ کومتێتا مەرکەزی هەمتفاقێ ژێ ئەلفبایێ تەزە •

۱٦ ــ فالێیف ، گر • کتابێ خەباتافزکێ • (بۆنا مەکتەبێد حەفت سال و تێخنکوما کورمانجا) ــ سالا ۵ ، سێمسترا ددویا تەرتیب کر ز • پێتۆیان • رەوان ، نەشرا حوکمەتا شێوریێ ئەرمەنستانێ سێکتورا نەشرێ ، هنبۆن و پێداگۆزێ ، ۱۹۳۱ ، ۱۳۲ رق ، ب ئیل ، ۲۲سم • ت ۲۰۰۰ •

١٧ ــ فەتی • خەباتا پێوتێــرا وەلاتێ مــەدا • رەوان ، نەشرا دیوانا ئەرمەنستانێ ، ١٩٣١ ، ٢٢ رۆ ، ١٧ سم ، ت ٢٠٠٠ •

١٨ ــ خانجیان ، ئاغاسی • حەساڤداریا مەرکەز کۆما فرقا کومونستا (ب) ئەرمەنستانێ قورولتا هەشتا ف • ك (ب) ئەرمەنستانێ ب سەرکاریا هـ • مکرچیان تەرجما کر ر • درامبیان ، رەوان ، نەشرا حکومەتا شێورێ ئەرمەنستانێ ١٩٣١ ، ١٩٧ رۆ ، ١٨ سم ، ت ١٥٠٠ •

١٩ ــ چەچان • خوەندنا بۆرس ، ل و هلاننا نەخوەنــدیتێ ، رەوان ، نەشرا حوکمەتا شێورێ، ئەرمەنستانێ ، ١٩٣١ ، ٢٢ رۆ ، ١٧ سم، ت ١٥٠٠ •

٢٠ ــ قانونا ك ا م ێ ، تەرجما کر نوری ، رەوان ، نەشرەتا شێورێ ، ئەرمەنستانێ ، ١٩٣١ ، ١٣ رۆ ، ١٨ سم ، ت ١٥٠٠ •

١٩٣٢

٢١ ــ ئاخوندۆڤ، ی • بایداوا سوار• ژێ مەکتەبدە تێدە کورمانجرا• کتێبا سالا عەڤلن • رێــد • تێخنکێ خ • یزیبلی • باکی •نەشرا حوکمەتا ئازەرباجانێ ، ١٩٣٢ ، ١٠٣ رۆ ، ب ئیل ، ٢٦ سم ، ت ٢٠٠٠ •

٢٢ ــ ئاخونــدۆڤ ، یی رەیــا ســەوادە • لەمەکتەبــدە کورمانجان ژمەزانزا • کتابا سالا یەکن• باکی ، نەشرا حوکمەتــا ئازربایجانێ ١٩٣٢ ، ٥٥ رۆ ، ب ئیل و پۆرتر ، ٢٦ سم ، ت ٥٠٠٠ •

٢٣ ــ گاسپاریان ، س ١٢ کلام سەبا مەکتەبێ کورمانجا • تەرتیب کر س • گاسپاریان ، رەوان ، نەشرا حوکمەتا شێورێ ئەرمەنســتانێ ١٩٣٢ • ٢٠ رۆ ، ب نۆت ، ٢٦ سم ، ت ١٠٠٠ •

٢٤ ــ دەرهەقا بەرەڤ کرنا ئەسکەرێد تــەزە ، ١٩١٠ ســالێ بویی • رەوان ، نەشرا مەرکەز کۆما قەدادندنێ ج ش س فلستانێی ، ١٩٣٢ ، ١١ رق، ٢٠ سم ، ت ٢٠٠ •

٢٥ ــ درامبیان ، روبێن و عەڤدال ، اه کولخۆزنکێ دەربدار • کتێبا زمانێ کورمانجێ بۆنا کۆما چوار • ب سەر کاریبا هـ • مکرچیان حازرکرن : ر • درامبیان ، أ • عەڤدال ، رەوان ، نەشرا حوکماتا شێورێ ئەرمەنستانێ سێکتۆرا خوەندنێ و پێدا گۆزیێ ، ١٩٣٢ ، ١٠٥ رق ، ٢٢ سم ، ت ١٠٠٠ •

٢٦ ــ درامبیان ، روبێن ، دنیا تەزە • کتێبا زمانێ کورمانجێ سەبا کۆما پێنج و شەش و حەوت • حازرکرن : ر• درامبیان ، أ • عەڤدال ، ح • جندێ، ب سەر کارێتا هـ• مکرچیان • رەوان ، نەشرا حوکماتا شێورا ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٢ ، ١١٥ رق ، ب پۆرتر و ئیل ، ٢٣ سم ، ت ٥٠٠٠ •

٢٧ ــ عەفراندنا عەولن • تۆرکرنا ڤیسارا سێکســیا کورمانجا رەخ ئاسۆ سیاسیا ڤیسار چیایە فلستانیێ • (دو خەبار ــ ئــەمنێ عەڤــدال) • رەوان ، نەشرا حوکماتا شێورا فلستانیێ ، ١٩٣٢ ، ٧٢ رق ، ب پۆرتر ، ٢٢ سم ، ت ١٥٠٠ •

٢٨ ــ نکتین ، أ • ل • و یادن حێسابچایە بچك ، حسەیێ یەك • (لە مەکتەبە حاسابە) • باکی ، ئازەرنەشر ، ١٩٣٢ ــ ١٩٣٣ • ١٣٦ رق ، ب ئیل ، ٢٦ سم ، ت ١٥٠٠ •

بەر ب سەر ڤیسارێ : أ • ل ، نکتن ، یو • ف • پالیاکیڤۆ ، ق • ن• سیریناڤسکی •

٢٩ ــ نوری • عولمێ تەیەتێ ، کتێبا خەباتێ بۆنا مەکتەبا کولچاهێلا ،

تێخنکۆما • سالا پێنجا • رەوان ، نەشرەتـا حوکمـاتێ ۱۹۳۲ ، ۱٦٤ رق ، ب ئیل ، ۲۲ سم ، ت (تونە) •

۳۰ ــ نوری و فەتی • کتێبا سەیاسەتێی • (بۆنا مەکتەبا ، تێخنکوما و کولچاهلا • ژ ئەلفبایێ لیننزمێ) تەرتب کرن : نوری و فەتی • رێد • هـ • مکرچیان ، رەوان ، نەشرا حکوماتا شێورێ فلسـتانێ ، ۱۹۳۲ ، ۱۱٦ رق ، ۲۳ سم ، ت ۲۰۰۰ •

۳۱ ــ ساربێگیان ، س• ی خاچاتریان هـ • کتێبـا ماتماتیکایێ • سالا پێنجا خوندنێ ، حازر کر ك • ئیرسـیان ، رەوان ، نـەشرا حوکماتا شێورا ئەرمەنستانێ • سێکتورا نەشرا هنبۆن و پێـداگۆزیێ ، ۱۹۳۲ ، ۱۹۷ رق ، ۲۲ سم ، ت ۱۰۰۰ •

۳۲ ــ تومانیان ، هۆڤ هانیس • گکۆر • گوهاستن ژ زمانێ ئەرمەنیێ ئەمینی عەڤدال ، ح • جندی • رەوان ، نەشـرا دڤـانێ ، ۱۹۳۲ ، ٤۰ رق ، ب پۆرتر و ئیل ، ۲۲ سم ، ت ۳۰۰۰ •

۳۳ ــ ت• ج• ش• س• زانبونا دنیایێ • کتابا خەباتێ بـۆنا مەکتەبێ کولچاهلا و تێخنکوما • سـالا پێنجا • ژ کتـابێ م • ب ڤۆلف • ڤ • أ • گاڤارلۆڤ ، گ• ا • میبوس• گ • گ• شینبرگ تەرتیب کر نوری • ب ریداکتۆرتیێ جاسمێ جەلیل • رەوان ، نەشرا حوکماتێ ، ۱۹۳۲ ، ۲۰۵ رق ، ب ئیل ، ۲۳ سم ، ت ۷۰۰ •

۳٤ ــ فالێیڤ ، گریگوری ئیڤانوڤچ • کتێبا خەباتا فزکێ (بۆنا مەکتەبێد حەوت سالی و تێخنکۆما کورمانجا) • سالا پێنـج ، سـیمسترا عەولن • تەرتیبکر ڤ • پێتۆیان ، رەوان ، نەشـرا حوکماتا شـێورا ئەرمەنستانێ ،

سێکتۆرا نەشرێ هنبۆن و پێدا گۆگیێ ، ۱۹۳۲ ، ۹۰ رق ، ب ئیل ، ۲۲ سم ، ت ۲۵۰۰ ٠

۳۵ ــ خاچاتریان ، أ ٠ زمنامەیێ کورمانجی ، رەوان ، نەشرا حوکماتا شێورێ ئەرمەنستانێ ، ۱۹۳۲ ، ۹٦ ، ۳۹ رق ، ۲۲ سم ، ت ۳۰۰۰ ٠

بەر ب سەرتفیسارێ : پرۆف ٠ أ ٠ خاچاتریان پەرێ تت و تێکست ب زمانێد کورمانجی و ئەرمەنیا ٠

(حەفت کۆسە ٠ مەحمــودێ تێچیرڤان ، عوسمانێ پالەڤان ، ئەسەدێ دەڤدار و یا دنێ) ٠ ل کت خاچاتریان ، أ ٠ زماننامەیی کورمانجی، أ ٠ رەوان، ۱۹۳۲ ، ۱۰ ــ ۳۹ رق) ٠

۳٦ ــ چاچان ، أ ٠ شەڕ بۆنا چاندنیا بهارێیە سسیا ٠ رەوان ، نەشرەتا حوکمەتا شێورێ ، ۱۹۳۲ ، ۳۷ رق ، ۲۲ سم ، ت ۱۵۰۰ ٠

۳۷ ــ جندێ ، ح بەیراقا سۆر ٠ بۆنا کۆما عــەولن ٠ رەوان ، نەشرا حوکومەتا شێورا فلستانێ ٠ سێکتۆرا هنبۆن و پێداگوگیێ ، ۱۹۳۲ ، ۱۰۵ رق ، ب ئیل ، ۲۵ سم ، ت ۱۰۰۰ ٠

۳۸ ــ جندێ ، ح ٠ عەمرێ تەزە ٠ بۆنا کۆمــا دۆدا ، رەوان ، نەشرا حوکومەتێ ــ سیکتۆرا پێداگوگیێ خوەندنێ ، ۱۹۳۲ ، ۵۸ رق ، ب ئیل ، ت ۱۰۰۰ ٠

۳۹ ــ جندێ ، ح ٠ مێتودکا زمــانێ کورمانجی ، بۆنــا خوەنەدایێ خوەندن خانیێ دەرەجــا عــەولن ٠ رەوان ، نەشــرەتا حوکمــەتا شێورێ ئەرمەنستانێ ، ۱۹۳۲ ، ۳۰ رق ، ۲۲ سم ، ت ۱۰۰۰ ٠

جندێ ، ح • قوتیا دۆ دەرمانا • (پێسا) (ل کتێبێ : چاچان أ• شەڕ بۆنا چاندنیا بهارێیە سسیا • رەوان ، ۱۹۳۲ ، رۆ ۲٦ ــ ۳۱) •

۱۹۳۳

٤۰ ــ ئامۆسۆڤ ، ن • حکیات ، دەرهەق عەیسـادا • تەرجمەکر ر • درامبیان • رێد جاسمێ جەلیل ، رەوان ، نەشـرەتا فرقێ سـێکتۆرا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳۳ ، ۳٤ رۆ ، ۱۸ سم ، ت ۱۵۰۰ •

٤۱ ــ ئاندرێی • شرۆڤەکرنا ئنقلابا سالا ۱۹۰۵ پێوتێرارا • گوهاست ح• جندێ ، رەوان ، نەشرەتا حوکماتا شێورێ ، فلستانێ ۱۹۳۳ ، ۱٦ رۆ ، ۱۸ سم ، ت ۱۰۰۰ •

٤۲ ــ گێنجۆ ، گ چییە م و پ ر حازرکر گ • گەنجـۆ • رێد ب• مەمۆ ، رەوان ، نەشرا حوکماتا شێورێ فلستانێ ، ۱۹۳۳ ، ۳۱ رۆ ، ۱۸ سم ، ت ۱۰۰۰ •

٤۳ ــ عەڤدال ، أ • کتێبا زمانی کورمانجی بۆنا ، کوما چارا • چێکر ئەمینێ عەڤدال رێد : هـ • مکرچیان ، أ • مۆڤسیسیان ، جاسـمێ جەلیل ، رەوان ، نەشـرا حوکماتا شـێورێ فلستانێ ــ ۱۹۳۳ ، ۱۷٤ رۆ ، بئیل ، ۲۳ سم ، ت ۱۰۰۰ •

٤٤ ــ لێنن • ڤلادیمر ئیلچ • دەرهەقا ئینقلابا سالا ۱۹۰۵ ــ آداکلات سالا ۱۹۱۷ ، ۲۲ێ کاتونێ ، چڤاتا پالێ جاهلادا تسورخێ • تەرجمەکر ر • درامبیان • رێد • جاڤدار جاسمێ جەلیـل ، رەوان نەشـرا فرقێ سێکتسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳۳ ، ۳۸ رۆ ، ۱۷ سم ، ت ۱۵۰۰ •

٤۵ ــ لێنن ، ڤلادیمر ئیلچ • فردریك ئینگلس ، تەرجمەکرن : نوری و

جاسمێ جەلیل ، رەوان ، نەشرا حوکماتا شێوریێ فلستانیێ ، ١٩٣٣ ، ٢٣ رۆ ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

٤٦ ــ ناڤاساردییان ، أ • تراخۆما (چەڤێشا چەڤا) ژ نەشربۆنا فلەیێ (ئەرمەنێ) دۆدا تەرجمەکرن : زەیناڤا ئڤۆ و ح • جندێ • رێدە أ• عەڤدال • رەوان ، نەشرەتا حوکماتا شـێوریێ فلســتانێ ، ١٩٣٣ ، ١٢ رۆ ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

پێس‌دا سەرنڤیساریێ : دۆختر أ • ناڤاساردیان •

٤٧ ــ نوری ــ خوەییکرنا پێزناڤ کولخۆز ، سۆڤخۆزا و گوندادا ، تەرتیب‌کر نوری • رەوان ، نەشرا حوکمەتا شێورا فلستانێ ١٩٣٣ ، ٤٣ رۆ ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

٤٨ ــ پۆپۆڤا ، ناتالییا سێرگێڤنا • حەســاو • سالێ ئەڤــەل ــ سەوا خیزانان لە کولیگێ کومیســاریاتێ مەعــارفی تورکمەنستانێ تەســدق بۆ ئیشقاباد ، نەشریاتی دەولەتیێ تورکمەنستانێ ، ١٩٣٣ ، ٨٢ رۆ ، ٢٣ ســم ، ت ١٠٠٠ •

٤٩ ــ سەرهاتییا کارل مارکس • تەرجمەکرن نوری و جاسمێ جەلیل ، رەوان ، نەشرا حوکمەتا شــێورا فلســتانێ ، ١٩٣٣ ، ٦٤ رۆ ، ب پۆرتر ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

٥٠ ــ ستالین ، ا • ف دەرهەق پرســێد سەیاســەتییا ئیڤراریێ تڤاڤا شێوریێ • دەرهەڤا پرسا سەیاسەتییا هلاندنا کولاکا چاوا سنف سەرگەڕاندن پێشداهتنا پێشدا چوینا • جار هەڤالێ کولخوز نکارا • ب سەرکارییا هـ • مکرچیان ، تەرجمەکر ر • درامبیان • (یرێڤان) ، نەشرا فلستانێ ، ١٩٣٣ ، ٥٧ رۆ ، ٢٢ سم ، ت ١٠٠٠ •

٥١ ــ ستالین ، یوسف ڤساریونوڤچ • تەمبێ لێنن • خەبەردانا هەڤالێ ستالین هەمجفاتا دووا شـێورا تڤاقا ج ش س (تەرجمـەکر ر• درامبیـان رێد ــ جاسمێ جەلیل) • رەوان ، نەشرەتا فرقێ سێکتسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٣ ، ٢٠ رق ، ب پورتر ، ٢٥ سم • ت ١٥٠٠ •

٥٢ ــ خانجبیان ، ئاغاسی • ئالتکرنا پێنج سالێی و شێورا فلستانێ • دوکلاد جڤاتا ئاکتڤێ رێوانێ فرقه چیپـا ، پرۆڤتڤاقێ و کومسمۆلا • سـالا ١٩٣٣دا ٢٢ ێ مەها کاتوتێدا ، زۆڗا تێمامبونا ٩ سالیا وەفات بونا (مرنـا) لێنن • تەرجمەکر ر• درامبیان • رێد • جاڤدار جاسمێ جەلیـل • رەوان ، نەشرەتا فرقێ ــ سێکتسیێا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٣ ، ٥١ رق ، ٢٣ سـم ، ت ١٥٠٠ •

٥٣ ــ خانجبیان ، ئاغاسی ، ب ریبا شەڕکرنێ و ئالتکرنیڤا • (تەرجمەکر ر • درامبیان • رێد• جاڤدار جـاسمێ جەلیـل)• رەوان ، نـەشرا فرقێ ، سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٣ ، ٤٨ رق ، ١٨ سم ، ت ١٥٠٠ •

٥٤ ــ خەبەرنامه ژ زمانێ فلەیێ ــ کرمـانجێ • تـەرتیبکرن : ف • پێتێویان ، أ• عەڤدال ، ح• جندێ ، ج• گێنجۆ • رێد پرۆڤ • ا• خاچاتریان، پرۆف • گ• غاراتنسیان ، رەوان ، نەشرا حوکوماتا شێورا فلستانێ ، ١٩٣٣، ٣٣٠ رق ، ٢٦ سم ، ت ١٠٠٠ •

٥٥ ــ شاڤارشیـان ، ا• و ڤاراندیـان ، ل• ماتیماتکـا • بۆنا کۆما سالاعەولن• تەرجمەکر حاجێی جندێ• ژ ئالیێ کۆلێگیا کومساریاتا رۆنکایا جماعەتێ هاتیه قەبـولکرن • رەوان ، نەشرا حوکمەتـا شێورا فلسـتانێ • دەرەجا نەشرەتا کورمانجا ، ١٩٣٣ ، ١٠٧ رق ، ب ئیل ، ٢٢ سم ، ت ٢٠٠٠ •

٥٦ ــ شاڤارشیان ، ا• و ڤاراندیان ل• ماتێماتیکا • بۆنا کۆما دۆدا •

تەرجمەکر ئەمینێ عەڤدال • (رێد • اە مۆڤسیسیان ، هە مکرچیان ، جاسمێ جەلیل) • رەوان ، نەشرا حوکومەتێ سێکســیا کتێبێ کورمــانجا ، ۱۹۳۳ (۱۹۳٤) ، ۱٤۰ رق ، ۲۳ سم ، ت ۲۰۰۰ •

۵۷ ــ شاڤارشیان ، اە و ڤاراندیان ، ل• ماتێماتیکا • بۆنا سالا سسیاە تەرجمەکر ر• درامبیان رێد : اە مۆڤسیسیان هە مکرچیان ، جاسمێ جەلیل، رەوان ، نەشرا حوکمەتێ سێکســیا کتێبێ کورمانجــا ، ۱۹۳۳ ، ۱۳۸ رق ، ب ئیل ، ۲۵سم (کولیگییا کومساریاتا رونکایێ قەبول کریە)• ت ۲۰۰۰ •

۵۸ ــ شاڤارشیان ، اە و ڤاراندیان ، ل• ماتێماتیکا • بۆنا سالا چارا • تەرجمەکر ر• درامبیان • (رێد : اە مۆڤسیسیان هە مکرچیان ، جاســمێ جەلیل) • رەوان ، نەشرا حوکمەتێ سێکسیا خوەندنێ ، ۱۹۳۳ ، ۲۷٤ رق ، ۲۰ سم ، ت ۳۰۰۰ •

۵۹ ــ جندێ ، ح• بەیراڤا سۆر ، کتێبا ئەلفبا • بۆنا ســالا عەولن ، رەوان ، نەشرا حوکمەتا شێورا فلستانێ ، ۱۹۳۳ ، ۷۹ رق ، ب ئیل ، ۲٦ سم (کومسیاراتا رۆنکایا جماعەتێ ، سێکتورا عیلمیا مێتۆدا) • ت ۲۰۰۰ •

٦۰ ــ جندێ• ح• کولخۆزڤانێ دەربدار• ئەلفبــا بۆنــا مەزنا [رێد : م• سانترۆســیان ، اە مۆڤسێسیان] • رەوان ، نەشــرا حکومەتا شێورا فلستانێ ، ۱۹۳۳ ، ٦۱ رق ، ب ئیل ، ۲۳ سم ، ت ۳۰۰۰ •

٦۱ ــ جندێ ، ح• کتێبا زمانێ کورمانجێ • بۆنا کۆماسسیا • حازرکر حاجیێ جندێ • [رێد : اە مۆڤسێسیان ، هە• مکرتچیان] • رەوان ، نەشرا حوکمەتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳۳ ، ۱۲۰ رق ، ب ئیل ، ۲۳ ســم ، ت ۲۰۰۰ •

٦٢ ــ گازاريان ، ا. گڕ • تەرجمەكر ح. جندێ • [رێد • ا. عەڤدال].
رەوان ، نەشرەتا حوكمەتا شێورا فلستـانێ ، ١٩٣٣ ، ٣١ رۆ ، ١٨ سـم ،
ت ١٠٠٠ • بەر ب سەر ڤيسارێ دوختۆر أ. گازاريان •

١٩٣٤

٦٣ ــ ئاليكسانيان ، ا. ب. تفـا ب لاكه • (ب شكلاڤا) • تەرجمەكر
ر. درامبيان رێد • چاڤدار جاسمێ جەلێل) رەوان ، نەشرا حوكمەتێ سێكسيا
كتێبێ كورمانجا ، ١٩٣٤ ، ٥٤ رۆ ، ١٧ سم ، ت ١٠٠٠ •

٦٤ ــ ئاخوندۆف ، ی. و شاهسوڤارۆڤ س. سـالێ دۆدوين كتابـا
خوەندنێ سالێ دۆدوه • ژ تەرەفێ لا. م. ت. جس‌س‌أ تەستغ بۆيه • رێـد
م. شاهسوڤارۆڤ • باكى ، ئازەرنەشر ، شـۆعبێ تەدرسـێ پێداگۆزێ ،
١٩٣٤ ، ٩٤ رۆ ، بـئيل ، ٢٣ سم ، ت ٢٠٠٠ •

٦٥ ــ گورڤتس ، جو. و. گانگنوس ر. ڤ. زانبۆنا عەولن دەرهەقا
عەرد پڤاندنێ كتێبا دەرسێ : بۆنا مەكتەبێ دەرەجێ ئۆرته • بۆنا خوەندنـا
سالا پێنجا • تەرجمەكر ر. درامبيان • رێدجـاڤدار : جـاسمێ جەلێـل •
هاتيه قەبولكرنێ ژ ئاليێ كوليگيا لا. ر. ت. س ، رەوان ، نەشرەتا حوكمەتێ
سێكسيا كتێبێ كرمانجا ، ١٩٣٤ ، ٨٠ رۆ ، ٢٣ سم ، ت ٢٠٠٠ •

٦٦ ــ ماياكيان • دەرهەقا خوەييكرنا پێزدا • (زو ــ منوما هەژواتێد
گر ب سترو) • تەرجمه كر ر. درامبيان • رێد جاسمێ جەلێـل • رەوان ،
نەشرا حوكمەتێ سێكسـيا كتێبێ كورمـانجا ، ١٩٣٤ ، ٣٥ رۆ ، ١٨ سـم
ت ١٠٠٠ •

٦٧ ــ ئيلبگيان ، ه • زانبۆنا دونيايێ • كتێبا دەرسـێ بۆنا دەرەجا
عەولن • پارايەك • بۆنا سالاسسيا • تەرجمەكر جاسمێ جەليل ، رێد • س •

کراکۆسیان ، رەوان ، نەشرا حوکمەتێ ، سیکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٤ ، ٩٨ رو ، ب ئیل ، ٢٢ سم ، ت ٢٠٠٠ •

٦٨ ـــ عەڤدال ، أ • کتێبا زمانێ کورمانجێ • بۆنا کۆما پێنجا • چێکر ئەمینێ عەڤدال • (رێد س• کراکۆسیان ، جاسمێ جەلیل) • رەوان، نەشرا حوکومەتێ ، سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٤ ، ١٦٨ رو ، ب ئیل ، ٢٣ سم، ت ٢٠٠٠ •

٦٩ ـــ عەفراندنا ڤیسکارێ کورمانجا دودە • حازرکر حاجیێ جندێ • رێد هراچیا کۆچار • رەوان ، نەشرا حوکومەتێ سێکسیا ڤیسکارێ کورمانجا ، ١٩٣٥ (؟) ، ٧٠ رو ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ •

٧٠ ـــ زارافیان، م• ئابراهمیان، ڤ• عولمێ تەبیەتی• بۆنا کۆماسسیا • ژ ئالیێ دەرەجا مەکتەبا کومسارییاتا رونکایێ هاتیە مەحکەمکرنێ • (رێد • جاڤدار : جاسمێ جەلیل • تەرجمەکر نوری) • رەوان نەشرا حوکومەتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٤ ، ١٠٣ رو ، ٢٢ سم ، ت ٣٠٠٠ •

٧١ ـــ ماڤاکیان ، ه • خوەبیکرنا جیێ چێرا و مێرگا • تەرجمەکر ر • درامبیان • رێد جاسمێ جەلیل • رەوان ، نەشرا حوکومەتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٤ ، ٥٣ رو ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

٧٢ ـــ مارگاریان ، پ • ه • سلامەتیا ژنا تەرجمەکر ح • جندێ • [رێد • ج• گێنجۆ] • رەوان نەشرا حوکومەتا شێورا فلستانێ ، ١٩٣٤ • ٢٥ رو ، ١٨ سم • (کومسارییاتا حەکیمیا جماعەتێ) • ت ١٠٠٠ بەر ب سەر ڤیساریێ : دوختر پ • ه • مارگاریان •

٧٣ ـــ مارکس کارل‌و و ئینگلس فردریك • مانیفستا کومونیستا •

تەرجمەكر ر . درامبيان . (رێد : هـ . مكرچيان ، ج جه ا . مۆڤسيسيان و ح . جندێ) . رەوان ، نەشرا فرقێ سێكسيا كتێبێ كرمانجا ، ١٩٣٤ ، ٧١ رو ، ٢١ سم ، ت ٣٠٠٠ .

٧٤ ـــ نورى . شەوقا ســبێ . پۆڤيســتێد چوك . رەوان ، نەشرا حوكمەتێ سێكسيا كتێبێ كورمانجا ، ١٩٣٤ ، ٦٣ رو ، ٢٣ سم ، ت ١٥٠٠ .

٧٥ ـــ پۆپۆفا ، ناتاليا سيرگێڤنا . كتێبــا حێسيب . حســەبا يەك . تەدرسا سالێ يەكن ژســنفێ يەكنڕا . ژ ئــالى خ مكێ هاتيــە قەبولكرن . [جێڤرەنى : ج. نەقێف. رێد. نەجەف عەلێڤ]. باكو ، نەشرياتا حوكمەتێ ئازربايجانێ ، ١٩٣٤ ، ٦٠ رو ، ٢٣ سم ، ت ٢٠٠٠ .

٧٦ ـــ پۆپۆڤا ، ناتاليا سێرگيێڤنا . كتێبا حێسيب . حسادوين . ژسنفێ دوينڕا . ژ ئاليى خەلك مەعارف كومسارلوغێ هاتيا قەبولكرن . ڤەرگەڕاند . س . نەگێڤ . رێد : س . نەجەف عــەلێڤ . بــاكى . تەدرس پێداگوزى سەبەيا ، ١٩٣٤ ، ٦٨ رو ، ٢٣ سم ، ت ٢٠٠٠ .

٧٧ ـــ پۆپۆڤا ، ناتاليا سيرگيێڤنا . حەساو . سەڤا مەكتەڤێد ئەبتيدايڕا بو لكى دووەم . سالێ تەحسيلێ . ژ ئالى ك م خ ج س ش ت تەسدق و بشقاباد ، نەشــرەتێ دەولەتيە توركمێنســتانێ ١٩٣٤ ، ٧٦ رو ، ٢٣ سم ، ت ١٠٠٠ .

٧٨ ـــ ستالين ، يوسف ڤيساريۆنوڤچ داكلادا حەســاڤدارتيێ دەرهەقا خەڤاتا مەركەز كۆمــا ف . ك (ب) هەمتڤــاقيێ دهەمجڤاتا فرقێ حەڤدادا . [تەرجمەكر ر . درامبيان رێد هـ . مكرچيان ، جاسمێ جەليل] . رەوان ، نەشرا فرقێ ، ١٩٣٤ ، ١٠١ رو ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ .

۷۹ ــ ستالین ، یوسف ڤیساریۆنوڤچ • خەبەر دانا هەڤ • ستالن هەمجڤاتا عەولنە هەمتفاقییێ کولخۆزڤانێ دەربدارا ، ۱۹۳۳ س • نۆزدا سەباتێ • تەرجمەکر ر • درامبیان • رێد جافدار جاسمێ جەلیل • رەوان ، نەشرا فرقێ ، سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳٤ ، ۳۱ رق ، ۱۸ سم ، ت ۱۵۰۰

۸۰ ــ تێتوریێڤ ، ڤلادیمیر ئالیکسیڤچ • عولمێ تەبیەتێ • کتێبادەرسێ بۆنا خوەندنا سالا چارا دەرەجا عەولن حازرکرن : م • زارافیان • ڤ • ئابراهمیان ، تەرجمەکر ر • درامبیان • رێد : س • کراکۆسیان ، جاسمێ جەلیل ، رەوان ، نەشرا حوکمەتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳٤ ، ۱۵۲ رق ، ب ئیل ، ۲۲ سم ، ت ۲۰۰۰ •

۸۱ ــ تێمور، س سەرهاتییا ئوردییا سۆر و ریا وێ دەویدا • تەرتیبکر شەمزێ تێمور • رەوان ، نەشرەتا حوکمەتێ ۱۹۳٤ ، ۱۰۹ رق ، ۲۱ سم ، ت ۵۰۰ •

۸۲ ــ تومانیان ، هۆڤ هاتێس • ئانوس ، پۆیەم تەرجمەکر ر • درامبیان • [رێد • هـ • کۆچەر ، جاسمێ جەلیل ، ح • جندێ] • رەوان ، نەشرا حوکمەتێ ــ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳٤ ، ٦٤ رق ، ب ئیل ، ۱۸ سم ، ت ۱۰۰۰ •

۸۳ ــ خانجیان • ئاغاسی حەسابدارتیا مەرکەز کۆما ف • ك (ب) فلستانێ هەمجڤاتا نوا ف• ك (ب) ف دا• (سالا ۱۹۳٤دا ۱۰ ــ ۱٤ کانونێ) • داکلادا کاتبێ مەرکەز کۆما ف • ك (ب) فلستانێ هەڤ • أ • خانجیان • تەرجمەکر ر• درامبیان • [رێد کرن : هـ• مکرچیان ، جاسمێ جەلیل] • رەوان، نەشرا فرقێ ، سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳٤ ، ۱٦٤ رق ، ۱۸ سم، ت ۱۰۰۰ •

سەرکراسێ کتێبێ : شێورا فلستانێ ب ریا چێکرنا سۆسیالزمێ .

٨٤ ــ هایدار ، ئارکادیێ . حکیات دەرهەقا سورا سەفەریێ . (دەرهەقا زار ــ زارۆکێ و دەرهەقا خەبەرا وی قەون) . شکل یێ ڤ . کونا شیڤچ . (تەرجمەکر جاسمێ جەلیل) . رەوان ، نەشرا حوکوماتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٤ ، ٢٤ رق ، ب ئیل ، رەنگێ ، ٣٠ سم ، ت ١٠٠٠ .

٨٥ ــ شالچیان ، هـ . ریاتەزە . پێیسا . ژ سێ پەردا ، ب شکلەکڤا تەرجمەکر ح . جندێ (رێد . ج گێنجۆ و ج . جەلیل) . رەوان ، نەشرا حوکوماتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٤ ، ٥٧ رق ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ .

٨٦ ــ شاخسوارۆڤ ، س. و. ئاخوندۆڤ أ. ئەلفبا ژ ئالیێ خ م ك ێ هاتیە قەبولکرن . باکی ، سەبێ تەدرس ــ پێداگۆزێ ، ئازەرنەشرێ ، ١٩٣٤ ، ٨٠ رق ، ب پۆرتر ، ٢٣ سم ، ت ٢٠٠٠ .

٨٧ ــ جندێ. ح. کتێبا زمانێ کورمانجی . بۆنا مەزنا . (نەخوەندیا و ئڤخوەندیارا) ، [رێد : أ . مۆڤسیسیان ، هـ . مکرچیان جاسمێ جەلیل] . رەوان، نەشرا حوکوماتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا، ١٩٣٤ ، ٧٤ رق، ب ئیل، ٢٣ سم ، ت ٥٠٠٠ .

٨٨ ــ جندێ . ح . کتێبا زمانێ کورمانجی . بۆنا سالا دۆدا . حازرکر حاجیێ جندێ. رێد. أ. مۆڤسیسیان ، هـ . مکرچیان ، جاسمێ جەلیل . رەوان ، نەشرا حوکوماتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٤ ، ٧٨ رق ، ب ئیل ، ٢٣ سم ، ت ٥٠٠٠ .

٨٩ ــ جندێ ، ح . کتێبا زمانێ کورمانجی ئەلفبا بۆنا سالا عەولن .

[رێد • ه • مکرچیان ، أ • مۆڤسیسیان ، جاسمێ جه‌لیل] • ره‌وان ، نه‌شرا حوکوماتێ ، سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٤ ، ٧٨ رۆ ، ب ئیل ٢٢ سم ، ت ٦٠٠٠ •

٩٠ ــ گازاریان ، أ• تفازك • (ب شکلاڤا) [ته‌رجمه‌کر ر• درامبیان • رێد جاڤدار ج• جه‌لیل] • ره‌وان ، نه‌شرا حوکوماتێ ، ١٩٣٤ ، ٣٢ رۆ ، ب ئیل ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

٩١ ــ قانۆن ده‌رهه‌ڤا بژارتنا شێورێ بـــازارا و گونـــدا ، و ده‌رهه‌ڤا گازکرنا هه‌مجڤاتێ شێورێ • ره‌وان ، نه‌شرا مه‌رکه‌ز کۆمـــا شـــخولکارییا ١٩٣٤ ، ١٥ رۆ ، ٢٢ سم ، ت ٥٠٠ •

١٩٣٥

٩٢ ــ ئالاڤیردیان ، ل • خه‌ڤاتا جان ســـاغیێ مه‌کته‌بادا ، کولیکتیڤادا وزۆزاندا • [ته‌رجمه‌کر و • باکۆیڤ رێد • جاسمێ جه‌لیل] • ره‌وان ، نه‌شرا حوکومه‌تا ئه‌رمه‌نستانێ ، سێکسیا کتێبێ کرمانجا ، ١٩٣٥ ، ٨٠ رۆ ، ب ئیل ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ •

٩٣ ــ ئاروتونیان ، گر • حه‌یوانێ کولخۆزێ ژ نه‌خوه‌شییا چاوا بێنه خوه‌یکرنێ • رێد جاڤدار جاسمێ جه‌لیل • ته‌رجمه‌کر ر• درامبیان ، ره‌وان ، نه‌شرا گوندتیێ ، ١٩٣٥ ، ٨٠ رۆ ، ١٩ سم ، ت ١٠٠٠ •

٩٤ ــ باخانۆڤسکایا ، یلێنا • کراستاپۆر کولومبۆس • شکلیێ ك • س پێترۆڤ ــ ڤۆدکینن• [ته‌رجمه‌کر ر• درامبیان ، رێد ، جاڤدار جاسمێ جه‌لیل] ره‌وان ، نه‌شرا حوکوماتێ ، ١٩٣٥ ، ٣١ رۆ ، ب ئیل ، ٢٢ سم ، ت ٢٠٠٠ •

٩٥ ــ ڤسێسڤیاتسکی ، بۆرس ڤاسـلیڤچ زانبوٚنـا عەمرێ هێشنابی (بوٚتانکا) • کتێبا دەرسێ • بوٚنا مەکتەبێ ئوٚرتە • بوٚنا سالا خوەندنێ پێنجا و شەشا زنەشرا دوٚدا (ژ ئالیێ کوٚلێگیا کومساریاتا رونکایا تفاقا شێوریێ هاتیە قەبوٚلکرنێ) •

(تەرجمەکر ر • درامبیان • رێد : هـ • مکرچیان جاسمێ جەلیل ، أ • موٚڤسسیان) • رەوان ، نەشرا حوکمەتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٥ ، ١٩٥ رو ، بئیل ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ •

٩٦ ــ گرنبێرگ ، ئانا • مقابلی لێنن جێڕباندنا کوشتنێ • تەرجمەکر

أ• چاچان • رێد ح• جندی • رەوان ، نەشرا حوکـومەتێ سێکسـیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٥ ، ١٨ رو ، ب پوٚرتر ، ١٧ سم ، ت ١٠٠٠ •

٩٧ ــ عەڤدال ، ا• بهار • شکلکشاندیە ش• هوٚڤاهانیسیان ، رەوان نەشرا حوکماتێ ، ١٩٣٥ ، ٣٦ رو ، بئیل ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

٩٨ ــ کوٚچار ، هراچیا ، خەجێ • تەرجمەکر ح• جندێ [رێدە• جاسمێ جەلیل ، ج گێنجوٚ]• رەوان ، نەشرا حوکمەتا ئەرمەنستانێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٥ ، ٦٨ رو ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

٩٩ــ مارکس ، کارل خەڤاتا هەقی و کاپیتال • ب خەبەرا پێشنە ف• ئینگلس • تەرجمەکرن : جاسمێ جەلیـل ، روٚبێن درامبیـان [رێدە• س• کراکوٚسیان] • رەوان ، نەشرا فرقێ ، سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٥ ، ٦٨ رو ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ •

١٠٠ ــ مرازی ، أ• زەمانێ جویی • ژ ژنا قەدەرەك کورمانجێد وەلاتێ روٚمێ بەری حەربا عمومێ (١٩١٤س) • [رێدە• ح• جندێ جاسمێ جەلیل ،

ج. گێنجۆ] . رەوان ، نەشرا حوکمەتێ . سیکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳۵، ۵۲ رق ، ۱۷ سم ، ت ۵۰۰ ، سەرپێیوێ : پێیسا ب سێپەردا .

۱۰۱ ــ مۆڤسیێسیان ، ساهاك ، زماننامَا کورمانجێ . (کن) بۆ نا مەکتەبێ دەرەجا عەولن . کونسولتانت أ. غاریبیان . رێد : ئەمینێ عەڤدال ، جاسمێ جەلیل ، رەوان ، نەشرا حوکمەتێ سیکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳۵ ، ۷٤ رق، ۲۲ سم ، ت ۲۵۰۰ .

۱۰۲ ــ نادری ، و. نۆبار . [رێد. جاڤدار جاسمێ جەلیل] . رەوان ، نەشرا حوکوماتا ئەرمەنستانێ ، سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳۵ ، ۹۲ رق ، ۱۸ سم ، ت ۱۰۰۰ .

۱۰۳ ــ نادری ، و. رەڤاژنێ . پێیسە ، بۆنا تاترۆنێ کورمانجا ژ چار پەردا . [رێد. جاسمێ جەلیل ، ح. جندێ ، ج. گێنجۆ] . رەوان ، نەشرا حوکومەتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳۵ ، ۲۹ رق ، ۱۷ سم ، ت ۱۰۰۰ .

۱۰٤ ــ ڤیسکارێ کورمانجا شێورێ . عەفراندنا سسیا . حــازرکر ح. جندێ [رێد. هـ. مکرچیان . شکلژێ م. هاروتونیان] رەوان ، نەشرا حوکماتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجــا ، ۱۹۳۵ ، ٦۰ رق ، بـئیــل ، ۱۷ سم ، ت ۱۰۰۰ .

۱۰۵ ــ پۆپۆڤا ، ناتالیا سێرگیێڤنا . کتێبا ئەرفمێتکێ . بەرەڤکرن و هینبۆنا مەسەلێ وانا . بۆنا دەرس خانا سسیا [رێد. جاڤدار جاسمێ جەلیل. تەرجمەکر ج. بەکۆییێف] . رەوان ، نەشرا حوکمــاتێ ــ سیکســیا کتێبێ کورمانجا ، ۱۹۳۵ ، ۸٦ رق ، ۲۱ سم ، ت ٤۰۰۰ .

۱۰٦ ــ پۆپۆڤا ، ناتالیا سێرگیێڤنا . کتێبا ئەرفمتیکێ . بۆنا دەرسخانا

عەولن ، تەرجمەکر جاسمێ جەلیل [رێد : ح. جندێ]، رەوان . نەشرا حوکمەتێ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٥ ، ٧٨ رۆ ، ٢١ سم ، ت ٥٠٠٠ .

١٠٧ ــ پۆپۆڤا ، ناتالیا سێرگیێڤنا . کتێبا ئەرفمتێکی . بۆنا دەرسخانا دۆدا . [رێد. جاڤدار : جاسمێ جەلیل . تەرجمەکر چ. بەکۆیێڤ]. رەوان ، نەشرا سیکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٥ ، ٨٨ رۆ ، ٢٢ سم ، ت ٥٠٠٠ .

١٠٨ ــ سراس. مەمێ و عەیشێ. پۆیەما جماعەتا کورمانجا. تەرجمەکر ح. جندێ.[رێد. جاسمێ جەلیل ، ج. گێنجۆ شکلکێش س.هۆڤانیسیان]. رەوان ، نەشرا حوکمەتێ ١٩٣٥ ، ٤٠ رۆ ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٠٩ ــ تۆلستۆی ، لێڤ نیکولاڤێچ . شرۆڤەکرن. دەرهەڤا حەیوانادا. بۆنا زارا . [رێد. چاڤدار : جاسمێ جەلیل. تەرجمەکر ر. درامبیان]. رەوان، نەشرا حوکمەتێ ، ١٩٣٥ ، ٦٨ رۆ ، ب.ئیل ، ٢٦ سم ، ت ١٠٠٠ .

١١٠ ــ تومانیان ، هۆڤ هانیس. سە و پشیك تەرجمەکر جاسمێ جەلیل . خەباتێ لیتۆگرافێکر دانچۆ. رەوان ، نەشرا حوکمەتێ، ١٩٣٥ ، ١٥ رۆ ، ب.ئیل ، ١١ سم ، ت ١٠٠٠ .

١١١ ــ تومانیان . هۆڤ هانێس . کالکێ گابۆ چەڤا کورێ هەڤرمبش خـڤەیی دکە. [تەرجمەکر جاسمێ جەلیل. شکلێ هۆڤە . شەڤارس] . رەوان ، نەشرا حوکومەتا ئەرمەنستانێ ــ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ١٩٣٥ ، ٨ رۆ ، ب ئیل ، رەنگێ ، ٣٠ سم ، ت ١٠٠٠ .

١١٢ ــ ڤالێڤ، گریگۆری ئیڤانوڤیچ و پێرشکن ئەلیکساندەر ڤاسیلڤچ. فزکا . کتێبا دەرسێ بۆنا مەکتەبێ دەرەجێ ئۆرتە . پارا عەولن . بۆنا سالا خوەندنێ شەشا تەرجمەکر ڤ. پێتۆیان (رێد. جاسمێ جەلیل و یی دنێ) رەوان ، نەشرا حوکمەتێ ، ١٩٣٥ ، ١٣٨ رۆ ، ب ئیل ، ٢١ سم ، ت ٢٠٠٠ .

١١٣ ــ خاچاتريان ، اٚ و جندێ ح٠ زمانناميا كورمانجێ بۆنا دەرسداراو مەكتەبێ ناڤن ٠ [كونسولتانت اٚ غاريبيان ٠ رێد : اٚ عەڤدال ، جاسمێ جەليل ، جەردۆيێ گێنجۆ] ٠ رەوان ، نەشرا حوكوماتێ سێكسيا كتێبێ كورمانجا ، ١٩٣٥ ، ١٣٤ رۆ ، ٢١ سم ، ت ١٥٠٠ ٠

١١٤ ــ شالجيان ، ح٠ د ژێيا دەولەمەدبۆيێدا ٠ پێيس ژ ٨ پەردا تەرجمه [كر] ح٠ جندێ [رێد ٠ جاسمێ جەليل ، جەردۆيێ گەنجۆ] ٠ رەوان ، نەشرا حوكومەتا ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٥ ، ٥٩ رۆ ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ ٠

١١٥ ــ شاميلۆڤ ، عەرەب ٠ شڤانێ كورمانجا ٠ [رێد ٠ جاڤدار : جاسمێ جەليل] ٠ رەوان ، نەشرا حوكمەتێ ، ١٩٣٥ ، ١٥٥ رۆ ، بپۆرتر ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ ٠

١١٦ ــ شەرۆ ، ع٠ برقاندنا عەولن [رێد : جاسمێ جەليل ، س٠ تاروتسی]٠ رەوان ، نەشرا حوكومەتێ ــ سێكسيا كتێبێ كورمانجا ، ١٩٣٥، ٣٤ رۆ ، ١٧ سم ، ت ١٠٠٠ ٠

١١٧ ــ جندێ ٠ ح٠ و يێ دنێ ٠ كتێبا زمانێ كورمانجێ٠ بۆنا دەرسخانا شەشا ٠ حازركرن ح٠ جندێ ، جاسمێ جەليل ، جەردۆيێ گێنجۆ٠ [رێد : هـ ٠ مكرچيان ، جاسمێ جەليل ، اٚ مۆڤ سيسيان] ٠ رەوان ، نەشرا حوكومەتا ئەرمەنستانێ ــ سێكسيا كتێبێ كورمانجا ، ١٩٣٥ ، ٢٢٣ رۆ ، ب پۆرتر ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ ٠

١١٨ ــ جندێ ، ح٠ كتێبا زمانێ كورمانجێ ٠ بۆنا دەرسخانا سسيا ٠ جارا دۆدا نەشر دبه ٠ حازركر ح٠ جندێ ژ ئاليێ كومسارياتا رونكايا ئەرمەنستانێ هاتيه قەبۆلكرن ٠ [رێد : اٚ مۆڤ سيسيان هـ٠ مكرچيان ، جاسمێ جەليل]٠ رەوان ، نەشرا حوكومەتێ ــ سێكسيا كتێبێ كورمانجا ،

١٩٣٥ ، ١٣٨ رق ، بپۆرتروئل ، ٢١ سم ، ت ٤٠٠٠ .

١١٩ ــ قانۆننەما بژاره یا مالهبۆنا ئارتێلا رینجبەریێ هاتیه قەبولکرنێ دهەمچڤاتا کــولخۆزڤانێ دەربداره هەمنڤــاقیێ دوٚدا و هاتیه مەحکەمکرنێ ژ ئالیێ شێورا کومساریێ جماعەتا تڤاقا شێوریێ ، مەرکەز کۆمــا ف ك (ب) هەمتڤاقیێ . ١٧ـــێ مەها سەباتێ ١٩٣٥ێ سالێ . [تەرجمەکرن : ج. گەنجۆ، ر. درامبیان . رێد : جاسمێ جەلیل ، ح. جندێ]. رەوان ، نەشرا گوندتیێ ١٩٣٥ ، ٣٤ رق ، ب پۆرتر ، ٢٦ سم ، ت ٥٠٠ .

١٢٠ ــ قانۆننەمه مالهبۆنا ئاتێلا گوندیتیێ بەر ب چەعف . هــاتیه قەبولکرن دهــەمچڤاتا کۆلخۆزڤــانێ دەربدەر هــەمتڤاقیێ دوٚدادا و هاتیه هەقکرنێ ئالیێ شێورا کۆمساریێ جمــاعەتێ و مەرکەز کۆمــا ف. ك (ب) هەمتڤاقیێ . ١٧ ێ مەهاسەباتێ ١٩٣٥ سالێ . [تەرجمەکر جەردۆیێ گێنجۆ رێد . جاڤدار : ا. مۆڤسیسیــان ، جاسمێ جەلیل رێد : حەجیــێ جندێ ، برۆیێ مەمۆ ، ر. درامبیان]. رەوان ، نەشرا گوندیتیێ ، ١٩٣٥ ، ٢٣ رق ، بپۆرتر ، ٢٢ سم ، ت ٢٠٠٠ .

١٩٣٦

١٢١ ــ بارکۆڤ ، ئالیکساندر ســیرگیڤچ و پۆلۆڤنکن ، ئالیکساندر ئالیکساندروڤچ . دنیازانبۆنا فزکیێ . کتێبا دەرسێ بۆنا دەرسخانا پێنــج مەکتەبێ دەرەجا ئۆرته . [رێد . جاڤدار جاسمێ جەلیــل . تەرجمەکر ر. درامبیان]. رەوان ، نەشرا حوکمەتا شێوریێ ، ئەرمەنستانێ ١٩٣٦ ، ٢٣٢ رق، بئیل ، ٢٢ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٢٢ ــ بیریزانسکایا ، لیلزاڤیتا ساڤیلیڤنا . کتێبا ئارفمیتکێ بەرەڤکرنا مەسەله و جێرباندنێ وێ . بۆنا دەرسخانێ پێنجێ و شەشا مەکتەبێ ئۆرته.

تەرجمەکر تتال مرادۆڤ [رێد : جاسمێ جەلیل ، ڤاردان پێتۆیان]. رەوان ، نەشرا حوکمەتا ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٦ ، ١٨٩ رۆ ، ٢٢ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٢٣ ــ گورڤت، س ، یو . و . وگانگونس، ر . ڤ . گیومەتری . کتێبا دەرسێ سستیماتیکی . پارا عەولن پـلانمێترا بۆنا دەرسخـانێ خوەندنید مەکتەبێد ئۆرتە سالا شەش ــ هەشت هاتیە تەرجمەکرنێ ژ نەشرا سیایورسبی ژتەرجما زمانێ ئەرمەنیێ . [تەرجمەکر ك . ئرتسیان . رێد جاسمێ جەلیل]. رەوان، نەشرا حوکمەتا ئەرمەنستانێ ١٩٣٦ ، ٢٠٨ رۆ، ٢٢سم ، ت ١٠٠٠ .

١٢٤ ــ دێفۆ ، دانێل . رۆبنزۆن . حاسـلکرن ب ئیشکارییا ل. ن. تولستوی. سفەت یێ د. کارگوشکی. ژئەرمەنیێ تەرجمەکر جەردۆیـێ گەنجۆ [رێداکتۆرێ جافدار : جاسمێ جەلیل بۆنا زارێد سالێ پچوك دئۆرتە] رەوان ، نەشرەتا حکومەتێ ، ١٩٣٦ ، ٧٥ رۆ ، بئیل ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٢٥ ــ عەڤدال ، ا. کتێبا زمانێ کورمانجێ . بۆنا دەرسخانا چارا . حازرکر ا. عەڤدال . [رێـد : هـ. مکرچیان ، جاسـمێ جەلیل ، ا. مۆڤ سێسان ، حاجیێ جندێ] . رەوان ، ١٩٣٦ ، ٢٠٤ رۆ ، ٢٠ سم ، ت ٢٠٠٠ .

١٢٦ ــ عەڤدال ، ا. مێتودیکا . هنکرنا خوەندن ڤیساندنێ . [هاتیە چێکرنێ دئنستوتا پێداگوگیێدا ، رێد : جەردۆیێ گەنجـۆ ، ف. پێتویان ، ح. جندێ] . ئێریڤان ، نەشرا حوکمەتا ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٦ ، ٦٢ رۆ ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٢٧ ــ کونستوسیا . (قانونا حملێ) تڤاقا جمهوریەتێد سوسیالستـێ شیورێ . پرۆیکتا کونستوسـیا تڤاقا ج س ش ێ . ژتـەرەفێ کۆمسـیا کونستوسیا ج‌س‌ش‌ێ هاتیە دانێ و ژتەرەفێ سەدرتییا مەرکەز کۆما تڤاقا ج‌س‌ش‌ێ شخولکارێ هاتیە بەگەمکرنێ بۆنا دهەمجڤاتا شێورا هەمتڤاقێدا

بێ لنهێراندنێ • [رێده هـ• مکرجیان ، ج• گه‌نجۆ ح• جندێ ، ته‌رجمه‌کر ر• درامبیان] • ره‌وان ، نه‌شرا فرقێ ، ١٩٣٦ ، ٣١ رق ، ٢٢ سم ، ت (تونه) •

١٢٨ ــ کلامێ جماعه‌تا کورمانجا • [به‌ره‌ڤکر و ڤیسی کومپوزیتــۆر کارۆزاکاریان • تێکست به‌ره‌ڤکر و چێکر • ح• جندێ • رێد • جاسمێ جه‌لیل] • ره‌وان ، نه‌شرا حوکوماتا ئه‌رمه‌نستانێ ، ١٩٣٦ ، ١٦٤ رق ، ب نۆتا، ٢٦ سم ، ت ٥٠٠٠ •

١٢٩ ــ کتێبا قرائه‌تا • ژمه‌کته‌بێ ئیبتداریا • ژئالیێ ق• م• خ• رس‌س آز ، هاتیه ته‌سدیغکرن • [رێده س• نه‌جه‌ف عه‌لیف]• باکی ، ئازه‌ر نه‌شر سه‌باپیداگۆزیێ ــ ته‌درسێ ، ١٩٣٦ ، ١٣١ رق ، ب‌ئیل ، ٢٢ سم ، ت١٠٠٠٠ •

به‌ر ب سه‌ر ڤیساریێ ئاتتۆر : ا• ئاخوندۆڤ• س• نه‌جه‌ف عه‌لێڤ ، س• یاگێیڤ ، ج• حه‌سه‌نۆڤ •

١٣٠ ــ مێلیکیان، ا• ده‌رهه‌قا چه‌ند نه‌خوه‌شیادا [رێد • جاڤدار جاسمێ جه‌لیل • ته‌رجمه‌کر ر• درامبیان] یریڤان ، نه‌شــرا حوکومه‌تا ئه‌رمه‌نستانێ ، ١٩٣٦ ، ٧٥ رق ، ١٧ سم ، ت • تونه •

به‌ر ب سه‌ر ڤیساریێ ئاڤتۆر : [دوکتۆر ا• میلکیان]•

١٣١ ــ پۆپۆڤا ، ناتالیا سێرگێڤنا • کتێبــا ئارفمیتکێ • به‌ره‌ڤ‌کرن و هنبۆنا مه‌سه‌لێ‌وێ • بۆنا مه‌کته‌بێ عه‌ولن • پارا دۆدا • بۆنا کۆما چـــارا • ژنه‌شرا دوا ته‌رجمه‌کر برۆمه‌مۆێڤ • (رێد جاڤدار ج• جه‌لیل) • ره‌وان ، نه‌شرا حوکمه‌تێ سێکسیا کتێبێ کرمانجـــا ، ١٩٣٦ ، ١٠٣ رق ، ٢١ ســم ، ت ٢٠٠٠ •

١٣٢ ــ پۆپۆڤا ، ناتالیا سێرگێڤنا • حه‌ساب ، حساسیا • له مه‌کته‌بده

ئیبتدایی ژ سنفه ۳ ــ ٤ ر ا• ژئالیێ ق‌م‌خ‌ر‌س‌س‌اێ تەستنغ بویه • جارا یەکن•
[وەلگەڕاند س• نەجەف عەلێڤ • رێد • ا• ئاخوندۆڤ] • باکی ، ئازەرنەشر
سەبا پێداگۆزێ تەدرسێ ، ۱۹۳٦ ، ۷٦ رق ، ۲۲ سم ، ت ۱۰۰۰ •

۱۳۳ ــ سالێ دودوین له مەکتەبدە ئیبتدایی ژسنفێ دودوین‌را• ژئالیێ
ل‌م‌خ‌ر‌س‌س‌را هاتیه تەستغکرن• باکی، ئازەرنەشر سەبا پێداگۆزێ تەدرسە،
۱۹۳٦ ، ۱۳٦ رق ، ب‌ئیل و پۆرتر ، ۲٥ سم ، ت ۱۰۰۰ •

۱۳٤ ــ سراس• لەتفه • شکلـەك ژ روهـلاتێ • (تەرجمەکرن : ج•
گەنجۆ ا• عەڤدال ، رێد• جاڤدار ج• جەلیـل)• رەوان ، نەشرا حوکمەتـا
ئەرمەنستانێ ، ۱۹۳٦ ، ۱۲۸ رق ، ب‌پورتر ، ۲۱ سم ، ت ۱۰۰۰ •

۱۳٥ ــ ستالن ، یوسف ڤیسـاریۆنوڤچ ، دەرهەقـا خەڤاتاگوندداا •
(خەبەردان پلینوما تەڤایی مەرکەز کۆما فرقاك • (ب) هەمتفاقێ و کونترۆل
کومسارا مەرکـەزی • ۱۹۳۳ س• یانزه مەهـا کانونێ)• تەرجمـەکر ر•
درامبیان • رێد ج ، جەلیل ، رەوان ، نەشرا فرقێ • سێکسیا کتێبێ کورمانجا،
۱۹۳٦ ، ۲٦ رق ، ۱۸ سم ، ت ۱٥۰۰ •

۱۳٦ ــ تیرێخوـڤا ، ل•گ•ی• ئەردەلـی ، ڤ•گ• جوغرافیـا •
حسایەك• لەمەکتەبێ ئیبتدایی ژ سـنفێ سـێڕا• ژئالیی ل‌م‌خ‌ر‌س‌را ــ ێ
هاتیه تەستغکرن • باکی ، ئازەرنەشر سەبا پێداگۆزێ تەدرسـێ ، ۱۹۳٦ ،
۱٥٦ رق ، ب‌پۆرتر ، ۲۳ سم ، ت ۱٥۰۰ •

بەر ب سەر ڤیسارێ ئاڤتۆر ل• غ تیرێخوف و ف• گ• ئیردلێ •

۱۳۷ ــ تیرێخۆڤا ، ل یا گرێگوریڤنا • و ئەردەل ، ڤلادمیر گیورگیڤچ •
دنیا زانبۆن • دەرەجا دۆدا کتێبا دەرسێ بۆنا دەرسخانا چارا ، سەبا مەکتەبێ
ئەلێمنتار (عەولن) ژ نەشرا سیا گوهاستی • تەرجمەکر ا• عەڤدال ، رەوان ،

نەشرا حكومەتا شیوریێ ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٦ ، ١٥٨ رق ، بئیل ، ٢١ سم ، ت ٢٠٠٠ .

١٣٨ ــ تومانیان ، هــۆڤ هانیس . بەرەڤ كرنا كــلاما . تەرجمەكر جاسمێ جەلیل. [رێد. أ. عەڤدال]. رەوان ، نەشرا حوكماتا ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٦ ، ١٠٢ رق ، بپۆرتر ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٣٩ ــ تومانیان ، هۆڤ هــانیس . خــوەیی و خولام . [تەرجمەكر جاسمێ جەلیل . رێد أ. عەڤدال . شكل یانیلی جاغبنیان] . یریڤان ، نەشرا حوكمەتا ئەرمەنستانێ، ١٩٣٦ ، ١٢ رق ، بئیل ، رەنگێ، ٣١سم، ت١٠٠٠ .

١٤٠ــ فۆلكلۆرا كورمانجا . كتێبا پێشن . بەرەڤكرن و حازركرن ح. جندێ ، أ. عەڤدال . [رێد . جاڤدار جاسمێ جەلیل] . یریڤان ، نەشرا حوكوماتا ئەرمەنستانی ، ١٩٣٦ ، ٦٦٤ رق ، ٢٣ سم ، ت ١٠٠٠ .

شرۆڤە كرنا یێ ئانالتیك :

كەروكولكێ سلێمانێ سلڤی . ئیپۆسا جماعەتا كورمانجا . [ب س ڤاریانت] رق ٥ ــ ٢٥٧ .

مەم و زینێ پرۆزا و بەیت . رق ٢٦١ .

پۆیەم : بێژنگبرێ ، رق ٥٣٥ ، دەورێشیێ عەڤدی ــ ٥٥٤ ، ٥٥٧ ؛ ٥٦١ ؛ دمدم ــ ٥٦٧ ؛ زەمبیل فرۆش ؛ ٤٨٩ ، ٤٩١ ، ئیبراهیم ــ ٥٦١، لەیل و مەجلوم ــ ٥٢٣ ، ٥٣١ ، ٥٣٣ ؛ مەیرێ ــ ٥٥٢ ؛ مەمێ و عەیشێ ــ ٥١٠ ، ٥١٣ ، ٥٢٢ ؛ موسۆ ــ ٥٦٣ ؛ نادنــە ــ ٥٤٨ ؛ سیابەندو خــەجێ [ب ٤ ڤاراڤ] ــ٤٩٤ــ٥٠٩ــ ؛ سس و حەسەن ــ ٥٤٩ حەسۆ و بەنۆ ــ ٥٣٥ .

كلامێ بەنگینێ ؛ ئاحمەدۆ ــ ٣٦٣ ، بارانەكێباری ــ ٣٧١ ؛ بێرڤانێ ــ

٢٤٢ ، بەژنا تە زراڤــە ــ ٣٧٨ ؛ بلبل ــ ٤٠١ ــ گەدەلاوکــۆ ــ ٣٤٩ ؛ گەرماهــاڤنێ ــ ٤٠٨ ؛ گــۆزێ رۆمــی ــ ٤٢٦ ســم ، گونــدنۆ ٣٤٩ ؛ دەرۆ ــ ٤٣٠ ؛ دەتوراڤە ــ ٣٦٢ ؛ دلۆ مەریمۆ ــ ٤١٦ ؛ دلێ من ــ ٣٥٤ ، ئەزێ بەنگمە ــ ٣٩٨ ؛ ئەزێ رەشم ــ ٣٧٥ ؛ ئەلەگەزێ ، ئەلەگەز ــ ٣٤٨ ؛ ئەمان ، ئەمان ــ ٣٧٦ ؛ ئیلکێ شەمۆ ــ ٣٤٤ ؛ زەری دۆمامێ ــ ٣٨٧ ؛ کاڤر چیریا ئەلەداغێ ــ ٣٤٦ ؛ کەچکێ ــ ٣٩١ کەدێ جانێ ــ ٣٨٤ • کورخالۆ ــ ٣٦٣ ؛ کنێ چیا بلندە ــ ٣٨٠ ؛ کوبار ــ ٣٤٧ ؛ لاوکێ من عەرەبێ دکشنە ــ ٣٥٧ ؛ لاوکۆ ، بەژناتە ــ ٣٥٥ ؛ لاوکۆ ئــەز نە بەرقم ــ ٣٥٢ ؛ لاوکۆ ، ئەرمەنێ ــ ٣٥٤ ، لاوکۆ نە ل ڤرم ــ ٣٥٣ • لاوکۆ خەما نەکە ــ ٣٥١ ؛ لاوکۆ ، چیابلندە ــ ٣٥٠ ؛ لێ ، لێ گــەورێ ــ ٣٧٩ ؛ لێ ، لێ ئەڤنێ ــ ٣٦٥ ؛ لێلێ خەزالێ ــ ٣٦٦ • لۆ لۆ لاوکۆ ــ ٣٥٧ ، مالامە ــ ٣٨٩ ؛ من نازکێ ــ ٤١٣ ، منێ خەونەك دیە ــ ٣٦٤ ؛ ناگولێ ــ ٣٨٤ ؛ نازێ ــ ٣٨٤ ؛ ئۆسێ ــ ٣٤٦ ؛ دلۆ شڤانۆ ٣٤٦ ؛ تە چەڤ رەشێ ــ ٣٧٤ ؛ تو ژ هەڤالاً نەمینە ــ ٤٠٩ ؛ خانێ ــ ٣٧٩ ؛ خنوسی ، خوەشە ــ ٣٧٨ ؛ هاتی کاڤرانی بشریێ ــ ٤٠٣ ؛ هەرەرنــدێ ــ ٣٨٣ ؛ هێڕچی گــاڤا ــ ٣٩٥ ؛ حەسەن ــ ٣٦٠ ، هەوار لمن ــ ٣٧٠ ؛ وەرە دەلیل ــ ٤٢٣ ؛ وەرە لۆ ، لۆ ــ ٣٧٢ •

کلامێ گۆڤەندێ :

گولێ هوینــار ــ ٤٦٩ ؛ گــولازەر ــ ٤٦١ ؛ عــەدلێ ــ ٤٥٣ ؛ یار شەمامێ، ــ ٤٥٠ ؛ لۆ، لۆ شڤانۆ ــ ٤٧٢ ؛ کشە ــ کشە ــ ٤٥٠ ؛ نارحانێ ــ ٤٧١ ؛ شام ــ حەلەب ــ ٤٥٥ ؛ خانێ بمەشی ــ ٤٧٤ •

کلامێ زارۆتیێ :

بەرخڤانۆ ــ ٤٤٢ ؛ ڤ زناری ــ٤٣٩ ؛ گاران ــ٤١٤ ؛ گەڤەز ــ٤٣٤ ، دەنگێ تە ــ ٤٣٥ ؛ دەستی لاتە ــ ٤٣٥ ؛ دومەقەسەك ــ ٤٤١ ؛ ئەزگولم ــ

٤٣٦ ؛ ئەلەگەز ــ ٤٣١ ؛ زەنگل ــ ٤٤٠ ؛ کەچك ــ ٤٣٧ ، کۆرۆ ــ ٤٣٢ ، کلاما گەردەنا یوسف ــ ٤٤٧ ؛ لــوری ــ لــوری ٤٣٢ ، ٤٣٧ ؛ پالەیو ــ ٤٣٣ ؛ پیڤونگێ ــ ٤٣٨ ؛ سەرێ سیپانێ ــ ٤٤٥ ؛ خەزالێ ــ ٤٣٨. چەلەك ــ ٤٣٣ ؛ جەمۆ ــ ٤٣٦ .

حکیات :

ئاغا نەزەر ــ ٥٩٠ ؛ بەلۆل و خەلیفە ــ ٦٠٤ ؛ بەلــۆلێ زانا ــ ٦٠٦ ، گەرەکێ تشتەکی بزانبی ــ ٦٠٢ ؛ گور ، دەڤە و روڤی ــ ٦١٧ ، عەلەنویرەك ــ ٥٨٣ ؛ عەلیێ تورچی ــ ٦١٨ ؛ ئەوئەزم ، ئەز نە ئەزم ــ ٦٣٣ ؛ کە چەلەك ٦٢٥ ؛ کوروغلی ــ ٦٠٨ ؛ لــەگ لــەگ ــ ٦١٤ ؛ مەرڤێ ئاقماق ــ ٥٩٩ ؛ پولیبەگ ــ ٦١١ ؛ پادشــا ــ ٦٤١ ، روڤێ و گور ــ ٦١٦ ؛ شانەزەر ــ ٥٨٨ ؛ یڤۆ ــ ٥٩٤ ؛ قەسەبی چومە رد ــ ٦٣٦ ؛ قرات و تۆرات ٦٠٩ .

١٤١ ــ خەبەرناما تێرمنۆلوگیایی . حازرکر کومسیا تێرمنۆلوگیایێ پرۆف ــ أ. خاچاتریان ، پرۆف . گ. نماپاتسیان ، ف. پێتۆیان سەدرێ کومساتێر منۆ لۆگی ، ح. جندێ ، ج. جەلیل ، ج. گەنجۆ ، أ. عەڤدال ، و نادرێ ، ت. موراد . یریڤان ، نەشرا حوکومەتا ئەرمەنستانێ شیورێ ، ١٩٣٦ ، ٧١ رۆ ، ١٨ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٤٢ ــ خنکۆ ئاپێر . ترامڤە ل رەوانێ شکلدار ــ ڤارد ــ پاتریکۆڤا . [رێدە جاڤدار جاسمێ جەلیل . تەرجەمەکر ر. درامبیان]. رەوان ، نــەشرا حوکومەتێ ، ١٩٣٦ ، ١٦ رۆ ، بئیل رەنگێ ، ٢٢ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٤٣ ــ هایراپێتیان ، ه. تەیر و تو . [شکل یێ م. باغدا ســاریان] . [تەرجەمەکر جاسمێ جەلیل] . ئێریڤان ، نەشرا حوکومەتێ ، ١٩٣٦ . ١٦ رۆ ، بئیل ، رەنگێ ، ٢٥ سم ، ت ١٠٠٠ .

١٤٤ ــ شاخسوارۆڤ ، س• و• ئاخوندۆڤ• ا• ئەلفبا • باکی • ئازەر نەشر سەبا تەدرس ــ پێداگۆزیێ ، ١٩٣٦ ، ٨٨ رق ، ب ئیل ، ٢٢سم ، ت ١٠٠٠

١٤٥ ــ شراز ، هۆڤ هاتیس • سمانتۆ و خەجێ زەرێ • رۆمانا جماعەتا کورمانجا و ئەرمەنیا • تەرجمەکرن جاسمێ جەلیل و ر• درامبیان • [رێد : جاسمێ جەلیل ، ا• عەڤدال] • رەوان ، نەشرا حوکماتا ئەرمەنستانێ ، ١٩٣٦، ٣٢ رق ، ٢١ سم ، ت ١٠٠٠ •

١٤٦ ــ جندێ ، ح• ڤیسکارێ شێوریە ئەرمەنیا • حازرکر ح• جندێ [رێد : ە• مکرچیان]• رەوان ، نەشرا حوکومەتا ئەرمەنستانێ ــ سێکسیا کتێبێ کورمانجا ، ١٩٣٦ ، ١٤٤ رق ، ٢٢ سم ، ت ١٠٠٠ •

★ ★ ★

واتای هەندێ وشە و ڕەمزی بیبیلوگرافیاکە

ئافتۆر : نوسەر .
ئال : لا .
ئیل : وێنە ، نەخش .
بورچلی : ئیلزامی ، بەزۆر .
بەرەڤکرن : کۆکردنەوە .
پۆرتەر : پۆرتەریت ، وێنە .
پێداگۆگ : دەرسدار ، مامۆستا .
پێش خەبەر : پێشەکی .
پیۆنێر : پێشکەوتو .
پێیەس : شانۆ .
تنۆل : ناونیشان ، تایتڵ .
تۆپ کردن : کۆکردنەوە .
تەمب : مۆر .
تێخنیکۆم : تێکنیك .
تیراژ : ژمارەی کتێبە چاپکراوەکە .
دن : ئەوی تر .
دەربدار : پێشکەوتو .
دەوار : وڵسات .
حەسافدار : حەسابدار .
حیسابچایە : کتێبی‌حیساب .
رۆ : ڕوبەر ، لاپەڕە .
ڕۆنکایی : هۆشیارکردنەوە .
ڕەنگی : ڕەنگاو ڕەنگ .
ڕەوان : ئێرێڤان .
ڕەیاسەموادە : ڕێگای فێربون.
سالنڤیسار : ساڵی نوسین .
سسی : سێیەم .
سەبا : بۆ .
سەرنڤیسار : سەرنوسەر .
سیکتۆر : بەش ، پلە ، بڕگە .
سیکس : ڕەگەز .
سیمستر : کیمیاء .
شێور : شۆرەوی .
عورۆس : ڕۆس .
عەوەل : ئەوەل .
عەفراندن : دانان .
فزك : فیزیاء ، تەبیعیات .
فلستان : فەلەستان، وڵاتی فەلان .
قەداندن : ڕابواردن .
قورولت : موئەسەسە .
کۆلاك : کۆلاك ، خاوەن مولکی بچکۆلە .
کۆلجاهیل : منداڵان .
کولیگ : کۆمەلە .
کۆم : کۆمەڵ .
کۆمساریات : کۆمسەریەت ، مفەوەزیەت .
هلاندن : بەرزکردنەوە .
مێتۆد : ڕێباز .

★ ★ ★

ملخص المقـال

بيبلوغرافيا الكتب الكردية الصادرة في الاتحاد السوفيتي من عام ١٩٢١ ـ ١٩٦٠

انه لمن الصعب على المرء ان يوضح خلال سطور قلائل ماكتب حـول الكرد في روسيا والاتحاد السوفيتي • وان تمكن غيري من الكتابة حول هذا الموضوع فلست من المؤهلين لذلك •

يوجد الان في الاتحاد السوفيتي أربعة معاهد للدراسات الكردية ، تهتم أهتماماً كبيراً بالتراث الكردي تأريخاً وأدباً ولغـة •

ان هذا المقال عبارة عن قسم من البيبلوغرافيا للكتب الكردية الصادرة في الاتحاد السوفيتي من عام ١٩٢١ ـ ١٩٦٠ • وقد أعده ن• أ• اليكسانيـان ونشرته أكاديمية العلوم في جمهورية أرمنستان الاشتراكية السوفيتية في عام ١٩٦٢ •

وفي النية نشر القسم الثاني من البيبلوغرافيا ـ في العدد القادم لمجلة المجمع وامل ـ ان وفقت ـ أن أجمع أسماء بقية الكتب الصادرة بعد عـام ١٩٦٠ وأضيفها الى البيبلوغرافيا لكي يكـون أشمل وأعم ، ورغبة في افادة القاريء الكردي الذي لايجيد اللهجة الكرمانجية الشمالية قمت بشرح بعض الرموز والكلمات الموجودة في البيبلوغرافيا كما ويوجد في نهاية البيبلوغرافيا فهرست للاسماء والمواضيع يقع ضمن القسم الثاني من المقال •

★ ★ ★

زاراوه زانستییه‌کان

دانان و لێکۆڵینه‌وه‌ی لیژنه‌ی زاراوه زانستییه‌کان

« له سه‌ره‌تای ساڵی ١٩٧٥ دا لیژنه‌یه‌کی تایبه‌تی کاتی بۆ لێکۆڵینه‌وه و دانانی زاراوه زانستییه‌کان ، به پێی بڕیاری ئه‌نجومه‌نی کۆڕ سازکرا و له به‌رگی سێیه‌می ئه‌م گۆڤاره ، له باسی پوخته‌ی کاره‌کانی کۆڕدا ، مامۆستا مه‌سعود محه‌مه‌د ، ده‌مڕاستی لیژنه چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌کی بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی ئامانجی ئه‌م کاره و چۆنیه‌تی زاراوه‌دانان و ڕێبازی په‌سند و زانستییانه به نموونه‌وه نووسیبوو ، جا به بۆنه‌ی بڵاوکردنه‌وه‌ی لیسته‌ی یه‌که‌می زاراوه‌کانه‌وه وا په‌سند کرا که جارێکی دیکه‌ش ئه‌و ڕوونکردنه‌وانه وه‌کو پێشه‌کییه‌ك بڵاوبکرێنه‌وه » .

لیژنه‌ی گۆڤار

« نووسین به‌پێی قووڵ بوونه‌وه و ورد بوونه‌وه‌ی پێویستی پتری به که‌ره‌سته‌ی ده‌ربڕینی بیر و ڕا ده‌بێ . بابه‌تی ساکار و ته‌نك به‌و هێنده وشه و داڕشتن و تێك‌به‌ستنانه‌ی که به‌سه‌ر زارانه‌وه‌یه ، ده‌شێ بخرێته قاڵبی ئه‌ده‌بییه‌وه و بچێته مێشکانه‌وه . نووسه‌ر له هه‌ر زمانێك بێ له ده‌ستی دێت خۆی به شێوه و شێوازی نووسینی ئاسان ڕابێنێ له ڕێی گرتنه‌به‌ری باسی ئاسان و ئاسایی که قووڵ بوونه‌وه و لێکدانه‌وه و به یه‌کدی گرتن و تێك به‌ستن و لێك‌ترازاندن و فه‌ندی هونه‌رکارانه‌ی ناوێ . ئه‌مه ڕاستییێکه نه‌سه‌لماندن هه‌ڵناگرێ ، به‌ڵام ژیان و ژیار (حضارة) له چ میلله‌تێك ناگه‌ڕێ به‌رده‌وام بێ له کوتانه‌وه‌ی بابه‌تی سه‌ره‌تایی و سه‌رکێڵ چونکه ده‌ستووره بنجییه‌کانیان به‌ندن به‌هێزی

بەرەو پێش چوون و قوڵ داگرتن و ئاڵۆزکان و تێك ئاڵقان • زمانیش کە تەرجومانی ژیان و ژیارە لێی داوا دەکرێ هەنگاو بە داهێنانی کەرستەی تەعبیری نوێ هەڵێنێ تاکو بتوانێ جووت بڕوا لەگەڵیاندا و ئەرکەکانیان راپەڕێنێ •

رەچاو کردنی ئەم راستییە سەرەتاییە و تێبینی بەرەوپێش چوونی نووسینی کوردیی نوێ بوو بە هۆی بڕیارێك لە لایەن ئەنجومەنی کۆڕەوە بە دانانی لیژنەیێکی کاتی بۆ وەرگێڕانی زاراوەکانی مەنطیق و فەلسەفە و (فقه) ••• و هەموو ئەو زانستانەی‌تر کە لە نووسینی بەهێز و پێزدا دێنە بەر خامەی نووسەرانەوە ، بۆ سەر زمانی کوردیی •

لیژنەکە لەم مامۆستایانە پێك هێنراوە :

مەسعود محەمەد ــ دەمڕاست (مقرر)

شوکور مستەفا ــ سکرتێر

هێمن موکریانی ــ ئەندام

د• ئەوڕەحمانی حاجی مارف ــ ئەندام

لەو کاتەوە لیژنە پێك هاتووە ، لە سەرەتای هاوینەوە ، تاکو ئێستا مانگی هەشت جار کۆبۆتەوە بۆ دۆزینەوە و دانانی زاراوەی کوردیی لەو زانستانەدا • لەم کۆبوونەوانەدا نیمچە فەرهەنگۆکێکی لە زاراوان بژاردە کردووە ئومێد دەکرێ لە دوارۆژێکی نزیکدا بخرێتە بەر چاوی خوێنەرانەوە بۆ هەڵسەنگاندن و رەخنە لێ‌گرتن و راست کردنەوەیان وەیا دەستکاریی کردنیان بەپێی داخوازیی و پێویست •

لیژنە بەپێی بۆچوونی خۆی ڕێبازێکی زانستییانەی گرتە بەر بۆ دانانی

زاراوه،له‌مه‌شدا ڕه‌چاوی ئه‌و ده‌ستورانه‌ی کرد که له زمانه پێشکه‌وتووه‌کاندا لێره به‌پێشه‌وه له دانانی زاراوه پێڕه‌وی کراون . لــه‌م کاره‌دا لیژنه یه‌که‌م بڕیاری ئه‌وه بۆ کۆمه نه‌کا له سه‌لماندنی ئه‌و ئه‌نجامانه کــه پێڕه‌وی کردنی ده‌ستوره‌کان به ده‌ســته‌وه‌ی ده‌ده‌ن هه‌ر وه‌ك زمانــه پێشکه‌وتووه‌کان دوو دلییان تێدا نه‌کردوه . پێڕه‌وی کردنی ده‌ستور گه‌لێك ئه‌رکی به زیاده‌وه له‌کیسه‌دا ده‌هێلێته‌وه ، زۆر ڕێگه‌ی درێژیــش کورت ده‌کاتــه‌وه چونکــه به‌کارهێنانی ده‌ستور له هه‌مو ئه‌و شوێنانه‌ی بۆی ده‌ست ده‌ده‌ن به یه‌کجاری له هه‌مویان ده‌بێته‌وه و پێویست به‌وه ناهێلێ بۆ هه‌ر شوێنه ئه‌رکێکی تایبه‌تی هه‌لبگیرێ .

لێره‌دا نمونه‌ی پێڕه‌وی کردنی ده‌ستوری زاراوه داتاشــین لــه چه‌ند ڕێبازێکی زمانی کوردییه‌وه ده‌خه‌ینه به‌ر چاو .

به‌شێکی زۆر له زاراوه‌کان لــه‌وانه‌ن لــه عه‌ره‌بی‌دا به‌هــۆی ڕێژه‌ی (مصدر صناعی)یه‌وه پێك هاتون که له زمانه‌کانی ڕۆژاوادا ده‌بن به وشه‌ی ئه‌وتو کۆتایی‌یان به (ism) دێت . ده‌زانین هــه‌ر دوو ڕێژه‌ی عه‌ره‌بی و ڕۆژاوایی ڕێژه‌ی دروست کردنی ناوی ئه‌بستراکتن . لیژنه لــه تێوان ئه‌و پاشگرانه‌ی که له زمانی کوردی‌دا واتای Abstract دروست ده‌که‌ن پاشگری (ایه‌تی) هه‌لبژارد . به نمونه : وشه‌ی (Marx) له زمانه‌کانی ڕۆژاوادا ده‌بێته (Marxism) ، لــه عه‌ره‌بیشدا ده‌بێته (الماركسية) . به‌پێی ئه‌و ڕێبازه‌ی که لیژنه په‌سه‌ندی کردووه وشه‌که له کوردی‌دا راسته‌وخۆ ده‌بێته (مارکسایه‌تی) . دیاره هه‌مو وشه‌یێکی‌تری وه‌ك (Marx) چ نــاوی مرۆڤ چ ناوی شــت بن ئه‌وانیش (ایه‌تی)یان ده‌چێتــه دواوه و ده‌بن به زاراوه‌یێکی تازه‌ی کوردی .

ئه‌م رێبازه كه پەسه‌ند كرا ده‌بێ هه‌مو ئه‌نجامه‌كانی پەسه‌ند بكرێت هه‌روه‌ك له زمانه پێشكه‌وتووه‌كاندا پەسه‌ند كراوه • به نموونه له عه‌ره‌بی‌دا وشـه هه‌یه له بنـه‌ڕه‌تدا (Abstract) ه ، سه‌رله‌نـوێ له‌رێی (مصدر صناعی)یه‌وه ده‌یكه‌نه‌وه به (Abstract) • زمانـه پێشكه‌وتووه‌كانی رۆژاواش هه‌ر وایان كردووه كه هاتـوون پاشگری (ism) یـان بـه‌دوا (Abstract) دا هێنـاوه بۆ دانانی زاراوه • كـه ئه‌مه وابێ دیـاره له كوردیشدا هه‌مان كار جایه‌زه و ناشێ له خۆمانی حه‌رام كه‌ین :

وشه‌ی (ره‌وشت) له ئینگلیزی‌دا (behavior) ه ، له عه‌ره‌بیشـدا (سلوك) • له هه‌ردو زمانـدا كه هاتوون زاراوه‌یان له‌م وشـه‌یه داڕشتووه به راشكاوی ده‌ستوره گشتییه‌كه‌یان لێ به‌كار هێناوه و گوتویانه :
Behaviorism ، السلوكیـة •

به‌مه‌شدا ئه‌بستراكتیان كـردوه به ئه‌بستراكت • كه ئه‌مه وابێ پێی ناوێ كورد كه‌ناره‌گیر بێ له‌و ده‌ستوره‌ی زمانی ده‌وڵه‌مه‌ند لێی لانه‌داوه • كه‌واته زاراوه‌ی (السلـوكیة Behaviorism) له كـوردی‌دا ده‌بێته : (ره‌وشتایه‌تی) :

فلسفة السلوكیة ـ فه‌لسه‌فه‌ی ره‌وشتایه‌تی •

به‌ڕاستی زاراوه‌كه چونكه له رێبازێـكی رێزمانی كوردییه‌وه هاتووه به كه‌مێك له‌كارهێنـان په‌ره‌سه‌ندو و ئاشنا ده‌بێت پتر لـه‌وه‌ی زاراوه‌ی (السلوكیة) ئاشنایه •

پاشگری (ایه‌تی) كـه بۆ زاراوه له‌كار بێت هه‌مـو ده‌ستوره‌كانی فۆنه‌تیكی و وشه سازی و •••• هتاد (ی) كوردی به‌سه‌ردا دێت وه‌ك كـه له ئاخاوتنی عاده‌تی‌دا به‌سه‌ری‌دا هاتـووه ، واته له هه‌ندێ جێگه‌دا ده‌بێته

(یه‌تی وه‌یا ه‌تی ـ نه‌ك ایه‌تی) ، که ئه‌مه شتێکه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ وشه‌سازی نه‌ك تایبه‌تییه‌کی زاراوه دروست کردنه • له نمونانـدا هه‌ر جـاره ئه‌م دیـارده‌یه به پێی داخوازی جێگه دێته پێش •

لیژنه ره‌چـاوی ئه‌وه‌ی کرد که ئه‌گـه‌ر له زمـانه پێشکه‌وتووه‌کاندا وشه‌ی ئه‌بستراکت کرابێ به (وصف Adjective) و ئه‌وجـا پـاشگری (ism) ی به دوادا هاتبێ وه‌یا (مصدر صناعي) لێ دروست کرابێ ده‌بێ له کوردیشدا ئه‌م لایه‌نه به ده‌ستوور بگیرێ • به نمونه له زمانی ئینگلیزیدا (Form) به واتـای (شـێوه) دێت که له عه‌ره‌بیدا (صورة)یه • وشه‌ی (Formal) که بـووه به وه‌صـف له کوردی (شێوه په‌روه‌ر)مان بۆ دانا که به عه‌ره‌بی ده‌بێته (صوريّ) • به دوا ئه‌مه‌دا له ئینگلیزی (Formalism) داڕژراوه • به پێی ده‌ستووری به‌کارهێنانی پاشگری (ایـه‌تی) له کوردیدا وشه‌که ده‌بێته (شێوه په‌روه‌رایه‌تی) که له عـه‌ره‌بیدا به‌رانبه‌ر (الصورية) ده‌وه‌ستێ •

له وشه‌یێکی وه‌ك (Socialism) دا لیژنه دوو رێگه‌ی له پێش بوو : یه‌کێکیان ئه‌وه بوو کـه وشه‌که له بنه‌ڕه‌تدا (Society) بووه بـه واتای (گه‌ل ، کۆمه‌ڵ) و دواتر کراوه به وه‌صف و بـوو‌ته (Social) لـه‌وه‌وه (Socialism) پێك هاتووه • لیژنـه لێکی‌دایـه‌وه که دروسـت کردنـی رێژه‌ی وه‌صـف له (گه‌ل ، کۆمـه‌ڵ) بۆ ئـه‌وه به‌رانبـه‌ر (Social) بوه‌ستێ کارێکی ئاسـان نیه ، واتای وشه‌که‌ی (Socialism) یش که لـه عه‌ره‌بیدا به وه‌رگێڕانی پیت به‌پیت ده‌بێته (الاجتمـاعية) ئه‌و راگه‌یاندنـه

نادات کە کورد مەبەستیەتی لەبەر ئەمە لیژنە گەڕایەوە سەر (الاشتراکیة)ی عەرەبی کە لە (اشتراك ــ اشتراکی ــ اشتراکیة)وە هاتووە • لە ئاکامی لێکدانەوە دەرکەوت :

شریك : هاوبەش

شراکة : هاوبەشی

مەعلومە لایەنی ئابوری لە وشەی (Socialism) دا ئەوەیــە کە وشەی(هاوبــەشی) دەیبەخشی • کەواتە بە پێی دەســتوری لەکارهێنانی (ایەتی) وشەی (الاشتراکیة ــ Socialism) دەبێ (هاوبەشایەتی) بێت •

یەکێکی‌تر لەو دەستورانەی وشە سازی کە لیژنە بۆ دانانی زاراوەکان بەکاری هێناوە :

لە نێوان فەیلەسوفاندا مەزهەب (راڕەو ــ بە کوردی)ێك هەیە پێی دەڵێن (مذهب ، فلسفة الشك Sceptism) • دیارە دو وشەی (شك Scept) هەردویان ئەبستراکتن ، لــە کوردیدا (گومان) بەو واتایە دێت • کەواتە فەلسەفەی (شــك ، Sceptism) لە کــوردیدا دەبێتە (گومانایەتی) • بەدوا ئەمەدا چەنــد وشەیێکی‌تر کە ئەوانیش لە (گومان) وەردەگیرێن خرانە بەر هەندێ دەســتوری‌تری وشەسازی کوردییەوە :

گوماناوی : کەسێك وەیا شتێك گومانی تێکەڵ بوبێت (مشکوك) •

گوماندار : کەسێك کە گومانی پەیدا کردووە لە شتێك ، دەشی پاش سەعاتێك گومانەکەی بڕەوێتەوە • (شاك) •

گومانگر : کەسێکە پەیڕەوی فەلسەفەی (Sceptism) دەکات واتە

گومانی له خۆی كـردووه به نیاز وه‌ك (رازگر ، مه‌رج‌گـر) • گومان‌گر به واتای (Sceptist) دێ كه ئه‌ویش گومانی كردووه به فه‌لسه‌فه‌ی خۆی كه له عه‌ره‌بیدا ده‌بێته (متشكك) •

له‌م كاره‌ی داهێنانی زاراوه كه وا گه‌لێـك جار رێژه‌ی نیسبه‌تی تێدا به‌كار دێت لیژنه خۆی له (ێ) ته‌قلیدێ دزیه‌وه بۆ پاشگرێكی‌تر كه ئه‌ویش هه‌ر بۆ نیسبه‌ته و زۆریش له تاكه ده‌نگی (ێ) له‌بـارتره بۆ هـاتن له دوای زوربه‌ی وشانه‌وه • له كوردیدا ده‌گوترێ (لاوه‌كێ ، ده‌ره‌كێ ، ناوه‌كێ ، سه‌رزاره‌كێ ، شه‌وه‌كێ ، به‌یانه‌كێ ، رۆژه‌كێ ، ئاوه‌كێ ، پێشه‌كێ ، پاشه‌كێ ، ره‌مه‌كێ •••) كه هه‌مۆیان رێژه‌ی نیسبه‌تن و گونجاوتریشن له‌وه‌ی به هۆی (ێ) پێك هاتبان • ئه‌وه‌ی راستێ بێ پاشگری (ێ) نیسبه‌ت له بنه‌ڕه‌تدا بۆ ده‌ربڕینی نیسبه‌ت له‌گه‌ڵ شار و وڵات و عه‌شره‌ت و گه‌ل و شتی ئه‌وتۆییدا به‌كار هاتووه ، ئێستا نوسه‌ران خه‌ریكن له‌گه‌ڵ وشه‌ی وه‌های به‌كار بێنن كه هه‌رگیز كـورد له‌گه‌ڵیاندا به‌كاری نه‌هێناوه وه‌ك وشـه‌ی ئاوه‌ڵناوی عاده‌تی (جوان ، ئازا ، سوور ، زه‌رد ، تیر ••• هتاد) ئه‌م وشانه كه پاشگری (ێ)یان چووه دواوه ده‌بنه ئه‌بستراكت هه‌رچه‌ند پاشگره‌كه له هه‌مان كاتدا بۆ نیسبه‌تیش به‌كاردێت• لیژنه وای په‌سه‌ند كرد له جیاتێ پاشگری (ێ) له‌م شوێنانه و شوێنی وه‌ك ئه‌واندا پاشگری (ه‌كێ) به‌كار بێنێت •

(جوانه‌كێ ، ئازایه‌كێ ، سووره‌كێ ، زه‌رده‌كێ ••) به واتای (جماليّ ، اقداميّ ، أحمـريّ أصفريّ ••) نـاوه ئه‌بستراكته‌كه‌شـیان ده‌بێتـه (جوانه‌كیه‌تێ ــ الجماليـة ، ئازایه‌كیه‌تێ ــ الأقداميـة ، سووره‌كیه‌تێ ــ الأحمرية ، زه‌رده‌كیه‌تێ ــ الأصفرية •••) • زمانه جیهانییه‌كان له‌م ته‌رزه داڕشتنانه بایێ مۆیێك لایان نه‌داوه و لێی نه‌ترساون • سه‌یری ئه‌م وشه‌یه بكه :

Syn	به واتای (به‌یه‌كه‌وه)
Chron	به واتای (كات)
ize	ئه‌مرازی تێپه‌ڕ كردنی فعله

له‌مانه وشه‌ی Synchronize به واتای (معاصرة) دروست بووه كه ئه‌گه‌ر به وردیٚ بیخه‌ینه به‌ر ده‌ستوری وشه‌سازیٚ كوردییه‌وه ده‌بێ بكرێته (هه‌مان كاتاندن) وه‌یا (هه‌مان كاتان) تصریفه‌كه‌شی (هه‌مان كاتا ، ده‌هه‌مان كاتیٚ ـــ هه‌مان كاتاندی ، ده‌هه‌مـــان كاتێنیٚ) • فه‌رهه‌نگێكی سه‌رله‌بـــه‌ری زاراوه‌ی زمانه زیندووه‌كان له‌م جـــۆره داڕشتنه‌وه هه‌ڵقوڵیوه ، كه‌ســیش ناڵیٚ ئه‌م ریٚ به‌خۆدانه زۆر به‌رفره‌وانه بۆ وشه‌سازیٚ چۆن بۆ به ده‌ستور و ره‌خنه‌شی لیٚ نه‌گیرا ! زمانی كوردیش وه‌ك ئه‌و زمانه زیندووانه مافی هه‌یـــه وشه‌سازیٚ بـــكات به پێی ده‌ستـــوره زمانییه‌كانی كـــه زاده‌ی هه‌ناوی خۆیه‌تی • زمـــانی ئینگلیزیٚ به زۆریٚ واز له فه‌رهه‌نگی خـــۆی دێنیٚ كـــه وشه‌یێكی علمیٚ وه‌یا ئه‌ده‌بیٚ داده‌ڕێژیٚ • ئه‌وه‌نده‌ی دیبێتم ، زاراوه‌ی سه‌ر به (ئـــاو)ی له وشـــه‌ی (Aqua) وه‌یـــا (Hydro) وه‌رگرتـــووه وشـــه‌ی (Water) كه ئینگلیزییه هه‌ر ده‌ڵێی خواش خه‌ڵقی نه‌كردووه • جا ئێمه كه بمانه‌ویٚ له ڕێبازی كوردیٚ ره‌سه‌نه‌وه زمانه‌كه‌مان به‌ره‌وپێشه‌وه به‌ین و په‌ره به زاراوه‌كانی بسه‌نین نابیٚ چ ره‌خنه‌یێكمان بێته سه‌ریٚ چونكه ئه‌گه‌ر ڕێبازان له خۆمان كوێر كه‌ینه‌وه چارمان ناچار ده‌بیٚ بۆ خواستنه‌وه‌ی زاراوه‌ی بێگانه •• به‌ڵیٚ خواستنه‌وه عه‌یبی تێدا نیه ، به‌ڵام كه زمانی تێـــدا خنكا ده‌بێتـــه عه‌یب • واش هه‌یـــه وشه‌یێكـــی زاراوه‌ی بێگـــانه له‌گـــه‌ڵ كێشه‌كانی زمانی كوردیٚ ناگونجیٚ و به‌خۆیه‌وه ناگریٚ ، له‌م حاڵه‌ته‌دا ناشیٚ وشه‌ی بێگانه بكریٚ به ئێسكه ماسیٚ له ئه‌وكی زمانه‌كه‌مان : كابرایه‌ك حه‌ز

له چاپه ناكا ئیتر ده‌بێ لێی ببڕینه‌وه و به زۆر چـاپه‌ی پێ نه‌خۆینه‌وه • تـۆ سه‌یری وشه‌ی (Automatic) بكـه ده‌بینی لـه خـۆوه بـه‌لای خه‌ڵقـی ده‌شت و ده‌ره‌وه بۆته (ئه‌ماتیك) چونكه وشه‌كه وه‌ك هه‌یه له هیچ وشه‌یێكی كوردیێ ناكات به‌ڵام (ئه‌ماتیك) هاوكێشی هه‌ن وه‌ك (مه‌تالیك ، عه‌زازیل ، په‌راویز ، پـه‌لامیز ، گه‌لاویژ •••) • لیژنـه گه‌لێـك لایـه‌نی ئه‌وتـۆی له زمانی كوردیدا به‌سه‌ر كردووه و بۆ مه‌به‌ستـی وشه‌سازیێ خستنیه بـه‌ر بڕیاری چه‌ژی سه‌لیقه‌ی كوردییه‌وه ، هه‌میشه‌ش ره‌چاوی ئه‌وه‌ی كردووه كه ئیشه‌كه به دۆستایه‌تیێ و دڵسۆزیێ زمـانه‌كه ده‌كرێ نـه‌ك دژی زمـانه‌كه • داهێنانی زاراوه ده‌بێ هه‌ناسه به زمان هه‌ڵێنێ نه‌ك هه‌ناسه‌ی ببڕێ • هه‌ر له‌م رێبازه‌وه گه‌ییشته ئه‌م ئه‌نجامه له ئاست وشه‌ی (خۆ) به‌واتای (ذات) :

(خۆ) كه نیسبه‌ت درا به هۆی (یێ)وه ده‌بێته (خۆییێ) به‌واتای خزم و ئاشنا دێـت • زاراوه‌یێك له (خـۆ)وه وه‌ربگیرێت به واتـای (ذاتـی ، Subjective) ده‌بێ بـه هۆی پاشگـری (ه‌كیێ)وه بێت • به‌و پـێیه وشه‌ی (خۆیه‌كیێ) په‌یدا ده‌بێت كه زاراوه‌یێكـی زانستیێ وه‌یا فه‌لسـه‌فییه ، دیاره به‌رانبه‌ر (الذاتیـة Subjectivity)یش (خۆیه‌كیـه‌تیێ) داده‌رێژرێت به پێی ده‌ستورێكی كۆنی وشه‌سازیێ •

له وشه‌ی (بابه‌ت) به واتای (موضوع) :

به‌رانبـه‌ر (موضـوعی ، Objective) زاراوه‌ی (بـابه‌ته‌كیێ — «نه‌ك بابه‌تیێ» كه وشه‌یێكی فه‌رهه‌نگییه) دروسـت ده‌بێ • بـۆ زاراوه‌ی (الموضوعیـة Objectivity)یـش راستـه‌وخۆ وشـه‌ی (بـابه‌ته‌كیه‌تیێ) داده‌رێژرێ چونكه لێره به پێشه‌وه ده‌ستوره‌كه‌ی بڕیاری بۆ دراوه •

پوخته‌ی گوته ئه‌مه‌یه ، لیژنه ویستویه‌تی به رێبازی قیاسی (پێوانه‌كیێ)دا

بەرەو داڕشتنی زاراوەی کوردیّ هەنگاو باویّت ، لەوەشدا قیاس و پێوانەکە بۆ کوێی برد بەدوای بکەویّت و بە ئەنجامەکانی رازیّ بیّت • زۆر بەراشکاویّ و بیّپەروا ، لیژنە داوا لە خوێنەرەوەی کورد دەکات ئەویش بە نیازی ریّ هەموار کردن و دەولەمەند کردن سەیری وشەسازیّ و زاراوە دانان بکات نەك لە گۆشەی بە زەحمەت خستن و ئالۆزکاندنەوە •

بیّ گومان ، دوای ماوەییّك لە بەکار هێنانی زاراوەکان ، تێکڕایان لەسەر زار و لەبەر تامی کورد زماندا شیرن دێن چونکە لەسەر بنجی دەستورەکانی رێزمانی کوردیّ هەلستاون • دیارە هەر کاتێکیش پێشنیاری چاکتر و لەبارتر لە لایەن خوێنەرانەوە پەیدا بۆ دەرحال ئەویان وەردەگیرێت »

لیستەی زاراوەکانی فەلسەفە و ژیربێژیّ

الابـد	ئەبەد	Eternity
الاپستمولوجيا أو نظرية المعرفة	دیمانەی زانیار	Epistemology = theory of knowledge
الاتجاه	رۆکار	
الاتساق	سازشت	Consistency
الاتفاقية (قضية)	رێکەوتە	
الاجمالي	سەرلەبەر	
الاحتمال	شیمانە	Probability
ـ الاحتمالية	هەلگیرە	
الاحوال (عند الصوفية)	حال	States

الاختلاف الكمي	جوداوازی چەندەکی	Quantitative difference, opp. qualitative diff.
الاخلاقية	ئاکارەتی	Morality
الاخروي	هۆریزیایی	
الادب المكشوف	ئەدەبی بێپەردە	Pornography
الادراك	پێزانین	
ـ الادراك الحسي	هەستکردن	Perception
الازل	ئەزەل	
اساس التقسيم	بنگەی دابەشین	
اساليب التقسيم	شێوازەکانی دابەشین	
الاستثنائي	دەراویتە	
الاستدلال	بەلگە هێنانەوە	Reasoning
الاستغراق	رامان	Absorption
الاستقراء	لێگەڕان	
ـ الاستقراء التام	لێگەڕانی تەواو	
ـ الاستقراء المعلّل	لێگەڕانی بە بنۆس	
ـ الاستقراء غير المعلّل	لێگەڕانی بێ بنۆس	
ـ الاستقراء الناقص	لێگەڕانی کەت	
الاستنباط	هەلێنجان	Deduction
الاستنتاج	ئەنجامگری	
الاسلوب	شێواز	
الاسمي	ناڤەکی	
ـ الاسمانية (المذهب الاسمي)	ناڤەکیەتی	Nominalism
الاشراقي	ورشەیی	Theosophy
الأصالة	رەسەنی	Originality
الأصل	بنج	
الاعتقاد	بڕوا	Belief
اعمى البصيرة	کوێرەوار	
الأغيار	نەناس	
الافراد (المصاديق)	بەرکەوت	
الاقتران	جوتهاتن	

الاقتضاء	خواز	
ـ المقتضى	خواسته	
ـ المقتضي	خواستو	
اقسام اللفظ باعتبار دلالته على معناه	جۆرەکانی وشە لە رۆی گەیاندنی واتاوه	
الاكاديمية	ئەکادیمیێ	Academy
الالحاد (مذهب)	بێخوایەتێ	Atheism
الالهام	سروش	Inspiration
الالم واللذة	ئێش و خۆشێ	
الالوهية	خوایەتێ	Divinity = Godhead
الآلية (مذهب)	ئامێرەکیەتێ (ئامێرایەتێ)	Mechanism
الأمر	فەرمان	Imperative
الامر المغلق (في فلسفة كانط)	فەرمانی رەها	/ Catagorical
الامر الفرضي أو المشروط أو المقيد	فەرمانی گریمانەکێ ، مەرجدار ، بەند	/ Hypothetical or Conditional
الامكان	شیان	
ـ الممكن	شیاو	
امكان المعرفة	بەرزانیارێ	Cognoscibility
انكار الذات	خۆنەویستێ	Abnigotion
انواع اللفظ باعتبار المعنى الموضوع له	جۆرەکانی وشە لە رۆی ئەو واتایانەی بۆیان داندراوه . یان لە رۆی راستە واتاوه .	
انواع المعنى باعتبار وجوده	جۆرەکانی واتا لە رۆی بۆنیەوه	
الأنية	منایەتێ	Conscious self
الاولي ـ الاوليات ـ	سەرەتایێ	A - Priori
الايحاء	تێ فرۆسماندن	
الايقانية	متمانەکارێ	
الايمان بوجود الله	خواناسەتێ	Theism

الباطني	دەرۆنی	Connate
البالغ	رەسیو	
البحث في دلالة الألفاظ في الوضعية المنطقية	سیمانتیك	Semantics
البحث الميداني	تۆژینەوەی مەیدانی	
بطريق الاولى	راگەیاندنی هێزاتر	Afortiory
بقاء الاصلح	بەردەوام بوونی خۆژی	Survival of the fittest
البلوغ	رەسێن	
البوذية	بودایەتی	Buddhism
التأمل الذاتي (منهج الاستبطان)	تێڕامان	Introspection = Subjective observation
التجرد	دەسبەرداری	
التجسد	رسکان	
تحصيل الحاصل	قسە کاوێژکردنەوە	Tautology
التحليل	شیکردنەوە	Analysis
– التحليل المنطقي	شی کردنەوەی ژیربێژەکی	Logical analysis
– التحليل النفسي	شیکردنەوەی نەفسی	Phychoanalysis
تداعي المعاني	واتا کێشەکیەتی	Associationism
الترابط	هاودەنگی	Correspondence
التركيب	لێکدان	
التسامي	هەڵکشان ، هەڵکشاندن	Sublimation
التساوي	یەکسانی	
التشاؤم	رەشبینایەتی	
التصديق	سەلماندن : باوەڕکردن بە چێشت	
– التصديقي	سەلماوی	
التصنيف	دابڕین	
التصور	بۆچوون	

ـ التصوري	بۆچوونی	
التصوف	دەروێشایەتی	Mysticism = Sufism (Sophism)
ـ (مذهـــب الصوفية)	رازەوی دەروێشایەتی	Mysticism
التصوف الاشراقي	دەروێشایەتی ورشە	Theosophy
التضاد	دژایەتی	
التطابق	پێکەڵبوون	
التعادل	هاوتایی	
التعريف	ناسانـــدن ، روون کردنەوەی راستی شـــت یـــا روون کردنەوەی واتاکەی	
التعميم	هەمـــەکی کـــردن [هەمواندن]	Generalization
التفاؤل (مذهب)	گەشبینایەتی	Optimism
التفصيلية	سەرلەبەر	
التقدير الجمالي	نرخاندنی جوانکاری	
التقسيم	دابەشین	
التكامل	رەخســـــکان ، رەخســـین ، رەسین	Integration
التكيف	سازان	Adaptation
التمثيل	وێچواندن	
تنازع البقاء	پەلەی ژیان	Struggle for existence
تناسخ الارواح (مذهب)	کلێشەگۆڕێ	Transmigration
التناقض	نەسازی	Contradiction.
التواتر	رچە ، دەماودەم	Tradition
التوافق	گونجان	Adjustment
ـ التوفيق	گونجاندن	
التوحيد	یەککردن	
التنويم المغناطيسي	خەواندنی موقناتیسی	Hypnotism
الجامع	کۆکەرەوە	
الجبر	زۆر	

الجذب (في التصوف)	حەپەسان . (لـــە دەروێشتیدا) .	Ecstasy
الجزئي	هەندەکی	
الجزئي الاضافي	هەندەکی پێوەند	
الجزئية	هەندەکیەتی	
الجزئي الحقيقي	هەندەکی راستەکی	
الجمال	جوانی	
الجنس	رەسەن	
الجنس البعيد	رەسەنی دوور	
الجنس القريب	رەسەنی نێزیك	
جنون الشك	مانیای گومان	Doubting mania or mad - ness
الجوهر	گەوهەر	Substance
الجوهر الفرد	ئاتۆم	Atom
الجهل	نەزانین	
ـ الجهل المركب	نەزانینی ئاوێتە	
الحد التام	سنووری تەواو	
الحدس	بەهرە	Intuition
الحدسي	بەهرەکی	Intuitional
الحد الناقص	سنووری کەت	
حقـــائق الواقـــع (وقائع)	راستییە رووداوەکان	Facts
الحق او الصدق او الحقيقة	راستی	Truth
الحقيقة القصوى	راستی سەرپەڕ	
الحكم	سەپاندن = سەلماندن	
الحكمة	پەندیاری	
الحكم المبتسر	بڕیاری پێشەکی	Prejudice
الحكيم	پەندیار	
الحلول	تێخزان	
الحملي	هەلگرتە	
الخارجية	دەرەکی	
خارق العادة	سروشت بەدەر	Supernaturalism

الخاصة	تایبەتی	
الخصوصي	تایبەتی	
الخیر الاسمی او الاعلی او المطلق او الاقصی	چاکی بالا	Good / supreme, higest, absolute, ultimate = Summum bonum
الخیریة	چاکه	
الدلالة	گەیاندن	
ـ الدلالة الالتزامیة	گەیاندنی وێزایی	
ـ الدلالة التضمنیة	گەیاندنی ناوتوێژی	
ـ الدلالة الطبیعیة غیر اللفظیة	گەیاندنی سروشتی نەبێژ	
الدلالة العقلیة اللفظیة	گەیاندنی هۆشەکی بێژەیی	
الدلالة العقلیة غیر اللفظیة	گەیاندنی هۆشەکی نەبێژ	
الدلالة المطابقیة	گەیاندنی پێکەڵ	
ـ الدلالة الوضعیة غیر اللفظیة	گەیاندنی کردەکی نەبێژ	
ـ الدلالة الوضعیة اللفظیة	گەیاندنی کردەکی بێژەیی	
الدقة	وردی	
الدنیوي	دنیایی	
الدلیل النقلي	بەڵگەی گوتەنی	Testimony
الدوغما	وشکە بڕوا	Dogmas
الدوغمائي	وشك بڕوا	Dogmatist
الدوغماتیة	وشکە بڕوایەتی	Dogmatism
الدیالیکت	بێژیار	
الدین	ئایین	
الذاتیة	خۆیەکیەتی	Subjectivity
الذاتیة (کون الشيء عین ذاته) او الهویة	هەوەتی	Identity = Sameness, opp difference or other-ness
الذرائع	بەهانە	Instrumentalism (cf. Pragmatism)

الذرائعي	بەهانەگر	
الذهني	زەینی	
الرابطة	پێبەست	
الرب	پەروەردگار	
ـ الرباني	خوایەکی	
ـ الربوبي	پەروەردگارناس	
ـ الربوبية	پەروەردگارەتی	
الرذيلة	چەپەڵی	
الرسم التام	وێنەی تەواو	
الرسم الناقص	وێنەی کەت	
الرفض	رەفز	
الرمز	پێوار	
الرمزية (مذهب)	پێوارەتی	Symbolism
الرواقي	ئاشیانەکی ، نوایەکی	Stoics
ـ الرواقيون	نوایەکییەکان	
ـ الفلسفة الرواقية	فەلسەفەی ئاشیانەکیەتی ، نوایەکیەتی	Stoicism
الروحاني	گیانەکی	
الزاهد	نەویست	
الزهد	نەویستی	
السالبة	نەرێ	
السلوكية	رەوشتایەتی	Behaviorism
السير في النوم	خەوڕۆیی	Somnambulism = Sleep walking or noctambulism
الشرطية (قضية)	مەرجدار	
الشرك	فرەخوایی	
الشعور	ئاگا	Consciousness
الشك	دوودڵی	Doubt
ـ الشاك	دوودڵ	
ـ الشكاك ، المشككة	دوودڵان	
ـ الشكوكية	دوودڵکاری	
الشهود	ونبینی	

الشيوعية	كۆميونايـــــەتی ، كۆميونيزم	Communism
الصغرى	گچكه	
الصورة	شێوه	
الضـال	گومڕا	
الضبط	ڕێكهێنان	
الضد	دژ	
الضرورة	ناچاری	
الضروري	ناچارەكی	Necessary = Self - evident
الضلال	گومڕایی	
الضمير	نیهاد	Conscience
الطريقة (المنهج)	ڕێباز ، بەرنامه	Method
طمأنينة النفس	ئاسودەیی	
طريقـة الاتـــفاق أو التلازم في الوقوع (الوقوع المتلازم)	بەرنامەی ڕوودانـی تێكبەسته	Method of agreement
طريقة الاختـلاف او التلازم في التخلف	بەرنامەی جودایی تێكبەسته	Method of difference
طريقة التغير المتلازم	بەرنامـەی گـــۆڕانی تێكبەسته	Method of concomitant variation
طريقـة الجمـع بـين الاتفاق والاختلاف او التلازم في الوقوع وفي التخلف	شـارێی گـــۆڕان و ڕوودانی تێكبەسته	Indirect or Joint method of agreement and diffe - rence
الظاهري	ئاشكرابین	
الظن (الشك)	گومان	
عـابد الاله الواحـد الموّحد	یەكخواناس	Monotheist
عالم الوجود	بونەوەرزان	Ontologist
العارض	ڕوكەش	
العرض	ڕوكەشە	
ـ العرضي	ڕوكەشەیی	Accident
العـام	گشتی	

	كۆلەوارى	العجز
	كۆلەوار	ـ العاجز
	زانايى	العرفان
	هۆش	العقل
	هۆش پەسەند ، هۆشەكى	ـ العقلي
Rationalism (cf. irrationalism, impiricism)	هۆش پەسەندايەتى	ـ العقلانية او المذهب العقلي
Group or collective mind	هۆشى گەلەكى	العقل الجمعي
	هۆشى تاكەكى	العقل الفردي
	بڕوا	العقيدة
	پێچەوانە	العكس
Causal relation or Connection	پەيوەندى بنۆسيار	العلاقة العلية
Cause / material	بنۆسى مايەكى	العلة المادية
	زانست ، زانين	العلم
Anthropoloqy	مرۆناسى	علم الانسان
Sociology (cf. Anthropology)	زانستى كۆمەڵايەتى	علم الاجتماع (قارن علم الانسان)
Ethology	زانستى ئاكارى كۆمەڵايەتى	علم الاخلاق الاجتماعية
Aesthetics	زانستى جوانى	علم الجمال
	زانستى نرخە بەرزەكان	علم القيم
Theology	خواناسى	علم اللاهوت (اللاهوت)
	بەندەناسى	علم الناسوت
Ontology	زانستى بونەوەر	علم الوجود
Sciences / Social	زانستە كۆمەڵايەتيەكان	العلوم الاجتماعية
Sciences / normative	زانستى كێشەكى	العلوم المعيارية
Sciences / positive	زانستى دانانەكى	العلوم الوضعية
Cause / final	بنۆسى دوايەكى	العلة الغائية
Cause / efficient	بنۆسى كارايى	العلة الفاعلية
Causality	بنۆسيارى	العلّية
	كارەكى	العملي
	گشت	العموم

العموم والخصوص مطلقاً	گشت و تایبەت بە رەهـایی	
العموم والخصوص من وجـه	گشت و تایبەت لـە روویەکەوە	
عمى الالوان	رەنگ کوێری	Achromatopsia
العنادية	نەیار	
الغـاية	ئامانج	
الغياب	پەنام	
غير المباشر	تیان	
الفرض ـ الفرضية	گریمانە	Hypothesis
الفرع	لك	
الفصل	تیرە	
ـ الفصل البعيد	تیرەی دوور	
ـ الفصل القريب	تیرەی نزیك	
الفضيلة	پاکژی	
الفطرة	زگماکەتی	
ـ الفطري	زگماك	
الفكرة (المثال)	نموونە	Idea
الفلسفة التحليلية	فەلسـەفەی شیکار	Analytic philosophy
الفلسفة النقدية	فەلسـەفەی رەخنەگرەکی	Critical philosophy
الفناء في الله	بـۆ خـوا سووتان [نێروانـا]	Annihilation
فوق الطبيعة	سروشت بەدەرایەتی	Supernaturalism
الفيض او الصدور	هەڵڕژان	Emanation
القاعدي	دەستووری	
قانون الذاتية او الهوية	دەستووری هەوەتی	Identity (Law of)
القدسية	پیرۆزی	Holiness
القسمة المنطقية	دابەشینی ژیربێژەکی	
القضية	کێشـە	
القطعي	یەکجارەکی	
القورينائية	سیرەنایەتی	Cyrenaics
القوريني	سیرەنایی	Cyrenaic
القياس	پێوانە	Syllogism (cf. deduction and Induction)

الكـــامل	ئیرۆ	
الكبرى	گەورە	
الكلاسيكية	کلاسیکایەتی	Classicism
الكلي	هەمەکی	General
ـ الكليات الخمس	پێنج هەمەکییەکان	
ـ الكلية (كمصدر صناعي)	هەمەکایەتی	
كون الشيء مدركـاً بالحس	بەرهەستایەتی	
اللا ادرية	نازانمکاری	
اللاشعور	نەئـاگایی	
اللاعقلاني	هۆشنەیار	
ـ اللا عقلانيـــــة (مذهب اللاعقلانيين)	هۆش نەیارەتی	Irrationalism = Supernaturalism
اللاهوت	خواناسی	Theology
اللزومية	تێبەستە	
المـــادي	مایەکی	Material
المـــادية	مایەکیەتی	Materialism
المادية الدياليكتية	مایەکیەتی بێژیاری	Dialectical Materialism
الماركسية	مارکسایەتی	Marxism
مانعة الجمع	ناکۆك	
ما وراء الطبيعة	ئەودیو سروشت	Metaphysics
المـــاهية	چیەتی	Substance
المـــاهية	چیەتی (بنیچە)	Essence
المبـــاشر	یەکسەر	
مبحث (فلسفة) القيم	فەلسەفەی نرخەکان	Axiology
مبحث الوجود	سەرەباسی هەبوون	Ontology
المبدا	بنەما	
ـ مبدا العلية	بنەمای بنۆسیاری	Principle of causation
المتجرد	دەسبەردار	
المتسق	ساز	
المتشكك	گوماندار	Sceptical
ـ المتشكك علمياً	گومانکر	Sceptist
المتضاد	لێکدژ	

المتعاطف	هاوسۆز	
المتعي	خۆشی پەرست	Hedonic
المتناقض	نەسازاو	
المتواطیء	هەمەکی یەکچوون	
المتیقن	متمانەدار	
المثالية	نموونەگەری (ئایدیالیزم) (نموونایەتی)	Idealism
ـ المثالية الاخلاقية	نموونایەتی ئاکاری	/ Ethical
ـ المثالية الذاتية	نموونایەتی خۆیەکی	/ Subjestive, psychological, solipcism
الافكار (مثل)	نموونە	Ideas
ـ المثل العرضية	نموونەی رووکەشەیی	/ Adventitious
ـ المثل الفطريـــة او الموروثــة	نموونەی زگماك	/ Innate, = inborn
ـ المثل المصطنعة	نموونەی ساختە	/ Factitious
المثالية المطلقة	نموونایەتی رەها	/ Absolute
المثالية الموضوعية	نموونایەتی بابەتەکی	/ Objective
المثالية النقدية	نموونایەتی رەخنەکار	/ Critical
المثل الاعلى	نموونەی بالآ	Ideal = ultimate value
المثل الافلاطونية	نموونەکانی ئەفلاتوونی	/ Platonic
المجاز	پێچ	
المجازي	پێچەك	
مجال التصديق	مەودای سەلماندن	
مجال التصور	مەودای بۆچوون	
المجبر	زۆرکار	
المجسّدة	لەشگەر	
محبة الذات	خۆویستی	
المحصورة	دەورە دراو	
المحكوم به	بڕیە	
المحكوم عليه	بەربڕیار	
المحمول	بار	
الملاحظة	تێبینی	
المختــار	خوایشتکار	
المختص	بەکواتــا	

Perception	بەرهەست	المدرك الحسي
	بەرهۆش	المدرك العقلي
System = doctrine (cf. theory)	رازەو	المذهب
Epicureanism	رازەوی ئەپیکورایەتی	المذهب الابيقوري (الابيقورية)
Egoism	رازەوی خۆویستیەتی	مذهب الأثرة (الانانية)
Libertarianism	رازەوی خوایشتکارەتی	مذهب الاختيار
Aristotelianism	رازەوی ئەرەستۆیاتی	المذهب الارسطاليسي
Mechanism, cf. Materialism	رازەوی ئامێرەتی	المذهب الآلي
Humanism	رازەوی مرۆڤایەتی	المذهب الانساني
Altruism	رازەوی غێرویستی	مذهب الايثار
	رازەوی دەرۆنی	المذهب الباطني
Pyrrhonism	رازەوی پیرۆنایەتی	المذهب البيروني (مذهب الشك المطلق)
Conceptualism	رازەوی بۆچۆنیەتی	المذهب التصوري
	رازەوی فرەیەتی	مذهب التعدد
Self elimination	رازەوی خۆ دەرهاویشتن	مذهب تنحية الذات
Syncretism	رازەوی ساختەکارەتی	مذهب التلفيق
Monotheism	رازەوی یەکخواناسەتی	مذهب التوحيد
Eclecticism	رازەوی پەسەندکارەتی	مذهب التوفيق او الاختيار
Dogmatism	رازەوی متمانەدارەتی	مذهب التيقن
Dualism	رازەوی دۆلاگرایەتی دۆلاگر	مذهب الثنوية - الثنوي
Determinism	رازەوی زۆرکارەتی	مذهب الجبرية
Atomism	رازەوی ئاتۆمایەتی	مذهب الجواهر الفردة
Moral Sense	رازەوی هەستی ئاکارەکی	مذهب الحاسة الخلقية
Intuitionism or intuitionalism	رازەوی بەهرایەتی	مذهب الحدس او (الحدسيين)

Sensationalism	رازەوی هەستیارەتی	**مذهب الحسيين**
Instrumentalisn	رازەوی بەهانەگری	**مذهب الذرائع**
Monadology	رازەوی تـــۆزکالی گیانەکی	**مذهب الذرات الروحية**
Spiritualism	رازەوی گیانەکیەتی	**المذهب الروحي**
Spiritualism	گیانەکیەتی	**ـ الروحية**
/ Pluralistic	رازەوی گیـانەکیەتی فرەوان	**مذهـب الروحيـــة المتكثرة**
/ Monistic	رازەوی گیانەکیـەتی تاقانە	**مذهـب الروحيـــة الواحدي**
Romanticism = Sentimentalism	رازەوی رۆمانتیکایەتی	**المذهب الرومانسي**
Asceticism	رازەوی نەویستایەتی	**مذهب الزهد**
Eudaemonism	رازەوی بەختیـارەتی	**مذهب السعادة**
Methodical doubt	رازەوی دۆدلـــی زانستی	**مذهب الشك العلمي**
Academic sceptisim	رازەوی گومانگرایەتی ئەکادیمی	**مذهب الشك عنداتباع الاكاديمية**
Polytheism	رازەوی فرەخـــوا ناسەتی	**مذهب الشرك**
Necessitarianism	رازەوی ناچارەکیەتی	**مذهـب الضرورة او الحتمية**
Naturalism	رازەوی سروشتەکی (سروشتەکیەتی)	**مذهب الطبيعيين**
Sentimentalism	رازەوی ســۆزبارەتی	**المذهب العاطفي**
Gnosticism	دەزانمکاری	**مذهـب العرفـان او الأدرية ضداللاادرية**
Fatalism	رازەوی چارەنوسایەتی	**مذهب القضاء والقدر**
Hedonism	رازەوی خۆشایەتی	**مذهب اللذة**
Hedonism / Universalistic = Utilitarianism	رازەوی خـۆشایەتی گشتی	**مذهب اللذة العامة**
Egoistic hedonism	رازەوی خۆشـایەتی خۆویســت	**مذهب اللذة الفردية**
Scholasticism	رازەوی فێرگـەیەتی	**مذهب المدرسيين**
Empiricism	رازەوی لێچوێنایەتی	**مذهب المشبهة**

مذهب المصادفة او الاتفاق	رازەوی رێکەوتەکیەتی	Occasionalism
المذهب الموضوعي (الموضوعية)	رازەوی بابەتەکیەتی	Objectivism
المذهب النسبي او (النظرية النسبية)	رازەوی پێوەندایەتی	Relativism
المذهب النقدي	رازەوی رەخنەگرایەتی (رەخنایەتی)	Criticism
المذهب الواحدي	رازەوی تاکەتی	Monism
مذهب الواقعية الساذجة	رازەوی ریالیزمی سادە	Realism / naive
مذهب الواقعيةالنقدية	رازەوی ریالیزمی رەخنەگر	/ critical
مذهب وحدة الوجود	رازەوی جیهان پەرستی ، جیهان پەرستایەتی	Pantheism
المذهب الوضعي	رازەوی دانانەکیەتی	Positivism
المرتجل	سەرزارەکی	
المركب	لێکدراو	
المسؤولية	بەرپرسی	Responsibility
المستقبلية	دوارۆژایەتی	Futurism
المستنتج	ئەنجام گر	
المسلمات	سەلمێنە	Postulates
المشائية	رازەوی گەڕۆکایەتی	Peripateticism
المشاركة الوجدانية (تعاطف)	هاوسۆزایەتی	Sympathy
المشبهة	لێ چوێنەکان	
المشترك	چەند واتا	
المشكك	فرە چوّن	
المشكوك فيه	گوماناوی	
المصادرة	سەلمێنەکاری	Axioms
المصداق	راستێنە	
المطلق	رەها	Absolute
مطلقاً	بەرەهایی	

المطلقية	رەهایەتی	
المطلوب	مەبەست	
المعلول	بنۆسیار	
المعيـار	کێش	Norm
المعياري	کێشەکی	Normative
المفرد	تاك	
المقـام	پایە	Station
المقتضى	خواستە	
المقتضي	خوازە	
المقدّم	پێشەکی	
المقولة	گوتە	
المقياس ـ المستوى	رێکار	Criterion = Standard
المقيد	بەند	
ممكن الوجود	هەبوی شیاوەکی	Contingent
المنهج (الطريقة)	بەرنامە (رێباز)	Method
منهـج الاسـتنباط العقلي	بەرنامەی هۆشهەڵێنج	/ Deductive
منهـج الاسـتقراء (المنهج العلمي أو التجريبي)	بەرنامەی لێگەڕان	/ Inductive
مناهج البحث العلمـي (فلسفـة العلـوم ، المنطق التطبيقي)	بەرنامەدۆزی ، رێبازدۆزی	Methodolgy
المنطق	ژیربێژی	Logic
المنطق الجبري	ژیربێژی جەبری	Logistic algebraic
المنطق الرمزي	ژیربێژی پێواری	Logistic Symbolic
المنطق الرياضي	ژیربێژی ریازی	Logistic mathematical
المنطق اللوغاريتمي	ژیربێژی لۆغاریتمی	Logistic algorithmic
المنقول	راگوێستە	

المؤمن بالمذهب الطبيعي	سروشتەکی ناس	Naturalist
الموجبة	ئەری	
الموجود	بوونەوەر	Being
الموضوع	بابەت	
الموضوعي	بابەتەکی	Objective
الموفّق (فلسفياً)	پەسەندکار	Eclectic
الموقف	هەلوەست	Situation
المهملة	بۆرە	
النتيجة	ئاکام ، ئەنجام	
النزاهة	بی نیازی	Disinterestedness
النزعة الصورية	شێوەپەروەرایەتی	Formalism
النزعة العلمية المتطرفة	زانستایەتی	Scientism
النزعة المنطقية او الصورية	ژیربێژایەتی ، شێوە پەروەرایەتی	Logicism cf. Formalism
النزيه	بی‌نیاز	
النسبة	پێوەندی	
النسبي	پێوەند	Relative
النظري	دیمانەکی	
النظرية	دیمانە	Theory (cf. System)
نظرية الاتساق	دیمانەی سازشت	Consistency = non - contradiction
نظرية الترابط	دیمانەی هاوبەندی	Coherence theory
نظرية التطور	دیمانەی گۆران	Evolutionism
نظرية الحدسيين	دیمانەی بەهرەکی	Intuitional theory
نظرية الغائيين (النظرية الغائية)	دیمانەی دوایەکیەتی	Teleological theory
نظرية المثل	دیمانەی نموونان	Theory of ideas
نظرية الوضوح	دیمانەی ئاشکرایی	Obviousness
النقيض	نەساز	
النوراني	نۆرانی	
النهائي	دوایەکی	
الواجب	پێویست	

واجب الوجود	هەبوی ناچارەکی	Necessary
الواضح بذاته	لە خۆوە ئاشکرا	
الواقع	هەلکەوت	
الواقعية	ریالیزم	Realism
الاحکام	بڕیارەکان	Judgments.
احـــکام الواقـــــع (الاحکام الواقعية)	بڕیارەکانی هەلکەوت	/ Factual
الوجدان	ویژدان	Feeling = affection
الوجود الممکن	هەبونی شیاوەکی	
الوجوب	پێویستی	
الوجود	هەبون	Being
الوجود بالفعل	هەبونی کردەکی	Actuality
الوجود بالقوة	هەبونی هێزەکی	Potentiality
الوجود الواجب	هەبونی ناچارەکی	
الوجودية	هەبونایەتی	Existentialism
الوجودي	هەبونخواز	Existentialist
الوعي	ئاگا	
الوهم	وێژینگ ، وڕێنە	
الهيولا	هەیولا	
اليقين	متمانە	Certainty

لیستەی زاراوەکانی زانستی نەفس

الابدال	بریتی‌دانان	Substitution
ـ البديل	بریتی	Substitute
الابصار النهاري	روناکەبین	Vision, Photopic
الأبعاد	دورایيەکان	Dimensions
الأبله	گێل	Imbecile
الاتجاه	بەریـــان	Attitude
اتجاه النمو	بەریانی فراژوبون	Developmental direction
الاتزان	بەرقەراری	Steadiness
الاتــزان الانفعــالي ـ الوجداني	گیـــان ئـــارامی	Emotional Balance

Communication	راگەیشتن	الاتصال
Atmosphere effect	تاوی هەوا	اثر الجو
Neural Trace	شوێنی دەمارکرژێ	الاثر العصبي
Apanthropy	دۆرە پارێزێ	اجتناب الناس
Races	رەگەزەکان	الاجناس
Reacting Mechanisms	رشتەی بەرتەك	اجهزة الرد ، اجهـزة الاستجابة
Vocal Cords	دەنگەژێ	الاحبال الصوتية
Parental Sense	باوانسۆزێ	الاحساس الابوي
Sensations	هەستەکان	الاحساسات
Sense of Autonomy	هەستی سەربەخۆیێ	الاحساس بالاستقلال
Sense of accomplishment	هەستی بەجێهێنان	الاحساس بالانجاز
Sense of integrity	هەستی خۆگرێ	الاحساس بالتماسك
Sense of trust	هەستی بڕوا	الاحساس بالثقة
Kinesthesia	هەستی فڕکە	الاحساس بالحركة
Whirl sensation	هەستی سەرە سوڕکێ	الاحساس بالدوران
Feel of the act	هەستی کار	الاحساس بالعمل
Sense of initiative	هەستی دەستەوبەرێ	الاحساس بالمبادأة
Sense of intimacy	هەستی ئاشنایێ	الاحساس بالود والتآلف
Sense of identity	هەستی هەوەتێ	الاحساس بالهوية
Telepathy	دۆرە سۆسە	الاحساس عن بعد ـ التخاطر
Joint sensation	جومگەهەست	الاحساس المفصلي
Dreams	خەون	الأحلام
Day dreams	زڕەخەون	احلام اليقظة
Tests of attitudes and interests	ئەزمۆنەکانی بەریان و وازان	اختبارات الاتجاهات والميول
Tests of obtaining facts	ئەزمۆنەکانی وەدەست هێنانی راستییان	اختبارات استخلاص الحقائق
Tests of Drawing conclusions	ئەزمۆنەکانی ئاکامگرێ	اختبارات استخلاص النتائج
Readiness Tests	ئەزمۆنەکانی ئامادەیێ	اختبارات الاستعداد
Differential Aptitude Tests	ئەزمۆنەکانی بەهرە جوداکەرەوە	اختبارات الاستعدادات الفارقة

Practice Tests	ئەزمۆنەکانی ڕاهێنان، مەشق	الاختبارات التدريبية
Tests of interpreting data	ئەزمۆنەکانی لێکدانەوەی ڕاستییان	اختبارات تفسير الحقائق
Interpretation of Ambiguous Pictures Tests	ئەزمۆنەکانی لێکدانەوەی وێنەتەماویەکان	اختبارات تفسير الصور الغامضة
Completion item	ئەزمۆنەکانی تەواوکردن	اختبارات التكميل
Group Tests	کۆمەڵ ئەزمونێ	الاختبارات الجمعية
Omnibus Test	ئەزمۆنی هەمە جۆرە	الاختبار الحافل
Tests of personality traits	ئەزمۆنەکانی سیماکانی کەسایەتێ	اختبارات سمات الشخصية
Performance Tests	ئەزمۆنەکانی بەجێهێنان	الاختبارات العملية
Individual Tests	تاکئەزمۆنێ	الاختبارات الفردية
Multi - Dimentional Tests	ئەزمۆنەکانی فرەلا	الاختبارات المتعددة الابعاد
Survey tests	ئەزمۆنەکانی ڕۆپێوێ	اختبارات المسح
Minnesota Mechanical Assembly Test	ئەزمۆنی تێکخستنەوەی مینیسۆتا	اختبار منسوتا للتجميع الميكانيكي
Minnesota Clerical Test	ئەزمۆنی نۆسیاری مینیسۆتا	اختبار منسوتا للقدرة الكتابية
Objective Tests	ئەزمۆنەکانی بابەتەکێ	الاختبارات الموضوعية
Test / alternative response	ئەزمۆنی هەڵبژاردنی یەك لە دۆ وەڵامان	اختبار اختيار احدى اجابتين
Alexander Passalong Test	ئەزمۆنێ جێگۆڕکەی ئەلەکسەندەر	اختبار الازاحة لالكسندر
Test / simple Recall	ئەزمۆنی بیرهاتنەوەی سادە	اختبار الاسترجاع البسيط
Test / Quality	ئەزمۆنی شێواز	اختبار الاسلوب
General Classification Test	ئەزمۆنی هەڵاواردانی گشتێ	اختبار التصنيف العام

Test of applying principles	ئەزمۆنەکانی بەکار ـ هێنانی بنەماکان	اختبار تطبيق المبادىء
Tests of critical thinking	ئەزمۆنەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگر / رەخنەگری /	اختبارات التفكير النقدي
Vocational Preference Test	ئەزمۆنی پیشەبژێری	اختبار التفضيل المهني
Thematic Apperception Test (T.A.T.)	ئەزمۆنی بابەت فامی	اختبار تفهم الموضوع
Test / achievement	ئەزمۆنی دەردەست کردن	الاختبار التحصيلي
Test / mixed	ئەزمۆنی تێکەڵ	الاختبار الخليط
Subjective Test	ئەزمۆنی خۆیەکی	الاختبار الذاتي
Test / matching	ئەزمۆنی پێك گرتن	اختبار الربط أو التوفيق
Test / speed	ئەزمۆنی خێرایی	اختبار السرعة
